# سلێمانی
# شارە گەشاوەکەم

بەرگی سێیەم

# سلێمانی
# شارە گەشاوەکەم

**بەرگی سێیەم**

جەمال بابان، ئاسۆ بابان، ئومێد خالید

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جەمال بابان
سلێمانی شارە گەشاوەکەم – بەرگی سێیەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٧٠
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٣٧ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژپنک:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-69-0

# پێڕست


پێشەکی ........ 7
پێشەکی ئەم بەرگە – بەرگی سێیەم ........ 10
بەشی کۆمەڵایەتی: هەندێک لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی ........ 11
درەختی بنەماڵەکان بەگوێرەی پیتی ئەلف و بێ ........ 15
بەشی ڕۆشنبیری: چاپخانە، ڕۆژنامە و گۆڤار، کتێبخانە، هونەر، مۆسیقا... ... 143
چاپخانە و ڕۆژنامە لە سلێمانی ........ 145
ماکینەی چاپ ........ 145
ڕۆژنامەکانی سلێمانی ........ 149
گۆڤارەکانی سلێمانی ........ 155
ڕۆژنامە و گۆڤاری نەهێنی – لە سلێمانی ........ 161
کتێبخانەکانی سەردەمی بابانەکان ........ 162
کتێبخانەی کتێب فرۆشەکان ........ 168
کتێبخانەی ماڵان (تایبەتی) ........ 181
کاروانی مۆسیقا و گۆرانی ........ 183
گۆیندە و مۆسیقازانەکان ........ 185
شانۆ و جووڵانەوەی شانۆگەری لە سلێمانی ........ 207
سەیرانی قەسابەکانی سلێمانی ........ 209
تیپەکان و کۆمەڵە ڕێگا پێدراوەکان ........ 211
نەشید و گۆرانی قوتابخانەکان ........ 213
(نشید) و گۆرانی کۆن– لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا ........ 213

جێماوی دێرین لە ناوچەی سلێمانی و لە شاری سلێمانیدا ........ 220
جێماوی دێرینی شاری سلێمانی ........ 230
پیشەی فۆلکۆری و هونەری لە سلێمانی ........ 233
ئەو پیشانەی تایبەتن بە سلێمانییەوە ........ 233
ئەو پیشانەی کە مۆرکی سلێمانییان پێوە دیارە ........ 244
مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی– فۆلکلۆریی سلێمانی ........ 263
فۆلکلۆری گاڵتەوگەپ و قسە خۆشەکانی سلێمانی ........ 264
بەشی کارگێڕی ........ 272
دابەشبوونی پارێزگای سلێمانی لەڕووی کارگێڕییەوە و هەندێک زانیاری تر ... 274
سلێمانی و هەر شتە بە ژمارە ........ 282
کۆمەڵە و پارتەکان ........ 302
پیاچوونەوە بە مێژووی سلێمانیدا ........ 341
بە یادکردنەوەیەکی سەردەمی حوکمی مێجەرسۆن... ........ 363
سلێمانی لە ساڵەکانی ١٩٢٠–١٩٢٢دا سەردەمی مێجەرسۆن ........ 365
چاوخشاندنەوەیەک بە ڕۆژانی حوکمی دووەم جاری شێخ مەحموودا ........ 387
سلێمانی لە ساڵەکانی ١٩٢٢ حوکمی دووەم جاری شێخ محموود ........ 389
کەشکۆڵ و ڕێچکەی ڕووداوی یەک لە دوای یەک ........ 465

## پێشەکی

(پێشەکی بەرگی یەکەم و دووەم لە کتێبەکەی جەمال بابان)

دەمێک بووم بیرم لە نووسینی نەک هەر (مێژوو)ی سلێمانی دەکردەوە بەڵکو هەوڵم دەدا تابتوانم لەسەر هەموو ڕوویەکی ئەم شارە خۆشەویستەمان بنووسم.

کە دەشڵێم دەمێکە، واتا لە چەندەها ساڵ لەمەوپێشەوە من دەستم داوەتە کەرەسە کۆکردنەوە، لەو ڕۆژانەی کە بەڕێوەبەری ناحیە بووم لە ناوچەی کوردستانا، کە پەیتا پەیتا نامەم بۆ (شارەزایان و پیاوە بە تەمەنەکان و ئەو کەسانەی کە شت دەزانن) دەنارد، داوای مێژووی شارەکە، مێژووی بنەماڵە کۆنەکانی شار، مێژووی گەڕەکەکان و هۆی ناونانیان بەو ناوانەوە کە هەن،... شوێنی دێرین، ڕێگەی هاتوچۆ... هەتا دوایی. ئێستا بە دەیەها لەو وەڵامانەم لایە و هەڵمگرتوون. ئەمە جگە لەوەی کە خۆم جارجار سەری شارم دەدایەوە، سەردانی گەلێک ماڵ و دیوەخانم دەکرد بۆ قسە وەرگرتن لە دەم زانا و بیرتیژەکان، سەرەڕای چاو پیاخشاندن بە چەندەها سەرچاوەدا لەوانەی کە زانیبێتم لەم ڕووەوە سوودیان هەیە.

بەمجۆرە لەم ماوەیەدا گەلێک شتی بە نرخم کۆکردەوە، بەڵام کە ئاوڕم دایەوە ڕوانیم وا (ناوچەوان مەیلی سەر ئەژنۆ دەکات – کڕنووشی تعظیم بۆ پیری دەبات) هێشتا منیش هیچم بە ئەنجام نەگەیاندووە، ئیتر کەوتمە خۆم.

بەڵێ هەرچەندە لەو ماوەیەدا هەر دانەنیشتووم، چەندەها پەرتووک و نووسینم بە خوێندەواری بەڕێز پێشکێش کردووە کە بە دەستیان گەیشتووە و هەندێکیشم ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام بەلای منەوە هیچیان گرینگیی ئەم پەڕتووکەیان نییە، کە پێوەندی بە دایکێکی دڵسۆز و بەڕێزەوە هەیە، کە

ئێمەی گۆش کردووە و لە باوەشیا گەورەبووین تا لە خەم ڕەخساندووینی بەرەڵڵای نەکردووین، ئەی گوایە دڵسۆزی ئێمە و پاداشتدانەوەمان بەرامبەر ئەو دەبێ چی بێ و چەند بێ؟ لە ڕاستیدا هەر چییەک بکەین هەر کەمە بەڵام لە هەمان کاتیشدا (کالا لە قەد بالا) بەگوێرەی توانا، خوای گەورەش دەفەرمووێ (لایکلف الله نفسا الا وسعها).

کەم شار هەن لە عێراقدا لەوانەی لە ڕیزی سلێمانیدان یاخۆ خوارتریش هەر یەکە پەڕتووکێک یاخۆ پەڕتووکەهایان لەسەر نەنووسرابێت و دەرنەچووبێت. جا ئایا سلێمانی شاری گەشاوەمان ئەوە هەڵناگرێ کە ڕۆڵەکانی بیخەنە ڕیزی ئەو شارانەی تری وڵاتەکەمانەوە و نەک چەپکێک بەڵکو بە سەبەتەی خنجیلانە گوڵی بۆنخۆش و جوان و ڕەنگاوڕەنگی پێشکێش بکەن لە خۆشی و ناخۆشییا دەست بە سنگەوە لە خزمەتیا بن و زیاتر لەوەش خۆیانی فیدا بکەن.

مێژوونووسی پایە بڵند و مەزنی کورد خوا لێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ یەکەم کەس بوو لەم زووەوە دەستپێشکەری خۆی کرد، ئێمەمانان حەددمان نییە بەو بین یاخۆ ڕەخنە لەو بگرین بەڵام ئەوەندە دەڵێین ئەو زیاتر لە رووی مێژووەوە لە سلێمانی دواوە، دوای ئەویش شت لەسەر شارەکە نووسرا، بەڵام وەک پەڕتووک لەو داوییەدا (شاری سلێمانی)یەکەی کاک ئەکرەمی مەحمودی سالّحی ڕەشە بوو کە بە دوو بەرگ دەرچوو، کە بەڕاستی کۆششێکی بێ وێنە بوو، ئەو هەرچەندە خۆی دانی پێدادەنێ کە ئەم کارە ئیشی ئەو نەبووە، بەڵام خۆشەویستی شارەکە و حەزی لە فۆلکلۆر و گەلێک ئارەزووی تر پاڵیان پێوەنا کە کەرەسە کۆبکاتەوە و لەگەڵ یارمەتیی کاکی قەڵەم ڕەنگین د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول دایبڕێژێتە ئەو قاڵبە ڕێکوپێکەوە کە بەڕاستی سەرچاوەیەکی باشە وەک (ارشیف)یش کەلێنێکی باشی پڕ کردووەتەوە لە خانەی خۆیدا.

ئومێد دەکەین ئەم کارانەی ئێمەش کەلێنێک پڕ بکەنەوە لە خانەی

خۆیاندا. ئێمە نالێین ئەم کارانە تەواون، هەر لەبەر ئەوەش داوای لێبوردن لە کەموکوڕی دەکەین چونکە هەر ئەوەندەمان لە باردا بوو. ئومێد دەکەین هەڤالانی تر لە خوشک و برا، ئەوەی پێیان دەکرێت کەمتەرخەمی نەکەن و هەر کەسە لەلای خۆیەوە هەوڵی خزمەتی شارەکە بدات تاکو ئەوەندی تر بیگەشێنینەوە و پێشی خەین، ئیتر دەست لە دەست و هێز لە خوا.

تکایەکم هەیە کە خۆم ناگرم ئەگەر هەمیشە دووپاتی نەکەمەوە لەم نووسینانەمدا کە پێوەندییان بە بابانەکانەوە هەیە، داوای ئەوە دەکەم خۆهەڵکێشانم نەدرێتە پاڵ بەناوبردنی باو و باپیرانەوە چونکە من باسی مێژوو دەکەم وەک نووسەرێک، لام وایە لە پێش هەموو کەسێکیشدا من ڕەخنەم لەو بابانانە گرتووە کە کارێکی نابەجێیان کردبێ وەک لە دووتوێی ئەم بەرگانەدا دەردەکەوێت، جگە لەوەی (نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە).

بەخۆڕایی نەموتووە (سلێمانی شارە گەشاوەکەم). بەڕاستی گەشاوەیە بە شوێنی جوغرافی، خاکی پاک و بەهێزی، ئاو و هەوای خۆشی، باخ و گوڵ و دار و دارستانی، شاخ و دۆڵ و چیای سەرکەشی، پێگەیاندنی سەدەها پیاوی گەورە و بە شکۆ و لێهاتوو لە هەموو ڕوویەکەوە، گەشاوە بە هونەر و فۆلکلۆر و قسەی خۆش و ڕووی خۆشەوە گەشایەوە... گەشاوەیە لە هەموو ڕوویەکەوە.

لە کۆتاییدا ئومێدەوارم کە لە بەرگی داهاتوودا گەلێک شتی پەنهان و نەبیستراو و خۆشی وەها پێشکێش بکەم کە شایانی شاری گەشاوە و دانیشتوانی بەڕێزی بێت.

## پێشەکی ئەم بەرگە - بەرگی سێیەم

بەڕاستی دەمێکە ئێمەش لە هەوڵ و تەقەلادایین بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی پێوەندییان بە شارە خۆشەویستەکەمانەوە هەیە کە تیا دانیشتووین و بە هەواکەی دەژین، بە پێشکەوتنی سەربەرز و گەشانەوەی چاو و دڵ ڕوون دەبین. هەر لەو ئاسۆیەوە و بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستە. ئێمەش قۆڵمان هەڵکرد ئەوەی لە تواناماندا بوو، ئەوەی بۆمان کۆکرایەوە، خستمانە سەر بەرگی سێیەمی کتێبەکەی کاکی گەورە و بەڕێزمان جەمال بابان و داوی ڕازانەوەی و دەست پێداهێنانەوەی هەموو کتێبەکە، بە چاپمان گەیاند. خوا هەموو لایەک سەرخات بۆ خزمەتی گەل و وڵات.

ئاسۆ بابان - ئومێد خالید

سلێمانی/ کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠

## بەشی کۆمەڵایەتی

# هەندێک لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی

دەمێکە لە هەوڵ و کۆششدایین بۆ کۆکردنەوەی مێژووە درەختی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی. ئەم تەقەلایەشمان دەگەڕێتەوە بۆ چەندەها ساڵ لەمەوپێش کە داوامان لە زۆر لە دانیشتوانی ناو شار دەکرد، کە چی دەزانن و چییان لە بابەت بنەماڵەکانیانەوە (کورتە مێژوویەک، ئەو پیاوە گەورە و ناودارانەی تیایانا هەڵکەوتوون و خزمەتی نەتەوایەتی و نیشتمانی و ئاینی و کۆمەڵایەتییان) کە ئەو زانیارییانە دەبن بە پێناسەیەک بۆ ئەو بنەماڵانە و ئەو ڕۆڵە گەورانەی تیایاندا هەڵکەوتوون. هەندێک لەو بەڕێزانە دەمودەس بەدەممانەوە هاتن و هەندێکی کەیان شتێکی کەموکوڕیان دا بە دەستەوە و زۆریشیان ئێستا و ئەوسا وەڵامیان نەدایەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەوا ئێمە بە کاڵە و پێتاو و جلوبەرگی خۆمانەوە هاتووین خزمەتیان بکەین بێ چاوەڕێکردنی هیچ پاداشتێک تەنها بۆ خزمەتی ئەو بەڕێزانە و شارەکە و بنەماڵە دێرینەکانی، چونکە ئەمڕۆ بەهەر هۆیەکەوە بێت زۆر لەو ماڵە کۆنانەی تیا نەماون و بڵاو بوونەتەوە و لە هەمان کاتدا زۆر خێزان و گەلێک کەسیشی بەزۆر بێ یا خوایشت تێ ڕژاوە، خوا بکات ژمارەکە خێریان لێ ببینێ و ئەوانیش تیایا ئاسوودە بن. لەگەڵ پاڕانەوە لە یەزدانی مەزن کە دانیشتوانی کۆن و نوێ بپارێزێ و تەندروست بن و شارەکەشمان گەشاوەتر و ئاوەدانتر بێت. خوا نیشتمانی عێراقیشمان لە (وەی) و دەستدرێژی دوژمن و ناحەزان بەدوور کات و بەرەو ئاسۆی خۆشی و کامەرانی بڕوات... اللهم آمین.

ئینجا پێویستە هەندێک خاڵ کە بە پێویستیان دەزانین ڕوونیان بکەینەوە:

١- وتوومانه (هەندێک) له سەرەتای باسەکەماندا و نەمانتوانی بڵێین (هەموو بنەماڵە دێرینەکان...) چونکه کەم کەس بەدەممانەوە هاتن و زۆر لە برا نزیکە ئازیزەکانمان تا ئێستاش داواکارییەکانمانیان پشت گوێ خست؛ لەوانە هەر بۆ نموونە ناوی خوا لێخۆشبوو نووری کاکە حەمە دەهێنین کە نەک هەر درەختی بنەماڵەکەی خۆیانی نەداینێ، بەڵکو زۆر کەسی تریش بەرەو ڕووی ئەویان دەکردینەوە و هیچ. جگە لە چەند برایەکی وەک بەڕێزان عەبدوڵڵای سەید ئەحمەد، ڕەئووف قەرەنی، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. ئەکرەم یامولکی، د. ئیحسان فوئاد، سەلاح عەلی عیرفان، محەمەد نەجمەدین نەقشبەندی، د. عیزەدین و کاک فارووق مستەفا و گەلێکی تر. وە لەگەڵ ئەوەشا ئێمە کۆڵمان نەدا تا گەیشتینە ئەم هەنگاوە پیرۆزە، کە پشت بەخوا هەنگاوی تریشی بە دوادا دێت، دوای ئەوەی زانیاری ترمان بۆ دێت، لەگەڵ ئەوانەی کە لامان ماون و درەنگ پێمان گەیشتن، دەکەین بە بەشێکی تر و بە چاپیان دەگەیەنین.

٢- وتوومانه (بنەماڵە دێرینەکان) و وشەی (کۆن)مان بەکار نەهێنا، چونکە ئەو وشەیە قورسە، جگە لەوەی شتی تریش دەگرێتەوە. دێرین بە گوێرەی فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، ل ١٦٧ (دێرین شتێکە کۆن بێ و ساڵی زۆری دیبێ) بە گوێرەی فەرهەنگی (ئەستێرە گەشە)ش ل ٢٥٣ (قدیم) دەگرێتەوە.

٣- ئەوەندەی پێمان ڕاگەیانرابێت و بۆمان نووسرابێت ناوی ئافرەتیشمان لە درەختەکانا هێناوە، بەو بڕوایەی ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و لەگەڵ پیاودا هیچ فەرق نەکراون.

٤- هەندێک بنەماڵە لە شارەکەدا زۆر و بڵاون وەک بنەماڵەی (بابان و جاف و شێخان) کە لە وزەدا نەبوو هەموو ئەندامەکانیان بنووسین... بۆیە ئێمە لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ هەندێک سەرچاوە دەکەین لەم بابەتەوە، وەک

کتێبی (بابان في التأريخ ومشاهير البابانيين) نووسینی جەمال بابان و کتێبەکانی ئەمین زەکی بەگ لە بابەت بابانەکانەوە و (تاریخي جاف) و کتێبەکانی (کەریم فەتاح بەگ) لە بابەت جافەوە و (شجرة الانساب) و کتێبەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودرەیس و زۆر سەرچاوەی تر لە بابەت شێخانەوە.

٥- ئەو کەسەی لەم ڕووەوە لە هەموو کەس زیاتر یارمەتی داین برای بەڕێز و خۆشەویستمان کاک ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە بوو، زۆر زۆر سوپاسی دەکەین و داوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی دەکەین.

## (درەختی بنەماڵەکان بەگوێرەی پیتی ئەلف و بێ)

### ئاغای گەورە (ئەحمەدی ساغا)

ئەم بنەماڵەیە لە بنچینەدا لە ئاغاواتی دزەیین. باپیرە گەورەیان (میر مستەفا) و داوی ئەو (فەقێ وەسمان)ی کوڕەزای و داوی ئەویش (مامەر ئاغا). ئەم مامەر ئاغایە (ئەبێ مام عومەر ئاغا بێ). سێ کوڕی هەبوو: (قەرەنی ئاغا) و (عیساغا) و (پیر داوود ئاغا). دوای ئەوەی، ئەم سێ برایە لە یەکدی عاجز بوون (عیساغا) لەگەڵ چەند ماڵێکی کە سەر بەو بوون باریان کردووە و هاتوون بۆ شاری سولەیمانی و کەوتوونەتە ژێر تاعەتی (سەلیم پاشای بەبە) و لەگەڵ پاشای بابان تووشی گەلێک شەری قورس بوون لە دژی عوسمانییەکان و ئێران و بەرەی عیساغا هەتا دەوڵەتی بابان و پاشایەتییان فەوتا هەردەم لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵیاندا بوون. و ئێستا نەوەی (عیساغا) لە سلێمانی ماون پێیان دەڵێن (مامڵێ ئاغای گەورە) (کورتە مێژووی دزەییان لە دەستنووسێکی مێژوویدا - کەریم مستەفا شارەزا. کاروانی ژمارە ٩٨٨/٦٧) و (جەمال بابان - ئاوڕێک لە مێژووی دزەیی. کاروانی ژمارە ٩٨٤/٢٧).

**ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە:**

- عیساغا (ساغا) باوکی ئەحمەد ئاغایە.

- ئەحمەد ئاغا باوکی عەبدوڵڵا (ئەفسەری پێشوو لە سوپادا) و حسێن (ئەندازیار) و حەسەن کە هەر بە گەنجیەتی جیهانی بەجێ هێشت و سەبریەخان و نەسرین خانە. عەبدوڵڵا باوکی: (محەمەد، ئەحمەد، کامەران و کاوەیە).

- حسێن باوکی عەلی و ئارامە.

**ئەمین قەڵەمچی:**

ئەم بنەماڵەیە (حەکەم باشی - حەکیم باشی)شیان پێ دەڵێن.

لە سەرەتاوە بە بازرگانیەتی تووتنەوە خەریک بوون و هاتوچۆی بەغدایان کردووە، بۆیە ناویان بە (قەڵەمچی) دەرکردووە کە مەبەست لە ئیشوکار و قەڵەمی تووتنە.

لەمانە (میرزا مارفی شاعیر و بە فەلسەفە ئاشنا) و ئەمین عەبدولکەریم کە بوو بە وەزیری مالیە.

ئەمین قەڵەمچی: دوو کوڕی هەبووە: عەبدولکەریم و مەلا ئەحمەد.

عەبدولکەریم قەڵەمچی سێ کوڕی هەیە: ئەمین (وەزیری مالیەی پێشوو، ئەحمەد و مستەفا قەڵەمچی (پارێزەر لە بەغدا). ئەوەی شایانی باسە نەوەی عەبدولکەریم ئێستا لە بەغدا دادەنیشن. - مەلا ئەحمەد: میرزا مارفی بەناوبانگی هەبوو.

- میرزا مارف: باوکی: فەخری و عەبدوڵڵا و سەبریە و مەلیحە.

- فەخری باوکی: (ئاسۆ، بڵند، تاڤگە، تارا و شیرین)ە.

**ئاغا تەها:**

لە بنەماڵە هەرە دێرینەکانی شارەکەن کە لەگەڵ دروستکردنی سلێمانیدا هاتوون و (گەڕەکی دەرگەزێن)یان لەگەڵ ئەو بنەماڵانەی تردا ئاوا کردووەتەوە کە لەگەڵیانا هاتوون. ئەمانە لە بنچینەدا نەتەوەی (مەلا محەمەدی مەرخۆزی)ن کە ئەویش کوڕی (مەلا مەحموود)ە واتا (ئاغا تەها) کوڕی مەلا عەبدوڵڵایە کە ئەویش کوڕی مەلا محەمەدە. زۆربەی ئەندامەکانی ئەم بنەماڵەیە هەر لە سەرەتاوە بە کاروباری بازرگانی و موڵک پێکەوەنانەوە خەریک بوون. بەڵام لە دواییدا چەند کەسێکیان تێکەڵاوی سیاسەت و ئەرکی میری بوون.

حاجی ئەولای گەورە هەر خەریکی بازرگانیەتی بووە، حاجی سەعید ئاغا بوو بە (نائب) و (ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان)، هەروەها حاجی عەلی ئاغای برای و حاجی مەلا محێدین کە هەرسێکیان کوڕی (مارف ئاغا)ن، هەمووی لە شارەکەدا و لە دەریشەوە بە بازرگان و خاوەن دەسەڵات ناسرابوون. عەبدوڵڵا لوتفی لە بەغدا کارگەی (جگەرەی تورکیا)ی پێکەوە نا و لە سلێمانیدا مزگەوتێکی گەورە و ڕێکوپێکی لە گەڕەکی چوارباغ دروست کرد. هەروەها سەبری ئەفەندیی برای لە بەغدا دائەنیشت ئەویش پیاوێکی ناسراو و نوێنەر بوو لە پەرلەمانا. مستەفا ئاغا و جەلال ئاغای کوڕانی حاجی سەعید ئاغا هەردووکیان گەیشتنە پلەی (مدیری عام) و قادر ئاغای حاجی مەلا محێدین ماوەیەکی زۆر سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بوو، تەها ئاغاش (نائب)ی سەرکۆماری عیراقە و لەوەپێش سەفیر و وەزیر بوو.

ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە کە مامۆستای خوا لێخۆشبوو عەزیز محەمەد قادر (عەزیزی حەمە کاکە) کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە ڕێکی خستووە.

مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا محەمەدی مرخۆزی کوڕی مەلا مەحموود: سێ

کوڕی هەبووە: (ئاغا تەها) و (؟) (قاسم ئاغا).

کوڕی یەکەم (ئاغا تەها) دوو کوڕی هەبووە: (عەبدوڵلا ئاغا یاخۆ حاجی ئەولا) و (مارف ئاغا). عەبدوڵلا ئاغای ئاغا تەها شەش کوڕی هەبووە کە ئەمانەن: (حاجی برایم ئاغا) و (پاشا) و (حسێن ئاغا) و (عەزیز ئاغا) و (ئەحمەد ئاغا) (غەفوور ئاغا).

– حاجی برایم ئاغای عەبدوڵلا ئاغا: باوکی حەمە رەشید ئاغا و حەمە سوور ئاغا و حەمە ئەمین ئاغایە.

– حەمە رەشید ئاغا منداڵی نییە. حەمە سووراغا: (سروود و بێستوون و گەردوون)ی هەیە.

– حەمە میناغا: (ئومێد و شامل و کامل)ی هەیە.

– پاشا بەرەی نەبووە.

– حسێن ئاغا: (باوکی حاجی حەماغا و کەریم خان)ە، حاجی حەماغا باوکی عومەر ئاغا و نەعیمە و سەبریە و جەمیلە و پاکیزەیە. عومەر ئاغا (مژدە، ئازاد و نەژاد)ی هەیە.

– کەریم خان باوکی (سەعید و تۆفیق)ە.

– عەزیز ئاغا: باوکی (حەماغا و عارفاغا و ئەحمەد ئاغا)یە. حەماغا بەرەی نەبووە.

– عارف ئاغا باوکی (عەلی عارف ئاغای شاعیر) و نووری و تاهیرە.

– ئەحمەدی عەزیزاغا باوکی (نەژاد، ماجد، سەعادەت، جوان، سامیە و سروە)یە.

– غەفوور ئاغای عەبدوڵلا ئاغا باوکی: (عەبە پاشا و ئەحمەد ئاغا و کەمال)ە. عەبە پاشا باوکی نووری و قادر و حکمەت و فوئادە، ئەحمەدی غەفوور ئاغا باوکی هیوا و هوشیارە.

– مارفاغای ئاغا تەها سێ کوڕی هەبووە: حاجی سەعید ئاغا و حاجی مەلا محێدین و حاجی عەلیاغا.

– حاجی سەعید ئاغا باوکی: (مستەفا ئاغا و جەلال ئاغا و عەبدولڕەحمن و فەقێ و نووری و غەفوور و محەمەد سالح و جەمال ئاغا)یە. لەمانە جەلال ئاغا (جەمیل و کەمال و خەبات و ئازاد)ی هەیە. جەمالاغاش محەمەدی هەیە.

– حاجی مەلا محێدین: (قادر ئاغا و تەها ئاغا و ئەمیناغا و خانم و ئەختەر خان و ناهیدە خان)ی هەیە. قادرئاغا (شیروان ئاغا و شیرین خان)ی هەیە.

– حاجی عەلی ئاغای مارفاغا باوکی: (عەبدوڵلا لوتفی و سەبری ئەفەندی و فازڵ)ە.

– سەبری ئەفەندی باوکی: (کەمال و فوئاد و نەجات خان)ە.

کوڕی دووەم: لە شەجەرەکەیانا بەمجۆرە ئاماژەی بۆ کراوە (؟) وا دیارە ناوی نەزانراوە.

ئەم پیاوە کوڕێکی بە ناوی قاراغاوە هەبووە.

– قادر ئاغاش باوکی: (سلێمان یاخۆ سلۆ) و عەلی یە.

– مارف نۆ کوڕی هەبووە ئەمانەن: عەلی، ئەحمەد، ئیبراهیم، محەمەد، حسێن، محەمەد ڕەشید، حەسەن، عوسمان و کامەران.

– عەلی کوڕی سلێمان: نووری و عومەری هەبوو.

– نووری چوار کوڕی هەیە (سامی، سەباح، ئەمیر و تارق).

کوڕی سێیەم: قاسم ئاغا کوڕی مەلا عەبدوڵلای مەلا محەمەد مرخۆزی: ئەویش دوو کوڕی هەبووە: ئەمین و قادر.

– ئەمین پێنج کوڕی هەبووە: فەرەج، عیزەت، ئەبوبەکر و نووری و ڕەشید.

– قادر سێ کوڕی هەبووە: سەعید فەوزی، ئەحمەد و حەمە کاکە.

– سەعید فەوزی باوکی محەمەد نەجیبە.

– حەمە کاکە باوکی عەزیز محەمەد قادر (مامۆستا) و (باوکی کەمال و کەریم)ە.

**ئەلیاسە قۆچە:**

ئەلیاساغا کوڕی کایلاغایە کە لە کاتی خۆیا لە دەوروپشتی (شیراون مازن) یاخۆ لە بادینانەوە تۆری لە کەسوکاری کردووە و هاتووەتە قەلاچوالان. ئەلیاس ئاغا پیاوێکی لێهاتوو شۆخ و شەنگ و قنج و قیت بووە. بۆیە پێیان وتووە (ئەلیاسە قۆچە)[1]، بۆیەش سەرنجی پاشایانی بابانی ڕاکێشاوە و لە لەشکردا شوێنێکی باشی پێ سپێردراوە و دوای بنیاتنانی شاری سلێمانی ئەلیاساغا لەگەڵ لێشاوی یەکەمدا ڕووی کردووەتە سلێمانی و بۆ ئەوەی نزیک پاشا بێت خانوویەکی لە نزیک سەرا دروست کردووە[2].

دیسان بەهۆی ئازایەتی و جەنگاوەرییەوە پاشای بابان دێهاتی (خرابە و هوانە)ی بە (سیوایی)[3] داوەتێ، جگە لە زەویوزارێکی زۆر لە نزیک ڕێگا کۆنەکەی ئۆتۆمۆبیل بۆ هەڵەبجە، تاوەکو لەو ناوەشدا دارتوویەک هەبوو بە (تووی قۆجە) بەناوبانگ بوو، ئەو دارە لە موڵکی ئەلیاساغا بووە و بەناوی ئەویشەوە بووە[4]. ئەلیاساغا دوای ئەوەی (٩٥) ساڵ ژیاوە ئینجا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە و دوو کوڕی هەبووە کاکە حەمە کە بازرگان بووە و مەحموود کە ئۆتراخچی بووە.

حاجی ئەمین کوڕی کاکە حەمە بازرگانێکی بەناوبانگی سلێمانی بووە و

---

١. قۆچە بە تورکی بە واتای شەنگ دێت. قۆچە پیاو واتە شەنگە پیاو.

٢. ئەم خانووە نزیک مزگەوتی شێخ عەلی بوو. لە دواییدا بوو بە موڵکی سەمەن کچی ساڵحی کاکە حەمە.

٣. واتا تا خۆی ماوە بەروبوومیان بخوات و دوای ئەوە ببێتەوە بە موڵکی میری.

٤. ئەم زانیارییانەم لە د. عەزیز ئەحمەد ئەمین وەرگرتووە.

ولاّخ و قەتارەی هەبووە و هەر لە ڕێی بازرگانەتییەوە گەیشتووەتە ڕووسیا، شاری (بطر سبرغ) و پۆڵۆنیا شاری (وارشۆ). لێرەوە شتیان بردووە و لەو سەرەوە (وەرشاوی وارشۆ) و (سەماوەری هەشتەرخان – استراخان) و زۆر شتی تریان هێناوە[٥].

عەبدوڵڵا فەنی کوڕی دووەمی کاکە حەمە هەر بە منداڵی زیرەک و وریا بووە، لە تورکیا خوێندنی سوپایی تەواو دەکات و بە (ئەفسەر) دەردەچێت و دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. ژن لە بنەماڵەی ئاغاکان ( خوشکی کەریماغای خەیات) دەهێنێ بەلاّم دوای سەفەربەر (شەڕی گەورەی یەکەم) دەیبەن بۆ بەغدا لەوێوە بۆ (حمص و حماە) داخلی شەڕی (جەبهەی قەفقاس) دەبێت، دوای گەڕانەوەی بە روتبەی (میرئالای) ئەرکانی حەرب خانەنشین دەکرێ و لە (مرعش) دادەنیشێت و پێش ساڵی (١٩٣٠) هەر لەوێ فەرمانی یەزدان بەجێ دەهێنێ و هەر لەوێ دەنێژرێ. (فائق بێکەس) و (تاهر)ی کوڕی منداڵ دەبن حاجی ئامینی مامیان دەیانهێنێتەوە و دەیانگرێتە خۆی. ئەمەش درەختەکەیانە:

– ئەلیاسە قۆجەی کوڕی کایل ئاغا دوو کوڕی هەبووە کاکە حەمە و مەحموود، مەحموود کوڕی نەبووە.

کاکە حەمە: باوکی رەعنا، حاجی ئەمین، عارف، رەحمە، عەبدوڵڵا و سالح.

– حاجی ئەمین شەش کوڕی هەبووە: ئیبراهیم، ئەحمەد، مەحموود، محەمەد نووری، رەؤوف، عەلی.

– ئیبراهیم نەوەی نەبووە.

– میرزا ئەحمەد باوکی عەبدورەحمان و د. عەزیز و د. فەرهاد و بەهزاد و نەزیرە و پەروین.

– میرزا مەحموود باوکی: شەفیقە و زەکیە و نەوزاد و نهاد و هوشیار.

٥. ڕشتەی مرواری باسی سەفەرێکی حاجی ئەمینی تێدایە بۆ وارشۆ.

– حـاجـی مـحـەمـەد نووری باوکی: سـالار و خـەسـرەو و ئەمین و دارا و فەوزیە و فریاڵ.

– رەؤوف باوکی: دڵشاد و ئازاد و رووناک و... چەند کچێکی تر.

– مەلا عەلی باوکی: گەلاوێژ و فەرەیدوون و شیروان و جیهان.

– میرزا عارفی کاکە حەمە باوکی: (ئەحمەدی میرزا قسەخۆش) و (عەلی).

– ئەحمەد باوکی کاوە و خەسرەو.

– عەبدوڵلای کاکە حـەمە باوکی: فائق بێکەس – شاعیری نیشتمانپەروەر و ناسراو) و تاهر. فائق باوکی شێرکۆ بێکەس شاعیری ناسراو.

– سالح کاکە حەمە: باوکی سەمەن.

**باباجان**[٦]**:**

سـەرەتای ئەم بنەمـاڵەیە لە (مـرزا بەدیع)ی (حـەکیم باشی – یاخـۆ – ملک الاطبـاء)ەوە دەست پێ دەکات کە دانیشـتووی گـەڕەکی (مـەڵکەندی) بووە لە سلێمانی.

باباجـان لە (بابە گیـان)ەوە هـاتووە ئەمـیش چیرۆکێکی سـەیری لەسـەرە[٧].

---

٦. سەرچاوەی درەختەکان: پارێزەر مامۆستا عەدنان سالح و محەمەد بەدیع باباجان.

٧. ئەم چیرۆکە کاکە حەمـەی مەلا کەریم لە (کاروان)ی ژمارە (١٩) سـاڵی ١٩٨٤دا بڵاوی کردووەتەوە لە کـاتێکدا گوایە (مـیرزا بەدیع حـەکیم باشی) دێتە سلێـمـانی دەڕوانێ خەڵکەکە شـڵەژاون و غـەمناکن و بازاڕ و دایەرە داخراوە دەپرسێ چییە؟ دەڵێن کوڕی پاشای بابان مردووە، ئەمیش دەچێت کە ئەو ئاوە دەبینێ لاشەی کوڕەکەی پێ شۆراوە کە جۆرە گۆڕانکارییـەکی بەسـەرادێت، بۆیە گورج داوای کوڕە مردووەکە دەکات کە هێشـتا نەنێژراوە. کوڕەی بۆ دەهێنن و ئەمیش سەری کوڕە دەخاتە سـەر ڕانی خۆی و دەست دەکات بە شێلان و دەرمانکردنی... دوای تۆزێک کوڕە دەپژمێ و چاو دەکاتەوە و دەڕوانێ سـەری وا لەسـەر ڕانی پیاوێک وا دەزانێ باوکیـەتی، بۆیە یەکەم قسـەی (بابە گیـان) دەبێت. ئیتر ئەوە بوو بە (بابەجان) ئینجـا (باباجان). ئەم حەکایەتەش زیاتر لە (اسطورە) دەکات بەڵام ئێمە بەبێ دەستکاری گواستمانەوە.

میرزا بەدیع لە زانستی پزیشکیدا پسپۆڕ و زانا بووە. جگە لەوەی پیاوێکی چاک و خواناس بووە.

حەزرەتی (کاک ئەحمەدی شێخ) کچی میرزا بەدیعی خواستووە بۆ (شێخ محەمەدی بچکۆلە)ی کوڕی، ئەو ئافرەتە دەبێ بە دایکی (حاجی سەید عومەر و حاجی سەید حەسەن و زەینەب خان)[٨].

خێزانی میرزا بەدیع (ئامینە خانم) بووە و لە نەوەی (زولاڵ ئاغا)ی دوانزە سوارەی مەریوانە. لەم دایک و باوکە (دکتۆر حسێن ئەفەندی) کەوتووەتەوە کە لە ساڵی ١٨٧٠دا هەر لە گەڕەکی مەڵکەندی هاتووەتە دنیاوە و لەسەر دەستی باوکیا دەستی بە خوێندن کردووە، کاری دکتۆری و دەرمانگەری (طب و صیدلە) فێر بووە و چارەسەری زۆر نەخۆشی کردووە و لە خزمەت (کاک ئەحمەدی شێخ)دا خوێندنی ئاینی و ڕێزمان و شەریعەت و ڕەوشت و خواناسی و سلوکی لا فێر بووە و تەریقەتیشی لێ وەرگرتووە. کە دەبێتە خوێندەوارێکی تەواو، ڕوو دەکاتە (ئاستانە) بۆ خوێندن لە کۆلێجی پزیشکی و لە ساڵی (١٩٠٤)دا بە پلەیەکی زۆر باش و زیرەکانە تەواوی دەکات و (اطروحە)یەکی (٤٠٠)ی پەڕەیی پێشکێش دەکات لەبەر ئەوە یەکسەر پلەی (مقدم طبیب)ی دەدەنێ لە کاتێکدا کە پلەی (رئیس طبیب) بە هاوڕێکانی دەدەن، ئیتر وردە وردە بەرز دەبێتەوە تا وای لێ دێ سوڵتان عەبدولحەمید بە کلیل بەدەستی (کەعبەی شەریف لە شاری مەککە) دای دەمەزرێنێ، بەڵام ئەم عوزر خوایی دێنێتەوە و ناچێت. لەسەر ئەوە سوڵتان لێی زیز دەبێت. کە (تقاعد) دەکرێ دێتە کەرکووک دادەنیشێ. گاڵتە و سوحبەتی لەگەڵ پیاوە گەورەکانی ئەو سەردەمەی کەرکووکا زۆر بووە وەک سەید ئەحمەدی خانەقا و ددە هیجری. هەوەسی باخ چاککردنی زۆر بووە جگە لەوەی شاعیر و ئەدیب و زانا و قسەخۆش بووە. دوو ژنی هێناوە و وا دیارە یەکێکیان نەزۆک بووە.

٨. سەرگوزشتەیەکی کورتی دکتۆر حسێن ئەفەندی باباجان نووسینی: (مامۆستا حسێن بەرزنجی، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٧ ساڵی ٩٨٨) ل ٧٩ – ٨٩.

ساڵی ٩٢٤ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە. هەواڵی وەفاتی لە ڕۆژنامەی (امید اسقلال) ژمارە (٣) ڕۆژی ربیع الاخر ساڵی ١٣٢٤ بڵاوکراوەتەوە[٩]. درەختەکەشیان بەمجۆرەیە:

میرزا بەدیع باباجان دوو کوڕی هەبووە: د. حسێن ئەفەندی و محەمەد. کوڕی یەکەم: دکتۆر حسێن ئەفەندی چوار کوڕی هەبووە: رفعت (باوکی جەلال و جەمال رفەعەت) و عەبدوڵڵا و ئەبوبەکر و بەدیع (هونەرمەند و خۆشنووس). کوڕی دووەم: محەمەد شەش کوڕی بووە. مەعرووف باوکی (ئەدهەم و ئەکرم و عارف و مەجید) و رەشید باوکی (تەها و یاسین) و سالح باوکی (عەدنان و عیرفان و بەهائەدین) و عەبدوڵڵا (باوکی عەبدولوەهاب و نەجم و خدر).

**بابان:**

بنەماڵەی بابان لە بن و بنەچەدا لەناو جەرگەی شارەزووردا سەریان هەڵداوە و پێگەیشتوون و لەوێوە بەرەو ئێران و ناوچەی پژدەر و شوێنی تر بڵاوەیان لێ کردووە.

بابانەکانی سلێمانی دەچنەوە سەر خالید پاشای یەکەم کە ئەویش دەچێتەوە سەر (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە)ی ناوچەی پشدەر. ئەوانە دەچنەوە سەر فەقێ ئەحمەد بە زنجیرەی پێنجەم لە سەرانسەری بنەماڵەی باباندا دادەنرێن.

بابانەکان بەگشتی بنەماڵەیەکی کاربەدەست و حوکمڕانی ناوچەی کوردستان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە بەینی دوو دەوڵەتی ناحەز و ڕەگەزپەرست و مەزەب پەرستدا (دەوڵەتی عوسمانی و ئێران)دا دەژیان، توانییان لە ئێران و عێراقدا نزیکەی چوار سەدە حوکم بکەن. هەندێک

---

٩. سەرچاوەی پێشوو.

سـەرچاوە ئامـاژە بۆ (مـیـر هەمـزەی بابان) دەکـات کـە لە سـاڵی ٨٠٠ ک/ ١٣٩٦ ز. و پێش ئەویش (مـیـر عـەولکەریم و مـیـر ئەحـمـەد خـان و مـیـر سـەعـدوڵلا) لە ناوچەی مـەریوان و سنە لە پێش سـاڵی ٦٠٠ ک/ ١٢٠٣ ز. حوکمڕان بوون و ئێستا بنەماڵەی (بابا میری و فەیزوڵڵا بەگیی بەناوبانگ) لە کـوردسـتـانـی ئێـراندا خـۆیان بـە نەوەی بابان دەژمـێـرن. بۆ نموونە دوو دەسـتکە گوڵی یادگاری بابـانەکان بـریتین لە هەردوو (مـزگـەوتی سـوور)ی قەڵای مەریوان و سابڵاخ – مەهاباد جگە لە جێماوی دێرین.

بابانەکـانی سلێمـانـی لە پێش هەمـوویانـەوە (برایم پاشـا)یە کە لـە سـاڵی ١١٩٩ ک/ ١٧٨٤ز شـاری سلێمـانی دروست کـردووە وەک دیارییـەکی بەنرخ پێشکێشی میللەتەکەی خۆی کرد.

بابانەکان هەر لە شـاری سلێمـانیدا یازدە مزگەوت و خـانەقـایان دروست کرد کـە ئەمانەن: (مزگەوتی گەورە و مزگەوتی حـاجی شێخـەمین برایم پاشا دروسـتی کـردن. مزگـەوتی سـەی حـەسـەن و مزگەوتی باباعـەلی ئەورەحـمـان پاشـای بـابان دروسـتی کـردن، خـانەقـای مـەولانا خـالیـد و مـزگـەوتـی شـێخ ئەورەحمانی عازەبانی یاخۆ مەلا عەزیز، مەحموود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشـا دروسـتی کردن. مـزگـەوتی مـەڵکەندی وسـوو پاشـای بابان و مـزگـەوتی بن تەبەق یاخـۆ هەرمنی سلێمـان پاشـای کوڕی ئەوڕەحمان پاشـا دروسـتی کـردو مـزگـەوتی کـانێـسکان و مـزگـەوتـی قـامـیـشـان هـەردووکـیـان عـەبدوڵڵا پاشـای بابان دروسـتی کردن). ئەمـە جگە لە گـەڕەکی چوارباخ لە سلێمـانی کـە ئەحـمـەد پاشـای دوا مـیری بابان دروسـتی کرد. دەیەهـا مـزگـەوتی تر لە دێهاتەکان و لە کەرکووک و شـوێنی تر هەموو شوێن دەستی بابانەکانن. ئەم درێژەیەمـان بۆیە پێدا چونکە نـاوی مزگەوتەکان ناوی ئەو خـەتیب و ئیمـام و مەلایانەیان بە سـەردا بڕاوە کە پێش نوێژ بوون وەک مزگەوتی گـەورە کە بە مـزگەوتی حـاجی کاک ئەحمـەدی شـێخ بەناوبانگە و لە ڕاسـتـیدا برایم پاشـا لەگـەڵ شـاری سلێـمـانیدا پێکەوە دروسـتی کـردوون. هـەروەهـا کـتـێبـخـانـەی

ئەوقافی سلێمانی کە ئێستا کەمتابێژێک کتێبی تیا ماوە و بە بەنرخترین کتێبی بابانەکان ڕازاندبوویانەوە. خۆ ئەگەر زیاتر بگەڕێینەوە بۆ دواوە بۆ سەردەمی بەکر بەگی بابان کە جۆگەی بەکرەجۆ (بەکرەجۆگە) و گردی (بەکراوا)ی لای هەڵەبجەی دروست کرد و قەلاّی سرۆچک (سەلیم بەگی بابان) و قەلاّچوالان و مزگەوتەکانی ئەوسای هەموو جێماوی ئەوانن.

هەروەها لە سلێمانی سێ (هۆڵ) یەکێکیان (هۆڵی لینا بابان کە کچی مەحموود بابان و خێزانی عماد کوڕ جەلال بابانە) دووەمیان (هۆڵی مەحموود بابان بە ناوی مەحموود جەمیل بابانەوە کە لە سەردەمی مەلیکدا لە ساڵەکانی ١٩٥٧- ١٩٥٨دا وەزیر بوو، سێیەم (هۆڵی جەلال بابان) کە ئەویش وەزیری گەلێک لە وەزارەتەکانی سەردەمی مەلیک بوو لە دواییدا بوو بە ئەندام لە ئەنجوومەنی (اعیان) و لە دواییدا ئەندامی (تنفیذی مجلس اعمار) کە باوکی سداد و عیماد و ئەیادە. ئەم سێ هۆڵە لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەلاّیەتی سلێمانی - خانەی نەوجەوانانی کوڕان کە لە ساڵی ١٩٥٢دا دامەزراوە، دروست کراون بە ناوی ئەو بابانەوە ناونراون کە ناومان بردن. هەر بەم بۆنەیەوە ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی خۆیا، جگە لەو هەموو مزگەوت و گەڕەک و کتێبخانە و هۆڵی ڕۆشنبیری و ئەو شتانەی تر کە بۆ دانیشتوانی شارەکەیان بەجێ هێشتووە، ڕۆڵە دڵسۆزەکانی شارەکە چەندەها قوتابخانە و شەقام و نووسینگە و بازاڕ و کارگە و چاپخانە و ڕۆژنامە و تیپی مۆسیقا و تیپی وەرزش و زۆر شتی تریان بە ناوی (بابان)ەوە ناو ناوە.

ئەوەی شایانی باسە بابانەکان چ لە ئێران و تورکیا چ لە عیراقدا پیاوی گەورە و بەناوبانگیان تیا هەڵکەوتووە. هەر لە نووسەر و ئەدیب و مامۆستای دانشگاو بازرگان و هونەرمەند و باڵیۆز و نوێنەر لە ئەنجوومەنی (مبعوثات)ی عوسمانییەوە بگرە تاکو پەرلەمانی ئێستای تورکیا و پێشووی ئێران (سەردەمی شا) و پەرلەمانی عیراق. جگە لە وەزیر و سەرەک وەزیر

(ئەوی حەز لە زیاتر بکات لەم بابەتەوە سەیری " هەردوو بەرگی سلێمانی: شارە گەشاوەکەم و کتێبی" بابان في التاريخ و مشاهير البابانيين" نووسینی جەمال بابان بکات).

دوای ڕووخانی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٥٠دا عوسمانییەکان بابانەکانیان بەملا و لادا بڵاو کردەوە و زۆریان بەرەو (ئاستانە – استمبول) بردن، ئێستا لەوێ وەچەی زۆریان هەیە و گەلێک پیاوی ناودار و بە توانایان تیا هەڵکەوتووە. باقیەکەیان لە بەغداد و خانەقین و کەرکووک و کفری و هەندەران خۆیان گرتووەتەوە.

ئەوانەی ئێستا لە سلێمانیدا ماونەتەوە، کوڕ و کوڕەزا و وەچەی ئەم پیاوانەن:

وەچەی عەزمی بەگ کوڕی مستەفا بەگی سلێمان پاشا و فائق بەگی عەلی بەگ و یەحیا بەگ باوکی طاهر بەگ و حەمە صالح بەگ باوکی ئەحمەد بەگ و حاجی حەمە بەگ و سەعید بەگ، وەچەی جەمیل بەگی عەبدوڵڵا بەگ باوکی طاهر بەگ و حەمە ئەمین بەگی مامی طاهر بەگ، وەچەی خالید بەگی باوکی ئەحمەد و مەجید بەگ و وەچەی عەبدوڵڵا بەگ و خالید بەگ کوڕانی مەجید بەگ، وەچەی بەگ باوکی ئەحمەد بەگ و باپیری مەحمود بەگ و حکمەت بەگ و دکتۆر فوئاد بابان، وەچەی ئەمین بەگ باوکی ئەحمەد بەگ و باپیری ئەکرەم بەگ، وەچەی ئەوڕەحمان بەگی نفوس و ئەسعەد بەگی کوڕی، وەچەی سەعید بەگی ئەحمەد بەگی گومرگ، وەچەی حەمە بەگی حەسەن باوکی بەهجەت، وەچەی قادر بەگی ئەوڕەحمان بەگ، وەچەی رەؤوف بەگ و وەچەی نووری بەگی صالح بەگ و زۆری تر کە هەر کەسە خەریکی کار و کاسبی خۆیانن.

**شێخ بابا عەلی قەرەداخی:**

مێژووی ئەم بنەماڵەیە لە سلێمانیدا لە شێخ بابا عەلییەوە دەست پێ دەکات کە لە بنچینەدا خەڵکی دێی (تەکیە)ی سەر بە ناحیەی قەرەداخە و دێیەکە دەکەوێتە بەردەمی (دەربەندی گاوور) کە یەکێکە لە دەربەندەکانی زنجیرە شاخی قەرەداخ.

بابا عەلی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عەلی مەلایەکە لە دەوروبەری ساڵی ١٢٩٠ک/ ١٨٧٣ز. هاتۆتە دنیاوە. بابا عەلی پیاوێکی زانا لە کاروباری ئاینیدا، جگە لەوەی مرۆیەکی قسەڕەوان و نوکتەزان و مەشرەب خۆش بووە، بە کورتی بابا عەلی یەکێک بووە لە پیاوە هەرە قسەخۆشەکان و سوعبەتچییەکان و قسەلەجێ. لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا لە خانەی فۆلکلۆری گاڵتەوگەپدا باس کراوە. کاتێک شێخ بابا عەلی هاتووەتە سلێمانی لە مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشای باباندا جێگیر بووە کە ئەمڕۆ بە ناوی ئەو پیاوەوە پێی دەڵێن مزگەوتی شێخ بابا عەلی قەرەداخی و کە لە ساڵی ١٣٥٩ ک. کۆچ دەکات شێخ نووری کوڕی لە شوێنی دادەنیشێت کە ئەویش زانایەکی ئاینیی ناسراو بووە.

لە کوڕەکانی شێخ نووری (بەهائەدین) کە چەند کتێبێکی ڕامیاری و چیرۆکی داناوە و دەورێکی لە پارتی شیوعی عیراقیدا یاری کرد. کوڕی تری شێخ نووری (نەجمەدین و قادر و جەمال و کەمال و عەلائەدین)ن.

**حاجی بارامی مەڵکەندی:**

حاجی بارام لە پیاوە ناسراوەکانی گەڕەکی مەڵکەندییە کە خۆی و براکانی لە سەرەتاوە زیاتر خەریکی کاروباری بەرد و بەفری مەڵکەندی فرۆشتن بوون کە قەتارە وڵاخیان هەبوو بۆ گواستنەوەیان. براکانی حاجی بارام (حاجی ئەمین و حاجی ئەحمەد و حاجی مەحموود)ن.

– نەوەی حاجی بارام ( فەتاح، عارف، محەمەد، رەفیق، حەلاوە خان، بەهیە خان و نەسرین خان)ن. حەلاوە خان خێزانی حاجی رەشیدە و لە خێرخواکان بووە و مزگەوتێکی لە گەڕەکی مەڵکەندی دروست کردووە.

– نەوەی حاجی ئەمین (عارف موختاری مەڵکەنی، قادر، خەسرەو، بەهیەخان و رەعناخان و فاتمەخان و سبریەخان)ن.

– نەوەی حاجی ئەحمەد (عەلی و فاطمە)یە.

– نەوەی (حاجی محمود – مامە خولە) و فەخریەخان و بەهیەخان سەبیحەخانە.

**بەردەشۆر**

بەگوێرەی نامەیەک لە ڕۆژی ١٩٥٨/٤/١دا خوا لێخۆشبوو رەشیدەفەنی فەتاحەفەنی لە قەڵادزەوە نووسیویە دەڵێت:

پیاوە بەناوبانگەکانی ئەم بنەماڵەیە ئەمانەن:

١– ئەمیر ئەسکەندەر ساڵی ٨٠٠ ک لە بانە حاکم بووە و لەوێ وەفاتی کردووە.

٢– ئەمیر ئیسماعیل کوڕی ئەسکەندەر ساڵی ١٨٦٠ک لە ماوەت حاکم بووە و لەوێش وەفاتی کردووە.

٣– ئەمیر میرە بەگ کوڕی ئیسماعیل ساڵی ٩٠٠ک لە گلاڵە حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

٤– حەسەن بەگ کوڕی ئیسماعیل ساڵی ٩٤٠ک لە گلاڵە حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

٥– ئەحمەد ئاغای حسێن بەگ ساڵی ٩٧٥ک لە گلاڵە حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

٦- محەمەد ئاغای ئەحمەد ئاغا ساڵی ١٠١٠ک لە گاپیلۆن ئەمیر بووە و لەوێش وەفاتی کردووە. ٧- عەبدوڵڵا ئاغای ئەحمەد ئاغا ساڵی ١٠٤٠ ک لە گلاڵە حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

٨- عیسا ئاغای محەمەد ئاغا ساڵی ١٠٧٠ک لە باڵخ حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

٩- مووسا ئاغای محەمەد ئاغا ساڵی ١١٠٠ک لە باڵخ حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

١٠- عوسمان ئاغای محەمەد ئاغا ساڵی ١١٣٠ک لە باڵخ حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

١١- ڕۆستەم ئاغای عەبدوڵڵا ئاغا ساڵی ١١٤٠ک لە گاپیلۆن حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

١٢- محەمەد ئاغای عوسمان ئاغا ساڵی ١١٥٠ک لە گەلاڵە حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

١٣- ئەحمەد ئاغای محەمەد ئاغا ساڵی ١١٧٠ک لە گەلاڵە حاکم بووە لەوێش وەفاتی کردووە.

١٤- حاجی قادر ئاغای عوسمان ئاغا ١٢٢٠ک لای بابانەکان سەر عەسکەر بووە و لە سلێمانی دوای وەفاتی نێژراوە.

١٥- مەلا عەلی حاجی قادر ئاغا ١٢٨٠ک لە سلێمانی وەفاتی کردووە.

١٦- ئەمین ئەفەندی ساڵی ١٩٣٠ز لە گەڕەدێ وەفاتی کردووە.

١٧- حەسەن ئەفەندی مەلا عەلی ساڵی ١٩٣٥ لە سلێمانی وەفاتی کردووە.

١٨- فەتاح ئەفەندی ساڵی ١٩١٨ لە سلێمانی وەفاتی کردووە.

١٩- تۆفیق ئەفەندی...

٢٠- سەلمەخان: خێزانی خواجەفەنی بووە و لە سلێمانی وەفاتی کردووە.

هەر بەگوێرەی نامەکەی رەشیدەفەنی: حاجی قادر ئاغا لە زەمانی سلێمان پاشای باباندا (ئەبێ سلێمان پاشای مقتول بێ) زۆر دڵنەوایی دەکەن و دەیبەن بۆ قەڵاچوالان. لەوێوە لە دواییدا دەچن سلێمانی ئاوا دەکەنەوە. ئەم پیاوە پێنج کوڕی دەبێ کە ئەمانەن:

١- ئەوڕەحمان ئاغا: کوڕەکانی ئەویش بریتین لە حاجی فەتحوڵڵا ئاغا، ئەحمەد ئاغا، اسماعیل ئاغا.

٢- عەزیز ئاغا: کوڕەکانی: محێدین ئاغا، حسێن ئاغا، حەسەن ئاغا.

٣- کەریماغا: ئەولادی نابێ.

٤- ئەحمەد ئاغا: کوڕەکانی: فەرەج ئاغا و حەماغا و حەسەن ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغا.

٥- عەلی ئاغا (مەلا عەلی) کوڕەکانی: حاجی حسێن ئەفەندی، فەتاحەفەنی، ئەمینەفەنی، مەجیدەفەنی و تۆفیق ئەفەنی.

بابانەکان دوانزە دێ بە حاجی قادر ئاغا دەبەخشن کە بەراتیان وەربگرێ وەک: باڵخ، گاپیلۆن، ماوەت، گەڕەدێ، گەورە دێ و گەڵاڵە...

دوای ئەمانە رەشیدەفەنی لە نامەیەکدا دەفەرمووێ:

ئەوەی کە خۆم بیزانم حاجی قادر ئاغای بەردەشۆر بە دەستخەتی خۆی (جزمی عم)ی تەفسیر کردووە و حاڵی حازر لای منە و ئەمەی لە ساڵی ١٢٥٥ک. نووسیووە و لە ئاخریەکەیدا ئەمەی نووسیوە (حاجی قادر ئاغا کوڕی ئەحمەد ئاغا کوڕی عثمان ئاغا کوڕی حاجی گەڵاڵە).

ئینجا دەڵێت: گەڵاڵە تابع ماوەتە لە پشت کوڕکوڕەوە کە ئەمەش شاخێکە ئەمدیوی کانی تووە و ئەو دیوی ماوەتی گەڵاڵەیە. حاجی قادر ئاغا کە لەگەڵ بابانەکاندا هاتۆتە سلێمانی خانووەکەی بریندار ئاغای دروست کردووە. لەو حەوت کوڕەی حاجی قادر ئاغا کوڕی بچووکی باپیرم دەبێت کە ناوی عەلیاغایە و لەبەر دینداری پێی وتراوە مەلا عەلی. ئەمیش چوار کوڕ و

کـچێکی دەبێ، یەکـێکیـان حـاجی حـسـێنە فـەنی کـە نەتەوەی (مـەحـمـوود حسێن، رەشید ئەفەنی و صۆفی ئەحمەدە) کوڕەکەی تری فەتاح ئەفەنییە کە باپیری ئێـمـەیە، کوڕێکی تـری مـەجـید ئەفەنـییـە کە بـاوکی مـەلا سـەعـیدی خـەتات بوو. کوڕێکی تری تۆفیق ئەفـەنی بوو دەبێ بە باوکـی دایکی ئەحمـەد و مـسـتـەفـا خـواجـە. نەتەوەی حـاجـی قـادر ئاغـا لە کـوڕەوە کـەسـیـان نەمـاوە ئێـمـە نەبین. بەڵام لە کـچـەوە عـزەت و رەشـیـد نەجـیب و حـسـێن نـازم، هـەمـوو دایکیان لە نەوەی حاجی قادر ئاغان.

لە دواییدا دەڵێت: حەماغای حەسـەن ئاغاش کوڕەزای حاجی قادر ئاغایە. حـاجی قـادرئاغـا ئەوەندە بە دین بووە حـاجی کـاک ئەحـمـەدی شـێخ دەسـتی مـا چ کـردووە و پێکەوە چوون بـۆ حـەج، جگە لـەوەی پیـاوێکـی زۆر ئازا و بە قـوەت بووە ئـەویش وەکـو عـەزیزی مـەسـرەف، ڕەخـتـەوان و مـیـرئاخـوڕ و خـــەزنەدار، لـە حـــاشـــیـــەی بابـانـەکـــان بـووە. جگـە لەوەی خـــزمـــیـش و خۆشەویستیشیان بووە.

تێبینی: بەداخەوە خـوا لێخۆشبوو رەشید ئـەفەنی ڕوونی نەکردووەتەوە کە (بەردەشـــۆر) لـە چیـــیـــەوە هـاتووە. ئـەبێ ئـەویش (منـصـب)ێکـی ســـەردەمی بابانەکان بووبێت کە ئەوانیش لە عوسمانییەکانەوەیان وەرگرتووە.

بەکـورتی: جـەلال ئەفـەنـی و رەشـیـدەفـەنـی و تاهر ئەفـەنی و حـەمـاغـای حـەسـەناغـا و کـوڕ و کـوڕەزایان لەم بنـەمـاڵە بەرێزەن. کـوڕەکـانی جـەلال ئەفـەندی، حەمـە جەلال و جـەمال شـۆتەر و حـەماغـای حەسـەناغاش فیکرەت و...

**بەکر ئەفەندی:**

بەکر ئەفەندی باوکی رەشـیدە فەنییە (یوزباشی) بووە لە سوپای عـوسمانیدا و ئەویش باوکی فـوئاد و مـەجـیـد کە هـەردووکـیـان مـامـۆسـتـا و پشکنەری قوتابخانە بوون. هـەروەها باوکی محەمەد ئەفەندییە.

فوئاد ئەفەنی باوکی (جەمشید کە هەر بە گەنجی کۆچی کرد) و باوکی بەهزاد و ئومێد و نهاد و نەژاد و محتابە. مەجید ئەفەندیش باوکی ئاوات و کامەران و سامانە.

محەمەد ئەفەنی باوکی فەرەج و عەبدولخالق و رەفیق و قادر و عیزەدین و فاضلە.

**پیرەمێرد – هەمزاغای مەسرەف:**

هەمزائاغا کوڕی مەلا وەیس کوڕی مەلا محەمەد کوڕی (نەجەف قولی بەگ)ی بەختیارییە. هەمزاغا لە سەردەمی ئەحمەد پاشای دوا میری باباندا وەک (وەزیری مالیە) بووە بۆیە بە (مصرف) ناوبراوە و ئەمان پێوەندییان بە بنەماڵەی (محمودی مصرف)ەوە نییە. وا دیارە هەمزاغا پیاوێکی سوور و سپی و ریشی سوور بووە. ئەو پەندی پێشینانەی کە دەڵێت (هەرچی ریشی سوور بێت، هەمزاغا نییە) مەبەستی ئەم هەمزاغایە.

– لەم بنەماڵەیە بێجگە لە شاعیر و ئەدیب و فەیلەسووفی کورد حاجی تۆفیقی پیرەمێرد چەند شاعیرێکی تریان تیا هەڵکەوتووە وەک حەسەن ئاغای هەمزاغا و حەماغای کوڕی.

– نەوەی مەلا وەیس کوڕی مەلا محەمەد یاخۆ حەماغا: (بابەکر ئاغا، حەماغا، هەمزاغای مەسرەف، پاشاری و یاپیرۆز).

– نەوەی هەمزاغای مەسرەف (سەعید ئاغا، حسێن ئاغا، حەسەن ئاغا، خونچە، مەحموود ئاغا، دەوڵەت، حەماغا، فەتاح ئاغا، یاپیرۆز، خاتوون و فاطمە).

– نەوەی سەعید ئاغا: (سالح) و نەوەی حەسەن ئاغا (حەماغا و عەزیز و قادر).

– نەوەی مەحموود ئاغا: (حاجی تۆفیق پیرەمێرد، رەشید، فاطمە، حەبیبە و خەدیجە).

نەوەی حاجی توفیق پیرەمێرد (مەحموود نژاد و وداد و رەحمەخان و ئامینەخان). نەوەی مەحموود نژاد (اتیلا و ارگوین (محمد) ئەمانە لە تورکیان. رەحمەخان دایکی فائق هوشیار و ئەحمەد زرنگە.

– نەوەی حەماغای مەلا وەیس: (قادر ئاغا، مستەفا ئاغا، حاجی بابەکر ئاغا، سەلە و شاناز). نەوەی قادر ئاغا: (ئەمین ئەفەندی بینباشی) و نەوەی مستەفا ئاغا (محەمەد ئەمین بەگ) و نەوەی حاجی بابەکر ئاغا (عەزیز ئاغا و مەحموود ئاغا).

– نەوەی عەزیز ئاغا (عەبدوڵلا) و نەوەی عەبدوڵڵا (مستەفا و عزەت) و نەوەی عیزەت (عەزیز و عارف و رەشید) و نەوەی رەشید (شەوکەت موسیقار و انور). نەوەی مەحموود ئاغا (حەماغا) و نەوەی ئەویش (مەحموود ئاغا و کەریم ئاغا).

سەرچاوە: کاک فائق هوشیار.

**جاف:**

لێرەدا مەبەست لە بەگزادەی جافە کە ئەوان سەرۆکی گشتی ئێلی جافن. ئەو جافانەی کە لە زووەوە لە سلێمانی دانیشتووبن عزەت بەگ کوڕی وەسمان پاشا کوڕی حەمە پاشای کەیخەسرەو بەگە. عیزەت بەگ لە سێ دەورەی ئەنجوومەنی نوێنەران (مجلس نواب – پەرلەمان)ی عێراقیدا نوێنەری سلێمانی بووە. (دەورەی هەشتەم ٩٣٧ – ٩٣٩) و (دەورەی نۆیەم ٩٣٩ – ٩٤٣) و (دەورەی دەیەم ٩٤٣ – ٩٤٦).

یەکەم خێزانی عیزەت بەگ (حەپسە خان) بوو کە وەفاتی کرد لە گردێک لە گردەکانی سەیوان نێژراوە کە تا ئەم دواییەش هەر بە (گردی حەپسەخان) بەناوبانگ بوو. دوای حەپسە خانی ژنی دووەمی عیزەت بەگ (زارا خان) بوو کچی حاجی مستەفا پاشای یامولکی.

بەگزادەی جاف دەورێکی گەورەیان لە کاروباری سلێمانی و ناوچەکەیا بینیوە، هەر لە سەردەمی بابانەکانەوە تاکو ئەمڕۆ بۆیە بە پێویستمان زانی وەک یەکێک لە بنەماڵە هەرە ناسراو و ناودارەکانی وڵاتی سلێمانی و دەوروپشتی تۆماریان بکەین و درەختیان لە حەمە پاشاوە لەم کتێبەدا پیشان بدەین.

ئەوی دەیەوێ لە مێژووی ئەم بنەماڵەیە زیاتر بکۆڵێتەوە لە مێژووی کۆنیاندا کتێبەکەی (ریچ) کە لە زۆر شوێنی تری ئەم دانراوەدا ناوی هاتووە دەبێ بە باشترین سەرچاوە، دوای ئەوە (تەئریخی جاف دانراوی کەریم بەگی فەتاح بەگ) کە لە ساڵی ١٩٩٥دا چاپ کراوە ئەویش سەرچاوەیەکی گەلێک بەنرخە کە دکتۆر حەسەنی کوڕی پێشەکییەکی تێر و تەسەلی بۆ نووسیوە و بە چاپی گەیاندووە. ئەمە جگە لە دەیەها سەرچاوەی تر. ئەمەش درەختی بنەماڵەی جافە لە حەمە پاشای کوڕی کەیخەسرەو بەگەوە... جگە لە درەختی بنەماڵەی بارام بەگی کە ئەوانیش لەگەڵ بنەماڵەی حەمەپاشا لە سلێمان بەگی باپیرە گەورەیاندا یەک دەگرنەوە و زۆربەی ئەم درەختەمان لە (تەئریخی جاف)ی کەریم بەگ فەتاح بەگەوە وەرگرتووە:

محەمەد پاشا حەوت کوڕی بووە: مەحموود پاشا، عوسمان پاشا، حەسەن بەگ، سلێمان بەگ، محەمەد عەلی بەگ، قادر بەگ، فەتاح بەگ.

قادر بەگ ئەولادی نەبووە.

**یەکەم:** مەحموود پاشا چوار کوڕی هەبووە: کەیخەسرەو بەگ، عەلی بەگ، حوسێن بەگ و ئەحمەد بەگ.

– کەیخەسرەو بەگ باوکی عەبدوڵڵا بەگ.

– عەلی بەگ باوکی حەسەن بەگ (نوێنەری هەڵەبجە لە پەرلەمانی عیراقدا) ئەویش باوکی مەحموود هوشمەن) و چوار کچ (پەروین و پەریخان و نازەنین و بانو).

– حسێن بەگ باوکی: عەبدوڵڵا بەگ و مەحمووود بەگ و عوسمان بەگ و توبا خان و گوڵستان. عەبدوڵڵا بەگ باوکی سیراون (پارێزەر و سەرۆکی ئەنجوومەنی تنفیذی پێشووی کوردستان) و کیسرا و سالار و شێرکۆ و فریاد. مەحمووود بەگ باوکی (سەرخێڵ و کۆچەر و نەرمین و نیگار و ڤیان). عثمان بەگ باوکی (سامان و تابان).

– ئەحمەد بەگ: باوکی شەوکەت بەگ: ئەویش باوکی سەرتیپ (ئەندازیار و پرشنگ و...).

**دووەم:** عوسمان پاشا ئەویش پێنج کوڕی هەبووە: مەجید بەگ (باوکی حامد بەگ و ئەویش باوکی برهان، جلال (پاشا)، سەلاح، مستەفا، د. ئەکرەم (وەزیری پێشوو)، بێباک و دیاری لەگەڵ حەوت کچ (تەلیعە و ئەختەر و ئەدیبە و ئافتاو و لەمیعە و هەتاو و بەهیەخان) و تاهر بەگ شاعیری بەناوبانگ (ئەویش باوکی مەسعود) و حەمە سەعید بەگ (باوکی داود بەگ ئەویش باوکی کەریم بەگ و محەمەد بەگ و عزەت بەگ (کە لەسەرەوە باسمان کرد ئەویش باوکی عەلی و ئومید) و ئەحمەد بەگ (ئەحمەد مختاری شاعیری ناسراو و نیشتمانپەروەر) باوکی ئەفراسیاب و غاندی و رووناک و حەمیدە.

**سێیەم:** حەسەن بەگ باوکی حسێن بەگ (حسێن بەگی وارماوا) ئەویش باوکی حەمە بەگ و عەبدورەحمان بەگ و عەلی بەگ (ئەدەب دۆست و نووسەر) و حەسەن بەگ.

**چوارەم:** سلێمان بەگ: باوکی حەمە رەشید بەگ (ئەویش باوکی عەلی بەگ) و حەسەن بەگ (باوکی حەمە بەگ رەشید بەگ) و حاجی ئیبراهیم بەگ (باوکی عەبدولقادر بەگ) و عەبدولقادر بەگ باوکی حەمە بەگ.

**پێنجەم**: حەمە عەلی بەگ باوکی جەمیل بەگ (ئەویش باوکی جەمال بەگ و ئەنوەر بەگ) و ئەدهەم بەگ و محەمەد بەگ.

**شەشەم**: قادر بەگ وەک وتمان بەرەی نەبووە.

**حەوتەم:** فەتاح بەگ کە شەش کوڕی هەبووە.

– کەریم بەگ (نووسەری تەئریخی جاف) باوکی مینە بەگی شاعیر و مستەفا بەگ و د. حەسەن و فەتاح بەگ.

– رەزا بەگ باوکی: خالید بەگ، مەحموود بەگ (قسەخۆش و نوکتەباز) و عەلی بەگ و قادر بەگ و بارام بەگ. محەمەد بەگ (نوێنەر لە پەرلەمانی عیراقدا) باوکی حەمە سەعید بەگ (ئەدیب و نووسەر ئەویش باوکی خەسرەو ئەندازیار و شاعیر و نووسەر و هەروەها باوکی نەبەرد و کیسرا).
– عەبدورەحمان بەگ باوکی: حەمە ئەمین و حەسەن و دکتۆر عەلی و عوسمان و سەلاح.

– داود بەگ (نوێنەر لە پەرلەمانی عیراقدا) باوکی: سەردار بەگ (برا گەورەی خزمەکانی) و سالار و سەربەست و دارا و نەوزەر و شەهریار.

ئەم بەرێزانەی باسمان کردن بەرەی حەمە پاشای کەیخەسرەو بەگ بوون. لەلایەکی ترەوە بەرەی (بارام بەگ) هەن کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن کە ئەوانیش بەمجۆرەن: حەسەن بەگ کوڕی قادر بەگ سلێمان بەگ دوو کوڕی هەبووە:

**یەکەم:** عەزیز بەگ کە ئەویش دوو کوڕی هەبووە: کەریم بەگ و حەمە سالح بەگ (حەمە سالح بەگ باوکی ئەحمەد بەگ (نوێنەر لە پەرلەمانی عیراقیدا و خاوەن دیوەخان لە هەڵەبجە باوکی حەمە رەشید و حەمە ئەمین (باڵیۆز – سفیر) و جەمیل و پەروێز و هوشیار و محەمەد و نەبەز و نەوەر) و باوکی عیزەت بەگ ئەویش باوکی (ئەمجەد و ماجید و ناجی و بەهجەت).

**دووەم:** بارام بەگ باوکی عەبدوڵڵا پاشا ئەویش باوکی مستەفا بەگ و حەمە رەشید بەگ. جگە لەوانە هەر بەگزادەی بارام بەگی عەلی بەگ ڕۆستەم بەگ و تۆفیق بەگ قادر بەگ و ئەمین بەگ برای. لە بەگزادەی وەڵەد

بەگی: محەمەد سەعید بەگ، حەسەن بەگ، عەلی بەگ، ئەحمەد بەگ حەمەد بەگ و حسێن بەگ برای عەلی بەگ و حەمە ئەمین بەگ عەباس بەگ و کوڕ و کوڕەزایان (تەئریخی جاف، ل ٢٠٠).

زۆربەی ئەم درەختەمان لە (تەئریخی جاف) دانانی کەریم بەگ فەتاح بەگەوە وەرگرتووە.

**شێخ جەلال:**

شێخ جەلال کوڕی شێخ تەها کوڕی شێخ سەلام کوڕی شێخ فازل کوڕی شێخ نیزامەدینە.

بەگوێرەی نامەیەک کە لە کاتی خۆیا لە مامۆستای خوا لێخۆشبوو شێخ ئەبوبەکر (ا.ب هەوری)یەوە هاتووە دەڵێت: بەرەگ و بنەچە دەچنەوە سەر شاعیری مەزن مەلا عەبدورەحیمی مەولەوی و باپیری هەرە گەورەیان (شا حسێن سەفەوی)یە. بەڵام دیسانەوە هەر بەگوێرەی نامەیەکی مامۆستای پارێزەر و شاعیر (کامل ژیر) دەڵێت: (بەگوێرەی نووسراوێک کە نزیکەی سەد ساڵێک لەمەوپێش نووسراوە، بنەماڵەکەیان دەچنەوە سەر حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی طالب. ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیان هەر لەبەر ڕۆشنایی نامەکەی مامۆستا کامل ژیر:

شێخ جەلال هەشت کوڕی هەبووە کە ئەمانەن:

– نیزامەدین: باوکی عەبدولکەریم و فازل و کامل ژیر.

– ئەبوبەکر (أ. ب. هەوری) مامۆستا و نووسەر و باوکی د. کرمانج و د. ئامانج و...

– نەجمەدین.

– شێخ نووری باوکی (ئەژی، ژیان، گۆران، دارا و تارا).

تەها.

- شێخ ئەحمەد باوکی (جەلال و مستەفا).

- سەلاحەدین.

ئەوەی شـایانی باسـە ئەم بنەماڵەیە شـاعیـر و ئەدیب و نووسـەری ناسراویان تیا هەڵکەتووە. وەک مامۆستای خوا لێخۆشبوو (أ. ب هەوری) و کامل ژیری شاعیری (شیعرناسک) و فازل نیزامەدین نووسەری فەرهەنگی (ئەستێرە گەشە)ی کوردی - عەرەبی - و شێخ ئەحمەد دامەزرێنەری سەرلەنوێی ژووری بازرگانی سلێمانی.

**چەلەبی:**

لە بنچینەدا لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی ترا لە زووەوە هاتوونەتە قەڵاچوالان و دوای بنیاتنانی شـاری سلێمـانی هاتوونەتە ناو شـار و گـەڕەکی (دەرگەزێن)یان دروست کردووە و بەناوی (دەرگا زێڕین)ەوە ناویان ناوە و تیا دانیشتوون. ئەو بنەمالانەش وەک لونگریک و ئەدمۆنس دەڵێن: بنەماڵەی چەلەبی و ئاغا تەها و حاجی عەبدوڵلای درێژ ماڵەکانیشیان لەسەر شێوەی خانوو و ماڵی دراوسێکان دروست کردووە و ڕازاندووەتەوە.

ئەم بنەمالانە لە شوێنی خۆشیانا هەر بە دەسەڵات و دەوڵەمەند و ناسراو بوون، عەبدولفەتاح چەلەبی هەر بە بازرگانییەوە خەریک بووە هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی شار بووە. عەبدولفەتاح چەلەبی سێ کوڕی هەبووە: ئەحمەد ئاغا باوکی شەفیق ئاغا ئەویش باوکی (بەختیار و ئەحمەد و لەیلا و جوان و شلێر و سەران و ناسک). فائق کوڕی ئەحمەد ئاغا (نەجیب و ئەدیب و حسێن)ی هەیە. تۆفیق ئەحمەد ئاغا (سەباح و سەلاح و کەمال و نەجات)ی هەیە. نامقیش هەر کوڕی ئەحمەد ئاغایە. غالیب ئاغا (ئیسماعیل و حەمە ئەمین و کەمال)ی هەیە. ئیسماعیل سەروەر و دیار و هەڵکەوت و سەرکەوتی هەیە. محەمەد ئەمین (نەبەز و نیاز و میدیا)ی هەیە کەمالیش

مەبەست و ئاواتی هەیە، سەعید ئەدیب کوڕ عەبدولفەتاح باوکی نووری و نازیف و سەعدیە و گوزیدە و فائیزە و رووناکە.

**حەسەن ئاغا:**

حەسەناغا لە سەردەمی عوسمانیدا بەڕێوەبەری پۆلیس (مدیری شرطە) بووە کە ئەمە بە تورکی (تفەنگچی باشی) پێ دەڵێن و لە بنچینەدا لە ڕەواندزەوە هاتووەتە سلێمانی و دوای خانەنشینی لە ئەرکی میری هەر لەوێ ماوەتەوە و جێگیر بووە. (حسێن ئاغا یاخۆ حاجیاغا) کوڕی گەورەی بووە و ئەویش هەر لە سەردەمی ئینگلیزا لە سلێمانی بەڕێوەبەری پۆلیس بووە.

حەسەن ئاغا پێنج کوڕ و شەش کچی هەبووە. کچەکانی هەموویان پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی خواستوویانن و ئێستا وەچەیان زۆرە و داوونەریتێکی تایبەتییان بۆ خۆیان دابین کردووە: خێزانی حەسەناغا لە بنەماڵەی ئاغالەری سلێمانییە.

کوڕەکانی حەسەناغا ئەمانەن:

**یەکەم:** (حسێناغا – حاجیاغا) کە باسمان کرد ئەویش سێ کوڕی هەبوو (خەسرەو باوکی سامان و سەروەر)، (غەفوور باوکی حەسەن و...) کەمال ژنی نەهێنا.

**دووەم:** قادر ئاغا کوڕی نەبوو، کچەکانی (نەزیرە و منیرە و پەریخان).

**سێیەم:** مستەفا ئاغا واتا خاڵەمچە.

**چوارەم**: ئەحمەد ئاغا باوکی عەزیز ئاغا کە ئەویش ئەم پێنج کچەی هەبوو (بەیان، جوان، پەخشان، شیرین و...)

**پێنجەم**: سەعید ئەفەندی باوکی (علی بەگ و ڕەؤوف بەگ و عارف بەگ).

کچەکانی حەسەناغا.

**یەکەم:** ئایشەخان خێزانی سەعید ئەفەندی و دایکی قالەی ئایشەخانی بەناوبانگ لە پیاوەتیدا).

**دووەم:** جەمیلەخان خێزانی حەمە بەگ بابان دایکی نووری بەگ و ئەحمەد بەگ و هادی بەگ.

**سێیەم**: خەجەخان (خەدیجەخان) خێزانی عەبدوڵڵا ئەفەندی حەمە ئەفەندی و دایکی حەمەی پاشا و دکتۆر کەمال.

**چوارەم**: رەحمەخان دایکی پیرۆزخان و فاتمەخان.

**پێنجەم:** سەلمەخان خێزانی حەمە بەگی قادر پاشا.

**شەشەم:** فاتمەخان خێزانی حاجی مەلا محێدین دایکی قادر ئاغا و تەها ئاغا و ئەميناغا.

**حاجی حامد:**

کوڕی عەبدولقادر کوڕی محەمەد کە ئەمیش پشتاوپشت دەچێتەوە سەر (بابا تاهیری هەمەدانی). دانیشتووی گەڕەکی دەرگەزێن بوو. دایکی حاجی حامد (یامریەم) لە بەگزادەی (فەیزوڵلا بەگی) کوردستانی ئێرانە و حاجی حامد برایەکی هەبووە ناوی مستەفا بووە. حاجی بنیاتنەری ئەو مزگەوتەیە کە ئەمڕۆ بە مزگەوتی مەلا غەفوور بەناوبانگە.

حاجی حامد شەش کوڕی هەبووە:

– میرزا سەعید باوکی (میرزا برایم ئەویش باوکی کەمال) و ئەحمەد چەلەبی.

– عەبدولفەتاح باوکی (عەبدولرەزاق ئەویش باوکی عەبدولفەتاح) ئەمین باوکی ئامینەخانی دایکی ئەدیب عەزیز). حاجی فەرەج سێ کوڕ و دوو کچی هەبووە (حەمە کاکە باوکی نازەخان و ئاوات) و (ئەحمەد رەفیق باوکی بەختیار، سامان، خونچە و ڤیان) و (ئەميناغا باوکی کوردۆ) و (عاسمە

خان خێزانی کاکە حەمەی ئەمینی عەتار) و (ئیقلیم خان خێزانی کاک یووسف محەمەد ئەمین).

سەرچاوە: ئیقلیم خان.

**حاجی حەسەن ئەفەندی:**

ئەم پیاوە کوڕی محەمەد ئاغای حسێناغایە، حەماغا لە سەرەتاوە لە ماردین یاخود دیاربەکری تورکیاوە بە ئەفسەری (ئالایلی). گوێزراوەتەوە کەرکووک و لەوێ لە قەڵا دانیشتووە و بە (محەمەد ئاغای قاپوقران – قاپی شکێن) ناوبانگی دەرکردووە بەوەدا کە دوای جەردەیەک دەکەوێ قاپی ماڵەکەیان دەشکێنێ و کابرا دەگرێت.

ئەحمەد صائیب کوڕە گەورەی حەماغا بووە بە فەرمانبەری تاپۆ گوێزراوەتەوە سلێمانی ئەویش هەموو کەسوکاری لەگەڵ خۆی هێناوە و تیایا نیشتەجێ بوون. لە داوییدا خورشیدەخانی کچی لوتفوڵڵا ئەفەندی دەهێنێ و منداڵی نابێ، کە ئەمرێ، حاجی حەسەن ئەفەندی ئەو ئافرەتە مارە دەکات، عیصمەت خانی خوشکی خورشیدەش شوو بە حوسێن ئەفەندی ئەکات... بەمجۆرە درەخت و لق و پۆپی ئەم بنەماڵەیە دەست پێ دەکات.

ئەنامەکانی ئەم درەخت و لق و پۆپی ئەم بنەماڵەیە دەست پێ دەکات.

ئەنامەکانی ئەم خێزانە لە سلێمانیا زیاتر ناویان بە خێرەومەند و یارمەتی ماڵی هەژار و دەست کورت و (مەولوود) خوێندن دەرکردووە، چونکە توانای ئابوورییان باش بووە و زیاتریش خەریکی موڵک پێکەوەنان بوون.

پیاوە ناسراوەکانیان جگە لە حاجی حەسەن ئەفەندی و حوسێن ئەفەندی، عارف ئەفەندی کوڕی حاجی حەسەن ئەفەندی و بەهائەدین ئەفەندی عارف

ئەفەندی و کەمال عارف و عەبدوڵڵا بەگی یاوەر کە (یاوەری ئەسعەد پاشای یاوەری سوڵتان عەبدولحەمید بوو)، هەروەها مەجید یاوەری کوڕی. لە گەنجەکانیشیان خوا نەیبڕێ زۆریان پێگەیشتوون.

محەمەد ئاغای حسێناغا چوار کوڕی هەبووە:

**یەکەم:** حاجی ئەحمەد ئەفەندی (ئەحمەد صائب).

**دووەم**: حاجی حەسەن ئەفەندی ئەمەیش دوو کوڕ و دوو کچی هەبووە. کوڕی یەکەمیان عارف ئەفەندی کە ئەویش چوار کوڕ و سێ کچی هەبووە. بەهائەدین کوڕی عارف ئەفەندی ئەمیش چوار کوڕ و سێ کچ (هۆشیار، سالار، سەردار و بەختیار و مەلیحە و ناجیە و گێلاس). هوشیار بەهائەدین حەمە و گەشەی هەیە. سالار ژنی نەهێناوە. سەردار بەهائەدین (ئەفسەرە بە روتبەی لیوا روکن و هەژدە ساڵە ئەسیری حەربی عێراق ئێرانە و هێشتا لە ئێران بەرنەدراوە، ئەویش (حەمە و سەناریا و دالیای هەیە). بەختیار بەهائەدین هەر بە گەنجی وەفاتی کرد ئەویش مەحمود و جوانی لە دوا بەجێ ما. حیسامەدین عارف ئەفەندی سێ کوڕ و پێنج کچی هەیە (وریا، لاوچاک و چالاک و ئەڵماس و جوان و جۆری و حۆری و پەری). وریا حیسامەدین (ئالان و ئاری و مستەفا و لانە و لەنجە و وێنەی هەیە). چالاک (د. کاسۆ و برزۆ و رەزیەی هەیە).

نەجمەدین عارف ئەفەندی پێنج کوڕ و دوو کچی هەیە (حەسەن، حەمە امین، شێروان، شوان و میران و شەوبۆ و شلێر). کەمالی عارف ئەفەندی (گرنگ و سەرهەنگ و رەوەند و گریشمە)ی هەیە. کچەکانی عارف ئەفەندی بەهیەخان و ئەختەرخان و ئایشەخانن.

– کوڕی دووەمی حاجی حەسەن ئەفەندی، حاجی عەلی ئەفەندییە. ئەویش (تۆفیق و رەؤوف و فائق و نامق و صدیق و هدایەت و کچەکانیشی شەمسە و شەفیقە و پاکیزەیە). سێیەم کوڕی محەمەد ئاغای حسێناغا، حاجی

مەحمووده کە باوکی شاکر و فەهیمە و نەعیمە و حەمدیەیە.

چوارەم کوڕی محەمەد ئاغا، حسێن ئەفەندییە کە ئەویش دوو کوڕ و کچێکی هەبووە: حامد ئەفەندی و عەبدوڵڵا بەگی یاوەر و فاتمە تاقانە. مەجید بەگ و لەتیفەخان ئەولادی عەبدوڵڵا یاوەرن.

کوڕەکانی مەجید یاوەر (ئەفراسیاب، دارا، سەرهەنگ و فەرەیدوون) و کچەکەشی پەری خانە. فاتمە تاقانەش خێزانی شێخ حیسامەدینی تەوێڵە بوو.

سەرچاوە: مەجید یاوەر و نەجمەدین عارف.

**مەلا حەکیم و ئەحمەد بەهجەت:**

لە بنەماڵە کۆنەکانی سلێمانین، لە ناوچەی قەرەداغ موڵک و دێی (سەرکۆ)یان هەبووە. ئەحمەد بەهجەت مامی مەلا حەکیم ئەفسەری سەردەمی عوسمانی و لە دواییدا ئەندامی کۆمەڵەی کوردستان بوو لە داوییدا بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی قەرەداغ. مەلا حەکیم کوڕی حاجی مەلا فەتاح (کە خەطیب و پێش نوێژی مزگەوت بووە) و کوڕی مەلا مستەفایە.

مەلا حەکیم سێ کوڕی هەبووە:

– نووری ئەفسەر بوو لە سوپای عێراقدا (بەهۆلە – بەهیە خان) کچی ئەحمەد بەهجەت مامی باوکی ژنی بوو تەنها کچێکی لێ بوو (پەروین) کە شووی بە کەمالی حاجی تۆفیقی مەحموودی ئاغا کرد.

– مستەفا: چوار کوڕی هەیە (سالار، محەمەد، سوارە و سەرکەوت).

– حوسێن: (سەرکۆ)ی هەیە.

کچەکانی مەلا حەکیم (عصمت) خێزانی نەزمی عەزمی بەگ و (مەلیحە) خێزانی تاهر مستەفا ئەفەندی بوو.

**حەمە سەعید ئاغا:**

کوڕی ڕەسول ئاغا و لە بنچینەدا لە ناوچەی ماوەتی شارباژێڕەوە هاتوونەتە سلێمانی.

ئەمانە زیاتر بنەماڵەیەکی ئاینی و ڕوو لە یەزدانن. حەمە سەعید ئاغا دوو کوڕی هەبووە:

- حاجی تۆفیق باوکی منیرە و نەزیرە.
- حاجی سالح ئاغا: کە ئەمەیش سێ کوڕ و سێ کچی هەبووە:
- حاجی کەریم: نەوەی نەبووە.
- حاجی فەتاح: باوکی نەوزاد و ئەحمەد نهادی (ئەفسەر) و عەفیفەخان (خێزانی کاک ئەوڕەحمانی میرزا ئەحمەدی حاجی ئەمین) و ناهیدەخان و رافیدەخان (خێزانی نووری کاکە حەمەی ئەمینی عەتتار) و گوزیدە.
- مەلا عەبدورەحمان (محدث) کە ئەویش مەلا شەوکەت و فارووق و محەمەدی هەیە.

(سەرچاوە: عەفیفە خان کچی حاجی فتاح).

**حسێن نازم:**

کوڕی عەبدولفەتاح کوڕی وەستا ئەحمەدی خەیات باشییە. لە سەردەمی شێخ مەحموودا بەینێک ڕاوێژکاری شێخ بوو، بەڵام دوای گەڕانەوەی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی، حسێن نازم گیرا و فڕێ درایە بەندیخانە دوای بەردانی ساڵی ١٩٢٤ بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (امیدی استقلال)، ئینجا سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژیان) کە شارەوانی سلێمانی دەری دەکرد. لە کاروباری میریشدا مدیری ناحیە و قائیمقام بووە تاکو ساڵی ٩١٣٢ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە. دەستنووسەکانی حسێن نازم لە بابەتی مێژووی کورد و بابان و مێژووی ماوەتەوە بەناوبانگن. نووسەرانی وەک

ئەمین زەکی بەگ و رەفیق حیلمی سوودیان لێ وەرگرتووە. گوایە هەندێک لەو دەستنووسانە لە کتێبخانەی خوا لێخۆشبوو جەلال باباندایە و دوای وەفاتی جەلال بەگ زۆر هەوڵیان بۆ درا بێ سوود بوو. ئەوەی شایانی باسە (ئەمین یمنی) نووسەر کوڕی وەستا ئەحمەد و مامی حسێن نازمە.

کوڕەکانی حسێن نازم:

کاک سامی کە ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەری زانیاری (مدیری معارف) بوو و بە پوختی ئەرکەکەی سەرشانی بەڕێوە دەبرد. کوڕی دووەمی حسێن نازم، تۆفیق کە لە تورکیا مایەوە و لەوێ (ئەوراڵ و دۆراڵ و سیوالّ)ی هەیە. سامی (د. ئاری و ئالان و ئاڤان و جوان)ی هەیە. کچەکانی حسێن نازم (رەعناخان) و (سەبریەخان) و (سەعدیەخان دایکی دکتۆر ئومێد).

**مەلا حەماغا و حسێن ئاغا:**

ئەم دوو برایە کوڕانی عەبدوڵلا ئاغای حاجی برایماغای کوڕی مستەفاغای کوڕی حەسەن ئاغای کوڕی حسێن ئاغای کوڕی موراد بەگە. حەسەناغا یەکێک بووە لە دوازدە سوارەی مەریوان و بە (فەرامورزی زەنگەنە) بەناوبانگ بووە. بەمجۆرە دەبێ لە بنچینەدا (زەنگەنە)بن.

عەبدوڵلا ئاغا شەش کوڕی هەبووە:

– مەلا حەماغا (زانای ئاینی) باوکی کەریم ئەفەندی و عەلی ئاغا و محەمەد (باشکاتبی مەحکەمە) و ئەنوەر (مامۆستای ئامادەیی).

– دەروێش ئاغا (ئەمیش هەر زانای ئاینی بووە). باوکی شاعیری بەناوبانگ ئەحمەد دەروێش (ئەخۆل) و عەبدوڵلا دەروێش.

– غەفوور ئاغا باوکی حاجی عەبدول و مستەفا.

– ئیبراهیم ئاغا نەوەی نەبووە.

– حسێن ئاغا باوکی د. کەمال حسێن (پسپۆڕی نەشتەرگەری – جراح

اخصائی) و باوکی جەمال ئاغای بانق.

– رەشید ئاغا باوکی سەروەر.

ئەوی دەیەوێ زیاتر لە مێژووی ئەم بنەماڵەیە بکۆڵێتەوە سەیری گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٩٨٧/١١٤ ل ١٨٠ –٢٠٠ نووسینی غەفوور میرزا کەریم بکات.

سەرچاوەی: درەختی بنەماڵەکە کاک جەمالی حسێناغایە.

**حاجی حەماغای وەسماناغا:**

لە بنەماڵە دێرینە ناسراوەکانی شارەکەن. کاتی خۆی لە دەوروپشتی پێنجوێن و (هۆمەرەسێنان) دانیشتوون و لەوێوە هاتوونە سلێمانی. رەشید پاشای بەناوبانگ لە شەڕی (شعیبە)دا شەهید کرا. جگە لەو پیاوی هەڵکەوتووی تریان زۆرە کە لە درەختەکەیانا دەردەکەون وەک: حاجی ئەوڕەحمان بەگی زڕگوێزی کە مزگەوتی (خومخانە)ی لە سەرشەقام دروست کردووە و شەفیق بەگی رەشید پاشا کە مزگەوتی لە گەڕەکی مەڵکەندی دروست کردووە. چەند ئەندامێکی تری ئەم بنەماڵەیە لە ئەرکی میریدا پێشکەوتن وەک (ئەدهەم ئەفەندی یوزباش) و قادر بەگ عیزەت بەگ ئەفسەری پێشووی سوپا و فائیق هوشیار نووسەر و ئەندامی دادگای (تەمییز) و بەڕێوەبەری گشتیی تەسجیل عەقاری (تاپۆ) و ئەحمەد زرنگ (سەرۆکی هەیئەتی تەمییز ئیصلاحی زراعی) و چەند پیاوێکی بەڕێزی تریان وەک لە درەختەکەیانا دەردەکەوێت.

– نەوەی حاجی حەماغای وەسماناغا (عەبدوڵلا ئاغا، حاجی عەبدولرحمان بەگ، حاجی مەحموود ئاغا و حاجی ئەمین ئاغا).

– نەوەی حاجی عەبدوڕەحمان بەگ ئەمانەن: رەشید پاشا، عیزەت بەگ، ئەجەخان، زبێدەخان، خورشیدەخان، حەبیبەخان و پیرۆزخان). نەوەی

عیزەت بەگ (قادر بەگ، فاتمەخان مەلیحەخان و ئامەخان). نەوەی رەشید پاشا (شەفیق بەگ، عەبدولرحمان بەگ، حەمدی بەگ، عصمەت خان، رەعناخان، نەفیەخان).

– نەوەی شەفیق بەگ (خالد، سەعید، تۆفیق، خەسرەو، بەهیجە، رەفیقە و نزاهەت). نەوەی حەمدی بەگ (جەلال، کەمال، شەوکەت، رەفعەت، حکمەت، رزگار، خەیریە، خەدیجە، پاکیزە، سوعاد و عەزیزە).

– نەوەی حاجی مەحموودی حاجی حەماغای وەسماناغا (حاجی حەماغا، قادر ئاغا، حەپسە خان، رەحمەخان، یاحەبیب، حەلاوەخان، ئامینەخان، ئەحمەد ئەفەندی، گوڵچین خان و خەدیجەخان).

– نەوەی حاجی حەماغای حاجی مەحموود ئاغا: عەبدوڵڵا ئاغا (باوکی احسان، عەبدورەحمان ئاغا، فەتاح ئاغا، تاهر ئاغا، عەلی ئاغای یاوەر، عائشەخان و سەلمەخان). نەوەی تاهر ئاغا (نووری، مەحموود، محەمەد، ئەحمەد، قادر و عەتیە).

– نەوەی ئەحمەد ئەفەندی حاجی مەحموود ئاغا (نووری، مستەفا، ئەدهەم ومەجید).

– نەوەی ئەدهەم ئەفەندی (اسعد، اکرم، انور و فهیمە).

– نەوەی مستەفا ئەفەندی ئەحمەد ئەفەندی (تاهر ئەفەندی، فائق هوشیار، ئەحمەد زرنگ، فاتمە و پەروین).

– نەوەی فائیق هوشیار (دانا، زانا، توانا، ئاشنا و سارا).

– نەوەی ئەحمەد زرنگ (شوان، ئالان، ڤیان و جوان).

سەرچاوە: کاک فائیق هوشیار.

**خاڵ:**

بەگوێرەی نامەیەکی خوا لێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ ساڵی ١٩٥٨ تیایا دەڵێت: ئەم بنەماڵە ئاینییە بەڕێزە پشتاو پشت دەچێتەوە سەر زانای گەورە و بەناوبانگ (مەلا ئەبوبەکری مصەنف: واتا خاوەنی تەصنیفی زۆر وەک (الوضوح في شرح المحرر في الفقه الشافعي وطبقات الشافعية و سراج الطريق ورياض الخلود و آفتاب و زۆری تر).

ئەم مەلا ئەبوبەکرە لە ناوچەی (مەریوان و چوڕ) بووە و کوڕی زۆر بووە. ئێمە قسە تەنیا لە دووانیان دەکەین: سەید عەبدولکەریم کە باپیری (ساداتی چوڕ)ەو (سەید محەمەد) کە باپیری حاجی شێخەمینی خاڵە...

لە نەوەی (سەید محەمەد) مەولانا سەید مەحموود شوێنی گرتووەتەوە، لە نەوەی ئەویش (سەید عەلی)بەرەو دێی (چنارە)ی لای دەربەندیخان دێت و (سەید حەسەن)یشیان دەچێتە ناوچەی (قزڵجە)ی پێنجوێن. دوای ئەوە مەلا عوسمانی کوڕی پاش بەینێک قزڵجە بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە قەڵاچوالان، لەوێ میری بابان مزگەوت و (مەدرەسە)ی بۆ دروست دەکات. دوای ئەو مەلا شەمسەدینی الدینی کوڕی شوێنی دەگرێتەوە لەو کاتەشدا دەبێت کە برایم پاشای بابان لە ساڵی ١٧٨٤دا سلێمانی دروست دەکات. ئیتر لەگەڵ میری بابان و باقی خەڵکەکەدا قەڵاچوالان چۆڵ دەکەن و بەرە و سلێمانی دەڕۆن. تاکو بەو بۆنەیەوە مزگەوتەکەی قەڵاچوالان تێک دەدەن و هەندێک لە کۆڵەکە و دار و پەردووی دەبەن بۆ سلێمانی لەوێ مزگەوتی حاجی شێخەمینی پێ دروست دەکەن. دوای ئەو کوڕ و کوڕەزای هەر لەو مزگەوتەدا خزمەتی ئاین دەکەن، تا دەگاتە حاجی شێخەمین، کە پیاوێکی ئاینی بەڕێز و ناسراو بوو. دوای ئەویش زانای ناسراو شێخ محەمەدی خاڵی کوڕەزای حاجی شێخەمین جێگای باو و باپیری بە شانازییەوە پڕ دەکاتەوە کە ئەو پیاوە نەک هەر لە شارەکەدا بەڵکو لە هەموو عێراقدا و

دەریشەوە ناسراوە و ئەندامی کۆڕی زانیاری و چەندەها کتێب و نووسراوی هەیە لە هەموو ڕوویەکی زانیارییەوە. ئەمەش درەختەکەیانە:

– مەلا ئەبوبەکر مصەنف (٩٠٣– ٩٠٤ك) باوکی سەید عەبدولکەریم (٩٧٢ – ١٠٥٠ك) کە دەبێ باوکی جاکی چوڕی (١٠٣٠– ١١١٠ك).

– سەید محەمەد (٩٧٧– ١٠٥٩ك) کوڕی مەلا ئەبوبەکر و باوکی مەولانا مەحموود ئەویش دوو کوڕی هەبووە (سەید عەلی ئەویش کوڕێکی بووە کە شێخ نظام الدینە) و (سەید حەسەن ئەویش باوکی شێخ عوسمانە کە ساڵی ١١٧٠ك وەفاتی کردووە. ئەمیش دەبێت بە باوکی مەلا ئیسماعیل ئەویش باوکی شێخ محەمەدی خاڵ (یەکەم) ئەویش باوکی حاجی شێخەمینی خاڵە. حاجی شێخەمین و باپیری شێخ محەمەدی خاڵ و شێخ مستەفا و شێخ ئەحمەدە. شێخ خالد کوڕی شێخ محەمەدە و عوسمان و عەلی و هوشیار و خەسرەو کوڕی شێخ مستەفای خاڵن.

**حاجی مەلا خالید:**

کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا بەکر کوڕی جوامێر ئاغایە. ئەم پیاوە خاوەن موڵک و خەریکی کاروباری بازرگانی بوو. کوڕەکانیشی عەلی و عومەر گەیشتنە پلەی بەرز لە سوپادا.

حاجی مەلا خالید پێنج کوڕی هەبوو:

– عەلی ئەویش دوو کوڕی هەیە دیار، هاوڕێ.

– عومەر: هیوا، هەڤاڵ و دلاوەر.

– قادر: شوان، سروە.

– بەکر: میدیای هەیە.

– عوسمان: میرکۆی هەیە.

سەرچاوە: کاک عەطا کوڕی حاجی ئەحمەدی کەریماغا.

**خەندان – غەواس:**

ئەم بنەماڵەیە زیاتر لە (حسێن بەگ – یاخۆ حسێن پاشا) وە دەست پێ دەکات کە بە زاراوەی سەردەمی عوسمانی (کتخدا)ی ئەحمەد پاشای دوامیری بابان بوو. ئەمە بەگوێرەی قسەی ئەمین زەکی بەگ لە تاریخی سلێمانیدا و کتخدا بە جێگری والی دەوترا و لە سلێمانیشدا یەکەم پیاو بوو، دوای میری بابان.

هەر کە میرنشینی بابان ڕووخا و ئەحمەد پاشایان برد بۆ (ئاستانە – ئەستەنبوڵ) حسێن بەگیش ئەوەندە دڵسۆز بوو جێی نەهێشت و لەگەڵیا چوو. ئەوسا (سەعید)ی کوڕی گەنج بوو، بە زۆر ئەویش دوایان کەوت و نەگەڕایەوە. لەوێ سەعید خرایە قوتابخانەی تایبەتی کە بۆ قوتابیانی سەر بە پیاوەکانی سوڵتان بوو. کە لەوێ دەرچوو، وردە وردە پێگەیشت تا گەیشتە پلەی وەزیری دەرەوەی وڵاتی عوسمانی و بوو بە (باڵیۆز) و دوا پلەی (سەرۆکی شوورای دەوڵەت – رەئیسی مەجلس ئەعیان)ی پێ سپێررا.

ئەم پیاوە مەزنە زۆر خزمەتی هاوولاتییەکانی خۆی لە وڵاتی عوسمانیدا دەکرد بە تایبەتی هەژار و بێ دەسەڵاتەکان. هەر بە کۆششی ئەم پیاوە بوو، قوتابخانەی روشدیە لە سلێمانی کراوە و زۆر کەسی پێگەیان و ساڵی ١٩٠٧ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا. شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشا بوو کە لە ساڵی ١٩١٨دا نوێنەری کورد بوو لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، پیاوێکی ئەوەندە شەنگ و جوان بوو، ئەمیرە ئامینەی کچی عەباس حلمی خدێوی میسر حەزی لێ کرد و خۆی لێ مارە کرد، شەریف پاشا دژی کۆمەڵەی (اتحاد و ترقی) وەستا کە لەوەپێش لەگەڵیانا بوو. هەر لە پاریس ڕۆژنامەی (مشروطیت)ی دەردەکرد. دوارۆژەکانی ژیانی لە (رۆما) بردە سەر و لەوێ لە ساڵی ١٩٤٩دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناو دەڵێن گوایە بەرەیان لەوێ هەیە. عیزەت بەگ برای سەعید پاشا ئەویش گەیشتە پلەی

وەزیر لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

لەم دواییەدا، واتا دوای (احتلال) ی عوسمانی، لە سلێمانی (سلێمان بەگ کوڕی ئەحمەد ئاغا) هەڵکەوت کە (سلێمان بەگی غەواص - غەواس) یان پێ دەوت، (غەواس) بە واتای بەڕێوەبەری پۆلیس و بە هەندێک واتای تریش دێ.

هەروەها (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی تابور ئاغاسی) کە یەکەم (متصرف)ی سلێمانی بوو لە ساڵی ١٩٢٥دا کە ئیدارەی عیراق لە شاری سلێمانیدا دامەزرا، هەر لەم بنەماڵەیە) (سالح پاشا)ی بەناوبانگ و حەمە بەگی قادر پاشا و کوڕ و کوڕەزاکانی و حاجی حەمە سالح بەگ کوڕی حەمە عەلی بەگ کوڕ و براکانی لەگەڵ گەلێکی ترا هەموو ئەندامی ناسراو و سەرکەوتووی ئەم بنەماڵەیەن و بە تایبەتی لە گەنجە پێگەیشتووەکانی ئەم دەمەدا.

وەختی خۆی درەختی ئەم بنەماڵەیە لە خوا لێخۆشبوو کەریم بەگی حەمە بەگ وەرگیرا ئەویش لە پەنچاکانا بوو. لەم دواییەدا کەوتە دەست عەبدوڵڵا بەگی حەمە عەلی بەگ بۆ ئەوەی گەنجە تازە پێگەیشتووەکانیشی بخاتە سەر.

بەڵام بەداخەوە عەبدوڵڵا بەگ لەگەڵ درەختی بنەماڵەی (یامولکی کە خوا لێخۆشبوو عەزیز یامولکی ڕێکی خستبوون) هەردووکیانی ون کرد و ئێستاش دەست نەکەوتنەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەورەحمان بەگی بابان (نفووس) ئەم بنەماڵەیە بە (فامیلیای ئەحمەد ئاغای حەسەناغای عەلیاغای خەندان) ناو دەبات ئەویش لە دەستخەتێکا کە هەڵگیراوە. ئەندامەکانی ئەم بنەماڵەیە و بەتایبەتی پیاوە ناسراوەکانیان هەموو لەم درەختەدا دەردەکەون:

- ئەحمەد ئاغا کوڕی حەسەن ئاغا عەلی ئاغا کوڕ جەعفەر ئاغای

سەرحەد پێنج کوڕی هەبووە: حسێن پاشا و محەمەد پاشا و سلێمان بەگ (غەواس) و مارف بەگ و ئەورەحمان بەگی بانق.

١- حسێن پاشا: سێ کوڕ و کچێکی بووە کە ئەمانەن: سلێمان بەگ و عیزەت بەگ (باوکی سەیفوڵلا خەندان) و سەعید پاشا باوکی (شەریف پاشا و فوئاد پاشا) و صەفیە خانم (خێزانی حاجی مستەفا پاشای یامولکی و دایکی عەزیز یامولکی).

٢- مەحموود پاشا: دوو کوڕی بووە: سالح پاشا (باوکی عەزیز بەگ) و سەعید (باوکی عەبدوڵلا بەگ) و کوڕی دووەمی عەبدورەحمان بەگ (باوکی مەحموود و صابر و عەلی و سەعید).

٣- مارف بەگ سێ کوڕی بووە: فائیق بەگ و ئیبراهیم بەگ. کوڕەکانی برایم بەگ (ئیسماعیل بەگ و تۆفیق بەگ و کچەکان بەهیەخان و زەکیەخان). کوڕی سێیەمی مارف بەگ حەمە بەگ باوکی (شێروان و سیراون).

٤- عەبدورەحمان بەگ (بانق) باوکی مەجید بەگ کە ئەمیش ئەم کوڕانەی هەبووە:

عارف بەگ (باوکی ئەنوەر و هیوا)و عەبدوڵڵا بەگ و کەمال بەگ و جەمال بەگ.

٥- سلێمان بەگ (غەواس): کوڕەکانی ئەمانەن: فەتحوڵڵا بەگ و قادر پاشا و سالح بەگ و رەشید بەگ و سەعید بەگ. کوڕەکانی فەتحوڵڵا بەگ (عارف بەگ و مەجید بەگ). عارف بەگ باوکی (حسێن و رەفیقە و شەفیقە). کوڕی مەجید بەگیش (مستەفا)یە.

ئەحمەد بەگ باوکی نامیق بەگ و حەسەن بەگ. نامیق بەگ باوکی جەمال بەگ و جەلال و کەمال و د. کامل. مەجید بەگ قادر پاشا (ئەنوەر بەگ و ئەکرەم بەگ)ی هەبووە.

– حەمە بەگی قادر پاشا (کەریم بەگ و حەمە عەلی بەگ و قادر بەگ و عوسمان بەگ)ی هەیە. کەریم بەگ حەمە بەگ باوکی (د. جەمال فوئاد و د. کەمال فوئاد و د. ئیحسان فوئاد و عەتایە).

– سالح بەگ کوڕی سلێمان بەگ سێ کوڕی هەبووە: سەعید بەگ و حەمە عەلی بەگ و تۆفیق بەگ.

– حەمە عەلی بەگ باوکی حاجی حەمە سالح بەگ و عەبدوڵڵا بەگ و حەمە سەعید بەگ و حەمە ئەمین بەگە.

– حاجی حەمە سالح بەگ باوکی (د. محەمەد و حەمە عەلی و عومەرە).

– عەبدوڵڵا بەگی حەمە عەلی بەگ (عەلی، نزار، ئاراس و سەروەر)ی هەیە.

– حەمە سەعید بەگ (کاروان و ئالان)ی هەیە. حەمە ئەمین بەگ (بەیاد)ی هەیە.

– تۆفیق بەگ سالح بەگ چوار کوڕی هەبوو: ئەحمەد بەگ و سلێمان بەگ و ئەکرەم بەگ و مستەفا بەگ.

– ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ باوکی (حەمە تۆفیق، د. دارا، نژاد، ئازاد، فاطمە و حلیمە)یە.

– مستەفا بەگ باوکی (بەهمەن)ە و ئەکرەم بەگ باوکی (محەمەد سەعید) و سلێمان بەگ باوکی (مەزن، خسرو، ئارام، ئاوات و زرنگە).

– کوڕەکانی ڕەشید بەگ سلێمان بەگ (میران، تاهر، نووری، تۆفیق، کەریم و مەجید) تاهری ڕەشید بەگ (کەمال و جەمال و قادر)ی هەیە.

– تۆفیق بەگ ڕەشید بەگ (حەمە سەعید بەگ و عادل)ی هەیە. مەجید بەگ (محەمەد)ی هەیە.

– سەعید بەگ سلێمان بەگ سێ کوڕی هەبووە:

ئەحمەد بەگ و کەریم بەگ (زانستی) و رەؤوف بەگ. ئەحمەد بەگی سەعید بەگ (کەمال و تۆفیق رشدی و مەلیحەخان)ی هەیە. کەریم بەگ سەعید بەگ (گێلاس و سزا و سروە)ی هەیە. رەؤوف بەگ (سامان، بەرزان، سیروان، رووناک، گێلاس، شەوبۆ و ئەختەر و ئەڵماس و پەری) هەیە.

تێبینی: بەگوێرەی نامەیەک کە لە حافیزەخانی کاکە حەمەی ئەمینی عەتتارەوە بە تاریخی ٩٩٨/٦/٢٦ وە هاتووە دەرحەق بنەماڵەی خوا لێخۆشبوو حەمە پاشای مێردی کە کوڕی عەبدوڵڵا ئەفەندی حەمە ئەفەندییە دەڵێت:

عەبدوڵڵا ئەفەندی کوڕی محەمەد ئەفەندییە سوورەیە و (ژنەکەی سەلمەخانی ناو بووە) محەمەدە فەنی کوڕی عەلی ئاغایە و (ژنەکەی فاتمە خانی ناو بووە). عەلی ئاغاش کوڕی حسێن پاشای کوڕی ئەحمەد ئاغای کوڕی حەسەن ئاغا کوڕی عەلی ئاغای کوڕی جەعفەر ئاغای سەرحەدە.

عەبدوڵڵا ئەفەندییە سوورەش: فاتمەخان و حەپسەخان و شەفیقە خان و حەمە پاشا و ئەختەرخان و د. کەمال ی هەبووە. حەمە پاشا باوکی (هانا)ی خێزانی شێخ دارا؟ شێخ بابا عەلی شێخ مەحموودە. هەروەها (بەهیەخان) خوشکی محەمەد ئەفەندی خێزانی ئەحمەد بەگی ساحیبقران (حەمدی شاعیر) بووە کە دایکی عومەر بەگ و عوسمان بەگ و ناهیەخانە.

**خدر بەگی:**

ئەم بنەماڵە بەڕێزە زۆر لە بەگزادەکانی سلێمانی دەگرێتەوە، درەختی ئەمانە لەلایەن دوو ئەندامی هەڵکەوتووی ئەم تایەفەیەوە کە ئەوانیش د. ئیسماعیل کوڕی ئەمین بەگی ئەحمەد بەگی تاپۆ و سالاری عەبدوڵڵا بەگی ئامۆزای زۆر بەرێکوپێکی ئامادەکراوە. هەر ئەو دوو کەسە بەڕێزە و هەندێکی تریش لەو بڕوایەدان (یەکێک لەوانە نووری بەگی حەمە بەگ نووری بەگی گومرگ بوو) کە ئەو خدر بەگەی باپیرە گەورەی بنەماڵەکەیانە، هەر ئەو خدر بەگەیە کە

(شەرەفنامە) باسی دەكات كەوا یەكێكە لە بنەماڵەی بابان و دەڵێت: (خدر بەگ كوڕی حسێن بەگ كوڕی میر سلێمان بەگی مەرگەیە)[١٠].

ئەو خدر بەگە بە حیسابی شەرەفنامە لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٥ك (١٥٨٤ز) ژیاوە. كەوابوو بەم پێیە و بەڕای ئێمە ئەمانیش دەچنەوە سەر بنەماڵەی بابان، بەڵام كەسێك لەم بنەماڵەیە (تاكو تەرا نەبێ) دان بەوە دانانێن بۆ نموونە پیاوێكی زانای وەك تۆفیق وەهبی بەگ ڕۆژێك لە ڕۆژان دانی بەمەدا نەناوە... هەروەها ڕەسوول مەستی و حاجی بەگ و حاجی ڕەسوول بەگ و... بەرەیان كەسیان بەلای ئەمەدا نەچوون (بنەماڵەی ڕەزا بەگ نەبێت). كە (لەقەب)ی بابانیان هەڵگرتووە.

ئومێد دەكەین لە پاشەڕۆژدا ئەمەمان زیاتر بۆ ڕوون بێتەوە.

– میر سلێمان بەگ كوڕی میر ئەحمەد كوڕی بوداق بەگ كوڕی خدر كوڕی بەگی حوسێن بەگ سلێمان بەگ، حەسەن بەگ (باپیری بەگزادەكانی نەوتی لە قەرەداغ)، میر ئیبراهیم (باپیری بەگزادەی مەرگە)، میر محەمەد باپیری هەندێك لە بەگزادەی پشدەر، كەیخسرەو بەگ (قزڵجە) باپیرە گەورەی زەهاوییەكانە...

خدر بەگ باپیرە گەورەی ئەمان: كوڕەكەی مەلا ئەحمەد بەگی میرەدێیە، میر ئەحمەد بەگ سێ كوڕی بووە: خالید بەگی میرەدێ، مستەفا بەگ و میر ئەحمەد بەگی گەورە: ئەم پیاوەش ئەم كوڕانەیبووە: حەسەن بەگ، میران بەگ، ئەمیر بەگ، ڕۆستەم بەگ، ئیسماعیل بەگ، عەبدوڵڵا بەگ و نەصروڵڵا بەگ.

١– حەسەن بەگ باوكی قادر بەگ و مەحموود بەگە.

٢– قادر باوكی شێخ یوسف بەگ باوكی محەمەد بەگ (باوكی نوری بەگ

١٠. سەیری (الشرفنامە)ی عەرەبی – گۆڕینی جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ل ٢٨٩ – ٢٩٧. چاپخانەی النجاح ساڵی ١٩٥٣بكە.

گـــومـــرک ئەویـش باوکـی ئەنـوەر و دلاوەر و ئازاد و فـــەرهـاد و نەوزاد) هەروەها قادر بەگ باوکی: سـەعید بـەگ ئەویش باوکی احمد کـەمال بەگ لە تورکیا).

– مـەحـمـوود بەگ کـوڕی حـسێن بەگ باوکی: سـەلیم بـەگ (ئەویش باوکی رەشـیـد بەگ ئەویش بـاوکی احـمـد بەگ ئەمــیش باوکی فـەرەج و کـەریم و کەمال).

– هەروەها محـەمەد بەگ کوڕی سەلیم بەگ باوکی (تۆفـیق نزهەت بەگە لە تورکیا).

٢– میران بەگی میر ئەحمەد بەگی گەورە دوو کوڕی هەبووە:

ئیسماعیل بەگی خەزنەدار کە ئەویش باوکی شێخ محەمەد سالح بەگە.

– عومـەر بەگ کـوڕی مـیـران بەگ سێ کـوڕی بووە: مـحـەمـەد بەگ، سـالح بەگ و عەلی بەگ. عەلی بەگ باوکی مەحموود بەگ ئەمیش باوکی ئەمین بەگ گومرک ئەویش باوکی (جەلال بەگ و جەمال بەگ و نووری بەگ).

٣– ئەمـیـر خـان بـەگ کوڕی مـیـر ئەحـمـەد بەگی گـەورە باوکی مـیـران بەگ ئەویش بـاوکی حـاجـی دەروێش بەگ (مـحـەمـەد قـادر و عـەبدولرەحـیم و عەبدوڵلا)یە.

– مەعرووف بەگ کوڕی محەمەد حـەسـەن بەگە. کوڕەکـانی مەعرووف بەگ (تۆفـیق وەهبی بەگ و فـوئاد مـەسـتی و نـامق بەگ. کوڕەکانی تۆفـیق وەهبی (سزا و سروشت) و کوڕەکانی فوئاد مەستی (میران، نەوشیروان، شادمان، کامەران و نەریمان).

٤– رۆسـتـەم بـەگ کوڕی ئەحـمـەد بەگی گـەورە چوار کوڕی هـەبـووە: حـەسـەن بەگ و هواس بەگ و کەریم بەگ و عوسمان بەگ.

– حەسـەن بەگ باوکی مەحـموود بەگ ئەمـیش باوکی عەلی بەگ و ئەحـمەد بەگ.

– هواس بەگ باوکی فەتاح بەگ ئەمیش باوکی ڕەشید و عەلی بەگە. هەروەها محەمەد بەگ کوڕی هواس بەگ باوکی ئەحمەد بەگ و حاجی تاهر بەگ و حەمە بەگە. کوڕەکانی حاجی تاهر بەگ (عەباس، قاسم، جاسم، شیروان، شەماڵ و میران).

– کەریم بەگ چوار کوڕی بووە: حەسەن بەگ (باوکی محمد ئەمین بەگ) و فەتاح بەگ و محەمەد بەگ و (باوکی قادر بەگ)و ئەحمەد بەگی تاپۆ.

– ئەحمەد بەگی تاپۆ باوکی ئەمین بەگ و عەبدوڵڵا بەگ و عەلی بەگ و عومەر بەگ و عەباس بەگە.

ئەمین بەگ ئەحمەد باوکی د. ئیسماعیل بەگ. عەبدوڵڵا بەگ باوکی سالار بەگ. عومەر بەگ باوکی (سەردار و سیراون و شیروان و میران). عەباس بەگ باوکی (سەربەست و سەرکۆ و سەروەر)

– عوسمان بەگی ڕۆستەم بەگ چوار کوڕی بووە: میران بەگ و عەبدوڵڵا بەگ و ئەمین بەگ و عەبدولرەحمان بەگ.

– میران بەگ باوکی والی بەگ و سەلیم بەگ و مستەفا بەگە.

– والی بەگ عەلی بەگ و سەعید بەگ و سلێمان بەگ و حسێن بەگ.

– عەلی بەگ باوکی تاهر.

– سەلیم بەگ باوکی رەشید و حامد و کمال.

– مستەفا بەگ باوکی رەؤوف و ڕۆستەم و خەسرەوو دارایە.

– عەبدوڵڵا بەگی وەسمان بەگی ڕۆستەم بەگ دوو کوڕی هەبووە: فەرەج بەگ و فەتاح بەگ. داود بەگ کوڕی فەرەج بەگە. ئەحمەد بەگ و مەحموود بەگ کوڕی فەتاح بەگن.

– ئەمین بەگی وەسمان بەگی ڕۆستەم بەگ کوڕێکی هەبوو: ئیسماعیل بەگ ئەویش دوو کوڕی هەیە: هادی بەگ و داود بەگ.

– عەبدوڕەحمان بەگ کوڕی وەسمان بەگی ڕۆستەم بەگ دوو کوڕی هەبوو عەلی بەگ و عەزیز بەگ. عەلی بەگ کوڕەکەی ناوی سالّح بەگە.

– عەزیز بەگ چوار کوڕی هەیە: نامق و فائق و محەمەد و مەحموود بەگ.

٥– ئیسماعیل بەگ کوڕی میر ئەحمەد بەگی گەورە باوکی: حاجی بەگە کە ئەویش چوار کوڕی هەبووە: (عەبدولرحمان بەگ کەسی لە پاش بەجێ نەماوە) کوڕی دووەمی: ئیسماعیل بەگە ئەویش باوکی ڕۆستەم بەگە، ئەمیش باوکی مارف بەگ و زهدی بەگە. کوڕی سێیەمی حاجی بەگ فەتحوڵڵا بەگە کە ئەویش باوکی: نووری بەگ مەجید بەگ و عەلی بەگ و سالّح بەگ و عەزیز بەگە. کوڕی چوارەمی حاجی بەگ حسێن بەگە کە ئەویش چوار کوڕی هەبووە: عەزیز بەگ و ئەحمەد بەگ و رەشید بەگ و مستەفا بەگ.

– مستەفا بەگ پێنج کوڕی هەبووە: یەکتا بەگ (باوکی نووری و ئەنوەر) و سەبری بەگ (باوکی فائق و کەمال) و عەلی بەگ (باوکی شەوکەت، نەصرەت، فؤاد، نەظمی و سامی) و کەریم بەگ (باوکی ئیسماعیل، نەوزاد، نزهەت، فاورووق، فەرهاد و فەرید) و غەریب بەگ (باوکی وریا و فریدوونە).

٦– عەبدوڵڵا بەگی ئەحمەد بەگی گەورە باوکی: ئیسماعیل بەگە کە ئەمەیش دوو کوڕی هەبووە: جاسم بەگ و حسێن بەگ.

– جاسم بەگ باوکی ئەمین بەگ و قادر بەگ. ئەمین بەگ باوکی خالد بەگ ئەمیش باوکی ئیبراهیم و خەسرەو قادر بەگ باوکی سەعید بەگە.

حسێن بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ شەش کوڕی بووە: جەمیل بەگ کەسی نەبووە. ئەحمەد بەگ تەنها ڕەسوڵ بەگی هەبووە. حەسەن بەگ ئەویش مستەفا و رەشیدی بووە. عەبدوڵڵا بەگی یوزباشی کەسی نەبووە. فەتاح بەگ کە باوکی محەمەد بەگە و ئەویش باوکی سالحە.

– ئیسماعیل بەگی حوسێن بەگ: ڕەزا بەگ و رەؤوف بەگی هەبوو.

– ڕەزا بەگ چوار کوڕی هەبووە: حەسەن و حسێن و مظهر و ئەنوەر. ئەنوەر باوکی (ئەکرەم و نەوزاد و بەهزاد).

رەؤوف بەگ چوار کوڕی هەبوو: بورهان الدین (باوکی ئومید و ئاوات) و عزەدین و عەلائەدین (کە باوکی ناهض و ئازاد و نشوان و بەشار و عمر) و ئەکرەم باوکی (ئەیاد و سەرمەد و خلود و ثورەییا و ئەلحان و ئەنغامە).

٧- نەصرولڵا بەگی ئەحمەد بەگی گەورە کوڕەکەی غلام بەگ بووە ئەویش دوو کوڕی هەبووە: سلێمان بەگ (باوکی کەریم بەگ) و قادر بەگ (باوکی حاجی عارف بەگ ئەویش باوکی حاجی عەلی)یە.

تێبینی:

وەک لە شوێنێکی تر لەم کتێبەدا باسمان کردووە، رەشید کابانیش دەچێتەوە سەر خدر بەگی مەرگە. خالد بەگی میر ئەحمەد بەگی میرەدێ باوکی عوسمان بەگ ئەویش باوکی مەحموود بەگ ئەمیش باوکی محەمەد بەگ ئەویش باوکی حاجی ڕەسول بەگە.

– حاجی ڕەسول بەگ سێ کوڕی هەبووە: محەمەد بەگ (مغاغ) باوکی (تاهر بەگ و کەریم بەگ و حمە رەشید بەگ و رەؤوف بەگ و رەضا بەگە).

– مەجید بەگ حاجی ڕەسول بەگ باوکی (عزەت بەگ و ڕەسوول بەگ و مەحموود و عوسمان و سلێمان و قادر و عەبدولڕەحمان و بارامە).

– عەزیز بەگ حاجی رەسوول بەگ باوکی (نووری و جەلال و سامی و فەرید و فەرەیدوون و هوشیار و وریایە).

– مستەفا بەگ میر ئەحمەد بەگ میرەدێ باوکی قادر بەگ ئەویش باوکی عەلی بەگ ئەمیش باوکی مەحموود بەگ ئەویش باوکی ڕەسوول مەستی و عومەر بەگ و ڕەسول مستی باوکی رەشید مستی و مەجید بەرقی. مەجید باوکی (بهادر بەگ و مظفر بەگە).

بهادر باوکی (محەمەد و کامەرانە).

خوبیله:

ئیبراهیم خوبیلەی کاکەیی کوڕی محەمەد ئاغا کوڕی حەمەمیناغایە کە ناوبانگی بە حەمەمیناغای گەورە دەرکردوە و لە بنەڕەتا دەچنەوە سەر هۆزی سنجاوی.. کە لە کاتی خۆیا هاتوون بەمدیوا و لە گەڕەکی سەرشەقام نیشتەجێ بوون. ئەم بنەماڵەیە هەرچەند زۆر دەوڵەمەند نەبوون بەڵام هەمیشە ناویان بە دەستکراوەیی و خاوەن دیوەخان دەرکردووە.

محەمەد ئاغای حەمەمیناغا هەشت کوڕی هەبووە:

١- ئیبراهیم ئاغا کە ئەویش کوڕێک و سێ کچی هەبووە. ئەحمەد ئاغا کە ئەویش دەبێ بە باوکی حەماغا و ئەم حەماغایەش ئەحمەد ئاغای هەبوو.

٢- مەحموود ئاغا: ئەمیش عەزیز ئاغا و تۆفیق ئاغا و دوو کچی هەبووە. عەزیز ئاغا (حەمدی ئەنوەر و چوار کچ) و تۆفیق ئاغاش مەحموودی هەبووە، مەحموود دەبێ بە باوکی (محەمەد عەلی و ئیبراهیم).

٣- سەعید ئاغا: ئەمیش تەنها محەمەد و کچێکی هەبووە.

٤- مەولوود ئاغا: چوار کوڕی هەبووە: فارساغا، دەروێشاغا، ئەحمەد ئاغا و مستەفا ئاغا. فارساغا تەنها کچێکی هەبووە.

دەروێشاغا (کاکە سوور و کاکە ڕەش و دوو کچی هەبووە). ئەحمەد ئاغا (عەلی و نووری و تۆفیق)ی هەبووە. مستەفا ئاغاش (حەسەن، عەزیز، سلێمان، حسێنی هەبووە).

٥- غلام ئاغا: ئەحمەد و کچێکی هەبوو. ئەحمەدیش (سالح و مەدحەت و شەوکەت مەجید و صفوەت)ی هەیە.

٦- عەبدوڵڵا ئاغا: مام ئەحمەدی هەیە. ئەویش مەحموود و کچێک.

٧- حسێن ئاغا منداڵی نییە.

٨- مستەفا ئاغا منداڵی نییە.

سەرچاوەی ئەم بنەماڵەیە لە برای بەڕێز کاک ئەکرەم مەحموود سالحی ڕەشە وەرگیراوە کە ئەویش لە مامۆستا ئەنوەری عەزیزی مەحموود ئاغای خوبیلەی کاکەیی وەرگرتووە.

**رەفعەت ئەفەندی ئاغا:**

رەفعەت ئەفەندی کوڕی حاجی مەحموود ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغایە. بە قسەی ناهیدە خانی کچی رەفعەت ئەفەندی، ئەحمەد ئاغای باپیرە گەورەیان لەباوکەوە خزمایەتی لەگەڵ حەمە پاشای میری گەورەی ڕەواندز هەیە، واتا لەو بنەماڵەیەن.

رەفعەت ئەفەندی لە کاتی خۆیا مووچە خۆری میریی (مدیر مال) بووە و لە ڕەواندزەوە گوێزراوەتەوە بۆ هەڵەبجە لەوێوە بۆ سلێمانی و دوای خانەنشینی دانیشتووە و هەر لەوێش دوو ژنی هێناوە و ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە وەک لە خوشکی بەڕێز ناهیدەخان وەرگیراوە.

نەوەی حاجی مەحموود ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغای ڕەواندزی:

– رەفعەت ئەفەندی و بەهجەت ئەفەندی.

– ڕەفعەت ئەفەندی تەنها کوڕێکی هەیە و ئەویش ئەندازیار کاک حەسەن کە لە ساڵی ١٩٦٠ بە دواوە بوو بە وەزیری (اشغال و اسکان) و ئێستا لە هەندەرانە.

– کچەکانی ڕەفعەت ئەفەندی: سەبریە، روقیە، سەبیحە، ناهیدە، کافیە، سەعادەت، فردا و ئەفسەر.

– نەوەی کاک حەسەن رەفعەت (ئازاد، شێرزاد، ئاراس، مەحموود، هالە، تەنیا، رێزان و شیرین).

– نەوەی بەهجەت ئەفەندی (حەمید) کە ئەویش (بەیان، شوان، میهرەبان و ئەسمەهان)ی هەیە.

**حاجی ڕەسوول حەماغا:**

لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانین هەر لە زووەوە بە ئیشوکاری بازرگانییەوە خەریک بوون، بە ڕەگەز دەچنەوە سەر (زولاڵ ئاغای مەرگەیی). جا وەک برای بەڕێز جەنابی د. کەمال مەزهەر لە کۆواری کاروان ژمارە (١٤ ساڵی ٩٨٣ لە باسی دیارییەک بۆ مێژوو)دا دەڵێت و خۆشی یەکێکە لەم بنەماڵەیە: حاجی ڕەسوولاغا کوڕی محەمەد ئاغا کوڕی گوروناغا کوڕی ڕۆستەماغا کوڕی زۆراباغای کوڕی زولاڵ ئاغایە ئەم زولاڵ ئاغایەش سوارێک بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان. کە برایم پاشای بابان شاری سلێمانی دروست کرد و بارەگای میرنشینی لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە بۆ سلێمانی، محەمەد ئاغای نەوەی زولاڵ ئاغا یەکێک بوو لەو پیاوە ماقوولانەی بەخۆی و ماڵ و منداڵییەوە لە تەکیا هاتنە شاری نوێی کوردستان. پاش دوانزە ساڵ واتا ساڵی ١٧٩٦ خوا ڕەسووڵی بە محەمەد ئاغا بەخشی.

دوای گەورەبوون و پێگەیشتنی ڕەسووڵ کە لاوێکی زیرەک و وریا و بەخشندە و دادپەروەر و لە خواترس بوو، ڕووی کردە مەککە و مەدینە و بوو بە حاجی ڕەسووڵ، هەر لەوساشەوە ڕێبازی نەقشی دای لە کەللەی و بوو بە مریدێکی دڵسۆزی و زۆری نەبرد خانەقایەکی لە تەنیشت ماڵی خۆیەوە دروست کرد و هەموو ئەرکی بەڕێوەبردنی گرتە ئەستۆی خۆی کە ئەوەش (خانەقای حاجی مەلا عەلی) ئەمڕۆیە. ئەحمەد ئەفەندی حاجی ڕەسووڵ ئەفسەر و لە دواییدا بووە پارێزەرێکی زیرەک و لێهاتوو لە سەردەمی عوسمانییەکانا بێ ئەوەی (حقوق)یشی خوێندبێ. ئەمە لە تاهر بەگی جەمیل بەگی بابان بیستراوە کە زۆر باسی وریایی و کارامەیی ئەم پیاوەی دەکرد.

ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە:

ڕۆستەماغای زۆراباغای زولاڵاغای مەرگەیی دوو کوڕی هەبووە: مەمەند

ئاغا و گورون. گوروناغا سێ کوڕی هەبووە: ئەحمەد و مارف و حەماغا.

– ئەحــمــەد کــوڕێکی هەبــووە مــحــەمــەد ئەمــیش کــوڕێکی بووە ســەلیم، سەلیمیش دوو کوڕی هەبووە: سالح و حەسەن.

– حەسەن باوکی مەلا سمایل ئەویش باوکی (فائق و شەوکەت و مەحموود)ە.

– مارفی گوروناغا سەعیدی هەبووە کە ئەویش ئەبێ بە باوکی ئاغاواتی (سێوکان)ییەکان.

– حەماغای گورون ئاغا، حاجی ڕەسووڵی هەبووە.

– حاجی ڕەسووڵ پێنج کوڕی هەبووە: عەبدوڵڵا، مەحموود، محەمەد، مەلا قادر و ئەحمەد ئەفەندی. لەوە دەکات عەبدوڵڵا و مەحموود نەوەیان نەبووبێت یاخۆ زانیاری تەواو دەرحەقیان نەبێت.

– مـحـەمـەدی حـاجی ڕەسـووڵ، ئەحـمـەدی هەبووە ئـەحـمـەدیش ئەبێ بە باوکی محەمەد و ئەمیش عەبدوڵڵای بووە.

– مەلا قادر باوکی حاجی فەتاحە و ئەم فەتاحەش سێ کوڕی هەبووە: میرزا عەبدوڕەحمان، د. ئیبراهیم حیلمی. حاجی ئەمین.

– میرزا عەبدولڕەحمان کوڕێک و هەشت کچی هەیە. کاکە سەردار کوڕی میرزا ئەوڕەحمانە و ئەویش دوو کوڕی هەیە (سامان و سەرحەد). کچەکانی میرزا ئەوڕەحمانیش ئەمانەن (فاطمە، شیرین، مەلیحە، سەبیحە، پەروین، نەسرین، نەرمین و ڕووناک). دکتۆر ئیبراهیم حیلمی فەتاح تەنها کوڕێک (دلاوەر) لەگەڵ چوار کچی هەیە.

– حاجی ئەمین (حسین، هیوا، فەرهاد، فەرەیدوون، فەتاح و دارا)ی هەیە.

– ئەحمەد ئەفەندی حاجی ڕەسووڵ دوو کوڕی هەبووە: مەزهەر و سدیق.

– مەزهەر ئەفەنەدی دوو کوڕ و سێ کچی هەیە: کوڕەکانی (د. کەمال مامۆستای دانشگا و نووسەری هەڵکەوتوو و مێژوونا‌س) و جەلال و کچەکانیشی زەکیە و نەسرین و نەجات.

**حاجی ڕەسوڵ ئاغای کانی ئاسکان:**

ئەم بنەماڵەیە لە کاتی خۆیا (٣٠-٤٠) خێزان زیاتر بوون، کە لە دێی (ژاڵەی سەر بە ناحیەی سەنگاوەوە) هاتوونەتە سلێمانی. هاتنەکەیان دوای دروستکردنی شارەکە بووە. کۆڵەکەی ئەم هۆزە یاخۆ سەرۆکیان حاجی ڕەسووڵ ئاغا بووە کە خاوەنی دیوەخان و نانبدە بووە و سەرلەنوێ گەڕەکی کانێسکانی ئاوا کردووەتەوە و پیاوی ناسراویان تیا هەڵکەتووە.

**ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە:**

– حەیدەر ئاغا (هەیەر ئاغا): باوکی ئەحمەد ئاغایە. ئەم پیاوەش دوو کوڕی هەبووە: قادر ئاغا و حاجی ڕەسووڵاغا.

– قادر ئاغا (حەماغا و ئەحمەد و عەبدوڵڵا و دەرویش)یە هەبووە.

– حاجی ڕەسووڵاغا کە (بنیاتنەری مزگەوتێکە لە کانێسکان): سێ کوڕی هەبووە: حاجی سالح ئەفەندی و مەجید ئەفەندی کانێسکان و حەمە ئەمین ئەفەندی.

– حاجی سالح ئەفەندی دوو کوڕی هەیە (عەبدوڵلا و سەلاحەدین).

– مەجید ئەفەندی سێ کوڕی هەبوو: عەبدولقادر حشمەت (هەندەسەی لە جامعەی ئەمریکی بەیروت و لە دواییدا، ماستەری لە جامعەی کلیفلاند لە ئەمەریکا وەرگرت و (استاذی کلیەی هەندەسە بوو) و محەمەد حشمەت (ئەفسەر لە سوپادا) و ڕەئووف کە ئەمیش باوکی د. یادگارە.

– حەمە ئەمین ئەفەندی باوکی کاک (یوسف) و دوو کچە. کاک یوسفیش محەمەدی کوڕی و پێنج کچی هەیە، ڕازاو، نازەنین، سروود، جوان و ژاڵە.

**حاجی مەلا ڕەسووڵ:**

مێژووی ئەم بنەماڵەیە لە سلێمانی لە حاجی مەلا ڕەسووڵ خۆیەوە دەست پێ دەکات کە کوڕی مەلا شەریفە و لە کاتی خۆیا لە دێی (دێلێژەی سەر بە ناوچەی قەرەداخ)ەوە هاتووەتە سلێمانی. پیاوێکی زیرەک و قسەزان، بوو بە (امام) لە مزگەوتی ئەحمەد پاشای باشچاوەش باوکی عەبدوڕەحمان ئاغا (هەرچەندە ئێستا ئەم مزگەوتە بەر جادە کەوتووە و نەماوە لە جیاتی ئەو هەر بەناوی حاجی مەلا ڕەسووڵەوە لە دامێنی گردی سەیوان مزگەوتێکی تر دروست کراوە).

حاجی مەلا ڕەسووڵ لە شیعردا دەستێکی باڵای هەبووە و بەناوی (فەوزی) شیعری بڵاو دەکردەوە. لە ساڵی ١٣٣٨ ک/ ١٩١٩ لە سلێمانی فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە. حاجی مەلا ڕەسووڵ ئەم کوڕانەی هەبووە: مەلا مستەفا (صەفوەت) و مەلا مەحموود و مەلا ئەحمەد (فایز) و مەلا محەمەد (فەیزی) و مەلا نەجمەدین (ئاری) کە هەموو لە شیعر و ئەدەبیاتدا دەستی باڵایان هەبووە.

مەلا مستەفا لە شوێنی باوکی (امام و دەرس بێژ) بووە لە مزگەوتی باشچاوەش. ساڵی ١٩٦٣ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە ئەمیش وەک وتمان شاعیر و نووسەر بووە. د. عزەدینی کوڕی هەندێک لە نووسین و شیعرەکانی بە چاپ گەیاندووە، لەوانە (شانۆی ناوماڵ) کە کۆمەڵێک قسەی خۆشی ناو کوردەوارییە ساڵی ١٩٧١ لە چاپ دراوە. د. عزەدین خۆشی پرۆفیسۆرە لە زانکۆ جگە لەوەی یەکێکە لە هەرە ڕۆشنبیرەکانی وڵات کە ژمارەیەکی زۆر کتێبی هەمەجۆری بە سوودی داناوە. واتا یەکێکە لەوانەی کە بەرهەمیان زۆرە و قەڵەمیان ڕەنگینە. هەروەها فارووق کوڕی مەلا مستەفایە کە بازرگان و لە کاروباری ناو بازاڕدا سەرکەوتوو و لێهاتووە و گەلێک پرۆژەی بە سوودی لە وڵاتا بنیات ناوە.

ئەوەی شایانی باسە یەکێک لە کوڕەکانی مەلا مەحموودی حاجی مەلا ڕەسووڵ کە (د. فاضل) بوو لەگەڵ د. قاسملو لە هەندەران بە دەستی چەپەڵ شەهید کران.

**ڕەشید کابان:**

ڕەشید کوڕی مارف کوڕی عەزیز لە نەوەی خدر بەگی مەرگەیە. ڕەشید زەکی لە سەردەمی عوسمانیەکانا ئەفسەر بوو، دوای ئەوە ئەندازیار و دوای ئەوە مامۆستای (بیرکاری - ریاضیات) بوو. دوای هاتنەوەشی بۆ عێراق بەشێک لە ژیانی هەر لە سوپادا ڕابوورد و لە دواییدا وازی هێناوە لە سەردەمی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودا لە سلێمانی یەکێک بوو لە ئەندامی ئەو وەفدەی نێرران بۆ پاریس بۆ لای شەریف پاشای خەندان نوێنەری کورد لە کۆنگرەی ئاشتی کە عەرز و حاڵی مۆرکراوی کوردیان پێ بوو. بەڵام لە (حەلەب - لە سوریا) بە دەسیسەی دەوڵەتە ئیستعمارییەکان گیران و ڕەوانەی سلێمانی کرانەوە. لەم دواییەدا ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەری (مەعارف) بوو لە سلێمانی و ساڵی ١٩٤٠ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا.

ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە:

مارف کوڕی عەزیز کە دەچنەوە سەر خدر بەگی مەرگە دەبێ بە باوکی ڕەشید کابان.

- ڕەشید کابان سێ کوڕ و پێنج کچی هەیە.
- خالد ئەفسەری دانیشتوو ئەویش جهان و جوان و محەمەدی هەیە.
- نەجیب ئەفسەری پۆلیسی دانیشتوو کە (نڤل) ی هەیە.
- فارووق (عەلی و فەوزی) هەیە.
- کچەکانی ڕەشید کابان: مائدە، د. فایدە، پاکیزە، سعاد و ناهیدە.

سەرچاوە: کاک جەمال محەمەد مستەفا قەرەداغی زاوای ڕەشید کابان.

**ڕەفیق حلمی:**

مامۆستا ڕەفیق حیلمی نووسەر و ڕۆژنامەچی و شاعیر و ئەدیب، پێویست بەوە ناکات ئێمە بە خوێندەواری بەڕێزی بناسێنین، چونکە ئەم پیاوە وەک ئەستێرەیەکی گەش هەمیشە بەرهەمەکانی بە ئاسمانی کوردەوارییەوە دەگەشێنەوە. هەروەها هەڵسوکەوتی لە ڕێی نەتەوایەتیدا و دەوری وەک (سەرۆکی بالاّ) لە پارتی هیوادا بەرچاو دیارە جگە لە هەڵوێستی تری.

مامۆستای بەڕێز کوڕی سالح ئەفەندی کوڕی عەبدوڵڵا ئەفەندی کەرکووکی کوڕی حاجی غەفوورە. لە دایکیشیەوە دەچێتەوە سەر هەمزاغای مەسرەف کە باپیری حاجی تۆفیقی (پیرەمێردە).

هەروەها جەمیلە خانی خێزانیشی دەچێتەوە سەر هەمزاغا. نەوەی مامۆستای خوا لێخۆشبوو هەریەکە لە پیشەیەکا دەستیان بالاّیە، هەروەها لە هونەر و نووسین وەک باوکیان ڕێگایان گرتووە...

ئەمەش درەختەکەیانە:

– عەبدوڵڵا ئەفەندی کەرکووکی سێ کوڕ و دوو کچی هەبووە:

– شەوکەت و تۆفیق ئەفەندی و سالح ئەفەندی. تۆفیق ئەفەندی (یونس و دوو کچی هەبووە).

– یونس کوڕی تۆفیق ئەفەندی (عەبدوڵلا و تۆفیق و فاروق و فریاڵ و یوسف)ی هەیە.

– سالح ئەفەندی سێ کوڕ و سێ کچی بووە: کوڕەکانی (ڕەفیق حیلمی و ئیبراهیم و جەلال).

– ڕەفیق حیلمی سێ کوڕ و پێنج کچی هەیە. کوڕەکانی شەوقی، فەرەیدوون و فەوزی.

کچەکانیش د. پاکیزە و ناهیدە و نەجات و ژین (دیلە) و گوزیدە.

ئەوەی شـایانی باسـە د. پاکیـزە مـامـۆسـتـای زانکۆ و ئەندامی کـۆڕی زانیـاری کـورد بوو: گـەلێک کـتـێب و بەرهـەمی بـەسـوودی هـەیە. هـەروەها ناهیـدە مـامـۆسـتـای ئامـادەیی و نووسـەرێکی شـیـرین وشـەیە بەتایبـەتی لە نووسـینی گەشـتـوگوزارا. نەجـاتیش سـەردەمـێک شـتـی جـوانی دەنووسـی و بەینێکە وازی هێناوە. فەرەیدوون لە هـەندەرانە ئەویش مـامۆسـتـای دیکۆر و هونەرمەندێکی دەست ڕەنگینە.

**زەریفێ:**

حاجی سـالح و حاجی ڕەشید کوڕانی سـەعید کوڕی ئەمین لە کـاتی خۆیا لە قـەرەداغـەوە باو و باپیـریـان هـاتوونەتە سلێـمـانی. زەریفـێ دایکیـانە و ئەو نازناوەیان لەوەوە وەرگرتووە. هـەر دوو برا کـاسب بوون. یەکەمـیـان بـازرگـان و دووەمـیـان (بەقـاڵ) بوو. هـەر زووش زیارەتی مـاڵی خـوایان کـردووە و بوون بە حـاجی. لەم بنەماڵەیە خوا لێخۆشـبوو کاک حـەمە غەریب ئەرکێکی ئاینی کۆمەڵایەتی پیـرۆزی گرتبووە سـەرشـان. ئەویش کۆتاییـهێنان بە پرسـە بوو لە دوارۆژدا و هـەسـتـانی خـاوەن پرسـەکەی بـەشـێـوەیەکـی جـوان و ڕێکـوپێـک بەجێ دەهێنا.

– سـەعید کوڕی ئەمین: حاجی سالح و حاجی ڕەشیدی هەبووە.

– حـاجی سـالح پێنج کوڕ (حەمـە غـەریب، لەتیف، قـادر، عەزیـز و غەفـوور هـەروەهـا سێ کچی هـەیە).

– حـاجی ڕەشـیـد چوار کـوڕ (عـەبدوڵلا سـالاری ئـەفسـەر و هونەرمـەند، نەجمەدین، نەسرەدین و بەهائەدین لەگەڵ نۆ کچی هـەیە).

سـەرچاوە: کاک قادری حاجی سالح زەریفێ.

زێوەر – مەلا عەبدوڵڵا:

نووسەر و شاعیری نیشتمان پەروەر و بەناوبانگ مەلا عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد ئەفەندی کوڕی مەلا ڕەسووڵ و لە بنەڕەتا پشدەرییە. ئەم پیاوە هەرچەندە مەلا بووە، بەڵام سۆزی نیشتمان لە شیعرەکانیا و لە نەشیدەکانی قوتابخانەیا بە تەواوەتی ڕەنگ دەداتەوە. ئافەرم بۆ ئەم مەلا پاکە ڕاستە دڵسۆزە پشت بەخوا جێگای بەهەشتی بەرینە. هەروەها مەلا فایقی کوڕیشی دیسان وەک شاعیرێکی هەڵکەوتوو بوو، ئەویش دیوانی شیعری هەیە بەناوی (بەختیار زێوەر)ەوە.

زێوەر ئەفەندی لە دایکەوە کە (هەمین کچی سلێماناغایە) دەچێتەوە سەر جوامێرئاغای پشدەری.

– مەلا ڕەسووڵ خەڵکی دێی (بێکلۆ)ی پشدەرە و سێ کوڕی هەبووە: (محەمەد و مەحموود و حسین و چوار کچ).

– محەمەدی مەلا ڕەسوڵ پێنج کوڕی هەبووە: (سەعید، مصطفی، رەشید، ئەحمەد و عەبدوڵلا واتا زێوەر)و دوو کچ سەلمە و خورشیدە.

– سەعید (عەلی و عوسمان و ئەبوبەکر و عومەر و سەلام و نەجیە و خەدیجە و نەجات و شەوبۆ و نەسرینی هەبووە).

– مستەفا (مەجید و غەریب و سەلاح و شەمسە و حەپسەی هەبووە).

– رەشید (تالب و خالید و عەطەتیە و بەهیە و هەیبەت)ی هەیە.

– مەلا عەبدوڵڵا زێوەر: مەلا فایق و مەحموود و حەسەن و زەهرە و حەلاوە و جەمیلە و ئامینە و شایستەی هەبووە. مەحموود زێوەر (ڤان، شوان، سامان، ساسان، جوان و میرانی) هەیە. مەحموودی مەلا ڕەسووڵ (محەمەد، سەعید، حەبیبە، حەلاوەی) هەیە. حوسێنی مەلا ڕەسووڵ (نوری بدوی، جەلال، بەهیە، عەتیە و ئەختەری) هەیە.

سەرچاوە: مەحموود زێوەر لە ڕێی کاک ئەکرەمی سالحی ڕەشەوە.

**ساماغا:**

هەندێک سەرچاوە دەڵێن کەوا، ساماغا لە کاتی خۆیا لە پشدەرەوە هاتووەتە سلێمانی. حاجی عومەر ئاغا کوڕی حاجی محەمەدی ساماغایە. ئەم بنەماڵەیە بە زۆری خەریکی بازرگانی تووتن واتا (قەڵەمچی) بوون. جگە لەوەی عومەر ئاغا خۆی پیاوێکی ئەدەب دۆست بووە. عومەر ئاغا شەش کوڕ و پێنج کچی هەیە:

جەمال، کەمال، جەلال، شەماڵ، دلێر، دارا، جەمیلە، زەکیە، ئەختەر، شلێر، نازدار.

سەرچاوە: کاک جەلال کوڕی عومەر ئاغای ساماغا.

**سەلیم ئاغا:**

ئەم بنەماڵەیە دەچنەوە سەر جوامێراغا کە یەکێک بووە لە دوازدە سوارەی مەریوان. هەروەهاش زوڵاڵ ئاغا سوارێک بوو لە دوانزە سوارەی بەناوبانگ و ئەویش پێوەندی بەم بنەماڵەیەوە هەیە. ئەم تایەفەی سەلیم ئاغایە بنەماڵەی جوامێراغاشیان پێ دەڵێن.

(جوامێر ئاغای ڕەنگێنە - پڵنگی چنگ بەخوێنە) ئەمە لە شەڕی دوازدە سوارەی مەریوانا بە جوامێراغادا هەڵدراوە.

ئەم بنەماڵەیە گەلێک گەنجی زیرەک و هونەرمەندیان تیا هەڵکەوتووە جگە لە باوانیان کە ئەوانیش زۆربەیان لە سوپا و دانشگا و قوتابخانەدا گەیشتنە پلە و پایەی بەرز. نژاد ساڵی ٩٥٤ لە ئامادەیی سلێمانی بە یەکەم دەرچوو نێررا بۆ ئینگلتەرە بە (بعثە) لە نەوتا بوو بە پسپۆڕ و ئەندازیار لە نەوتدا د. جوامێر لە کلیەی هەندەسەی بەغدا ساڵی ٩٥٩ بە یەکەم و پلەی (شەرەف) دەرچوو. شەونم کچی نووری مەجید سەلیم بە سێیەمی هەموو عێراق لە ئامادەیی دەرچوو ئێستا سەیدەلانیەیە. دلێر کوڕی مەجید سەلیم

به یەکەمی (کلیەی طبیە) دەرچوو. هەروەها کچێکی شێرکۆ عەزیز فەرەج لە ئامادەییدا لە هەموو عێراقدا لە پلەی پێشەوە دەرچوو. سمکۆ عەزیز فەرەج لە (نواندن – تمثیل)دا هونەرمەندێکی بە توانای لێهاتووە.

ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە وەک لە کاک نووری مەجید سەلیم وەرگیراوە:

– یوسف (وسو ئاغا) کوڕی مەحموود ئاغا کوڕی زوڵاڵ ئاغا کوڕی جوامێر ئاغا، دوو کوڕی هەبووە: سەلیم ئاغا و ئەمیناغا.

– سەلیم ئاغا چوار کوڕی هەبووە: قادر، تۆفیق، فەرەج و مەجید.

– قادر: عەلی و فاطیمەی هەبوو.

– فەرەج: فاضل و عەزیز و مەحموودی هەبوو. عەزیز ئەفەندی (شێرکۆ و سمکۆ و گەلاوێژ و ڕووناک و پرشنگ و شێرکۆ عەزیز (جوان و سۆزان)ی هەیە.

– مەجید ئەفەندی سەلیم ئاغا هەشت کوڕی هەیە. جەلال، جەمال، کەمال، کامل، نووری، جوامێر، زوڵاڵ و نەژاد.

– جەلال (سالار، سیروان، سورکێو، سەرباز و نەبەز و گێلاس)ی هەیە.

– جەمال (سەرباز، ئاراس و شاناز)ی هەیە. کەمال (سەرۆک، نیاز و سروە)ی هەیە.

– کامل (دڵشاد، دلێر، گزنگ، گۆڤەند و گوڵاڵە)ی هەیە. نووری (ئاسۆ، شەونم، دالیا)ی هەیە. جوامێر (تارا و محەمەد) و زوڵاڵ (سیروان و دیار و نیان و بەیان) و نەژاد (سۆران و سەعد و سەرمەد)ی هەیە. ئەمیناغای وسوواغا (کوێخا حەسەنی بیبی جەک) و (سالّح – سالەی مینە)ی هەیە.

**حاجی سەعیدی قادرئاغا:**

حاجی سەعید کوڕی قادرئاغا کوڕی هۆمەر (عومەر ئاغا) کوڕی عەلی ئاغا کوڕی مستەفا ئاغایە. عەلی ئاغا لە دەوروپشتی ساڵی ١٧٦٠دا لە قەڵاچوالان بووە. عومەر ئاغای کوڕی ڕەنگ هەیە ساڵی ١٧٩٥ لەدایک بووبێت و ساڵی ١٨٥٩ هەر لە سلێمانی فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنابێت. ئەم پیاوە دوای بابانەکان و لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کراوە بە (دارۆغا – سەرەکی پۆلیس). جا ئایا ئەمە هەر ئەو عومەر ئاغایەیە کە لە (رحلة ریچ)دا زۆر بە جوانی و پیاو چاک (فارس) و خووڕەوەشتی بەرز خۆی و کوڕەکانی ناویان دێت؟ ئەم عومەر ئاغایە لەلایەن پاشای بابان مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشاوە دەکرێت بە هەڤاڵی ریچ (واتا مرافق) لە گەشتەکەیا لە سلێمانی و لە ئێراندا.

قادر ئاغای عومەر ئاغا (١٨١٨– ١٨٦٨) هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشای بابان پێکەوە گەورە بوون و (مریەم خان) کە دایکی قادر ئاغایە شیری بە هەردووکیان پێکەوە داوە. ئەم مریەم خانە وەک دایکی خەدیجە خانی کچی سلێمان پاشای بابان بووە کە شیری بە کوڕەکەی خۆی و بە کچی پاشا داوە. پاشا ئەو کچەی ئەوەندە خۆشویستووە تا گەورەش بووە هەر وەک کچی خۆی سەیری کردووە. گوایا تاکو دوای کۆتایی حوکمی بابانەکان. ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا و دوای میری بابان و برای خەدیجە خان (مریەم خانی کە وەک دایکی خۆی و خەدیجەی خوشکی سەیر کردووە) لەگەڵ خۆیانا دەیبەن بەرەو (ئاستانە)، بەڵام خەدیجە لەڕێ (لە حەڵەب) دنیا جێ دەهێڵێت و هەر لەوێ دەشارڕێتەوە.

ئەم بنەماڵەیە لە ڕاستیدا یەکێکە لە خانەوادە هەرە کۆنەکانی سلێمانی کە زۆریان بە موڵک پێکەوەنان و بازرگانەتییەوە خەریک بوون. لەم تایەفەیە

خوا لێخۆشبوو ڕەحیم، و سەرداری برای خوا دەست بە تەمەنیەوە بگرێت، بۆ خزمەت و یارمەتی دۆست و ناسیاو و نەناسیاو لە سلێمانی و بەغدا درێغییان نەکردووە بەتایبەتی لە مشور خواردنی شاردنەوەی مردوو و پرسە بۆ گرتنیان.

– قادر ئاغا حەوت کوڕی هەبووە لەگەڵ کچێکدا: نەجم (نەجیم)، شەریف، حاجی سەعید، حاجی محەمەد، حاجی عەلی، فەتاح، عارف و سەلە. نەجم کچێکی بووە (عصمەت)ە. شەریف و ئاتەخان و حەسەن. (کە باوکی عەلی)یە و مەلا مەجید کە باوکی (بەهیە و عصمەت)ە. حاجی عەلی و حاجی عارف و سەلەی خوشکیان کەسیان لە پاش بەجێ نەماوە.

– حاجی سەعید ئەمانەی هەبوو: عاصمە، کەریم، ئەحمەد ئاغا (باوکی گورون و ناجیە)، حاجی ڕەشید (باوکی حسین ئاغا)، ئەویش باوکی (نازدار، سەمیرە، ئەمیرە، شیروان و برهان). حەپسەش هەر کچی حاجی ڕەشیدە. میرزا عەبدوڵڵا کوڕی حاجی سەعیدە و باوکی (دکتۆر عەبدوڕەحمان کە ئەویش ئاسۆ، ڕزگار و ئاوازای) هەیە، ڕەعناش کچی حاجی سەعیدە.

میرزا غەفووری حاجی سەعیدیش باوکی (جەمیلە، ڕەحیم و سەردارە)، ڕەحیم (دیاری و دەریا و ئاری) هەیە. سەردار (سروود، بڵند، سەرۆک)ی هەیە.

– حاجی محەمەدی قادر ئاغا چوار کوڕی بووە: (عەبدوڕەحمان، محەمەد، توفیق و عەزیز). عەزیز باوکی (ئەمین و نووری). نووری باوکی (ڕووناک و نهاد). ئەمین باوکی (نەریمان، نزار، معەزز، نەسرین و مستەفا)یە. فەتاحی قادر ئاغا سێ کوڕی هەیە (عوسمان باوکی بەکر و ئیسماعیل) و (قادر باوکی ئەختەر و ناهیدە) و عومەر (باوکی ئەیکان و ئەیخان)ە کە لە تورکیان.

سەرچاوە: سەردار ڕەحیم.

**شاڵی:**

دەچنەوە سەر مەلا شەریف کە لە کۆخی (شاڵی) نزیک دێی (مڕانە)ی سەر بە ناوچەی سیوەیل دادەنیشت. مەلا شەریف لە کاتێکدا کە قەڵاچوالان جەمسەری میرنشینی بابان بوو، گواستییەوە ئەوێ و تیا جێگیر بوو. مەلا شەریف کوڕێکی بوو مەلا عوسمان کاتێک کە برایم پاشای بابان سلێمانی دروست دەکات، ئەمیش لەگەڵ خەڵکەکەدا دەگوێزێتەوە شاری نوێ و لە گەڕەکی دەرگەزێن دادەنیشێت.

مەلا عوسمان کوڕێکی بووە مەلا برایم. ئەم پیاوە خەریکی هەڵسوکەوتی بازرگانییەتی بووە. هەر بەو بۆنەیەوە هاتوچۆی هەمەدان و تەورێز و بەلاوترەوە هەشتەرخان (استراخان)ی کردووە. ئەم مەلا برایمە سێ کوڕی بووە:

(١) حاجی محەمەد (٢) حاجی مەحموود (٣) حاجی عەبدوڵڵا. کە مەلا برایم فەرمانی یەزدانی بەجێ دەهێنێت، ئەم سێ برایە هەموو پێکەوە لەسەر ئیشەکەی باوکیان دەڕۆن و بە هاتوچۆی بەغدا و هەمەدان و تەورێزەوە خەریک دەبن. لە دواییدا جیا دەبنەوە.

لق و پۆپی ئەم خانەوادەیەش بەمجۆرەیە:

کوڕەکانی مەلا برایم: حاجی محەمەد، حاجی مەحموود، حاجی عەبدوڵڵا.

– حاجی محەمەد دوو کوڕی بووە: حاجی عەبدوڵڵا و حاجی فەقێ.

– حاجی عەبدوڵڵا (ئەحمەد و د. قادر و عەتا و ناجیە خان)ی هەیە.

– حاجی فەقێ: حەمە رەؤوف (باوکی هیوا و مژدە) و محەمەد فەرەج (باوکی هێمن و کامەران و هۆگر) و ئەحمەد شاڵی شاعیر و نووسەر و جەمال (پارێزەر)ی هەیە.

– حاجی مەحموودی مەلا برایم ئەم کوڕانەی بووە: قادر ئاغا و عەزیز

ئاغا و کەریم ئاغا و ئەحمەد ئاغا و ئیسماعیل ئاغا.

– قادر ئاغا باوکی خالد و کەریم ئاغا باوکی مەجید، ئەحمەد ئاغا باوکی (نووری عەبدوڵلا و ئازاد و نەوزاد و ئیسماعیل ئاغا باوکی عەلی و کەمال، عەلی ئاغا (باوکی شیروان و سامان و سەربەست)ە.

– حاجی عەبدوڵڵای مەلا برایم سێ کوڕی هەبووە: حاجی مەلا سەعید و غەنی ئەفەندی و مامۆستا عەزیز.

– حاجی مەلا سەعید ئەم کوڕانەی هەبوو: غەفوور (باوکی عەلی و عومەر و کەمال) و مستەفا (باوکی ئیبراهیم) و عەبدوڕەحمان و (فەتاح شاڵی ئەفسەر و وەزیری پێشوو کە ئەویش باوکی شوان و د. وەرزێرە).

– غەنی ئەفەندی باوکی فائق و د. خەسرو (سەرۆکی پێشووی دانشگا) و سەردار و هوشیار و بەختیار.

سەرچاوە: غەنی ئەفەنددی خوا لێخۆشبوو و هۆگر شاڵی.

**حاجی شەفیق:**

بەگوێرەی قسەی کاک کەمالی حاجی شەفیق بنەماڵەکەیان دەچێتەوە سەر (فەقی ئەحمەدی دارەشمانە) کە باپیرە گەورەی بابانەکانی ئەم دواییەن، لە بنچینەدا لە ناوچەی پشدەرەوە هاتوونەتە سلێمانی. حاجی شەفیق بازرگان بوو لە سلێمانی و لە بەینی ڕانیە و ناوچەی پشدەریشدا ئیشی دەکرد. حاجی شەفیق کوڕی عەلی بەگ کوڕی سادق بەگ کوڕی حسێن بەگ کوڕی مستەفا بەگ کوڕی قۆچ بەگ کوڕی محەمەد بەگ کوڕی سلێمان بەگ کوڕی کەریم بەگ کوڕی قادر بەگ کوڕی ئەحمەد بەگ کوڕی میرزا ئیبراهیم بەگ کوڕی میر سلێمان بەگ کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە.

– مستەفا بەگ کوڕی قۆچ بەگ سێ کوڕی هەبووە: حسێن بەگ و عەبدوڕەحمان بەگ و سلێمان بەگ.

– حسێن بەگ دەبێ بە باوکی سادق بەگ ئەویش باوکی عەلی بەگە.

– عەلی بەگ: سێ کوڕی هەبووە: حاجی شەفیق و ئەحمەد و ڕەشید.

– حاجی شەفیق (کەمال و د. جەمال و د. جەلال)ی هەیە. کەمال (ئاسۆس و کوردۆ)ی هەیە. د. جەمال کوڕی نییە و کچی هەیە. د. جەلال (سەرۆکی جامعە)یە.

– ئەحمەد عەلی بەگ (فارووقی) هەیە ئەویش (شوان)ی هەیە.

– ڕەشید عەلی بەگ (فائق، عەلی، نەوزاد، هیوا و هەڵمەت)ی هەیە.

– سلێمان بەگ کوڕی مستەفا بەگ دوو کوڕی هەبووە: سەعید بەگ و حەسەن بەگ.

– سەعید بەگ (لە ڕانیە دادەنیشت) باوکی جەمال و کەمال. حەسەن بەگیش، مستەفا بەگی هەیە.

**شەیدایی:**

لە کاتی خۆیا لە قەڵاچوالانەوە هاتوونەتە سلێمانی. کەریم ئەفەندی باپیرە گەورەیان شاعیر بووە و (تخلص – نازناوی) شیعری (شەیدایی) بووە. جا ئایا شەیدای ئاین یاخۆ جوانی یاخۆ سروشت بووە؟ ئەوە نازانین. عەلی ئەفەندی کوڕی سفرە و خوان و ماڵ و دیوەخانی هەمیشە ڕازاوە بووە، جارێک د. حسێن ئەفەندی باباجان لایان میوان دەبێت. ئەو شەوە ماڵی عەلی ئەفەندی کوڕێکیان دەبێت. بۆ ڕێزنان لە دکتۆر داوا دەکەن ئەو ناوی بنێت. ئەویش بەم تاکە شیعرە ناوی دەنێت (نوری پسر نور و پدر نوریست مشهور– از انجا نهم کن نور على نور). ئەم نوورییە نووری عەلی (ئازاچی – کە دەرمانخانەی هەبوو) بە زۆری (پیشەکە) لە حسێن ئەفەندییەوە فێربوو. هەر لەوەیشەوە بڕوانامەی (صیدلیە)ی وەگرت و لە سوپادا گەیشتە پلەی (رائد صیدلي).

ئەوەی شایانی باسە مامۆستای خوا لێخۆشبوو عەبدولواحید مەجید هەر

به منداڵی نووری عەلی خزمی گەورەی کردووە پێی گەیاندووە ئەمیش بۆیە ناوی خۆی نا عەبدولواحید نووری (ع. و. نووری).

– عەلی ئەفەندی شەیدایەیی: چوار کوڕی هەبووە: سالح، ئەمین، نووری، فەرەج.

– صالح باوکی کاک ئیبراهیم شەیدایی پارێزەر و عومەر و عوسمان. ئەمین ئەفەندی باوکی فوئاد و کەمال و فەرەیدونە.

– فەرەج باوکی: فائق ئەفسەری پێشوو لە سوپادا و ئەویش باوکی محەمەد، نەوزاد، نازەنین و خلوودە.

– نووری عەلی باوکی (ممتاز و پاکیزە و گوزیدەیە). عەبدولواحید نووری (نەسرین و پرشنگ و شەرمن)ی هەیە.

سەرچاوە: ڕۆشنبیری نوی ژمارە ١١٧ ساڵ ٩٨٨ و کاک ئیبراهیم شەیدایی.

**شەرعی:**

ئەم بنەماڵەیە لە حاجی عەزیزی شەرعییەوە دەست پێ دەکات کە کوڕی میکائیلە. حاجی عەزیز خۆی پیاوێکی گردەی سوور و سپی چاوشین، پیاوێکی ئاینی و ڕووو لە خوا بوو. زۆربەی کوڕ و کوڕەزای بە کاروباری بازرگانی و ناو بازاڕەوە خەریک بوون.

حاجی عەزیز شەرعی ئەم کوڕانەی هەبوو:

مستەفا و حەمە کاکە و ڕەئووف و عەباس و عەلی و جەمال لەطیف و دوو کچیش قومری خان و ناجیە خان. مستەفا: (قادر و کەمالی هەبوو). حەمە کاکە (سەرگوڵ و نازەنین و برهان و سروە) و ڕەئووف (نەوزاد و ئازاد و بێستوون و شەماڵ و عەزیز) و عەباس (کاروان و کاوان) و عەلی (ئامانج) و جەمال (حەمە شوان و پێشەوا)ی هەیە.

سەرچاوە: قومری خان کچی حاجی عەزیزی شەرعی

**میرزا شەریف:**

باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە حاج میرزا ڕەسووڵی حاجی خدرە کە لە ناوچەی پشدەرەوە ڕووەو قەڵاچوالان بووەتەوە و لەوێ ماوەتەوە. لە وەچەی ئەم پیاوە حاجی میرزا شەریف لە سلێمانیدا هەڵکەوتووە کە بازرگانی تووتن بووە. ئەمانە نازناوی (میرزا)یان هەڵگرتووە چونکە خوێندەواری سەردەمی خۆیان بوون و لە قوتابخانەی تایبەتی ئەوکاتە خوێندوویانە و زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی بێجگە لە کوردی کە زمانی خۆیانە فێربوون. کوڕەکانی میرزا شەریف هەموو خەریکی کاروباری بازرگانی بوون. میرزا فەرەج نوێنەری سلێمانی بوو لە پەرلەمانی عێراقیدا. ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە:

میرزا شەریف چوار کوڕی هەبووە کە ئەمانەن:

میرزا فەرەج و میرزا محێدین و میرزا فەتاح و میرزا کەریم. میرزا فەرەج تەنها کچێکی هەبووە کە (فەهیمە خان)ە و میرزا محێدین (مستەفا ئەفسەری پێشوو لە سوپادا محەمەد و عومەر و ئیسماعیل) و میرزا فەتاح (جەمال و فریا و دەرخشان و پەخشان و پەریخان) و میرزا کەریم (ئەحمد و غەریب و کەمال و شەوقی و ئەمین)ی هەبوو.

ئەحمەدی میرزا کەریم: نزار، سروود، محەمەد، شەریف و ژاڵەی هەیە. غەریب (شیروان و بەیان و ئیمان) و کەمال پارێزەر و نووسەری گۆڤار پەیمان، (ئاڤان و ڕێزان و باوەڕ و بڕوا) و شەوقی (دیار و هەناء و ڕێزان و یادگار) و ئەمین نووسەری شانۆ (سنوور)ی هەیە.

سەرچاوە: کاک ئەحمەدی میرزا کەریم.

**بنەماڵەی شێخان:**

لە بنەماڵە هەرە دیار و ناسراوەکانی نەک هەر سلێمانی بگرە لە هەموو کوردستاندا دەنگیان داوەتەوە بەو پیاوە ئاینییە پیرۆزانە و ئەو گەورە گەورانەی کە تیایاندا هەڵکەوتوون.

سەرچاوەی زۆر لە بابەت (نسب)یانەوە هەیە... ئێمە لێرەدا زیاتر لە (بنەماڵەی زانیاران)ی (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرس) سوودمان وەرگرتووە. هەروەها (شەجەرە)ی تایبەتی خۆیان هەیە (بحر الانساب) کە دەیانباتەوە سەر (شێخ ڕەسوولی گەورە) و ئەویش بە (نۆ پشت) دەچێتەوە سەر شێخ عیسای بەرزنجە کوڕی شێخ بابا عەلی هەمەدانی، (شێخ بابا عەلی)یش بە (نۆ پشت) دەچێتەوە سەر (ئیمامی حسین کوڕی فاطمە ئەلزەهراء کچی حەزرەتی پێغەمەر محمد المصطفی – ص).

جا با لە حاجی کاک ئەحمەدی شێخەوە دەست پێ بکەین بەرەو ژوور دوای ئەوە نەوەکانی:

حاجی کاک ئەحمەد کوڕی شێخ مارفی نۆدێ، کوڕی شێخ مستەفا کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی  شێخ محەمەی نۆدێ (کبریتی سوور) کوڕی شێخ عەلی وەندەرێنە کوڕی شێخ بابا ڕەسووڵی گەورە کوڕی شێخ عەبدولسەید کوڕی شێخ ڕەسووڵ کوڕی شێخ قەلندەر کوڕی شێخ عەبدولسەید کوڕی شێخ عیسا ئەلئەحدەب کوڕی شێخ حوسێن کوڕی شێخ بایەزید کوڕی کوڕی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ عیسا بەرزنجی کوڕی شێخ بابا عەلی هەمەدانی کوڕی شێخ یوسف شەهابەدین هەمەدانی کوڕی شێخ محەمەد ئەلمەنسوور کوڕی شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ عەبدوڵڵا کوڕی شێخ ئیسماعیل المحدیث کوڕی ئیمام موسا ئەلکاظم کوڕی ئیمام جەعفەر ئەلسادق کوڕی ئیمام محەمەد  ئەلباقر کوڕی ئیمام زەین ئەلعابدین (علي اصغر) کوڕی ئیمامی حسێن کوڕی فاطمە ئەلزهراء کچی محەمەد

ئەلمستەفا– ص).

شێخ عیسا بەرزنجە یازدە کوڕی هەبووە:

حەسەن، حسێن، بایەزید، عەباس (لە دێی وڵوبەی خوار سلێمانی نێژراوە و دارەکەی شێخەباس بەناوی ئەمەوەیە)، سەید محەمەدی روخانە، سەید سادق (دێی سەید سادقی ڕێگای سلێمانی – هەڵەبجە بەناوی ئەم زاتەوەیە و لەوێ نێژراوە)، عەبدولکەریم، وصالئەلدین، سەید ئیسحاق (ئەم سوڵتان ئیسحاقەیە کە لەناو کاکەییەکانا پیرۆز و بەڕێزە)، کەمالەدین و جەمالەدین.

شێخ بابا ڕەسوڵی گەورە نزیکەی شازدە کوڕی هەبووە: ئێمە لێرەدا ئاماژە بۆ شێخ عەلی وەندەرێنە دەکەین (وەندەرێنە دێیەکە لە ناوچەی سرۆچک)، کە حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بە پێنج پشت دەچێتەوە سەری، شێخ عەلی باوکی شێخ محەمەدی نۆدێیە. شێخ محەمەد باوکی شێخ ئەحمەد و (شێخ حەسەن)ی گڵە زەردەیە.

ئەوانەی دەچنەوە سەر شێخ حەسەن لە ڕێی شێخ (مارف نەقیب)ی کوڕیەوە (شێخ حسێن و شێخ مەحموود باوکی شێخ حسین قازی و ئەحمەد – شێخ ئەحمەدی نەقیب) شێخ ئەحمەدیش باوکی (سەید نووری نەقیب و شێخ ئەحمەدی نەقیب). سەید نووری نەقیب باوکی شێخ رەؤوف و زبیدە[١١] و حەلاوە. شێخ رەؤوف باوکی ئەحمەد و تاهیر و سەلاح و تاریق)ە. شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێ کوڕی شێخ عەلی وەندەرێنە، دەبێ بە باوکی شێخ مستەفا ئەویش باوکی شێخ مارفی نودێ کە باوکی حاجی کاک ئەحمەدی شێخە. شێخ محەمەد کوڕی حاجی کاک ئەحمەد هەشت کوڕی هەبووە:

---

١١. زبیدەخان خێزانی (نەزیف) بوو، کاکە (شادمان)ی کوڕیان یارمەتی زۆر داوم لە (شەجەرە)ی بنەماڵەی شێخاندا.

**یەکەم:** شێخ ئەحمەد (باوکی دیسانەوە شێخ ئەحمەد، ئەمیش دەبێ بە باوکی (شێخ تەها و شێخ محەمەدی بچکۆڵە)، شێخ محەمەدی بچکۆڵەش دەبێ بە باوکی (شێخ مستەفا و سەید ئەحمد).

دووەم: شێخ محەمەد باوکی (شێخ محەمەد ئەمین و شێخ عەبدوڵلا). شێخ عەبدوڵلاش باوکی (شێخ عەبدورەحمان و شێخ عەلی)یە.

سێیەم: شێخ سەعید (کە لە مووسل شەهید کرا و حەفیدی حاجی کاک ئەحمەدە). پێنج کوڕ و پێنج کچی هەبوو:

١. شێخ محەمەد (باوکی شێخ کەریم و شیخ سالح).

٢. شێخ ئەحمەد (کە لە مووسڵ لەگەڵ باوکیا شەهید بوو) باوکی شێخ جەلال، ئەویش باوکی (بابا تاهر، دارا، ئازا، نەوزاد، پاکیزە و درەخشان)ە.

٣. شێخ مەحموودی نەمر: سێ کوڕ و کچێکی هەبوو. شێخ رەؤوف (باوکی شێخ مستەفا و شێخ حەسەن و ئەمیر و شێخ بابا عەلی باوکی (شێخ دارا و کاک ئەحمەد) و شێخ لەتیف (باوکی شێخ کاوە) ئەویش (باوکی شێخ مەحموود)ە.

تەنها کچەکەی شێخ مەحموود حەلاوە خان بوو.

٤. شێخ قادر: باوکی بەختیار.

٥. سەی برایم باوکی (نەورەس، نوخشە، نەوبەش، نەخشین، ئامینە و سۆلاف)ە.

– کچەکانی شێخ سەعید (حەبیبە، فاطمە، حەپسە، خەدیجە و حەلاوە).

**چوارەم:** شێخ مارفی نەقیب کوڕی شێخ محەمەدی حاجی کاک ئەحمەد: کوڕێکی هەبووە هەر بە منداڵی وەفاتی کردووە، کچەکانیشی ئایشە خانی خێزانی شێخ مەحموود و حەپسە خانی نەقیب (حەپسە خانی بەناوبانگ خێزانی شێخ قادر) بووە.

**پێنجەم:** شێخ مستەفا نەقیب باوکی شێخ محەمەد.

**شەشەم:** حاجی سەید حەسەن باوکی (سەید عەبدوڵلا و سەید محەمەد و رەحمە عائیشە و فاطمە).

**حەوتەم:** حاجی سەید عومەر باوکی (شێخ قادر و شێخ کەریم و ئامینە و حەلاوە). (شێخ قادر باوکی بێباک، لاوچاک، بورهان، رووناک و دڵپاک) و شێخ کەریم باوکی مەنصورە.

**هەشتەم:** شێخ عیسا: بەرەی نەبووە.

جگە لەو زاتانەی باسمان کردن ئەندامی تر لە سلێمانییا زۆرن کە دەچنەوە سەر بنەماڵەی شێخان، بەڵام ئەوەندەی کە بە ئێمە گەیشتووە:

١- کاک فوئاد عارف کوڕی مەحموود کوڕی شێخ ئیسماعیل کوڕی شێخ مستەفا کە ئەم شێخ مستەفایە ئامۆزای شێخ مارفی نۆدێیە (سەرچاوە: کاک فوئاد عارف).

٢- بنەماڵەی شێخ غەنی کوڕی حاجی شێخ فەتحوڵلا (کە شێخ ئەحمەد و شێخ نووری شێخ سالح و شێخ رەؤوف و شێخ عەزیز باوکی رشدی) دەگرێتەوە. بەگوێرەی (شەجەرە)یەک کە کاک رشدی بۆی ناردووین لە شێخ بابا ڕەسووڵی گەورەدا لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە یەک دەگرنەوە.

٣- نەوەی شێخ ئەحمەدی فائز: کوڕانی شێخ ڕەشید و شێخ عارف (شێخ عەزیز و شێخ جەلال) و کوڕانی شێخ عارف (شێخ عەلی و شێخ تەیب و شێخ مەجید) دەچنەوە سەر شێخ حەسەنی گڵەزەردە نەوەی شێخ عەلی شێخ عارف کاکە طالبە.

ئەوەی شایانی باسە: نازناوی (حەفید) تەنها بۆ نەوەی شێخ ئەحمەدی حاجی کاک ئەحمەدە کە دەبن بە حەفیدی کاک ئەحمەدی شێخ واتا نەوەی (شێخ محەمەد) نەبێت نابێ (حەفید) بەکار بهێنێت چونکە لە ڕاستیدا نابێت بە حەفید زادە. ئەمە (ڕا)ی زۆربەی ئەو زاتانەیە کە پێوەندییان پێوە کراوە.

**حاجی سالح ئاغا:**

کوڕی عەلی ئاغا کوڕی ئەحمەد ئاغای کوڕی یوسف ئاغایە کە گوایە لە کاتی خۆیا لە قەلاّی (پامیر)ەوە هاتوون کە ڕەنگ هەیە قەلاّیەکی زنجیرە کێوەکانی ئارارات بێت. ئەمانە دوو برا بوون:

یەکێکیان: بەرەو وڵاتی بابان و ئەوی تریان رووەو ئێران ڕۆیشتووە کە ئێستا لەوێ کوڕ و کوڕەزای هەیە.

– عەلی ئاغای ئەحمەد ئاغای یوسف ئەم چوار کوڕەی هەبووە: حاجی سالح ئاغا، عەبدوڵڵا ئاغا، قادر ئاغا و سەعید ئاغا.

– حاجی سالح ئاغا سێ کوڕ و سێ کچی هەیە: محەمەد نووری (باوکی فوئاد، نەوزاد، فەرهاد و نەسرین و سوهام). محەمەد عەلی ئەفەندی (شیرین و نازەنین)ی هەیە.

– محەمەد طاهر (باوکی ئیحسان و نەسرین و سەلما)یە. کچەکانی حاجی سالحاغاش (عائشە و فاطمە و حەمدیە)ن.

سەرچاوە: نەسرین خانی پارێزەر کچی محەمەد نووری حاجی سالح.

**حاجی سالح خەفاف:**

حاجی سالحی خەفاف کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا مامە کوڕی مەلا محەمەد کوڕی مەلا عەلی خەڵکی دێی ئاڵیاوایە.

حاجی سالح چوار کوڕ و دوو کچی هەبووە:

میرزا ئەحمەد و مستەفا و قادر عومەر و فاطمە و عائیشە.

میرزا ئەحمەدی حاجی سالح هەشت کوڕ و دوو کچی هەیە (مەحموود، ئەمین، غەفوور، رەشید، رەؤوف، شیروان، سامال، سیروان، نەسرین و سورەییا).

– مەحموود ئەفسەری پێشوو لە سوپادا باوکی (ئاشنا، ئاواز، ئازا)یە.

- ئەمین باوکی (گۆران، خۆشی، بەڕێز، ڕازاو، کاروان و پەرۆش)ە.
- غەفوور هەر بە گەنجی جیهانی بەجێ هێشت و ژنی نەهێنابوو.
- رەشید باوکی (سازە، سامان، سۆران، شوان، گەشەو...)
- رەؤوف باوکی (کوردە، هەرێز، ئەحمەد، هاوژین، هەڤاڵ، هەوار، هونەر، هەڵۆ، هەڵشۆ، هەلاڵە و گولاڵە)یە.
- شیروان باوکی (ڕەزا، ڕاز و ڕەوەند)ە.
- سامالّ باوکی (داستان، سارا و سۆزە).
- سیروان باوکی (ژوان، شنە، زۆزک، چۆپی و خۆشی)یە.
- عومەر حاجی سالح باوکی (شێرە، سالح، چرا و ڕاستی)یە.

سەرچاوە: برای بەڕێز کاک ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە.

**سالّحی تەها:**

وەک لە یەکێک لە ئەندامی ئەم بنەماڵەیەمان بیستووە کە (کاک تەها کوڕی غەفوور ئاغایە) و ئەم زانیارییەی دەرحەق خۆیان پێ گەیاندین هەروەها وەک لە کاروانی ژمارە ٩٨٨/٦٧ ل ١٦ - ٢٥ نووسراوە. ئەم خانەوادەیە بە ڕەگ و ڕیشە دەچنەوە سەر ئاغاواتی دزەیی. سەرچاوەش هەیە کە دزەییەکان دەباتەوە سەر میرانی سۆران.

کەوابوو بەم حسابە لە سلێمانیدا سێ بنەماڵە هەن کە دەچنەوە سەر ئاغاواتی دزەیی. بنەماڵەی (ئەحمەدی ساغا - عیساغا - یاخۆ ئاغای گەورە) و بنەماڵەی سالحی تەها و بنەماڵەی حاجی تۆفیقی مەحموود ئاغا وەک لەم کتێبەدا هەریەکە لە شوێنی خۆیا ڕوون کراوەتەوە، تەها (طه) ئاغا کوڕی ئیبراهیم ئاغا کوڕی بایز ئاغا کوڕی زەنگین ئاغا (ئەم زەنگینە ئەبێ زیندین - زین الدین بێت کە لە درەختی دزەییانا ناوی زێندین هەیە): دوو کوڕی هەبووە: سەعید ئەفەندی و سالح ئاغا.

– سەعید ئەفەندی: حەمە نووری هەبووە.

– سالحاغا سێ کوڕی هەبووە: غەفوور ئاغا، عەبدولقادر ئاغا، کەریم ئاغا.

– غەفوور ئاغا (دلاوەر، تەها، عەبدوڵلا، هونەر و ڕێبوار)ی هەیە.

– کەریم ئاغا نەوەی نەبووە. عەبدولقادریش لە شەڕی دەربەندی بازیاندا ساڵی ١٩١٩ لەناو لەشکری شێخ مەحموودا لەلایەن لەشکری ئینگلیزەوە شەهید کراوە.

**حاجی سالحی قاسم:**

حاجی سالح خۆی یاخۆ باو و باپیری هەر لە زووەوە لە دێی (گۆڕەدێم)ی ناوچەی شارباژێڕەوە هاتوونەتە سلێمانی و بە موڵک پێکەوەنانەوە خەریک بوون.

حاجی سالح کوڕی ئەحمەد کوڕی قاسمە و سێ کوڕی هەیە:

– محەمەد ئەویش (دڵشاد و شوان و جوان، د. ڤیان و پەروا)ی هەیە.

– ئەحمەد (د. بەرهەم، بەڵێن و بەتین)ی هەیە.

– عەبدوڕەحمان (ئاغا): (کاروا و لاووک)ی هەیە.

– سەرچاوە: کاک دڵشادی محەمەدی حاجی سالح. ئەوەی شایانی باسە سینەمای دڵشاد لە سلێمانی و لە سەرشەقامی کاوە موڵکی ئەمانە و بەناوی ئەم کاک دڵشادەوەیە کە یەکێکە لە سینەما کۆنەکانی سلێمانی.

**سالحی ڕەشە:**

کاک ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە نووسەری کتێبی (شاری سلێمانی) بەگوێرەی دەستنووسێکی لای ئیسماعیل شاوەیس بۆی ساغ بووەتەوە کەوا: سالح کوڕی ڕەشە کوڕی مەولوود کوڕی ڕەشید پاشایە و لە کاتی خۆیا لە (دیاربەکر)ی کوردستانی تورکیاوە هاتوون و لە دواییدا لە چوار براوە

(ئەمین ئاغا و ساڵح و عەبدوڕەحمان و ئەحمەد) کوڕانی ڕەشە لق و پۆپیان لێ بووەتەوە. ڕەشەش ڕەنگ هەیە بەناوی باپیریەوە ناونرابێت کە ڕەشید پاشایە و ئەویش پاشایەتییەکەی ڕوتبەی سەردەمی عوسمانی بووە.

ئەحمەد کە یەکێکە لە چوار براکە بوو مووچەخۆری سەردەمی عوسمانی دەنێرڕێتە (مەرگە) و دوای خانەنشینی هەر لەو ناوچەیەدا لەناو عەشیرەتی (شیلانە)دا دەمێنێتەوە بەژن و ژن خواستن پێوەندی پەیدا دەکەن و بۆیە یەکێکی وەک مەجید بەگی یاوەر کە زاوای حەمە ئەفەندی سالحی ڕەشەیە، لەو بڕوایەدایە کە ئەم بنەماڵەیە لە عەشیرەتی شیلانەن. یەکەم بینای سینەمای عەسری لە سلێمانیدا (سینەمای ڕەشید) لە چلەکاندا لەلایەن ئەم بنەماڵەیەوە بنیات نرا. هەروەها کاک ئەکرەم کوڕی مەحموود ئەفەندی کتێبی (شاری سلێمانی) بە دوو بەرگ نووسییەوە کە بریتین لە گەنجینەیەکی زانیاری و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی شاری سلێمانی کە نرخیان تەواو نابێت. وا خەریکی بەرگی سێیەمیشە خوا سەری خات بۆ خزمەتی شارەکە و دانیشتوانی:

– نەوەی مامە ڕەشە کوڕی مەولوود کوڕی ڕەشید پاشا (ئەمین، سالح، عەبدوڕەحمان، ئەحمەد، ئامینەخان و فاطمە خان) نەوەی ئەمین ئاغا (سەعید، رەعنا، ئامینە و فاطمە). نەوەی عەبدوڕەحمان کوڕی مامە ڕەشە (خورشیدە و مەلا ئیسماعیل) و نەوەی مەلا ئیسماعیل (عومەر و خەدیجە). نەوەی ئەحمەدی ڕەشە (حەمەمین فەلاح). نەوەی حەمەمین (حاجی و حمە زیادە).

– نەوەی سالحی ڕەشە (حەمە ئەفەندی، کاکە عارف، مەحموود ئەفەندی، عەلی ئەفەندی، حەلاوە خان و ئامینە خان). نەوەی حەمە ئەفەندی (عەزیز، فوئاد، نەوزاد، خانم، صەبریە و نەسرین). نەوەی مەحموود ئەفەندی (د. کامل، ئەکرەم، ئەنوەر، سەروەر، رزگار، بەهیە، ڕووناک و گەلاوێژ). نەوەی عەلی ئەفەندی (د. سەلاح. بەهائەدین (ئەفسەری پێشوو)، سیروان،

عصمەت، و نعمەت و شەوبۆ). – ئەوەی شایانی باسە، ئامینە خان خێزانی مامە ڕەشە و دایکی سالحی ڕەشە کچی خوشکی ڕەسووڵ ئاغای حەماغای گورونی ڕۆستەم کورەزای زوڵاڵ ئاغایە. واتا ئەم ئافرەتە پووری حاجی فەتاحی قادرە.

**صاحێبقران ( ساحێبقران ) :**

لە بنەماڵە هەرە کۆنەکانی سلێمانین. ساحێبقران (واتا خاوەن نگین، بە عەرەبی: المتجلی، ذوحظ) ئەمانەیش لە قەڵاچوالانەوە هاتوونەتە سلێمانی. مەحموود بەگ لە پیاو ماقووڵان و ناسراوەکان بووە و کوڕی محەمەد بەگی گەورەیە کە گوایە یەکێک بووە لە دوازدە سوارەی مەریوان. جگە لەو دووانە پیاوی گەورە و شاعیر و ئافرەتی لێهاتوو لەم خانەوادەیە هەڵکەوتوون، وەک عەبدولڕەحمان بەگ (سالم) و مستەفا بەگی (کوردی) و ئەحمەد بەگی ساحێبقران (حەمدی) و سالح زەکی بەگ و خانمی ژنی وەسمان پاشای جاف (عادلە خانم).

– نەوەی ئەحمەد بەگی گەورە کە ئەویش شاعیر بووە و نازناوی شیعری (شەوقی) بووە:

(محەمەد بەگی قەرە جەهەننەم کە ئەویش باوکی عەبدولڕەحمان بەگی (سالم)ە و (مەحموود بەگ)ە[١٢]. نەوەی مەحموود بەگ (ئەمین بەگ لە مەککە

١٢. ئەم درەختە ئامادە کرابوو کە نەخشەکەی ئیسماعیل بەگ و کاک حەمە بۆر کردبوویان، گەیشت و سوودی باشی لێ وەرگیرا. تەنها تێبینییەک هەیە لەسەر مامۆستای بەڕێز (شوکروڵلا بابان) کە گوایە لە نەوەی حاجی داودخانە و ئەویش کوڕی ڕۆستەم و ڕۆستەمیش کوڕی حەمە بەگی قەرەجەهەننەم باوکی سالمی شاعیرە. بێگومان (انتماء)ی هەر کەسێک لە باوکەوە تەنها بۆ یەک بنەماڵەیە نەک دوو. مامۆستا شوکروڵلا لەگەڵ هەموو ڕێزێکمانا لە خزمەتیا، ئەگەر بابان بێت نابێ ساحێبقران بێت و ئەگەر ساحێبقران بێت نییە، بەڵام ئەگەر لە دایکەوە (انتماء)ی بۆ هەر لایەک بێت ئەوە نابێ بە (انتماء)ی عائلی.

وەفاتی کردووە و نەوەی لەوێ هەیە) و حەمید بەگ (چووە بۆ ئێران. باوکی قادر بەگی حاکمی سنە کە ئەویش باوکی عادلە خانم ژنی وەسمان پاشای جاف و دایکی تاهر بەگ و ئەحمەد موختار بەگی جاف) و داود بەگ و ئیبراهیم بەگ. نەوەی داود بەگ (عوسمان بەگ و حاجی حسین بەگ). نەوەی عوسمان بەگ (شەوکەت بەگ و حامد بەگ و مەحموود بەگ). نەوەی شەوکەت بەگ (شیروان ئەفسەری پێشوو، جیهان، بەیان، عوسمان و ڤیان). نەوەی حامد بەگ (جەلال و جەمال). نەوەی جەلال (دڵشاد، خەسرەو، حامد نەریمان، ئەفراسیاب و ئازاد). نەوەی جەمال (شێرزاد و محەمەد، ئازاد و نەوزاد).

– نەوەی حاجی حسێن بەگ کوڕی داود بەگ کوڕی مەحموود بەگ (سالح زەکی بەگ و داود بەگ) نەوەی سالحی زەکی بەگ (یونس، سەلاحەدین، ئەمیر، تەیموور و شامل). نەوەی داود بەگ (شوان، شاسوار، یوسف و شەهلا، شەهێن، شاگوڵ، شادی).

– نەوەی ئیبراهیم بەگ کوڕی مەحموود بەگ کوڕی ئەحمەد بەگی گەورە (فەتاح بەگ). نەوەی فەتاح بەگیش (تۆفیق بەگ، ئەحمەد بەگ (حەمدیی شاعیر) و نووری بەگ).

– تۆفیق بەگ باوکی ئیبراهیم ئەویش باوکی (خالد و ماجد و تەیمور)ە.

– نەوەی ئەحمەد حەمدی بەگ (عومەر بەگ، عوسمان بەگ، (ئەفسەری پێشوو) و تۆفیق و رەفیق).

– نەوەی عومەر بەگ (هیوا) و نەوەی عوسمان بەگ (سەردار و سالار)ە.

– نەوەی نووری بەگی فەتاح بەگ (باقی بەگ، عەباس بەگ، قادر بەگ، ئیسماعیل بەگ، کەمال بەگ و جەمال بەگ). نەوەی باقی بەگ (سەرتیپ) و نەوەی عەباس بەگ (رەنج و چیا). نەوەی قادر بەگ (ئامانج، دوارۆژ و بڵێسە) و نەوەی ئیسماعیل بەگ (سەرهەنگ و گزنگ و مستەفا) و نەوەی کەمال بەگ (سالم و سیروان) و نەوەی جەمال (کامەران).

**سائب:**

بنچینەیان لە مەلا حەسەنی قەرەداغییەوە دەست پێ دەکات کە باوکی مەلا قادرە. مەلا ئەحمەد سائب کوڕی مەلا قادرە و لە کاتی خۆیا لە دێی (سەویسێنان)ی ناوچەی قەرەداغەوە هاتوونەتە سلێمانی. مەلا ئەحمەد قازی هەڵەبجە و هەندێک شوێنی تر بووە. ئەم بنەماڵەیە گەلێک پیاوی ناسراوی تیا هەڵکەوتووە لە شاعیر و ئەدیب و نووسەر: وەک عارف سائب کە شاعیر و لە دیوانی حکومەتەکەی شێخ مەحموودا فەرمانبەر بوو. جەمیل سائب چیرۆکی (لە خەوما)ی نووسیوە مستەفا سائب نووسەر بووە و لەگەڵ تاهر بەهجەت مەریوانی لە بیستەکان و سییەکانا گەلێک کتێبی کوردییان بە چاپ گەیاند بەناوی (کوردی و مەریوانی)یەوە. شەماڵ سائب کوڕی جەلال سائب هونەرمەندێکی هەڵکەوتووبوو لە مەیدانی گۆرانی و عوود و نواندندا. ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە:

مەلا قادری مەلا حەسەن چوار کوڕ و دوو کچی هەبووە:

ئەمین، مەلا سەعید، مەلا ئەحمەدی سائب و حاجی مەحموود.

– نەوەی مەلا ئەحمەد سائب کە خۆشی شاعیر بووە ئەمانەن: جەلال، هادی، ئەنوەر، عارف، مستەفا، رەؤوف، نووری، جەمیل لەگەڵ هەشت کچ.

– نەوەی جەلال سائب (کەمال هەر بە گەنجی ڕۆیشت، گەلاوێژ (سوهەیلە)، جەمال، شاباڵ، پرشنگ (لەیلا) شەماڵ (هونەرمەند)، نهال.

– هادی سائب تەنها (هیوا)ی هەیە. ئەنوەر سائب (سەرمەد و خلوود)ی هەیە.

– نەوەی جەمیل سائب: محەمەد عەلی (باوکی تەنیا)، محەمەد کامل، فەوزی، (باوکی برووسک و لانە)، نەژاد، نەوزاد، ئازاد (باوکی میران و ئالان)، بەهزاد (باوکی محەمەد)، شازادیش (بینا و شیرین)ی هەیە.

سەرچاوە: کاک فائق هوشیار.

**شێخ عەبدوڵڵای هەولێری:**

ئەم بنەماڵەیە هەرچەند لە بنچینەدا هەولێرین، بەڵام پیاوی گەورە و ناوداریان هاتوونەتە ناوچەی سلێمانی و تێکەڵاوی دانیشتوانی شارەکە بوون. شێخ عەبدوڵڵا خۆی لە گەڕەکی دەرگەزێن مزگەوتی (دوو دەرگا)ی دروست کردووە و خۆی (ئیمام و خەطیب)ی بووە. شێخ ئەحمەد مختاری قازی کوڕی شێخ عەبدوڵڵایە و ئەویش بەینێکی زۆر قازی سلێمانی بووە. ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە کە لە کاک نووری مەجید سەلیم ئاغا وەرگیراوە کە زاوای ئەحمەد مختاری قازییە.

غیاث ئەلدین کە ساڵی ١٥١٤ ک. کۆچی کردووە کوڕێکی بووە ناوی عەلی ئەویش کوڕێکی بووە محەمەد. محەمەد دوو کوڕی بووە ئەبولحەسەن و عەلی و ئەبوبەکر محەمەد (خەطیبی هەولێر). ئەبولحەسەن ئیبراهیمی بووە و ئەویش ئەبو محەمەد عەبدوڵڵا. ئەبو بەکر محەمەد (عەبدوڵلا)ی بووە و ئەویش عومەر و عوسمان و شێخ عەبدوڵڵای ئەربیلی کە ساڵی ١٨٣٤ کۆچی کردووە. شێخ ئەحمەد عەبدولفەتاح و عەبدوڵڵای بووە، شێخ عەبدوڵڵاش باوکی ئەحمەد موختاری قازییە کە ساڵی ٩٥٣ کۆچی کردووە. ئەویش باوکی ئەمجەد و ئەسعەد لەگەڵ شەش کچ.

**حاجی عەبدوڵڵای درێژ:**

ئەم بنەماڵەیە لە حاجی عەبدوڵڵای حاجی ئاغا سالحەوە دەست پێ دەکات کە بە حاجی عەوڵای درێژ بەناوبانگ بووە بەوەدا کە پیاوێکی کەڵەگەت و بە شکۆ بووە هەروەها پیاوێکی بە ئاین و خێرکەر بووە، هاوتەمەنی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بووە. گوایە (منارە)ی مزگەوتی گەورە ئەو دروستی کردووە و خۆشی وەک کرێکار ئیشی تیا کردووە. هەروەها (خانی عەجەم) ئەو بنیاتی ناوە و موڵکی خۆی بووە. لەبەرئەوەی کە ئەم پیاوە خۆشەویستی

کاک ئەحمەدی شێخ بووە و خۆشی ویستووە پێش وەفاتی وەسیەتی کردووە کە ئەویش دوای وەفاتی لە تەنیشت خۆیەوە لە مزگەوتی گەورە بنێژرێ. ئێستا گۆڕەکەی لەوێیە و ساڵی وەفاتی ١٣٢٢ی کۆچییە.

وەک وتمان حاجی عەولا خاوەنی خان و دووکانێکی زۆر بوو لە شارەکەدا و حاجی ئاغا فەتحوڵڵا کە کوڕی گەورەی بووە، لە خانەکەدا دانیشتووە، بۆیە ناوی ئەوی بەسەردا بڕاوە. ئاغا فەتحوڵڵا یەکێک بووە لە سەرۆکەکانی شارەوانی سلێمانی.

حاجی عەبدوڵڵای حاجی ئاغا سالح ئەم کوڕانەی هەبووە:

حاجی ئاغا فەتحوڵڵا، ئیبراهیم ئاغا، حەماغا، حەمەميناغا.

– حاجی ئاغا فەتحوڵڵا: کەریم ئاغا و تۆفیق ئەفەندی هەبووە.

– نەوەی تۆفیق ئەفەندی ئەمانەن: (د. جەلال کە دەمێکە لە هەندەرانە، خەسرەو، دارا، فەرەیدوون، کاوس، ئەختەر، نازەنین، پاکیزە، چلچرا، ناسک، ئاتە و ژیان). دارا (لەیلان و سەیران و سۆزان و دلێری هەیە). فەرەیدوون (بڵند و شەرمن و بانۆ و سروود)ی هەیە. کاووس (نوخشە و زەردەشت و شارا)ی هەیە.

– حەمەميناغا (نووری، حەمە رەشید، خەسرەو فوئاد) فوئادیش (شوان و سامان و حەمە و...)ی هەیە. کوڕەکانی نووری: (د. ئومید، ئازاد، ئاوات) و کوڕی کاک حەمە ڕەشید ئاشتی و کچەکانیشی د. خۆشی و تارا.

سەرچاوە: خسرەو و فرەیدوونی تۆفیق ئەفەندی.

**عەبدولقادر شەوقی:**

زۆربەی ئەندامەکانی ئەم بنەماڵەیە قسەنەستەق و قسەخۆش و زیرەک و وریان وەکو خوا لێخۆشبوو مەحموود شەوقی و ئەحمەد شەوقی و (خوا دەست بە تەمەنیەوە بگرێ کاکە هەڵکۆ). جگە لەوە چەند کەسێکی توانا و

هونەرمەندیشیان تیا هەڵکەوتووە وەک ئازاد شەوقی فڵچە ڕەنگین.

عەبدولقادر شەوقی کوڕی مەحموود سێ کوڕی هەبووە: مەحموود و ئەحمەد و عەبدولغەفوور.

– نەوەی مەحموود شەوقی: ئازاد، رزگار، گەلاوێژ، شێرزاد، وریا، پرشنگ، رووناک، نازەنین، پەریخان، کامەران، ئاراس، سەرچڵ، نەهرۆ و فریاد (خوا بەرەکەتیان تێ خات).

– نەوەی ئەحمەد شەوقی: نەژاد، سەلاح، دڵشاد، شێرکۆ، سمکۆ، شەوبۆ، هەڵکۆ، سەرکۆ، شلێر و کوردۆ (ئەمانیش خوا زیادیان کات. ئامین).

– نەوەی عەبدولغەفوور: هوشیار، سەردار، سالار، سەرکەوت، پەروین و شیرین.

سەرچاوە: کاکە هەڵکۆی ئەحمەد شەوقی.

**حاجی عەبدوڵڵای جەبار:**

حاجی ئەولا کوڕی حاجی محەمەد کوڕی حاجی ئیسماعیلی جەبار، باپیرە گەورەیان لە دێی (دۆڵپەمو)ی ناحیەی سرۆچک سەر بە ناوچەی شارباژێڕەوە هاتوونەتە ناو شار. زۆربەی ئەم بنەماڵەیە هەر بە کاروباری بازرگانییەوە لەناو بازاڕدا ئیشیان کردووە.

حاجی قادر ناوبانگی بەخێرکەر دەرکردبوو، مانگانەی بۆ فەقێ و مەلا و قوتابییە ئاینییەکان دەبڕیەوە جگە لە یارمەتی لە چاپدانی کتێبە ئاینییەکان. یەکێک لەوانە کتێبی (اقتران النيرين في مجمع البحرين. دانراوی مەلا ڕەشید بەگی بابان، ئامادەکردنی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم. لەسەر ئەرکی حاجی عەبدولقادری حاجی عەبدوڵڵای جەبار. چاپی یەکەم ساڵی ١٩٧٣ز –١٣٩٣ک لە چاپ دراوە). ئەمە لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسرابوو.

حاجی محەمەد سێ کوڕی هەبووە: مەلا ئەحمەد، فەرەج و حاجی قادر.

– فەرەج: (ئەحمەد و مستەفا)ی هەبووە. مستەفا (عەبدوڵلا و محەمەد و جەمال)ی هەبووە

– نەوەی حاجی قادر: حاجی عەبدوڵڵا (باوکی محەمەد و تەها) و حاجی جەبار (باوکی ئەحمەد و عەلی) و حاجی عەبدولسەمەد (باوکی ئەرقم) و حاجی عەبدورەحمان (باوکی محەمەد و عەبدولقادر و ئالان) و کچیش گەلاوێژ ڕووناک و ڕووپاک و گوڵاڵەی هەیە.

سەرچاوە: حاجی ئەوڕەحمانی حاجی قادری جەبار.

**عەبدوڵڵا بەگی کاتب فارسی – گۆران:**

عەبدوڵڵا بەگی کاتب فارسی باپیری عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیری بەناوبانگە. ئەم پیاوەش شاعیر و نووسەری دیوانی وەسمان پاشای جاف بووە و لەبەرئەوەی ئەو دەمە نووسین هەر بە زمانی فارسی بوو، بۆیە نازناوی (کاتب فارسی) لەلایەن ئەهلی دیوانەوە بۆ هەڵبژێرراوە. هەروەها دوای عەبدوڵڵا بەگ خۆی، سلێمان بەگی کوڕی ئەو ئەرکەی باوکی گرتووەتە سەرشان لە دیوانی پاشای جافدا و ئەویش وەک باوکی هەر شاعیر و نووسەر بووە بەجۆرێک ئەو دوو شاعیرە گەورە بەرزانەی بنەماڵەی بەگزادەی جاف (تاهر بەگ و ئەحمەد مختار بەگ) کوڕانی وەسمان پاشای جاف و کوڕانی خانم یاخۆ عادلە خانمی ساحێبقران، زیاتر لەسەر دەستی سلێمان بەگدا پێگەیشتوون. جا گۆرانی لەمەڕ خۆمانیش کە ئەوە باوک و ئەویان باپیری بێت، چۆن بەوجۆرە هەڵنادا و پێ ناگات کە لە هەمووانەوە دیار بێت و لە گشت لایەک ناسراو بێت.

عەبدوڵڵا بەگی گۆران کوڕی سلێمان بەگ کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کاتب فارسییە و دایکی گۆران (فەهیمە خان) خوشکی حامد ئەسعەد و ئەوانە کە لە شوێنێکی تری درەختەکانی ئەم کتێبەدا ناویان هاتووە. هەر بەمجۆرە بە

خزمایەتی لەگەڵ حامد بەگ مەجید بەگ جافدا خاڵۆزا و پوورزان. ئەمەش درەختەکەیانە: عەبدوڵڵا بەگ گۆران کوڕی سلێمان بەگ کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کاتب فارسی ئەمانەی هەبووە: هۆگر، ئەژی (شاعیر)، هەڵۆ، هێرۆ، داود، فەرهاد و شاهۆ.

**عیرفان:**

مێژووی ئەم بنەماڵەیە زیاتر لە مەلا عەبدوڵڵای عیرفانەوە دەست پێ دەکات کە زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی و شاعیرێکی ناسراو بوو. جگە لەوەی شارەزاییەکی تەواوی لە زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسیدا هەبووە سەرەڕای زمانی کوردی کە زمانی خۆیەتی. هەروەها لە زانستدا شارەزایی هەبووە بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی کە لێی هەڵێنجاون.

عیرفان خۆی مامۆستا و مەلای مزگەوتی (بن تەبەق) بوو، جگە لەوەی دەرسی بە قوتابیانی قوتابخانەی (رەشدیەی ملکی) وتووەتەوە و مێژووناسی گەورەی کورد ئەمین زەکی بەگ یەکێک بووە لە قوتابییەکانی. ساڵی ١٩١٤ فرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە. لە پیاوە ناسراوەکانی تری ئەم بنەماڵەیە (جەمال عرفان) کە بە (منور)ی سەردەمی خۆی دادەنرێ، بەڵام لە سەردەمی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفیدا کوژرا کە شێخ ئەمەی بەلاوە زۆر ناخۆش بوو. عادل کوڕی جەمال عیرفانە.

هەروەها عەلی عیرفان و عزەت محەمەد (عزەت تل) و فاضل عیرفان لەم بنەماڵەیەن.

**تێبینی:** وەک لە شوێنێکی ترا وتراوە داوای درەختەکەیان لە کاک سەلاح عەلی عیرفان کرا بەداخەوە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

**عەزیز ئاغای ڕەسووڵ ئاغای حەماغا:**

ئەم بنەماڵەیە لە (حەماغا) وە دەست پێ دەکات کە خەڵکی دێی (دارەشمانە)ی ناوچەی پشدەرە. حەماغا باوەڕپێکراوی بابانەکان و (ئەمیندار) یان بووە، بۆیە هەندێک لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە (نەک هەموویان) نازناوی (خەزنەدار)یان بۆ خۆیان داناوە.

– نەوەی ڕەسووڵ ئاغای حەماغای دارەشمانە: عەزیز ئاغا و ئەحمەد ئاغان.

– نەوەی عەزیز ئاغا: مەجید، تۆفیق، ڕەشید.

– نەوەی مەجیدی عەزیز ئاغا مستەفا[١٣]، ڕەشید، عومەر، عەلی.

– نەوەی مستەفا مەجید، سۆران، سامان، سیروان.

– نەوەی عومەر مەجید: عەبدولکەریم، شوان.

– نەوەی عەلی: هێرش.

– نەوەی تۆفیقی عەزیز ئاغا: ئەحمەد و مەحموود و فائق.

– نەوەی ئەحمەد تۆفیق: لەتیف، شەوکەت، شوان، بەهائەدین، سەلاح، رزگار و نەوزاد.

– نەوەی مەحموود: پۆلا و پشکۆ و پەروا.

نەوەی ڕەشیدی عەزیز ئاغا: جەلال، مەدحەت، محەمەد.

– نەوەی جەلال: بەکر و عەبدولعەزیز.

– نەوەی مەدحەت: ئەنوەر، د. سەربەست، سەرکەوت و ئەکرەم.

---

١٣. ئەم زانیارییە لە کاک مستەفا مەجید وەرگیراوە بە نامەیەک کە هی ڕۆژی ١٩٩١/١١/١٠ و هەڵگیراوە، کاک مستەفا (مدیری تاپۆ – تسجیل عقاری). بوو. چەند کتێبێکی قانوونی و شرحی لە بابەت قانوون – یاساکانی تسجیل عقاری داناوە کە زۆر بە نرخن.

– نەوەی قادر ئاغای ئەحمەد ئاغای ڕەسووڵ ئاغا: د. مارف خەزنەدار، جەمال خەزنەدار، جەودەت.

**حاجی مەلا عەلی – مەلا وەسمان:**

مەلا وەسمان کوڕی حاجی ئیسماعیل کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا فاضل کوڕی مەلا حسێن کوڕی مەلا میرەیە. بنەماڵەکەیان لە دێی (دەرگەزێن)ەوە هاتوون لە نەوەی (بابا تاهری هەمەدانی – واتا بابا طاهر عوریان)ن. مەلا فاضل لە دەوروپشتی ساڵی ١٧٢١ز دا هاتووەتە جیهانەوە، پیاوێکی ئاینی و ڕێبازی (نەقشبەندی) گرتووە و هاتووەتە قەڵاچوالان و دوای دروستکردنی سلێمانی ئەویش لەگەڵ میری باباندا هاتووە و لەگەڵ بنەماڵەکانی ترا پێکەوە گەڕەکی دەرگەزێنیان لە شاری سلێمانی ئاوا کردووەتەوە و تیا دانیشتوون. مزگەوتیان بۆ دروست کردووە کە ئەمڕۆ بە (مزگەوتی مەلا مەحموود) بەناوبانگە کە کوڕی حاجی عەلی کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا فاضلە. دوای مەلا فاضل مەلا ئەحمەدی کوڕی (١٧٥٦ – ١٨٠٣ز) شوێنی گرتووەتەوە کە ئەویش سێ کوڕی هەبووە وەک لەمەودوا دەردەکەوێت.

ئەم خانەوادەیە زیاتر خەریکی ئاینداری و ڕابەریی خەڵک بوون و پیاوی زانا و شاعیریان تیا هەڵکەوتووە وەک:

(١) مەلا وەسمان خۆی پیاوێکی ئەدیب و شاعیر و نووسەر و نازناوی شیعری لە پێشا (حەزین) دوای ئەوە (فائق) و دیوانی شیعری چاپ کراوە و شیعری بە عەرەبی و فارسی و کوردی هەیە و لەقەبی شێخیەتی (عیمادئەلدین) بووە.

(٢) حاجی مەلا عەلی لەقەبی شێخیەتی (جەلالەدین)ە.

(٣) مەلا سالحی مەلا وەسمان شاعیر بووە و نازناوی شیعری (شەیدا) بووە.

(٤) مەلا ئەحمەدی مەلا ساڵح شاعیر بووە و نازناوی شیعری (حیلمی) بووە.

(٥) مەلا ئەبوبەکر شاعیر بووە نازناوی شیعری (فیکری) بووە.

ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە وەک لە خوا لێخۆشبوو مەلا جەلالی مەلا ئەحمەدی مەلا ساڵح لە ڕۆژی ٩٦٠/٧/٣٠دا لە شێوەی نامەیەکدا وەرگیراوە.

نەوەی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا فاضل کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا میرە: (حاجی علی ١٧٩٠ – ١٨٦٩) و (حاجی ئەلیاس) و (حاجی ئیسماعیل ١٧٩٠ – ١٨٦٩).

– نەوەی حاجی ئیسماعیل (مەلا وەسمان، مەلا ئەحمەد، مەلا سلیمان، حاجی ئەلیاس، حاجی غەنی و حاجی عەزیز). نەوەی مەلا وەسمان (حاجی مەلا عەلی و مەلا ساڵح (١٨٥٥ – ١٩١٨).

نەوەی مەلا ساڵح (مەلا ئەحمەد ١٨٨٥ – ١٩٥١) و (مەلا ئەبوبەکر (١٨٨٧ – ١٩٤٩) و (مەلا ڕەؤوفی سەعاتچی). مەلا ئەحمەد (مەلا جەلال و مەلا کەمالی پارێزەر)ی هەبوو. مەلا جەلال (شیروان و عوسمان) و مەلا کەمال (ئاریاس، هۆشەنگ، هاوڕێ و خەسرەو)ی هەبوو. مەلا ڕەؤوف (عەطوف و ئەدیب و نەجیب)ی هەبوو.

**عەلی کەمال:**

کەم کەس لە میللەتەکەمانا لە خواپێداوەکان و دەستڕۆیشتووەکان وێنەی عەلی کەمال هەیە کە لە هەموو ڕوویەکەوە خزمەتی کردبێ. عەلی کەمال یەکەم دەوڵەمەندی دەست کراوە و بەرچاو فەرەح و پیاوێکی پیاوانە و بەخشندە، کە هەمیشە ئامادەبوو بۆ یارمەتی هەژار و لێقەوماو و قوتابی و دەزگا نەتەوەییەکان، هەر لە ناردنی قوتابی بۆ خوێندن و بەتایبەتی بۆ

دانشگای (ئەزهەر) لە قاهیرە و یارمەتیدانی گۆڤاری گەلاوێژی هەرە بە نرخ کـە لە ١٩٣٩– ١٩٤٩ لـە بەغـدا دەردەچوو، جگە لە بڕینـەوەی مـانگانـە بۆ قـوتابیـان و دروسـتکردنی (شـوێنی چاودێری هەژار – تـەمـەڵخـانە) و (مستوصف) و مزگەوتێکی هەرە گەورە و بەرین لە ژوور شاری سلێمانییەوە و دەیەها خـزمـەت و یـارمـەتی تر کـە لە کـتـێـبی تایبـەتیـدا دوور و درێژ ئەو خزمەتانەی باس دەکرێت.

پێش کۆچی دوایی وەسـیـەتنامەیەکی لە مـەحکەمەدا نووسیوە کە سێیەکی هەمـوو مـوڵکەکـانـی تەرخـان کـردووە بۆ یارمـەتـی قـوتـابی و لیـژنەیـەکی (وەسیـەتنامەی) داناوە بۆ سـەرپەرشتیکردنی ئەو وەسـیـەتەی. ئەمـانە هەموو نموونەی خزمەت و بەخشندەیی ئەم پیاوەن.

عـەلی کـەمـال دەسـتـێکی بـاڵای هەبوو، لە دامـەزراندنی شـاری (بغـداد الجدیدة) لەگـەڵ باقی هاوڕێکانیـا. بەڵام شـاری (کـەمـالیـیـە) لە بەغـدا هەر لەسـەر زەویوزاری عـەلی کـەمـال دروست کـرا و بەنـاوی ئەویشـەوە ناونرا (کەمالییە).

عەلی کەمال خۆی ناوی عەلییە و کەمال سەرناوەیەتی کوڕی عەبدوڕەحمان کوڕی حاجی قادر کوڕی حاجی قاسم ئاغا لە بنەماڵەی ( وهاب)ە. قاسماغا لە کاتی خـۆیا لە (قنطرة الذهب – ئاڵتوون کۆپری)یەوە هـاتووەتە سلێمـانی. لە دایکەوە دەچێتـەوە سـەر بنەمـاڵەی فەقێ مـەحـموود. واتا سـەعیدی فـەقێ مەحموود، خاڵی عەلی کەماله و کوڕەکانی کاک سەعید مستەفا و محەمەد و جەلال دەبن بە خاڵۆزای. هەروەها لەگەڵ قادر قەزازدا پوورزان. عەلی کەمال سـاڵی ١٩٠٠ هـاتووەتە دنیـاوە. لە کـاتی خـۆیـا لە (ئاسـتـانە) خـوێندوویەتی و ئەفسـەر دەرچووە و دوای گـەڕانەوەی بۆ عێراق بوو بە (معـاون ئینجا مدیری پۆلیس) دوای ئەوە وازی لە ئیشی میری هێناوە و بوو بە نوێنەری سلێمـانی لە پەرلـەمـانی عـێـراقـدا لە هەمـاند کـاتدا بە کـڕین و فـرۆشـتـنی زەویوزار دەوڵەمەند بووە.

عـەلی کـەمـال لە ١٩٩٨/٨/١دا لە لەنـدەن فـەرمـانـی یەزدانی بەجـێ هێناو لەسـەر وەسیەتی خـۆی تەرمەکـەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی کە بە ئاهەنگێکی مـاتەمـیـنـی زۆر چڕ لەلایەن دانیـشـتـوانی شـارەکەوە پێشـوازی لێ کـرا و لە مزگەوتەکەی خۆیا نێژرا.

عـەلی کـەمـال تەنهـا کـوڕێکی هەیە (صـبـاح) لەگـەڵ دوو کچ سـاهیـرە و نەسـرین کە شـوویان کـردووە. صـباح کـوڕێکی هەیە مـحـەمەد لەگەڵ دوو کچ ئەوانیش بە شـوون.

**عەلەکە:**

ئەم بنەمـاڵەیە لە بـرا دیانەکـانـی سلێـمـانـین. عـەلەکـە کـوڕی ئەلیـاس کـوڕی پۆلیس کـوڕی ئیبـراهیـمـە. لە بنەڕەتا لە گـوندی (ئەرمـوطە)ی نزیک کـۆیەوە هـاتوونەتە سـلێـمـانی. عەلەکە سـاڵی١٨١٥ هـاتووەتە دنیـاوە، ئیشی کـڕین و فـرۆشـتـنی (جـاو) بووە. لە دوایـیدا کـاروبـاری بـازرگـانی لەگـەڵ بەغدا دەست پێ کـردووە و کـوڕەکـانیـشـی خـسـتـووەتە ئیـشـەوە تـا سـاڵی ١٩٥٠ وەفـاتی کردووە لە کڵێسـەی سلێمانیدا نێژراوە. عەبدولکەریم عەلەکە کوڕی ناسراو و دیاری ئەم پیاوەیە کە وەک لە شوێنی تری ئەم کتێبە و گەلێک کتێبی تردا باسـی هـاتووە وەزیری دارایی سـەردەمی حکوومـەتەکـەی شـێخ مـەحـمـوود بووە. (تا لێرەدا لە کاتی خۆیدا لە جەنابی ئیسحاق عەلەکە وەرگیراوە).

درەخـتی بنـەمـاڵەکەشـیـان لـەلایەن برای بەڕێز ئەکرەمی سـالحی ڕەشـەوە پێـمـان گـەیشـتـووە کـە ئەویش لە (نەوال ئیـسـحـاق عـەلەکـە)ی وەرگرتووە کە بەمجۆرەیە:

- نەوەی عـەلەکـە کوڕی الیـاس کـوڕی پۆلص: عـەبدولکەریم، عـەبدوڕەحیـم، رزوقی، فرنسیس، بربارە و خانم.

- نەوەی عـەبـدولکەریم: عـەبدولـەسـیح، ملک، زمـرود، بەهیـە، زەکـیـە، نەسیمە، نصوری، شاکر و ئصطیفان.

– نەوەی رزوقی: جەمیلە، مەجید و نعومی.

– نەوەی فرنسیس: بەشیر، شەوکەت و نەجیبە.

ئەوەی شایانی باسە ئیسحاق عەلەکە (باوکی نەوال و نەجات و نەجلە و نەبەز) لەگەڵ ئەڵلا وێردی: کوڕی بربارەن و لە باوکیشەوە هەم دیسان عەلەکەن.

ئینجا بگەڕێینەوە سەر پۆلص ئیبراهیم کە باپیری عەلەکەیە.

– پۆلص بێجگە لە ئەلیاس عەلەکە (بطرس)یشی هەبووە.

– نەوەی بطرس (ئەسکندەر و یوسف)ن.

– نەوەی ئەسکەندەر: بطرس، هەدیە، نەجیب، جەمیل، جەلیل، خەلیل، مەسیح، لەطیف، ئەنوەر و فوئاد.

– نەوەی بطرس ئەسکەندەر: عایدە، عالیە و شادیەن.

– نەجیب (نەبیل، نادیە و ریاض)ی هەیە.

– جەمیل (پەری و پەیمان)ی هەیە. جەلیل (ئیمان و جیهان و غەسان)ی هەیە.

– خەلیل (سروە، ڤیان، نزار و دیار)ی هەیە. لەتیف (دیاری، دالیا، لیندا و زیاد)ی هەیە.

ئەنوەر (ئاسۆ و ئاری) و فوئاد (لەنجە، لانە و شوان)ی هەیە.

**عەنبەرخان:**

ئەم بنەماڵەیەش یەکێکە لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی عەنبەر خانیش خێزانی محەمەد سالح و دایکی حاجی کەریمی عەنبەر خان و براکانیەتی.

– نەوەی محەمەد سالحی حاجی محەمەد ئەمانەن: مەلا ئەحمەد، حاجی مارف، حاجی کەریم.

– مەلا ئەحمەد دەبێت بە باوکی حەبیبە خان کە دایکی شێخ محەمەدی خاڵە.

– حاجی کەریم دەبێت بە باوکی مەلا ڕەسووڵ و حەسەن.

– مەلا ڕەسووڵ باوکی فەتاح و جەمیل. فەتاح باوکی کامەران و جەمیل باوکی سامان.

– حسنی حاجی کەریم باوکی سۆران و گۆرانە.

– نەوەی حاجی مارفیش ئەمانەن: میرزا غەفوور و مەلا حسێن و حاجی محەمەد.

نەوەی میرزا غەفوور: نووری، ئەحمەد، عەزیز، کەمال، جەمال، قومری، ناهیدە و پەخشان.

– نووری باوکی (شیراون و شوان) و ئەحمەد باوکی (نەبەز، سەرباز، سەربەرز، هاوڕاز، هەرێز).

– کەمال باوکی (تێبین و توانا) و عەزیز باوکی (کاروان) و جەمال باوکی (شەوێن و شوان و بەرزان)ە.

– مەلا حسێن باوکی (حەسەن و حەسیب و نەجیب و ئەدیب)ە.

**مەلا عەلی مەڵکەندی:**

حاجی مەلا عەلی کوڕی حاجی عەبدوڵڵا کوڕی حەمەمیناغا کوڕی حەسەناغا کوڕی جبرائیلاغای کوڕی سبحاناغایە، ئەو سبحاناغایەی کە سەراوی سبحاناغای نزیک سەید سادقی بەناوەوەیە و کانی و چەمێکە لە ناوچەی شارەزووردا. دایکیشی عەنبەر خاتوون کچی مستەفای کوڕی حەسەن ئاغایە. حاجی مەلا عەلی پیاوێکی ئاینی و ڕاست و پاک بووە. چەند و چۆنێکی لەگەڵ مێجەرسۆندا بووە کە لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی جەمال بابان (سلێمانی: شارە گەشاوەکەم) (لاپەڕە ٩٢) بڵاوکراوەتەوە کە ئەوپەڕی پیاوەتی و کردەوەی جوانی ئەم پیاوە پیشان دەدات.

– نەوەی حاجی عەبدوڵڵای حەمەمیناغا ئەمانەن: محەمەد، عەبدوڕەحمان،

مەلا کەریم، مەلا عەلی مەڵکەندی، ئامینە، ڕەحمە و حەبیبە.

– نەوەی مەلا کەریم: حەمە سالح و مەلا قادر: نەوەی مەلا قادر، صەمەد، عوسمان، بەکر، نووری، عومەر و هەیبەت.

– نەوەی مەلا عەلی مەڵکەندی: غەفوور ئەفەندی و ڕابیعە خان. ئەوەی شایانی باسە حاجی ئیبراهیم (چاوشووشە) برای ڕابیعە خانە لە دایکەوە.

سەرچاوە: نامەیەکی تایبەتی مامۆستا غەفوور کوڕی مەلا عەلی ڕۆژی ٩٧٥/٧/٣٠ کە ناردوویەتی. هەر لەم بابەتەوە چەند پرسیارێک لە خوشکی بەڕێز ڕابیعە خان کرا وەڵامێکی ئەوتۆی نەدایەوە.

**غەفوور ئەفەندی:**

غەفوور ئەفەندی کوڕی فەتاح ئاغا (فەتاحە سوور) کوڕی مستەفا ئاغای (شیوەکەڵ)ەو ئەویش کوڕی هۆمەراغا کوڕی پیرۆت ئاغایە.

بە قسەی کاک کەمال ڕەشید غەفوور لە دێی (میرەدێ)ی لای دەربەندیخانەوە هاتوونەتە سلێمانی. بەڵام لە بنەچەدا لە ئاغاواتی (شیوەکەڵ)ن. بەمجۆرە ئەبێ باو باپیرانیان لەم دواییەدا هاتبنە میرەدێ لەوێوە بەرەو شاری سلێمانی کۆچیان کردبێت.

ڕەشید ئەفەندی غەفوور پیاوی زیاتر هەڵکەوتووی ئەم بنەماڵەیە کە بە (مدیری ناحیە و قائمقام) لەهەر کوێ بووبێت جێماوی بەجێ هێشتووە و ناوی بە باشی دەبرێت.

ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە:

– نەوەی غەفور ئەفەندی (یاخۆ غەفوور ئاغا) ئەمانەن: سەعید ئەفەندی و سالح ئاغاو ڕەشید ئەفەندی.

– نەوەی سەعید ئەفەندی حەسەن و جەلال.

– نەوەی سالحاغا: مامۆستا حسێن، جەمال و عەلی تۆفیق.

– نەوەی ڕەشید ئەفەندی: کەمال، صەفوەت، سۆران، بۆتان، گوزیدە و نەسرین.

**حاجی فەرەج بەگ:**

هەندێک سەرچاوە ئەم بنەماڵەیە دەبنەوە سەر بابانەکان بەوەدا کە گوایە ئەمانیش (خدر بەگ)ین (خدر بەگی مەرگە) بەڵام کەسێک لە ئەندامی بنەماڵەکە دانی بەوەدا نەناوە.

لە کاتی خۆیدا بەهۆی مامۆستا ئەحمەد هەردیی شاعیرەوە شەجەرەی ئەم بنەماڵەیەمان لە ڕۆژی ١١/٩/١٩٧٠دا دەستکەوت کە ئەویش لە مەجید بەگی حاجی فەرەج بەگی وەرگرتبوو بەڵام درەختی تەواوەتیمان لەم دواییەدا لە خوا لێخۆشبوو (حامد فەرەج) وەرگرت کە بەمجۆرەیە:

– نەوەی محەمەد بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی قولی بەگ: سلێمان بەگ و قادر بەگن.

– نەوەی سلێمان بەگ: ئەحمەد، عوسمان، حاجی فەرەج بەگ، ڕەعنا، میرە و مەحموود بەگ.

– نەوەی ئەحمەد بەگ: فەتاح، شەمسە، عارف، گوڵچین، محەمەد عەلی، حەلاوە.

– نەوەی حاجی فەرەج بەگ: حەمە ڕەشید بەگ، حەمە سەعید بەگ، مەجید بەگ، حاجی عەزیز بەگ، حامد بەگ، و جەمیلە خان.

– نەوەی حەمە ڕەشید بەگ: جەمال: نامق، فکری، بەرقی، ئومید، ئەنیس، پرشنگ.

– نەوەی مەجید بەگ: د. فوئاد. د. ساماڵ (وەزیر)، شەماڵ، نەجیبە، نەزیرە، سروە، شنە، د. پەری.

– نەوەی حاجی عەزیز بەگ: رشدی، شەوقی، شەوکەت، بەختیار، نەمام،

د. کاووس، نەرمین، ناز و نوخشە.

– نەوەی حامد بەگ: شاد، ئاوات. سامان. د. شیرین.

– نەوەی قادر بەگ محەمەد بەگ: حاجی مستەفا بەگ (باوکی ئەحمەد ئەفسەری پێشوو) و ئەمین بەگ و یونس بەگ (باوکی سالح).

**فەرخە:**[١٤]

ئەم بنەماڵەیە لە بنچینەدا لە عەشیرەتی (گروس)ن. (فەرخاغا) یەکێک بووە لە سەرۆکەکانی (گروس)، دوای ئەوەی لەگەڵ برایەکیا ناکۆکی ئەکەوێتە بەینیانەوە لەسەر ئەوە ئەو ناوە بەجێ دەهێڵێ دێتە قەڵاچوالان. دوای وەفاتی (فەرخاغا) لە قەڵاچوالان کوڕەکەی کە (هەمزاغا)ی ناو بووە یاخۆ (هەمزە تۆپچی) شوێنی دەگرێتەوە. کە سلێمانی دروست دەکرێ و قەڵاچوالان چۆڵ ئەکرێت، (همزائاغا)ش دێتە سلێمانی، خزمەکانی لە گروسەکان چەند جار دێن بە شوێنیا بیبەنەوە بەڵام پاشای بابان نایەڵێت و (مستەفا ئاغا)ی برای بەناوبانگ بووە بە مستەفا ئاغای (رەختەوان) و هەر لە مەعیەتی پاشای باباندا بوون.

عومەر ئاغا: مستەفا ئاغا، فەتحوڵڵا و ئاغا و کەریماغا برای بوون و خۆشی چوار کوڕی هەبووە:

(١) مەحموود ئاغا (٢) حاجی برایماغا لە سەردەمی عوسمانییەکاندا سەرۆکی شارەوانی بووە. لە هەڵسانێکی عەشرەتی هەمەوەندا لەسەر داوای

١٤. ئەم زانیارییە لە خوا لێخۆشبوو (عزەت نەجیب) وەرگیراوە بەگوێرەی نامەیەکی وەڵامدانەوەی هەندێک پرسیار لە بابەت بنەماڵەکەیانەوە، نامەکەی بە مێژووی ٩٥٨/٣/٣٠ ناردوویەتی و ئێستاش هەر ماوە. بێگومان لەو ساوە تا ئەمڕۆ وەچەی زۆر کەوتووەتە ناویانەوە داوای شەجەرەمان لە کاک ئەکرەمی کوڕی کرد دوای چەند ساڵێک لە ئەنجامی کۆڵنەدانمانا توانیمان ئەم درەختەی لە ڕۆژی ٩٩٤/١٠/٢٠دا لێ وەگرین بە سوپاسەوە.

عوسـمـانـییـەکـان برایماغـا دەچێ بۆ ئامـۆژگـاری، بەڵام دەبێ بە شـەڕ و لە (کانی شەیتان) شەهید دەکرێ.

(٣) کەریم ئاغا ئـەمیش لە هەرایەکی عوسـمـانییەکانا لەگەڵ پژدەرا لە دێی ماوەت دەکوژرێ.

(٤) عەبدورەحمان ئاغا.

پیـاوە هـەڵکەوتووەکـانـی ئەم بنـەمـاڵـەیە حـاجی فـارس ئـەفـەنـدی کـە لە سەردەمـی عوسـمـانییەکانا بۆ ماوەیەکی کەم سەرۆکی شـارەوانی سلێمـانی بووە. تاهری فەرخە کە باوەڕپێکراوی شێخ مەحموود بوو لە شەڕی دەربەندا شـەهید کرا. هـەروەها (عزەت نـەجیب)و دوای ئەویش ڕەشید نەجیب کە لە سەردەمی مەلیکدا گەیشتە پلەی "متصرف - محـافظ" جگە لەوە کە نووسەر و ئەدیبیش بوو.

(٥) هەر لەم بنـەمـاڵـەیە جـەلال غـەریب ئەفـەندی کـوڕی تۆفـیق کـوڕی تەها. جەلال ئەفەندی باوکی کەمال مامۆستای کیمیا و دانەری چەندەها کتێب و فەرهەنگی زانیاری و باوکی دکتۆر فوئاد و سەلاحە. مامۆستا کەمال باوکی تریفە و تانیا و توانا و تارا و دانایە.

(٦) حەمـە ئەفەندی و عـارف ئەفەندی برای هەر لە بنەمـاڵەی فەرخەن. حـەمە ئەفـەندی باوکی ئەندازیار نووری و (باوکی مـحـەرەم - چیرۆک نووس) و باوکی مامۆستا کەمالە.

عـارف ئەفـەندی باوکی عـەزیز کـە ئەفسـەر بوو لە سـوپادا باوکی فـائق کـە مامۆستای قوتابخانە بوو.

(٧) محەمەد نەزهەت (مێردی ئامەخانی نزهەت).

ئەمـەش درەخـتی بنـەمـاڵەکـەیانە - بەڵام هەمـوویان ناگرێـتەوە تەنها ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە پێمان گەیشتوون.

کوڕەکانی فەرخاغا: ئەحمەد ئاغا و حەمە کێلەچی و عوسماناغا بوون.

- نەوەی عوسماناغا بریتی بوون لە عەباس، هەمزە، عەزیز و حەمەی رەختەوان.

- نەوەی عەباس: عەبدوڵڵا و یونس و عەزیز و محەمەد بوون.

- نەوەی محەمەد کوڕی عەباس: ئەحمەد و سالح و سەعید بوون.

- نەوەی سالحی محەمەدی عەباس: فەتاح و جەلال بوون.

- نەوەی هەمزاغای عوسماناغا: کەریم و عەبدوڕەحمان و حسێن و ئیبراهیم و مەحموود ئاغا و ئەحمەد ئاغا بوون.

- نەوەی کەریمی هەمزاغا بریتی بوون لە: ڕەشید، عەلی، مەجید، حەمدی، تۆفیق و سالح.

نەوەی ڕەشیدی کەریمی هەمزاغا: ناجی و مستەفا و کەریم بوون. نەوەی عەبدوڕەحمانی هەمزاغا: حاجی فارس ئەفەندی کە باوکی حەلاوە خان و بەهیە خان بوو.

نەوەی حەسەنی هەمزاغا: محەمەد بوو. محەمەدیش باوکی مەلا غالب و تاهر و نووری بوو. مەلا غالب باوکی (محمد یاسین و ئەختەر و لەتیفە بوو. نووری باوکی عەبدوڵڵا بوو. مەحموود ئاغای هەمزاغا سێ کوڕی هەبوو: حسێن و نەجیب ئەفەندی و قادر. حسێن باوکی حەماغا و ڕەشید ئاغایە.

نەجیب ئەفەندی باوکی عزەت و عارف و ڕەشیدە. نەوەی عزەت نەجیب (ئەکرەم، ئەنوەر، پاکیزە، فائزە)ن، نەوەی عارف نەجیب (فریدوون، نەورۆز، پرشنگ، درەخشان، فریاد، خەسرەو، بەدیعە و پەخشان). نەوەی ڕەشید نەجیب (سروود، نەوید، ژاڵە، ئومێد و غادە). نەوەی قادری مەحموود ئاغا (عومەر و فەتاح و عەزیز)ن.

- نەوەی حەمەی رەختەوان کوڕی عوسمانی فەرخاغا (مستەفا و فتحوڵلا). نەوەی مستەفای حەمەی رەختەوان (سالح و سەعید و قادر و عەلی و عوسمان). نەوەی فەتحوڵلا حەمەی رەختەوان. (قادر ئاغا و ئەحمەد ئاغا) نەوەی قادر ئاغا (عوسمان ئاغا)یە.

قەزاز:

بنەماڵەیەکی کۆنی شارەکەن. بنچینەیان لە حاجی حەسەنی قەزازەوە دەست پێ دەکات. قەزاز لە قەزازییەوە هاتووە. قەزاز بەگوێرەی فەرهەنگی خاڵ[15] (کەسێکە کە قەراغی چەفتە و مشکی هەڵبەستێ، هەروەها جۆرە نقامێکە).

ئەم بنەماڵەیە پیاوی گەورە و بە دەسەڵات و ئیشکەریان تیا هەڵکەوتووە. هەریەکەیان لەلایەن خۆیەوە خزمەتی شارەکەی کردووە، خزمەتەکەش لە مەیدانی ڕامیاری و ئیداریدا پیاوی وەک سەعید قەزازیان تیا هەڵکەوتووە کە گشت گەلی عێراق شانازی پێوە دەکات بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٥٤دا کە لافاوی ڕووباری دجلە وەختە بوو بەغدا بەرێ و لەسەر ئەوە بڕیار درا بەغدا چۆڵ بکرێ، بەڵام سەعید قەزاز وەزیری داخلیە مەسئولیەتی گرتە سەرشان و بەغدای ڕزگار کرد. هەروەها وەستانی لە (مەحکەمەی شەعب)دا و ئەو قسانەی کە کردنی، کەسێکی تر لە سیاسییەکانی عێراق کە موحاکەمە دەکران زاتی کردنی ئەو قسانەیان نەبوو.

میرزا تۆفیق قەزاز لە مەیدانی ئاوەدانکردنەوە و زەمینە خۆش کردنا یەکەم بوو، یەکەم کەس بوو کە (عیمارە)ی لە شارەکەدا دروست کرد و سەرچنار و سەراوی سوبحاناغای ئاوەدان کردەوە. ڕەمزی قەزاز یەکەم کەس بوو سینەمای هێنایە شارەکە و جگە لەوەی نووسەر و ئەدیب بوو. عومەر قەزاز یەکەم کارگەی (سۆدە و سیفۆن و ناملێت)ی پێک هێنا و قەوانی کوردی بۆ گۆرانیبێژ و دەنگخۆشەکان تۆمار کرد. قادر قەزاز هەتا

---

١٥. فەرهەنگی خاڵ ل٥٠ جزمی سێیەم. بێگومان زۆربەی نەوەی تازە پێگەیشتووی ئەمڕۆمان ڕەنگ هەیە نەزانن چەفتە و مشکی چییە چونکە ئەمڕۆ ئەوەندە باویان نەماوە. چەفتە و مشکی وەختی خۆی لەگەڵ جلی کوردیدا دەبەسران بەسەرەوە، ئافرەتیش زیاتر دەیکردن بە کۆڵوانە.

سەری نایەوە دەستی لە نووسینی بە سوود و ساغکردنەوەی کتێبی نووسەران هەڵنەگرت. ڕەفیق قەزاز بوو بە سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی. باقی ئەندامەکانی ئەم بنەماڵەیە ئەفسەر و نۆشدار و ئەندازیار و بازرگان و کاسبکار هەر یەکە شوێنی خۆی پڕ کردووەتەوە و خزمەتی شارەکەی کردووە. ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە کە لە کاک (نزهەت قەزاز) جگە لە هەندێک زانیاری تر لە کاک (سەربەست قەزاز) وەرگیراوە.

– حاجی حەسەنی قەزاز ئەم کوڕانەی هەبووە: حاجی فەتاح، حاجی ئەحمەد، حاجی عەبدوڵڵا و حاجی مەحموود.

– نەوەی حاجی فەتاح (مەلا ڕەشید، عەزیز، میرزا عومەر، قادر، تاهر و عەلی). نەوەی عومەر (فارووق و فوئاد). نەوەی قادر (ئومێد و جوانڕۆ). نەوەی عەزیز (نزهەت و د. بەهجەت).

– نەوەی حاجی ئەحمەد (میرزا تۆفیق و حاجی مەجید).

– نەوەی میرزا تۆفیق (فائق، نامق، ڕەفیق، شەفیق، سەرچڵ، سامان، سەربەست، و زەکیە خان).

– نەوەی حاجی مەجید (سەعید قزاز (وەزیری پێشوو) و ئافتاوە خان).

– نەوەی حاجی عەبدوڵڵا: (نووری، عەلی، عومەر و محەمەد). نەوەی عەلی (ئەکرەم، دلاوەر، د. غاندی، ئازار، منیرە، نەزیرە، ئەختەر. نەوەی محەمەد قاسم: عەبدوڵڵا، ئیبراهیم، نەسرین، نیهایەت و پەروین.

– نەوەی حاجی مەحموود: (محەمەد، عەلی عارف، فەرەج). نەوەی محەمەدی حاجی مەحموود (غەفوور سالح، نووری، حسێن و بەهێ). نەوەی عارف (جەمال، جەلال، ئەکرم، عوسمان، فوئاد، نەجات، سەرگوڵ).

**قەفتان و قەفتانچی:**

قەفتان کە ئینگلیزییەکەی kaftan جۆرێکە لە پۆشاک وەک عەبا یاخۆ جبە کە لەوەپێش پاشایان لە ئاهەنگ و مناسەباتدا بەکاریان دەهێنا.

بە قسەی د. کاوس قەفتان لە سەردەمی خۆیا باپیرە گەورەیان هەڵگری قەفتانی بابانەکان بووە و ئەم نازناوەیان بەسەرا بڕاوە. بەگوێرەی (قاموس المورد kaftan بە واتای «ثوب طویل» دێت. هەر بەقسەی د. کاوس ئەم بنەماڵەیە لە بنچینەدا لە (ئاغاواتی شێوەکەڵ)ن و هەر لەزووەوە هاتوونەتە سلێمانی. دوای ئەوەی هەندێکیان بە هەڵسوکەوتی بازرگانییەتی و ئیشی ناوبازاڕ خەریک بوون و هەندێکیشیان نووسەر و خاوەن قەڵەمی ڕەنگین وەک مامۆستا سالح قەفتان و تۆفیق قەفتان و د. کاوس.

– نەوەی عەبدورەحمان قەفتانچی کوڕی مەحموود کوڕی ئەحمەد قەفتانچی ئەمانەن: تۆفیق، نووری، سالح و تاهر.

– نەوەی تۆفیق ئەفەندی، محەمەد رەفیق (حەمەی گەورە)، فەهمی، جەلال، عەلی، محەمەد ڕەشید (حەمە بچکۆڵ)، ئامینە، فاطمە، عائشە و ئەختەر.

– نەوەی محەمەد رەفیق: سوارە، سۆران، سروە و ئاورنگ. نەوەی فەهمی تەنها (تارا) و نەوەی حمە بچکۆڵ (مهاباد و سیروان).

– نەوەی نووری ئەفەندی: (حەبیبە، لەتیفە، نەسرین، گەلاوێژ، د. کاوس و عەبدورەحمان. نەوەی سالح ئەفەندی (فوئاد، فاطمە، سەلاحەدین، منیرە، رەؤوف، نازەنین، بەهار و گوزیدە) نەوەی فوئاد (فریال، فەرەیدون و فەرهاد). نەوەی سەلاح (ڕیبوار و جووتیار).

سەرچاوە: د. کاوس قەفتان ڕۆژی ٩٩٠/١٢/٣٠ لە بارەگای کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا.

**حاجی عەزیزی قەفتان:**

حاجی عەزیز کوڕی ئەحمەد ئاغا کوڕی سواراغایە و ئەم حاجی عەزیزە دەبێ بە خاڵی تۆفیق ئەفەندی قەفتان و براکانی.

ئەم بنەماڵەیەش بە پێکهێنانی چاپخانە لە سلێمانی (چاپخانەی کامەرانی) و دەرهێنانی ڕۆژنامە لە شێوەی تەقویم و تەقویمی دیوار و مفەکرە و هەندێک نامیلکە و کتێبی تر خزمەتی ڕۆشنبیری کوردییان کردووە.

ئەمەش درەختەکەیانە:

– نەوەی محەمەدی حاجی عەزیزی قەفتان: هوشیار و د. فاضل و فەرەیدون و نەوزاد و ئازاد. – هوشیار خاوەنی ڕۆژنامەی هاوسەر (هاوسەر و هاوژین)ی هەیە کتێبی زۆری لە چاپ داوە جگە لە (مفکرە) و تەقویمی ساڵانە بە کوردی و عەرەبی.

– کوڕەکانی کەی حاجی عەزیزی قەفتان بێجگە لە محەمەد ئەمانەن: ئەحمەد و عەبدوڕەحمان و عەلی و مستەفا.

– ئەحمەد (سامان و سەرکار و هاوژین)ی هەیە. عەبدوڕەحمان (سوارە)ی هەیە. عەلی حاجی عەزیز (مەریوان و سیروان و شیروان)ی هەیە. مستەفا (بەختیار و ڕێبواری)ی هەیە.

**مەلا کاکە حەمە:**

کوڕی مەلا سەیفوڵڵا کوڕی حاجی حەبیبوڵڵا کوڕی مەلا (میر مەلک)ە. حاجی حەبیبوڵڵا سەرەکی هۆزی (تاڵشی دۆلاَیین) بووە و لەتاو زوڵم و زۆری ئێرانییەکان چووە بەگژ لەشکری ئێراندا و دوای شەڕێکی خوێناوی شکاوە و خۆی و سەیفوڵڵای کوڕی کە ئەوساکە مێرمنداڵ بوو وڵاتیان بەجێ هێشتووە و خۆی چووە بۆ حەج لەوێ وەفاتی کردووە و (سەیفوڵلا) لە

سلێمانی گیرساوەتەوە. کە گەورە بووە کچی مەلا محەمەدی چاوماری هێناوە و کاکە حەمە لەو ئافرەتەیە. مەلا کاکە حەمە دوای گەورەبوونی دەست دەکات بە خوێندن بەجۆرێک لە ئەنجامدا خوێندەوارێکی باشی لێ دەردەچێت و قوتابخانەیەکی (سەیار)ی تایبەتی هەبووە، کە لە دێهاتەکانی ولاتدا و بەتایبەتی لە ناوچەی گەرمیان، دەیەها بەڵکو سەدەها قوتابی پێگەیاندووە و گەلێک نووسین و نامیلکە لەسەر ئەم مامۆستا بەرێزە دەرچووە وەک (مەلا کاکە حەمە. نووسینی شاکر فەتاح و چاپخانەی کامەرانی ۱۹۷۲). هەروەها (مامۆستای نەمر نووسینی مستەفا نەریمان).

ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە:

– نەوەی مەلا کاکە حەمە: مامۆستا جەلال محەمەد و جەمال.

– نەوەی مامۆستا جەلال (نەوزاد، بەختیار و شاسوار). جەمال (شەماڵ)ی هەیە. نەوەی وەستا ئەحمەد مەلا سەیفوڵڵا (ئەنوەر).

تێبینی: لە بابەت درەختەکەیانەوە خوا لێخۆشبوو کاک ئەورەحمان میرزا ئەحمەدی حاجی ئەمینی کاکە حەمە یارمەتی داوین.

**کاکە ڕەش:**

لە بنەماڵە دێرینە ناسراوەکانی شارەکەن و لە کاتی خۆیا لە ناوچەی شارباژێڕەوە هاتوونەتە سلێمانی. مستەفا ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی کاکەڕەش دوو پیاوی دیار و قسەخۆش و قسە لەجێ بوون.

– نەوەی کاکەڕەش: (عەبدوڵلا ئاغا، ئایشەخان، مستەفا ئاغا و قادر ئاغا)ن.

– نەوەی عەبدوڵڵا ئاغا (حەمە سەعید ئاغاو قادر ئاغا). نەوەی حەمە سەعید (نەورۆز کە سەرۆکی شارەوانی بوو، نیاز و شێرکۆ). نەوەی قادر ئاغا (عماد)ە. نەوەی مستەفا ئاغا (برایماغا و ناهیدە خان و نامق ئاغا).

– نەوەی برایماغا (شیروان و بارزان) و نەوەی نامق ئاغا (یادگار و ئاوات) و نەوەی قادر ئاغای کاکەڕەش (حەماغا)یە، حەماغاش باوکی شەوکەت و ئەحمەدە.

سەرچاوە: ئەم زانیارییەمان بەهۆی کاک ئەوڕەحمانی میرزا ئەحمەدی حاجی ئەمینی کاکە حەمەوە دەست کەوتووە.

**حاجی کەریم ئاغای ڕۆقێ:**

لە بنچینەدا لە گوندی (هۆمەرە سێنان)ی ناوچەی پێنجوێنەوە هاتوونەتە سلێمانی. وەک خوا لێخۆشبوو حاجی مەحموود سامی پێی ڕاگەیاندین کەریماغا لە سەردەمی بابانییەکاندا لە سوپادا لە پلەی (بینباشی)دا بووە کە (ئامر سریە)ی ئەمرۆ دەگرێتەوە. جگە لەوە ئەم بنەماڵەیە پیاوی هەڵکەوتووی تری وەک (خواجە ئەفەندی) بەناوبانگیان تیا هەڵکەوتووە. یەکێکیش لەم بنەماڵەیە کە مستەفا کوڕی فەتاحی حەمە سالحی حاجی ئەحمەدی کەریماغایە لە شەڕی بەردەرگای سەرا دا شەهید بووە.

ئەمەش درەختەکەیانە وەک لە حاجی مەحموود سامیمان وەرگرتووە:

– نەوەی کەریماغا: (وەسماناغا و حاجی ئەحمەد)ن.

– نەوەی وەسماناغا: (ئەمین و عەزیز (خواجە ئەفەندی) و سەعید. نەوەی ئەمینی وەسماناغا (قادر ڕەئوف). نەوەی قادر (نووری و ستار) و نەوەی ڕەئوف (جەلال نهالی مامۆستا و براکانی).

– نەوەی عەزیز (خواجە ئەفەندی) ئەحمەد (نووسەری چیم دی) و مستەفا. نەوەی ئەحمەد خواجە (شوان و گەلاوێژ، سەیران، ڕێزان، حەیران).

– نەوەی مستەفا خواجە (د. هەڵکەوت و سەرکەوت).

– نەوەی سەعید وەسماناغا (عەبدوڕەحمان و غەفوور).

- نەوەی حاجی ئەحمەدی وەسماناغا (حاجی کەریم ئاغا، حەمە سالح، حاجی سەعید ئاغا و حاجی برایماغا).

نەوەی حاجی کەریماغا (مەحموود سامی و محەمەد). نەوەی حاجی مەحموود سامی (فوئاد، کەمال، پاکیزە، نەسرین، لەتیفە، پەروین، گولاڵە). نەوەی محەمەدی حاجی کەریماغا (عەزیز، نهاد).

نەوەی حەمە سالحی حاجی ئەحمەد (فەتاح و عارف) نەوەی فەتاح (مستەفا و ئەحمەد). نەوەی ئەحمەد (جەمال و فەتحوڵلا). نەوەی عارفی حەمە سالح (مەحموود ئەویش باوکی حەمە سالح و عەزیز). نەوەی حاجی سەعید ئاغا (عەزیز) و عەبدوڵڵا ئەمیش باوکی حەمە سەعید. نەوەی حاجی برایماغا (بەهجەت، ئیسماعیل، رەشید ئەفەندی (کە تێکچوو)، مستەفا (خاڵە مچەی قسەخۆش).

ئەوەی شایانی باسە خوا لێخۆشبوو ئەحمەد خواجە لە نامەیەکی ڕۆژی ١٩٩١/٦/٢٠دا کە بۆی ناردووین دەڵێت: وەسماناغای باپیری کوڕی حەسەن ئاغا کوڕی ڕەسووڵ ئاغا ئەویش کوڕی (عەلی شاە) کە ئەمانە گوایە ئاغای (گەلاڵی)ن. لەلایەکی ترەوە دەڵێت: ڕەسوولاغای گەلاڵی کوڕی (خان ئەحمەد خان)ی ئەردەلانییە!!

**کاکە مینی سیوەیلی:**

ئەم بنەماڵەیە لە کاتی خۆیا لە ناوچەی (سیوەیل)ی سەر بە شاربازێڕ هاتوونەتە سلێمانی. لە پیاوە ناسراوەکانی ئەم خانەوادەیە فایق کاکەمین ئەفسەری پێشوو لە سوپادا و کامل کاکەمین کە ڕێکخەر و دامەزرێنەری ئێستگەی کوردی بوو لە بەغدا.

- نەوەی عەبدولکەریم کوڕی حاجی عەباس کوڕی فەتاحاغا کوڕی عارفاغا: (کاکەمین، عەلی، نووری، محەمەد و فتحوڵلا).

– نەوەی کاکەمین: (فائق، نامق، کامل، ناجیە، زەکیە و جەمیلە).

– نەوەی فائق کاکەمین (نەجات، نائل و رەمزی). نەوەی نامق (شێرکۆ، ئەمەل و دڵسۆز). نەوەی کامل کاکەمین (نهاد، نیگار، نەوزاد، ئازاد، نیاز، نزار، نازدار و ناسک).

(ناجیەخان خێزانی نووری قەفتان و جەمیلە خان خێزانی سالح قەفتان و زەکیە خان خێزانی قادر ئاغای حەسەناغا بوون).

– نەوەی عەلی عەبدولکەریم: (عەبدولڕەزاق ئەفسەری پێشوو لە سوپادا و بەدریە خان).

– نەوەی نووری عەبدولکەریم: شەش کچ.

– نەوەی محەمەد عەبدولکەریم: (نەوزاد و ئازاد و بەهزادی لە تورکیا هەیە).

– نەوەی فەتحوڵڵا عەبدولکەریم: (فەوزیە خێزانی فائق کاکەمین. بەهیجە خێزانی ئەدیب بابان و رەمزیە و خەدیجە)ی هەیە.

سەرچاوە: کاک نەوزاد کامل کاکەمین.

**کەریم ئاغای عەزیز ئاغا:**

بنەماڵەیەکی خێرکەر دەستگری هەژار و یارمەتیدەری لێقەوماوانن. یەکێک لەوانە حاجی ئەحمەدی کەریماغا بوو کە لە پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی بوو. مزگەوتێکی لە (دور الامن) دروست کرد. ئەندامەکانی ئەم خانەوادەیە زیاتر خەریکی بازرگانی و ئیشی ناو بازاڕ و موڵک پێکەوەنان بوون.

درەختەکەیان بەمجۆرەیە:

– کەریماغای عەزیزئاغای مەحموود ئاغای ئەحمەد ئاغا: (حاجی ئەحمەد و حاجی محەمەد و حاجی نووری). هەبوو.

– نەوەی حاجی ئەحمەدی کەریماغا (عەتا و دانا). نەوەی عەتا (یاد،

ڕاست و ڕەوا). نەوەی دانا (میر و ئەحمەد).

– نەوەی حاجی محەمەدی کەریماغا (نەجات، نەوزاد، نەریمان و ئازاد).

– نەوەی حاجی نووری کەریماغا (جەمال و د. عەزیز و عەبدولڕەحمان).

– جەمال (سامان، سروود و سۆران)ی هەیە. عەزیز (توانا و شوان)ی هەیە. عەبدوڕەحمان (شەماڵ و رادان)ی هەیە.

سەرچاوە: کاک عەتا کوڕی حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغا.

**حاجی کەریم:**

لە بنەماڵە کۆنەکانی سلێمانین لە بنچینەدا زەنگەنەن پیاوی ناسراویان تیا هەڵکەوتووە وەک لە درەختی بنەماڵەکەیانا دەردەکەوێت کە لە کاک مەحموود ماجد مستەفا وەرگیراوە: نەوەی حاجی کەریم (حاجی ئەحمەد باوکی خانم خێزانی ماجد مستەفا) هەروەها (قادر ئاغای باوکی حەمە برازا) و ئەمین ئاغای هەبووە. ئەمین ئاغا باوکی (سەعید ئەفەندی)یە.

– نەوەی حەمە سالحی سەعید ئەفەندی (نەژاد، نزار و هاوڕێ).

– نەوەی مەحموود شەوکەت (کاژاو، بەختیار، چیا، ئاکۆ، ئەزمر، کاوس، دارا، فریدون، چنار، چیمەن...).

**کەرکووکلی زادە:**

لە بنەڕەتا لە شارباژێڕەوە (قامیش و دڕی)یەوە هاتوونەتە سلێمانی واتا کەرکووکی نین. باپیرە گەورەیان یونس ئاغایە کە پیاو ماقووڵی سەردەمی خۆی بووە، کە ژنی هێناوە ژنەکەی درەنگ مناڵی بووە، جاروبار وەک خواپێداوان سەفەری کەرکووکیان کردووە و لەوێشەوە چوونەتە زیارەتی (بابا گوڕگوڕ) کە ئەو دەمە لەو شوێنە سەرەتای نەوت هەڵی دابوو کە ئاگریان پێو دەنا، دادەگیرسا، گوایە بەوە (مەقصەدیان حاصل) ئەبوو. ژنانیش دەچوونە زیارەت بەتایبەتی ئەوانەی منداڵیان نە دەبوو (بابا

گورِگورِ، به گورِ هاتم – بابا گورِگورِ بۆ کورِ هاتم) ئینجا گوایه خێزانەکەی یونساغا لە ئەنجامی ئەو زیارەتەدا سکی بە (محەمەدی) پڕ بووە و منداڵەکەی دەبێت ناوی دەنێت (محەمەد) یاخۆ (حەمە کەرکووکی) و ئەم نازناوەیان بەسەردا براوە،

**ئەمەش لق و پۆپی درەختەکەیانە:**

(حەمە کەرکووکی): (مستەفا، حەسەن و حاجی عەبدوڵلا، واتا حاجی ئەولای حەمە کەرکووکی). نەوەی حاجی عەولا:

– نەوەی محەمەد ئاغای یونساغا (حاجی سالح، حسێناغا، حاجی مەلا سەعید، کریم بەگ و ئەحمەد ئاغا (ڕەش). نەوەی حاجی سالح (عەلی ناجی و دوو کچ). نەوەی حسێناغا (عەلی بەگ، کاوە، نەوزاد و کەمال و سێ کچ).

– نەوەی عەلی بەگ (شەفیقەی شاعیری هەست ناسک و نووسەر)، کەمالی حسێناغاش (کوردۆ)ی هەیە.

– نەوەی حاجی مەلا سەعید (حەکیم، عەبدڕەحمان، قادر ئاغا، محەمەد، غەفوور، مەحموود، عەبوودی و دوو کچ). نەوەی حەکیم (کەمال، شەماڵ، جەلال و سوعاد).

– نەوەی قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید (سیروان، مەریوان، شوان و خەندان). مەریوان (عومەر و رانیە)ی هەیە شوان (ئەحمەد و محەمەد)ی هەیە.

– نەوەی غەفوور ئاغای حاجی مەلا سەعید (سالار، نزار، جووتیار، نیگار و دیار).

– سالار (ئەحمەد)ی هەیە

– نەوەی ئەحمەد ئاغای حاجی عەولا (یونس، کەمال، جەمال، فاطمە، پاکیزە و سونیا).

- نەوەی یونس (وەلید و بەدیع). نەوەی کەمال (تارا و تیمار).

سەرچاوە: کاک فائق هوشیار و ئەویش هەندێکی لە قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید وەرگرتووە.

### حاجی گورون:

ئەم بنەماڵەیە بە ڕەگ و ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر (ئێلی وەلەد بەگی) کە لقێکن لە بەگزادەی جاف و سەرۆکەکایان (فەتاح بەگی ئەمجەدی)یە لە (سەر قەڵا)ی ئەودیو دادەنیشێ و وادیارە ئەمانی تر لەگەڵ بنیاتنانی شارەکەدا هاتوون. عەونی ئەفەندی (ئەفسەری سەردەمی عوسمانی و مدیری ناحیە و مدیری پۆلیسی سەردەمی ئینگلیز) بووە و ئیبراهیم حەقی ئەفسەری سەردەمی عوسمانی (قدملی یوزباشی) بووە و دوای شەڕی گەورەی یەکەم هەر لە تورکیا ماوەتەوە.

زۆربەی ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە بە قسەخۆش و گاڵتەوگەپ و وەڵامی دەستبەجێ بەناوبانگن.

- نەوەی حاجی گورونی حاجی عەبدوڵڵا: (میرزا سالح، مەلا عەلی، عەونی ئەفەندی، ئیبراهیم حەقی). نەوەی میرزا سالح (حەمە رەشید، حسێن، عەزیز و مستەفا). نەوەی حەمە ڕەشید (ئەنوەر، محەمەد، مەریوان و پشتوان). نەوەی حسێن (حەسەن و کەیوان) و نەوەی عەزیز (هەڵگورد و چیا) و نەوەی مستەفا (کەمال-کەمال مەرکەز). نەوەی مەلا عەلی (قادر، نووری و سەعید). نەوەی قادر (عەباس و عەلی توانا) و نەوەی نووری (جەمیل و کامل و سەروەر) و نەوەی عەونی ئەفەندی (بەهجەت و محەمەد و ئەختەر خان و پەری). نەوەی بەهجەت (نەریمان، کامەران، شادمان، سیروان، نیشتمان، خەرامان، میهرەبان و نەخشەوان). نەوەی نەریمان (ڕۆژ) و نەوەی کامەران (کاروان، کاژاو، کارۆخ) و نەوەی شادمان (سامان).

سەرچاوە: کاک بەهجەت عەونی ڕۆژی ٩٩١/٣/١٢ لە سلێمانی.

**لاوە:**

بە بنەماڵەی (مامەلاوەی مەحمـوود) ناویان دەرکـردووە و لە بنچینەدا (بڵباس)ن لـە سەردەمی بابانەکانەوە هاتوونەتە سلێمانی و پیاوی ناودارییان تیا هەڵکەوتووە بەتایبەتی ئەوانەی لە تورکیا مانەوە گەیشتنە پلەی پاشایاتی بەتایبەتی عەبدوڵڵای عەزیزی لاوە بوو بە (سەرۆکی ئەرکانی سوپا). هەروەها رەئووفی برای (رەئووف عەزیزی لاوە) کـە ئەویش هەر لە تورکیا مایەوە و گەلێک خزمەتی هاووڵاتیانی دەکرد. ئەمەش درەختی بنەماڵەکەیانە کە ماوەیەکی زۆر داوام لە هاوڕێی قوتابخانە کاکە غەفووری سەعیدی لاوە کرد، هیچی بەدەستەوە نەدا، لە دواییدا ئەوەی لێرەدا نووسراوە بەهۆی هاوڕێی هەردووکمان کاک یوسف محەمەد ئەمینەوە دەست کەوت:

– نەوەی مامەلاوەی مەحمووود (سالح و رەشید کە شاعیر بووە و عەزیز).

– نەوەی سالحی لاوە (قادر، سەعید و فەخری).

– نەوەی سەعیدی سالحی لاوە (غەفوور و ئەحمەد و عەلی). نەوەی غەفوور: بەهمەن.

– نەوەی عەزیزی لاوە (عەبدوڵلا، عەبدولکەریم، رەئووف، عەلی جەودەت و محەمەد).

– نەوەی رەئووف (ئەحمەد) و نەوەی مەحمووود (یاوز).

**شێخ لەتیف – دانساز:**

شێخ لەتیف کوڕی عەبدولکەریم کوڕی شێخ قادری مهاجرە. لە بنچینەدا لە بنەماڵەی (مەردۆخی)ن. کـە بنەماڵەیەکی ئاینی گەورە و ناسراوی کوردستانی ئەودیوە. بە شێخ قادر گوتراوە (مهاجر) چونکە لە زووەوە ، شاری سنەی لەسەر ڕووداوی مەزهەبی بەجێ هێشتووە کە ئەم جۆرە

ڕووداوانە بەداخەوە زوو زوو لە کوردستانی ئێران دووپات دەبوونەوە گەلێک بنەماڵە لە ئەنجامی ئەم بەزمە ناهەموارەدا ناچار نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتووە و دەربەدەر بوون.

شێخ لەتیف پیاوێکی زیرەک و هونەرمەند بوو. بێجگە لە ئیشی دانسازی کە بۆ خۆی هەڵبژاردووە و گەلێک تیا سەرکەوتووە و دووانیش لە کوڕەکانی ئەو پیشەیەیان لە باوکیانەوە وەرگرتووە و ئەوانیش تیا سەرکەوتوون.

شێخ لەتیف هەر لە چەقۆ و قەڵەمبڕ تا دەگاتە تفەنگ و گەلێک شتی تری بە جوانی و ڕێکوپێکی دروست کردووە. جگە لەوەی باخی شێخ لەتیف کە خۆی بناغەی دامەزراند، جوانترین باخی پڕ بەروبوومی شارەکە بوو لە کاتی خۆیدا.

– نەوەی شێخ قادری مهاجر (شێخ عەبدولغەنی و شێخ عەبدولکەریم).

– نەوەی شێخ عەبدولکەریم، شێخ لەتیف. نەوەی ئەم پیاوەش: شێخ عەبدوڵڵا، بابا عەلی، فارووق و عومەر.

سەرچاوە: بابا عەلی شێخ لەتیف بەگوێرەی نامەیەک کە لە کاتی خۆیدا ناردوویە.

**ماجد مستەفا– موراد لەلە:**

بنەماڵەیەکی کۆنی شارەکەن، دەچنەوە سەر شێخەکانی گوندی (دەرگاشێخان)ی سەر بەناوچەی بیارە، کە ئەوانیش لە بنچینەدا شێخی (مەردۆخین). موراد لەلە پیاوێکی هەڵکەوتووی سەردەمی بابانەکان و بڕوا پێکراو و نزیکیان بووە. ماجد بەگیش بڕوا پێکراوی شێخ مەحموود و لە دواییدا بوو بە متصرف لە عیمارە و شوێنی تر، ئینجا چەند جارێک بووە بە وەزیر، لە عیمارە گەڕەکێکی دروست کرد کە هەر بەناوی خۆیەوە ناویان نا (ماجدیە).

حەلیمە خان دایکی ماجد بەگ کچی ئەمین ئەفەندی کاتب مەسرەف و

خوشکی تایەری ئەمین ئەفەندییە کە باوەڕپێکراوی شێخ مەحموود و لە شەڕی دەربەندا شەهید کرا.

هەروەها باجی خانم خێزانی ماجد مستەفا کچی حاجی ئەحمەدی حاجی کەریمە و دایکی خانمیش (ڕەعنا خانە) و دایکی ئەویش ئایشە خانی خێزانی ئاغا فەتحوڵڵا بووە. هەروەها ماجد بەگ برای نەعیمە خانی دایکی فوئاد عارفە.

ئەم زانیارییانەمان لە کاک مەحموود ماجد مستەفا وەرگرتووە:

– عوسمان یاخۆ وەسمان: (مەحموود و مراد لەلە)ی هەبووە.

– نەوەی مەحموودی وەسمان (حاجی محەمەد، مستەفا، سالح) بوون.

– نەوەی حاجی محەمەد (عەلی–عەلی ئایشە خان–) کە ئەویش (تۆفیق، حەسەن، حسێن، سەلاح و فاضل)ی هەبووە.

– مستەفا مەحموودی وەسمان (حامد، ماجد، عوسمان فائق)ی هەبووە.

– نەوەی ماجد مستەفا (نەوزاد، مستەفا «باوکی سەرۆک»، نهاد، ئەحمەد، مەحموود و بەختیار و نوال و شەهباڵ).

– نەوەی عوسمان فائق (شوان و مازن).

– نەوەی سالحی مەحموود وەسمان (مەلا مەحموود لە دێی بزەینیان، عاسم).

– نەوەی موراد لەلە (سەعید ئەویش حەسەن ئەمیش باوکی نووری گوشاد و دڵشاد و عەزیز).

**مارف ئاغا:**

لە سەرەتاوە لە دارەشمانەی ناوچەی پژدەرەوە بڵاو بوونەتەوە و لەم دواییەدا لە (قازانقایە)ی قەرەداغ گیرساونەتەوە و لەوێوە هاتوونەتە سلێمانی. بە قسەی کاکە هاوڕێ کوڕی مەحموود حەسەن خزمایەتییان

لەگــەڵ بەگــزادەکــانی دارەشــمـــانەدا هەیە، بۆیە حــاجی برایم ژنـی لە دارەشمانەییەکان هێناوە.

نەوەی مارفاغا کوڕی حەماغا: (حەسەن حیلمی، حاجی ئیبراهیم، حسین ئەفەندی).

– نەوەی حەسەن حیلمی (مەحمود، ئەحمەد، نهاد، صەلاح، محەمەد وەهبی، نەژاد، بەهزاد و ئازاد و ڕێبوار. مەحمود حەسەن (ڕەنجبەر و هاوڕێ)ی هەیە هاوڕێ (میران و بارزان)ی هەیە. ئەحمەد حەسەن (دانەری ڕێزمانی کوردی ئەفسەری پێشوو لە سوپای عێراقدا، گەیلان و سیروان)ی هەیە. محەمەد وەهبی (ئاراس و ئاریان)ی هەیە.

– نەوەی حاجی ئیبراهیمی سەڕڕاج (عەبدوڵلا، عەلی، عەبدوڕەحمان و عەزیز). نەوەی عەبدوڵڵا (دلێر دێرین و دیمەن)ی هەیە. عەلی باوکی (بژار) و عەبدوڕەحمان باوکی (شوان) و عەزیز باوکی (ڕەنج)ە.

نەوەی حسێن ئەفەندی: (عومەر، جەمال، شەماڵ، عوسمان و کاوە). نەوەی عومەر (ئەحمەد و میران) و نەوەی عوسمان (کاروان، سۆران و شیروان)ن.

سەرچاوە: کاکە هاوڕێی مەحموود حەسەن.

**مەلا مارفی قازی:**

مەلا مارف خۆی لە سلێمانی قازی بووە و بنەماڵەکەیان دەمێکە نیشتەجێی شارەکەن. مەلا مارف کوڕی مەلا مەحموود، کوڕی مەلا حسێن.. تاکو دەچنەوە سەر پیر خدری شاهۆ[16].

مەلا مارف دوو کوڕی هەبوو:

(محەمەد ڕەمزی) کە شاعیرێکی بەرز و ناسراو بوو لەگەڵ نووری

١٦. بنەماڵەی زانیاران– مەلا عەبدولکەریمی مدرس، ل٥٤٨.

ئەفەندی کە ئەفسەر بوو لە سوپادا. جەمال کوڕی کاک ڕەمزی لەگەڵ ژنەکەیا و دوو منداڵیان بە بومبابارانی ئێرانییەکان لە شاری بەغدا شەهید بوون. هەر بەم بۆنەیەوە مزگەوتێکی ڕێکوپێک لە بەشی ژووروی شاری سلێمانی لە گەڕەکی مامۆستایان بە یاد و خێری کاکە جەمالەوە دروست کرا. ئەمیش لق و پۆپی بنەماڵەکەیانە وەک لە کاک عومەر ڕەمزیم وەرگرتووە:

نەوەی مەلا مارف (ڕەمزی و نووری).

– نەوەی ڕەمزی: (عومەر، جەمال، کەمال (کە سەروەر و شوانی هەیە)، جەناب، شەهاب (باوکی ژین)، فوئاد (باوکی ڕەنج) و فەوزی کە (ئالان)ی هەیە.

– نەوەی نووری مەلا مارف (د. نژاد کە نیاز و نزاری هەیە) و نەوزاد.

**مەحموودی باپیر– ئەمین زەکی بەگ:**

بنەماڵەیەکی گەورە و بەرزی سەردەمی بابانەکانن. لە بنچینەدا لە قەڵاچوالانەوە هاتوونەتە سلێمانی. لەمانە حاجی مەحموود کوڕی وەستا سادقی باپیر هەڵکەوتووە کە لە بازرگانە گەورەکان و وڵاخدارە ناودارەکانی سلێمانی بووە، هەروەها حاجی ئەوڕەحمانی مەحموودی باپیر کە ئەویش هەمیشە لە چل وڵاخ کەمتری نەبووە کە لە کاروباری بازرگانیدا شتی پێ دەگواستەوە. بەم بۆنەیەوە وڵاخدار ئەوسا وەک خاوەن پاپۆڕ یاخۆ خاوەن (اسطول)ی گواستنەوە واتا (لۆری بار)ی ئەمڕۆ بوون کە شتومەکی بازرگانەکانیان لە شارێکەوە بۆ شاریکی تر دەگواستەوە.

حاجی عەبدوڕەحمانی مەحموودی باپیر باوکی مێژووناسی گەورە و بەناوبانگی کورد یاخۆ (باوکی مێژووی کورد) خوا لێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگی پایەبڵندە. ئەمین زەکی بەگ لەوە ناسراوتر و مەزنترە کە ئێمە لێرەدا بە خوێندەوارانی بەڕێزی بناسێنین.

- ئەمین زەکی بەگ دوای خۆی: دوو کوڕ و کچێکی بەجێ هێشت. کوڕی گەورەی (بەدیع) و ئەوی تریان (ماجد). بەڵام سانحە خانی کچی بەڕاستی ئافرەتێکی توانا و لێهاتووە و وەجاخی باوکی ڕوون کردووەتەوە و هەر ئەو هەندێک لە کتێبە مێژووییەکانی باوکی لە کوردییەوە وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و خۆشی خێزانی ئەندازیاری بەناوبانگ (دکتۆرا لە هەندەسە) محەمەد مەخزومییە.

ئەمەش درەختەکەیانە:

- نەوەی مەحموودی وەستا سادقی باپیر: حاجی ئەوڕەحمانە و نەوەی حاجی ئەوڕەحمانیش ئەمین زەکی بەگە.

**مەحموودی خەفاف- حاجی ئیبراهیم ئاغا:**

ئەم بنەماڵەیە هەر لە کۆنەوە بە کاروباری بازرگانییەوە خەریک بوون. حاجی حەمە سەعید کوڕی مەحموود خەفاف پیاوێکی هەڵکەوتوو و بە دەسەڵات بووە. هەروەها حاجی برایماغای کوڕی حاجی حەمە سەعید بازرگانێکی قورسی سەردەمی خۆی بوو. جگە لەوەی بەینێکیش، واتا لە دەوروبەری بیستەکانا سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و بەینێکیش ئەندامی ئەنجوومەن (مەجلسی شار) بووە.

- حاجی ئیبراهیم ئاغا چوار کوڕ و کچێکی هەیە، گەورەیان جەمال ئاغا کە هەر بە گەنجی جیهانی بەجێ هێشت و دوای ئەو حەمە سەعید ئاغا، کەمال ئاغا، نەجیب و عصمەت خان کە خێزانی دکتۆر ئیبراهیم حیلمی فەتاحە.

- نەوەی جەمالاغا (نەورۆز و مەحموود (بەهرۆز) و پەریخان، فائقە و پەخشان).

- نەورۆز (ئەحمەد، جەمال و ئاری) هەیە. مەحموود (سارا)ی هەیە.

– حەمە سەعید ئاغا (کاوە و کاژاو)ی هەیە د. نەجیب (ئاسۆ و شوان)ی هەیە.

سەرچاوە: پەخشان خانی جەمالاغا.

**مەلا مەحموودی قازانقایە:**

لە بنچینەدا مەلا مەحموود لە باو و باپیرەوە و دوای ئەویش کوڕ و کوڕەزای خاوەنی دێی قازانقایە و چەند دێیەکی تری ناوچەی قەرەداغ بوون و لە هەمان کاتا پیاوی ئاینی و زانای دین و دیانەت بوون.

– مەلا مەحموود دوو کوڕی هەبووە (ئەحمەد و ئیسماعیل).

– نەوەی ئەحمەدی مەلا مەحموود ئاغا (سلێمان، مەحموود و حەمە ڕەش). نەوەی سلێمان (رەحیم) و نەوەی رەحیم (سەعید و عەلی). نەوەی مەحموودی ئەحمەدی مەلا مەحموود (حەمە سالح و مەلا عەبدولکەریم). نەوەی حەمە سالح (عومەر، عەبدوڵلا، عوسمان) و نەوەی مەلا عەبدولکەریم (عەبدلستار کە ئەفسەر و پارێزەر بوو) و نەوەی حەمە ڕەشی ئەحمەد (عەلی و ئەمین) و ئەمین باوکی محەمەد.

– نەوەی ئیسماعیل مەلا مەحموود ئاغا: (حاجی عەزیز، حاجی قادر، حاجی مارف ئاغا).

نەوەی حاجی عەزیز (کریم ئەفەندی، مەلا فەتاح، حاجی عەلی، حاجی مەلا عارف). نەوەی کەریم ئەفەندی (مستەفا مەزهەر مدیری تەربیە، رەعنا خان، فەهیمە خان). نەوەی مستەفا مەزهەر (سەردار، منیرە، گەلاوێژ، نەسرین، پاکیزە و نهایەت). نەوەی مەلا فەتاح (مەلا محەمەد، مەلا ئیسماعیل). نەوەی حاجی مەلا عارف (عەبدوڵلا). نەوەی حاجی قادری ئیسماعیل (حاجی مەلا سەعید باوکی سالح ئەفندی مدیری تەربیە و عائشە (ئایشە) خان). سالح سەعید باوکی سروە، سەرگوڵ و پەریخان).

نەوەی حاجی مارفاغای ئیسماعیل (مەلا فەرەج ئاغا) ئەویش باوکی مەلا ئەحمەد و عەبدوڵڵا. نەوەی مەلا ئەحمەد (بەهائەدین سەرۆکی ئەنجوومەنی تەشریعی و محەمەد سەربەست). بەهائەدین باوکی ئەحمەد، محەمەد سەربەست باوکی توانا.

سەرچاوە: کاک بەهائەدین ئەحمەد کە ئەویش هەندێکی لە عەبدولستار عەبدولکەریمەوە وەرگرتووە.

**مەحموودی مەسرەف - ئاغاکان:**

چەند بنەماڵەیەکی تر لە سلێمانیدا، ئەندامەکانیان بە (ئاغا) ناو دەبرێن بێ ئەوەی پێوەندییان بە مانەوە هەبێت. بنەماڵەی مەسرەف وەک هەندێک سەرچاوە باسیان دەکات (بڵباس)ن و کۆنترین دانیشتوانی شاری سلێمانین. مەحموودی مەسرەف یەکەم پیاوی سەردەمی بابانەکان بووە. هەروەها دوای خۆی عەزیز ئاغای کوڕی کە جێگاکەی پڕ کردووەتەوە و مزگەوتی ناو بازاڕ (مزگەوتی عەزیز ئاغا) ئەم پیاوە دروستی کردووە. هەر لە سەرەتاوە ئەم خانەوادەیە خاوەنی دەسەڵات و دیوەخانی گەرموگوڕ بوون. جگە لە مەحموود ئاغا و عەزیز ئاغای کوڕی، پیاوی گەورەی تریان تیا هەڵکەوتووە، وەک حاجی قادر ئاغا و ئەحمەد پاشا (ئەحمەد باشچاوش کە مزگەوتی حاجی مەلا رەسوول لە گەڕەکی دەرگەزێن ئەم دروستی کرد) و عەبدوڕەحمان ئاغای کوڕی (کە ئەویش سەردەمێک سەرۆکی شارەوانی سلێمانی) بوو. هەروەها عەبدوڕەحمان ئاغای عەبدوڵڵا ئاغا و (حەماغای کوڕی کە بەینێک نوێنەری سلێمانی بوو لە پەرلەمانی عێراقی) و مەحموود ئەفەندی قادر ئاغا (کە ئەویش دووجار بوو بە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی) و گەلێکی تریان لێ هەڵکەوتووە، بەڵام هەندێ کەس لە ڕووی نەشارەزاییەوە، ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ بنەماڵەی (ئاغا تەها) و بنەماڵەی (هەمزاغای مەسرەف- باپیری حاجی تۆفیقی پیرەمێرد) تێکەڵ دەکەن، لە

ڕاستیشدا تێکەڵییان لەگەڵ ماڵی ئاغا تەها لە ڕێی ژن و ژن گواستنەوەیە.

درەختی ئەم بنەماڵەیەمان لە کاتی خۆیا لە خوا لێخۆشبوو حەماغای ئەورەحماناغا وەرگرت کە عەزیز ئەفەندی بەڕێوەبەری قوتابخانە (عەزیز فەرەج) لە بەینمانا بوو، پێکەوە ڕێکمان خست کە بەمجۆرە بوو (تکایە لەم بابەتەشەوە سەیری گەشتەکەی ریچ بکە ل٦٤- ٩٢):

– نەوەی مەحموود ئاغای مەسرەف: (عوسمان ئاغا، محەمەد ئاغا، عەزیز ئاغا و عەبدوڕەحمان ئاغا لەگەڵ پێنج کوڕی تردا کە ناوەکانیمان بۆ ساغ نەبووەوە).

– نەوەی عوسمان ئاغا حەماغایە و نەوەی حەماغاش قادر ئاغایە. ئەم قادر ئاغایەش باوکی فەتاحاغا و ئەحمەد ئەفەندی و مەحموود ئەفەندییە. نەوەی فەتاحی قادر ئاغا عەلییە، نەوەی ئەحمەد ئەفەندی رەؤوف ئەحمەدە کە ئەفسەری پێشوو بوو لە سوپادا و ئەویش (ئازاد)ی هەیە لەگەڵ چوار کچ. مەحموود ئەفەندیش (فائق ئەفسەری پێشوو لە سوپادا و عزەت و غالب و جەلال)ی هەیە لەگەڵ یەک کچ و خێزانی رەؤوفی ئامۆزایەتی.

– عەزیز ئاغای مەصرەف چوار کوڕی هەبووە: ( فەتاحاغا، ئەحمەد ئاغا، عەبدوڵلا ئاغا و مستەفا ئاغا).

– ئەحمەد ئاغا باوکی تۆفیق ئاغایە و ئەویش باوکی قادر ئاغایە و ئەمیش باوکی شەوکەت ئاغایە و سەبیحە خانە. نەوەی عەبدوڵڵا ئاغای عەزیز ئاغاش (عەبدوڕەحمان ئاغا و ئەحمەد ئاغا و عەزیز ئاغا و دوو کوڕی تر). عەبدوڕەحمان ئاغاش (حەماغا)ی بووە کە ئەویش (سەردار، سالار، شاسوار، ناجیە خان، نازدار خان، نازەنین و نعمەت)ی هەیە.

– حەماغای عەبدوڵڵا ئاغاش باوکی کەریم ئاغای خەیاتە و ئەحمەد ئاغای عەبدوڵڵا ئاغاش باوکی عەباساغای (بیطرە)یە. نەوەی عەبدوڕەحماناغای مەحموود ئاغای مەسرەف، حاجی قادر ئاغایە کە ئەویش باوکی ئەحمەد

پاشـای بـاشـچـاوشـه و هـەروەها باوکی ئیـسـمـاعـیـل ئاغـایه. ئەحـمـەدی باشچاوش باوکی حەماغا و عەبدورەحمان ئاغا و پیرۆزخان و بەهیە خان و ئەجە خانە. ئەورەحمـاناغا باوکی حـەمە پاشا و شـەفیقـە خـان و نازەنین و بەهارە. حـەمە پاشا بـاوکی دڵشاد و دلێرە. ئیسماعیل ئـاغا باوکی ئەحمەد ئاغـای گـردەیە ئەویش باوکی ڕەشـیـد ئەفـەندی کە ئـەویش باوکی فـەتاح و کـەریم ئەفەندی و بـاوکی د. ئەنوەر مـەسـرەف و بورهـان و ئازادە. د. ئەنوەر باوکی سـامـان و مـیـران و بـورهـان باوکی ئارام و ئـاراس و ئومـیـدە. ئازاد باوکی ئاریان و ئاسانە.

**مەحوی:**

ئەم بنەمـاڵەیە لە نەوەی (شـێخ ڕەش)ن. (شـێخ ڕەش و شـێخ مـەند) دوو برابوون لە ناوچەی مـاوەت. گۆڕەکانیان لە بەینی (بایزاوا و کارێزە) دایە لە سنووری دێی باڵخ کە سەر بە ناوچەی ماوەتە و زیارەتگای خەڵکن. ئەم دوو برایە زانـا و مـرشـدی ڕێبـازی قـادری بوون. واتا ئەم بـنەمـاڵەیە لە زووەوە (مرشدی طەریقەت) و مەلا زانای ئاینی بوون.

بۆیە نـاو بەناو بە مـەلا یاخـۆ شـێخ یا بە هەردووکـیـان ناو دەبرێن. بەڵام بنەمـاڵەکـەیان بەناوی شـاعـیـری پایە بەرز یاخـۆ (مـەحـوی لووتکە)وە ناو دەبرێ، کـە ئەوە نازناوی (شـێخ مـحـەمـەد) یاخـۆ مـەلا مـحـەمـەدی مـەلا عـوسـمـانی بـاڵخی کـوڕی مـەلا عـوسـمـانی گـەورەیە و لە بنەڕەتا لە دێی (باڵخ)ەوە هاتوونەتە سلێمانی. لە سەرەتاوە باوانی ئەم بنەماڵەیە ڕاوێژکاری ڕێبـازی (قـادری) بوون، بەڵام لە شێخ وەسـمانی بـاوکی مەحوییـەوە ڕێبـازی (نەقشـبـەندی)یان گرتووە، ئەویش لە ئـەنجـامی پێوەندییـاندا لەگەڵ مـەولانا خـالیـدی نەقـشـبـەندییـەوە و لە سـاڵی ١٣١١ک/ ١٨٩٣ز لەسـەر فـەرمـانی سـوڵتـان عـەبدولحـەمیـدی عوسـمـانی ئەم خـانەقـایەی ئێسـتـای (مـەحوی) لە سلێمانیدا بۆ دروست کراوە.

– نەوەی مەلا عوسمانی باڵخی کوڕی مەلا عوسمانی گەورە کوڕی مەلا عەلی گردە کوڕی پیر مەحموود کوڕی پیرخدر کوڕی شێخ ڕەش ئەمانەن: (عەبدولڕەزاق، عەبدولڕەحمان، مەلا محەمەدی مەحوی، مەلا عەبدوڵلا، عەبدولعەزیز، مەلا ئەحمەد و عەبدولخالق).

– نەوەی عەبدوڕەزاق (شەفیق، خالد و عوسمان). نەوەی عەبدوڕەحمان (ئەحمەد نەدیم، محەمەد سەعید و عەبدولنافع). نەوەی ئەحمەد نەدیم (عەبدوڵلا، عیمادەدین، بەدیع و عەدنان).

– نەوەی محەمەد سەعید (محەمەد، نەبیە، ریاز و عەبدولواحید). نەوەی عەبدولنافع: (بەسام، ئەیمەن و عەبدولرەحمان). نەوەی مەلا عەبدوڵلا (مەلا خضر، ئەبوبەکر و عەبدولقادر).

– نەوەی عەبدولعەلزیز (محێدین ئەویش کوڕێکی هەیە محەمەد). نەوەی مەلا ئەحمەد. (عەبدولفەتاح). نەوەی مەلا محەمەدی مەحوی (حاجی مەلا عومەر، مەلا مەعصوم، مەلا خالد و مەلا عوسمان). نەوەی مەلا مەعصوم (عاصم و سەعید). نەوەی مەلا خالد (مەلا ئەسعەدی شاعیر و مەلا عەزیز). نەوەی مەلا ئەسعەد (عوسمان، عەلی و یاسین). نەوەی مەلا عەزیز (کاک عەبدوڵلای نووسەر، ئەنور و عومەر و محەمەد).

سەرچاوە: نووسینێکی دەستخەتی خوا لێخۆشبوو شێخ محەمەد مەحوی کە ئەویش لە (شجرة الانساب)ی خێزانەکەی خۆیانی وەرگرتووە.

**شێخ محەمەدی سەرکار:**

شێخ محەمەد (کاتمی سر)ی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بووە و کاتی خۆی باو و باپیری لە ناوچەی شەمدینان یاخۆ (شەمزینان) بوون. ئەمان لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی سلێمانیدا (لە نەوەی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ) تێکەڵاوییان لە ڕێی ژن و ژنخواستنەوە زۆر بووە. سەلمە خانی ژنی نەقیب کە دایکی ئایشە خانە و حەپسەخانی نەقیبە لەم بنەماڵەیە.

– نەوەی شێخ محەمەدی سەرکار: (شێخ عەلی، شێخ عارف، شێخ قادر و شێخ مستەفا).

– نەوەی شێخ عەلی (رەعنا خان، شێخ محەمەد و شێخ رەشید). نەوەی شێخ محەمەد (سەلاح، فوئاد، فەرەیدون، هێرش، فەرهاد، کامەران، پەروێز).

– نەوەی شێخ ڕەشید (عەلی، دلێر ، دارا). نەوەی شێخ عارفی شێخ محەمەدی سەرکار: (شێخ نووری و شێخ غەریب). نەوەی شێخ غەریب (کەمال، وەفیدە و گوزیدە).

– نەوەی شێخ قادری شێخ محەمەد (شێخ محێدین).

**مستەفا ئاغای زەنگەنە– بنەماڵەی جەودەت و دەوڵەت:**

ئەم بنەماڵەیە پیاوی دڵسۆزی نیشتمانپەروەری وەک مەحموود جەودەتی تیا هەڵکەوتووە کە لە هەمان کاتدا دەستی نووسینی هەبووە و هەروەها رەشید جەودەت ئەفسەرێکی ناسراو بووە و لە سوپای عێراقدا و لە کاتی شەڕی ڕەشید عالیدا لە بەصرە (ئامر فەوج) بوو دەورێکی یاری کرد لە ڕاستیشدا ئەمانە لە بنەماڵە کۆنەکانی شارەکەن.

– نەوەی مەحمود کوڕی محەمەدی کوڕی مستەفا ئاغای زەنگەنە (ئەحمد جەودەت، حەماغا، حەسەن ئاغای دەوڵەت، مستەفا، قادر ئاغا، حاجی عەبدوڵلا و حاجی فەتاح).

– نەوەی ئەحمەد جەودەت: مەحموود (کە تەنها کچێکی هەبووە ئەویش پەروینی ناوە) و حامد جەودەت (ئەویش تەنها کچێکی هەبوو (مەوەدەت) شووی بە حەمە ئەمینی مەلا فەرەج کرد) و ڕەشید جەودەت ئەویش (خەسرەو، دارا، فەرەیدون، جەودەت، سامان، د. گوڵزار، نازدار و نەرمین)ی هەیە. – نەوەی حەسەن ئاغای دەوڵەت: (پوورە دەوڵەت دایکی حەسەناغایە)

(شەوکەت، عومەر، تۆفیق، شەفیقە). نەوەی حەماغا: (مەلا فەرەج باوکی حەمە ئەمین ئەفسەر لە سوپادا و محافظ لەم دواییەدا).

سەرچاوە: کاک مەحموودی ماجد مستەفا.

**حاجی مستەفای قوربانی:**

لە بنەڕەتا لە ئێلی هەمەوەند و تیرەی (سێتەبەسەر- ئاڵتوون بەسەر)ە کە لە کاتی خۆیا هاتووەتە سلێمانی لە گەڕەکی (هۆمەرمەندان) دانیشتووە. تەنها کوڕێک و کچێکی هەبووە. میرزا فەتاح کە خەریکی بازرگانی بووە و ئاتەخان. میرزا فەتاح باوکی نووسەری ناسراو شاکر فەتاحە و ئەویش باوکی د. شێرکۆیە. ئاتەخان خێزانی مارفاغای باوکی حاجی سەعید ئاغا و حاجی مەلا محێدین و حاجی عەلی ئاغا بوو. دوای وەفاتی مارفاغا ئاتەخان شووی کردووەتەوە بە حسێن ئاغای باوکی حەماغا. واتا حاجی حەماغا لەگەڵ حاجی سەعید ئاغا و ئەوان دایک بران. حاجی حەماغاش باوکی عومەر ئاغایە.

سەرچاوە: کاک صەفوەت ڕەشید سدقی.

**مفتی (موفتی):**

بنەماڵەیەکی ئاینی و زانیاری کۆنی شارەکەن. پیاوی گەورە و ناسراویان تیا هەڵکەوتووە وەک: مەلا ئەحمەدی چاومار و حاجی مەلا محەمەد ئەمین و مەلا عەزیزی موفتی و مەلا مەحموود بێخود (شاعیری لاهووتیی کورد).

ئەم خانەوادەیە دەچنەوە سەر (پیرخدری شاهۆ): بەمجۆرە:

مەلا مەحموودی دێلێژە کوڕی حاجی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا محەمەد (مەلای گەورە) کوڕی (مەلا عەبدولعەزیز) کوڕی پیر حەسەن کوڕی سەید بایەزید کوڕی پیرخدر کوڕی سەید محەمەدی زاهد کە پیرخدری شاهۆیە.

- نەوەی مەلا محەمەدی دێلێژە (مەلا ئەحمەد، مەلا حەسەن، محەمەد و

مـەلا حسـێن کە شـاعیـر بووە). مـەلا حەسـەن باوکی عـەبدولسـەلام. مـەلا محەمەد باوکی حاجی مەلا ئەحمدی چاومار و مەلا یەحیا کە لـە ئەستامبوڵ وەفاتی کردووە لەوێ وەچەی هەیە.

– نەوەی حـاجی مـەلا ئـەحمـەدی چاومـار (حـاجی مـەلا مـحـەمـەد ئەمین) نەوەی ئەویش ئەمانەن: مەلا ئەحمەد، مستەفا، مەلا مەحموودی بێخود، مەلا عەبدولعەزیزی موفتی، شەمسە خان، عائشە و ئامینە خان.

– نەوەی مـسـتـەفـا مـوفـتی (مـحـمـد، جـەمـیل، سـروە، ئەخـتـەر، سـەبیـحـە، ناجیە) و پەخشان.

– نەوەی عـەبدولعـەزیزی مـوفتی (حـەمـە کـاکـە، عـەبدوڕەحـمـان، عـەبدوڵلا، عەبدولقادر، فەهیمە و فاطمە، شیرین، شەوبۆ، پەری).

– نەوەی حـەمە کـاکەی مـوفتی (کـەمـال، جەمـال، هیوا، هۆگر، پەخشـان و پاکیزە). نەوەی کـەمـال (مـیران و سـۆزان)، نەوەی هـیـوا (هـاوژین، هـەندرێن، هـاودەم)، نەوەی هۆگـر (مـیـر و شنۆ). نەوەی عـەبدولقـادر (دیـار، بەخـتـیـار، خەبات، هێمن).

– نەوەی عـەبدوڕەحمـان موفـتی (ئەفسـەری پێشـوو لە سوپادا و شـاعیـر و نووسـەر) د. شـیـروان باوکی ئەحـمەد و عـەلی، شـوان باوکی شـوشـە، عـەزیز (ئەفسـەر لە سوپادا) باوکی مەحموود، محەمەد، تارا و جوان. شەماڵ باوکی (عومەر، عەلی، زەینەب).

ئەوەی شـایـانی بـاسـە عـائشـە خـان کـچی حـاجی مـەلا مـحـەمـەد ئەمین خێزانی ئەحمەد بەگی بابان، دەبێت بە دایکی سـەعید بەگی گومرگ. ئامنە خان خێزانی مەلا مارف و دایکی ڕەمزی شاعیر و نوورییە.

سەرچاوە: خوا لێخۆشبوو کاک عەبدوڕەحمان موفتی.

**میسری:**

ئەم بنەماڵەیە نزیکەی (١٥٠) ساڵ دەبێت لە سلێمانیدا لە گەڕەکی کانێسکان نیشتەجێن و بە بازرگانییەتی و کەسابەتەوە خەریکن. لە دەروێش قادرەوە دەست پێ دەکەن کە لە کاتی خۆیا لە هەورامانەوە هاتووەتە سلێمانی و دەروێشی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بووە ژنەکەی ناوی (میسریە) بووە و نازناویان لەو ئافرەتەوە هاتووە و هیچ پێوەندییەکیان بە (مصر – میسر)ەوە نییە.

– نەوەی دەروێش قادر: (محەمەد، بەکر، قادر و خەدیجە).

– نەوەی محەمەدی دەروێش قادر: (مەلا تۆفیق، حاجی مەجید، حەمە سەعید، حاجی ئەمین و سالح).

– نەوەی مەلا تۆفیق (عەبدورەحمان ، عەبدوڵلا) و نەوەی حاجی مەجیدی میسری (زیاد، فوئاد، مەلیحە، صەبریە، لەطیفە و شوکریە). نەوەی حەمە سەعید (حەمە فەرەج، حەمە رەؤوف، عائشە، صەبریە و سەعدیە) و نەوەی حاجی ئەمینی میسری (عەزیز، ئەنوەر محەمەد، دلێر، دیاری، شلێر و شیرین). نەوەی سالح (کەمال، فائق، نامق و خانم).

– بەکری دەروێش قادر دەستی نۆشداریشی بووە و نەوەکانی ئەمانەن (عەلی، غەفوور، عومەر و حسێن). نەوەی قادری دەروێش قادر (د. یاسین و رابیعە)ن.

سەرچاوە: کاک زیادی حاجی مەجیدی میسری.

**وەسمان چاوەش:**

ئەم پیاوە بەرەگەز دەچێتەوە سەر ئێلی زەنگەنە کە لە کاتی خۆیا لە دەوروبەری کفری نیشتەجێ بوون و لە دوییدا بڵاوەیان لێ کردووە، هەندێکیان لە خانەقین بە تەواوەتی نیشتەجێ بوون وەک حەمە سەعید ئاغا

و حەمە عەلی ئاغا و حاجی فەقێ حەمەمین باوکی ئەفسەری ناسراو (محمد ئەمین دەربەند فەقەرە) هەندێکی تریان هاتوون بەرەو دێی (دەربەند فەقەرەی ناحیەی تانجەڕۆ- عەربەت) کە ئەمانەش دەستەی عەبدوڵڵا ئاغای باپیرە گەورەی وەسمان چاوەش و باو و باپیری حاجی تۆفیقی فارس و حاجی حەسەن و حاجی حسێن نیشتەجێی دەربەند فەقەرە دەگرێتەوە. وەسمان چاوەش لە سەردەمی عوسمانییەکانا لە سلێمانی بووە و بە (زەفتیە- ضبطیەی عوسمانی) بە ئازایەتی و هەوڵدانی خۆی گەیشتووەتە پلەی چاوەشی زەفتیە کە بۆ ئەو ڕۆژە پلەیەکی بەرز بووە.

وەسمان چاوەش کوڕی یونس ئاغا کوڕی میکائیل ئاغا کوڕی عەبدوڵڵا ئاغای زەنگەنە (حاجی رەشیدی وەسمان چاوەش (د. ئەکرەم، ئەنوەر، فوئاد، شوکریە، ئەختەر خێزانی محەمەد ئەمینی دەربەند فەقەرە) بووە.

سەرچاوە: کاک محەمەد ئەمین دەربەند فەقەرە.

**وسوو ئاغا و مستەفا ئاغا:**

وسوو (یوسف) ئاغا و مستەفا ئاغای برای کوڕانی عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی محەمەد ئاغان. وەک لە کاک عەبدوڵڵای کوڕی وسوو ئاغامان بیستووە خزمایەتییان لەگەڵ خێڵی ئەحمەدی حەسەنە ڕەشدا هەیە کە لە ناوچەی بنگرد دادەنیشت، هەروەها سالحی ڕەشە خاڵی وسوو ئاغا و مستەفا ئاغایە. بەمجۆرە دوور نییە ئەمان لە ئێڵی (شیلانە)ی ناوچەی رانیە و بنگرد بن. کاک عەبدوڵڵاش لەم بۆچوونە لام وایە نکوڵی نییە.

وسوو ئاغا بەڕاستی پیاوێکی پیاوانە و سەربازێکی نەناسراوی شارەکەمان بوو، جلی کوردی و پەستەک و کوڵەباڵ هەر لە خۆی دەهات، هەمیشە مشوورخۆری گۆڕ هەڵکەندن و ناشتنی مردوو بوو لە ڕێی خوادا و لە هەموو پرسەیەکا ئامادە بوو، ناسراوی بووبێت یان نەناسراو، هەمیشە بە دەم زوڵم لێکراوەوە دەچوو، خۆم کە یەکێکم لە نووسەری ئەم کتێبە لە

سەردەمی منداڵی پیاوەتیەکی وسوو ئاغام لەبیرە بەرامبەر بە دایکم کە خزمەکانی هێرشیان هێنایە سەر ویستیان زیانی پێ بگەیەنن لە کاتێکدا کە باوکم لەوێ نەبووە، وسوو ئاغا فریاکەوت هەموویانی هەڵبڕی.

وسوو ئاغا و مستەفا ئاغای برای هەردووکیان لە شەڕی ئاوباریکدا بەشدار بوون، لە ئەنجامی ئەوەدا ئینگلیز ماڵەکانیان بە تاڵانکردن دا و خانووەکانیان وێران کردن. جگە لەوەی وسوو ئاغا یەکێک بووە لە پیاوە نزیکەکانی لای شێخ مەحموودی حەفید.

- نەوەی عەبدوڵڵا ئاغای حەماغا (مەجید ئاغا، وسوو ئاغا، مستەفا ئاغا، عائشە و فاطمە).

- نەوەی وسوو ئاغا (عەبدوڵلا، مەحموود، کەیکاوس و نەسرین).

- نەوەی مستەفا ئاغا (فاضل ئەفسەری پێشوو لە سوپادا، خەسرەو و دارا).

سەرچاوە: کاک عەبدوڵڵای وسوو ئاغا.

**یەعقووب ئاغا:**

ئەم بنەماڵەیە لە بنچینەدا لە قەرەداغەوە هاتوونەتە سلێمانی. عەبدوڵڵا سەعید و عارف سەعید لەم بنەماڵەیە ئەفسەری لەوەپێشی سوپا بوون و غەفوور ئاغای برایان لە کەرکووک تووتنچی بوو.

ئەمەش درەختەکەیانە:

- نەوەی حەسەن کوڕی گورون کوڕی یەعقووب ئاغا (سەعید و سالح) بوون.

- نەوەی سەعید (عارف و غەفوور و عەبدوڵلا). نەوەی عارف (عزت، بەهجەت، شەوکەت، شەماڵ، بەختیار و ئەلماس خان).

- نەوەی غەفوور ئاغا (نەشئەت، ئازاد، نەوزاد و ئاسۆ).

- نەوەی عەبدوڵڵا سەعید (سیروان، سەردار، نزار و کریم).
- نەوەی حەمە سالحی حەسەنی گورون (ڕەشید و محەمەد سالح).
سەرچاوە: کاک عەتا کوڕی حاجی ئەحمەدی کەریماغا کە خزمیانە.

**یامولکی:**

هەندێک سەرچاوە ئەم بنەماڵەیە بە (بلـباس) دادەنێن. باپیرە گەورەیان حەیدەر ئاغای سیوەیلییە. حاجی مستەفا پاشای یامولکی ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپای عوسمانی بوو، کە گەڕایەوە وڵات لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموودا بوو بە وەزیری معارف و سەرۆکی کۆمەڵەی (کوردستان) و ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی دەردەکرد. هەروەها عەبدولعەزیزی کوڕی (عەقید) بوو لە سوپادا و ئەویش هەندێک نووسراوی چاپکراوی هەیە و هەر ئەم پیاوە لە کاتی خۆیا درەختی بنەماڵەی خۆیان و (خەندان)ی لابوو، وەک لە شوێنێکی ترا روونمان کردووەتەوە لای عەبدوڵڵا بەگ حەمە عەلی بەگ ون بوو.

- حاجی مستەفا پاشا و حاجی قادر بەگی برای کوڕی عەزیزن، ئەویش کوڕی مەلا مستەفا کە ژنەکەی (یامولکی خانم)ی ناو بووە و لەوەوە ئەم نازناوەیان بەسەردا براوە، مەلا مستەفاش کوڕی مەلا عەزیز کوڕی مەلا حەیدەر کوڕی مستەفا کوڕی حەیدەر ئاغای سیوەیلییە.

- نەوەی عەزیز یامولکی (حاجی مستەفا پاشا، حاجی قادر بەگ و زبیدە خان و مەنیجە خان)ن. نەوەی حاجی مستەفا پاشا (عەزیز یامولکی، زارا خان (زەهرە زێڕین تاج) خێزانی فەتحوڵڵا ئەدیب ناو دوای ئەو شووی بەعیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف کرد). هەروەها مەلیحە، خانم ژنی سەلیم حەکیم و دکتۆرە ئەنجوم کچانی حاجی مستەفا پاشان.

- نەوەی حاجی قادر بەگ (د. ئەکرم یامولکی پارێزەر و سەردەمێک

وەکیل وەزارەتی عەدل بوو) و (ئەدیبە خان لەوەپێش خێزانی قادر بەگ عزەت بەگ بوو) و (ساجدەش خێزانی شەوکەت ئەحمەد فەخری)یە.

ئەوەی شایانی باسە زبێدە خان خوشکی حاجی مستەفا پاشا دەبێت بە دایکی ئەمین یامولکی. ئەمین یامولکی باوکی (جەمال و کەمال سیروان و جەمیلە و کامیلە و...) هەروەها مەنیجە خانی خوشکی حاجی مستەفا پاشا دەبێت بە دایکی (ئەحمەد فەخری ئەفسەری پێشوو لە سوپادا و حەمە سەعیدی خەیات و حەمە عەلی و حەمە سوور) کە ئەم چوار برایە دەبن بە کوڕی حەمەمیناغا.

**یەک شەوە:**

نازناوی یەکشەوە لە حاجی مەلا غەفووری کوڕی حاجی مەلا قادرەوە دەست پێ دەکات کە (رەحمە خانی خوشکی حاجی مەلا عەزیزی قەرەنی خێزانی بووە)، ئەو حاجی مەلا عەزیزەی بۆ یەکەم جار (پردی قلیاسان)ی لەسەر حیسابی خۆی دروست کردووە و دوای خۆی (رەحمە خانی خوشکی-یایە) تەواوی کردووە، بەوەدا کە سامانەکەی حاجی عەزیز دوای وەفاتی بۆ رەحمە خان جێ ماوە (وادیارە وەرەسەی لە پاش بەجێ نەماوە غەیری رەحمە خان). واتا حاجی مەلا غەفوور لەپڕ بەهۆی میراتییەکەی حاجی عەزیزی قەرەنی کە گەیشتە دەستی و سامانەکەی زۆر بووە و نازناوی یەکشەوە بەسەر خۆی و نەتەوەیا بڕاوە. دەڵێن حاجی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی حاجی مەلا غەفوور لە گرانییەکەی سەفەربەردا دەستگیرۆیی خەڵکی زۆر کردووە و لە یارمەتیدا وەک (کەریم عەلەکە) بووە:

- نەوەی حاجی مەلا غەفوور کوڕی حاجی مەلا قادر (محەمەد نەجیب، مستەفا و حاجی مەلا عەبدوڵلا)ن.
- نەوەی محەمەد نەجیب (د. فاضل، تەها، سنۆبەر، ناسک و زەکیە)ن.
- نەوەی مستەفا (رەؤوف پارێزەر، نەوزاد، دلێر و شەش کچ).

– نەوەی حاجی عەبدوڵڵا (جەمالی حاکم، لەطیف و ناهدە).

سەرچاوە: کاک بەختیاری جەلال محەمەد سەیفوڵڵا کە زاوای محەمەد نەجیبە.

**(دیان)ە کانی سلێمانی:**

چەند بنەماڵەیەکی (دیان- مسیحی) لە سلێمانیدا هەن کە ژمارەیان زۆرە و هەموو یاخۆ زۆربەیان لە کۆنەوە، هەندێکیشیان لەگەڵ دروستکردنی شارەکەدا هاتوون. ئەم برا بەڕێزانە هەندێکیان لە دێی (ئەرموطە)ی نزیک کۆیەوە و هەندێکی تریان لە (عینکاوە)ی نزیک هەولێرەوە باقییەکەیان لە کەرکووکەوە هاتوون.

ئەم برایانەمان (کلدانی) و (کاثولیک)ن و سەر بە (پاپا) لە (الفاتیکان). قسەکردنی ڕۆژانەیان واتا زمانیان (کلدانی)یە و نووسین و خوێندنەوەی ناوخۆیان بەپیتی تایبەتیی کلدانییە جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی.

هەندێک لەم برا خۆشەویستانەمان کاسبی و بازرگانی دەکەن و هەندێکیان فەرمانبەری (میری)ن. (مەطران)ی کلدان لە کەرکووک دادەنیشێت کە دەبێ بە سەرۆکی (ئەساقفە)ی کەرکووک و هەولێر و سلێمانی. هەر ئەویش (مەطران) قەشەی سلێمانی دادەنێت. (مەطران)یش سەر بە (بەطریرک)ی بەغدایە و ئەویش سەر بە پاپایە.

لە ساڵەکانی ١٩٦٧- ١٩٦٨و لەوەدواش (یوسف پەری) قەشەی کلدانەکانی سلێمانی بوو، پیاوێکی زیرەک و قسەخۆش و نیشتمانپەروەر و لە زمانی (فەرەنسی) و (ئینگلیزی)دا جگە لە (عەرەبی) و (کوردی) شارەزایی زۆر بوو.

ئەم برایانەمان لە سلێمانی هەموو کاتێک هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی دانیشتووانی شارەکە بوون، ئەوانیش ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان چەشت، بەڵام ئەوەندە پیاون هیچ کاتێک، هیچ کامێکیان پێیەکی خواریان دانەناوە.

بگره بەپێچەوانەوە هەمیشە دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و بەڕێز بوون. بۆیە دانیشتوانی شارەکەش زیاتر خۆشیان دەوێن.

لەمانە پیاوی گەورە و بە دەسەڵاتیان تیا هەڵکەوتووە، یەکێک لەوانە (کەریمی عەلەکە) ئەمە بازرگانێکی دەوڵەمەند و خاوەن موڵک و ماڵێکی زۆر بوو لە گرانی و قاتوقڕەکەی شەڕی گەورەی یەکەمدا (واتا سەفەربەر)، ئەم پیاوە عەمباری دانەوێڵە و ئەو پارەیەی هەیبوو هەمووی خستەبەر دەستی هەژار و لێقەوماو بەوە گیانی زۆر کەسی لە برسییەتی و مردن رزگار کرد.

ئەم پیاوە لە سەردەمی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفیدا کە لە ساڵی ١٩١٩وە دەستی پێ کرد، بوو بە وەزیری مالییە. هەر ئەوەش وای لە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی کرد شەقامەکەی گەڕەکی (دیان)ەکان بەناوی (کەریمی عەلەکە)وە ناو بنێ و (یوسف پەری) قەشەش بخاتە (ئەنجوومەنی شارەوانی)یەوە بە ئەندام. ئێستا ئەم برایانەمان هەموو خاوەنی ماڵ و موڵکی خۆیانن و منداڵیان لە کوڕ و کچ پێگەیشتوون. زۆربەیان زانکۆ و خوێندنی بەرزتریشیان تەواو کردووە. خوا هەر زۆریان کا و سەریان خات.

ئەمەش ناوی هەندێک لەو برایانەمان نەک هەموویان:

– خواجە کەریمی عەلەکە بازرگان و خاوەن موڵک و ئاشی مەکینە و زەوی و کشتوکاڵ و وەزیری دارایی لە حکوومەتی شێخ مەحموودا. ئەندامەکانی ئەم خێزانە زۆرن و وەک قوستەنتین، شەکووری، شەوکەت، نەسووری... کە هەموو لە درەختی بنەماڵەکەدان– کە پێشکێشمان کرد.

– ئەسکەندەر بطرس عەلەکە: کوڕەکانی بطرس نەجیب ئەفسەر بوو لە سوپای عێراقدا گەیشتە پلەی (عقید یا عمید) و جەلیل ئەندازیار بوو، خەلیل و ئەنوەر و مەسیح عەلەکە و جەمیل و لەتیف.

– خواجە هورمز – بازرگان بوو لە خانی ئاغا فەتحوڵڵا.

– خواجە قەدووری و خواجە سەرکیس و خواجە عەبدە و کوڕانی ساسون

هەموو بازرگان بوون لە خانی ئاغا فەتحوڵڵا.

– ئەڵڵاوێردی و موسا و کوڕەکانی نیسان و روکسی، فانووسی گاور.

– سەرکیس و مام داود هەموو موتابچی بوون لە گەڕەکی کاروان.

– ئاڵتوون ئەویش موتابچی بوو لە دواییدا بوو بە موسوڵمان و ناوی خۆی نا میرزا ئەحمەد.

– خواجە حەبیب (حەبیبە سوور) بازرگان و لە خانی ئاغە فەتحوڵڵا بوو.

جگە لەوانە مەی فرۆشەکانی سلێمانی هەموو دیان بوون بەڵام لەو برا کلدانییانە نەبوون. بەڵکو لە موسڵ و ئەم لاو ئەولاوە هاتبوون وەک جەرجیس و مەتی برای.

– شەوکەت عەزیز کە بوو بە مدیری انحصار و براکانی فائق و پۆلص.

– حەنا بەترۆس هونەرمەند بوو دەرسی ئالەتە هەوایییەکانی دەوتەوە.

– ولیام یوحەننا: مامۆستای موسیقا و ئەندامی بنیاتنەری تیپی مەولەوی بوو.

**ئەرمەنییەکانی سلێمانی:**

ئەمانیش زۆریان لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون. لەگەڵ دانیشتوانی شارەکەدا هاوبەشی خۆشی و ناخۆشییان بوون. بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆریان لەوێ نەماون و هەریەکە بەلایەکدا ڕۆیشتوون خوا ئاگاداریان بێت.

ئەمەش ناوی هەندێک لە ئەرمەنییەکانی سلێمانین:

– نیکۆغۆس ئەکسەندریان یاخۆ ئەسکەندەری ئازاچی کە ئەجزاخانە (صیدلیە)ی (سیروان)ی لەسەر شەقامی تازە (مەولەوی) هەبوو.

– دیکران برای ئەسکەندەر، ڕادیۆی دەفرۆشت. لەم دواییەدا هاتە بەغدا. دیکران یەکێک بوو لە یاریکەرە سەرکەوتووەکانی وەرزش بەتایبەتی هەموو

یارییەکانی تۆپ. ئەم برایانە دەمێکە سلێمانییان بەجێ هێشتووە.

– ئەنترانیک: ئەمیش دووکانی کارەبایی هەبوو. لە دواییدا بوو بە سائق و پیشاندەری فیلمی پرۆپاگەندەی ئەمەریکا. یەکێک بوو لە هاوەڵەکانی دیکران لە وەرزش و تۆپ تۆپێن دا.

– کارنیک زادیک (کارنیکە سوور) کارەباچی و وەرزشەوان بوو.

– وەستا کەسپەر (بارۆن) لە پێشدا شوفێر بوو، لە دواییدا لەسەر شەقامی مەولەوی دووکانی مەی فرۆشتن و شتی تری کردەوە. باوکی سامی کەسپەر و برای (کیغام)ی شوفێر بوو.

ئۆفیک ئوسکانیان: مەی فرۆش لە شەقامی سابوونکەران نزیک گەراجی عەبدە. باوکی ڕۆبین بوو کە مامۆستا و مۆسیقاژەن بوو.

– وەستا قەزەرۆز و وەستا گەرەبێت ئەمانە سەرتاش بوون.

– فانووس و ئەجی، وێنەگر بوون لەبەر دەرگای سەرا، پێش شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠.

– گەرەبێت نەعلبەندیان: لە پێشدا ئۆتۆمبێلی هەبوو، لە دواییدا بوو بە بازرگان و خاوەن کارگەی سەهۆڵ. بوو بە ئەندام لە (ئەنصاری سەلام)(١)[١٧]دا.

– شەرام: شوفێر، سەنەکەریم: شوفێر، متی خۆشابا شوفێر.

---

١٧. لە کاتی خۆیدا چەند کەسێک لە دانیشتوانی سلێمانی چووبونە بن کلێشەی وەستا گەرەبێتەوە و ڕایان کێشابووە کۆمەڵی (ئاشتیخوازنەوە). ڕۆژێک حسێن شێروانی مدیری ئاسایشی سلێمانی دەنێرێت بە شوێن گەرەبێتا و ئامۆژگاری دەکات و پێی دەڵێ: تۆ کاسبی حەقت چییە بەسەر سیاسەتەوە وازبێنە. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: جانم (انصاری سلام) هەرەکەتە، هیزب نییە. ئەویش پێی دەڵێ: ئەم قسە قۆڕانە لای من مەکە. دادەنیشی بەرەحەتی، باشە. ئەگینا عەزێتت دەدەم.. تۆ من فێر دەکەیت کە ئەمە حەرەکەتە و حیزب نییە؟؟

– وەستا کرێکۆری نانەوا، عیسایی/ شوفێری ڕێگای هەڵەبجە.
– خەچەدۆری کوڕی باش و برادەری هەمووان کە لە دواییدا بە ئیفلیجی مرد.

بەشی ڕۆشنبیری

## چاپخانە . ڕۆژنامە و گۆڤار . کتێبخانە . هونەر . مۆسیقا . فۆلکۆر

## چاپخانه و ڕۆژنامه له سلێمانی

**ماکینەی چاپ**

١- چاپخانەی ئینگلیزەکان:

کە ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر سلێماندا گرت و پێش ئەوەش کە لە ساڵی ١٩١٧دا عێراقیان لە بەسرەوە داگیر کرد و لە دواییدا بە وڵاتدا بڵاوبوونەوە، هەر ئەو کاتە کە هاتن ژمارەیەک چاپخانەی کۆنیان هێنایە عێراقەوە، بۆ ئەوەی کاروباری میری و پڕوپاگەندەی خۆیانی پێ بەڕێوە بەرن. ئەوساکە کە مێجەرسۆن (حاکمی سیاسی) سلێمانی بوو، یەکێک لەو چاپخانانەی هێنایە سلێمانییەوە، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیان. جا لەم ڕووەوە د. کەمال مەزهەر دەڵێت[18]:

سۆن، چاپخانەکەی بەرامبەر ماڵی حەماغای ئەورەحماناغا (خانووی فارس ئەفەندی) دامەزراند و توانی سێ لاوی خوێندەواری ئەو سەردەمە قایل بکات، کە کاری چاپخانەکە بگرنە ئەستۆ (شێخ مەجیدی شێخ عارف و ئەدیب عەزیز و محەمەدی زوهدی) کە ئەو سیانە پێشڕەوی ڕۆژنامەنووسی و چاپخانەگەری کوردی بوون و بە هەرسێکیان تیپەکانیان ڕێک دەخست و پرۆڤەی نووسینەکانیان ڕاست دەکردەوە، ئینجا بە مەکینەی دەست ئینجا لە چاپیان دەدا کە ئەمە گەورەترین کاری دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستانی عێراقدا بە ئەنجام گەیاند و دوای کۆششێکی زۆر،

١٨. لە گۆڤاری (ڕۆشنبری نوێ) ژمارە (٧٧) ساڵی ١٩٧٩ل٣٧- ٣٤ ئەویش هەندێک لەو هەواڵانەی لە مامۆستا ئەحمەد خواجە وەرگرتووە کە لاوێکی خوێندەوار و پێگەیشتووی سەردەمی شێخ مەحموود بوو.

مێجەرسۆن یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی پێ دەرکرد کە هەفتەیی بوو. دوای ئەوە کە ئینگلیزەکان سلێمانییان بەجێ هێشت و شێخ مەحموود هاتەوە سەر حوکم. ئینگلیزەکان چاپخانەکەیان بۆ نەبرا بەڵام چووبوون میلێکیان لێ دەرهێنابوو، شێخیش دوای ئەوان، فرمانی دا، هەر چۆنێک بێت چاپخانەکە دەبێ بکەوێتەوە کار. وەستا صالحی جەژنێ کە چەخماخچییەکی زیرەک و شارەزا بوو، لە ماوەی دوو ڕۆژدا میلێکی بۆ چاپخانەکە دروست کرد شێخیش لە ئەنجامی ئەوەدا دوو سەد ڕوپیەی ئەو ڕۆژەی حەق دەستی دایە و ماکینە کەوتەوە ئیش و دەکردنی ڕۆژنامە.

دوای ئەوە د. کەمال باسی بیرکردنەوەی شێخ دەکات لە هێنانی ماکینەیەکی تری نوێ لە ئەڵمانیاوە، بەڵام بەداخەوە ئەم پرۆژەیەی نەچووە سەر، چونکە ئینگلیز دەستیان کردەوە بە بیانووگرتنەوە بە شێخ و بۆمباردومانی سلێمانی..

ئەمەش کاک کەمال تەواوی فەرمووە چونکە بە ژمارەکانی (ڕۆژی کوردستان) لە (٨-١٢)دا دەردەکەوێت، یەکەم جار کە پارە کۆکرابێتەوە لە سەردەمی شێخ مەحمووددا بۆ کڕینی ماکینەی چاپ بووە کە لە دانیشتوانی شارەکە (٥٩٨٠) ڕوپیە بۆ ئەو کارە مەزنە کۆکراوەتەوە، دووەم هەنگاو لە پارە کۆکردنەوەدا، بۆ قوتابییە دەست کورتەکاتی قوتابخانەکان بووە. ئەم چاپخانەیە لە دواییدا بوو بە موڵکی شارەوانی و لە سەردەمی حکوومەتی عێراقیدا و دوای (تشکیلات) لە سلێمانی، چاپخانەکە گوێزراوەتەوە شوێنی کۆنی شارەوانی کە لەناو بازاڕدا بوو.

٢- چاپخانەی ژین:

حاجی تۆفیقی پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٣٧دا لە سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە (باخی پوورەبەگی) دای مەزراند. پێش ئەوە واتا لە ١٩٣٢/٥/٦دا کە مامۆستا حسێن نازم کۆچی دوایی کرد کە ئەو تاکو ئەو ڕۆژە

سەرپەرشتیکەری ڕۆژنامەی ژیان و چاپخانەکەی شارەوانی بوو، ئینجا ئیشەکە بە پیرەمێرد سپێررا.

لە ژمارە (٣٢١ی ژیان)ەوە ئەو دەری کرد. تاکو لە ناوەڕاستی مانگی ئاغستوسی ساڵی ١٩٣٤دا، چاپخانەکەی لە شارەوانی بە ئیجار گرت و ئیمتیازی ڕۆژنامەکەشی بە ناوی خۆیەوە وەرگرت. بە هەموو هێزێکییەوە پیرەمێرد هەوڵی پێشکەوتنی ڕۆژنامەکە و پێشخستنی چاپخانەکەی دەدا و هەردووکیانی گەیاندە پلەیەکی بەرز تا ژمارەی ڕۆژنامەکەی گەیاندە (٥٣٨) لێرەدا ماوەی کرێی چاپخانەکە کۆتایی هات و لەبەرئەوەی ڕێبازی ڕۆژنامەکە بە دڵی کاربەدەستان نەبوو، لەبەر ئەوە ئیجاری چاپخانەکەیان بۆ تازە نەکردەوە، ناچار ئەویش بە قەرز و قۆڵە و بەرەهەنکردنی خانووەکەی ئەو چاپخانە تازەیەی کڕی و لە ڕۆژی (١٩٣٧/٩/٢٠)ەوە ژمارە (٥٣٩)ی ژیانی پێ دەرکرد و لەسەری ڕۆیشت. ئەو چاپخانەیەی ناونا (چاپخانەی ژین) و ئیشی بە ماکینەکەی دەکرد و پارچە و تیپی تازەی بۆ دەهێنا، تا ڕۆژی کۆچی دوایی لە ١٩٥٠/٦/١٩دا، تا هەشت ساڵیش دوای کۆچی خۆی چاپخانە هەر لە کاردابوو کە بەدەست (ئەحمەد زرنگ)ی کچەزایەوە بوو.

دوای ئەوە لەبەرئەوەی ماکینەکە کۆن بووبوو، ئەحمەد زرنگ بە قەرز و قۆڵەی بانقی پیشەسازی و بە پارەی خۆی چاپخانەیەکی نوێی بە نزیکەی شەش هەزار دینار کڕی بەڵام چاپخانە کۆنەکەی باپیری هەر لە شوێنی خۆی مایەوە تا شرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ کە لە مۆزەخانەی ئەتنوگرافیا لە شاری سلێمانی ژوورێکی بۆ تەرخان کراو چاپخانەکەیان گواستەوە ئەوێ. چاپخانە نوێیەکەش هەر لە کاردابوو تا مانگی شوباتی ٩٦٣ کە بەپێی یاسایەک گشت ڕۆژنامەکانی عێراق داخران و ڕێگای ڕۆژنامە نەدرا ئیتر دەربچێت، چاپخانەکەش خرایە ژێر چاودێری ڕەسمییەوە و کارکردنی قەدەغە کراو بگرە ئیجازەی چاپخانەکەش ڕەش

کرایەوە، ناچار ئەحمەد زرنگ پارچەکانی چاپخانەکەی کە خۆی کڕیبوونی فرۆشتنیەوە[19].

٣- چاپخانەی کامەرانی:

ساڵی ١٩٥٨ بەناوی چاپخانەی (کامەران)ەوە، لەسەر شەقامی (سەیوان) لەلایەن محەمەدی حاجی عەزیزی قەفتانەوە دامەزرا، لە دواییدا ناوەکەی گۆڕرا بە چاپخانەی (کامەرانی) بۆ ئەوەی لەگەڵ ناوی شاعیری خوا لێخۆشبوو (محەمەدی ئەحمەدی تەها کامەران) کە پێوەندییەکی پێوە نەبوو، جیابکرێتەوە. دوای ئەوە بوو بە یەکێک لە چاپخانە گەورە و پێشکەوتووەکانی شاری سلێمانی. لەم چاپخانەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە کتێب و نامیلکە و گۆڤار چاپ کراوە، وەک گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) کە لە یەکەم ژمارەیەوە تا دوا ژمارەی لێرە چاپ کراوە. چاپخانەکەش گەلێک جار بە فەرمانی میری داخراوە و خاوەنەکەشی تووشی گرتن و ئەشکەنجە هاتووە، هەروەها چەند ژمارەیەک لە ڕۆژژمێری هاوسەری لێ چاپ کراوە کە دەرهێنەری هوشیاری کوڕی محەمەدی قەفتانە.

٤- چاپخانەی ئاشتی (السلام):

سەرپەرشتیکەری ئەم چاپخانەیە لە ساڵی ١٩٧١دا (عەبدولعەزیز ئەلطالبی) بوو، کە ئەمیش یەکێک لە موتەسەریفەکانی ئەو سەردەمە بە بۆنەوی هاوڕێیەتی و بۆ ئەوەی سوودی پێ بگەیەنێت، لە دەرەوەی سلێمانییەوە، ئەم پیاوەی هێنا، لەوەپێش واتا لە ساڵی ١٩٦٣دا ئەم چاپخانەیە بەناوی (النهضە)وە هەر (طالبی) دایمەزراند و ڕۆژنامەی (النهضە)ی پێ چاپ دەکرد بە زمانی عەرەبی و کوردی و لە دواییدا فرۆشتی.

---

١٩. دیوانی پیرەمێرد- بەرگی یەکەم. بەغدا ساڵی ١٩٩٠چاپخانەی الزمان ل٦١ – ٦٦.

٥- چاپخانەی کاکەی فەلاح:

ساڵی ١٩٧٢ کاکەی فەلاح (حەمەی حەمە ئەمین) دایمەزراند و ڕۆژنامەی (ژین)ی پێ چاپ دەکرد.

**ڕۆژنامەکانی سلێمانی**

بێگومان باشترین هۆی پڕوپاگەندە و ناساندنی هەر نەتەوە یا میللەتێک بە گەلانی تر و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و کاروباری زانستی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی.. و دەیەها شتی تر هەمووی بەهۆ و لە ڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤارەوە بووە لە ڕۆژانی ڕابردوودا کە وەک ئەمڕۆ هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن، وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تەلەفۆن.. بڵاو نەبووبوونەوە.

سلێمانی ڕەنگ هەیە بە سەردەستەی شارەکانی تری عێراق دابنرێت لەڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە کە لە ساڵی ١٩٢٠وە ڕۆژنامەی تێدا دەردەچێت. ئێمە لێرەدا ڕۆژنامەی ئاشکرا و نەهێنی هەر یەکە بەجیا دوای ئەوانە، گۆڤار بەگوێرەی ساڵی دەرچوونیان یەکە یەکە ئەخەینە پێش چاو.

١- ڕۆژنامەی پێشکەوتن:

یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٢٩ی ابریل (نیسانی) ساڵی ١٩٢٠دا و تا (١١٨) ژمارەی لێ دەرچوو. دوا ژمارەی (ساڵی ٣) ڕۆژی پێنجشەممە و ٢٧ی جولای (تەمووز) ١٩٢٢ دەرچوو. ئەمە ڕۆژنامەی سەردەمی ئینگلیزەکانە، ڕۆژنامەیێکی هەفتەیی بوو، لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی میجەرسۆن و دوای ئەویش جێگرەکانی دەردەچوو کە بەڕاستی هەموو هەواڵێکی ئەو ڕۆژانەی بڵاو دەکردەوە.

٢- بانگ کردستان:

ڕۆژنامەی دوارِۆژەکانی ئینگلیز و دەمە دەمی گەڕانەوەی شێخ مەحموودە لە هندستانەوە. لەڕاستیدا ئەم ڕۆژنامەیە زوبانی حاڵی کۆمەڵەی (جمعیت کردستان) بوو بە سەرۆکایەتی حاجی مستەفا پاشای یامولکی.

یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە بە هەفتەیەک دوای وەستانی پێشکەوتن واتا لە مانگی ئاغستوس ساڵی ١٩٢٢ دەرچوو. (صاحب امتیاز و مدیری مسئول) (مصطفی پاشا) و (محرر کوردی فارسی علی کمال و م. نوری)[٢٠] و محرر تورکی رفیق حلمی) بوو. ڕۆژنامەیەکی (علمي، اجتماعی، ادبی، غزەتەیکی حر و سربست ملییە. هفتەء جارێک دردچی. نسخەیکی بە ٢ آنە. لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەشدا ئەم رستە تا دوا ژمارەی دووپات بووەتەوە:

(زمان گورزو ڕم رابورد ایستا پالـوان علمە)

(سلاح دستە صنعت بارقەء تیغ سنان علمە).

ئەم ڕۆژنامەیە تاکو گەڕانەوەی شێخ مەحموود بە حوکومداریەتی بۆ سلێمانی لە ٣٠ ئەیلوولی ١٩٢٢دا و بۆ دوای ئەوەش تاکو ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ٩٢٢ دوا ژمارەی کە (١٣)مین بوو، دەوامی کرد بەڵام ژمارە (١٤-١-٢-٣) لە بەغدا هەر حاجی مستەفا پاشا لە کانوونی دووەم و شوبات و نیسانی ٩٢٦دا دەری کرد و هەواڵی پێکهێنانی حکوومەت و (ارادەی علیەء حکمداری کردستان) کە بۆ دامەزراندنی کاربەدەستان و بۆ کاروباری تر لەو ڕۆژنامەیەدا بوون کە (ژمارەکانی لە سلێمانی دەردەچوون).

---

٢٠. ئەوانەی لە بەینی دوو کەوانەدان ( ) لەسەر ڕۆژنامەکە چۆن هاتووە ئێمەش وامان نووسیوە.

٣- ڕۆژ کردستان:

دوانزە ڕۆژ دوای (بانگ کردستان)، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی (١٥ تشرینی ثانی ١٩٢٢) دەرچوو. (صاحب امتیاز و مدیر مسؤل م. نوری) و (محرر علی کمال)[٢١] ڕۆژنامەیەکی (سیاسی، ادبی، اجتماعی، غرتەیکی رسمییە هفتەء جاریک دردچی).

هەموو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە سەردەمی حکوومەتی شێخ مەحموودا دەرچووە وە دوا ژمارەی کە پانزە بوو لە ڕۆژی (١٥ رجب ١٣١٤) بەرامبەر بە (٣ مارت ١٣٣٩) دەرچووە،.

٤- بانگی حەق:

لە ئەشکەوتی (جاسەنە) لە ناوچەی سووورداش دەردەچوو، کاتێک کە شێخ مەحموود لە ئەنجامی بۆمبارانی سلێمانیدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە شارەکەی بەجێ هێشت و ڕووی کردە ناوچەی سووورداش. یەکەم ژمارەی (بانگی حەق) ڕۆژی ٨ی مارتی ساڵی ١٩٢٣ دەرچوو. تا نیسانی ١٩٢٣ (٣) ژمارەی لێ دەرچوو. ژمارەی سێی دوو لاپەڕەیە و ڕۆژی پێنجشەمەی ١٢ی نیسانی ١٣٣٩، ٢٦ شەعبانی ١٣٤١ی لەسەر نووسراوە.

وادیارە تەنها هەر ئەو سێ ژمارەیەی لێ دەرچووە، چونکە زۆری نەخایاند کە شێخ مەحموود ناچار بوو ناوچەی سووورداش بەجێ بهێڵێ، بەوەش چاپخانەکە کەوتەوە دەست ئینگلیز کە دیسان گواستیانەوە سلێمانی و پاش ماوەیەک (ژیانەوە)یان پێ دەرکرد.

٥- أمید أستقلال:

یەکەم ژمارەی ڕۆژی (پێنجشنبە ٩ صفر الخیر ٣٤٢، ٢٠ ایلول ٣٣٩)

---

٢١. لەمەوپێش دیسان ڕوونمان کردووەتەوە. م. نوری واتا محەمەد نوری مەبەست لە شێخ نوری شێخ صالح و عەلی کەمال مەبەست لە عەلی باپیر ئاغایە.

دەرچوو، (مـدیر مـسـؤل خـواجـە افندیزادە احـمـد صـبری) ڕۆژنـامـەیەکی (سیاسی، ادبی، اجتـمـاعی، غزەتەیکی رسـمـییـە. هـفـتـەء جـاریک دردچی) ئەمەش لەژێر ناوی ڕۆژنامەکە وا دەنووسرا.

(خدایا بەسیە أیتـر لابـری دیجور اضمــحلال
طوعی پی بکەء خـــورشید ڕوژ پاک استــقلال).
(لەکل خولیای هجرت دا بەسرچو عمر شیرینم
دەسا نوبــــەء وصالە آە ای امید استــــــقلال).

لە ژمـارە (٤)ەوە (مـدیر مـسـؤل و سـر مـحـرر رفـیـق حلمی)یە و لە ژمـارەی (١٤)ەوە (حسین ناظم)ە و لە ژمارە (١٧)ەوە ناوی (مدیری مسؤل)ی تا دوا ژمارە کـە (٢٥)ە لەسـەر نییـە. کۆتایی ئـەم ڕۆژنامـەیە لـە (١١ شـوال ٣٤٢) (١٥مایس ١٣٤٠)دا دەرچووە.

٦- ژیانەوە:

ژمـارە یەکی لـە ڕۆژی دوو شـەممـە (١٧) مـوحـەرەمی ١٣٤٣، ١٨ی ئـابی ١٩٢٤ دەرچووە. ڕۆژنامـەیـەکی حـەفـتـەیی بووە. لە چاپخـانەی شـارەوانی لە چاپ دەدرا. تا ڕۆژی (١٤)ی کـانوونی دووەمی سـاڵی ١٩٢٦ (٥٦) ژمـارەی لێ دەرکرا. دوای ئەو ڕۆژە خوا لێخۆشبوو (حسین ناظم) گرتیە ژێر دەستی خـۆی ناوەکـەی گـۆڕی و کردی بـە (ژیان). لە ژمارە نۆزدەیەمی (٢ی مـارتی ١٩٢٥) لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە (غەزەتەیەکی سیاسی ئەدەبی اجتماعییە. هەفتەی دوو جار دەردەچێ). دانەی بە عانەیەک (٤ فلس) دەفرۆشرا.

٧- ژیان:

جـێگەی ژیانەوەی گـرتەوە. یەکـەم ژمـارەی لـە ڕۆژی (٢١)ی کـانوونی دووەمـی ١٩٢٦دا بڵاو بـووەوە. لـە ڕۆژی (٦) مـــایسـی ١٩٣٢دا بـەڕێوەبـەری

ڕۆژنامەکە (حسین ناظم) کۆچی دوایی کرد و پیرەمێرد (حاجی تۆفیق)ی ئەدیب و نووسەر و شاعیر جێگەی گرتەوە. لە ژمارە (٤٠٦) وە کە ڕۆژی (١٤ی ئابی ٩٣٤) دەرچووە ئیمتیازی ڕۆژنامەکە بە ناوی پیرەمێردەوە تۆمار کراوە کە وەک لەمەوپێش وتمان چاپخانەکەی شارەوانیشی بەکرێ گرتبوو.

ئەمیش لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە (ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، اجتماعیـیە- هەفتەی جارێک دەردەچێ. تا ڕۆژی (١٠ی مارتی ١٩٣٨) (٥٥٣) ژمارەی لێ دەرچوو دوای ئەوە (ژین) جێگەی گرتەوە.

٨- زبان:

یەکەم ژمارەی لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٣٧دا دەرچوو، شارەوانی سلێمانی دەری دەکرد و مامۆستا صالح قەفتان سەرپەرشتی دەکرد و هەتا مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٩ هەر لە کۆششدا بوو.

٩- ژین:

ژمارە (یەکی) لە ٢٦ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٩دا دەرچوو، لەلایەن پیرەمێرد (حاجی تۆفیق)ی ئەدیب و شاعیر و نووسەرەوە دامەزرا و هەر خۆی سەرپەرشتی دەکرد و تا ڕۆژی کۆچی دوایی لە (١٩ حوزەیرانی ١٩٥٠)، (١٠١٥) ژمارەی لێ دەرچوو. دوای پیرەمێرد و لەسەر وەسیەتی خۆی (جەمیل صائب)ی خوشکەزای بەڕێوەی دەبرد، تاکو ئەویش لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٥١دا کۆچی کرد، ئینجا پارێزەر (نووری ئەمین مەحموود) بوو بە سەرنووسەر و مامۆستا (گۆران) بە بەڕێوەبەری لێپرسراو. دوای ئەوان و لە ژمارە (١١٠٦)ەوە کاک ئەحمەد زرنگ کاروباری ڕۆژنامەکەی گرتە ئەستۆ. تاکو لەم دواییەدا لە جیاتی جارێک هەفتەی دوو جار دەردەچوو.

ڕۆژنامەی ژین بە تەمەنترین و دەوڵەمەندترین ڕۆژنامە بوو، لەو نووسینە

جۆراجۆره بەسوودانەدا کە بڵاوی دەکردەوە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بۆ ماوەیەک داخراو لە دواییدا ڕێگای دەرچوونەوەی درا. بەڵام لە ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا بۆ هەتا هەتایە داخرا.

١٠- نەورۆز:

یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٢٥ حوزەیرانی ١٩٥٩دا دەرچوو ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری و ئەدەبی و زانیاری و کۆمەڵایەتی بوو، خاوەن و لێپرسراوی پارێزەر کەمالی میرزا کەریم بوو هەفتەی جارێک دەردەچوو. لە ژمارە (٧)ی بە دواوە، بەشێکی بۆ عەرەبی تەرخان کرابوو. هەتا دوارۆژی لە مانگی مایسی ١٩٦٠دا زیاتر لە (١٩) ژمارەی دەرچوو.

١١- بڕوا:

یەکەم ژمارەی لە ٢ی تەمووزی ١٩٦٠دا دوا ژمارەی کە (٩٥) بوو لە ٢٥ کانوونی دووەمی ١٩٦٣دا دەرچوو ڕۆژنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و خاوەنی لێپرسراو و سەرنووسەری پارێزەر کەمالی میرزا کەریم بوو. ئەم ڕۆژنامەیە سەر بە شیوعییەکان بوو، ئەوانەی لەگەڵ داود صایغ دا بوون.

١٢- ڕاپەڕین (النهضة):

یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٦٣دا و دوا ژمارەی کە (٢٠٧) بوو لە ڕۆژی ١٩٦٨/١٢/١٩دا دەرچوو، ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو. خاوەنەکەی (عەبدولعەزیز ئەلطالبی) بوو. سەرنووسەریش پارێزەر سدیق عەبدوڵڵا موختار بوو.

بە زۆریی بە (اعلانات) و پڕۆپاگەندەی بازرگانی ئەژیا و لە پاڵ ئەوانەشدا شتی تری لە بابەت مێژوو و هونەر و شیعرەوە دەنووسی.

١٣- برایەتی:

ژمارەی یەکەمی لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٧١دا و ژمارەی (١٧)ی لە ١٨مارتی ١٩٧٢دا دەرچوو. پاشکۆی ڕۆژنامەی (التـآخی) بوو سەرنووسەری دارا تۆفیق و ڕەمزی قەزاز سەرپەرشتی دەکرد. ئەمە ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی بوو، هەفتەی جارێک دەردەچوو.

١٤- ژین:

ژمارەی یەکەمی لە ڕۆژی پێنجشەمەی ١٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧١دا دەرچوو. خاوەنەکەی کاکەی فەللاح (حەمە حەمەئەمین قادر) و سەرنووسەری عەبدولقادر بەرزنجی بوو.

ئەوەی شایانی باسە، ئەم (ژین)ە، هیچ پێوەندییەکی بە (ژین)ی پیرەمێردەوە نەبووە تەنها لێکچوونی ناوەکانیان نەبێت.

### گۆڤارەکانی سلێمانی

گۆڤار بە ماوەیەکی دوور و درێژ دوای ڕۆژنامە لە سلێمانیدا، دەرچوو. یەکەم ڕۆژنامە لە ساڵی ١٩٢٠دا دەرچوو، کەچی یەکەم گۆڤار دوای ئەو بە (١٨) ساڵ واتا لە ساڵی ١٩٣٨دا دەرچوو. ئێمە لەو بڕوایەداین ئەگەر هەر لە ١٩٢٠دا لەگەڵ ڕۆژنامەکە گۆڤارێکیش دەربچوایە، ئیتر دوای ئەوە گۆڤارەهای بەدوادا دەهات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگ هەیە هۆی ئەم دواکەوتنی گۆڤار دەرچوونە نەبوونی ماکینەی چاپ و نەبوونی کرێکاری چاپ و نەبوونی کاغەز و چاپ ئینجا نەبوونی (مەواد) و شتی تر بن...

ئەو گۆڤارانەی لە سلێمانیدا دەرچوون ئەمانە بوون:

١- زانستی:

یەکەم ژمارەی لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ١٩٣٨دا، لەژێر چاودێری و

سەرپەرشتی مامۆستا (صالح قفطان)دا دەرچوو. گۆڤارێکی ئەدەبی، مێژوویی، نیو مانگی بوو، هەر لەو سەردەمەی ئەم گۆڤارەی تیا دەردەچوو، کۆمەڵ و قوتابخانەی (زانستی) لە سلێمانیدا هەبوو. بەڵام گۆڤارەکە زۆر نەژیا .؟

٢- نیشتمان:

یەکەم ژمارەی لە مانگی (نەورۆز) مارتی ١٩٥٩دا، دەرچوو. گۆڤارێکی وێژەیی و زانیاری و کۆمەڵایەتی قوتابیان بوو، لەلایەن قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستایانی کوڕانی سلێمانییەوە بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو. تەنها ژمارەیەکی لێ دەرچوو. سەرپەرشتیکەری مامۆستایان محەمەد سلیمان ئیبراهیم و عەبدوڵڵا زێباری و ئیبراهیم محەمەد بوون و قوتابیان محەمەد مەجید، فائق محەمەد عەبدوڵڵا، زاهیدە قەرەداغی، سەلاح یوسف یارمەتیدەر بوون.

٣- نەورۆز:

یەکەم ژمارەی لە مانگی نەورۆز (مارت)ی ١٩٥٩دا لەلایەن خاوەن و لێپرسراوی پارێزەر کەمالی میرزا کەریمی شەریفەوە دەرچوو. گۆڤارێکی وێژەیی و زانیاری و کۆمەڵایەتی کوردی بوو، مانگی جارێک دەردەچوو، بەڵام تەنها (٣) ژمارەی دەرچوو، ئیتر لە دوای مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵە، ئەویش وەستا .

٤- بڵێسە:

یەکەم ژمارەی لە مانگی ئابی ١٩٥٩دا دەرچوو. گۆڤارێکی وێژەیی و زانیاری و کۆمەڵایەتی بوو، مانگی جارێک لەلایەن نەقابەی مامۆستایانی سلێمانییەوە دەردەچوو. هەتا مانگی مایسی ١٩٦٠ (١٠) ژمارەی هاتە ناو ناوانەوە. تەمەنی ئەم گۆڤارە لە ساڵ کەمتر بوو.

٥- هیوای کوردستان:

یەکەم ژمارەی لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٥٩دا دەرچوو گۆڤارێکی وێژەیی و کۆمەڵایەتی قوتابیان بوو. مانگی دوو جار لەلایەن یەکەتی قوتابیانی سلێمانییەوە دەردەچوو. نزیکەی ساڵێک ژیا و (١٣) ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام لە شێوەی ڕۆژنامەدا چاپ کراوە. دوا ژمارەی ٩٦٠/١٠/١٩ دەرچوو.

٦- هونەر:

یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٥٩دا هەر ئەو ژمارەیەش بوو بەس لەلایەن قوتابخانەی ناوەندی هونەری ناوماڵەوە بەشێوەیەکی وێنەدار و قەشەنگ دەرچوو. ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە نووسراوی کۆمەڵایەتی و هونەری و پەروەردەیی. لیژنەی نووسەری لە نەسرین محەمەد و گێلاس رەؤوف پێک هاتبوون، لویزەی کاکە حەمەی ئەمینی عەتاریش سەرپەرشتی دەکرد.

٧- ڕۆژی نوێ:

یەکەم ژمارەی لە مانگی نیسانی ١٩٦٠دا دەرچوو. گۆڤارێکی ڕامیاری و وێژەیی و کۆمەڵایەتی بوو، مانگی جارێک دەردەچوو. خاوەن و لێپرسراوی پارێزەر جەمال شاڵی بوو، سکرتێری نووسینی کامەرانی شاعیر و دەستەی نووسەران موحەرەم محەمەد ئەمین و ئیحسان فوئاد و عەبدوڵڵا ئەژدەر و کەریم زەند بوون. هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٦١ (١٨) ژمارەی لێ کەوتە کایەوە. ئەمە یەکێکە لە گۆڤارە هەرە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی.

٨- شەفەق:

یەکەم ژمارەی شەفەق لە ١٥ کانوونی دووەمی ١٩٥٨دا، دوو هەفتە جارێک لە سەرەتاوە لە کەرکووک دەردەچوو، دوا ژمارە (٢)ی ساڵی چوارەم، ڕێکەوتی ١٥ ئابی ١٩٦١ لە کەرکووکەوە گوێزرایەوە سلێمانی. ناوی

گۆڤارەکەش لە ساڵی ١٩٥٩بە دواوە گۆڕراو کرا بە (بەیان). خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری لێپرسراو عەبدولقادر بەرزنجی بوو، بەڕێوەبەری دارایی عەلی کەمالی باپیر. لە دواییدا حەمید عوسمان کرا بە سەرنووسەری.

٩- ڕابەر:

یەکەم ژمارەی لە مانگی نیسانی ١٩٦٦دا دەرچوو گۆڤارێکی پەروەردەیی ساڵانە بوو، قوتابخانەی مەڵکەندی دووەمی کوڕان لە سلێمانی دەری دەکرد. سەرنووسەری مستەفا ساڵح کەریم و دەستەی نووسەرانیش فوئاد محەمەد ئەمین و ڕەؤوف ئەحمەد حەسەن بوون. تا ساڵی ١٩٦٨ (٣) ژمارەی لێ دەرچوو.

١٠- گزنگ:

یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٥/٥/١٩٦٧دا دەرچوو. لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە: (گۆڤارێکی قوتابخانەیی و پەروەردەیی ساڵانەیە، قوتابخانەی مەناری کوڕان دەری دەهێنێت). (گۆڤارێکی زانیاری و کۆمەڵایەتییە). دەستەی نووسەرانی: عەبدولکەریم محەمەد باراوی و عەبدولکەریم صالح زەندی و محەمەد صالح سەعید و عەبدولقادر مەلا عومەر و عەبدولمەجید محەمەد کەریم و عەبدولسەمیع ئەحمەد بوون. وادیارە هەر تەنها ژمارەیەکی لێ دەرچووە کە (٤٨) لاپەڕەی بە کوردی و (١٨)ی بە عەرەبی بوو.

١١- سلێمانی:

ئەم گۆڤارە لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە دەردەکرا. یەکەم ژمارەی لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨دا دەرچوو سەرۆکی نووسەران[٢٢]: جەمال بابان.

٢٢. لەڕاستیدا هەر جەمال بابان کە ئەوسا سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بوو، ئەو دایمەزراند و مشووری دەرکردنی دەخوارد، کە ئەو لە سلێمانی نەما، گۆڤارەکەش دوای ماوەیەکی کەم وەستا.

بەڕێوەبەری لێپرسراو: محەمەد مستەفا کوردی.

سکرتێری نووسین: محرم محەمەد ئەمین.

ئەندام: جەمال شالی.

ئەندام: نووری وەشتی.

ئەندام: مەحموود زێوەر (لە دواییدا).

ئەم گۆڤارە (١٥) دانەی لێ دەرچوو، واتا دواژمارەی لە شوباتی ساڵی ١٩٧٠دا دەرچوو. جگە لە کاروباری شارەوانی سلێمانی گەلێک نووسینی وێژەیی و ڕۆشنبیری و مێژوویین و قسە خۆشەکانی (خاڵە رەجەب)ی تیا بڵاو دەکرایەوە. بەڕاستی دانیشتوانی سلێمانی هەموو سەری مانگێک بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرچوونیان دەکرد.

١٢- ڕزگاری:

یەکەم ژمارەی ڕۆژی یەکشەممەی ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ دەرچوو لەژێر ناوەکەیدا نووسرابوو (گۆڤارێکی هەفتانەی گشتییە). خاوەنی ئیمتیاز نەوشیروان مستەفا. سەرنووسەر: پارێزەر شازاد صائب. ژمارە (١٥)ی کە دوا ژمارە بوو، لە ٢٧ی مارتی ساڵی ١٩٧٠دا دەرچوو.

١٣- دەنگی مامۆستا:

یەکەم ژمارەی لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧١دا دەرچوو. لەژێر ناوەکەیدا نووسرابوو (ئۆرگانی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان- لقی سلێمانی)، (ئاشتی و زانست و برایەتی). ژمارە یەکی (٤٤) لاپەڕەیە و دوا ژمارەی (١٠)ی ساڵی دووەم (١٩٧٣) کە گەیشتووەتە (٦٤) لاپەڕە. سەرنووسەر: دکتۆر کەمال خۆشناو، سکرتێری نووسین مستەفا ساڵح کەریم. دەستەی نووسەران: جەمال عەبدول، محەمەد نووری تۆفیق، رەؤوف بێگەرد، محەمەد فەریق حەسەن و عەبدوڵڵا ئاگرین بوون.

١٤- چیا:

دەستەیەک قوتابی دەریان کردووە. ژمارە یەکی (٤٨) لاپەڕەیە و لەوە دەچێ تەنها ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووبێت. ئەمە جیایە لەگەڵ (چیا)ی هەولێردا کە ساڵی ٩٧١ (سەرنڤێسڤان و ڕێبەر- بەدرخان- بەدرخان سندی) بوو (٦٧) لاپەڕە و دوو ژمارەی زیاتر لێ دەرچوو.

١٥- ئەستێرە:

یەکە ژمارەی لە هاوینی ١٩٧٢دا دەرچوو. لەژێر ناوی ژمارە دوویەوە کە لە ئەیلوولی ١٩٧٢دا دەرچووە، نووسراوە (پاشکۆی ڕۆژی کوردستان)ە (گۆڤارێکی منداڵانە مانگی جارێ لە سلێمانی دەردەچێ. سەرەکی نووسین: (صالح یوسفی). ئەم گۆڤارە لە دواییدا بوو بە هی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا و دوو ژمارەی لێ دەرچوو بەڵام دووەمیان بڵاو نەکرایەوە. دەستەی نووسەرانی بریتی بوون لە ڕزگار شەوقی و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و عەبدولکەریم مەحموود (شێخانی) و سدیق مەحموود بەرزنجی و دەرهێنانی هونەری بە لالە عەبدە سپێررابوو.

١٦- کاژاو:[٢٣]

ژمارەی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٤دا دەرچووە. لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە (بڵاوکراوەیەکی پەروەردەییە- قوتابخانەی ناوەندی کاژاوی کوڕان لە سلێمانی بڵاوی دەکاتەوە). سەرەک نووسەران: بەڕێوەبەری قوتابخانە: حەسەن جاف. جێگری سەرەک نووسەران، یاریدەدەری بەڕێوەبەر: ئاسۆ عەلی ئەمین. سەرپەرشتیکاری گشتی: فایەق عومەر تۆفیق. لە بەرگی دواوەی ژمارە یەک نووسراوە (لەسەر ئەرکی کاک عەلی بۆسکانی لە چاپ دراوە).

٢٣. لە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بیستراوە کە (کاژاو) لە (کاچ ئاو)ەوە هاتووە کاچ ئاویش ئەو بەردە ڕاستە بەرزە لووسەیە کە ئاوی پێدا دێتە خوارێ.

**ڕۆژنامە و گۆڤاری نەهێنی – لە سلێمانی:**

ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە بە زۆری لەلایەن کۆمەڵ یاخۆ پارتە سیاسییەکانەوە دەردەچوون، لە کاتێکدا کە ئەو دەزگایانە خۆشیان، میری ڕێی ئیشکردنی ئاشکرای نە ئەدان. لە ڕاستیشدا ئەو بڵاوکراوە نەهێنییانەش دەورێکیان گێڕا لە جووڵانەوەی ڕامیاریدا، ئەوانە وا بەگوێرەی مێژووی دەرچوونیان باسیان دەکەین.

١– گۆڤاری ڕزگاری:

ئەم گۆڤارە پارتی رزگاری کورد (حزب التحرر الكردي) ساڵی ١٩٤٥ بە عەرەبی و کوردی دەری دەکرد. لە سەرەتاوە بە (ڕۆنیو) لە چاپ دەدرا. تا ساڵی ١٩٥٦ی خایاند. لەم دواییەدا ناوەکە گۆڕا بە (خەباتی کوردستان– نضال کردستان) دوای ئەوەی کە بوو بە زمانی حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢– دەنگی جووتیاران:

گۆڤارێکی نەهێنی کوردی بوو، پارتی کۆمۆنیستی عێراق، لقی سلێمانی لە ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٤٦دا دەری دەکرد.

٣– ڕووناکی:

کۆمەڵی نابیناکان (بێ چاوەکان) ساڵی ٩٤٥ لە سلێمانی دەریان دەکرد. بەڵام تەمەنی کورت بوو.

٤– دەنگی فەقێ:

ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری مانگانە بوو، یەکەتی قوتابیە ئاینییەکانی سلێمانی ساڵی ١٩٤٥ تەنها (پێنج) دانەیان لێ دەرکرد و بە ناوچەی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و دیالا دا بڵاویان دەکردەوە.

٥- دەنگی داس:

پارتی کۆمۆنیستی عێراق- لقی کوردستان ساڵی ١٩٥٦ دەری دەکرد.

٦- ڕۆژنامەی خەبات:

گوایە وەک دەڵێن هەندێک ڕۆژنامەی نەهێنی تریش هەبوون.

**کتێبخانەکانی سەردەمی بابانەکان**

مامۆستا مەحموود ئەحمەد محەمەد بەڕێوەبەری کتێبخانەی (ئەوقاف)ی سلێمانی لە کتێبەکەیا[٢٤] دەفەرمووێ: "دوور نییە ئەم کتێبخانانەی وا باسیان دەکەین نموونەی زیندووی کتێبخانەکانی بابانەکان بن کە قەڵەمڕەوی وڵاتی باباندا بڵاو بووبنەوە".

ئەو کتێبخانانەش کە باسیان دەکات ئەمانەن:

١- کتێبخانەی گشتیی بابانەکان لە قەڵاچوالان: ئەم کتێبخانەیە دەستخەتی بێ وێنەی تێدابوو بە عەرەبی و فارسی، کتێبەکانیشی نزیکەی شەش هەزار بەرگ دەبوون لە کتێبی بێ وێنە. جگە لە دەستخەتێ کە بە دەستی نووسەرەکانیان نووسراونەتەوە.، دوای دروستکردنی شاری سلێمانی ئەم کتێبخانەیە گوێزرایەوە بۆ سلێمانی[٢٥] و لە دواییدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە.

٢٤. فهرس مخطوطات مكتبة الاوقاف المركزية في السليمانية، (مكتبة البابانيين)، الجزء الاول، مطبعة بغداد، شارع المتنبي، ١٩٨٢.

٢٥. ئەوەی شایانی باسە، میرەکانی بابان پیاوی خەت خۆشیان دەنارد بۆ هەر شوێنێک کە بیانبیستایە کتێب یاخۆ دەستخەتێکی بەنرخی لێیە. خەرجی ئەو کەسە و هاتوچۆیان کە جاری وا هەبوو ساڵێکیان پێ دەچوو هەتا هاتنەوە دەدا، چونکە ئەوسا چاپخانە نەبوو، هاتوچۆش بەپێ یا بە سواری وڵاخ بوو. دەچوون بۆ تاران و بەغدا و قاهیرە و سەنعا و شام و دوورتریش.

٢- كتێبخانەی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی: کە پێش چەند ساڵێک زۆری لێ فرۆشرا بە (مدیریەتی آثاری عامة لە بەغدا) و هەندێکیشی لە هەڵەبجە لای وەچەکانی ماونەتەوە. بابانەکان گەلێک موڵکیان بۆ ئەم کتێبخانەیە (وەقف) کردبوو، کە پێی بەڕێوە بچێت.

٣- کتێبخانەی تەوێڵە (طویلة): کە زیاتر لە هەزار کتێبی دەستنووسی تێدا بوو، بەڵام لەم دواییەدا چەند پەڕەیەک نەبێت هیچی تێدا نەمابوو کە ئەوانیش هێنرانە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی.

٤- کتێبخانەی بیارە: ئەویش زیاتر لە هەزار کتێبی دەستخەتی لە هەموو جۆرە زانیارییەک تێدابوو، کە لەم دواییەدا تەنها چوارسەدی مایەوە، ئەویش هێنرایە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی و هەڵگیرا.

٥- کتێبخانەی مەلای غەزایی لە دێی گەناوی ناوچەی پشدەر: کە دوو هەزار زیاتر لە دەستنووس و کتێبی بەنرخی تێدابووە، جگە لە دیوانی شاعیرەکان (وەک دیوانی تەواوی شیعرەکانی مەلا عەبدوڵلای بێتوشی)، بەڵام بە داخەوە هیچیان نەمان.

٦- کتێبخانەی (گوڵ عەنبەر- خورماڵ): ئەمیش یەکێک بوو لە کتێبخانە هەرە گرینگەکانی ئەو دەمە و قوتابخانەی خورماڵ ئەوسا بەتایبەتی لە سەردەمی مامۆستا مەلا جەلالی خورماڵی دا بەناوبانگ بوو، بابانەکان گەلێک باخ و زەوییان لەسەر وەقف کردبوو، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ هیچی نەماوە.

٧- کتێبخانەی سووورداش: ئەمیش گەلێ دەستخەتی تیابوو بەڵام لەم دواییەدا تەنها سیانی نەبێ هیچی نەمابوو. قوتابخانەی سووورداش لە سەردەمی مامۆستایان مەلا حەسەنی قازی و مەلا محەمەدی مەلا یەعقووبدا گەلێک ناوی دەرکردبوو.

٨- قوتابخانەی بێتووش: کە ئەمیش پڕ بوو لە دەستخەتی بێ وێنە و لە کتێبی بەنرخ، لەم دێی بێتووشە گەلێک کتێب نووسراوەتەوە و بڵاو

بووەتەوە. هەندێک لە کتێبەکانی لەلایەن شێخ ئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای بێتووشییەوە پێشکێش بە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی کراون.

مامۆستایان شێخ محەمەدی خاڵ و مەحموود ئەحمەد و زۆر کەسی تر دەڵێن، کە کتێبەکانی قەڵاچوالان هێنرانە سلێمانی، لە مزگەوتی گەورە دانران لەژێر چاودێری خوا لێخۆشبوو شێخ مارفی نۆدێ کە مامۆستا و ڕابەری مزگەوتەکە بوو، لەم کاتەدا بابانەکان تا توانییان کتێبخانەکەیان ئاوا کردەوە و ژمارەی بەرگەکانیان گەیاندە شەش هەزار بەڵام دوای وەفاتی شێخ مارف و کوژانەوەی ئەستێرەی فەرمانڕەوایی بابان، کتێبەکان کەوتنە دەست ئەو کەسانەی کە قەدریان نەدەزانین، زۆریان دزران و فەوتان و بڵاوبوونەوە، هەرچەندە کە حاجی کاک ئەحمەدی شێخ هات، ئەویش زۆر هەوڵی دا کۆیان کاتەوە و ڕێکیان بخاتەوە و گیانیان بەبەرا بکاتەوە، بەڵام ئەو ڕەنجەی کێشای درەنگ فریا کەوت، بەتایبەتی دوای وەفاتی کە لە ساڵی ١٣٠٥ک (١٨٨٧)دا بوو، ئیتر کتێبخانەکە خۆی نەگرتەوە، لە ژوورێکی تاریکدا کتێبەکان لە مزگەوتی گەورە فڕێ دران، دوای تێکچوونی حوکمی شێخ مەحموود و هاتنی ئینگلیزیش زۆریان لێ فەوتان و سووتێران، تا خوا لێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵیان بۆ ڕەخسا و ئەوەی مابووەوە پاراستنی و شوێنی بۆ تەرخان کردن هەر لە ژوورەکەی کە گۆڕی حاجی کاک ئەحمەدی تێدایە لەوێ هەڵی گرتن و کتێبەکانی سەید ئەحمەدی نەقیبیشی خستەسەر و هانی خەڵکیشی دەدا کە کتێبیان چی هەیە بیبەنە ئەوێ، مەبەستی ئەوە بوو کە زیندووی بکاتەوە و گیانی بکاتەوە بەبەرا، ئەوەی شێخی خاڵ کردی شایانی ڕێز و سوپاسە[٢٦]. هەر ئەوەش بوو کە لە دواییدا و بەتەواوەتی لە ساڵی ١٩٧٨دا، وەزارەتی ئەوقاف کتێبخانەیەکی مەرکەزی

٢٦. هەندێکیش لەو دەستنووس (مخطوطة) و لەو کتێبانەی کتێبخانەی بابانەکان ئەمڕۆ لە کتێبخانەی شێخ محەمەدی خاڵ خۆیدا پارێزراون.

له شاری سلێمانی کردەوە، ناردی بە هەموو دێهاتی کوردستاندا چی کتێب و دەستخەت هەبوون، کە زۆریان لەوەدا بوون بفەوتێن هەموو کە نزیکەی هەزار دەستخەت دەبوون هێنرانە ئەو کتێبخانەیە. هەروەها پیاوچاکان لە سلێمانی و دەرەوەی ئەوانیش چییان بەدەستەوە هات پێشکێشیان کرد، جگە لە شێخ محەمەدی خاڵ کە کتێبخانە دەستخەتییەکە کە نزیکەی (٦٤٥) نووسراو بوو، پێشکێشی کرد، بەمجۆرە بە هیمەتی شێخی خاڵ و ئەحمەد و پیاوچاکانی تر کتێبخانەی ئەمڕۆی ئەوقاف خەریکە شوێنی کتێبخانەی بابانەکان دەگرێتەوە و کەوا نزیکەی (سێ هەزار دەستخەتی) تێدایە کە زۆر بەنرخ و بێ وێنەن، وەک (قورئانی پیرۆز، تەجوید و زانیاری قورئان، لێکدانەوە (تفسیر)ی قورئان، قسەکانی پێغەمبەر (د.خ) و زانستەکانی بڕوا و وتە (عقائد وکلام)، سۆفیگەری و ئامۆژگاری (تصوف و مواعظ)، (اصولي فقه)[27] (فقه شافعي)، (فقه حنفي)، (فقه مالكي)، (فقه مەزهەبەکانی تر) و لێکچواندن، وێژەی عەرەبی (الادب العربي)، زمانی عەرەبی، (نحو وصرف)، بلاغة[28]... تا دوایی.

ئەمڕۆ کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی بە دەوڵەمەندترین کتێبخانەی شاری سلێمانی دەژمێررێ و بەڕاستی شوێنی سەرچاوە و پرسیار و بە ئەنجام گەیشتنی ئەو کەسانەیە کە بە شوێن زانیاری و وێژە و شیعر و ڕۆشنبیری... دا دەگەڕێن. جگە لە کتێبخانەی ئەوقاف کە باسمان کرد، کتێبخانەی (ادارەی ملحی)یش هەیە، کە ئەمیش کتێبخانەیەکی میرییە و لەوەی ئەوقاف لەپێشترە کە بە کتێبخانەی گشتی بەناوبانگە.

کتێبخانەی گشتی[29]: ئەم کتێبخانەیە لە ١٩٤٣/٦/٣٠دا دامەزراوە لەلایەن

٢٧. بنەڕەتەکانی فەقێگەریی.

٢٨. ڕەوانبێژیی.

٢٩. ئەم شتانەی نووسراون لە لێپرسراوی کتێبخانەکە کاک عەبدوڵڵا کەریم، ڕۆژی ١٩٩٠/٧/٢٥ لە سلێمانی، هەر لە کتێبخانەکە وەرگیراون.

وەزارەتی مەعاریف (تەربیەی ئێستا) و سەر بە (معارف)ی سلێمانی بوو. لە دواییدا لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجادا بە (ادارەی ملحی)یەوە بەستراوە و تا ئێستاش هەر سەر بەو دەزگایەیە.

یەکەم جار: شوێنەکەی لە سەر شەقامی سابوونکەران لە خانووەکەی عەلی بەگی فەتحوڵڵا بەگدا بوو.

دووەم جار: گوێزرایەوە نزیک مزگەوتی گەورە بۆ خانوویەک کە موڵکی شێخ عەزیزی شێخ ڕەشید (شێخ عەزیزی تاپۆ) بوو.

سێیەم جار: گوێزرایەوە بۆ خانووەکەی مستەفا مەزهەر بەرمبەر مزگەوتی گەورە خوار ماڵی شێخ قادری حەفید.

چوارەم جار: گوێزرایەوە بۆ تەنیشت قوتابخانەی ناوەندی کۆن و نزیک نەخۆشخانەی کۆن.

پێنجەم جار: گوێزرایەوە بۆ یەکەم بینای تایبەت بەخۆی لە سەردەمی موتەسەریف عومەر عەلی (ئەیلولی ٩٥٤– مایسی ٩٥٧) دروست کرا. بەرامبەر مزگەوتی گەورە، کە ئێستا (مدیریەتی جنسیە و نفوس)ی تێدایە. تاکو ساڵی ٩٦٢ لەم شوێنەدا مایەوە.

شەشەم جار: گوێزرایەوە بۆ ئەم شوێنەی ئێستای لە بەینی (متحف) و (کارگەی جگەرە) بەرامبەر (ئوتێل سەلام) لە سەر شەقامی سالم لە ساڵی ٩٦٢ بەدواوە تاکو ئێستا لەم شوێنەدایە.

ئەم شوێنەی ئێستای شوێنێکی فراوانە، بریتییە لە چوار (قاعە)ی گەورە، یەکەمیان کتێبخانەکەیە، دووەم شوێنی خوێندنەوەی پیاوانە، سێیەم شوێنی خوێندنەوەی ئافرەتە، چوارەم بۆ منداڵ تەرخان کراوە. ژمارەی کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیە ئەگاتە (٣٠) سی هەزار کتێب کە نیوەیان زیاتر بەرگیان تێ گیراوە و ئەوانی تریش وردە وردە تێ ئەگیرێن، لەم ژمارەیە ڕەنگ هەیە نزیکەی دوو هەزار کتێبی بە زمانی کوردی بێت.

کتێبەکان هەمەجۆرە و لە هەموو بابەتێکی زانیاری و وێژەیی و مێژوویی و ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، زۆربەیان بە زمانی عەرەبین و بە زمانی تری بێگانەشی گەلێک تێدایە. ژمارەی خوێنەری ڕۆژانەی ئەم کتێبخانەیە بەینی ١٠٠ – ١٥٠ کەسە. ئەوەی شایانی باسە زۆر لە خەڵکی شاری سلێمانی و بەخشندەی تریش کتێبەکانیان یاخۆ کتێبخانەکانیان پێشکێش بەم کتێبخانەیە کردووە وەک:

یەکەم: مامۆستا تۆفیق وەهبی، لە بەینی دوو هەزار تاکو سێ هەزار کتێبی پێ بەخیشوە کە زۆری ئینگلیزین.

دووەم: مامۆستا ڕەشید نەجیب نزیکەی هەزار کتێبی بەخشیوە.

سێیەم: مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر نزیکەی دوو هەزار و پێنجسەد کتێبی بەخشیوە، ئەوەندەشی بە کتێبخانەی (مەتحەف) بەخشیوە.

پێنجەم: مامۆستا (موصلح جەلالی) نزیکەی دوو هەزار کتێبی بەخشیوە.

شەشەم: مامۆستا (فوئاد رەشید بەکر) بەناوی (جەمشید)ی کوڕییەوە نزیکەی سێ سەد کتێبی بەخشیوە.

هەروەها هەندێک مامۆستایانی تریش کتێبخانەیان بێبەش نەکردووە، بەڵام جارێ ژمارەی کتێبەکانیان بۆ ساغ نەبووەتەوە بۆیە ناویان ناهێنین.

کتێبخانەی (متحف)ی سلێمانی: ئەم کتێبخانەیە لەم سالآنەی دواییەدا دامەزرا بێگومان کتێبی هەمەجۆری باشی تێدایە، بەڵام لەبەرئەوەی نوێیە هێشتا نەگەیشتووەتە ڕادەی کتێبخانەکانی تر. شوێنەکەی هەر لە (متحف)ە، کە دەکەوێتە سەرشەقامی (سالم)، ڕیزی کتێبخانەی گشتی و کارگەی جگەرە.

## کتێبخانەی کتێب فرۆشەکان[30]

١- کتێبخانەی مەلا عەلی سەحاف: مەلا برایمی باپیرە گەورەی مەلا عەلی لە سەردەمی برایم پاشای باباندا خەریکی کتێب و بەرگ تێگرتنی بووە دوای خۆی مەلا ئەحمەدی کوڕی و دوای ئەویش مەلا عەلی[31]. سەحاف لە (مصحف)ەوە هاتووە کە بە خزمەتی کتێبەوە خەریک بوون و هەموو (کتێب)ێک ئەو دەمە بە پیرۆزیی قورئانەوە بە (مصحف) ناوبراوە ئەویش بووە بە صحاف. ئێستاش مەلا عەزیزی کوڕی مەلا عەلی و کوڕەکانی مەلا عەلی هەر خەریکی کتێب و بەرگ تێ گرتنین.

٢- کتێبخانەی کەشتی نوح: لە شەقامی سابوونکەران لەلایەن مامۆستا مەلا نەجمەدین کوڕی مەلا غەفووری کوڕی مەلا عەلییەوە دامەزراوە. لە ڕاستیشدا ئەم قوتابخانە (حوجرە)یە زیاتر بوو لەوەی کە کتێبخانە بێت. بەڵام کتێبیشی تیا دەفرۆشرا و لە پێشا لەدوو دووکانەکەی بن ماڵی ڕەفعەت ئەفەندی پشت تەلارەکەی تۆفیق قەزازدا بوو لە خوار مزگەوتی گەورەوە لەبەر پردەکەی شەقامی مەولەوی و لە دواییدا گواستیەوە سابوونکەران.

---

٣٠. ئەم زانیارییانەمان لە نووسینە بەنرخەکەی مامۆستا لەتیف قەرەداغییەوە وەرگرتووە (بە کورتکراوەیی و تۆزێک دەستکارییەوە) کە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا ژمارە (١١٠)ی ساڵی ١٩٨٦ل ٢٣٣-٢٤٩ بڵاو کراوەتەوە.

٣١. ئایا باپیری مەلا عەلی هاوچەرخی برایم پاشا بووە یاخۆ دوای ئەو بوو؟ چونکە لە کاتێکدا کە دەستی داوەتە ئەو کارە تەمەنی دەبێ لە بەینی (٢٠-٢٥) ساڵ بووبێت، مەلا عەلی کوڕەزاشی دوای ٩٥٦ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە واتا لە ١٧٨٤ وە کە برایم پاشا سلێمانی دروست کردووە تا دوای ١٩٥٦کۆچی مەلا عەلییە، ئەمە دەکاتە (١٧٢) ساڵ مەلا برایمیش تەمەنی (٢٥) ساڵ بووبێت ئەمە دەکاتە (١٩٧) ساڵ. ئەم ماوەیە سێ پشت (جیل) پڕی ناکاتەوە. بۆیە لەو بەینە یەکێک لە باپیرانی مەلا عەلی نەنووسراوە، یاخۆ مەلا برایم لە سەردەمی میرەکانی ئەم دواییەدا بوون وەک سلێمان پاشا (١٨٢٨) یاخۆ ئەحمەد پاشای کوڕی (١٨٣٧) بەدواوە.

٣- کتێبخانەی عومەر قەزاز: لە ساڵی ١٩٢٧دا (عومەر قەزاز) کتێبخانەیەکی لەسەر تەرزی نوێ لە سلێمانی کردەوە و هەموو بابەتێکی سەردەمی تێدا بوو وەک (کتێب و قەوان). لەم کتێبخانەیەدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (گەلاوێژ) تا دوا ژمارەی فرۆشراوە وەک گەلاوێژ خۆی باسی کردووە. لە ساڵی (١٩٥١)دا کاک عومەر وازی لە کتێب و قەوان هێناو (سۆدە و سیفۆن)ی دەردەهێنا. کە ئەمانە هەموو یەکەم هەنگاو بوون لە شارەکەدا.

٤- کتێبخانەی مەلا ساڵحی عەبابەیلێ: ئەمیش لە سەرەتاوە لەناو بازاڕدا بوو نزیک مەلا عەلی سەحاف، زیاتر کتێبی ئاینی دەفرۆشت و مەلا ساڵح لە ساڵی ١٩٦٥دا وەفاتی کردووە.

٥- کتێبخانەی ئازادی: لە ساڵی ١٩٤٢دا لەلایەن مامۆستا مەحموود ئەحمەد و محەمەد خدرەوە کرایەوە بەڵام ئەمەی دوایی زوو وازی هێنا و مامۆستا مەحموود تا ساڵی ١٩٤٥ هێنای ئەو ساڵە دوو کتێبی لە چاپخانەی شارەوانی دەستی بەسەراگیرا، خۆشی درا بە (دادگا) و کتێخانەکەشی داخرا.

٦- کتێبخانەی قادر ئاغای عەتتار: قادر ئاغا لە ساڵی ١٩٤٧دا لە شەقامی سابوونکەران دەستی کرد بە کتێب و ڕۆژنامە فرۆشتن، پێش ئەوە عەتار بوو، بۆ یەکەم جار لای قادر ئاغا جگە لە چاپەمەنی کوردی، چاپەمەنی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی و فارسیش دەفرۆشرا سەرەڕای ئەو هەموو جۆرە کتێب و ڕۆژنامەیەکی تیا دەخوێنرایەوە بەرامبەر بە پارەیەکی کەم (٤-١٠) فلس، ئەمەش دیسانەوە هەریەکەم هەنگاو بوو لە سلێمانیدا لەم جۆرە، هەر لەسەر کتێب فرۆشتن قادر ئاغا دوو سێ جار گیرا. ساڵی ٩٨٦ لەبەر کەفتەکاریی کتێبخانەکەی پێچایەوە و ساڵی ٩٧١ کۆچی دوایی کرد.

٧- کتێبخانەی ڕووناکی: لەلایەن شاعیر کامەران موکری (محەمەدی ئەحمەدی تەها) لە ساڵی ٩٤٨ بەدواوە دەبرا بەڕێوە، بەڵام دوای گرتنی کامەران (بەهۆی خوێندنەوەی شیعرێک لەسەر گۆڕی بێکەس) کتێبخانەکەشی داخرا.

٨- کتێبخانەی یەکێتی: ساڵی ١٩٤٩ لەلایەن مامۆستایان (شێخ محەمەدی شێخ مارف) و (محەمەد عەلی مەدهۆشی شاعیر) دەبرا بەڕێوە، بەڵام زۆری نەبرد، هەر لەو ساڵەدا داخرا.

٩- کتێبخانەی بیری نوێ: دوای ساڵی ١٩٤٨ ئەم کتێبخانەیە لەلایەن مامۆستایان (غەفووری میرزا کەریم و ئەحمەدی سەید حەسەنەوە) دەبرا بەڕێوە. ئەویش زوو داخرا.

١٠- کتێبخانەی سەرکەوتن: لەلایەن جووت برا (جەمال عەبدوڵڵا و لەتیف عەبدوڵڵا)وە دەبرا بەڕێوە. کتێب بە (متمانە یاخۆ ئیعارە) لەم کتێبخانەیە وەردەگیرا بۆ خوێندنەوە کە ئەمەش دەورێکی کاریگەری هەبوو لە پێشخستنی ڕۆشنبیریی ئەو دۆخ و سەردەمەدا.

١١- کتێبخانەی گەلاوێژ: لە ساڵی ١٩٥٠ لەلایەن مامۆستا (ڕەئووف مارف فتاح)ەوە، گەورەترین کتێبخانە لە چاو ئەو ڕۆژەدا هاتە کایەوە، چ بەشێوە، چ بە بابەت، شوێنەکەشی لەسەر شەقامی (مەولەوی) نزیک ناوچەی سەرا. گەلێک کتێبی بە نرخی چاپ کردووە[٣٢].

---

٢٣. بێجگە لە کتێب و هەیتوهووتی نووسین و فرۆشتن، ئەم کتێبخانەیە کتێبی هەندێ نووسەرانیشی لەسەر ئەرکی خۆی بە چاپ دەگەیاند، بۆ نموونە چیرۆکی (خانزاد) کە نووسەری جەمال بابان بوو ساڵی ١٩٥٦ لەلایەن ئەم کتێبخانەیەوە لە چاپ درا و بڵاو کرایەوە. لە دواییدا خاوەنەکەی کاک ڕەئووف وڵاتی بەجێ هێشت ئێستا لە هەندەران دەژی.

١٢- كتێبخانەی زێوەر: ساڵی ٩٥٦ لەسەر شەقامی مەولەوی لەلایەن کاک محەمەد عارفەوە دامەزرا و لە دواییدا هاتە شوێنەکەی ئێستای تەنیشت کتێبخانەی گەلاوێژ هەر لەسەر شەقامی مەولەوی. ئێستا بابەتی کتێب فرۆشتنی کەم کردووەتەوە و دەستی داوەتە بابەتی (قرطاسیە و گۆڤار و ڕۆژنامە).

١٣- کتێبخانەی ئازادی: دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز ئەم کتێبخانەیە لەلایەن مامۆستای شاعیر (هاوار- محەمەد رەسول)ەوە کرایەوە. لە پێشدا لەناو بازاڕ بەرامبەر ئوتێل هەورامانی ئێستا بوو، لە دواییدا گواستیەوە سەر شەقامی (مەولەوی) شوێنی (کتێبخانەی زێوەر)ی ئێستا. ئەم کتێبخانەیەش گەلێک بەرهەمی بە چاپ گەیاند ساڵی ٩٦٠ دوای گەڕانەوەی خاوەنەکەی بۆ سەر ئیشی میری کتێبخانەکەش نەما[٢٣].

١٤- کتێبخانەی خەبات: دوای ١٩٥٨ لەسەر شەقامی (مەولەوی) بەرامبەر تەلارەکەی تۆفیق قەزاز لەلایەن (د. فارس رەحیم)ەوە دەبرا بەڕێوە، بەڵام چەند کەسانێکی تر هاتنە سەری، دواییەکەیان، (بەکر جاهید) بوو، لە ئەیلوولی ١٩٦١دا، دەستی بەسەراگیراو هێجگاری داخرا.

١٥- کتێبخانەی بیری نوێ: ساڵی ١٩٥٨ کرایەوە (ئەحمەد عەباس) دەیبرد بەڕێوە. شوێنەکەی لە (شەقامی کاوە) بوو، ئەمیش هەتا ساڵی ٩٦٠ بڕی کرد[٢٤].

١٦- کتێبخانەی بێکەس: ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن (شێخ مستەفای شێخ محەمەدی گوڵانییەوە) لەسەر شەقامی (بێکەس) بەرامبەر گەراجی حەمدی فەرەج

٢٣. ئەم کتێبخانەیە پێوەندی بە کتێبخانەی ئازادی ژمارە پێنجەوە نییە.

٢٤. هەروەها ئەمیش پێوەندی بە کتێبخانەی بیری نوێی ژمارە نۆوە نییە.

ئەفەنی، کرایەوە. ساڵی ١٩٦٢ بە فەرمانی (حاکمی سوپایی گشتی) داخرا.

١٧- کتێبخانەی ئیمامی غەزالی: ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن (حاجی حەسەن فەتتاح)ەوە لە شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ کرایەوە، بەڵام لەوەدوا گەلێک شوێنی گۆڕی تا ساڵی ٩٧٧ دەرگەی بەجارێک داخست.

١٨- کتێبخانەی خاکی: ساڵی ٩٦٦ لەسەر شەقامی مەولەوی، لەلایەن مەحموود خاکییەوە کرایەوە و ئەمیش گەلێک کتێبی بە چاپ گەیاندووە.

١٩- کتێبخانەی پیرەمێرد: ساڵی ١٩٦٧ کاکەی فەللاح (حەمە حەمەئەمین) کە مافی دەرکردنی (ڕۆژنامەی ژین)ی پێ درا، لە دووکانەکانی (بازاڕی تازە) لەسەر (شەقامی کاوە) نزیک سەرا، ئەم کتێبخانەیەی کردەوە. هەندێک بەرهەمیشی بە چاپ گەیاند. ساڵی ٩٧٤ دوای گەڕانەوەی خاوەنەکەی بۆ سەر ئیشی میری، کتێبخانەکەشی دوایی پێهات.

٢٠- کتێبخانەی مەولەوی: ساڵی ١٩٦٨ لەلایەن کاک (جەمال محەمەد ئەمین)ەوە دامەزراوە. شوێنەکەی (بازاڕی تازە) نزیک سەرا بوو تا ساڵی ٩٧٨ بەردەوام بوو. لە دواییدا خاوەنەکەی ڕووی کردە فرمانی میری.

٢١- کتێبخانەی پرشنگ: ساڵی ٩٦٨ مامۆستایان شاکر فەتتاح و عومەر عەبدوڵڵا لەسەر شەقامی سالم بە تەنیشت (ئوتێلی ئاشتی)یەوە بەرامبەر کارگەی جگەرە، کردیانەوە. بابەتی قوتابخانەیان دەفرۆشت. ساڵی ٩٧١ مامۆستا شاکر وازی هێنا، (پرۆژەی خوێندەواری کوردی) لە گەڕەکی شۆڕش کردەوە. مامۆستا عومەریش ساڵی ٩٧٢ دایخست.

٢٢- کتێبخانەی خانزاد: ساڵی ١٩٦٨ لەلایەن مامۆستا (ئەخۆل) (محەمەد

دەروێش)ی شاعیرەوە، لەسەر شەقامی مەولەوی دامەزرا، بێجگە لە بابەتی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، بابەتی قوتابخانە و کاری یاسایی تێدا دەفرۆشت، لە ساڵی (١٩٧١)دا بەجێی هێشت و چووە (ژووری پارێزەران) لەوێ سکاڵانامەی خەڵکی دەنووسی.

٢٣- کتێبخانەی هونەر: ساڵی ٩٦٩ کاک نووری وەشتی بەدوای ڕێدانی ئیشکردنی (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی - مەڵبەندی گشتیی سلێمانی) لەسەر شەقامی (گۆران) بەرامبەر (ئۆرزدی باک) ئەم کتێبخانەیەی کردەوە، کە جگە لەوەی بابەتی هونەری و ئەدەبی گرتبووە خۆی، لە هەمان کاتدا وەک (مەڵبەندێکی هونەری) هونەرمەندەکان ڕوویان تێ دەکرد. ساڵی ١٩٧١ دوایی هات.

٢٤- کتێبخانەی نالی: ساڵی ١٩٦٩ لە سەرشەقامی کاوە بەرامبەر (دەرمانخانەی شەوکەت) کرایەوە خاوەنەکەی (عەبدوڵڵا جەوهەر) بوو، بەڵام شێخ ئەنوەر بەڕێوەی دەبرد. ئەمەش گەلێک بەرهەمی بە چاپ گەیاند، ساڵی ٩٧١ شێخ ئەنوەر خستیە سەر ناوی خۆی و ناوەکەشی گۆڕی بە (شانۆ).

٢٥- کتێبخانەی سلێمانی: لەسەر شەقامی کاوەیە لە نزیک سەرا (شوێنی وەستا حەمە سەعیدی خەیات)ەو دوای بەیانی ئاداری ساڵی ٩٧٠ کرایەوە. ئەمڕۆ بە یەکێک لە کتێبخانە هەرە گەورە و پڕ کتێبەکان دادەنرێ گەلیک بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە، خاوەنەکەی کاک عومەر عەبدوڕەحمانە. زۆر کتێب هەیە لێرە دابەش دەکرێت بەسەر کتێبخانەکانی ترا و ئێستاش لە کاردایە و بەرەو پێشەوە دەڕوات.

٢٦- کتێبخانەی شانۆ: ساڵی ٩٧١ وتمان کتێبخانەکەی عەبدوڵڵا جەوهەر (کتێبخانەی نالی) لەلایەن شێخ ئەنوەرەوە ناوەکەی گۆڕرا و کرا بە

کتێبخانەی شانۆ، دوای ئەوەی بە موڵکایەتیش بوو بە هی شێخ ئەنوەر ئەمیش گەلێک بەروبوومی نووسەرانی بە چاپ گەیاند.

٢٧- نووسەراوخانەی پرۆژەی خوێندەواری کورد: دوای جیابوونەوەی مامۆستا شاکیر فەتتاح لە کاک عومەر عەبدوڵڵا، مامۆستا شاکیر نووسراوخانەیەکی لە گەڕەکی شۆڕش لەناوماڵی خۆیدا دامەزراند بەو ناوەی سەرەوە. ئەمە سەرەڕای (کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) فرۆشتن، پێشانگایەکیش بوو بۆ بەرهەمە چاپکراوەکان و چاپ نەکراوەکانی مامۆستا شاکیر خۆی.

٢٨- کتێبخانەی بێکەس[٣٥]: ساڵی ٩٧١ لەسەر شەقامی پیرەمێرد لە سەرووی دەرگای یەکەمی سەراوە (دەرگای پۆلیسخانە)، غەریب مستەفا زێوەر و شێخ عومەر کتێبخانەی (بێکەس) یان کردەوە. دوای ماوەیەک (شێخ سەعیدی شێخ عەلی واتا س.ع شادمان) جێگای شێخ عومەری گرتەوە، دوای (شادمان) مەلا حەسەن فەتتاح بە دوای داخستنی (کتێبخانەی غەزالی)دا هاتە پێشەوە دوای ئەوەش لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا کاک غەریب بە تەنها خۆی مایەوە و لە هاوینی ١٩٨٤دا گواستیەوە کۆڵانەکەی سەرەوە و جێگەکەی بە تەنیشت (رەفیقی وێنەگر و چاپخانەکەی کاکەی فەلاح)ەوە بوو. ئەم کتێبخانەیە (٣-٤) ژمارەی لە گۆڤاری (ئەستێرە) دەرکرد کە گۆڤارێک بوو بۆ منداڵان.

٢٩- کتێبخانەی ڕۆشنبیری: ساڵی ٩٧٣ لەلایەن (ئازاد عومەر محێدین) لەسەر شەقامی (پیرەمێرد) بەرامبەر دەرگای یەکەمی سەرا، تەنیشت (بانقی رافدەین) کرایەوە و ساڵی ٩٧٤ دایخست.

٣٠- کتێبخانەی زانستی: ساڵی ٩٧٢ لەلایەن (عومەر حەسەنی دەوڵەتەوە)

٣٥. ئەمیش پێوەندی بە کتێبخانەی (بێکەس)ی ژمارە شانزەوە نییە.

لەسەر شەقامی پیرەمێرد لە خوار نەخۆشخانەی سلێمانی، بەرامبەر (باتا)ی نوێ، کرایەوە و ساڵی ٩٨٢ دایخست، ساڵی ٩٨٤ هەر بە (اجازە)کەی پێشووی جارێکی تر لەسەر شەقامی (سالم) بەرامبەر بە بەنزیخانەی گشتی کردیەوە.

٣١- کتێبخانەی دار الوطنیە: سەر بە دەزگای (دار الوطنیة)یە کە دەزگایەکی میری بوو، ساڵی ٩٧٦ لەسەر شەقامی پیرەمێرد سەروو دەرگای یەکەمی سەرا، بەرامبەر کتێبخانەی بێکەس کرایەوە، ساڵی ٩٨٣ داخرا، لە ٩٨٤دا بۆ جارێکی تر کرایەوە، بەڵام ئەمجارە گوێزرایەوە دووکانە نوێیەکانی سەر شەقامی مەولەوی لە ریزی کتێبخانەی گەلاوێژ و زێوەر.

٣٢- کتیبخانەی بابان: ساڵی ٩٧٦ لەسەر شەقامی گۆران خوار ئۆرزدی باک لەلایەن (جەلال سەدیق محەمەد ئەمین)ەوە کرایەوە. ئەمیش هەندێک بەرهەمی نووسەرانی بە چاپ گەیاند.

٣٣- کتێبخانەی ڕاستی: ساڵی ٩٧٦ لە شەقامی سابوونکەران لەلایەن مامۆستا (محەمەد برایم)ەوە کە مامۆستای ئامادەیی بوو کرایەوە، بەڵام ساڵی ١٩٧٩ دوای ئەوەی دەزگای ڕۆشنبیری جەماوەر (اجازە)ی کتێبخانەکانی لە فەرمانبەرانی میری سەندەوە ئەم کتێبخانەیەش کەوتە بەر ئەو یاسایە و خاوەنەکەی ناچار بوو بە داخستنی و بەشی زۆری کتێبەکانی لەلایەن خاوەنی (کتێبخانەی پەیام)ەوە کڕرایەوە.

٣٤- کتێبخانەی پەیام: ساڵی ٩٧٦ لەسەر شەقامی مەولەوی بەرامبەر دەرگای سەرەکی (مەڵبەندی پارێزگا) مامۆستا ئەنوەر کردیەوە و کتێبی کۆن و نوێی دەفرۆشت تا ساڵی ٩٨٠.. داخرا.

٣٥- کتێبخانەی قەرەداغ: ساڵی ٩٧٦ لەسەر شەقامی شێخ هەباس لە

جێگەی (گومرگە سووتاو) لە خوار (فولکە)کەوە لە گەڕەکی سەرشەقام لەلایەن مامۆستا مەلا محێدین مەلا جەلالی قەرەداغییەوە کرایەوە. چونکە خاوەنەکەی مامۆستای ئاینی بوو، بۆیە زیاتر کتێبی ئاینی هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی شوێنەکەی چەپەک بوو، جگە لەوەی خاوەنەکەی لە دەزگایەکی میری دامەزرا، ساڵی ٩٧٩ کتێبخانەکە قاپی داخست.

٣٦- کتێبخانەی هاوسەر: ساڵی ٩٧٦ لەسەر (شەقامی- حەمدی) لە پشت نەخۆشخانەی کۆن لە تەنیشت یانەی وەرزشی سلێمانییەوە (چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن) لەلایەن هوشیاری محەمەدی حاجی عەزیزی قەفتانەوە (خاوەنی چاپخانەی کامەرانی) کرایەوە: کتێبخانەکەشی بەناوی (هاوسەر)ی کوڕیەوە ناونا کە لە ساڵی ٩٦٢ وەوە ڕۆژمێرێکیش هەر بەو ناوەوە دەردەکات. بابەتی ئەم کتێبخانەیە زیاتر فرۆشتنی هەیتوهووتی کاغەزە. ئێستا کاک هوشیار قەفتان چالاکییەکانی بردۆتە بەغدا و بەرهەمی زۆرە.

٣٧- کتێبخانەی (هدی): ساڵی ٩٧٧ لەسەر شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ لە دووکانەکانی مزگەوتی گەورە کاک ئەحمەد مەحمود ئەم کتێبخانەیەی دامەزراند. کتێبەکانی زیاتر ئاینین. گەلێک بەرهەمی ئاینیشی بە چاپ گەیاندووە.

٣٨- کتێبخانەی قانع: ساڵی ١٩٧٧ لەسەر شەقامی حەمدی لە خوار دەزگای نیقابە و یانەی مامۆستایانی ئێستا لەسەر فولکەی سلێمانی نوێ لەلایەن مامۆستا عوسمان ناوەوە کە مامۆستایەکی قوتابخانەی سەرەتاییە دامەزرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨١دا دایخست.

٣٩- کتێبخانەی سەلاحەدین: ساڵی ١٩٧٨ لەسەر شەقامی سابوونکەران و ژوور کتێبخانەی ئەوقاف لەلایەن مامۆستا سەعید فەتحوڵلا

زمناکـــۆییـــیـــەوە دامـــەزرا. زیاتر بابـەتی ئاینی لەلایە. ســـاڵی ٩٨٢ گواستیەوە ئەو قەیسەرییە بچووکەی کە لە خوار گەراجی (ئەسحابە سپی)یەوەیە لەسەر شەقامی کاوە.

٤٠- کتێبخانەی ژیان: ساڵی ٩٧٩ لەسەر شەقامی گۆران لە سەرووی (ئۆرزدی باک)ەوە لەلایەن (سەلاحەدین مستەفا)وە کرایەوە و ساڵی ٩٨٤ گوێزرایەوە بۆ شەقامی پیرەمێرد بەرامبەر مزگەوتی (بن تەبەق). بەم گـواســتنەوەیە زۆر فـــراوان بوو ڕەنگ هەیە بووبێت بە فـــراوانتـــرین کتێبخانەی شارەکە.

٤١- کتێبخانەی فەرهاد (یاخۆ دێبەر): ساڵی ٩٧٩ لەسەر شەقامی (پیرەمێرد) ژوور دەزگـای ئاگرکوژێنەرەوەی سلێمانی، خاوەنەکەی فەرهاد رەؤوف وەیسی و فەرەیدوونی برایەتی. لەم دواییـیەدا (ســاڵی ٩٨٥) ناوەکەی گۆڕرا بە (دێبەر).

٤٢- کتێبخانەی هێمن: ساڵی ٩٨٠ لەسەر شەقامی (مەولەوی) بەرامبەر بە (دار الوطنية) لەلایەن کاک (نەوزاد عەبدوڵڵا محەمەد)ەوە دامەزرا. ساڵی ٩٨٣ گوێزرایەوە بۆ شـــەقامی پیرەمـــێرد. هەندێک بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە.

٤٣- کتێبخانەی دالیا: ساڵی ٩٨٠ لەسەر شەقامی (سابوونکەران) بەرامبەر (گەرماوی موفتی) لەلایەن شێخ سەعید شێخ عەلی (س.ع شادمان)ەوە دەبرێ بەڕێوە، بەڵام کتێبخانەکە بەناوی (یوسف رەؤوف عەلییەوەیە).

٤٤- کتێبخانەی قانع: ساڵی ٩٨٢ لەلایەن کاک (نەجیب شەمعون)ەوە لە گەڕەکی شۆڕش لە سەرووی بەنزیخانەی کۆنەوە کرایەوە. ساڵی ٩٨٣ گواستیەوە سەر شەقامی پیرەمێرد خوار نەخۆشخانەی کۆن سەرووی

کتێبخانەی ژیان. زیاتر هەیتوهووتی کاغەز فرۆشتنی لایە. ئەمە دووەم جارە کتێبخانە بەناوی قانعەوە بکرێتەوە، بەڵام لە یەک جیاوازن.

٤٥- کتێبخانەی خانزاد: ساڵی ١٩٨٣ بۆ دووەم جار لەسەر شەقامی مەولەوی لە نزیک فولکەکەی بەردەمی باخچەی گشتی و مەڵبەندی پارێزگا لەلایەن کاک (سەلام کەریم حەمادی) کە هونەرمەندێکی مۆسیقایە، کرایەوە، زیاتر کتێبی موسیقا و وەرزش و زرنگ و وریایی و هەرزەکاری لا دەست دەکەوێ. ئەمەش پێوەندی بە کتێبخانەی ژمارە بیست و دووەوە نییە.

٤٦- کتێبخانەی دیاری: ساڵی ٩٨٤ لەلایەن کاک لەتیف ئەسکەندەرەوە کرایەوە، ئەمیش زیاتر هەیتوهووتی کاغەز فرۆشتنی لایە.

٤٧- کتێبخانەی بەختیار زێوەر: ساڵی ٩٨٤ لەسەر شەقامی مەولەوی لەلایەن کاک (مەحموود زێوەر)ەوە کرایەوە کە کوڕی شاعیری مەزن (زێوەر) و برای شاعیر (بەختیار زێوەر)ە. بەڵام ئێستا زیاتر هەیتوهووتی کاغەز و کەرەستەی نووسینی لا هەیە.

٤٨- کتێبخانەی ڕەند: ساڵی ٩٨٤ لەسەر شەقامەکەی ڕێگای کەرکووک بەرامبەر دەزگای گواستنەوەی هاتوچۆکەران، لەلایەن کاک (عوسمان عارف حەسەن)ەوە کرایەوە. لەم دواییەدا وازی لە کتێب فرۆشتن هێنا و دەستی کرد بە هەیتوهووتی کاغەز فرۆشتن.

٤٩- کتێبخانەی یادگار: ساڵی ٩٨٤ لە دووکانە تازەکانی سەر ڕێگای کەرکووک لە سەروو (فولکەی بەنزیخانەی تازە)وە لای دەستەڕاست کە لە سلێمانییەوە دەڕۆیت، لە کۆڵانەکەی دەچێتەوە سەر گواستنەوەی هاتوچۆکەران- نەقلیاتی بەغدا کرایەوە. بەڵام لەم دواییەدا داخرا.

٥٠- کتێبخانەی پشکۆ: ساڵی ٩٨٤ لەسەر شەقامی مەولەوی لەلایەن کاک (سەلاحەدین عەلی رەفیق)ەوە، دامەزرا. ساڵی ٩٨٥ لەسەر شەقامی پیرەمێرد بەرامبەر نیقابە و یانەی پزیشکان جێگیر بوو.

٥١- کتێبخانەی پۆڵا: ساڵی ٩٨٤ لە گەڕەکی شۆڕش لەلایەن ئەحمەد حسەین عەزیزەوە کرایەوە.

٥٢- کتێبخانەی فەرهاد: ساڵی ٩٨٥ لەلایەن کاک فەرهادی خاوەنی کتێبخانەی (دێبەر)ەوە لەسەر شەقامی پیرەمێرد بەرامبەر دەرگای سەرەکیی نەخۆشخانەی کۆن کرایەوە.

٥٣- کتێبخانەی رەوشەن: ساڵی ٩٨٧ لەلایەن کاک حەسەن محەمەد حەمە ئەمینەوە دامەزراوە.

٥٤- کتێبخانەی صباح: ساڵی ٩٨٩ لەلایەن مامۆستا مەحموود ئەحمەد محەمەدەوە (بەڕێوەبەری پێشووی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی) کرایەوە. لەسەر شەقامی گۆران لە (بازاڕی گوڵان) بەناوی (صباح)ی کوڕیەوە ناونراوە.

٥٥- کتێبخانەی مەریوان: ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن کاک عەبدوڵڵا و محەمەد حەمە ئەمینەوە لەسەر شەقامی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ دامەزرا. ئەمەش یەکێکە لە کتێبخانە گەورەکانی سلێمانی.

٥٦- کتێبخانەی شەمێران: لەسەر شەقامی سەرشەقامە.

٥٧- کتێبخانەی لەیلان: بۆ یەکەم جارە کتێبخانە لەلایەن ئافرەتەوە لە سلێمانیدا بکرێتەوە، کە ئەمەش شتێکی پیرۆز و دڵخۆشکەرە. خوشکە شەفیقە کچی عەلی بەگی حسێن ئاغای کەرکووکلی زادە، کە نازناوی شیعری (لەیلان)ە، لە ساڵی ١٩٩١دا ئەو کتێبخانەیەی کردەوە.

جگە لەمانە کتێبفرۆشی سەر شەقامەکان هەن، کە لەسەر شۆستەی شەقامەکان، بەتایبەتی لە گوێ شەقامی مەولەوی و شەقامی کاوە هەموو جۆرە کتێب و گۆڤارێک، کۆن و نوێ دەفرۆشن هەر لە فولکەی لای سەرای کۆنەوە بەرەو شەقامی بێکەس و مەولەوی و کاوە لەم کتێبفرۆشانە زۆر هەن. یەکێکی وەک (محەمەد ئەمین عەسری) کە سەردەمێک لە کەرکووک باشترین کتێبخانە و چاپخانەی هەبوو، چەندەها کتێبی کوردی بە چاپ گەیاند، لەم دواییەدا دەستی کورت بووبوو، هاتبووە سلێمانی، ئەو یەکێک بوو لەوانەی کتێبی لەسەر ڕاستە شەقامەکەی کاوە بەرامبەر مزگەوتی موفتی دەفرۆشت و لەم ڕووەوە مەلا عەبدوڕەحیمی مەریوانی یارمەتی دەدا، کتێبی دەدایە کە بیفرۆشێت و قانزاجەکەی بۆخۆی هەڵبگرێت. هەروەها مەلا رەحیم خۆی کە ئیمامی مزگەوتی هەمزاغا بوو، لە ژوورێک لە ژوورەکانی مزگەوتەکەدا هەموو جۆرە کتێبێکی کوردی دادەنا بۆ فرۆشتن[٣٦].

ئەمانە ئەو کتێبخانانە بوون کە کتێب دەفرۆشن هەریەکە بەگوێرەی مێژووی دامەزراندنی خرایە پێش چاو. ئەو ژمارە گەورەیە لە شارێکی وەک سلێمانیدا (پێش ئەوەی شارەکە بەم شێوەیەی ئەمڕۆ کە (ساڵی ١٩٩١)ە پەرە بسێنێ، ئەمە ڕۆشنبیری و ڕادەی زانیاریی دانیشتوانی شارەکە پیشان دەدا، کە هەر لە بنیاتنانی سلێمانییەوە بگرە لە قەڵاچوالانەوە دەستی پێ کردووە، کە ئەمەش کارێکی دڵخۆشکەرە. بۆیە چاوەڕوانی گەلێک زیاتر لەوەی کە هەیە دەکرێت.

مایەوە سەر کتێبخانە تایبەتییەکان، کتێبخانەی دانیشتوانی شارەکە، یاخود کتێبخانەی ماڵان.

---

٣٦. ئەم زانستانەمان لەلایەن مامۆستا (حەمە بۆر- هۆشەنگ)ەوە پێ گەیشتووە.

**کتێبخانەی ماڵان (تایبەتی)**

بێگومان ئەم کتێبخانانەش لە مەلاکانەوە دەست پێ دەکەن چونکە ئەوان پێشرەوی قافڵەی خوێندەواران بوون لە شارەکەدا. جا ئەگەر لەم ڕووەوە زۆر بڕۆین بێگومان دەیەها یاخۆ سەدەها کتێبخانە هەبووە، لای هەر مەلایەک یاخۆ فەقێیەک یاخۆ هەر خوێندەوارێکی تر کە حەزیان لە کتێب و لە خوێندنەوە بووە. بەتایبەتی لەم ڕۆژانەی ئەم سەردەمەدا، کە کتێب و چاپەمەنی لەچاو جاراندا بەجۆرێکی هێجگار زۆر پەرەیان سەندووە. جا لەم ڕۆژەدا هەر نووسەر و ئەدیب و شاعیرێک، هەر مامۆستا و لێکۆڵەرەوەیەک، هەر هونەرمەندێک.. هەرکەسە کتێبخانەیەکی گەورە یاخۆ بچووکی بۆخۆی پێکەوە ناوە، کە ئەمەش شتێکە مایەی شادی و ڕۆشنکردنەوەی چاو و دڵە. چونکە وەک پێشانمان دا و بگرە وەک بۆمان ڕوون بووەوە، دانیشتوانی سلێمانی حەز بە خوێندنەوە و فێربوون لە هەموو ڕوویەکەوە دەکەن. جا لەبەرئەوەی ناتوانین هەر کتێبخانەیەکی تایبەتی کە لە ماڵاندا هەبووبن پەنجەیان بۆ ڕاکێشین، لەبەر ئەوە تەنها ناوی ئەوانە دەبەین کە زیاتر بەناوبانگ بوون و (کە دەستمان کەوتوون). لەوانە:

– کتێبخانەی بنەماڵەی مەحوی: کە ئەوانیش لەم دواییەدا چییان لا مابووەوە لە کتێب و دەستنووس پێشکێش کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانییان کرد.

– کتێبخانەی بنەماڵەی حاجی مەلا عەلی مەلا وەسمان: کە ئەوانیش لەم دواییەدا نزیکەی پەنجا دەست نووسێکیان مابووەوە پێشکێشی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانییان کرد.

– کتێبخانەی بنەماڵەی پیسکەندی: کە ئەوانیش لە کاتی خۆیا هەندێک لە دەستنووسەکانیان پێشکێشی دایەرەی جێماوی کۆن (آثار) کرد و باقییەکەی کە چل دانە دەبوو پێشکێش بە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی کرا.

- کتێبخانەی بنەماڵەی حاجی مەلا ڕەسوولی دێلێژەیی: دوای حاجی مەلا ڕەسوول گەیشتە دەست مەلا مستەفای کوڕی (سەفوەت)، دوای ئەویش دەست د. عیزەدینی[٣٧] کوڕی کەوت.

- کتێبخانەی خاڵ: ئەم کتێبخانەیە گەورەترین کتێبخانەی تایبەتییە لە سلێمانیدا، کە پڕە لە کتێبی نایاب و بەنرخ و پڕە لە دەستنووس کە لە مەلا ئەبوبەکری (مصنف)ەوە، دەستی پێکردووە، تا گەیشتووەتە دەست شێخ محەمەدی خاڵ کە ژمارەی کتێب و دەستنووسەکانی ئەم کتێبخانەیە (٦٤١) دانەیە بێجگە لە سەدەها کتێب. ئێستا ئەم کتێبخانەیە (دوای وەفاتی شێخ محەمەدی خاڵ) بە دەست شێخ خالیدی کوڕیەوەیەتی[٣٨].

- کتێبخانەی حاجی مەلا سەعیدی کەرکووکلی زادە: دوای وەفاتی حاج مەلا سەعید کتێبەکانی بڵاوبوونەوە، زۆریان کەوتنە لای قادر ئاغای کوڕی.

- کتێبخانەی رەفیق حیلمی: دوای وەفاتی خۆی کتێبەکانی کەوتنە لای کوڕەکان و کچەکانی.

- کتێبخانەی جەلال ئاغای حاجی سەعید ئاغا: گەلێک کتێبی بەنرخ و هەمەجۆرەی هەیە.

- کتێبخانەی حەمە بۆر[٣٩]: کە لە ساڵەکانی سییەکانەوە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کۆ دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە مێژوو و کەلەپووری کوردییەوە هەیە، بەمجۆرە سەدەها کتێب و دەستخەتی بەنرخ و نایابی هەیە

---

٣٧. کە ئەمیش بە قەڵەمە ڕەنگینەکەی گەلێک سوودی ئەم کتێبانەی بە خەڵک گەیاندووە.

٣٨. ئومێد دەکەین شێخ خالیدیش وەک باو و باپیرانی ئەم کتێبخانەیە بپارێزێت و بەرەو پێشەوەی بەرێت و ڕێگای نووسەران و خوێندەوارانی تر بدات کە سوود لەو سەرچاوانە وەربگرن کە لەو کتێبخانەیەدا هەن.

٣٩. مامۆستا حەمە بۆر کوڕی مستەفای حەمە بۆرە، شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەرەوەیەکی وردە.

کتێبی زۆری نووسیوەتەوە، بەڵام بەداخەوە هەروا دایناون و چاپی نەکردوون.

و کتێبخانەکەی بە یەکێک لە کتێبخانە هەرە بەنرخەکان دادەنرێ. بەڵام بەداخەوە لەم دواییەدا بە ناچاری دەستی بە رووپانەوە نا و فرۆشتنی.

– کتێبخانەی ماڵی عەزمی بەگی بابان: ئەمەش بریتی بوو لە کتێبی کۆن بە عەرەبی و تورکی و فارسی و کوردی لەگەڵ وەقفنامەی بەنرخی سلێمان پاشای بابان و وێنەی کۆنی هەندێک لە بابانەکان. ئەوانە هەندێکیان کەوتنە لای کەمال بەگ کوڕی عەزمی بەگ و باقییەکەی کەوتە لای جەمال بابان کە کوڕەزای عەزمی بەگە.

## کاروانی مۆسیقا و گۆرانی

**کاروانی مۆسیقا و گۆرانی لە شاری سلێمانی**[٤٠]:

کونفوشیۆسی حەکیم وتوویەتی: (ئەگەر ویستت پلەی پێشکەوتن و شارستانییەتی هەر گەلێک تێ بگەی گوێ لە مۆسیقای گۆرانییان بگرە).

سەبارەت بە مۆسیقا و گۆرانی لە شاری سلێمانیدا بەتایبەتی لە رۆژگاری فەرمانڕەوایی (بابان)دا، تافێکی بێ تریفە و تاریکمان تووش دێت و دەکەوینەوە وەرزێکی سارد و بێ سەرچاوەوە. تەنیا چەند تاڵی ترووسکەیەکی کز هەیە، بۆ ئەم باسە، کە لەم ڕێگە پڕ قەمچ و پێچە تۆزێک بەرچاومان ڕووناک کاتەوە.

لە کۆنەوە لە سلێمانییەوە کاروانی بازرگانی بەرەو کەرکووک و موسڵ و بەغدا و ئەرزرۆم و هەمەدان و سنە و تەورێز و تاران هاتوچۆیان کردووە جگە لە ئاڵوگۆڕی شتومەکی بازرگانی، هەروەها هێنان و بردنی

٤٠. ئەمە ئەو نووسینەیە کە مامۆستا عوسمان شارباژێڕی لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٠٦) ساڵی ١٩٨٥ بڵاوی کردەوە. بەڕاستی (عنوان)ەکەشی ئەوەندە جوان و دروستە، بۆیە هەروەک خۆی هێشتمانەوە. ئەوەی لێرەدا هەیە کورتکراوەی ئەو نووسینەی کاکی شارباژێڕییە، بە تۆزێک دەستکارییەوە. خوا سەری خاو هەر بەردەوام بێ لەم ئەرکە پیرۆزانەدا.

خوورەوشت و ئەدەب و هونەر و شتی تریشی... تێدابووە.

لە سنە و سابلاخ و سەقز و سەردەشت و بانە و بۆکانەوە ئەو بەستانەی هەبوون هاتوون بەم دیوا، لە تارانەوە هەندێک مەقامی فارسی، لە مووسڵ و بەغداوە هەندێک مەقامی عێراقی، لە هەولێرەوە حەیران لە کەرکووک و دەوروبەریەوە هەوا کلاسیکییەکانی گۆرانیی کوردی وەک مەقامەکانی (ئەڵڵاوەیسی، قەتار، خورشیدی، خاوکە)، ئای ئای، هەروەها لە سلێمانیشەوە (هەوا و هۆنراوە)ی بێگەرد و چاک و پاک چووەتە ئەو شار و شوێنانە.

مستەفا بەگی کوردی لە هۆنراوەکانیدا ناوی ئەو گۆرانییانەی هێناوە وەک (خاوکەر، قەتار، نیوەشەو) کە ئەمانە هەوای خۆماڵیی کوردین، ناوی (قەزاز، حەزین، ناری، تاهیری، ئیبراهیمی) هێناوە کە ئەمانە مەقامی عێراقین. ناوی (دەشت، سێگا، نەوا، چوارگا)ی هێناوە، کە ئەمانە مەقامی فارسین. ناوی (حیجاز، راست)ی هێناوە کە ئەمانە ڕۆهەڵاتین. هەروەها مستەفا بەگ ناوی (سینەکەمان، تەنبوور، دەف، ساز)ی هێناوە کە هەموویان لە مۆسیقای کوردی و ڕۆهەڵاتدا بەکاردەهێنرێن.

مستەفا بەگ ناوی ئەم گۆیندە و گۆرانیبێژانەی هێناوە (کە لەو ڕۆژگارەی کوردەواری و سلێمانی دا «لە سەردەمی بابانەکاندا» ژیاون وەک «ئەورەحمان، رەسوول، صالح، فەتحی، مستەفا، یونس، محێدین، قەرە، مستۆ»).

ناوی ئەم مۆسیقازانانەی هێناوە (ئاغا زەنوون[٤١] و ئەلکە ئەسعەد). مستەفا بەگ بە شیعرە بەناوبانگەکەی ئەو ناو و گۆرانی و ئامێرانەی زیندوو کردووەتەوە کە دەڵێت:

(خاوکەر)ەی خانمە، (قەتار)ەی سۆز و سەوزی نەسمەجان
(رەقسی-سمکە) نازی شەهراشوب و غەمزەی سەروی ناز

٤١. بەناوەکەدا دەبێ خەڵکی مووسڵ و دوور نییە قوتابی عوسمانی مووسڵی بووبێت.

(ئاغـا زەنوون) لێ بدا (سـینەکـەمـان)، فـارس گـرفت
(ئەلکە) تەنبـوور و دەف و (ئەسـعـەد) بدا دەسـتی بەسـاز

(مستۆ) ئیبراهیمی، ئەورەحمان (نەوا) فەتحی (حەزین)
(مستەفا) ناری و سێگا، (یونس) بڵێ دەشتی و حیجاز

با (رەسـوڵ) هەڵداتە راست و (صـاڵح) بڵێ نیـوەشـەوی
(محـێدین) چوارگا و (قـەرە) دەنگی بڵند بکا بۆ قـەزاز

جـار بەجـار بەکـزێکەوە هـەسـتێ لە (پەردەی- تاهیـری)
بارەکـەی عـاشق کـوژە و مـەعـشـووقـەیی دوژمن نەواز

**گۆیندە و مۆسیقازانەکان:**

- حەسەنی ئامێ (١٨٢١- ١٨٨٥):

بەسـتـەبێژ و بەیتخـوان و مـەقـام زانێکی شـارەزا و بە توانا بووە. لە مەقامەکانی قەتار و خاوکەر و ئای ئایدا زانا و گۆیا بووە، دەڵێن بە زۆری ئەم هۆنراوەیەی مەولەوی لەسەر زار بووە.

(خـەرمـان خـەمـان ها وەکـەل باوە
شـەنکەر یەکـێکە دووشـەن بەلاوە)

(هەر سـاتێ دووریت سـەد ساڵەن جـەلام
دەردم کـارییـەن، وەسـەرگـەردت بام)

- حەمە شێرە (١٩٤٠- ١٨٩٤):

دەنگێکی بڵندگۆ و گـوڵبـانگی بووە، بەسـتـەبێـژێکی بەهرەمـەند بووە، خـوێندەوار و شـارەزای ئەدەبیـاتی ئێـرانی بووە، زۆری لـە شـیـعـرەکـانی

(قائانی) و (حافظ) و (سەعدی) زانیوە و بە مەقامەوە وتوویەتی. خولیا و خودی لەگەڵ (بەنگ)دا بووە، مەقامەکانی (شوور غەمەنگێز، دەشت، هومایون) و بەستەکانی سەیزادە، خاڵەی ڕێبوار، کوڵەنجە ڕی ڕێ، دادەنگ، دەم قەند و لێو قەند)ی وتووە.

- کاکە رەشی ئەحان (١٨٤٥- ١٨٩٨):

دەنگ خۆشێکی شۆخ و شەنگ، خوێندەوار، خاوەن بەهرەیەکی خوایی، لە مەقامەکانی کوردیدا سەردەچوو و لێزان بووە، بەتایبەتی مەقامی (ئای ئای)، بەڵام ئەمیش بێوڵەتی یەخەی دەگرێ، بەهۆی حەمە شێرەی هاوڕێیەوە فێری بەنگ کێشان دەبێت. دەگاتە ڕادەیەکی وەها خزم و خۆیش و خێزانی لێی وەڕز دەبن و ژنەکەی دەستی لێ هەڵدەگرێ، بەمە وەک شێتی لێ دێت. بەناڵەی (ئای ئای) و (میرزام تەواوی)یەکەی حەماغای دەربەندفەقەرە دنیا دەهێنێتە سەر خۆی.

- عەزیزی ئامینە (١٨٥٠- ١٩١٥):

پیرەمێرد بەمجۆرە باسی عەزیزی ئامینە دەکات: شیعری مەولەوی بە دەنگی خۆش و هیجرانی. عەزیزی ئامینە لەناو ئێمەدا برەوی پەیدا کرد، عەزیز گۆیندەیەکی (عەزیز) بوو. لە مەجلیسدا (هیجرانی) و لە چیادا (قەتار) هەر لە خۆی دەهات. ئەمەش ڕاستە کە بەیانییەک لە ڕاوەکەودا قەتارێکی خوێندووە کەوی کۆسارانی هێناوەتە (جونبوش) و (قاسپە)، لە بەهاراندا لەسەر کارێزی وەستا شەریف دەیگوت.

- گوڵ جەمین (١٨٧٠- ١٩٢٤):

گوڵەخان کچی عەبدوڵڵای کوڕی مەلا سەعیدی حەبە جوانێیە. لە ڕەگەزدا خەڵکی دێی مەڕانێی سەر بە (سیوەیل)ە. لە خوێندنەوەی (مەولوود)دا (ئاوازەخوان)ێکی دەنگخۆش بووە لە زەماوەند و ئاهەنگدا بەستەبێژێکی بە

توانا بووە. لە مەقامەکانی (حەیران و ئائای و لاوک)دا گۆیاوز و گوێندە بووە. لە (بەیت و بالۆرە)دا شارەزا بووە، داستانەکانی (کاکەلاس و لەشکری و قەرو گوڵەزەرد و مەم و زین)ی بە ئاوازەوە وتووە.

هەندێ جار، جلی پیاوانەی لەبەرکردووە و لە سلێمانی و سنە و سابڵاخ و بانە ئاهەنگی گێڕاوە. لە شایی و داوەتدا بەستەبێژێکی بەهرەمەندی ڕۆژگاری خۆی بووە. سەردەمی گەنجی لە شاری سلێمانی بەسەر بردووە، دواجار شووی بە کوڕێکی بانەیی کردووە و لەوێ ماوەتەوە، تا کۆچی دوایی کردووە، لەوێ وەچەی بەجێ هێشتووە. لەو بەستانەی گوڵە وتوونی: (هەی بێ دەبڵێن بێ، خاسێ تۆ خانمی، شەو بۆ مەنزڵەکەی نوسرەت خانم، شایەربێ لەناو باخ بێ- ئەو باخەش لە سابڵاخ بێ، سەڵتە و هەرزاڵێ...).

مەلا ڕەعنا:

دایکی (صدیقة الملایة)ی بەناوبانگە. ئەم مەلا ڕەعنایە مەولوودخوێنێکی ناودار بووە، قوتابخانەیەکی بچووکی بەرامبەر مزگەوتی شێخ سەلام بووە، لە (١٩١٠- ١٩١٢) مەلا ڕەعنا نان پێوەدەری کردووە، ئەو کاتە (صدیقە مەلا)ی کچی تەمەنی ٨-٩ ساڵان بووە و چاوی (وەردێنەدار- تەراخۆما)ی بووە، بۆیە ژنان داوایان لە مەلا ڕەعنا کردووە، کە صدیقەی کچی نەهێنێتە دەرەوە نەک منداڵەکانیان تووشی وەردێنەی چاو ببن، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم (صدیقە) ون بوون، تا لە ساڵی ١٩٤١دا لەگەڵ دەستەیەک (تیاترۆ) بە گۆرانیبێژی هاتبووەوە سلێمانی[٤٢].

---

٤٢. کاکی شارباژێڕی ئەم قسانەی لە مامۆستا ئەحمەد خواجەوە وەرگرتووە، بەڵام لەلایەکی ترەوە کاکەی شارباژێڕی لەسەر قسەی (عەبدولکەریم عەلاف، لە کتێبەکەیا (قیان بغداد)دا لەبارەی صدیقە الملایە دەڵێت: ناوی (فرجة) کچی (عباس)ە. بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین مامۆستا ئەحمەد خواجە دەبێ لێی تێک چووبێت، چونکە (صدیقە) ناو لە کوردا زۆر کەمن و (فرجە) ناو هەر نین. واتا کچی مەلا ڕەعنا نییە.

- مەلا فەتاح:

دەنگخۆش و خوێندەوار بووە، مەقام زان و گەڕۆک بووە، پێش جەنگی گەورەی یەکەم، لە سلێمانییەوە چووە بۆ ئێران، لە هەمەدان شەوی (سەبا – موحەڕەم) لە کاتی شین و سنگ کوتاندا، قسە دەکات و ڕەخنە دەگرێت، لەسەر ئەوە پارچە پارچە کراوە.

- ڕەشە شایەر:

گۆرانیبێژێکی میللی و بەستەبێژێکی بە کار و دەنگخۆشێکی بەزماوەر و دەنگ و ئاوازێکی بەسۆزی پێوە بووە. لەگەڵ (سەعە گنە)ی مۆسیقاژەنی میللی لە شایی و ئاهەنگەکانی سلێمانی و شایی و هەڵپەڕکێ گێڕ بووە، بە جۆرێک ڕەشە بەر نەدەکەوت.

- عەلی خان:

خەڵکی سابڵاخ بووە، بەڵام لە تاو زۆرداری عەجەمەکان ساڵی ١٩٢٠ هاتبوو بەم دیوا بۆ سلێمانی، خۆی نابینا بوو، گوێندەیەکی توانا و (تارژەن)ێکی بێ وێنە بووە، ئەوسا ڕادیۆ دانەهاتبوو، عەلی خان بە شەو لە چایخانەکان لەگەڵ دوو کەسی تر، یەک (تەپڵ) و ئەویتر (دایەرە زەنگی[٤٣]) لێ دەدا، خۆیشی بەستەی دەووت، بەستەکەی بە (تار) دووبارە دەکردەوە.

ئەحەی ناسر (١٨٧٦– ١٩٢٣):

لە سلێمانی لە گەڕەکی سەرشەقام لە دایک بووە، لە خێزانێکی هەژار بووە، لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا چۆتە بەرخوێندن، لای مەلای مزگەوتەکان کتێبەکانی (گولستان و بۆستان و پەندی عەتتار)ی تەواو کردووە. بەڵام زوو وازی لە خوێندن هێناوە. خەیاڵ و خولیای کەوتووەتە سەر ئاواز و گۆرانی

٤٣. دایەرە زەنگ: دەفێکی بچکۆلەیە، ئەڵقەی زریزەیی بە دەورا لە ناوەوە دەگێڕرێ.

وتن. هەمیشە مەست و سەرخۆش بووە، فێری (تلیاک) و (بەنگ) کێشانیش بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، پیاوێکی دڵنەرم و بەرەحم بووە، بەزەیی بە هەژار و بێ نەوادا هاتووەتەوە.

گوایە جارێک لە تاران لە خیابانی- لالەزار- سووڕاوەتەوە، دەروێشێکی رووتەڵە و هەژار داوای چەند پوولێکی لێ دەکات، ئەویش هچی پێ نابێ بەڵام بە دەروێش دەڵێ: کەوڵ و کەشکۆڵەکەتم بدەرێ، ئەم گوزەر و بازاڕەت بۆ دەگەڕێم، خۆت و بەختت، چیم دەستکەوت دەتدەمێ و دەروێش شتەکانی دەداتێ و ئەویش بە دەم گەڕانەوە تێ دەچریکێنێ و خەڵکی گوزەرەکە ئەم دەنگەیان نەبیستووە، هەموو سەرسام و حەیران دەبن زۆریان لا خۆش دەبێت. هەرکەسە چی لە دەست بووبێتەوە لە (تاکە و جووتە) کردوویەتیە کەشکۆڵەکەی دەروێش ئەحمەدەوە بەجۆرێک کەشکۆڵ پڕ دەبێت، کە دەگەڕێتەوە لای دەروێش بێ ئەوەی تاکە یەک لەو هەموو پارەیە هەڵبگرێت، هەمووی بەخڕێکەوە دەکاتە کۆشی مام دەروێشەوە.

ئەحەی ناسر دەنگێکی هێجگار خۆشی بووە و زۆربەی مەقامە ڕۆهەڵاتییەکانی زانیوە ئەمە سەرەڕای مەقامە کوردییەکان. وەکو دەڵێن مەقامی (سەفەر)ی زانیوە کە تایبەتە بە شاری سلێمانییەوە ئەم ئاوازە ئەحمەد خۆی لە (نەغمەی بەیات)یەی دەرهێناوە و ئەو (تەرزە هەوا)یەی لێ پێک هێناوە کە تامی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە خوردەزادی (مەقامی بەیات)ە بەڵام کاڵایەکی ئاوازی کوردی بە بالآدا بڕاوە و لە پۆلێنی مەقامەکانی (ئای ئای) و (ئەڵلا وەیسی) و (خاوکەر) دادەنرێ.

ئەحەی ناسر، زۆر لە ناسراوانی ئەوسای کوردەواری دۆست و ئاشنای بوون وەک (مەحموود پاشای جاف) و (سەید ئەحمەدی خانەقا) و (حەپسە خانی نەقیب).. زۆرتر ژیانی لە ئێران (کرماشان و هەمەدان) بەسەر بردووە، شیعری زۆری لەبەر بووە،.

ئەحەی ناسر لە کاتی مەستی و بێ هەستیدا دەمانچەیەک دەنێ بە (کاکی) ناوی کانی سپیکەییەوە. لە ڕێکەوتی ٩٢٣/٩/٢٤دا، (مارفی ئەحلان) کە ئامۆزای (کاکی) دەبێ، لە تۆڵەی ئامۆزەکەیدا تفەنگێک دەنێت بە ئەحەی ناسرەوە و دەیدا لە شوێنی کوشندەی تاکو ڕۆژی ٩٣٢/٩/٣٠ کۆچی دوایی دەکات و لە گردی سەیوان بە خاکی دەسپێرن[٤٤].

- شێخ نووری شێخ صالح (١٨٩٥- ١٩٥٨):

شێخ نووری هەروەک شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەچی بوو، هەروەها لە بەهرەی دەنگخۆشیدا، دەنگێکی خۆشی بووە. شێخ نووری جگە لە شاعیریەتی و دەنگخۆشی، لە تافی گەنجیدا زۆر جوانیش بووە. مەقامەکانی وتووە. ئەمەی لێرەدا لە بابەتی شێخ نووریدا نووسراوە تەنها لەڕووی دەنگ خۆشییەکەیەوەیەتی.

- عەبە حەیران (١٨٩٣- ١٩٧٢):

لە دێی مەڕانەی ناوچەی شارباژێڕ هاتووەتە جیهانەوە، لە چوارتا و سلێمانی ژیانی بەسەر بردووە. دەنگخۆش و گوێندەیەکی لێهاتوو بووە بەتایبەتی لە وتنی مەقامی (حەیران)دا هەر بۆیە ناویشی نراوە عەبە حەیران.

---

٤٤. کاکی شارباژێڕی زۆربەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی ئەحەی ناسر لە مامۆستا ئەحمەد خواجە لە نامیلکەی (غفور رشید داراغا) وەرگرتووە کە لەسەر (ئەحەی ناسری هونەرمەند)ی دەرکردووە. لە ساڵەکانی ٩٣٩- ٩٤١ مچەی ناسر برای ئەحەی ناسر بە فەراشی قوتابخانە لە عەربەت دامەزرا، چاوەکانی بەرەو نەمان دەڕۆیشت بەڵام بۆ یارمەتی و مانگانە وەرگرتن دانرابوو ئەویش کە بە تەنها بوایە لە قوتابخانە گۆرانی دەوت دەنگی زۆر خۆش بوو. بە بۆنەی بێ چاوییەوە ئەویش هەر لە عەربەت سووتا. ئێستا کوڕەکانی پێگەیشتوون.

- ڕەؤوف بەگی ئیسماعیل بەگ:

ڕەؤوف بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ و برای ڕەزا بەگی بەناوبانگ (قایمقام)، ڕەؤوف بەگ دەچێتەوە سەر بنەماڵەی بابان. ئەم پیاوە یەکەم کەس بووە، لە سلێمانیدا عود بزانێ و لێی بدا. گۆرانی تورکی زۆریشی دەزانی، بەڵام دەنگی یارمەتی نەدەدا، ئەوە بوو (ئەکرەم)ی کوڕی و چەند کەسێکی تری فێری (عوود) لێدان کرد و ئەکرەم لە دواییدا بوو بە بەڕێوەبەری دەستەی مۆسیقای قوتابخانەکانی بەغدا. لە نەوەی ئەکرەم ئێستا (ئەیاد، سەرمەد) هەن کە لە بەغدا دادەنیشن لەگەڵ خوشکەکانیانا کە هەموو شوویان کردووە.

- مەلا ئەحمەد دیلان:

خوێندەوار و شیعرزان و دەنگخۆش، مەقامخوێن لەناو کۆڕ و پیاوانی بەڕێزدا، لە مەقامەکان بە کوردی و غەیری کوردی شیعری دەخوێندەوە و دەیوت. تێکەڵی کەم بوو. هەروەها لە یاری (فنجانێن)دا پاڵەوانێکی بێ هاوتا بووە، ئەوەی شایانی باسە مەلا ئەحمەد باوکی شاعیر و دەنگخۆش محەمەد صالح دیلان و باوکی هونەرمەند قادر دیلانە کە چەند ساڵێکە عێراقی بەجێ هێشتووە و لە هەندەران دەژی.

- حەمەی عەلۆ (١٨٧٠- ١٩٣١):

مامۆستا نەجمەدین مەلا لە گوێندەکانی وڵاتی سلێمانیدا باسی ئەو دەکات. ئەم پیاوە گوێندەیەکی خوێندەوار، شیعری شاعیرانی ناودار لەسەر مەقامەکانی (سێگا) و مەقامە ناودارەکانی تری دەوت. مامۆستا بێخود (١٨٧٥- ١٩٥٥) سەبارەت بەم گوێندەیە و بەهرەی دەنگخۆشییەکەی لە تاکە شیعرێکیدا دەڵێت:

(شوور)ێ بە یادی لێوی بڵێ ئەی (حەمەی عەلۆ)
ئەمما بە شیعری مونتەخەب و بەیتی (فەرد)ەوە.

- مەلا کەریم (١٨٨٥- ١٩٣٨):

کەریم ئەحمەد محەمەد بەناوبانگە بە (بولبولی کورد)، لە ڕەگەزدا خەڵکی (سابڵاخ)ە، بەڵام هەر بەمنداڵی ئەو شارەی بەجێ هێشتووە و هاتووەتە سلێمانی و هەر لەم شارەش کۆچی کردووە.

نزیکەی (٣٠) ساڵ گۆرانی پاک و چاکی لەسەر قەوان تۆمار کردووە[٤٥] لەوانە (هاتەوە بابێتەوە خانم لە حەمامەوە) (کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە) (ئاگر بارانە) (کاڵێ هەی لیمۆ) (دەچمە سەر ناڵەشکێنە) (شلێ یار) (وەرگەڕێ ئاوێزانت بم) (خانمی مەزەدار) (هێزی پام نییە) (ئەگەر هات و بزانی من چلۆنم) (غەزێمێ) (دیسان هات) (هاتەوە بابێتەوە خانم لەناو باخەوە) هەروەها مەقامەکانی (همایون) (غەمەنگێز) (گەبر) (قەتاری سنە) و سروودی (چەند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم) (فەخرە بۆ ئێمە کوردستان) (دڵە لە دەردی وەتەن پەست و گیراوە)، زۆربەی گۆرانی و ئاوازەکانی ئەم هونەرمەندە لە دوای خۆی بە دەنگی گۆرانیبێژەکانی تری کورد تۆمار کراون.

ئەوەی شایانی باسە ئەم هونەرمەندە لە سلێمانی زیاتر ناتری حەمام بوو، بەتایبەتی لە حەمامی موفتی زۆرتر مایەوە. لە ژمارە (٣٧)ی ساڵی یەکەمی ڕێکەوتی ١٢حوزەیرانی ١٩٣٨ لە ڕۆژنامەی ژیان، ئەم هەواڵە بڵاو کرایەوە (خوا عافوی کا، لەم هەفتەیەدا مەلا کەریم مەشهوور بوو بە بولبولی کوردستان خاوەنی قەوانە کوردییەکان، ئەمری خوای کردووە، خوا عافوی کات).

٤٥. تازە قەوانی (مەلا کەریم) یان هێنابوو لە چاپخانەکاندا لە سندووقی گۆرانی بە بۆرییەوە کە (ابو چلب)یان پێ دەوت، لێ دەدران، پێشەکییەکەی بەمجۆرە بوو: (مەلا کەریم بە کارەبا قەوانە) و ئینجا گۆرانییەکە دەستی پێ دەکرد.

دایکی جەمال (١٩٠٨– ١٩٧٩):

یاخود شیرین خانم ناوی (بەهیجە ئیبراهیم یەعقووب)ە، لە ڕەسەندا (بن جوو) بووە و موسوڵمان بووە، شووی بە پیاوێکی خەڵکی سلێمانی کە ئەفسەر بوو ناوی (ح.س) کردبوو. ئەم ئافرەتە دەورێکی دەوڵەمەند و دیاری هەیە لە گۆرانییە کوردییە تۆمارکراوەکاندا، لە کاتی خۆیدا لە کۆمپانیاکانی (بەیزافۆن) و (ئۆریۆن) چەند بەستەو بەرهەمێکی باش و بەهاداری لەسەر قەوان تۆمار کردووە لەوانە (هەی بەللار) و (هەی گوڵ) و (هەی ئاغا و ئاغا ئاغا) و (هەی خان) و (هەی ڕۆحی شیرینم) و (خانمی سلێمانی) و (ئەسڵی وەسڵت سلێمانی) و (هەی بێن بێن) و (ئامین و ئامین) و سروودی (وەتەنی من کوردستانە) و زۆری تر[٤٦].

– حەمەدی ئەفەندی (١٨٩٤– ١٩٤٨):

حەمدی ئەمین ئەفەندی[٤٧] لە سلێمانی هاتووەتە جیهانەوە، پیاوێکی دەنگخۆش و ڕووخۆش و قسەخۆش و هێمن و مەنگ و میوان دۆست بووە. لە کۆمپانیای بەیزافۆن چەند قەوانێکی تۆمار کردووە، لەوانە مەقامەکانی (سێگا و ئای ئای و نەوا) لەگەڵ بەستەی (لە خڕەی نێڕی نێڕ ئاوەڵ کەتانە– لە ماڵی دۆستان بێ سەر بە لەرزانە).

مامۆستا عەلادین سەجادیش لە ڕشتەی مرواریدا باسی حەمدی ئەفەندی دەکات[٤٨].

٤٦. کاک کەمال ڕەؤوف محەمەد سێ گوتاری لەسەر دایکی جەمال نووسیوە و لە ڕۆژنامەی (هاوکاری ژمارە ٣٠٦ ڕۆژی ٩٨٠/١٢/٢٧ و ژ ٥٠٩ ڕۆژی ٩٨٠/١/١٤ و ژ٥١٠ ڕۆژی ٩٨٠/١١/٢١) بڵاوی کردوونەتەوە.

٤٧. حەمدی ئەمین ئاغای حسێن ئاغا لە بنەماڵەی حاجی صاڵح ئاغا. سێ کوڕی هەیە (نووری خەفاف) و (جەمالی دووکاندار) و (لەتیفی مامۆستا). کاروانی ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٨٣ل٨٥ نووسینی کەمال ڕەؤوف محەمەد.

٤٨. ڕشتەی مرواری، بەرگی شەشەم، بەغدا، ١٩٧٩.

بەقسەی کاک کەمال رەؤوف محەمەد، حەمدی ئەفەندی یەکەم کەس بووە کە لەسەر قەوان گۆرانی تۆمار کردبێت[٤٩]. ئیشی هەمیشەیی حەمدی ئەفەندی لە سەرەتاوە تووتنچی بووە، لە پاشدا لەبەر دەرکی سەرا چایخانەی لەگەڵ رەشیدی مەلا برایمدا داناوە لە دواییدا لەبەر حەوزی ناوبازاڕدا دووکانی پێڵاو فرۆشتنی داناوە. پیاوێکی بە ئاین بووە، هەموو رۆژی جومعەیەک سەڵاو تەواشیحی دینی لەسەر منارەکەی مزگەوتی گەورە گوتووە لەگەڵ عەلی کاکەشدا پێکەوە لە مەولوودا بانگ کراون و لە بەغداش پێکەوە لەگەڵ پیاوە کۆنەکانی ئەعزەمییە و کازمیە مەقامەکانی عێراقییان پێکەوە وتووە[٥٠].

- رەشۆل (رەشید عبدالله میرزا عەزیز ١٩١٢- ١٩٧٤):

لە سلێمانی هاتووەتە جیهانەوە، دەورێکی دیاری هەیە سەبارەت بە (مەقام) و ئاوازی کوردی. رەشۆل هەر لە منداڵییەوە حەزی لە گۆرانی وتن کردووە. لە ساڵانی ١٩٢٨- ١٩٣٠ لەگەڵ مەلا کەریمدا لە بەغدا دوو قەوڵی گۆرانی (کەوانی بەرت ماهووتە) و (خاسێ تۆ خانمی) و (دڵ لە دەردی وەتەن) یان تۆمار کردووە. لەگەڵ (مەحموود محەمەد قادر)[٥١]ی دەنگ خۆشی خزمیشیان زۆر گۆرانییان وتووە.

لە کۆتایی چلەکاندا چۆتە ئێستگەی کوردی عێراق، لەوێ چەند مەقام و

---

٤٩. گۆڤاری کاروان ١٠/١٩٨٣. بەڵام کاک عوسمان شارباژێڕی دەڵێت: لەبەرئەوەی تا ئێستا قەوانێکی حەمدی ئەفەندی نەدۆزراوەتەوە، بۆیە ناتوانین ئەم قسەیە بسەلمێنین. بەقسەی کاک عوسمان (حسین ئیسماعیل= حسەی حەبە (١٨٨٥- ١٩٣٩) یەکەم گۆرانیبێژی کوردی سەرقەوان بووە.

٥٠. کەمال رەؤوف محەمەد، سەرچاوەی پێشوو.

٥١. کاک مەحموود یەکێکە لە هەرە دەنگ خۆشەکانی سلێمانی، زیاتر لەگەڵ خوا لێخۆشبوو ئەحمەدی برایا بە منداڵی و گەنجیەتی گۆرانییان دەوت، بەڵام مەحموود دەمێکە گۆرانی ناڵێت.

بەستەیەکی تۆمار کردووە. لەوانە مەقامەکانی (قەتار) (خاوکەر) (دەشت) و بەستـــەکـانی (گـولاڵە ســووره) (ئـەم بەرە و بەرە). بـە دووقـۆڵیش لـەگـەڵ (مـەحـمـوود مـحـەمەد)دا، گۆرانی (ئایشیلێ نازەنینێ) و (دەسـتم لێ مـەدەن بەزام زەلیلم) یان تۆمار کردووە، هەروەها ساڵی (١٩٧٠) مەقامی (قەتار) و بەستەی (ئۆخەی گردەکەی یارە)ی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کردووە.

کـاک رەشـیـد یاخـۆ رەشـۆڵ ئەوەنـدەی لە گـۆرانـی و دەنگدا هونەرمـەند و لێهاتوو بوو، ئەوەندەش پیاوێکی ئێسک سووک و قسە نەستەق و وەلاّم لەجێ بوو، جگە لـەوەی رێزی خـۆی دەگـرت بۆیە خـەڵکیش زیاتر رێزیان دەگـرت و خۆشیان دەویست.

- تەلە (طالب مەجید قادر عوسمان ١٩١٥- ١٩٧٨):

لە سلێمانی لە گەڕەکی (سابوونکەران) هاتووەتە جیهانەوە، ساڵی ١٩٤٣ وەک گوێندەیەک لە ئێستگەی کوردی عێراق گەلێک گۆرانی بۆ تۆمار دەکەن. بەوەدا کە قـەتارچی بووە، زۆر شـوێنی کوردسـتـان گـەڕاوە. چووەتە (بانە و بۆکان و سنە و سابلاّخ) گەلێک بەند و بەیت و ئاوازەی لە دەمی گوێندەکانی ئەو ناوە وەرگـرتووە و لەگـەڵ خـۆیا هێناوینیـەوە بۆ سلێـمـانی و لە دواییـدا چووە لە ئێستگەی کوردی تۆماری کردوون. (خانمۆڵێ) و (بارانە) و (مەگری مـەگـری) و (زێنـەبێ) و (سـەڵتـەنە) و (ڕێحــانەم دێراو دێراو) و (پێـم لێ نێ بووکەزارا). بەروبوومی ئەو هونەرمـەندەن. لە پێش مردنیا هەژار کەوتبوو لە ڕۆژی ٩٨٧/١١/١٠ بە کەساسی کۆچی دوایی کرد[٥٢].

- ئیبراهیم حەزین (١٩١٧- ١٩٧٠):

لە سلێمانی لە گەڕەکی کانێسکان لەدایک بووە. پیاوێکی خوێندەوار و بە ئاین بـووە. لە کۆڕی (مـەولوود خـوێندن) و (تەواشـیـحی دینی و سـتـایشی

٥٢. بە داخــەوە کــە پاشــەڕۆژی ئەو هـونەرمــەندانـە تەئمـین نەدەکـرا و زۆریان لە برسـا دەفەوتان و مردن.

پێغەمبەر)دا دەنگی بەسۆزی لێ هەڵبڕیوە. لە ژیاندا بە پیشەی چاپچییەتی و کوتاڵ فرۆشی ڕای بواردووە. لە ساڵانی ١٩٤٧- ١٩٤٨ چووەتە ئێستگەی کوردی عێراق و چەند گۆرانییەکی وەک (لیمۆ هەی لیمۆ، ئامین و ئامین، حەبیبم، یار جوانە)ی تۆمار کردووە[٥٣].

- قادری حاجی حوسێن (١٩٢٢- ١٩٨١):

لە سلێمانی گەڕەکی (گۆیژە) لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٢ لە ئێستگەی ڕادیۆی عێراق بەشی کوردی (گوڵکۆی تازەی لەیل، گوڵم گوڵم، بە خەیەڵی ئەو، مەقامی عوشاق، مەقامی غەمەنگێز)ی تۆمار کردووە. یەکێک لە شاکارەکانی (گوڵی سەربەستی)یە، هەر زووش وازی لە گۆرانی یاخۆ لە تۆمارکردنی گۆرانی هێناوە و دەستی دایە کاسبی و تیایدا سەرکەوت.

- محەمەد صاڵح دیلان (١٩٢٧- ١٩٩٠):

کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلانە کە باسمان کرد، لە سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە هاتووەتە جیهانەوە. بەهرەی (هەوا داهێنان و هۆنراوە دانان)ی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە. واتا کاک حەمە صاڵح شاعیرێکی ناسراو و دەنگخۆشێکی بەناوبانگە بەتایبەتی لە وتنی (مەقام)دا، هێجگار مەقامەکانی (ڕاست، سێگا، عەجەم، سەبا، موحەییەر، سەفەر، ئەڵڵاوەیسی). جگە لە نەواکانی (دەروێش عەبدوڵڵا، ئەژدەهاک، ئەی نائومێدی، وەفدی کوردستان، نەورۆز) لە گوێی دۆستانی هونەری گۆرانیدا دەزرنگێتەوە. ئاوازی گۆرانی (ئەم ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە) لە هەڵبەستی پیرەمێردی نەمر، هی حەمە صاڵح دیلانە، ئەو ئاوازە کە ئاگری نیشتمان و نەتەوەپەروەری لە مرۆ بەردەدات.

---

٥٣. سەیری گۆڤاری ئۆتۆنۆمی ژمارە (٥) ساڵی حەوتەم ١٩٨٣، بکە (ئیبراهیم حەزین - دەنگ و سەدایەکی نەمر) نووسینی شێرزاد عەبدوڕەحمان.

- کەریم کابان (١٩٢٩):

کوڕی مەلا جەلالی کابانە. لە سلێمانی لە دایک بووە. باوکی و براکانی هەموو دەنگخۆش و ناسراون. زۆربەی مەولوودی سلێمانی جەلالی کابان دەیگێڕا.

کەریم لە ساڵی ١٩٤٤وە چووەتە ئێستگەی ڕادیۆی عێراقی بەشی کوردی چەند گۆرانییەکی تۆمار کردووە وەک (بەری بەیانە، زڕەی فنجانە) و (یار جوانە) و (لە مابەینی گوڵ و گوڵزار) و (خۆزگەم بە پار).

لە ساڵی ١٩٧٦یشدا کە بووە بە ئەندام لە تیپی مۆسیقای کوردی لە سلێمانیدا چەند گۆرانییەکی تەلەفزیۆنیشی تۆمار کردووە، وەک (یاران وەسیەتم ئەمەبێ لاتان) و (شەو) و (خەنەبەندان).

- شەماڵ صائب (١٩٣١- ١٩٨٧):

کوڕی جەلال صائب کوڕی مەلا ئەحمەدی صائبە. بنەماڵەکەیان چەندەها شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی تێدا هەڵکەوتووە. شەماڵ لە سلێمانی لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خولیای گۆرانی و مۆسیقای لە مێشکدا بووە. لە هاوینی ساڵی ١٩٤٧دا دەورەیەکی مۆسیقا فێرکردن لە سلێمانیدا کراوەتەوە کە مامۆستایان (جەمیل بەشیر و سالم حسێن و غانم حەداد...) دەرسیان تیا وتووەتەوە، شەماڵ لەم دەورەیەدا چالاکانە دەرکەوتووە.

لە ئێستگەی کوردی عێراق وەک مۆسیقازان و گۆرانیبێژێک دەستبەکار بووە، لە ئێستگەی کوردی و کۆمپانیای چەقماقچی (قەوان) لە بەغدا چەند گۆرانییەکی تۆمار کردووە، لەوانە (هەرێ لەیلێ) و (پێم بڵێ) و (ئازیز بەهارە) و (بۆ هاتی) و (هاوار سەد هاوار) و (بەردەبەردە) و (دەمەکەت بێنە) و (بۆتۆیە دڵ بۆتۆیە)...

بەڕاستی شەماڵ بە هونەرمەندێکی مامۆستا دادەنرێت و کە زۆر لە وشەو

نەغمە و ساز و ئاواز هی خۆیەتی، بەڵام جار جارێکیش ئاوازەکانی (فرید الاطرش) کاری کردووەتە سەر هەستی بۆیە ئەو تاودانەوەیە لە هەندێک لە گۆرانییەکانیا دیارن. بە داخەوە لە دوارۆژی ژیانیدا بە نەخۆشییەکی ئەوتۆ رۆیشت کە سویێ بردە دڵی هەموو دۆستەکانیەوە.

- عوسمان عەبدورەحمان (سابوونچی) (١٩٣١- ١٩٧٠):

لە سلێمانی گەڕەکی (سابوونکەران) لەدایک بووە. لە ساڵانی ١٩٤٥- ٩٤٦ چووەتە ئێستگەی ڕادیۆی کوردی عێراق. چەند گۆرانییەکی تۆمارکراوی هەیە وەک (لەبیرت نەچم) و (ئەی کچی جوان) و (خۆزگە وابوایە) و هەندێکی تر سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە تەمەنی هونەریی خۆیدا ئەرکی سەرشانی بەجێ هێناوە، یەکێکیش بووە لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی.

- دەروێش عەبدوڵڵا (١٨٩٠- ١٩٥٠):

عەبدوڵڵا قادر محەمە، پیاوێکی ڕەند، قەلەندەر، گەڕۆک، بەهرەمەند، دەنگخۆش و دەفژەن بووە. زۆربەی ژیان و گۆرانی لە سلێمانیدا بووە، هەر لەم شارەشدا کۆچی دوایی کردووە و لە گردی شێخ محێدین نێژراوە.

ساڵی ١٩٥٥ شەوێکی ڕەمەزان لە ماڵی شێخ محەمەدی مەحوی شریتێکی تۆمار کردووە کە مەقامەکانی (هومایون) و (سێگا) و بەستەکانی (غەزالێ) و (خوایە هەڵکەی بای شەماڵێ) و (بۆم لێدە چەنگ و عوودە) و (خەدەنگی قەوسی ئەبرۆی تۆ) و (قوربانی دوو ئەبرۆی) و (وەک قومری لە باخ و جۆباران) و (هەورێکی هێنا) و (پرسیم لە چیمەن) و (ئەگەر بمێنم) و (هەرمێ وەی وەی هەرمێ). ئەم گۆرانییانە نموونەی نایابن بۆ گۆیندەیی و شارەزایی (دەروێش عەبدوڵڵا) لە بەستە و مەقامی کوردیدا.

ئەمە ئەو دەروێش عەبدوڵڵایەیە کە (گۆران)ی نەمر بە (شاکارەکەی

دەروێش عــەبدوڵڵا) ناوی نـاوەتە لاپـەڕەی هونەرمـــەندە بـەرزەکـانـەوە. ئەم دەروێش عەبدوڵڵایە لە گۆڤار و ڕۆژنامەشدا زۆری لەسەر نووسراوە.

ئەم پیاوە برایەکی بووە (فـەقێ ئیسـماعیل) ئەمیش دەورێکی دیاری هـەیە لە بڵاوکـردنەوەی (بەیت) و (بەند) و (بەسـتـە)ی ڕەوان و ڕەسـەنـی کوردیدا. ئەمـیش زۆری ژیانی لـە شـاری سلێـمـانیـدا بەسـەربردووە، گـۆرانیـیـە جـۆراوجـۆرەکـانی و بەسـتـەکـانی (سـابڵاخ) زۆری بەهـۆی دەنگی خـۆش و لەرەی دەفەکەی ئەمەوە بەناو کوردەکانی گەرمیانی کوردستانی عێراقدا بڵاو بووەتەوە.

- فەرەجی حاجی رەشید (فەرید) (١٩٢٢- ١٩٧٩):

کـاکـە فـەرەج هەر بە (فـەرید) بەناوبـانگ بوو، ئەویش چونکە لـە هـەڕەتی هەرزەکاریدا زۆر حـەزی لە دەنگی (فرید الاطرش) کردووە، بەڵام خـۆی هـەر گـۆرانی فـۆلکلۆری کـۆنی کـوردی دەزانی و فـرِی بەسـەر گـۆرانی بێگانەوە نەبوو. کـەچـی (بە رەحـمـەت بێ) سـواری (مـاریانـا) و (مـارگێ) دەبوو، کـە بەقسەی خۆی ئەم دوو گۆرانییەی کە خۆی ڕێکخەری وشە و ساز و سۆزیان بووە، لە گازینۆکانی ئەوروپا باو و بڵاون.

لە ڕاسـتـیشـدا چەند گۆرانیـیـەکی تۆمـارکـراوی لە دوا جێ مـاوە، وەک مــەقــامی (خــەنـەباد) و (لەبـەر نازی چاوبـازان) و (ئەرێ هات) و (خــۆم بە خـولامی سـوخـمـەی کـۆنی) و (لە سـیلـەی شـێخ مـەولانا) و (مـارگێ) و (مـاریانا). فـەرەج زۆر بە ئاواتەوە بوو، دەنگی بە تەلەفزیۆن بگات بەداخـەوە پێ نەگەیی.

هـەروەک مـامۆسـتـای شـارباژێری دەڵێت: (بەڕاسـتی کـوڕی کـۆر و بەزم و قسـەی خـۆش بوو، زۆریش (سـەیر) و (سـاکـار) بوو خـۆش بڕوا و بێ غـەل و غـەش بـوو، لە هـەمـان کـاتدا رەوشـتـی بەرز بوو، هـەندێ جـار تووشی دەست کـورتـی و بێ دەرەتانی بوو تاکـو ئەوسـا بـرادەران ویسـتـیـان یارمـەتی بدەن

قبوولّی نەکرد بەڵکو ویستیان لە بەغدا بە ئیشێک دایمەزرێنن و مانگانە وەربگرێت ئەوەشی نەویست و ڕۆیشتەوە بۆ سلێمانی[٥٤].

فەرەج چونکە ئەوەندە ساکار و خۆشبڕوا بوو، خەڵک بەداخەوە گاڵتەیان پێ دەکرد، بەڵام خۆی شتەکەی بە ئاسایی وەردەگرت کە گۆرانی دەوت، لە دواییدا دەیوت نەم وێراوە هەموو دەنگمی بەمێ ئەگینا (میکرۆفۆن)ەکەم دەدڕاند. لە ئەنجامی گۆرانییەکانیدا خەڵک لە باتی چەپکە گوڵ، بە ئینجانەی گڵ گوڵیان پێشکێش دەکرد.

مامۆستا شاربازێڕی لە (داستانی بەهەشت و دۆزەخ)دا بەمجۆرە باسی (فەرید)ی خۆشەویستی کردووە.

فەرەج پیاوێکی کۆکە حانووتێکی گەڕۆکە
نوکتەی مزر و بەتامە شەیدای بەستەو مەقامە
هەوای مارگێ و ماریانە بەزمی پیاوی بێ دانە
خۆ بەستەی سوخمەی کۆنی وەک مێخەک دەڕوا بۆنی
مەقامی نەیرۆز ماوە هێشتا تۆمار نەکراوە

فەرەج بەبێ دەنگ ڕۆیشت و سەری نایەوە، کەسیش پێی نەزانی. ئەویش بەهۆی ئەوەوە بوو، کە لە خزم و کەسی دوورکەتبووەوە ژن و ماڵیشی نەبوو. خوای لێ خۆش بێت.

- ڕەفیق چالاک (١٩٢٤- ١٩٧٣):

تۆ بڵێی لە شاری سلێمانی و بەولاتریشەوە، هەبێ ڕەفیق چالاک نەناسێت. ڕەفیق هەروەک ئەدیب و هونەرمەند بوو، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک زیرەکی و لێهاتوویی و تواناگەری بوو، بەڵام بەداخەوە، ئەو دەم و ڕۆژە و ئەو شوێنەی ئەوی تێدا پەیدابوو، یارمەتییان نەدا، کە ئەو توانایانەی ڕێی

٥٤. مەبەست یەکێکیشە لە نووسەرانی ئەم کتێبە.

خۆیان بگرن و خۆشی بەرەحمەت بێ هەڵە و حەزی بەخۆدەرخستنی زۆر دەکرد... رەفیق مەقامزان و بەستە بێژێکی بەهرەمەند بوو، دەنگێکی خۆش و خەمینی هەبوو، ئەو ئاوازانەی کە تۆماری کردوون: (ئەی چاو چەشنی بازی قەفەز) و (دوو ئاوانەکەی) و (مردنە بێ تۆ ژیانم) (دادەنگ) و (ئارامی ئارامی) و (ئامۆزا گیان) و (سەوزە مەرۆ سەوزەکە).

– عوسمان شارباژێڕی:

نووسەر و شاعیر و دەنگخۆش. بەڕاستی ئەم کوڕەش توانا و بەهرەی زۆر تێدا بەدی دەکرێت، تا ئێستاش چەند کتێبی بە چاپ گەیاندووە[٥٥]. کاک عوسمان خۆی دەڵێت[٥٦]: لەم ساڵانەدا (واتا ١٩٦٠– ١٩٦١) بە هاوکاری مۆسیقای کەمانی مامۆستا ولیەم و حەننا چەند گۆرانییەکم لەسەر (نەوار= شریط= ریکۆردەر) تۆمارکردووە. لەوانە مەقامی (سەفەر) و (هومایون) و (سەبا) و (ئەی خوا لەم ئاگربارانە) و برێکی تر. ئەو شریتە گەیشتە ڕادیۆی عێراق بەشی کوردی و بۆیە ئەو گۆرانییانە ئێستە لەو ئێستگەیەوە بڵاو دەکرێتەوە... هەروەها لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤دا لە ماڵی مستەفا رەؤوف کە شمشاڵی لێ دەدا، بە هاوکاری (فرنسیس داود) کە عوودی لێ دەدا، چەند گۆرانییەکم تۆمار کرد و کە ناردم بۆ ئێستگەی کوردی تەنها گۆرانییەکیان لێ هەڵبژارد (ئەی کیژۆڵە) کە مۆسیقاکەی هی ئەنوەر قەرەداغییە کە تازەکاری و تازە کوورەیی ئەو هونەرمەندەی پێوە دیارە[٥٧].

٥٥. ئەوەی ئێمە بیزانین (١) (گەوهەرێ) کە بریتییە لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک، چاپخانەی (السعدون)، بەغدا،١٩٨١ (٢) گەنجینەی گۆرانی کوردی، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٨٥.

٥٦. ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٦)، ساڵی ٩٨٥، ل١٥٣.

٥٧. ئەوەی لە مەودوا سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە، کە ئێمە وتوومانە کتێبەکامان تا ساڵی ١٩٥٨ شۆڕشی چواردەی تەمووزەو خۆمان لەوە بەدواوە هەڵناقورتێنین. بەڵام لەم باسانەماندا لەبەرئەوەی کە شتەکە نیوە و ناچڵ دەرنەچێت ناچار خۆمان بەم دیوی ٩٥٨یشدا کرد. واتا ئێمە ڕووداوی ڕامیاری و مێژوویین لەو ساڵەدا دەوەستێنین.

ئەوەی شـایـانـی باسـە لێـرەدا ئەم (کـاروانـی گـۆرانـی و مـۆسـیـقـا)یە، دەسکە گوڵی ئەم برا بەڕێزەیە کە خزمەتێکی بە سوودی هونەرە لە وڵاتەکەماندا.

دەنگخۆشی تر:

جگە لەوانەی باسمان کرد، هەر لە سلێمانیدا دەنگخۆش و مەقامزانی تر گەلێک هەن کە هەریەکە وەستایەکە لە هونەری وتندا لەوانە:

کـاکـە حـەمـەی بـەکـر، مـەحـمـوود تۆفـیق شلک، ئەحـمـەد شـەمـاڵ، ئەمین ئیبـراهیم، قـادر جـەلال کـابان، جـەمـال جـەلال کـابـان، ئەسـعـەد قـەرەداغی، جـەمـال جـەلالی قـادر ئاغـای عـەتتـار، دڵشـاد مـەسـرەف، کـەریم خـەمـزەیی، عەباس تۆفیق شلک، عومەر رەزا، عومەر خەمزەیی، سەلاح مەجید، شەوکەت رەشید و تۆفیق عەلی و حەمە جەزای کوڕی حاجی عەلی بەگ و گەلێکی تر.

**تیپی مۆسیقا لە سلێمانی**[٥٨]

لە سلێـمـانیدا لـە قـوتابـخـانەکـاندا هەرچەنـدە تیـپـی سـەرەتایـی مـۆسـیـقـا، پچرپچڕ هەبوو، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبوون کە ئەوەندە شایانی باس بن.

لە سـاڵی ١٩٢٧دا عـەبدولواحـیـد حـاجـی مـسـتـەفـا، ئەفسـەرێک بوو لە دەرچووانی ئەستەمبوڵ و خەڵکی کۆیە بوو، کە هەر لە تورکیا فێری مۆسیقا بووبوو و (پیـانۆ) زانێکی شارەزاش بوو، کە هاتووەتەوە عێراق ناردوویانەتە سلێمانی.

لە سلێـمـانی (تیـپێکی مـۆسـیقا)ی پێک هێناوە، کە ئەویش لەسـەر نۆتەی تازە بـووە لە چاو ئەو دەمـەدا، کـە لەسـەر ئەم ئاوازانە بـوون: (کـراچیت، کۆیـپـەر، سەمی کۆیپەر) قـوتابخانەکە بۆ فێرکردنی مۆسیقا لە ماڵی خـواجە ئەفەنی بووە، خـوار مـزگەوتی گەورە. کە لەو کـاتەدا نـزیکەی پەنجـا قـوتابی

٥٨. بە کورتکراوەیی و تۆزێک دەستکارییەوە (لە نووسینەکەی کاک عثمان شاربـاژێڕی وەرگیراوە، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە، (١٠٦) ساڵی ١٩٨٥، ل ١٤٠ و بەدواوە.

هەبووە، لەوانە یەکێکیان شاکر فەتاح بووە.

ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٢٧/١٩٢٦ بووە، هەر لەو ساڵەدا چیرۆکی شانۆیی (نیرۆن) پێشکێش کراوە، ئەو پارەیەی کۆکراوەتەوە چەند ئامێرێکی هەوایی مۆسیقای پێ کڕراوە، ئەندامەکانی ئەو تیپی مۆسیقایە لەمانە پێک هات: رەحیم کەریم (عمیدی متقاعد) و (رەمزی قەزاز) و (جەمالی مەجید ئەفەندی سەلیم ئاغا) و (جەلالی برای جەمال) و (فائیق زێوەر). لە قوتابخانەی (ئەوەلی سلێمانی) لە ساڵی ١٩٢٨دا (باندی موزیقە) هەبووە کە لە بەهاری ئەو ساڵەدا لە باخی شێخ مەحموود لەبەر دەمی سەعادەتی موتەسەریفدا بە نەوعی هەوالێدان، لەگەڵ تاقمی شەرقی بێژ بە ئەنواعی گۆرانی وەتەنی حازرینیان تەفریح کردووە.

لە ساڵەکانی ١٩٢٩- ١٩٣٠ قوتابخانەی ناوەند و سەرەتایی لە سلێمانی (تیپ)ێکی مۆسیقای هەبووە، لەگەڵ ئەم ئامرازانەدا: (دەهۆڵێکی گەورە، یەک زیل، دوو تەپڵی بچووک، چەند بۆریە "بوقیە"یەک). ئەو قوتابیانەی لە تیپی مۆسیقادا بوون تۆفیقە رەش، کەمال رەشید، فاضل عیرفان و چەند قوتابییەکی تر. قوتابخانەی (فیصلیە) باندێکی مۆسیقای هەبووە، کەڵکیان لە ئامرازەکانی (قوتابخانەی ئەوەلی) وەرگرتووە، مامۆستایان قوتابییەکانیان فێری مۆسیقا کردووە، یەکێک لەم مامۆستایانە (پەتراکی)[٥٩] کە عوودی لێداوە، (سەرکیس سیمون) کە (ماندۆلین)ی لێداوە، (عەلی کاکە ئەمین)[٦٠]. لە کاتی خۆیا لە سوپای عوسمانیدا بووە و بووە بە مامۆستای مۆسیقا و خۆی (کلارنێت)ی لێ داوە.

ساڵی ١٩٣٧ لە قوتابخانەی (ناوەندی سلێمانی) باندێکی مۆسیقا

٥٩. پەتراکی قوستاکی مامۆستای قوتابخانە و (دیان) بوو. لە قوتابخانەی (فیصلیە) دەرسی دەوتەوە.

٦٠. مامۆستایەکی بە تەمەن بوو. هەمیشە سەری بە گوێزانی سفر دەتاشی و سدارەی خوری لەسەر دەکرد.

دامەزراوە کە ئەمانەی تێدا بوون: شەوکەتی رەشید ئەفەندی سەعاتچی کە شمشاڵ و عوود و (کەمان)ی زانیوە، محەمەد صالّح عەنبەر، جەمال.

هەر لەم ڕۆژانەدا جووت برای مۆسیقازان لە سلێمانیدا هەبوون کە ڕۆشنبیریی مۆسیقایان لە سلێمانیدا بڵاو کردووەتەوە، کە ئەوانیش مامۆستا (مەدحەت مبارەک کە (مدیری تحریرات) بوو لە دایەرەی موتەسەریف و (طلعت مبارەک مامۆستای قوتابخانە) بوو.

لە ساڵی ١٩٤٦دا، ئەم کەسانە، لەناو گەلێکی تردا لە مۆسیقادا ناویان دەرکردبوو: ڕۆبێن ئۆفیک[٦١] کەمانچەی لێداوە، بەهجەتی رەشید ئەفەندی سەعاتچی[٦٢] کەمانچەی لێداوە، (اسطیفان)[٦٣] عوودی لێداوە، (انترانیک گرەبیت)[٦٤] فلووتی لێداوە.

لە ساڵی ١٩٤٧دا لەسەر ڕاسپاردەی (حەننا پەترۆس) کە سەرۆکی یەکەم تیپی ئۆرکستری عێراقی بووە، لە هاویندا دەورەیەکی فێرکردنی هونەری مۆسیقا لە سلێمانیدا کرایەوە و ئەم مامۆستایانە دەرسی مۆسیقایان فێری قوتابیان دەکرد: جەمیل بەشیر، غانم حەداد، سالم حوسێن، پەترۆس حەننا پەترۆس، منیر ئەڵلاوێردی و یەعقوب یوسف.

ئەمانەش هەندێک لەو قوتابیانە بوون کە لەو دەورەیەدا بەشدارییان کردووە:

٦١. یەکێک بوو لە ئەرمەنییەکانی سلێمانی، باوکی مەیخانەچی بوو، خۆی چووە (دار المعلمین)ی ئیبتدائی و بوو بە مامۆستا لە دواییدا وازی هێنا و هاتە بەغدا، بە نەخۆشی دڵ مرد.

٦٢. کاک کەمال رەشید و شەوکەت رەشید و کاک بەهجەت هەموو بران و کوڕی رەشید ئەفەندی سەعاتچین.

٦٣. ئەم پیاوە (دیان) بوو، مەیخانەی هەبوو، نابیناش بوو.

٦٤. یەکێک بوو لە ئەرمەنییەکانی سلێمانی، کوڕێکی مۆسیقازان و وەرزشەوان بوو، لە دواییدا چووە سەر ئۆتۆمبێلی سینەمای گەڕۆکی (استعلامات)ی ئەمەریکا. دوای ئەوە ناوی نەما.

قادر دیلان، ڕەزا شێخ محەمەد گولانی، شەماڵ صائب، ڕۆبین ئۆفیک، سەرکیس کیغام، عەبدوڵڵا میدیا، نووری عەنبەر، ئەحمەد زرنگ، غەریب میرزا کەریم، مەحموود محەمەد قادر، جەمال فەتاح، عەلی ئیحسان، جەمال ئەحمەد کەمال، جەمال عەبدوڵڵا، تۆفیق حەسەن و عەبدوڵڵا جاف.

تیپی مۆسیقای مەولەوی:

لە ساڵی ١٩٥٥دا دامەزراوە. ئەندامەکانی لە بەهرەمەندە مۆسیقارانەکانی کورد بوون وەک قادر دیلان، ولیم یوحنا، بەهجەت ڕەشید، نەژاد عەبدە، حاتەم سەعید، هادی عەنبەر، ئومید مەدحەت مبارەک، سەردار ڕەمزی، ساجد ڕەفیق، محەمەد فەرەج، قادر کوردی، شەوکەت ڕەشید، نووری بەدوی و لەگەڵ دەنگ خۆشەکانیش وەک: ڕەشۆڵ، محەمەد صالح دیلان، حەمەی بەکر، باکووری، شەماڵ صائب، قادر حاجی حوسێن، عەلی مەردان، سێوە، ئیبراهیم محەمەد، ڕەفیق چالاک، عومەر ڕەزا، حەمەی ماملێ، فەرەج حاجی ڕەشید، عوسمان صابونچی، خەلیلی صدیقی و بەختیار عەبدوڕەحمان.

ئەم تیپە ساڵی ١٩٥٧ بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕێگای پێکهاتن و ئیشکردنی درا هەر بەناوەکەی خۆیەوە. ئەم تیپە دەورێکی هێجگار بەپیت و پڕ بەروبوومی لە پێگەیاندن و خەملاندنی هونەری ساز و ئاوازی کوردیدا هەیە و تا (نەورۆز)ی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووە.

تیپی مۆسیقای سلێمانی:

لە ساڵەکانی ١٩٦٢– ١٩٦٣ ئەنوەر قەرەداغی و محەمەد حوسێن و فرنسیس و داود و خالد سەرکار هاتنە تیپی مۆسیقای مامۆستایان و دەتوانرێ بووترێ تیپی مۆسیقای مامۆستایان هاندەر و هۆیەک بوو بۆ دروستبوونی تیپی مۆسیقای سلێمانی، بەوەدا کە ئەندامە چالاکەکانی ئەم قوتابخانەیە و زانستگای هونەرە جوانەکان هەوڵیان یەکانگیر بوو ئەو تیپە

پێکهات و له ساڵی ١٩٦٧دا تیپی مۆسیقای سلێمانی بەتەواوەتی هاتە ئاراوە، له ساڵی ١٩٧٠دا وەک تیپێکی سەربەخۆ کەوتووەتە چالاکی نواندن بەشێوەیەکی رێکوپێک و له ساڵی ١٩٧٣دا میری بەشێوەیەکی رەسمی رێی دامەزراندنی داوە.

ئەو هونەرمەندانەی ئەم تیپەیان دامەزراند: ئەنوەر قەرەداغی، ولیەم یوحنا، محەمەد حوسێن، فەرەیدون دارتاش، فەرید عیسا، فرنسیس داود، هەروەها ئەم هونەرمەندانەش دەورێکی باڵایان لەو تیپەدا گێڕاوە: سەلاح رەؤوف، عوسمان محەمەد، ئەسعەد قەرەداغی، حوسێن قەرەداغی، جەمال شادان، جەمال کابان، عومەر سەرکار. ئەم گۆرانیبێژانەی لەگەڵ ئەو تیپەدا گۆرانییان تووە: ئیبراهیم محەمەد، تۆفیق عەلی، ئەسعەد قەرەداغی، حەسەن گەرمیانی، کاژاو شەوکەت، عەبدولقادر حەسەن، کەریم کابان، عەباس محەمەد و گەلێکی تر.

– ساڵی ١٩٦٩ تیپی مۆسیقای سەر بە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لقی سلێمانی دامەزرا، کە گەلێک بەرهەمی چاک و پاکیان، چ لەسەر شانۆدا چ له ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا پێشکێش کردووە. له ئەندامەکانی ئەم تیپە: شەوکەت ڕەشید، نامدار قەرەداغی، سەلاح ڕەشید، عەلی حەمە رەزا، حەمە سەعید عەبدوڵلا، شێرکۆ عادل، هوشیار کەمال و گۆرانیبێژەکانی ئەم تیپە: محەمەد نێرگز، عوسمان عەلی، سەلاح مەجید و هەندێکی تر بوون.

– ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن قوتابیانی زانکۆی سلێمانی بە رابەری ئەنوەر قەرەداغی تیپی مۆسیقای زانکۆ دامەزراوە.

– ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ له زانکۆی سلێمانی بەسەرپەرشتی ولیەم یوحنا تیپی مۆسیقای (زێڕین) و (زیوین) دامەزراوە.

– له ساڵی ١٩٧٥دا له قوتابخانەی ئامادەیی کچان تیپێکی مۆسیقای ئافرەت دامەزراوە.

– له ساڵی ١٩٧٦دا تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی لقێکی تری لێ بووەتەوە بەناوی (تیپی مۆسیقای میللی)یەوە.

– تیپی مۆسیقای مەولەوی:

ساڵی ١٩٦٧بەشی زۆری ئەو هونەرمەندانەی تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی سلێمانی بوون، جیابوونەوە و تیپی مۆسیقای مەولەوییان پێکهێنا، لە مۆسیقازانەکان: نامدار قەرەداغی، عەلی حەمە رەزا، حەمە سەعید عەبدوڵڵا، سامی سلێمان، کاوە قادر، حەسەن ئەحمەد خدر، لە گۆرانیبێژەکان: محەمەد نێرگز، سەلاح مەجید و ئەحمەد شووشەچی بوون.

– ساڵی ١٩٧٧ لە (قوتابخانەی بێخودی سەرەتایی کوڕان) تیپێکی قوتابخانە پێک هاتووە، بە هاندان و هەوڵی هونەرمەندان: نامدار عومەر قەرەداغی، حەمە سەعید عەبدوڵڵا، کاوە قادر، لە قوتابییەکانیش: ئاری عارف، ئاری ئیبراهیم، ئاری عەبدولواحید، ئالان عارف، دارا عەبدوڵڵا، کارزان قادر، کارزان عومەر، کاروان قادر و چەند کەسێکی تری تێدابوو.

بێجگە لەوانەی باسمان کردن گەلێک تیپی مۆسیقای تر بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٨٠ هاتنە ئاراوە وەک: تیپی مۆسیقای خانەی مامۆستایان، تیپی مۆسیقای مەولەوی، تیپی مۆسیقای بابان، تیپی مۆسیقای هاوناز، تیپی مۆسیقای کانی، تیپی مۆسیقای شیلان، تیپی مۆسیقای میللی سۆران، تیپی مۆسیقای سارا، تیپی مۆسیقای ژووان، تیپی مۆسیقای سۆز و تیپی مۆسیقای مەهاباد...

**شانۆ و جووڵانەوەی شانۆگەری لە سلێمانی**

شانۆ و شانۆگەری لە سلێمانیدا لەگەڵ جووڵانەوە هونەرییەکانی تردا لە عێراقدا دەستی پێکرد، هەرچەندە لە سەردەمی مێجەرسۆندا لە سەیرانەکەی کە باسمان کرد، و لە سەیرانی قەسابەکاندا کە دوای ئەوەبوو،

هەندێک نمایش و لاساییکردنەوەیان تێدا پێشکێش کرا، ئەوە بە سەرەتای شانۆ زیاتر دادەنرێت لە سلێمانیدا، بەڵام شانۆیەکی لەوەپێش ئامادەکراو بەرەو ڕێکوپێک چوون لەدواییدا لە قوتابخانەکانەوە دەستی پێکرد.

ئەو قوتابیانەی لە بەغدا دەیانخوێند، گە دەگەڕانەوە سلێمانی، چییان ئەدی و چی فێر دەبوون لەگەڵ خۆیان دەیانهێنایەوە وەک مامۆستا (فؤاد رەشید)، هەروەها ئەو تیپە شانۆییانەی دەهاتنە سلێمانی ئەوانیش دەستێکی بالآیان هەبوو لە چەسپاندنی شانۆگەریدا[٦٥].

پێشترین شانۆگەری لە کوردستاندا ئەوە بوو کە ساڵی ١٩٢٥/١٩٢٦ لە سلێمانی بەناوی (عیلم و جەهل)ەوە لەلایەن قوتابیانی زانستییەوە پێشکێش کرا کە ئەمیش لە شانۆگەرییەکی عەرەبییەوە (لولا المحامی) وەرگیراوە. بەڵام پێشترین شانۆگەری (کوردی) ساڵی ١٩٣٢ بەناوی (خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری)یەوە کە نووسینی مامۆستا (أ.ب. هەوری- ئەبوبەکر شێخ جەلال) بوو، دوا ئەوەش لە ساڵی ١٩٣٥دا قوتابخانەی زانستی شانۆگەری (مەم و زین)ی پێشکێش کرد[٦٦].

---

٦٥. لەم ڕووەوە زۆر سوود لە نووسینەکەی مامۆستا (کاوە ئەحمەد میرزا) وەرگیراوە کە لە کۆواری کاروانی ژمارە (١٨) ئازاری ٩٨٤دا بە عەرەبی بڵاوی کردەوە (دراسة عن الحركة المسرحية في مدينة السلمانية).

٦٦. ساڵی ١٩٣٥ دوو شانۆگەری پێشکێش کرا. یەکەمیان (سەربازی ئازا) یاخۆ (الجندي الباسل) لە جەژنی ئەو ساڵەدا لەلایەن قوتابیانی زانستی و مامۆستاکانیانەوە کە بریتی بوون لە شاکیر سەید حەکیم، عەبدولواحید نوری، شێخ جەلال، جەلال ئەفەندی، جەمال مەجید، ئەحمەد حەسەن، فەهمی و محەمەد تۆفیق قەفتان، ڕەشید کەریم، رەمزی قەزاز، فایق مەحموود، تاهیر یەحیا بەگ، یەعقوب ئەفەنی، فەوزی ئەفەنی، حامید فەرەج، محەمەد ئەدیب. لەم شانۆگەرییەدا پیاو دەوری ئافرەتی دیوە، داواش لە ئافرەت کراوە بێتە سەر شانۆ، نواندنی ئەکتەرەکان ڕێکوپێک و جلوبەرگیشیان گونجاوە دووەمیان: شانۆگەریی مەم و زین کە لە (مەم و زین)ەکەی ئەحمەدی خانییەوە وەرگیراوە، ئەوەی کە پیرەمێرد ساڵی ١٩٣٤ بە کتێبێکی (٢٢) لاپەڕەیی لە =

### سەیرانی قەسابەکانی سلێمانی[٦٧]

ڕۆژی دوو شەمە ١٩٢٨/٥/٧ قەسابەکان تەرتیبێکی ئیدارییان لەناو خۆیانا تەدبیر کرد بۆ ڕەئیسی ئیدارەی ئەم سەیرانە (فەرەج کوردی)یان لەناو خۆیانا تەعیین کرد. بە جۆرێکی منتەظەم ئەسبابی زەوق و (حوشتری لۆکە) و ئینسان لە شکڵی (بزن)دا و چەند کەسێک لە (شکلی مەیمون)دا، چەند کەسێک (دەهۆڵ و زوڕنا)یان أحضار و ترتیب کرد. حەرەکەتیان کرد بۆ (سەرچنار) لەوێدا دوانزە خێوەتیان هەڵدابوو، سەیرانەکە تا پێنج شەمە دەوامی کرد. ڕەئیس و سەیرانکەران باخصوصی جەنابی سەعیدی خەلیفە کەریم و حەمەی عەزیز کە موحیبی عیلم و عرفانن بۆ ئەوەی خزمەتێکی مەعاریف بکەن لەناو خۆیانا، لەوانەی ئیتاعەی (ڕەئیس)یان نە دەکرد،

---

=چاپخانەی ژین لە چاپی دا کە بریتی بوو لە چیرۆکی (مەم و زین) خۆی کە داستانێکە بە شیعر و پەخشان دایڕشتووە و لە شەش پەردەدا هۆنیویەتەوە. ئەم چیرۆکە لە ئۆتێلەکەی حاجی برایم ئاغای سەرا لە شەوانی جەژنی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا بۆ ماوەی چوار شەو لەلایەن قوتابیانی زانستییەوە پێشکێش کراوە. ئەکتەرەکانی بریتی بوون لە (مەجید فەتاح ئوتوچی – مەم، شێخ نووری شێخ جەلال – زین، حاجی باقی نانەوا – بەنگینە کە هەر لەمەوە ئەم ناوەی بەسەرا بڕا، بەکر عەلی کەوکشدروو – بەکر مەرگەوەڕ، غەفووری بەکری میسری – میر زەینەدین، کەریمی حاجی ئەوڕەحمان – سورخاب شا، عومەری سەعید بانەیی– کەنیزەک، عەباس قادر و حەسەنی شێخ حەمە مارف– کۆمبارس. مەجید ئوتوچی هەر خۆشی کاری دەرهێنانی گرتووەتە ئەستۆ، لێرەدا پیرەمێرد لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی ژیاندا دەڵێت: بە تەرەفدارییی ناڵێین، بە چاوێکی تەدقیق و تەنقید روانیومانە، دەتوانین بڵێین هێشتا تەمسیلی وا لێرەدا نەکراوە، نەخوازەڵا مەوزووع مەم و زین بوو کە لە مناڵییەوە گوێمان پێی ڕاهاتبوو، خوا قەهە خەڵکیش بە دڵ و گیان دەهاتن پارەیان دەدا... سەیری گۆڤاری کاروان ژمارە (٤٩) لە سلێمانی بە قەڵەمی مامۆستا یاسین قادر بەرزنجی بکە.

٦٧. ڕۆژنامەی ژیان ژمارە (١١٤) مانگی مایس ١٩٢٨ چۆن نووسراوە ئێمە بەبێ دەستکاری لێرەدا نووسیومانەتەوە.

مـوەقـەت حـەپسـیـان ئەکـردن و جـەزایان لێ ئەسـەندن بۆ تـەمـیـیـە، بۆ قوتابخانەی زانستی کە بەشەو ئەخوێنن سەد و حەفتا روپیەیان کۆکردەوە، تەسلیمی هەیئەی ئەو مەکتەبەیان کرد.

- لە بەینی ساڵەکانی ١٩٣٧- ١٩٣٨ گەلێک شانۆگەری پێشکێش کرا، دوای ئەوە بازاڕی شانۆ کەساس بوو بەتایبەتی لە ساڵەکانی شەڕی گەورەی دووەمدا (١٩٣٩- ١٩٤٥). دوای کۆتایی شەڕ شانۆ وردە وردە بووژایەوە، ساڵی ١٩٤٦ دوو شانۆگەریی پێشکێش کرا (لە ڕێی نیشتمانا کە لە فەرەنسییەوە وەرگیراوە) و (گوڵی خوێناوی - گۆران). ساڵی ١٩٤٨ (کەرەلۆتی مەنووچەر- تێکۆشانی رەنجبەران) نووسینی ئیبراهیم ئەحمەد و ئامادەکردنی ئەحمەد غەفوور کە بە بۆنەی ڕاپەڕینەکە ساڵی ١٩٤٨وە پێشکێش کرا. لە بەینی ٩٤٨ - ٩٥٢ بەهۆی بارودۆخی ڕامیاری ئەو ڕۆژانەوە هیچ نەکرا، بەڵام دوای ڕاپەڕینەکەی ٩٥٢ شانۆگەری (کلۆڵەکان- البؤساء)ی فکتۆر هۆگر پێشکێش کرا.

- ساڵی ١٩٥٧ (کۆمەڵی هونەرە جوانەکان) پێک هات، شانۆ لە دیواری قوتابخانەکان هاتە دەرەوە و شوێنی خۆی دۆزییەوە، واتا دروستکردنی ئەم کۆمەڵە لە خودی خۆیدا سەرەتای چەسپاندنی جووڵانەوەی شانۆگەری بوو، بەڵام لەبەر بارودۆخی ڕامیاری ئەو سەردەمە و لەبەر دەست نەکەوتنی کادیری تەواو و هەندێک هۆی تر ئەگەر ئەم کۆمەڵە ئەرکی سەرشانی نەتوانیبێت بەتەواوەتی جێبەجێ بکات، ئەوە وا ناگەیەنێت کە ئیشی نەکردووە، بەڵکو نووسەری شانۆی پێگەیاند و هانی ئافرەتی دا کە ڕوو بکاتە شانۆ و چەند تیپێکی پێگەیاند وەک تیپی (شۆڕش) و تیپی (خەبات) بەڵام دوای شۆڕشی ١٩٥٨ و تا ساڵی ٩٦٣ کە ئەم کۆمەڵەیە داخرا، هیچ جووڵانەوەیەکی ئەوتۆ نەبوو کە شایانی باس بێت.

لە ڕۆژی ٩٦٩/٢/٤دا تیپی نواندنی سلێمانی و لە ڕۆژی ٩٦٩/١٢/٣١دا

کـۆمــەڵی هـونەر و وێژەی کـوردی و لـە ١٢/٧/٩٨٣دا تیــپی پێــشــڕەوی شانۆگەریی پێکهات.

جـا وەک مـامـۆسـتـا کـاوەی ئەحـمــەد مـیـرزا دەڵێت: هەرچەندە شــانۆ نەگەیشـتـە ڕادەی شانۆگەری عـێراق بەشـێوەیەکی گشتی، بەڵام کـۆمـەڵە شـانۆگەرییـەکان دەوری خـۆیان لە نوێکردنەوە و پەرەپێدان و لە دەرهێنان و تـەکنیکدا بینـی، جگـە لـە پەرەســـەندنـی (ڕۆشنـایـی- أنـارە) و (دیکـۆر) و (خۆڕازندنەوە- ماکیاج).

- دوای سـاڵی ١٩٦٩ شـانۆ شـەقـاوێکی تری بۆ پێـشـەوە نا، بەوەدا کـە کـادیری هونەرمـەند و گـەنج هاتە کـایەوە و تیـپی شـانۆگـەری و دەزگـای ڕۆشنبیری زیادی کرد.

- بـەڵام لە نـاوەڕاســـتی ١٩٧٥ بـەم لاوە جـــووڵانەوەی شــــانـۆگــەریـی بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرەو پێشـەوە ڕۆیشت و ڕۆڵی خۆی وەرگرت بەجۆرێک دەتوانرێ نـاوی بنرێ (شــانـۆگــەری ڕاسـت- المســرح الجــاد) هـەروەهـا جـەمـاوەری شـانۆ و بینەر زیادی کـرد و نووســەری خـۆیی هاتنە کـایەوە و نواندنی هـەر شـانۆگـەرییـەک مـانگێک یاخۆ زیاتری دەکێـشـا و ڕۆژنامـە و کۆواریش هـەنگاوی خۆیان بەرەو رەخنەی دڵسۆزانە... دەنا.

### تیپەکان و کۆمەڵە ڕێگا پێدراوەکان

١- تیپی نواندنی سلێـمـانی (فـرقة السليمـانيـة للتـمـثيل) لە ٤/٢/٩٦٩دا پێکهات.

٢- کۆمـەڵی هونەر و وێژەی کوردی (لەوەپێش)، کۆمـەڵی هونەرە جوانەکان (لە دواییدا) لە ٣١/١٢/٩٦٩ دامەزرا.

٣- تیپی پێشڕەو لە ٢١/٧/٩٧٣ دامەزرا[٦٨].

---

٦٨. کاوە ئەحمەد میرزا - سەرچاوەی پێشووتر.

ئەمانە تیپەکانی ناو خەڵک بوون. بەڵام تیپەکانی دەزگا هەمەجۆرەکان ئەمانە بوون:

١- تیپە شانۆییەکانی قوتابخانەکانی سەر بە (پەروەردە - تربیە)ی پارێزگای سلێمانی.

٢- تیپی ڕۆشنبیریی جەماوەر (فرقة الثقافة الجماهیریة).

٣- تیپی یەکەتی نەقابەی کرێکاران (ئیشیان هەر لە تەلەفزیۆندا بوو).

٤- تیپی (زانکۆ- سەر بە زانکۆی پێشووی سلێمانی).

٥- تیپی مەڵبەندی گەنجان (فرقة مرکز الشباب).

- لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٥٨ (١٩) شانۆگەریی پێشکێش کراوە.

لە ساڵی ١٩٥٩یشەوە تا ساڵی ١٩٦٩ ئەم ژمارانە پێشکێش کراون:

١- لەلایەن تیپی (شۆڕش)ەوە پێنج شانۆگەری.

٢- لەلایەن تیپی (خەبات)ەوە چوار.

٣- لەلایەن تیپی قوتابخانەوە دووان.

- لە ساڵی ١٩٦٩وە تا ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن تیپە ڕێگاپێدراوەکانەوە (٥٣) شانۆگەری لە سلێمانیدا پێشکێش کراوە، لەوانە (٩) دانەیان زیاتر لە جارێک پیشاندراون و (١٩) یان بە بۆنەی (مناسبات)ەوە پیشاندراون و (١٥) شانۆگەریش لەلایەن تیپەکانی دەزگاکانەوە نوێنراون.

- نووسەرانی شانۆگەری لە سلێمانی: ئەبوبەکر هەوری، ئەحمەد سالار، ئەحمەد دەنگ گەورە، ئەمین میرزا کەریم، تەها بابان، جەمال بابان، حسێن عارف، سمکۆ ناکام، شێرکۆ بێکەس، عومەر عەلی ئەمین، عەلی توانا، عیزەت ئەحمەد، فەتاح کەریم، کەمال دڵشاد، کەمال هەنجیرە، کاوس زەنگەنە، مەکی عەبدوڵڵا، محەمەد سدیق مەحمود و چەند کەسێکی تر[٦٩].

٦٩. سەرچاوەی پێشوو، ئەم ناوانە تا ساڵی ١٩٨٤ هاتوون. لەوە پێشتریش: ئیبراهیم ئەحمەد، عەبدوڵڵا گۆران، شێخ سەلام (بەشیعر)، ڕەفیق چالاک و چەند مامۆستایەکی تر.

– دەرهێنەرەکان (مخرج)ی شانۆگەری لە سلێمانی ئەحمەد سالار، ئەحمەد دەنگ گەورە، ئیسماعیل بەرزنجی، ئازاد حەمە بچکۆل، بورهان مەسرەف، تەها خەلیل، جەلیل زەنگەنە، جهاد دلْپاک، حەسەن تەنیا، رزگار کەریم، سمکۆ عەزیز، سەلاح چاوشین، شەماڵ عەبدوڵڵا رەش، شەفیق محەمەد، عومەر عەلی ئەمین، عەبدول حەمەجوان، عوسمان چێوار، عومەر دلْپاک، فاضل جاف، فەتاح کەریم، فاضل قەساب، کەمال هەنجیرە، کەریم عوسمان، کەمال سابیر، کامەران رەؤوف، ماهیر ڕەشید حەسەن، محەمەد فەرەج، مەجید ئوتوچی، نەوزاد مەجید.

## نەشید و گۆرانی قوتابخانەکان

### (نشید) و گۆرانی کۆن[٧٠] – لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا

ئەم سروودانە زیاتر لە قوتابخانەکاندا لەلایەن قوتابیانەوە لە سەردەمی شێخ مەحموودەوە دەستی پێ کرد، کە هەموو رێکخراو و شیعری مامۆستا نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکانمانن وەک: زێوەر، پیرەمێرد، رەفیق حیلمی، بێکەس... ئەمانە هەندێکیانن، کە ئەوسا (شەرقی)یشیان پێ دەوتن:

**– پیرەمەگروون: زێوەر، وەزنی (بزبرنجی الابدنز– تورکی)**[٧١]

پیرەمەگروون موقەدەسی، دۆستی دایمی کوردی
بەم مەنزەرەی شیرینەوە، دافیعی سەد نەوع دەردی
قامەتی بەرزی تۆ، دامەنی سەوزی تۆ
نیشانە و رەمزی تۆ، باعیسە لە بۆ نەهێشتنی میحەن
فەصڵی زستان، بەرگی سپی، ئەپۆشی و چوویتە عاسمان

٧٠. ئەمانە هەموو لە کتێبی: گۆرانی (کوردی و مەریوانی)، چاپخانەی أیتام، بەغدا، ١٩٣٢، وەرگیراون.

٧١. لە کۆندا ئاوازی ئەو سروودانە لەسەر سروودی تورکی دوای ئەوە عەرەبی دادەنران.

سەیری هەموو دنیا دەکەی، تۆی شاهنشای شاخەکان
کۆمەڵی گەوهەری، هەیکەلی زەفەری
لابەری کەدەری، باعیسە لە بۆ پێشکەوتنی وەتەن
چونکە دۆستی ئەجدادمانی نووری چاوی کوردانی
بەردت هەموو، دانەی گەوهەر لائقی فەخر و شانی

**– قامەتی... تانجەرۆ: بێکەس، وەزنی (مارشی تایبەتی)**

ئەی تانجەرۆ، کەوسەری هەموو خاکی کوردستانی خۆمانی
بەر ئاوی تۆ سەر بە رزق و خێر، پڕ دەغڵ و دانی زۆر جوانی
تەوسیفی تۆ قەت نایەتە تەحریر و نووسین
هێندە پڕ فائیدەی جوانی، باعیسی فەخری کوردانی
خوڕەی ئاوەکەی تۆ، هەموو غەمێک لە دڵ ئەبا
سەوزایی دەوری تۆ، عالەمێک پڕ سروور ئەکا
مەنزەرەی تەبیعی، هەمتای بەهەشتی فیردەوس ئەکا

**– کوردین ئێمە: رەفیق حیلمی. وەزنی (برگیزلی سس).**

کوردین ئێمە زۆر بێ پەروابن بە شەڕە گوللە ئاشناین
قەومە سستی بەسە، نەماین رۆحی سەلاحەددین شادکەین
مردن بۆ کورد نووستنە سستی وەتەن نەویستنە
ئەمرۆ رۆژی جەم بەستنە با دوژمنمان بەربادکەین
ئەجدادمان غەزنەفەر بوون ئەلحەق هەموو، شێری نەڕ بوون
بەبێ شوبهە جەنگاوەر بوون ئێمەش جارجار ئەوان یادکەین

**– ئەی وەتەن: زێوەر، وەزنی (نحن لم نخلق)**

ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی رۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نیشات و باعیسی ژینی منی

نقرات: پێشکەوە، پێشکەوە، تۆ پێشکەوە
بۆ پێشەوە، ئەی کوردی ئازا
بێتو گەر من کۆهکەن بم، وەصڵی شیرینم ببێ
تیشەیی نادەم لە بەردی، تۆی کە شیرینی منی
(نقرات)
گەرچی ئەرزی، هەند بڵندی، وەختە لای من بچیە عەرش
واسطەی سەربەستی و جێگایی.. ئایینی منی
(نقرات)
افتخار میللەتی، تۆی مادەرێکی میهرەبان
خوا هیلالیشی بە تۆ دا، ماهـ و پەروینی منی
(نقرات)
نەوبەهاران بەو هەوای زۆر سافەوە وەک جەننەتی
فەسڵی زستانیش سەراسەر، باغی نەسرینی منی
(نقرات)
بۆچی نەقدی جیسم و جانی خۆم بە شاباشت نەکەم
خاکراهی حکمرانی عز و تەمکینی منی
(نقرات)
ئارەزوو فکری سیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن
تۆ لە جێگای قاهیرە و تاران و بەرلینی منی
(نقرات)

**– ئەی کوردینە: زێوەر، وەزنی (انقرەنک راشنەباق)**

ئەی کوردینە، ئەی مەردینە، بادەس لەناو دەس کەین هەموو
بۆ بەرزیەتی خاکی وەتەن بۆ اتحاد بچین هەموو

بێ کەس نییە دایکی وەتەن، ئێمە فیداکاری ئەوین
تاکورد لە عالەم دەرکەوێ بۆ یەکیەتی بچین هەموو، کوردین هەموو
ئەجدادمان، شێری زەمان حوڕ بوون و سەربەستی جهان
باکمان نییە ئێمەش لە کەس بۆ یەکیەتی بچین هەموو، کوردین هەموو

**– شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە: بێکەس. (وەزنی ئەی وطن)**

شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە، باعیسی کەیف و سروور
هەردەمەی بەرگێ ئەپۆشی، گاه سپی گاه سەوز و سوور
وەسفی قەومی کورد ئەکەی تۆ، بەم هەموو ڕەنگانەوە
ڕەنگی سوورت شاهیدە بۆ کورد کە قەومێکن جەسوور
بەرگی بێ گەرد و سپیشت ظاهیرا هاوار ئەکات
قەومی کورد دڵ صاف و پاکن، میللەتێکن بێ قسوور
بەرگی سەوزیشت ئەڵێ، ئەم خاکە هەر شینایییە
پڕ لە دەغڵ و دان و کانی سەر بەرزق و پڕ لە نوور
ئەی وەتەن، شایانی فەخری، واجیبە مەدحت بکەم
دار و بەردت، چەشنی گەوهەر، خاک و خۆڵت وەک بلوور

**– هێند شیرینە لام: زێوەر. وەزنی (مارشی خدێوی میسر)**

هێند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم
بەفیدای ئەکەم سەر و گیان و بەدەنم
خاکی وەتەنم، گشتی زیو و زەڕە
بەردی وەک گەوهەرە ئاوی چەشنی کەوسەرە
فەرزە بۆ وەتەنمان جان فیدا کردن
لە ڕێی ئەم خاکەدا، بە کۆمەڵ مردن
دەسا کوردینە، بەسیە ئەم حاڵەتە
بۆ تەرەقی قەومی کورد، ئێستە ڕۆژی هیمەتە

**– وا وەتەن. زێوەر. وەزنی (ئەی وطن)**

وا وەتەن خەملیوەوە، گوڵ نەوبەهاری میللەتە
شادمانی قەومی کوردە، وەختی لوتف و رەحمەتە
میللەتی کورد، موڵکی سەربەستی خستە دەستی خۆی
جان نەساری گەرنەکا هەرکەس بەشی ئەو لەعنەتە
زەڕڕەیە خاکی وەتەن، نادەم بە قەسری قەیسەری
جوملە انهاری وەکو کەوسەر، هەوای وەک جەننەتە

**– فەخرە بۆ ئێمە کوردستان: زێوەر. وەزنی (بیلادی اتباها)**

فـەخـرە بۆ ئێـمـە کوردسـتـان
شاخ و دەشتی وەک گوڵستان
مـەعـدەنە بۆ عـیلم و عـیـرفـان
بێشـەیە بۆ شـێـر و مـەردان
نقرات:
جـان نـثـارین، فـیـداکـارین،
بـەچـەشــــێـــــری وەتـەنـین
ئێــمــــە شـــورای وەتـەنمانـین
قـــەڵای وەتـەن و دینـمـــانـین
هەمــوو کـوردین، یـەک زوبانین
ســـەنگەری ڕووی دوژمـنانـین
(نقرات)

**– ئەرێ کوردی فەقیری بێ کەس: زێوەر. وەزنی (بنی وطنی بنی اعدا)**

ئەرێ کــوردی فـەقـیـری بێ کـەس و غـەم
هەتاکــەی ئەم ســەمی جــەهلە ئەنۆشن

بـرایـینـه لـه خـــــــەو هـەڵسـن بـەیـانـە
زەمــــانی هـەوڵـی عـــیلـم و حـــورِ ژیـانـە
هـەمـــوو قـــەومـێ بە دایم تـێ ئـەکـــۆشـن
لـە ڕێگـای عـــیلـم و فـــەندا دڵ بـەجـــۆشـن
(نقرات)
هـەمـــوو یـەک دڵ لە بۆ پـێـشکەوتنی کـورد
هـەوڵ ئـەدەین تا بگـەینە قـەسـدی خـۆمـان
برایینـە ئـەگـــەر زۆر بـاش نـەخـــوێـنین
لـەژێر بـاری جــــەهـالـەتدا ئـەمـــــێنین
(نقرات)

**- وەتەنی من کوردستانە: زێوەر. وەزنی (مارشی یونە)**

وەتـەنی مـن کـــوردســـتـــانـە
یـادگـــاری ئـەجــــدامــــانـە
بەهـەشـتی ڕوویی ســەرزەمین
خــاکی پاکی کــوردســتــانـە
با هـەمـــوومـــان، وەک برا بین
رەفـــیـــقی دین و دنیـــا بـین
بـا لە وەحـــشـــەت تـەوەللا بـین
نۆبـەتی عــیلم و غــیــرفــانە
کــورد مـــیللەتێکی نـاســراوە
لـە مـــەعـــاریف بـەجێ مـــاوە
ڕۆژی ســـەعی و تێکۆشـــینـە
بۆ ئـەو کـەســەی کـورد زوبـانە

کــورد مــیللەتێکی قــەدیمە
ســاحــیــبی تەبعی ســەلیــمــە
شـــاهـێـــدی ئەم ئیـــدیعـــایە
ســـەلاحـــەدینی ســـوڵتـــانە

**– بلبل: زێوەر. وەزنی (سمعت شعرا للعندلیب)**

بلبل بە نەغـمـەی دڵکێـشی و خـۆشی
گــوڵزاری پڕ کــرد، دەنگ و خــرۆشی
بانگی کرد خەڵقە سەربەست خوڵقاوم
لەم باغ و دەشـــتـــە ڕووناکـــە چاوم
بە شەوق و خۆشی لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ
بە هـەوەس ئەچم لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
لەناو درەخـــتـــا، ئەکـــەم هێـــلانە
ســـەرم ســێــبــەرە، فــەرشم گــوڵانە
کـــە بایی ســـەحـــەر ئەشنێـــتـــەوە
لقی گـــــوڵەکـــــان، ئەلەرێتـــــەوە
چەندم پێ خــۆشــە، نەغـمــەی ئازادی
بۆخــۆم ئەخــوێنم بە شــەوق و شــادی

**– کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە: پیرەمێرد. وەزنی (اطەلر ساحلندە بکلیورم)**

کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە
چەندە مــەڵبەندی ئێمە شیــرینە
بچــۆ ســەر گــردی یارە، ببــینە
لە جــیــهــاندا، گــوڵێکی ڕەنگینە

ئەو دەمــەی خــۆر، ئەگــاتــە ئێــوارە
ڕووبکــەرە، شـــاخی گــۆیژە بنوارە
عـــەرشی پــەروەردگـــاری لێ دیــارە
دامـــەنی وەک بــەهــەشـــتی، ئاودارە
زەمـــزەمـــەی بولبـــولی بــەهارانــی
وردە بـــارانــــی ژێـــر دەوارانـــــی
نەشـــئـــەیی بەزمـی ســـەرچنـارانی
وشکە ســـۆفی دەخـــاتـە گــۆرانی

دوا قســـەمـان دەڵێین: ئەی ئـافـەرین بۆ مـەلایەکی ئاینیی وەک زێوەر (لەگەڵ هەمـوو ڕێـز و بەرز پیـاڕوانـینمـاندا بـۆ شـاعـیـرەکـانی تریش) کـە ئەوەندە کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بێت، کە زۆری ئەو سروودانە شیعری ئەون.

## جێماوی دێرین

### جێماوی دێرین لە ناوچەی سلێمانی و لە شاری سلێمانیدا

– گـردەکـەی نـاو شـاری چەمـچـەمـاڵ، کـە لە سـەردەمی بابلیـیـەکـان و ئاشـوورییـەکاندا مـەڵبـەندێکی کارگێڕی بوو، خشـتێکی گەورەی لە قوڕ تیا دۆزراوەتەوە کـە لـە نووسـینـەکـەی ڕووەکـەیدا وا پیـشـان دەدا مـێـژووی دەگـەڕێتـەوە بۆ دوو هەزار سـاڵ پێش عـیسـا، هـەندێک لە شـارەزایان لەو بڕوایەدان کە ڕەنگ هەیە پاشماوەی شاری (دروتالیتی) ئاشوورییەکان بێت، کـە لە هێـرشـەکـەی ئاشـوور ناسـرپالی دووەمی ئاشـوورییـەکـان (سـەدەی نۆهەمـی پێش عـیـسـا) بۆ سـەر وڵاتی (زامـۆ– ناوچەی سلێـمـانی)دا ناوی هـاتووە[٧٢].

٧٢. المرشد الي مواطن الاثار والحضارة، طه با لقر وفؤاد سفر، المرحلة الرابعة، لاپەڕە (١٤).

– بەردە بەلکە: بەردێکی گەورەیە چوار کیلۆمەترەیەک لە چەمچەماڵەوە دوورە. دەزگـای شـوێنەواری کـۆن سـاڵی ١٩٤٩ گـەلێک شـتی لە بەرد دروسـتکراو، لە شـێـوەی پاچدا لە دەوری ئەم بەردەدا دۆزییـەوە، کـە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرد واتە پێش سەد هەزار ساڵ[٧٣].

– قەلا چەرمو: دەکەوێتە دووری دە کلیـۆمەتر بە دەستـە ڕاسـتی ڕێگای چەمچەماڵ بۆ سلێمانی، هەندێک لە پسپۆڕانی زانکۆی (شیکاغۆ) لە ساڵەکانی ٩٤٨، ٩٥٠، ٩٥١، ٩٥٤، ٩٥٥ ئیشیان تیا کرد، شوێنی دێیەکی کۆنیان تیا دۆزییەوە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ دە هەزار ساڵ لەمەوپێش، بۆ ئەو کاتەی مرۆ تازە دەستی دابووە کشتوکاڵکاری و ئاژەڵ ڕاگرتن، بەوەدا کە پاشماوەی هەندێ دانەوێڵە و ئێسکی ئاژەڵ دۆزراونەتەوە[٧٤].

– دەربەندی بازیان: یەکێکە لە دەربەندەکانی زنجیرە شاخی قەرەداغ، لە دەربەندەکەدا وێرانەی دیوارێک بەڕووەوەیە، کە ئەوڕەحمان پاشـای بابان ساڵی ١٨٠٥ دروستی کردووە، لە هەوڵدانێکی بۆ سەربەخۆیی ناوچەکە دژی سلێمان پاشای بچووک والی بەغدا بەلام سەرنەکەوت. لەوە دوا کە (ریچ) سـاڵی ١٨٢٠ هاتە سلێمانی، باسی بوونی (خان)ێک و بیری ئاو هەر لەو شوێنەدا دەکات[٧٥].

ئەم دەربەندەیە کە لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا (بابێت- بابێتا) و لە سەردەمی عوسمانییەکاندا (دمیرە قاپو- قاپی ئاسن)یان پێ دەوت. وا دیارە ئەو ڕۆژە دەربەندەکە قاپی هەبووە و پیاوی بابانەکانی لەسەر بووە و وەک دایرەیەکی ڕێژیشی لێ بووبێت.

---

٧٣. المرشد الي مواطن الاثار والحضارة، طه با لقر وفؤاد سفر، المرحلة الرابعة، لاپەڕە (١٤).

٧٤ و ٧٥. سەرچاوەی پێشوو ل١٦. ئێستا ئەو شوێنەوارانە هیچیان نەماون بەتایبەتی دوای دەست لێدانی ڕێگای کەرکووک- سلێمانی و پانکردنی.

– بەردە قارەمان: بەردێکی گەورەیە لای دەستە ڕاستی ئەو کەسەی بەڕێگای ئۆتۆمۆبیلدا لە کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی دەڕوات. لە قاپی دەربەندەکەوە (١–٢) کیلۆمەتر دوورە. ئەو بەردەیە کە شێخ مەحموود لە شەڕەکەیا دژی ئینگلیز خۆی لە پەنایا لە ڕۆژی ١٩١٩/٦/١٨دا شاردەوە، تا ناسرایەوە و گیرا و ڕەوانەی بەغدا کرا و لەوێ درا بە دادگای عورفی عەسکەری بۆ موحاکەمەکردنی کە ئەمە لە جێگایەکی تری ئەم کتێبەدا دوور و درێژ باس کراوە.

ئەم بەردە تا ئێستاش نیشانەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردە بەرامبەر بە ئینگلیزی داگیرکەر.

– گردی گۆپاڵە: دوای دەربەند بە دوو کیلۆمەتر و نیو بەرەو سلێمانی گردی گۆپەڵە دەکەوێتە دەستە چەپی ڕێگاکە، کە لە کاتی خۆیا قەڵایەکی بۆ پۆلیس لەسەر دروست کرابوو، وا دیارە لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە ئەم شوێنە تەرخانی ئێشکگیران بووە و لە جموجۆڵی ئاشوور ناسرپاڵی دووەمدا ناوی بە (بیروتو–Berutu) هاتووە. بەڵام لەوە دەکات گۆپاڵە پێوەندی بەناوی (گوتو–گوتی) کۆنەوە زیاتر هەبێت، کە ئەو میللەتە باپیرە هەرە گەورەی کوردەکانی ئێستای ناوچەی سلێمانین.

تاسڵووجە: بەشی ژوورووی زنجیرە شاخی (بەرانان)ە کە (بنزەرد)یشی پێ دەڵێن و بەلاوەتر بە هەزار مێرد ناوی دەبرێ.

– تاسڵووجە بەرزترین چیایە لەسەر ڕێگای ئۆتۆمۆبیلی بەینی کەرکووک و سلێمانی و لە کاتی خۆیا لەسەر گردەکە کە دەکەوێتە دەستە چەپی ڕێگای بەرەو سلێمانی، قەڵایەکی پۆلیسی پێوە بوو.

– هەزارمێرد: ئەشکەوتێکە دەکەوێتە ڕۆئاوای سلێمانی لە دووری سێزدە کیلۆمەترەوە، نزیک دێی (جێشانە). خەڵکی ناوچەکە ئەشکەوتەکە بە قەڵای هەزارمێردیش ناو دەبەن. ناو ئەشکەوتەکە جوڕنەی زۆری تیا هەڵکەنراوە بۆ

ئاو گلدانەوە. کە ئەو جوڕنانە ڕەنگ هەیە دەستکردی ساسانییەکان بن. ناو ئەشکەوتەکە زۆر گەورەیە لەوانەیە جێی هەزار کەسی تیا ببێتەوە. بۆیە ناونراوە هەزارمێرد، واتا هەزار مەرد، یاخۆ هەزار پاڵەوان. هەندێک سەرچاوە دەڵێن ڕەنگ هەیە (زەردەشت) لە ناوچەی هەزارمێردا هاتبێتە دنیاوە. هەر لەم شوێنەدا شەش ئەشکەوتی تر هەن، کە ساڵی ١٩٢٨ گەلێک ئامێری لە بەرد دروستکراوی تێدا دۆزرایەوە کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی پەنجا هەزار ساڵ لەمەوبەر[٧٦].

– دەربەند گاوور: زنجیرە شاخەکانی قەرەداغ گەلێک قاپی یاخۆ ڕێڕەو یاخۆ دەربەندیان تێدایە، ئەو بەینەی هەردوو زنجیرەکەش (قۆپی) یاخۆ (قۆپی قەرەداغ) یان پێ دەڵێن. دەربەندەکان لە ڕۆئاواوە بۆ ڕۆهەلات ئەمانەن: سەگرمە، جافەران، گۆشان، داری زەرد (دەرەزەرد)، دەربەندە وشک، دەربەند ئەستێڵ، گاوور (تەکیە)، پەیکوڵی و باسەرە.

ناوی (باسەرە) لە دوو پێستەدا هاتووە، یەکێکیان بە یۆنانی و ئەویتریان بە فارسی ئەشکانی کە ساڵی ١٩١٣ لە چیاکانی هەوراماندا دۆزرانەوە و برانە (متحف بریطانیا) و مێژووی نووسینەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش عیسا[٧٧].

دەربەند گاوور دەکەوێتە ژوور دێی تەکیە لە ناوچەی قەرەداغ. لە گەرووی دەربەندەکەدا کە دەچێتە ژوورەوە بەدەستە چەپدا لە بەردی شاخەکە نەخشێک هەڵکەنراوە، بریتییە لە زەلامێکی ریش درێژی شەڕکەر خوودەیەکی لە سەرایە، درێژییەکەی دە پێ دەبێت، کەوانێک بەدەستی چەپییەوە، شیرێک، یا گۆپاڵێک بە دەستی ڕاستییەوە قاچی چەپی هەڵبڕیوە وەک لە ڕۆیشتندا بێت و دوو کەسیش لەبەر پێیدا لە باری پاڕانەوەدان.

هەرچەندە هیچ نووسینێک نییە، بەڵام زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە ئەمە

---

٧٦ و ٧٧. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١–٢٥.

دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەد (نارام سین) (٢٤٠٠ ساڵ پێش عیسا).

واتا ئەم هەیکەلە بەبۆنەی سەرکەوتنی ئەکەدییەکان بەسەر کوردەکاندا (لۆلوەکان) پێش (٤٤) سەدە هەڵکەنراوە، کە هەمیشە لۆلوەکان و ئەکەدییەکان و ئاشوورییەکان یەکتریان دەهێنا و دەبرد هەرجارەی لایەک سەر دەکەوت. لەم بابەتەوە ئەمین زەکی بەگ دەفەرمووێ:

قەراڵی ئەکەد نارام سین ناوێک
چل و چوار عەسرە هەستا بە تاوێک
لە دوای شەڕ لۆلۆ گۆتۆ ئەشکێنێ
مەلیک ساتوونی دەرئەپەڕێنێ

مەلیک ساتوونی شای لۆلۆکانی ئەو سەردەمە بووە هەر گۆتییەکان بوون کە لە دواییدا، کۆتاییان بە ئەکەدییەکان هێنا و خۆیان دەستیان بەسەر ژووری عێراقدا گرت[٧٨].

– پیرەمەگروون: بەرزترین چیای نزیک سلێمانییە کە ٩٧٠٠ پێ لە رووی دەریاوە بەرزە، لە زۆر سەرچاوەدا بە (پیر عومەری گورون) یاخۆ (شێخ عمر المقرون) ناوی هاتووە، ئەمەش ئەو شەخسە پیرۆزەیە کە گۆڕی پیرۆزی بەسەر شاخەکەوەیە، زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە پیرەمەگروون چیای (نصیر- نیسیر)ە کە کەشتییەکەی نوحی بابلییەکان (اوتوبنشتم)ی بەسەرەوە نیشتەوە دوای لافاوە گەورەکەی مێژوو، کە ئەم چیایە بە (نصیر گوتی- جودی)ش ناو دەبرێ، بەناوی گوتییەکانەوە کە وەک وتمان لە زوودا لەگەڵ لۆلوەکاندا نیشتەجێی ناوچەی سلێمانی بوون و باپیرە گەورەی دانیشتوانی ئێستای وڵاتی سلێمانین.

٧٨. هەروەها گۆڕی زانای گەورەی کورد (تۆفیق وەهبی) کە لەدێی (پریس) نزیک هەڵەبجە لە ١٨٩٢/١/١دا هاتە دنیاوە و لە ١٩٨٤/١/٥دا لە لەندەن فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناو لە ١٩٨٤/١/١٥دا بە ئاهەنگی پڕ سۆز و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە چیای پیرەمەگروندا شاردرایەوە.

قـزقـەپان- قـزقـاپان: ئەشکەوتێکی کـۆنە نـزیک دێی (زەرزی) جـاران، لە ناوچەی سـووورداش. ئەم ئەشکەوتە دەست کـردەو لە شـاخـەکە هـەڵکەنراوە، بەمـلاوە لای قـاپییـەکـەیدا دوو کـۆڵەکـەی لە بەرد تاشـراو هـەن کـە هـەریـەکـە (تاج)ێکی ئەغریقی لە سـەردایە، لەسـەر بەردی ئەشـکەوتەکەش نەخـشـی دوو زەلام هـەڵکەنـراوە و پەرسـتگایـەکی ئاگریان لـە بەینایە، لە سـەرووترەوە سێ نەخش هـەڵکەنراوە. یەکـێکیـان (ئاهورەمـزدا)یە، لەسـەر تەخـتـی زەمـینەی ئەشـکەوتەکـەش گـۆڕێکی درێژکـۆڵەی دوو مـەتری هـەیە کـە ڕەنگ هـەیە مـێژووەکـەی بگـەڕێتـەوە بۆ (٦٠٠-٥٥٠)ی پێش عیسـا، واتا هـی سـەردەمی (مـاد)ەکانە، ڕەنگ هـەیە ئەمە گـۆڕی یەکێک لە پاشـاکانی ناوچـەکە بێت، کە سـەر بە مـادەکان بوون و کە پایتـەختـەکـەیان (اکبـاتان- هـەمـەدانی ئێسـتا) بووە[٧٩].

- کـوڕ و کچ: هـەر لە ناوچەی قـزقـاپـاندا ئەشکـەوتێکی دروسـتـکراوی تر هـەیە بەناوی کوڕ و کچەوە، کە دەکەوێتە پشت گوندی شرناخ. ئەشکەوتەکە، درێژی حـەوت پـێ و پانی پێنج پێ و بەرزی چـوار پێ دەبێت، لە ناوەڕاسـتـیا گۆڕێکی درێژکۆلە هـەیە کە ئەمیش هـەر هی سەردەمی مادەکانەو ڕەنگ هـەیە گـۆڕی (أفـرأورتس) باوکی (کـیـخـسـرۆ- کـیـخـسـار) بێت، ئەوەی کـە شـای مـادەکـان بوو، وە (هـیـرۆدتس) دەڵێت کـە ئەم (فـراوتس Phrartes)ە لە هێرشێکدا بۆ سـەر وڵاتی ئاشوور کوژرا[٨٠].

- زەرزی: ئەمیش هـەر ئەشکەوتـێکی بچووکە نزیک بەو دووانەی پێشوو لە ناوچەی سـووورداش و لە ئەنجامی ئەو گەڕانەی تێیدا کرا لە سـاڵی ١٩٧٢دا هەندێ ئامێری لە بەرد دروستکراوی تیا دۆزرایەوە کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ دوازدە هـەزار ساڵ پێش عیسا[٨١].

---

٧٩- سەرچاوەی پێشوو ل٣٠

٨٠- سەرچاوەی پێشوو ل٣١

٨١- سەرچاوەی پێشوو ل٣١

– گردی قەڵادزە: پێش گەیشتنە قەڵادزێی ئەوسا بەلای ڕاستدا گردێکی گەورە هەیە کە شوێنەواری سەردەمی ئاشوورییەکان یاخۆ پێش ئەوانە، زیاتر ڕەنگ هەیە شاری (زمبی Zambe) کۆن بێت کە ناوی لە هێرشەکەی سەرجوونی هەشتەمدا هاتووە، هەر لەو هێرشەدا ناوی چیایەک هاتووە بە (سمیرا) دوور نییە مەبەستی لە چیای قەندیلی ئێستا بێت[٨٢].

– قەڵاچوالان: لەسەر چەمی قەڵاچوالان، پشت چیای ئەزمڕو لە دامێنی (چوارتا)ی جارانە، شارێکی گەورەی مێژوویین و مەڵبەندی میرنشینی بابان بوو لە ساڵی ١٦٦٩وە تاکو ساڵی ١٧٨٤ کە مەڵبەند گوێزرایەوە سلێمانی: ناوی قەڵاچوالان ئەوەندە کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام. شارێکی گەشاوە و گەورە و پڕ لە مزگەوت و قوتابخانە و کتێبخانە و خانووبەرە بووە. لەم دواییەدا چەند ماڵێک لەسەر چەمەکە مابوونەوە ئەوانیش ئێستا نەماون. کێلەکانی گۆڕستانەکەی قەڵاچوالان پیشانی دەدەن کە چەندەها پیاوی گەورە و زانای ئاینی لە شاری قەڵاچوالانی کۆندا هاتوون و ڕۆیشتوون.

– قەڵای شێروانە: نزیک ڕێگای سلێمانی بەرەو شارەبان بەدەستە چەپدا لە گوێ سیروان، گردێکی گەورە کە درێژاییەکەی (١٣٥م) و پانایییەکەی لە بنەوە (٩٠) مەترە، لە کاتی خۆیدا حەمەپاشای جاف باوکی وەسمان پاشا و مەحموود پاشا، قەڵایەکی لەسەر ئەو گردە دوو نهۆم و هەشت کوچکەیی بە بەرد و گەچ لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ گەشت و سەیران دروست کرد[٨٣]. لەم ساڵانەی دواییەدا میری سەر لە نوێ بەشێوەیەکی جوان و ڕێکوپێک دەستی پێدا هێناوەتەوە.

– پەیکوڵی (پێکوڵی): نزیک دێی بانی خێلان و بەرکەلی جارانە لە دۆڵی

---

٨٢. سەرچاوەی پێشوو.

٨٣. سەرچاوەی پێشوو، رحلەی شەشەم، ل ٦–٧.

(دەرەدۆین)دا. پەیکوڵی (بتـــخـــانە)شـی پێ دەڵێن، کـە بـە داوێنـی ڕۆئاوای چیـای قـەرەداخـەوەیە لە دەربەندی پێکوڵیـدا هەشت کـیلۆمـەترەیەک لە سیروانەوە دوورە. پەیکوڵی بریتییە لە قەڵایەکی چوارگۆشە (٢٩٫٥× ٢٩٫٥) پێ، هەر چوار لای بە بەردی تاشـراو هەسـتـاوە، وێنـەی (نرسی) پاشـای ساسـانییـەکان لەسـەر هەر چوارلای هەڵکەنراوە کـە لە (٢٩٣-٣٠٣) دوای عیسا، پاشایەتی کردووە[٨٤].

لەسـەر دوو ڕووی قـەڵاکـە هەندێک نووسـراو بـە زمـانی فـارسی کـۆن نووسراوە. بڕوا هەیە کە ئەم قەڵایە پەرستگایەکی ئاگری ساسـانییـەکان بووبێت لە ڕێی حەجیاندا کە دەچوون بۆ ئێران بۆ مەڵبەندی ئەگر پەرستن (شـیـز) کـە ئەمـڕۆ (تەخـتی سلێـمـان)ی پێ دەڵێن، کـە دەکـەوێتـە ناوچەی ئازەربایجانەوە. نەرسی کوڕی سابووری یەکەم بوو کە شای (ئەرمینیا) لە ساڵی ٢٩٣ی دوای عیسا بوو، شەڕی لەگەڵ (بارام)ی برازایدا بوو بەسەریا سـەرکـەوت، بۆیە لە ئەرمـینیـاوە بەرەو عـێراق بووەوە و لەم شـوێنـەدا گەورە پیاوانی ئەو سەردەمە لەو ناوەدا پێشوازییان لێ کردووە دوایی چووەتە سەر تەخـتی پاشـایەتی. هـەر خـۆی واتا (نرسی) فـەرمـانی دروسـتکردنـی ئەم قەڵایەی لەوێدا داوە.

- شــارەزوور: لە ســەردەمی ئاشــوورییــەکــاندا ناوچەی سلێــمــانی و شـارەزوور (زامـوا یاخـۆ سـامـوا)یان پێ دەوت. شـارەزوور پڕە لە گـردی گردۆڵکەی مێژوویی جێمـاوی کۆن، هەندێکیـان بە دەست دروست کراون ئەوانی تر جێماوی دێرینن.

لە سەردەمی ساسانییەکاندا شاری (نیم را یاخۆ نیم از را) کە بە واتای نیـوەی ڕێگا دێت واتە نیـوەی ڕێگای بەینی (تەیسـەفـون یاخـۆ مـەدائن) و (شیز) کە جەمسەری ئاگرپەرستەکان بوو، لە شارەزووردا بوو زۆر کەس بە

٨٤. سەرچاوەی پێشوو، رحلەی شەشەم، ل ٦-٧.

(گول عەنبەر) یاخۆ (خورماڵ)ی ئەمڕۆی دادەنێن، کەوابوو خورماڵ شارێکی مێژوویینی دێرینە. زۆر کەس دەڵێن شارەزوور خۆی شار بووە و ئەمڕۆ جێ و شوێنی نەماوە، ئەم شاری شارەزوورە خۆی شار بووە و حەساری هەبووە. (هرقل) ئیمپراتۆری بیزەنتییەکانی لە ساڵی ٦٢٨ی ز. دا پێدا تێ پەڕیوە و وێرانی کردووە، لەبەرئەوەی شوێنێکی چەپەک و دوور بووە، گوایە شوێنی داڵدەی شۆڕشگێڕەکان و هەڵاتووەکانی وەک (خوارج) و (خورەمییەکان) بووە. هۆلاکۆ ساڵی ٦٥٦ک (١٢٥٨ز) دەستی بەسەراکێشاوە و (تەیمووری لەنگ) ساڵی ١٤١١ز. پێدا تێ پەڕیوە.

- (قەڵای زەڵم) نزیک شارەزوور (نزیک خورماڵ) بابا ئەردەڵان لە ساڵی ١١٥٨ز دا دروستی کرد و بوو بە مەڵبەندی میرنشینەکەیان تا ساڵی ١٢٨٤ز ناصرەدین شاە لەناوی بردن، هەروەها شا عەباسیش قەڵاکەی خورماڵی رووخاند، ئەم قەڵایە بوو کە خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی حوکمی تێدا دەکرد[٨٥].

هەندێک تاق و دیوار بۆ دابەشکردنی ئاوی خورماڵ دروست کراوە. دوور نییە ئەوانە هی سەردەمی ساسانییەکان بن، هەر لەناو خورماڵدا مزگەوتێکی دێرین هەبوو، بە فارسی لە بەردەمەکەیدا نووسرابوو کەوا سەلیم پاشای بابان لە ساڵی ١١٦٠ھ (١٧٤٧ز) ئەمە و مزگەوتەکەی عەبایەیلێی لای هەڵەبجەی بنیات ناوە.

لە قۆرتاس بناتێکی لە بەرد و گەچ دروستکراو دۆزرایەوە لەوانەی کە (جگەر تاق)یان پێ دەڵێن، کە ڕەنگ هەیە شوێنی ئاگر پەرستن بووبێت و هی سەردەمی کۆتایی ساسانییەکان بێت[٨٦]. هەروەها لە (گردی بیگم) هەندێک قاپی فەخفووری دۆزرایەوە کە مێژووەکەیان دەچێتەوە بۆ نیوەی دوو

٨٥. سەیری (اصول اسماء المدن و المواقع العراقية)، جزئی یەکەم، لاپەڕە ١٩٧– ١٩٩ لە باسی (ظلم – زەڵم).

٨٦. المرشد. الرحلة السادسة، ل ١٢–٢٠.

هەزاری پێش عیسا. جگە لەوە لە (گردی شاملۆ) هەندێک فەخفووری دۆزرایەوە کە ئەوانیش هی مێژووی پێشوون و هەندێکیشیان هی سەردەمی ئاشوورییەکانن.

گردی بەکراوای نزیک هەڵەبجە، شوێنی دیوارێکی کۆن بەسەریەوە بەدی دەکرێت، گردەکە خۆی بەرزترین گردە لەو ناوچەیەدا، کە بەرزایی (٣٤) مەتر دەبێت، ساڵی ١٩٦٠ کە گەڕان دەستی پێکرد گەلێک خشت دۆزرایەوە کە بەخەتی مێخ نووسرابوونەوە و هەموو دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی بابلی کۆن (١٤٠٠ساڵ پێش هاتنی عیسا).

(سپایزەر) کە ساڵی ١٩٢٦ هاتووەتە ئەم ناوە، بەکراوا بە شوێنی (دور ئاشوور) شارە کۆنەکەی ئاشوورییەکان دادەنێت، کە لە هێرشی (ئاشور ناصرپاڵ)دا بۆ سەر ئەم ناوچەیە ناوی هاتووە. دوای ئەوە واتە ساڵی ١٩٥١ پارچە بەردێکی مەڕمەڕ دۆزرایەوە (هەر لە نزیک گردەکە) نووسینێکی لەسەر هەڵکەنرابوو بەپیتی عەرەبی و ناوی سوڵتان سلێمانی لەسەر بوو مێژووەکەی ٩٧٢ک (١٥٦٤ز)ە.

جگە لەمانە گردەکانی (موان) و (یاسین تەپە) و (شوکر تەپە) و (گۆمە ڕەش) و (تەپە کوڕە) و (گردی سەفا- صفا) و (تەپە ڕەش) و (گردی سبحان ئاغا) هەموو شوێنەوای کۆنن.

پردی گەنجان کە تا ئێستا نۆ پایەی ماوە، کە لە بەردی ڕێک و گەچ دروست کراوە لەسەر ئاوی سیروان نزیک دێی کانی کەروێشکان ئەمیش هی سەردەمی ساسانییەکانە[٨٧].

٨٧. سەرچاوەی پێشوو.

- قشڵە (دەبۆ کۆنەکە): ئەو قەڵایە بوو کە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی و لە ساڵی ١٧٨١دا مەحموود پاشای بابان، مامی برایم پاشا دروستی کرد، دوای دروستکردنی شاری سلێمانیش، برایم پاشا قشڵەیەکی گەورەی لەلاوە دروست کرد، بۆ حەوانەوەی لەشکرەکەی. بۆیە ناونرا قشڵە یاخۆ (دەبۆ) کە ئەم ناوانە تورکی یاخۆ هی سەردەمی عوسمانییەکانن، ئەگینا لە سەرەتادا هەر بە (قەڵا) ناونراوە. تاکو حەمامی قشڵەی کۆنیش هەر بابانەکان لەبەر سەربازەکانیان بۆ خۆشتنی ئەوان دروستیان کرد. لە حوکمی ئینگلیزەکانیشدا هەر سەربازگە بووە و لە کاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودیشدا، کە یەکەم جار لەگەڵ ئینگلیزەکان تێک چوو و هەندێکی گرتن لەم (دەبۆ)یەدا بەندی کردن، تا دوای شەڕی دەربەند کە ئینگلیز سلێمانی داگیر کردەوە، بەری دان.

تا ئەم دواییەش، تا ساڵەکانی پەنجاو و شەست، لەبەرئەوەی کە ئەم شوێنە بەرزترین شوێنی سلێمانیی ئەوسا بوو، تۆپی ڕەمەزان لەوێ ئاگر دەدرا، بۆ ئەوەی هەموو دانیشتوانی شار گوێیان لێ بێت. ئێستا ئەم قەڵایە شوێن دووکانەکانی شارەوانی سلێمانییە و شوێنەواری نەماوە.

- سەرای سلێمانی: لە سەردەمی برایم پاشای باباندا دروست کراوە شوێنی حوکمڕانی بوو، ڕەنگ هەیە بە کۆڵان یان بەچوخم بە ماڵی میرەوە نووسابێت، کە ماڵی میرەکانیش هەر لە دەورویشتی حەمامی فاتمەخانی کۆن بوون کە نزیک سەرا بوو لەم دواییەدا (استملاک) کراو شوێنەکەی خرایە سەر سەرا، ئەو حەمامە حەمامی تایبەتی میرەکانی بابان بووە، کە لەم دواییەدا بۆ عەزمی بەگ مایەوە.

سەرای سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٦ - ١٩٢٧ لە بنەڕەتا تێکدراو لە نوێ دروست کرایەوە. ئەو ئەندازیارانەی کە نەخشەکەیان بۆ کرد و بەسەریەوە

بوون: حەمە عەلیە فەندی (حەمە عەلیە شەلە) و مستەفا صائیب بوون. دوای ئەوە واتە لە سەردەمی (جمهوریەت)دا بەشەکەی ئەولای کە لە سەرەتاوە بۆ (ادارەی محلی) بوو و لەولاترەوە (دایرەی ئەمن) لەو لاتریەوە (بینای مەحکەمە) دروست کران، سەرای کۆن ئێستا پۆلیسی تێدایە واتە (مدیریة الشرطة)یە.

– مزگەوتی گەورە: لە بنیاتە کۆنەکانی شاری سلێمانییە و لەگەڵ دروستکردنی شارەکەدا برایم پاشای بابان ساڵی ١٧٨٤ دروستی کرد، بەڵام دوای ئەو لە سەردەمی عوسمانییەکان و لە کاتی مەلیک و لە دەوری (جمهوریەت)دا هەمیشە دەستی پیا هاتووە، بەتایبەتی لە بەینی ساڵەکانی (١٩٦٥– ١٩٦٧)دا، مەنارەیەکی تر و (صحن)ە گەورەکەی و دەرگاکانی ئێستای بۆ دروست کرا و بەشی سەرەوەشی هەر دەستی پیا هێنرا.

– خانەقای مەولانا: لەلایەن مەحموود پاشای بابانەوە بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی دروست کرا وەک لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا بە دوور و درێژی باس کراوە.

– هەروەها مزگەوتی سەید حەسەن کە ئەورەحمان پاشای بابان و مزگەوتی بابان و مزگەوتی بابا عەلی کە ئەویش هەر ئەورەحمان پاشای بابان و مزگەوتی قامیشەکان کە بابانەکان دروستیان کرد و مزگەوتی ناو بازاڕ کە عەزیز ئاغای مەسرەف دروستی کردووە و ئەمانەش هەموو کۆنن.

– پردی قلیاسان: چەمی قلیاسان ئاوەکەی لە چەمی چەقچەق و ئاوی سەرچنار پێک دێ، لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەمەکە هیچ پردێکی بەسەرەوە نەبوو، هێجگار لە زستانا کە لافاوی چەمەکە دەهات دەبوو بەهۆی خنکاندنی ماڵات لەمەڕ و بزن و گا و مانگا و گوێدرێژ تا دەگاتە ئەمرۆ. لە سەردەمی بابانەکاندا پردێکی لەسەر کرا بەوە خەڵکەکە تۆزێک لە پەڕینەوە حەسانەوە. تا لەم دواییەشدا خێرەومەندێکی شارەکە، (حاجی عەزیزی

قـەرەنی) بیـری لـە دروسـتکردنی پردێکی قـایم و سـاز کـردەوە و وەسـتـا و ئەندازیاری لە دەرەوەی وڵاتەوە هێنا و نەخشـەیان بۆ دروست کرد، بەڵام ئەو پیاوە باشـە نەخۆش کەوت، هـەر چەندە لە نەخۆشییەکەیدا وەسیـەتی کرد بە دانانی لیـژنەیەک دوای خـۆی بۆ تەواوکـردنـی پردەکـە و پارە و کـەرەسـەی تەواویشی بۆ دانا خـۆی بەڕەحمـەتی خوا چوو. لیژنەکە دەسـتیـان دایە ئیش و زۆر بە پاکی و خـاوێنی پردەکـەیان دروست کـرد و خـەڵک بەوە حـەسـایەوە. بەم بۆنـەیەوە شـاعیـری لاهـووتی کـورد شـیـعـرێکی نووسی بە فـارسی کـە ئەمەیە:

حرف جوهردار این مصرع بود تأریخ او

هذه للدیـن والدنیـا صـراط مستـقیم

واتە پیـتـە نوقتـەدارەکـانـی (مـصـرع)ی دوایی (هذە للدین والدنیـا صـراط مـسـتـقـیم) بە حـیـسـابی ابجـد دەبێت بە مـێژوو یـاخـۆ سـاڵی دروسـتکردنی پردەکـە (سـاڵی ١٣٣٠ک/١٩١١ز) لـەم بابەتەوە سـەیری کۆواری شـارەوانی (سلێـمـانی) ژمـارە یـەک سـاڵی یەک (جـسـر قلیـاسـان القدیم) بـقلم مـحـمـد مصطفی کوردی بکە.

کـــەوابوو چـەندەهـا پـرد دروست کـــراوە و دەســـتـی پـیـــا هـاتووەتـەوە و سـەرلەنوێ دروست کـراوەتەوە هـەتا گەیشـتـووەتە ئەم پردە (نازدار و شکۆدار و پایەدار)ەی ئەمڕۆ.

بە گوێرەی قـسـەی مـامـۆسـتـا خـالید ڕەسـوڵ لە کـۆواری کـاروانی ژمـارە (٢٥) سـاڵی ١٩٨٤ گوایە وەسـتـاکان کە ئیشیان تیا کردووە وەسـتا حەسـەنی فاتمە غـەزایی و وەسـتـا حەسـەنی ڕەشـید بوون، پایەکـانی چوار (دنگە) بوون لەگەڵ سێ تاق و دووری هـەر تاقێک لە یەکتـرەوە پێنج مـەتر بووە. کەرەسـەش بەرد و خشت و چیمـەنتۆ و گەچ و خڕە بەرد و پردەکـە تا سـاڵی ١٩٥٠ بەکار دەهێنرا.

## پیشەی فۆلکۆری و هونەری لە سلێمانی

**ئەو پیشانەی تایبەتن بە سلێمانییەوە:**

لە زووەوە شـــاری سلێــمــانی، سلێــمــانـی و بەس ناوی بـە چەند بـەرهەم و پیــشــەیەکی ئـەوتۆ دەرکـردووە کـە لــە شـوێنێــکی تـر هـەر نین، خـۆ ئـەگـەر هەشبن ئەوا وەک ئەوانەی سلێمانی هەر نین یاخود کەمترن، یاخود جۆرێکی ترن.

سلێـمـانی لە خـواردندا ناوی بـە (کـەبـاب) و حـەڵوای گـەزۆ و کـفـتـەی سابوونکەران و قبووڵی بە ترش و... لە خواردنەوەدا شەربەتی مێوژ و ماست و مـاسـتـاو و بەفـری گـۆیژە... دەرکـردووە. لە پێـڵاودا (کەڵاش) و (کـەوش و جـاشکەوش) و (پانـی بەرز)، لە هەیت و هـووتی وڵاخـدا (زین و کـۆپان) و لە کـەرەسـەی خـانوو دروسـتکردندا (بەردی مـەڵکەندی)... کـە ئـەمـانە هەمـوو تایبـەتن بـە سلێـمـانـیـیـەوە، هەرچەنـدە ئەوانە هەنـدێکیـان هـەر نەمـاون و هەندێکی تریان بەرەو نەمان دەچن، بەڵام پاراستنی ناوی ئەو شتـانەی کە نەماون یاخۆ بەرەو نەمان دەچن ئەرکێکی نەتەوایەتییە چونکە ئەوانە هەموو بوون بە بەشێک لە مێژووی میللەت و بە پارچەیەک لە فۆلکۆری گەل. دوای ئەوانە باسی شتە گشتییەکانیش دەکەین کە لە شوێنی تریش هەن و تایبەت نین تەنها بە سلێمانییەوە.

**کەبابی سلێمانی:**

هەرچەنـدە هەولێـر و فـەلووجـە و هەندێک شـوێنی تر لـە کـوردسـتــان و لە عێـراقدا ناویان دەرکـردووە بە کـەبابی باش بەتایبـەتی هەولێر بـە کـەباب و ماست، بەڵام کەبابی سلێمانی هێجگار تا چەند ساڵێک لەمەوپێش لە تام و لەزەت و بۆن و بەرامەی خۆشدا، مرۆی ئەوەندەی تر برسی و نەوسن دەکرد.

کەباب ئەگەر لە گۆشتی بەرخ و کاوڕ ئینجا مەڕ بێت و بەقیمەکێش یاخۆ

چەپەجاخ[88] لەسەر تەختەی تایبەتی قیمە بکرێ، شتی لە حەددی خۆیا وەکو تەماتە و کەرەووز و ئارد دوگ و... تێکەڵ بکرێ و جوان ببرژێ، کەبابەکە دانار دانار بێت و هەر کە دەستت دایە هەڵوەرێ نەک وەک لاستیک ڕایکێشی نەپچڕێ، ئەوە کەبابی باشە و خۆشە و بە لەزەتە، بەڵام کەبابێ بە گۆشتێک کرابێت جگە لە گۆشتی مەڕ، ئەوەندە لەزەت و برەوی نییە. پێ خۆری کەبابیش (لەواشە) و نانی گەرم و پیاز و تەماتە بە کاڵی و بە برژاوی و سەوزە وەک کەرەوز و کەوەر و مەعدەنووسی جنراو و ترشیات و ترش و ماستاو و ئاڵەت و بیبەرن... دوای ئەوانیش یەک دوو چای دەمکراو... ئیتر ئەوە خواردنێکی تەواو و شاهانەیە. لە سلێمانیدا کەبابچی وەستا و لێزان زۆر بوون وەک: وەستا تۆفیقی کەبابچی و وەستا فەرەجی کوڕی و وەستا گورون و وەستا بەکر و عەباس و حاجی عەلی جاسووس و گەلێکی تر.

جاران زیاتر کاسبی ناوبازاڕ ئەوانەی کە نیوەڕوان بۆ قاوەڵتی نەدەچوونەوە ماڵەوە، یاخۆ ئەو ئافرەتەی بەیانییان دەچوو بۆ حەمام و دەستی نەدەگەیشت چێشت لێ بنێ، یاخۆ میوانی ئوتێلەکان و گەشتیارەکان، ئەوانەی لە دوورەوە دەهاتن، یاخۆ ئەو ماڵانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان چێشتیان لێ نەدەنا، ئەوانە زۆرتر کەبابیان دەخوارد، بەڵام ئێستاکە جیایە، هێجگار ئەوەتەی کەباب لە میوانخانەکاندا (ئوتێلەکان) و لە یانەکان و شوێنانی تردا دروست دەکرێت، بەتایبەتی نانی ئێوارەیان زۆری کەبابە، کەبابیش گۆشتی برژاو و هەندێ جار گون و گورچیلە و سی و جگەریشی لەگەڵدایە.

کەبابی سلێمانی ئەوەندە بەناوبانگە شارەوشار دوای (ساردبوون و بەستنی بەهۆی بەستەڵەکەوە) بۆ ئەورووپاش دەڕوات و بەنرخترین دیارییە و گەلێک تاسووقە بۆ ئەو خۆ وڵاتییانەی لە دەرەوەن... هەر دەیخۆن و بە

---

٨٨. بە عەرەبی پێی دەڵێن (کباب بالساطور).

تاسـەوە دەڵێن: (هەر ئاوابێ سلێـمـانی) بەوە هەندێکیـان یادی پیرەمـێردی نەمر دەکەنەوە کە هەمیشە کەبابی دەخوارد و تێری لێ نەدەخوارد.

**حەڵوای گەزۆ:**

گەزۆ خۆی مادەیەکی شیرینی شێداری سەوزباوە، گەڵای هەندێ درەخت لە وەرزێکی تایبـەتی و لەناوچەیەکی تـایبـەتیدا دەری دەکـات، نەک وەک هەندێ کەس دەڵێن گوایە لە ئاسـمـانەوە دەبارێتە سـەر زەمین. دوای کۆکردنەوەی گـەزۆکـە (کـە لای خـۆمـان لـە ناوچەی پێنچـوێندا زۆرترە، هەروەهـا لەو دیویش)، حـەلواچـی دەیکرێت و لەگـەڵ ئارد و حـێڵ و بسـتـە یا گـوێزدا تێکەڵاوی دەکـات، بـە کـوڵاندن و تێکدانـی تا مـاوەیەک، ئەوسـا دوای ساردبـوونەوەی تەبەقەکە دەیبڕێ و دەیخـاتە قوتووەوە و پێشکێشـی کڕیاری دەکات، (المن)ی عـەرەبی کە لە قورئانی پیرۆزیشـدا ناوی هاتووە مەبەست لە (گەزۆ)یە، کە ئەمیش لە ڕاستیدا خواردنێکی شیرین (نەک زۆر) و بەلەزەت و دانسـقەیە، چونکە کەمە و بۆ نەخۆشیش یا بۆ قـەڵەوبوون وەک (شـەکر) و شیرینی تر نییە، حەڵواچییە بەناوبانگەکان: حاجی فەتاح و حـاجی حەملان و حاجی قادر و تۆفیق حەڵواچی و هەندێکی کەن.

**کفتەی سابوونکەران:**

سـابوونکەران لە گـەڕەکـە کـۆنەکـانی سلێـمـانیـیـەو دەکـەوێتـە بەشی ڕۆهەڵاتیـیـەوە، دانیـشـتـوانی ئەم گـەڕەکـە بە بەرهەمـهـێنانی هەندێک شت ناویان دەرکردووە، کە وا دەگەیەنێت ئەوانە کارامە و دەستڕەنگین و ئازان.

جـارێ گەڕەکەکە بە سـابوونکردن ناوی دەرکردووە، کە ئەمە پیشـەیەکی کۆنە و بـۆیان مـاوەتەوە هەرچەنـدە ئێسـتـا وازیان لێ هێناوە، بەڵام هـەتاکو سـاڵەکـانی چلەکـانیش و بەتایبـەتی تا شـەڕی دووەمی جـیـهـانی زۆربەی دانیشتوانی شارەکە بەو سابوونە خۆیان و جلوبەرگیان پاک دەکردەوە کە

لەو گەڕەکە دروست دەکرا.

بێینەوە سەر (کفتەی سابوونکەران) کە ئەمە خواردنێکی تایبەتی ماڵانە، نەک لە چێشتخانە و شوێنی گشتی پێشکێش بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی شتێکی تاسووق و بێ وێنە بوو، بۆیە ناوی دەرکردبوو.

بێگومان کفتە لە هەموو شاری سلێمانی و دەوروپشتیدا دەکرێ و لێ دەنرێ، کە ئەویش دوو جۆرە کفتە شۆربا کە ئاوەکەی تەنها نۆکی هاڕراوەی تێ دەکرێت، جۆرەکەی تری کفتەی سلقاو کە ئاوەکەی سلْقی جنراو و هەندێک هەیت و هووتی تری لەگەڵدایە، دەمێنێتەوە سەر کفتەکە، کفتەی سابووکەران بۆیە ناوی دەرکردبوو کە گەورە بوو، بەشی دەرەوەی کفتەکە بریتییە لە برنج و قیمە و سەوزە و پیاز، ناوەکەشی بریتییە لە قیمەی سوورەوەکراو و گوێز یا بادەم، بەڵام کفتەی سابوونکەران هێلکەی کوڵاویشی تێ ئەئاخنرێت، کەوابوو گەلێک گەورەترە لە کتفەی تر کە هەر قیمە و گوێز و بادەمی تێ دەکرێ، کفتەش لەگەڵ پیاز و سەوزە وەک کەوەر و کەرەوز و مەعدەنووس و بیبەر، لەگەڵ ترشیات و جارجارێکیش لەگەڵ (شێلم بەترش)دا دەخورێت، بەڵام بەداخەوە کفتەی سابوونکەران ئێستا ڕوو لە نەمانە یاخۆ هەر نەماوە.

**قبوڵی بەترش:**

بە برنج و ڕۆن و ربەنار[٨٩] دروست دەکرێ، جارجار بادەم یا گوێزیشی تێ دەکرێت. ئەم چێشتە شلەشی لەگەڵ نەبێت هەر دەخورێت، وەک قبوڵی سپی یاخۆ قبوڵی سوور (بە دۆشاوی تەماتە لێنراو) نییە کە شلەیان لەگەڵدا بخورێت، بەڵام ئێستا قبوڵی بەترش چێشتی شلەی جۆراو جۆریشی لەگەڵدا لێ دەنرێت، هەرچەندە لە زۆر ماڵ تەنها بە کوڵاندنی مریشکێک لەگەڵ

٨٩. ربەنار (ربَ نار– واتا ئاو یاخۆ دۆشاوی هەنار (ربَ فارسیە).

ئاوەکەی یاخۆ کولاندنی هەندێک نەرمە گۆشت لەگەڵ ئاوەکەی کە بە قبوڵی بەترشەکەوە دەخورێت واز دەهێنن[٩٠].

**شەربەتی مێوژ:**

ناوچەکانی دەرووپشتی سلێمانی، بەتایبەتی ناوچەی شارباژێڕ و هەورامان و هەندێک شوێن و لە قەرەداغ و سووورداش... گەلێک جۆر میوەی خۆش و جوان دێننە بەرهەم بەتایبەتی ترێ کە ڕەنگ هەیە زیاتر لە پانزە جۆر هەبێت، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا ترێ رەشکەیە، کە لەم ترێیەش مێوژ دروست دەکرێ و لە مێوژیش شەربەت. مێوژەکە دەکرایە ئاو تا دەخوسایەوە، ئەوسا دەکرایە شاڵینەیەک ئەو شاڵینەیە بەبن میچدا هەڵدەواسرا و تەشتێک لەژێریا دادەنرا کە چۆڕاوگەی مێوژە خوساوەکەی تێ دەچوو، کە ئەوە شەربەتەکە بوو، هەندێ کەس حێل یا گوڵاو یا بەفریان تێ دەکرد و پێشکێشیان دەکرد، هەندێک هەر لەو دووکانانەدا دەیان فرۆشت هەشبوون دەستگێڕ لە کووپەی شینی بچووکی قوڵغە و لوولەدار یاخۆ سوراحیدا... شەربەت فرۆشی هەرەکۆن لە سلێمانیدا حاجی ئەحمەدی کرنوی سوعبەتچی بوو، لەم دواییەشدا ئەوانەی کە ناویان دەرکردبوو، حاجیلە و خولە سنەیی و ئەلە سنەیی و سەعە و هەندێکی تر بوون.

**ماست و ماستاوی سلێمانی:**

لە ڕاستیدا ماستەکە هی شاری سلێمانی نییە، بەڵکو هی دێهاتییەکانێتی بەتایبەتی ماستی (کۆزە ڕەقە) و (خەراجیان) و (چوارتاق) و (دار بەڕووله)... ئەمانە ناویان بە ماستی خۆش (بۆکز) دەرکردبوو، لام وایە،

---

٩٠. هەر شوێنە ناوی بەجۆرە خواردنێکەوە دەرکردووە، هەڵەبجە و بەتایبەتی ماڵە بەگزادەی جاف ناویان بە حەڵوای گوڵەزەردەوە دەرکردووە، کەرکووک بە (سڵقاو). هەولێر بە (بەربەسێڵ) کەربەلا و نەجەف بە (فەسەنجون)... هتد.

جۆری لەوەڕ و لەوەڕگایەکە شیری ئەو ئاژەڵانە بەو جۆرە خۆش و بەلەزەت دەکات. شیری ئێستای ئاژەڵ، ئەو تام و لەزەتەی نەماوە، بەهۆی ئەو ئالف (ئالیک– علف)ەوە کە هەندێک مەوادی کیمیاوی تێکەڵاوە دەدرێ بە ئاژەڵ، واتا، ئەمرۆ ئالفی رەمەکی نییە یاخۆ کەمە.

ماستاویش لەو ماستە دروست دەکرێ دوای ئەوەی تێکەڵ بە ئاو و بەفر دەکرێت و کەمێک خوێی تێ دەکرێت، هەبوو فەریکە قەزوانیشیان تێ دەکرد کە ئەوەندەی تر بەلەزەتی دەکرد. نان و ماستاو زۆربەی خواردنی نیوەڕوانی زۆر کەس بوون بەتایبەتی کاسبکارانی ناوبازاڕ، چونکە خواردنی تەواوەتی ئەوان ئێواران بوو، کە دەڕۆیشتنەوە ماڵەوە، لەگەڵ ماڵ و منداڵدا ئێواران چێشت و گۆشتی خۆیان دەخوارد. دەستە خوشک یاخۆ ئێولاشی ماست (دۆ)یە کە ئەویش لە ژەندنی شیر لە مەشکەدا دۆ لەگەڵ (کەرە) دێنێتە بەرهەم، دۆی تازە و خەست و خۆڵ هێجگار ئەوانەی (بۆکز)یان لێ دێ، لەزەتی ماستاوێکی نایابیان هەیە، لە ماستاو فرۆشە ناودارەکانی شارەکە، حاجی کەریمی شمقارِ لە (سابوونکەران) و (حاجی عەلی ماستاو) لای مزگەوتی ناو بازاڕ و ئەلە مێشاوی (بەوەدا کە ماستاوەکەی هەمیشە مێشی پێوەبوو) گەلێکی تر.

**بەفری مەڵکەندی (گوێژە):**

مەڵکەندی ئەو دێیەیە کە لە پێش دروستکردنی سلێمانیدا هەبوو ئەمڕۆکە گەڕەکێکە لە گەڕەکەکانی ژووروی سلێمانی و لە شوێنی تری ئەم کتێبەدا بە دوور و درێژی باسی کراوە. چیای گۆیژە، دەکەوێتە پشت مەڵکەندی، دانیشتوانی مەڵکەندی هەریەکە چاڵێکی گەورەی لەم دیو یاخۆ لەو دیو گۆیژە بەتایبەتی لەو شوێنەدا کە بەفری زستانی زۆر لێ دەبارێ هەبوو، لە زستاندا کە چاڵەکە پڕ دەبوو لە بەفر یاخۆ خاوەنەکەی بە هەرەوەز لەگەڵ هاوڕێکانیا پڕیان دەکرد لە بەفر لە دواییدا دەچوو دەیپەستەوە و کای

بەسەردا دەکرد ئینجا بەگڵ دایدەپۆشی، تا گەرمای هاوین دەستی پێ دەکرد، ئەوسا مەڵکەندییەکان هەر بە کۆمەڵ بەیانییان زوو پێش هەتاوکەوتن بۆی سەردەکەوتن گڵ و کایەکەیان لەلایەکەوە لا دەدا، ئەوەندەی بیانویسایە، بە مشار بەفرەکەیان وەک قاڵبی گەورە گەورە دەبڕیەوە، (خوێ)یان لێ دەدا بۆ ئەوەی نەتوێتەوە، دەیانکردە ناو جەواڵێکەوە، یا بە پارچە گونیە دەیانپێچایەوە و دەیاننا لە وڵاخەکانیان (بارگیر یاخۆ ئێستر) دوای ئەوەی جاجمێک یا خەرارێکیان دەدا بەسەرا و دەیانهێنایە ناو شارەوە دەیاندا بە بەفر فرۆشەکان، یاخۆ شەربەتچییەکان و ماستاو فرۆشەکان. ئەم کاروانی بەفرکێشکردنەش ڕۆژی وا هەبوو دووسێ جار دووپات دەبووەوە.

ئەوانەی مەڵکەندی کە ئەم ئیشەیان گرتبووە دەست کوڕانی حاجی کەریم و کوڕانی مەحموودی هۆمەر و کوڕانی کاکەبرا و کوڕ و کوڕەزای تۆفیقی حەمە خێڵ و کوڕانی حاجی بارام و کوڕانی مام ئەحلان و زۆری تر بوون.

ئەوەی شایانی باسە سەهۆڵی پیرەمەگروونیش دەهاتە ناو شارەوە هەر بەو جۆرەی بەفرەکەی مەڵکەندییەکان، واتا بە وڵاخ، بەڵام ئەو سەهۆڵە زۆری نەدەبرد، تەواو دەبوو.

ئەوەی شایانی باسە (کرم)ێکی سپی بچووک لە کەژی پیرەمەگروون لەناو سەهۆڵەکەدا پەیدا دەبوو، ئەم کرمە بە قەدەر مووروویەکی بچووک یا زەنگیانەیەک بوو، لە شوێنی تایبەتیدا لەلایەن دانیشتوانی دێهاتەکانی نزیک چیاکەوە هەڵدەگیرا تا هاوین، دووسێ دەنک لەو کرمە دەکرایە کاسەیەک دۆ یا ماستاوەوە یا جامێک ئاوەوە ساردی دەکرد و ئەوسا دەخورایەوە.

**بەردی مەڵکەندی:**

لەمەوپێش سلێمانی نەکەوتبووە بەکارهێنانی ئەو کەرەسە نوێیانەی ئەمڕۆ لە خانوو دروستکردندا هەن، ئەوسا مەکینەی بەرد بڕین یاخۆ مشاری بەردبڕینەوە و خشتی کوورەی ڕێکوپێک وەک ئێستا و چیمەنتۆ و شیش کە

بۆ کۆنکریت بەکاردەهێنرێن و مەڕمەڕ و کاشی مەڕمەڕ و مۆزائیک و... زۆر شتی تر کە لەم دەمەدا بەکاردەهێنرێن ئەوسا نەبوون.

بۆیە ئەگەر یەکێک بیویستایە خانوویەکی ڕێکوپێک یا بەلای کەمەوە پێشەکەی برازێنێتەوە. بە بەردی مەڵکەندی (دیکۆر)ی بۆ دەکرد، بۆیە ئەو بەردانە ناونرابوون بەردی مەڵکەندی چونکە دانیشتوانی ئەو گەڕەکە وڵاخدار بوون، جگە لەوەی نزیک کانە بەردەکان بوون لە دامێنی گۆیژەوە لە (گردە گڕوێ) و زۆر شوێنی تر کانی بەرد هەبوون دەچوون بەردەکانیان بە (پیک) و بە چەکوش دەشکان و لە شێوەی چوارگۆشە یا درێژتر هەر بە تەشوێ و چەکوش و نەقاری و بیرازیان دەکرد (بەڵام هەرگیز وەک بەردی مشار دەرنەدەچوون) و دەیاننان لە دوو تای تەختە لەسەر پشتی وڵاخەکانیان و دەیانهێنانە ناو شار و دەیان فرۆشتن. ئەو بەردانەش گەلێک جۆریان هەبوو، وەک (سوورباو) و (بۆر) و (شینکی) و (زەردباو) و هەندێک بەردیش نەخشدار بوون[91].

ئەم کارە تا شۆڕشی ١٩٥٨ی ڕاکێشا، دوای ئەوە بەرەو کزی ڕۆیشت تاکو هێچگاری نەما. ئەو کەسانەی لە مەڵکەندی بەفریان دەگواستەوە، هەر ئەوانیش بوون کە ئەرکی بەرد کێشانیان گرتبووە ئەستۆ، ئێستاش لەناو شاردا هەندێک خانووی کۆن ماون کە بە بەردی مەڵکەندی دروست کراون یاخۆ پێشەکانیان بۆ (دیکۆر) بەو بەردانە ڕازاوەتەوە.

**پێڵاوی فۆلکلۆری سلێمانی:**

پێڵاوی کە لە زووەوە لە سلێمانی دروست کرابێت و بەکارهێنرابێت زیاتر کڵاش و کەوش (بۆ ژن و پیاو) و (کاڵە و پێتاو لەم دواییەشد «پانی بەرز» بوون، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا چەکمەش بڵاو بووبووە کە لە جزمەی چەرمی ئێستای دەکرد، بەڵام زیاتر زەردباو و نیمچە چین چین بوو، ئەو

٩١. سلێمانی، ئەکرەمی صالحی ڕەشە.

چەکمانە زیاتر ئافرەت[٩٢] بەکاریان دەهێنا. دوای ئەوەش قاپقاپ بۆ ژن هاتە ئاراوە. ئێمە باسی قۆندەرە و جزمە و پێڵاوی تری جۆراوجۆری بێگانە ناکەین کە بازرگانەکانی سلێمانی لەم لاولاوە هێناویانەتە شارەکەوە، یاخۆ وەستای دروستکردنی ئەو پێڵاوانە کە لە سلێمانیدا پەیدابوون. ئێمە لە پێڵاوی خۆیی دەدوێین کە بریتین لە کەڵاش و کەوش و جاشکەوش و پانی بەرز.

**کەڵاش:**

کەڵاش لە هەموو شوێنێکدا بەکارهێنراوە و تا ئەمڕۆش بە پێڵاوێکی نەتەوایەتی گەلی کورد دادەنرێت. کەڵاش هەر لە هاوین و وەرزی خۆشیاندا لە پێ دەکرێت. چونکە پێڵاوێکی تەنک و هەوا وەرگرە، واتا وەک پێستە نییە کە هەوا بگێرێتەوە، جگە لەوەی ئەو کڵاشەی ژێرەکەی کەتان بێت ئەگەر ئاو بچێژێت هەڵدەگەڕێتەوە و تێک دەچێت، چونکە کەڵاش بۆیاخ ناکرێت، ئەگەر قوڕاوی و چڵکنیش بێت پاک نابێتەوە چونکە ناشۆرێت، واتە پێڵاوێکی ناسکە و دەبێت زۆر ئاگاداری بکرێت. وەکی تر پێڵاوێکی سووکەڵە و فێنک و تەنکە، هێجگار لەگەڵ جلی کوردیدا زۆر ڕێک دەکەوێت.

باشترین جۆری کڵاش کڵاشی هەورامان بوو، بەتایبەتی کەڵاشی تەوێڵە، کە لەوێ وەستای پسپۆڕ[٩٣] هەبوون لە هونەری کڵاش دروستکردن و چنیندا، بەرهەمەکانیان گەلێک بەنرخ و لە سلێمانییەوە بازرگانی پیڵاو

٩٢. کە منداڵ بووم ئەو چەکمانەم لە پێی (حەبەخانی نەقیب ژنی شێخ ڕەشید و دایکی شێخ عەزیزی تاپۆ و نەنکی شێخ شیت)دا دیوە. ئەم چەکمانە دەگمەن بوون دەست هەموو کەس نەدەکەوتن. ج. ب.

٩٣. ئەو کڵاشەی لە پەنجاکاندا لە تەوێڵە ناوی دەرکردبوو، ئەوەبوو کە (ژێرەکەی خولە بێت و سەرەکەی تەلە)، خولە وەستا مەحموود بوو کە ژێرەکەی دروست دەکرد، (تەلە- تەلیعە)ش ئەو ئافرەتە بوو کە سەرەکەی بە جۆرێک سفت و ورد ئەچنی لەگەڵ چنینی قوماشدا لێک جیا نەدەکرایەوە.

دەچوون لێیان دەکڕین و وەک قۆندەرەی (بلادی- بێگانە) بەنرخ بوون. جگە لەوە کەلاشی دۆم و هەجیج هەبوو، کە ئەوانەی لە پلەی دووەمدا بوون، چونکە ژێرەکەیان ئەستوورتر و چینی سەرەکەیان درشتر بوون. کەلاشیش هەبوو بنەکەی لاستیک یا قەڵتاغ، هەبوو سەرەکەی بە بەنی ڕەش یا سپی دەچنرا، ئەم جۆرانە ئەوەندە برەویان نەبوو. هەروەک لەمەوپێش وتمان کەلاش تا ئێستاش (کە ساڵی ١٩٩٠)ە هەر هەیە و لەبرەودایە، بەڵام نرخی کەلاشی زۆرباش ئەوەندە گرانە کە خۆی دەدا لە (٥٠-٧٠) دینار بگرە هی وا هەیە دەگاتە سەد دینار.

لادێییەکان بە زۆری کەلاشەکانیان بە چەرم دەورە دەگرت بۆ درەو و کێشە و گێرە و ئەرکی تری سەرشانیان.

**کەوش:**

پێڵاوێکی سووکەڵە و بەرگەگر و هەرزان، زۆربەی دانیشتوانی شار و هەموو لادێیەکان بە ژن و پیاوەوە کەوشیان بەکاردەهێنا کەرەسەکەشی خۆیی بوو، کەوشدروو لە هەموو پیشەسازەکانی تر زیاتر بوون و باری ژیانیان خۆشتر بوو، ڕۆژ نەبوو کەوشدروو ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکەی بە خەڵکی دەرەوە و ناو شار نەفرۆشێت.

ژێری کەوش چەرمی گا یاخۆ گامێش بوو، سەرەکەی لە پێستی بزن و بەرەکەیشی لە پێستی مەڕ دوای خۆشەکردنیان لە دەباخانە ئینجا کەوشەکە بە (زاچ) ڕەش دەکرا.

کەوش ئەم جۆرانەی هەبوو: بۆ ژنان: پەلکدار، زەهاوی، ڕەنگاوڕەنگ.

پیاوانیش: ڕەش بۆ گەنجەکان. سوور بۆ پیاوی پیر. ڕەش و سوور بۆ منداڵ، کە پێیان دەوت (پاپەجانە)[٩٤].

---

٩٤. ئەکرەمی مەحموودی صالحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، ل ٢٦١- ٢٩٢.

**جاشکەوش:**

ئەم جۆرە پێڵاوە بەهۆی شەڕی گەورەی دووەمەوە پەیدابوو، دوای ئەوەی کەرەسەی کەوش دروستکردن ڕووی کردە کزی. کەرەسەی جاشکەوش بریتی بوو لە ژێری لاستیک (لاستیکی تایە) و سەرەکەی لە چەرمی گا دروست دەکرا و پێڵاوێکی قایم و توند و تۆڵ بوو، زۆری بەرگە دەگرت هێجگار بۆ خەڵکی دەرەوە[٩٥].

(جووت باقێ)ی کەوش بریتی بوو لەو دوو تیلماسکە سێ سووچییانەی لە چەرم دروست دەکران و بۆ قایمی دەنران بەم دیو و ئەو دیوی کەوشەکەوە. بەڵام جووت باقێ لە قسەکردنی ڕۆژانەدا مانای دەورەگرتن یاخۆ تازەکردنەوەی کەوش دەبەخشێ.

**پانی بەرز:**

پانی بەرز پێڵاوێکی بڵاوی ژنانەی ئافرەتی سلێمانی بوو، هەتا (٢٠-٣٠) ساڵیش لەمەوبەر باو بوو، ئێستا بەداخەوە تاکو بۆ هەڵگرتن و پاراستنی وەک فۆلکلۆرێکیش نەماوە.

کەرەسەی پانی بەرز: بنەکەی بریتی بوو لە چەرمی گا و سەرەکەی قەیفەی ڕەنگاوڕەنگ. لەسەر قەیفەکەوە بە سیم نەخشی تێدا دەچنرا، دوای ئەوە پارچە پەڕۆ دەخرایە ژێری، ئینجا (جنفاس- گونیە) دەدرا بە سەر پەڕۆکەدا، دوای ئەوە سرێشی لێ دەدرا و لەسەر ئەوەوە چەرمی مەڕ، دوای ئەوەی لە دەباخانە دەردەچوو پێیان دەوت (مێشن) لەسەر جانفاسەکەوە تێ دەگیرا.

ژێرەکەشی لە نیوەی بۆ پێشەوە، ئەویش پەڕۆی تێ دەخرا، هەروەها ناوکەفەکە و قەراخەکانی پێستی مەڕ (مێشن)ی تێ دەگیرا و سەر و

---

٩٥. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٧.

ژێرەکەیان دەدووری، پاژنەکەشی تەختە و سەرتەختەکەش بە پێستی گا دادەکوترا[٩٦].

## ئەو پیشانەی کە مۆرکی سلێمانییان پێوە دیارە

ئەمانەش بەشێکیان ئەو پیشە گشتییانەن کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ هەمان پیشەدا لە شوێنێک یا شارێکی تر نییە وەک بەقاڵی، بازرگانی، قەسابی، دەلاکی یاخۆ سەرتاشی، سەعاتچیەتی، دەباخچیەتی، کاروانچیەتی، سەرڕافی، سەقایی، لێفەدروون، نانەوایی، وێنەگری، مەیخانەچیەتی، گەراج و ئۆتۆمبیلچیەتی و گەلێک پیشەی تری لەم بابەتە کە لە سلێماندا هەبوون، کە پێویست بە درێژەپێدان لێرەدا ناکات، چونکە ئەوانیش وەک هەر جێگایەکی تر لە وڵاتی عێراقدا یاخۆ لە دەرودراوسێ و دوورتر، هەموو وەک یەک یاخۆ نزیکن لە یەکەوە.

بەشەکەی تری ئەم پیشانە ڕاستە لە شوێنێکی تر هەن بەڵام ئەوانەی سلێمانی هەندێک شتی تایبەتی دەهێننە بەرهەم کە پیشەسازی شوێنەکانی تر، ئەوەیان نییە نەک لەبەر ئەوەی کە نایزانن، بەڵکو لەبەرئەوەی هەر شوێنە زرووفی تایبەتی خۆی پاڵی بە دانیشتوانییەوە ناوە، کە بیر لە دروستکردنی ئەو ئامێر و بەرهەمانە بکەنەوە و دروستی بکەن و بیهێننە دی. وا ئێمەش لێرەدا یەکە یەکە باسی ئەو پیشانە و ئەو بەرهەمانە دەکەین کە مۆرکی سلێمانییان پێوە دیارە.

### ئاسنگەری:

ئاسنگەر، هەر لە دووکانەکەیدا (کوورە)ی هەبوو، کە وەک تەنوورێکی گەورە بوو، ئاگری تێدا دەکردەوە، بە خەڵووز یاخۆ مەعدەن جۆشی دەدا، هەروەک تەنووری نانکردنی لای خۆمان (گوڵبێنە)ی هەبوو، کە ئەویش مووشەدەمەی

٩٦. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠.

لەسـەر بوو، مـووشـەدەمـەکـە، بریتی بوو لە هەمـانـەیەکی کـونبـڕ دەسکێکی تەخـتـەی پێـوە بوو، شـاگـردێک بـەرزی دەکـردەوە و نـزمـی دەکـردەوە، بەوە باوەشێنی خەڵووزی ناو کوورەکەی دەکرد و دەیگەشاندنەوە. بـەمجۆرە ئاسنی ناو کوورەکە سوور دەبووەوە، دەبوو بە ئاگر، ئەوسا وەستا هەر بە مەقاشێکی گەورەی ئاسن دەری دەهـێنا و بە چەکوش تێی بەردەبوو، چی بویستـایە لێی دروست دەکرد، چونکە ئاسنەکە بەو سووربوونەوەیە نەرم دەبووەوە.

بەمـجۆرە ئاسنگەریی سلێمانـی بەگوێرەی پێویستـی لادێ و ناو شـار ئەم ئامێرانـەی دروست دەکرد: دەمـە بێڵ، دەمـە خـاکەناز، گاسنی جـووت، پیکی بەردشکاندن، سێپای سەر ئاگردان، چەکوش، داس، تەوراس، گوڵمێخ، دەمە تەور، کێرد و چەقۆ و هەندێ شتی تر...

**تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵە هێشتا ئاسنگەرە:**

کـاک هێرش محـەمـەد لە ڕەنگینی ژمـارە (٤)ی شـوباتی ١٩٨٨دا نووسـیویە دەڵێت: وەستا عومەری کەریم لە منالییەوە خەریکی ئاسنگەرییە تاکو ئێستا کە تەمـەنی دەگـاتە ٨٥ سـاڵ وەختـی خۆی لای وەسـتـا صـاڵـح ناوێک فێری پیشـەکە بووە و ئێستا هـەر خـۆیەتی شاگردی نییە چونکە پانکەی کارەبایی لە جیاتی (مـووشـەدەمە) بەکار دەهێنێت. جاران ئیشـی قورسـی کردووە وەک دروسـتکردنی پاچ و تەور و تـەوراس و شـتـی تر کـە شـاگـردی زۆری هـەبوو، بەڵام ئێستا بـەهۆی کزبوونی ئیشـەوە و پێشکەوتنی تەمەنەوە، هـەر خـۆیەتی ڕۆژی ٥-٦ سـەعـات ئیش لـە دروسـتکردنی قـولاپ، شـەکـرشکێن، ئەڵقـەی باگـردێن و... شـتـی سـووکـەڵـەی ترا دەکـات (سـێ ژنی هێنـاوە، سـێ حـەجی کردووە، سـێ عەمەلیات کراوە).

دیسـانەوە کـاک هێرش محـەمـەد لە ڕەنگینی ژمـارە (٣) کـانوونی دووەمی ١٩٨٨ سـەری لە دووکانەکەی حـای عارف کـە ناوبانگی بە (بڕنووتی فـرۆش) دەرکردووە و ئەم ئەنجامەی بەدەستەوە داوە:

حاجی عارف وتوویەتی: تەمەنی دووکانەکەم لە ٧٥ ساڵ زیاترە چونکە لە باپیـریەوە بۆ باوکی و لە باوکیشـیەوە بۆ ئەو ماوەتەوە خۆی لەو ڕۆژەدا تەمەنی هەشتا ساڵ بووە و سێ ژنی هێناوە و سێ حەجی کردووە و سێ جار عەمەلیات کراوە. ئەو داودەرمانانەی کە حاجی عارف دەیانفرۆشێت بریتین لە (قەیتەران بۆ نەخۆشی گورچیلە، ئارەقی نەعنا بۆ سک ئێشە، مەردن جۆش بۆ سک ئێشە، خەیار چەمەر بۆ ڕەوانی منداڵ، وەنەوشە بۆ سک ئێشە، قیـر و زفت بۆ کەچەڵی، زەنجەفیل لەگەڵ ڕۆن زەیتوون تێکەڵ دەکرێت بۆ چەورکردنی شوێنێک کە بیەشێت، جەیفە بۆ بۆنی بڕینی منداڵ، سملّ بۆ بۆن، هەروەها لەگەڵ گژنیژەدا دەکوترێت بۆ نەخۆشی شەکرە و گەلێک شتی تر.(تەواو).

حاجی بەهەشتی بەرین شوێنی بێت، بەڕاستی پیاوێکی مامەڵەخۆش و بێ دەنگ و لەسەرخۆ بوو، هەموو کەسێکی ڕازی دەکرد.

**جۆلایی:**

جۆلایی بەرامبەر بە مەکینەی دروستکردنی قوماشی هەمە جۆرەی ئەمڕۆیە کە بەو ئامێرە شەق و شڕانەیان ئەو بەرهەمە نازدارانەیان پێشکێش بە خەڵکی دەکرد. دەزگای جۆلایی بریتی بوو لەم شتانە: نەوەرد، لایەر، دانە و گورد، چۆلەکە و لالە، پێ تەتە، پردەڵە، مۆلەقە، خەڕەک و دۆخ[٩٧]. جۆلا[٩٨] جاجم و پۆپەشمین و بەرماڵ و شاڵی ڕانکوچۆغە و هەندێک شتی تریان بەرهەم دەهێنا، هەندێک جاجمیان دروست دەکرد سفت و ورد و توند و تۆڵ و ڕەنگاڕەنگ و سیمیشیان تێکەڵاو دەکرد، کە مەکینەی ئەمڕۆ لەوە باشتری

٩٧. شاری سلێمانی- بەرگی یەکەم. ل ٢٤٠ ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە.

٩٨. جۆلای قوڕبەسەر لەگەڵ کێشانی ئەو هەموو ئەرک و ئەزیەتە قسەوباسی هەمە جۆرەی گوێ ئاگردانی بە دواوەیە وەک: (جۆلا خۆی و مەکۆکەی... کردە سەر سەکۆکەی) و جۆلا پێچەنگی لەنگە... شەقەی تڕی تفەنگە).

دروست ناکات، خۆ هێجگار ئەو شاڵە ورد چنراوانەی هەورامان، سپی و مەرەز، ئەوەندە سفت بوون لەگەڵ قوماشی هاویندا بەراوردت بکردنایە، باشتر نەبوونایە، لەو کەمتر نەبوون.

**موتابچیەتی:**

موتابچی ئەو کەسە بوو کە (موو)ی بزنی لە ئیشەکەیدا بەکاردەهێنا و (گوریس) و (قەیاسە) و (خەرار) یان لێ دروست دەکرد، لەو خەرارەش، توورەکەی ئالیکی ولاخ و کۆپان و خەرار کە بۆ تووتن داگرتن و گواستنەوەی لەلایەن قەتارچییەوە بەکاردەهێنرا.

ئامێرەکانی، موتابچیەکان بەکاریان دەهێنا ئەمانە بوون[99].

– شانە: بۆ موو شیکردنەوە.

– مەندەف: ئامێری شیکردنەوە و گرێ لابردنی مووە، ئەمیش یاریدەدەری رستنی چەرخە، چونکە موو دەکات بە گلۆلەیەک کە بە ئاسانی بڕێسرێ.

– چەرخی موو رستن: ئەو ئامێرەیە کە موو ئەڕێسێ و دەیکات بەبەن[100].

– خەڕەک: ئەم ئامێرە بەن هەڵدەکاتە سەر لوولە بۆ پۆی شاڵەکە[101].

ئەم پیشەیە زیاتر هی برا (دیان)ەکانی سلێمانی بوو، لە گەڕەکەکەی خۆیان کە بەری بەڕەڵلا بوو، یا حەوشەی گەورەیان هەبوو ئەم کارەیان تیا دەکرد[102].

---

٩٩. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥١.

١٠٠و ١٠١. وا بزانین ئەمەیان هەڵەیە: وا بزانین ڕاستییەکەی ئەوەیە (ئەو ئامێرەیە کە موو دەڕێسێ و دەیکات بە «تاڵ»)واتا تاڵە موو، چونکە بەن لە خورییە و لێرەدا بەکار ناهێنرێت.

١٠٢. ئاڵتونە فەنی هەبوو بەخۆی و سدارەکەی سەری و کەوا شیرداخە سپییەکەیەوە خەریکی موو ڕستن و تاڵ هەڵکردن دەبوو، ئەمسەرە و ئەو سەری دەکرد. سمێڵەکەشی (هیتلەرانە) هێشتبووەوە.

**کارگەچیەتی:**

کارگەچی لە (کەرکەچی- کەرک)ەوە هاتووە جا ئەوەندی موتابچی ئیشی بە (مووی بزن) بوو، کارگەچی ئیشەکەی بە (خوری مەڕ) بوو. دوای شتنەوەی خورییەکە زۆر پاک و بژارکردنی ئەو شتە لاوەکییانەی کە تێیدا بوون، ئینجا شی دەکرایەوە بۆ ئەوەی لەو سەرەوە (لباد)ی لێ دەربێنن.

لە لباد ئەم شتانە دروست دەکران[103]:

فەرەنجی، سەرکلاو بۆ باران، لباد لە باتی بەڕە، شەپقە بۆ بەرهەتاو، سدارە[104]، پووزەوانە، هیزەدان، کیفی تفەنگ، قەنەواچەی سەرشانی چاکەت، پەستەک، سەرزین بۆ ئەسپ، نەرمەزین بۆ ئەسپ، عارەق گێر بۆ ئەسپ بەتایبەتی بۆ ژێر زینەکەی و کەرک یا کەپەنک بۆ شوان، کوڵەباڵ.

کارگەچییەکان هەموویان لەماڵی خۆیاندا ئیشیان دەکرد زیاتر لە گەڕەکی چوار باخ، لقی (هۆڵێ) کە بە گەڕەکی قەسابەکان بەناوبانگ بوو.

**وەتراقچیەتی:**

وەتراقچی ئەو کەسە بوو، کە شتی کۆنی دەفرۆشت، واتا کۆنەفرۆش. (ئوتراق) وشەیەکی تورکییە بە واتای (کاروان و بەرید) دێت، بە (فعل) بە واتای (هەڵوێست یاخۆ دانیشتن) دێت، وەتراقچی (بەڕە) و (فەرشی کۆن) و (لباد) و (جاجم) و (مەوج) و (رانک و چۆغە) و (پۆپەشمین) و (گوریس) و (خورجی پاشکۆی وڵاخ) و (هۆڕ) و (زنوڵە) و (مەسینەی حەوت جۆش[105]) و

١٠٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧.

١٠٤. فەیسەڵییان پێ دەوت، چونکە مەلیک فەیسەڵی یەکەم جار و بارێک سدارەی خوری لەسەر دەکرد بۆ ئەوەی هانی هاووڵاتیان بدا کە بەرهەمی نیشتمان بەکاربهێنن.

١٠٥. بەشێک لە ئیشی وەتراقچی، ئەمڕۆ لە بەغدا (بائع التحفیات) یاخۆ (التحافی)یە، ئەوانەی کە (تحفیات)ی کۆن دەفرۆشن.

گەلێک شتی تری[١٠٦] دەفرۆشت. ئەم پیشەیە هەر دانیشتنە بۆیە خاوەنەکەی ناونراوە (ئوتراقچی).

**چەخماخسازی:**

لە (چاک مان- چەکمان)ەوە هاتووە واتا تەقاندن. چەخماخساز ئەو کەسە بوو کە چەکیان چاک دەکردەوە بەتایبەتی تفەنگ و دەمانچە و تاپڕ... بەڵام چەخماخسازی سلێمانی ئەوەندە بە توانا بوون، ئەو شتانەشیان دروست دەکرد ئەو شتانەی تر کە چەخماخساز بێجگە لە چەک دروستیان دەکردن. ساچمە زەنگی راو، فیشەک، مەقاشی زەرد، قەننە، قفڵی لوولە، ئەڵقەڕێز و دوولایی و تەقولباب و شەکرشکێن و کلیل و کلۆم و کەوچک و چاپاڵێو و... زۆر شتی تر[١٠٧].

لە کۆندا وەستا حسکە بلیمەتێک بوو، لە تفەنگ دروستکردندا کە هەر بەناوی ئەویشەوە تفەنگی حسکە بڵاو بووبووەوە، هەروەها شێخ لەتیفی دانساز ئەویش تفەنگ و دەمانچە و زۆر شتی وردی تری دروست دەکرد کە ئێستاش هەندێکیان لای کوڕەکانی ماون، هەروەها حەمەساڵح بەگی ئەجەخان و زۆری تر کە بەرامبەر بە (وەستا رەجەب)ی ڕەواندز، ئەو چەکانەیان دروست دەکرد بە ژمارەیەکی ئەوتۆ کە بە دەریشەوەیان دەفرۆشتن.

**شیرگەری:**

شیرگەر، ئەو کەسە بوو کە خەنجەری دروست دەکرد ناوەکەش لە (شیر- شمشێر)ەوە هاتووە کە خەنجەرەکەی لێ دروست دەکرێت. شیر واتا (سیف) چۆن دروشمی ئازایەتی و سوارچاکیی عەرەبە، هەروەهاش خەنجەر دروشمی پیاوەتی و پاڵەوانێتی کوردە.

---

١٠٦. سەرچاوەی پێشوو.

١٠٧. سەرچاوەی پێشوو.

شێوەی دروستکردنی خەنجەر و جۆرەکانی[١٠٨]:

١- خەنجەری دەبان[١٠٩]: لە شمشێر دروست دەکرێت، شمشێرەکە گەرم دەکرا و بەشێنەیی دەکوترایەوە، بەڵام کە گەرم دەکرا نەدەبوو بگاتە باری سووربوونەوە، ئەگینا خاڵ و جەوهەرەکەی دەسووتا. بەمجۆرە، هەر شمشێرێک دوو خەنجەری لێ دروست دەکرا. دەبان- کاتمە- بە گەڵاڵەیی دەکرا، مانای پێش تەواوبوونی تیغەکە بە نیوەچڵی- کاتمە- دەکرا. کاتمە ئەوەیە کە تیغەکە بە بڕبەند گوڵگوڵ یان دابڕدابڕ دەکرا بە مشار... ئینجا دەخرایەوە ناو کوورە، هەروەها دەکوترایەوە... بۆ جاری دووەم دەمی ساف دەکراو... ئەو خەتانە- دابڕەکانی نامێنێ، ئینجا تیغەکە گوڵ گوڵ نەخشی تیا دروست دەکرا.

٢- خەنجەری خۆراسان:

ئەمیش لە شمشێر دروست دەکرا، بەڵام کەمێک جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاسنی شمشێری خەنجەری دەبان، ئامادەکردنی ئەمەیان وەک دەبان نییە، ئەمیش جەوهەرداره بەڵام جەوهەرەکەی گوڵ گوڵ نییە.

٣- خەنجەری قەزبێن:

ئەمیش هەر لە شمشێر دروست دەکرا، لەناو کوردەواری بە (قەزبێنی شام) بەناوبانگ بوو، دیسان ئەمەشیان جەوهەرداره، بەڵام جەوهەرەکانی بەسەر زەرد دەنوێنێ. (قەزبێنێ ساکار)یش هەیە کە لە ئاسنی ساکار دروست دەکرا نەک لە ئاسنی شمشێر[١١٠].

١٠٨. سەرچاوەی پێشوو ل ٢٥٨.

١٠٩. دەبان وەک بیستوومانە، کان واتا (معدن)ێکی بەنرخی تایبەتییە و لە ئاسن و پۆڵا جیاوازە، لە هەندێک لە چیاکانی کوردستاندا هەیە؛ ڕەگەکانی شەپۆلاوییە (متموجە). جەوهەرەکە ئەو شەپۆلەیە. لای خۆمان (کەلی دابان) هەیە لە ناوچەی ماوەت، گوایە (کان)ی (دابان)ی تێدایە. ج.ب.

١١٠. وا دەزانم شمشێر لە پۆڵا دروست دەکرێت نەک لە ئاسن. ج. ب.

٤- خەنجەری شینە تیغ: ئەمەیان بێ جەوهەرە، بۆیە لەناو خەڵکیدا بێ بایەخ بوو.

**مسگەریی:**

لای ئێمە بە هەڵە ناوی مسگەرییان لەو کەسانەی نابوو کە (ئەوسا) حاجەتیان سپی دەکردەوە، بەڵام لە ڕاستیدا مسگەر ئەو وەستایە بوو کە شتی لەمس دروست دەکرد، جا ئایا ئەو شتانە چی بوون؟ ئەو شتانە بریتی بوون لە: (مەنجەڵ، سینی، تەشت، مەسینە، لەگەن، یەغنیکێش، دەوری، تاوە، کەوگیر، جام، سوزگی)[١١١]، تاسی حەمام و هەندێک شتی تر.

ئەو شتانەیان لە مس دروست دەکرد. بۆیە لە ئەنجامی بەکارهێناندا دەچوونەوە سەر ڕەنگە سوورەکە، یاخۆ ڕەش هەڵدەگەڕان. وەستای تایبەتی هەبوو بۆ سپیکردنەوەی ئەو حاجەتانە، کە بە ماڵانەوە شاگردیان دەگەڕا، دەیان بردن لە دووکانەکانیان لە پێشدا بە خاکە خەڵووز و هەندێک شتی تر خەریکی دەبوون، جاری وا هەبوو بە پێوە شاگردەکان دەچوونە ناو مەنجەڵ یاخود تەشتەکەوە دەستیان بە دیوارەکەوە دەگرت و خۆیان با دەدا[١١٢]بۆ ئەوەی خاکە خەڵووزەکە مسەکە پاک بکاتەوە، دوای ئەوە بە (قەڵایی) تەواو سپی دەکرایەوە و تازە دەبووەوە.

---

١١١. سەرچاوەی پێشوو ل ٢٧٧.

١١٢. ئەمە بوو بە فۆلکلۆرێکی باو و بڵاو لە سلێمانیدا، کەوا خۆبادانی مسگەرەکانیان بە (دانس) دەدایە قەڵەم. ئەمەش کارێکی بە دواوەیە لە خۆمی ڕوودا، ساڵی ١٩٦٢ لە لەندەن بووم، بەرەحمەت بێ لەگەڵ حەمە ساڵح قەرەداغی (مەفتوون)ی خوا لێخۆشبوو پێکەوە بووین، وتی بابچین بۆ هۆڵی (دانس)، وتم کە من دانس نەزانم سوودی چییە و بۆچی بچین، وتی کاکە زۆر ئاسانە، هەر مسگەرییەکەی لای خۆمان بکە، ئیتر تەواوە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی دەست بە دیوارەکەوە بگری، دەست بە ئافرەتەکەوە بگرە کە دانسی لەگەڵدا دەکەیت و برۆ بەخێراتی. ج. ب.

**دارتاشی:**

ئەو نەخش و نیگارەی لە دەرگا و پەنجەرەی کۆنی سلێمانیدا هەبوو، ئەگەر بمانایە دەبوون بە جێماوێکی بەنرخ، دەرگای گەورە و قورس کە لە دەرەوە چەکوشێکی ئاسن و ژێرەکەی پێوە بۆ (تەقولباب) و دەسکی زەردی ڕازاوە بۆ ڕاکێشانی دەرگاکە و لەو دیوەوە سورگی و ئەڵقەڕێز یاخۆ کلیل و کۆڵم کە زۆر قایم و رەختە بوون، جگە لە نەخشێکی زۆر کە لە سەری هەڵکەنرا، هەروەها پەنجەرەی گەورەی بالآپیاو کە دوو دەرگا بوو، لەسەرەوە بە شووشەی زەرد و سوور دەڕازایەوە، مرۆ هەر تێری لە ڕوانینی نەدەخوارد، ئەمە جگە لە زۆر فۆلکلۆری تر کە دارتاشەکانی سلێمانی دروستیان دەکرد، لە پێش هەموویانەوە تەختەبەند، کە دوو ئەوەندەی چەرپایە گەورە بوو، جێی خێزانێکی چوار پێنج کەسی تیا دەبووەوە بۆ نووستن، قەنەفەی ڕازاوە و کورسی چایخانە، هەروەها:

سندووقی هەشتەرخان کە لە تەختەی دارگوێز دروست دەکران بۆ خشڵ و پارە، نەخشکردنی پێش ئوتێل و مالآن (باڵەخانە) و بن میچ، دووتا بۆ سەرپشتی ولآخ و بۆ هێنانی بەردی مەڵکەندی، کە دوایی بوو بە چواچێوەی عارەبانە کە دوو تایەیان لێ دەبەست و ڕایان دەکێشا و بەردیان پێ دەهێنا، جەنجەڕ و شەن بۆ گێرەکردنی خەرمان و شەنکردنی، دەڕابەی دووکان و جامخانەی چایخانە و بۆدی پاص و قەمەرە، جۆلانە و بێشکە و بلوێر و ڕەوڕەوە بۆ پێگرتنی منداڵ، کلکە خاکەناز و پاچ و بەفرماڵ و پەیژە و پنە و گەلآکوتک و باگردێن، کورسی و چەرخ و فەلەک و ماین چەقەڵ بۆ یاری منداڵان لە ڕۆژانی جەژندا و مزراح و قۆڕقۆڕە و چوارچێوەی کوورەی ئاسنگەر (مووشەدەمە) و تەختەی زینی ولآخ، سندووقی بۆراق لە باتی کەنتۆر، سندووقی هەزار پیشە بۆ ئەسبابی چا، قاپقاپی نەخشدار و ساکار بۆ ئافرەت، کۆڵەکەی هەشتی بۆ پشتی هەیوان و لەگەڵ کاسەبەندی

سەرکۆڵەکە، لە باتی پایە بۆ ژێر خانووی دارەڕا بەکاریان دەهێنا، هەروەها هەندێک دارەمەیت و تەختەی مردووشتنیان دروست دەکرد[١١٣].

زۆربەی دارتاشەکان ئیشیان ئەوە بوو کە ئیشی خەڕاتییان دەکرد بۆ خڕکردنی پێچکەی مزراح و کورسی و بلوێر و شتی تر، ئالەتی خەڕت بریتی بوو لە لوویەکی ئاسن و پارچە ئاسنێکی تر دوو شفرەی ئاسن لەگەڵ ژێ کەوان. هەروەها هەندێ دارتاش ئیشی (شەقە و مشاریان) دەکرد مشاری گەورەیان بەکاردەهێنا بە دوو کەس داریان پێ دادەهێنا وەک داری (بیە کاژاو) پارچە پارچە تەنکیان دەکرد، دەیاندا بە دارتاشی تر بۆ کەللەی هێڵەک، دارتاشەکان پێیان دەوت (شەقەکێش)[١١٤].

بێگومان ئیشی دارتاشی ئەمڕۆ لە هەموو ڕوویەکەوە پەرەی سەندووە، لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی دانیشتوانی شارەکە و وڵاتەکەمان، چ لە ڕووی بەکارهێنانی دار و تەختەی نایابی دەرەوە، چ لە ڕووی بەکارهێنانی ماکینە لە ئیشەکانیاندا و ئینجا لە ڕووی بەرهەم و بەروبوومیانەوە بەگوێرەی کەتەلۆکی ڕۆژ بەڕۆژ.

**سەروپێ و گیپەخانە:**

سەروپێ بە کاڵی دەفرۆشرا لە دووکاندا، هەروەها دەستگێڕ لە تەشتدا بەسەر سەریانەوە کۆڵانە و کۆڵان دەیان گێڕا، ئەمانەش بریتی بوون لە (سەر، پێ، زمان، ریخۆڵەکەی کە برنجی تێ دەکرا، ورگەکەی).

هەر ئەوانەی لە دووکاندا بە کاڵی دەیانفرۆشت، بە کوڵاویش لە ژوورەوە خەڵک نانیان تێ دەگوشی و دەیانخوارد، بەتایبەتی لە زستاندا، لادێییەکان کە بەو سەرمایە دەهاتنە ناو شارەوە، ئەو ئاوە چەورە گەرمە تیژەیان

---

١١٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٩–٣٢٠.

١١٤. سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٠.

هەڵدەقۆڕان (ئاڵەتی هاڕراوی تێ دەکرا) بەوە ناوسکیان گەرم دەبووەوە[١١٥].

فەرقی سەروپێ خانەی لای خۆمان لەگەڵ هی شوێنی تردا ئەوەبوو، کە لە سلێمانی (گیپە)شیان دوای ئەوەی برنج و ئاڵەت و زەردە چەوەیان تێ دەکرد و ئەم سەرە و سەریان بە دەزوو دەدووری و دەیان کوڵان. دوای کوڵان دەزووەکەیان دەردەهێنا و برنجەکەیان ڕۆ دەکرد و دەیانخوارد.

**خومچیەتی:**

خوم لە ڕەگەزدا بە فارسی ئەو کووپە یاخۆ مەرکانە گەورەیە بوو، کە ڕەنگەکەیان تیا دەگرتەوە. خومخانەش ئەو شوێنە بوو کە قوماش و خام و بلووری شاڵ و کلافەبەن و هەندێ جار خوری... تیا ڕەنگ دەکرا، واتا لە خومی هەڵدەکێشا یاخۆ لە خومی دەدا. ڕەنگەکە دەکرایە مەرکانەکەوە و ئاوی دەکرا بەسەرا و لەژێرەوە ئاگر دەیکوڵان و قوماشەکەی تێ دەخرا کە لە ئەنجامدا ئەو ڕەنگەی دەگرت. ڕەنگەکانیش ڕەش، سوور، شین، چویتی، شەرابی، زەرد،... کە لە دەرەوە دەهێنران. هەندێ کەس توێکڵی هەناریشیان وشک دەکردەوە و بۆ چەسپبوونی ڕەنگەکە تێکەڵیان دەکرد، هەندێک لە جوولەکەکانی سلێمانی، چەند کەسێکیش لە دیانەکان جگە لە ئیسلامەکان ئەم پیشەیەیان گرتبووە ئەستۆ، ئێستا ئەم ئیشە نەماوە یاخۆ ڕوو لە نەمانە.

---

١١٥. دەگێڕنەوە کە لادێییەک دێتە ناو شار لە زستاندا ڕوو دەکاتە سەروپێ خانە، کە دەیخوات، زۆری پێ خۆش دەبێت، کە دەگەڕێتەوە باسی شار بۆ هاوماڵەکانی دەکات و دەڵێت شتێکی فرە خۆشم خوارد، دەپرسن ماستاوەکە بوو دەڵێت نا، دەپرسن: شەربەتەکە بوو، دەڵێت نا، دەپرسن: کەلەپاچەکە بوو، لە وەڵاما دەڵێت: خۆ هێجگار ئاوەکەی... ئاوەکەی... های لە ئاوەکەی...

**خومخانەی سلێمانی و پەڕۆی شین بۆ سیحر و دەرمان:**

کاک هێرش محەمەدئەمین لە ڕەنگینی ژمارە (٨)ی حوزەیرانی ١٩٨٨دا دەڵێت:

قادری حاجی ڕەشید خۆی و باووباپیری خاوەنی کۆنترین خومخانەن لە سلێمانییا، خوم بە مانای ڕەنگکردن و خاوەنەکەی خومگەری پێ دەڵێن کە خوری و هەموو جلوبەرگێک ڕەنگ دەکەن و هەموو ڕەنگێکیشیان هەیە.

ڕەنگکردنەکەش بریتییە لە ئاوکردنە مەنجەڵەوە، دوو کەوچک خوێ و کەمێک لەو ڕەنگەی کە پێویستە، دوای سێ چارەک کوڵاندن ئەو شتە کە تێی خراوە دەردێت و هەڵدەخرێت.

لێرەدا کاک قادر شتێکی سەیری گێڕاوەتەوە گوایە جارجار ئافرەت دێن ئەوانەی زاواکانیان لەگەڵیانا خراپن، گوایە سیحری لێ کراوە، هەندێک ڕەنگاوی شین دەبەن بۆ ئەوەی زاواکەیان دەستی لێ بدات، یاخۆ پەنجەیەکی بەرکەوێت و سیحرەکە بەتاڵ بێتەوە. جگە لەوە گوایە پەڕۆی لە خۆم هەڵکێشراو بۆ باژەڵە (غازات) باشە و ئەخرێتە سەر سکی منداڵ و گوایە ڕۆژی سەدەها ئافرەت دێن و دەڵێن سوودیان لێ وەرگرتووە و کاک قادر وتوویەتی: کوڕێکی دووکاندار لە گوزەرەکەی خۆیانا دەستی (بیرۆ)ی لێ هاتبوو زۆر پزیشک گەڕاوە چاری نەبووە، هاتووەتە لای ئەو پەڕۆی شینی خستووەتە سەر چاک بۆتەوە.

کاک هێرش دەڵێت: هێشتا دووکانەکەمان تەواو نەکردبوو، ئافرەتێک هات وتی پەڕۆیەکی شینم بدەنێ، ویستمان وێنەیەکی بگرین و پرسیاری لێ بکەین رازی نەبوو، زوو بۆی دەرچوو.

**زین دروون:**

تا ساڵەکانی پەنجاکانیش کە ئۆتۆمبیل بەمجۆرەی ئێستا بڵاو نەبووەوە و پەرەی نەسەندبوو، هاتوچۆ هەر بە وڵاخ بوو، هێجگار وڵاخی بەرزە وەک ئەسپ و ماین و گواستنەوەش بە بارگیر و هێستر و کەر و لەوەپێشتریش (گا)شیان بەکاردەهێنا. مەرسیدس و سۆپەری ئەوسا، ئەسپ و ماینی رەسەن بوون، کە لەو هەرزانییەشدا نرخیان ئەوەندە بەرز بوو، هەموو کەس دەرەقەتی کڕین و ڕاگرتنیان نەدەهات.

وڵاخە رەسەنەکانی لای ئێمە زۆریان بەڕەگەز دەچوونەوە سەر وڵاخی عەرەبستان، بەتایبەتی (ئەسپی عوبێدی) کە لەناو خۆماندا گەلێک بەناوبانگ و باشترین وڵاخ بوو، کە بەناوی عەشیرەتی (عوبێد)ەوە بوو، واتا ئەوان ڕایان دەگرت. ئەو کەسەی وڵاخی باشی ببوایە، دەچووە لای زین دروو یاخۆ وەستاباشی بۆ ئەوەی زینێکی ڕەختە و رەحەتی بۆ بکات گێز و گوڵینگەی لە ئاوریشم بێت، کەڵلە و سەرکەڵلە و رەشوە و ئاوزەنگییەکانی لە زیو بن و لغاو و قوشقنە و تەنگەکەی لە چەرمی گەلاسی بن... بەمجۆرە سەڕڕاجخانەیەکی گەورە لە سلێمانیدا لای حەوزەکەی ناو بازاڕەوە پێکهات و پەرەی سەند، بە ڕۆژ لەبەر هاتوچۆکەران و کڕیار بەرنەدەکەوت، چونکە وڵاخ خۆشەویست بوو... زین خۆی بریتییە لەم کەرەسانەی خوارەوە:

تەختە، قەڵتاخ کە لە تەختەکە دەگیرێ، نەرمەزین، تەکەڵتوو، سەرزین، قوشقن، تەنگە، لوقمەی ئاوزین، بەرە[116]، ئاوزەنگی (رکێف- زەنگو)، تەرک

---

١١٦. سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٦. بۆ باسی زین ئەم بەیتە شیعرە فۆلکلۆرییە پڕ بە پێستیەتی کە دەڵێت:

(سەرزین، نەرمەزین، سەرزین ئاوێنە     زینێکمان بۆ هات لە هەزار وێنە)

ئێمە سەرزینی ئاوێنە بەندمان دیوە، کە بۆ جوانی پارچە ئاوێنەی سێگۆشە و چوارگۆشە و کەوانەیی بە سیم پێوە قایم دەکرا.

و هەگبە، بەداخەوە ئەم پیشە بەرزە جوانەش ئەمڕۆ بەرەو نەمان دەچێت، چونکە باوی وڵاخ ڕاگرتن تاوەکو لە لادێکانیشدا و لای پیاوی خۆشی نەماوە. ئۆتۆمبیل جێگای گرتنەوە.

ئاوازی سەقر و باز و باڵەبان
حیلەی مایینی جنسی کەحێلان
ئەمانە هەمووی خوا دابووی بە جاف
حوکمدارێک بوون بێ لاف و گەزاف)

- پیرەمێرد -

(مایینی کەحیلە)ش وەک ئەسپی عوبەیدی جوان و بەناوبانگ بوو.

**کۆپان دروون:**

کۆپان[117] دوو جۆر بوون: ١- لوڕی-تەخت و درێژە، ٢- قەجەری ئەمسەر و ئەوسەری هەبوو. کۆپان بۆ (کەر)، بەرامبەر بەزین بۆ ئەسپ و ماین، لە هەندێک ناوچەی سلێمانی کۆپان بۆ کەر جیا دەکرایەوە لە (کورتان) بۆ بارگیر، واتا کۆپان وەک زین ئەمسەر و ئەوسەرەکەی بەرز و ناوەکەی چاڵ بوو بۆ سوار، بەڵام کورتان ڕاست و ئاودامان زیاتر بۆ بارکردنی وڵاخ لەبار بوو، هەرچەندە لە گەرمیان لەجیاتی کۆپان وشەی (کورتان) یان بەکاردەهێنا. ئەو هەیتوهووتەی کۆپانی لێ دروست دەکرا بریتی بوو لە: خەرار، جەنفاس یاخۆ گونیە، پووش یاخۆ (کا) بۆ ناوئاخنەکەی، تەنگە، قوشقن، بەرەزوانە.

شوێنی کۆپان دروەکان لە سێلمانی بەرامبەری گەراجی ئەسحابەسپی لە موڵکەکانی حاجی سەعید ئاغا بوو کە ئەم دیوە و ئەو دیو هەمووی

١١٧. کۆپان لە بنەڕەتدا فارسییە و (کووپان)ە، بەرامبەر بە (الجلَ)ی عەرەبی واتا (جل)ی کوردی.

دووکانی کۆپان درووەکان بوو، ئێستا تەخت کراوە عەرەبانەی دەستی لێ ڕادەگیرێت.

دیارە (کەر) زۆر بە عەزرەت کۆپانەوە بووە، چونکە لە سەرما و گەرما و لە چیلکە و چەوێل چەقین بە لەشیدا، دەیپاراست، بۆیە وتوویانە: (کەرەکە مەمرە بەهارە- کورتانت وا لەو شارە).

**بەرگدروون- خەیاتی:**

بەرگدرووی ئەوسای سلێمانی، وەک ئێستا هی ژن جیا بوو لە هی پیاوان. بەرگدرووی ژنان بەزۆری بۆ (کەوا) و (سوخمەی قۆڵدار) بوو کە هەردووکیان بەرەکەی لۆکەیان تێدابوو، ئەمیش بەهۆی سەختیی ئاووهەواوە کە لە زستاندا دەبوو بە بەفر و کرێوە. بەڵام کراسی ژنانە و دەسماڵ و ئاوەڵ کراس... ئەم شتانە نەدەدران بە بەرگدرووی پیاو، بەڵکو هەر کەسە لە ماڵەوە خۆی دەیدووری، یاخۆ دەیدا بە ژنێکی شارەزا بۆی دەدروو، حەقی خۆشی چی بوایە دەیدایە.

بەرگدرووی پیاو لە قوماشی فاسۆن و شەرواڵ و مرادخانی یاخۆ ستارخانی یا کەوا و سەڵتە، لەم دواییەشدا کەوا و چاکەت، ئەمانە بەرگی زستانە بوون، رانک و چۆغەش بەرگی هاوینە بوو، لە شاڵ دروست دەکرا، بەتایبەتی شاڵی ناوچەی هەورامان، ئەمانەیان دەدروو. ئەوسا پەستەک لە زستاندا بەسەر ئەو بەرگانەدا لەبەر دەکرا، پەستەک لە شێوەی (یەلەک)ی ئەمرۆ دا بوو، بەڵام نەدەهاتەوە یەک، لە (بەن) یاخۆ (مەرەز) دروست دەکرا.

دوای بەرگدروونی کوردی خۆمانە، ئینجا بەرگدرووی چاکەت و پانتۆڵ پەیدابوون کە ئەوسا لە سەرەتاوە (جلی فەرەنگی)یان پێ دەوت. دوای ئەوانیش دروونی بیجامە و کراس پەیدا بوو. بەرگدرووی بەناوبانگی چاکەت و پانتۆڵ لە سلێمانیدا حەمە سەعید و وەستا ئەحمەدی خاڵەلە و حاجی غەفوور و وەستا عەبە زیرەک و وەستا حەمە سوور... بوون.

**تووتنچیەتی:**

ئەم پیشەیە جیاوازی لەگەڵ بازرگانییەتی تووتن هەبوو، بازرگانەکانی تووتن، ئەو تووتنەی کە لە دەرەوە (دێهاتەکان) (پێش پەیدابوونی ئینحسار) بە درشتی (گەڵا) و بەوردی دەیانکڕی، وردە تووتنە رەشەکەیان گل دەدایەوە، جوانەکانیان دەنارد بەم لاو لادا زیاتر بۆ بەغدا، وردەکەیان لە سلێمانی دەدا بە تووتنچیەکان یاخۆ ئەوان خۆیان (واتا تووتنچیەکان) یەکسەر تووتنەکەیان لە لادێوە دەهێنا، وردیان دەکرد و دار و شتی تری زیادەی ئەگەر تیابوایە بژاریان دەکرد، هەندێکیان هەر وەک خۆی لە دەفرێکدا دادەنا، ئەوانەی سیغاریان دەکێشا یاخۆ کیسەی تووتنیان هەڵدەگرت کە لە قوماش دەکرا و بەرماخیان پێ تێ دەکرد، دەیانکڕی. باقییەکەیان دەدا بە ژنان بۆیان دەکردنە پەڕەی قامیشەوە، کە کارگەکانی ئەم جگەرەی قامیشە جۆراوجۆر بوون لە باشی و خراپیدا بە زۆری لە مووسڵ بوون، بەبوخچە دەیانفرۆشت هەر بوخچەیەکیش بە پێچراوەیی لەناو کاغەزی تەنکدا بریتی بوو لە دە تۆپ، هەر تۆپێک هەزار جگەرە بوو، دوای تێکردنی تووتنەکە سەرەکەیان هەر بە کاغەزی خۆی دەگرت، بە حازری دەیانفرۆشت، جگەرەیەک یاخۆ دووان بە پوولێک. جگەرەی سیغار کاغەزەکەی تەنک و کورتتر بوو، سیغارەکە بە دەفتەر دەفرۆشرا، هەرە بەناوبانگەکەی بافرە بوو، تووتنەکە دەکرایە ناو پەڕە سیغارەکەوە و بە دەست لوول دەکرا ئەوسا لایەکی پەڕەکە بە زمان تەڕ دەکرا و دەدرایەوە بەسەر لوولەکەدا و دەخرایە (دارجگەرە)ەکەوە و دەکێشرا، بەڵام لەم دواییەدا قوتووی سیغار پێچانەوەش پەیدابوو.

بەرماخ بریتی بوو لە پەڕە کاغەزی جگەرە بە قەدکراوی، هەر بەرماخێک پەنجا پەڕەی تیابوو، دەبووایە جگەرەکێش خۆی (ئاغزە)ی تێ خستایە، ئاغزەکەش بریتی بوو لە کاغەزێکی بچووک لوول دەدرا و دەخرایە سەرێکی

پەڕە جگەرەکەوە، ئینجا تووتنی تێ دەکرا و سەرەکەی تری دەپێچرایەوە و دادەگیرسێنرا. لە ڕاستیدا لادێییەکان زیاتر سیغار و بەرماخیان بەکاردەهێنا، یەکەم لەبەر هەرزانی دووەم لەبەرئەوەی هەڵگرتنی بۆ ئەوان ئاسانتر بوو، بەوەدا کە لەگەڵ تووتن و بەردە ئەستێ یاخۆ شخارتە هەموویان دەخستە کیسەیەکی پەڕۆوە و دەیانکرد بەلای پشتێنەکەیاندا. بە پێچەوانەی جگەرەی قامیشەوە کە دەبوایە بکرایە قوتووەوە کە ئەوسا بەتایبەتی جوان هەندێک کارگە دروستیان دەکرد هەر بۆ جگەرە، کە ئەمەیان زیاتر دانیشتوانی ناو شار بەکاریان دەهێنا.

دانیشتوانی ناو شار ئەوانەی ئاشنایان هەبوو لە لادێدا، هەر یەکە ساڵی (جاخ[118])ێک یان دوو جاخیان تووتن بۆ دەهێنان بە دیاری، لە ماڵەوە جگەرەی خۆیان لێ تێ دەکرد و دەیانکێشا.

ئێستاکە ئەم شتانە هیچیان نەماون، بەهۆی کارگەی جگەرەوە کە پاکەت دروست دەکەن و بەهۆی ئەو جگەرانەی کە لە دەرەوە دێن وەک (رۆثمان) و (دیمۆرییە) و پێش ئەوانیش (گۆڵد فلاک) و (پلایرس- شەپقە بەسەر) و گەلێکی تر کە لە دەرەوە دەهاتن و ئێستاش جۆرەهای تر پەیدا بووە و کێش دەکرێن. ئەو تووتنانەی بەکاردەهێنرێن لەلایەن تووتنچیەکانەوە، یاخۆ کە خەڵک بۆ جگەرە تێکردن دەیکڕن، چەند جۆرێک بوون:

سامسۆن: بەناوی شاری سامسۆنی تورکیاوە کە ئاووهەواکەی لەبارە بۆ پێگەیاندنی تووتنی باش. بەڵام لای ئێمە بە هەر توونێکی گەڵا تەنک و زەردباوی ئاڵتوونییان دەوت سامسۆن، ئەگەر ڕەگەزەکەشی تۆوی سامسۆن نەبوایە، لە سەرێکی ترەوە ئەگەر تووتنەکە وردە نەبوایە پێیان دەوت سامسۆن.

ڕەشۆکی: تووتنی ڕەشباو و تیژ لە کێشاندا و هەرزان لە نرخدا.

---

١١٨. جاخ بریتییە لە چواریەکی گونیەیەک یاخۆ کەمتر.

بۆندار: جـۆرە تووتنێک هـەیە لە وڵاتـی خـۆمــان بەبێ داودەرمــان بۆن و بەرامـەی لە بۆنی جگەرە بۆندارەکانی بێگانە کـەمـتر نییـە، ئەو تووتنانەی لە شوێنی سـارد و ئاوی سارد بخۆنەوە و بزن لەو زەوییـەدا مۆڵ بدرێن کە مـیز و پشـــقلی تـێ بکەن، ئـەو تووتنە گـــەڵاکـــانی تـەنک و ئاڵتـــوونی و بـۆندار دەردەچێت. لـە وڵاتی خـۆمـــاندا تووتنـی ناوچەی مـاوەت و دێـهـاتەکـانی بەر چیـای قـەندیل لـە ناوچەی ناودەشت و تـووتنی هـەندێک دێـهـاتـی قـەرەداغ و پشـدەرایەتی بەو جـۆرە بوون. بە پێـچـەوانـەوە تووتنی ناوچەی شـارەزوور و بیـتوێن و باقـی دەشتـەکان بە دوو سێ پلە دوای تووتنی ئەو نـاوچانە دێن، چونکە ئاووهەوایان گەرمە و خـاکەکەیان ئەوەندەی بۆ کشـتوکاڵی تر لەبارن، بۆ تووتن بەو جۆرە نین.

**تەنەکەچیەتی:**

ئەم پیشـەیە کـەلێنێکی گـەورەی پڕ کردبووەوە لە ژیانی شـارەکـەمـاندا، وەک پیـشـەکـانـی تری باسـمــان کردن، کـە ئەمـانە هـەمـوو ڕوو لە نەمـانن و بگرە زۆریان هـەر ناوەکـانیـان مـاون، ئەمـەش بەهـۆی پێشکەوتنی ژیانەوە، چونکە ئەو شـتانەی ئەوسـا بە دەست دروست دەکران، ئەمڕۆ بە مـاکینە دەهێنرێتە بەرهەم یاخۆ لە دەرەوە لەوانە باشتر و ڕێکوپێکتر دەهێنرێن.

کەرەسـەی ئەوسـای تەنەکەچی، کەمێ تەنەکـەی (لوح)ی ئەسڵی بوو، بەڵکو بە زۆری لـەم پیـــشـــەیەدا تەنـەکـــەی نەوت[119] بەکــار دەهـات، دوای ئەوەی دەکـرانەوە دەدرانەوە دەم یەک بە لـەحـیـم (قـەڵایی). لـەو کـەرەسـەیە دەرگـای تەنەکـە و سـەمـاوەر و بۆریـەکـەی، قـەعـەدەی منداڵ و مـەقـاش و مـقـەڵی و

١١٩. لە شێوەی سندووقێکی (مستطیل)دا، هاوکاری نەوت لە عێراقدا دروستی دەکرد، دوای ئەوەی پڕ دەکرا لە نەوت دەفرۆشرا، واتا ئەوسا عەرەبانەی نەوتگێڕ و بەرمیلی نەوت نەبوو، چونکە نەوت تەنها بۆ چرا یاخـۆ بۆ ئاگـردنەوە بەکـار دەهات، بۆ خـۆ گەرمکردنەوە و هەروەها بۆ چێشت لێنانیش هەر دار و خەڵووز بەکاردەهێنران.

ڕەحەتی نەوت و زۆپای دار و بۆریەکانی و گەلێک شتی تر دروست دەکران و بەنەخش و نیگاری جوان دەڕازێنرانەوە.

**وردە پیشەی تر:**

هەندێک پیشەی تایبەتی هەبوون لە سلێمانیدا کە زیاتر پیشەی ژنان بوون وەک: – کڵاوچنین: ئەوسا کڵاو پشتەکەی گورونی و قوماشی جوانی ڕەنگاوڕەنگی تر بوو، بەرەکەشی خام یا بلووری یا چیت و شتی تەنکی تری لەم بابەتە، پشتەکەی گەلێک نەخشی جوانی لەسەر دەچنرا[١٢٠]، ئەو کڵاوانە لەگەڵ جلی کوردیدا لەبەر دەکران، لەم دواییەدا کڵاوی بە دەزوو چنراویش داهات.

– لفکەچنین: لفکە لە (بەن) واتا لە خوری مەڕ دوای ڕستنی و هەڵکردنی، دەچنرا، کە ئەمە گرانترە لەو لفکانەی لە شوێنی تر دەفرۆشرێن و خوری نین، ئەوسا کە پارە بەهێز بوو لە کڕین و فرۆشتندا، لفکەیەک لە باشەکان[١٢١] بە پەنجا فلس کەمتر نەبوو، ئەو لفکانە دوو ئەوەندەی لفکەی شوێنەکانی تر دەبوون. ئەوەی شایانی باسە ئەم پیشەیە ئێستاش هەر بەردەوامە.

– گوێز و قەزوان و چەقالەی سوێر: ئەم شتانە سوێر دەکران لەناو خوێ ئاوا (خوێئاووک) بۆ ئەوەی زیاتر بەرگە بگرن و کەڕوو هەڵنەهێنن، بۆ ئەوەش کە نەرمتر بن و بە ئاسانی بە دەست یاخۆ بەدان بشکێن. ئەمانە لە بازاڕ و لە کۆڵانەکانیشدا[١٢٢] بە کۆڵ دەیانگێڕان بۆ فرۆشتن.

١٢٠. لە کڵاوچنیدا، مریەمی حەسەنەلی ناوی دەرکردبوو.

١٢١. باشترین لفکە لە سلێمانیدا باجی حەلاوی ژنی سەعە دزکوژ دەیچنی کە لە خوری (پاک) بوو.

١٢٢. یەکێک لەوانە (ئامەی چەقالە) بوو، کە بە کوێری بە کۆڵانەکانا دەگەڕا، ئەو شتانەی دەفرۆشت و دەستی سواڵی درێژ نەدەکرد. جەمال بابان باسێکی لەسەر بڵاو کردووەتەوە و کردوویەتی بە نموونەی ژنە کوردی تێکۆشەر لە ڕێی ژیانا.

## مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی- فۆلکلۆریی سلێمانی

ئەم شوێنە لە خانووەکەی جارانی (حاجی فەقێی شاڵی)دایە لە گەڕەکی سەرشەقام، لە ساڵی ١٩٧٦دا کراوەتەوە. کاک ئازاد عەبدولواحید بەڕێوەبەر و هونەرمەند (کامیل ئەحمەد مەعرووف) بیناکەی دەستکاری کردووە لە چوارچێوەی خۆیدا بەڵام دەستێکی هونەرمەندانەی پیاهێناوە.

لایەنە ئەتنۆگرافییەکەی بریتییە لە بایەخدان بەخوو و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی کورد و بایەخدان بە فۆلکلۆر لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و راو و شکار و پیشە میللیەکاندا.

مۆزەخانەکە کە دوو نهۆمە و چوار کەرتە و کەرەستەی فۆلکلۆری جۆرەوجۆریان گرتووەتە خۆ وەک پیشەی (دارتاشی، خەڕاتی، دەلاکی، زەڕەنگەری، ناڵبەندی، پزیشکی میللی، چەخماخسازی، هەلاجی، بەنایی، شیرگەری، کۆپان دوورین، گولاوگرتنەوە، جۆلایی، جووتیاری و وەرزێری، دروستکردنی کەوش و کڵاش و پانی بەرز و شەمامە بەن، بێژنگ دروستکردن، چەقۆ تیژکردنەوە... تاد) هەموو کەرەستەکانی ئەو پیشانەیان لا پارێزراون... ئەمە جگە لە ئامێری مۆسیقای میللی و سندووقی بوراقی نەخشدار و ئەو کەرەستانەی کە لە دار لە ناوچەی هەورامان دروست کراون، سندووقی جۆرەوجۆری هەشتەرخان و (کۆزمۆتیک) واتا ئەو کەرەستانەی کە ئافرەتی کورد خۆی پێ ڕازاندووەتەوە، ئەوە جگە لە مت و مووروی هەمەڕەنگ و خشڵی زیوی ناوچەی پشدەر و جافایەتی و کەلوپەلی ڕاوشکاری جۆرەوجۆر و وێنەی چرا و چراوگ و فانۆس و قوتیلەی کۆن... لەلایەکی تریشەوە: دیزە و گۆزە و دەرخۆنە و سەماوەر و شتی مسگەری.

مۆزەخانە بایەخ بەو شتانە دەدات کە تەمەنیان لە (٢٠٠) ساڵ تێپەڕ ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شتی کۆنی تەمەن زیاتر لەو دوو سەد ساڵە پارێزراون وەک: (کووپەی قەبر) و (هەندێ سکەی سەردەمی ئەخمینییەکان

و ساسانییەکان و یۆنانییەکان) و دەمانچەیەکی سەردەمی پاشا کۆرەی ڕەواندز و لە هەمووی زیاتر چاپخانەکەی پیرەمێرد.

## فۆلکلۆری گاڵتەوگەپ و قسە خۆشەکانی سلێمانی

فۆلکلۆری گاڵتەوگەپ بووە بە ئەدەبێکی جیهانیی بەرز، ئەم فۆلکلۆرە لە دەمێکەوە لە ناوچەکەدا هەیە کە هەر جارە بە جۆرێک ناو دەبرێت وەک (لەتیفە)، (نوکتە)، (قسەی خۆش)... لەو ڕۆژەوە سلێمانی دروست کرا جێی ئاگردانیش لە هەر ماڵێکدا دابین کرا، ژن و پیاو، کوڕ و کچی هەر ماڵێک، دوای بەجێهێنانی ئەرکی ڕۆژانە، لەبەرئەوەی ئەوسا تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و تەلەفۆن، سینەما و یانە و دیسکۆ... نەبوو لە دەوری ئاگردانەکە لە زستاندا کۆ دەبوونەوە، بە دەم خواردنەوەی خۆشاو و خواردنی گوێز و مێوژ و باسووقەوە... بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو ڕۆژە دەنگوباسی ناو شار و ئەم لاو لاوە، بە هێنانەوەی مەتەڵ و حیکایەت و نوکتە و قسەی خۆشەوە ڕایان دەبوارد، تا خەو بەلایانا دەبردەوە، لەو لاشەوە لە دیوەخانی میر، لە مزگەوت دوای نوێژی خەوتنان بەتایبەتی لە ڕەمەزاندا دوای بەجێهێنانی ئەرکی ئاینی، لە حوجرەی فەقێکاندا. لەم دواییەدا لە چاپخانە و بازاڕ و ڕێگای حەج و سەر تەنووری ژنان و کانی و کارێز و سەرحەوزدا... ئەمانە و گەلێک شوێنی تری لەم بابەتە، هەموو بەشدارییان لە پێگەیاندنی چەندەها قسەی خۆشدا لەناو ژن و پیاواندا کردووە.

لە ڕاستیدا قسەی خۆش و زمانی ڕەوان و شیرین و پاراو، بەهرەیەکی یەزدانییە و بەخششێکی بێ وێنەیە، خاوەنەکەی خۆشەویست و ئێسک سووک و ڕەزا شیرین دەکات، چونکە قسە لە جێیە، غەل و غەش و فیتنەیی لە قسەکانیا نییە، لە کات و شوێن و جێگای خۆیدا ئەو قسەیە دەکات یا وەڵام دەداتەوە، خۆ ئەگەر لە کات و شوێنی خۆیدا نەبێت، نە ئەو تامە و نە ئەو چێژ و خۆشییەی دەبێت، جگە لەوەش قسە لە جێ و قسە نەستەق و

(حــازر جــەواب)ی واش پەیدابوون کــە بەڕاســتی جــێی بەرز پیــاڕوانــین، هەروەها هەندێک دەم و زمان شیرین و قسە خۆشی واهەن، هەر قسەیەکی ڕەمــەکیش بکەن، ئەوەندە بە تام و لەزەت و خــۆشی دەگــێــڕنەوە پیــاو حــەز دەکات هەر گوێیان لێ بگرێت. دەنا ڕەنگ هەیە، هەر ئەو قسەیە یەکێکی تر بیگێڕێتەوە، پیاو سەری پێ قورس ببێت و لەشی داهێزرێت.

ئێمە وا لێرەدا چەند کەسێک لەو قسە خۆشانەی سلێمانی لە ژن و لە پیاو دەنووسین و قسەی خۆشی هەندێکیشیان، لە کاتێکدا کە زۆری تر هەن، ئێمە ناوەکــانمان دەست نەکــەوتوون یاخــۆ بۆیان نەچووین، لە پیــاودا: عــەلی بەردەشانی، ئاڵتوون ئەفەندی سەردەمی کاک ئەحمەدی شێخ، مفتی زەهاوی، لاله سەرحەدی ڕۆغزایی، حاجی ئەحمەدی کڕنوو، شێخ باباعەلی قەرەداغی، حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژەیی، مەلا رەشید بەگی بابان و مەلا حوسەینی پیسکەندی، شێخ مەحموودی حەفید، عەونی ئەفەندی حاجی گوورون[123]، عیزەت تۆپچی، رەشید دارا، ئەحمەد عەزیزئاغا، فایق بێکەس، قادر زەکی، فەرەجی حەمە مراد، مەلا سمایلی کانێسکان، حاجی محەمەدی عەنبەر، کەریم خان، ئەوڕەحمان و مەجۆلی خامە، عەبدوڵلاغا و مستەفاغای حاجی حەمە سەعید و برایم ئاغا، حەمە بەگی حاجی ڕەسوڵ بەگ، مەحموود شەوقی و ئەحمەد شەوقی و کوڕەکانیان، میرزا مارف، شیخ سەلامی شاعیر، ئاڵتوون ئەفەندی موتابچی، حسێنی حاجی وەلی، رەشید عەبدوڵلا (ڕەشۆڵ)، حەمەی برازای حاجی ئەحمەدی حاجی کەریم، مستەفاغای حاجی برایم ئاغا (خاڵە مچە)، حەمەی سەعیدی فەتاح، رەجەبی حاجی محەمەد (خاڵە رەجەب)[124]،

١٢٣. هەندێک بنەماڵە هەن هەموویان هەر قسەخۆشن، وەک بنەماڵەی حاجی گورون، بنەماڵەی حاجی حەمە سەعید، حەمەمیناغا و کوڕەکانی، ئەحمەدی عەزیزاغا و نەوەکانی...

١٢٤. قسەکانی بە پاڵ پێوەنان و هاندانی جەمال بابان کە ئەوسا سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و رەجەبیش مووچەخۆری شارەوانی بوو، بەناوی (ترش و شیرین)ی خاڵە رەجەبەوە بلاو کرایەوە، بەلام بەداخەوە هەمووی نەبوو.

عوسمانی حەمەی نادر، بەهجەت عەونی حاجی گورون، حسێنی میرزا صاڵحی حاجی گورون، کەمالی مستەفای حاجی گورون، نەریمانی بەهجەت عەونی، حەسەنی حسێن میرزا صاڵح حاجی گورون، یاسین خەلیل، عەزەبابی، نووری عەبە پاشا، بەهادین عارف ئەفەندی، حاجی حەسەن ئەفەندی، بەختیاری بەهادین عارف، کەمالی عەزمی بەگی بابان، ئەحمەد شوکری (دکتۆر شۆ)، حەمەمین ئاغا، مەلا سوورە، ئەحمەدی میرزا عارفی کاکە حەمە، عومەر عارف عــورفی، حەمەی بەکر، سابیری تەپەچنە، مەسیح ئەسـکەنـدەر عەلەکـە، ئەنــوەر ئەدهەم، غەفوور ئاغای حاجی مەلا سەعید، نووری حەمەمیناغا، خەسرەوی حەمەمیناغا، فوئادی حەمەمیناغا، حەمە رەشیدی حەمەمیناغا، ئەحمەدی سەعە بانەیی، کەمال محەمەد محێدین (کەماله شەل) عەبدوڵڵا حەسەن مەحموود (مامە عەبە لە کارگەی جگەرە)، حەسەنی سەید ئەحمەدی دایەنەکە، مام حەمەمینی پیاوی ماڵی ئەوڕەحماناغای ئەحمەد پاشا، حەسەنی حەمەی کەریمی مەحموود زارا (عەربەتی)، عەزیز ئەحمەد (عەزەی ئەحە خاوەنی گەراجی ئۆتۆمبیل شتن)، شێخ خالیدی شێخ محەمەدی خاڵ، فەریقی قاوەچی، بەکری حاجی سـەعەڕەش (بەکر قرقـێنە)، رەئـووفی نـووری کاکە نەنێ، عومەری مەحموود میرزا، عەبدوڵڵای عەبدولـــی حاجی کەریمی شمقارِ (عقید)، مەجید ڕەشید بەکر، عومەری حاجی حسێنی پێنـجـوێنی (عومەرە سوور)، چـالاک تاڵەبـانی، فەرەیدونی حاجی قادری حەمەی حاجی، ئەنوەر عــەلەکـە، بلەی سـەعــە کـەڕ کـە (شــریتی هەیە لەم بابەتــەوە دەفرۆشرێ).

ئەمانە وەک وتمان هەموو ئەو قسەخۆش و گاڵتە و سوعبەتچییانە نین کە ناوەکانیانمان هۆنییەوە، زۆری تر هەن ئێمە نایانناسین و شارەزای قسە خۆشەکانیان نین بۆیە داوای لێبوردن دەکەین.

له ئافرەتدا[١٢٥]: سەبحەخانی ژنی کەریم ئەفەندی ڕەشید ئاغا (دایکی دکتۆر ئەنوەر مەسرەف) و (شەفیقە خانی کچی واتا دایکی شێرکۆ بێکەس) و سەبری خانی کچی نووری حاجی قادری خەففاف ژنی عەزیزی میرزا ساڵح کە (لقب)ی شیعری (دایکی سۆلاف)ە، ئەختەرخانی کچی عەونی ئەفەندی حاجی گورون کە ژنی ڕەشید ئەفەندی کەریمی ئەفراسیاب بوو، حەلاوەخانی ژنی حاجی صاڵحی قاسم، ئافتاوەخانی قەفتان، میناخانی دایکی سەدیق عەبدوڵڵای پارێزەر، سنەوبەری حاجی قادری حەمەی حاجی ژنی چالاک تاڵەبانی، نەعەخانی تۆفیق ئاغا و زۆری تر.

**نموونەی قسەی خۆش و قسەی لەجێ**

**حاجی ئەحمەدی کڕنوو:** ئەم پیاوە شەربەتفرۆش بوو، نێرەکەرێکی هەبوو دەچوو لەو شاربازێڕە باری دەکرد لە مێوژی ڕەش بۆ شەربەتگرتنەوە، کە دەهاتەوە کەرەکەی لەبەر دووکانەکەیدا دەبەستەوە و توورەکەی کا و جۆی دەکرد بە سەرەوە، خۆشی پڕ بە دەم بانگی هەڵدەدا (...شەربەتی سارد و شیرین)، هەر ئەو وای دەوت نێرەکەریش لەولاوە دەستی دەکرد بە زەڕین. حاجی ئەحمەد بەمە زۆر تێک دەچوو، ڕۆژێک چوو پەلاماری کەرەکەی دا، کڵاو و جامانەکەی لە سەری خۆی کردەوە و بەستی بە سەری کەرەکەوە و ڕەشمەکەی لە ملی داکەند و کردیە ملی خۆیەوە، ئینجا نێرەکەری ڕاکێشایە دووکانەکەوە و پێی وت: (دەکەری کەرباب، ئەگەر تۆ شەربەتفرۆشی

١٢٥– ژن هەبوو لە ناونان و لەقەب دەرهێناندا زیرەک بوون: وەک سەمەن خانی ساڵحی کاکە حەمە کە دایکی جەمال بابانە، بە ئافرەتێکی خزمی خۆی دەوت (دەموچاو گونکە هەویر) کە ئەمە پڕ بە پێستی ئەم ئافرەتە و لە سەدا سەد بەسەریا ئەسەپا، کوڕێکی لای خۆمان (کە خزمەتی ئەکردین) ناو نابوو (... چاو دۆڵمە) چونکە چاوی گەورە و دەرپۆقیو بوو، بە ئافرەتێکی تری دەوت (... قژ بە تەشی بادراو) چونکە قژی لوول و ئاڵۆسکاو بوو.

دەفەرموو چۆنی ئەفرۆشی)

ئەمەی پێ وت و خۆشی چووە سەر توورەکەی کا و جۆیەکە، ئەمجا نێرەکەر کە هیچ نقەی نەدەکرد، ئەمیش لەوێوە بانگی دەکرد، (دە سەگی سەگباب دەی، فەرموو شەربەت بفرۆشە تاکو دەست بکەم بە زەڕین، خۆ شەقم برد).

**موفتی زەهاوی:** داود پاشای والی، داود پاشای بەناوبانگ، جارێک بە گاڵتەوە لە موفتی دەپرسێت بۆچی هەمیشە مەلا و فەقێکان (ضرب زید عمرا) بە نموونە دەهێننەوە و هەمیشە زەیدی زۆردار لە عەمری هەژار و بێ دەسەڵات دەدات. عەمر دەبێ چ سووچ و گوناهێکی هەبێت؟

موفەتیش کتوپڕ لە وەڵامدا دەڵێت: قوربان چونکە دزە، نابینی (و)ی لە ناوی جەنابت دزیوە، ئەوەتا (داوود) کە دەبێ بە دوو (و) بنووسرێ، کەچی ئێستا بە یەک (و) دەنووسرێ، عمرو و کە (و)ی نییە کەچی (و)ێکی لە دواوە بۆ دەنووسرێ بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەدا لە (عومەر) جیابکرێتەوە. جا بەم بۆنەیەوە گوایا (عەمرو) ئەو (و)ەی لە (داوود) دزیوە بۆیە بووە بە (داود) و لەسەر ئەوەیە هەمیشە تێهەڵدان دەخوات.

**شێخ بابەعەلی قەرەداغی:** سۆفی رەمەزان ریشێکی درێژی پێوە دەبێت، جارێک لە شێخ بابەعەلی دەپرسێت دەڵێت دەترسم لە کاتی دەستنوێژ شتندا ریشم تەڕ نەبێت، شێخ پێی دەڵێت: پەنجەی تێخە کە ئەمە پێ دەڵێن خەلەلە، شەرع هەر ئەوەندە داوا دەکات، دەڵێ بەخوا یا شێخ دڵم وەسوەسە دەکات. شێخ دەڵێت، کەواتە هەر لە شەوێوە بیخەرە ناو ئاو تا بەیانی دەخووسێ ئەو وەختە وەسوەسەت نامێنێ.

**مەلا ڕەشید بەگی بابان:** ڕۆژێک مەلا ڕەشید بەگ و مفتی و بابەعلی قەرەداغی و مەلا حسێنی پیسکەندی و چەند مەلایەکی تر دەچن بۆ

مزگەوتەکەی حاجی مەلا ڕەسووڵ.. خۆی لەوێ نابێ، ئەوانیش دادەنیشن و دەنێرن دەورییەک کەبابیان بۆ دێ و دەست دەکەن بە خواردنی، لەو کاتەدا پیاوێک بە مزگەوتدا دەڕوات کە ناسیاو دەبێ و دەبینێ وا مەلاکان کەباب دەخۆن، کەچی خاوەن مزگەوت خۆی لەوێ نییە لای سەیر دەبێت و هەر سەیریان دەکات، مەلا ڕەشید بەگیش دەڵێت: بۆچ سەیرمان دەکەیت، ئێمە خۆمان ویستمان ئەم کەبابە بەبێ حاجی مەلا ڕەسووڵ بخۆین، لە مزگەوتەکەی خۆیمان چاکتر دەست نەکەوت کە خۆمانی لەو تیا بشارینەوە دەزانین ڕێی ناکەوێتە ئێرە، بۆیە لێرە دەیخۆین.

**مەلا حسەینی پیسکەندی:** مەلا حسەین لە کەرکووک سەردەتاشێ، بەڵام سەری هەندێک چاڵ و چۆڵی تێدا دەبێت، وتی: دوای ئەوەی کابرای سەرتاش لێ بووەوە، لەسەر دەستووری ئەو دەمە وەک خەڵک دەستم برد (بێچو)یەکم دایە کە پارەی ئەو دەمە بوو، کابرای سەرتاش لێم مۆڕ بووەوە، وتی ئەوە چییە؟ وتم ئەوە حەق دەستەکەیە، وتی: جا بێچوویەکم دەدەیتێ، وتم ئەی سەرتاشین بە بێچوویەک نییە؟ وتی: جا بۆچی من سەرم تاشیوە یا گردم کێڵاوە؟

**حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژەیی**: حاجی مەلا ڕەسوڵ نەخۆش دەکەوێت، شێخ بابەعەلی قەرەداغی کە هاوڕێی دەبێت، دەچێت بۆ سەردانی و پێی دەڵێت: حاجی تەمەنێکی زۆرت ڕابواردووە بە وەعز و ئامۆژگاری و ئیسقاتی زۆرت خواردووە، بەڵام وا مەزانە چاک دەبیتەوە، دەمری، ئێمەش هەموو هاوڕێی تۆین، وەرە وەسیەتێکمان بۆ بکە چی بخۆین و چی وەرگرین. حاجی مەلا ڕەسوڵ دەڵێت: بابەعەلی خۆت دەزانیت من ئەو سێ مانگە لەسەر جێگا کەوتووم، هەرچیم بووە خەرجم کردووە هیچم نەماوە، ئەو عەسایە نەبێت، وەسیەت دەکەم کە مردم منداڵەکان حەواڵەی تۆی کەن، بابەعەلی دەڵێت: ئەی بە زیاد نەبێ من بە تەمای مردنیم ئەو عەسام حەواڵە دەکات. دوایی دەچنە

لای شێخ مەحموودی حەفید، شێخ دەفەرمووێ مەلایینە دوعا بە دەورەیەک بکەین خوا ئەمجارەش حاجی مەلا ڕەسوولمان لێ نەسێنێ... بابەعەلی دەڵێت: یا شێخ مەترسە نامرێ، ئەو تازە عەساکەی هەواڵەی خەڵک دەکات.

**شێخ مەحموودی حەفید:** ساڵی ١٩٥٦ شێخ مەحموود نەخۆش دەبێت لە نەخۆشخانەی (حەیدەری) لە بەغدا کەوتبوو، سستەرێکی ئینگلیز دەرزی لەلا ڕانی دەدا، دەبوایە شێخ کە دەرپێی کوردی لەبەردا بوو، تۆزێک بەنەخوێنەکەی شل کردایە و دەرپێیەکەی داماڵیایە، کە سستەرەکە ئەمەی داوا لێ دەکات ئەویش دەڵێت: چەند ساڵ ئینگلیز بە دەست منەوە زەلالەتی بوو... ئێستاش هەر خوا خوایە کە دەڵەقۆڕێکی ئینگلیز وا بە ئاسانی دەرپێ بە من دادەکەنێ، دەک رووی زەمانە ڕەشبێ.

**عیزەت تۆپچی:** مامۆستا لە مزگەوتی گەورە وەعزی دەدا، شێخ مەحموودی حەفید و سەید نووری نەقیب و عالەمێکی زۆری لێ دەبێت، وەعزەکەی ئەو ڕۆژە لە بابەت خراپیی ئارەق خواردنەوەوە دەبێت، دەڵێت: ئەو عالەمە، چەند بێ عەقڵن، بۆ خۆشی نیو سەعات دەچن دە قڕان دەدۆڕێنن، دەیدەن بە قاپێک ئارەق قوزەڵقورتی دەکەن، عیزەت لە کۆڕەکەدا دەبێت، کوتوپڕ هەڵدەسێ و ڕوو دەکاتە شێخ دەڵێت:" دەسا یا شێخ، بەو مەرقەدی کاکە ئەحمەدە، ئەگەر وابێ، مامۆستایان خەڵەتاندووە و چوار قڕانیان زیاد لێ سەندووە، چونکە قاپێ ئارەقی زۆر چاک بە شەش قڕانە).

**حاجی محەمەدی عەنبەر:** پیاوێکی دەردەدار دەبێت، هەمووجار کە دەچێتە مزگەوتی شێخ جەلال لە سلێمانی، لە خوا دەپاڕێتەوە: خوایە چاوم ڕوون کەیتەوە، ژانی پشتم نەهێڵیت، گورچیلەم بەردی تیایە شیفام بدەی، پەراسووەکانم ژان دەکەن، ئیسراحەتیان پێ ببەخشی... بەمجۆرە هەمووجار دوای نوێژ لە سەری دەڕۆیشت. ڕۆژێک حاجی محەمەدی عەنبەر لێی

ڕادەپەڕێت دەڵێت: ئەرێ مردووت مرێ، بۆ خوا پینەچییە، ئەم هەموو شوێنانەی تۆ پینە بکات، خۆ تا ئەمانە دەکات، دە دوانزە کوڕی گەنجی جوان دروست دەکات، ئیتر چییەتی بەسەر ئەم جووت باقێ و پینە دۆزییەوە!

**ئەحمەدی عەزیز ئاغا:** ئەحمەدە فەنی شەو کە بەتەنها لە ژوورەکەی خۆی دەنووست دەرگای ژوورەکەی لە دیوی ناوەوە خڕ دادەخست، جارێک لێی دەپرسن، ئەو دەرگایە بۆ چ دادەخەی؟ لە وەڵامدا دەڵێ: نەک (ح)ی خێزانم کەتنێکم پێ بکات!!

**فایق بێکەس:** فایق لە (تەوێڵە) مامۆستای قوتابخانە دەبێت، کاربەدەستانی تەوێڵە لەگەڵ ئەوانەی سنووری ئێراندا هاتوچۆ لە بەینیاندا دەبێت، جارێک فەرمانبەرانی تەوێڵە، هەموو کۆ دەبنەوە، دەچن بۆ (ملە شۆپە) ئەو مەخفەرەی ئێرانییەکانی لێ هەن بەرامبەر بە تەوێڵە، فەرمانبەرانی ئەوێش دێن بە پێشوازییانەوە. فایق تاقمەکەی خۆی لە شێوەی گاڵتەجاڕی و هەریەکە لەقەبێکی ئێران ئاساییان دەداتێ و پێشکێشیان بەوان دەکات، یەکەیەکە: لە پێشدا خۆی پێشکێش دەکات دەڵێت: بەندە (مفلس الدولەی اعوری)، دووەم کە دەچێتە پێشەوە، پێشکێشی دەکات دەڵێت: (نێرەکەر السلطنەی مەترەقی)، بە سێیەم دەڵێت: (متعقل خانی کەربابی)، چوارەم (مێ بازالله خانی أعرجی)، پێنجەم (سفیه الدولەی سەرخۆشی)، شەشەم دەڵێت ئەم زاتەش (پێک الله خانی شاربی)، حەوتەم (مطیع المالیکی هەڵەوەڕێ)، بە هەشتەمیش دەڵێت (رەقەڵ الانجمەنی بێ هێزی)، نۆیەم (وورگ الملکی ئاووسی)، دوای هەموویان دەیەم پێشکێش دەکات دەڵێت: ئەم ئاغایەش (شەکەنێر هومایۆنی خڕنووکی). بەمجۆرە، هەموو هاوڕێکانی پێشکێش دەکات بەو سیفەت و ڕەوشتانەی کە پێیانەوە بووە، بەرامبەرەکانیشیان لە سەرەتاوە هەموو واقیان لەم لەقەبە زل زلانە وڕ دەمێنێ، تاکو لە دواییدا لە یەکتری ئاشکرا دەبن...

**خاڵە رەجەب:** خاڵە سەردەمێک ماڵی لە کەرکووک دەبێت، کە لێی دەپرسن لە چ گەڕەکێک بوویت دەڵێت: لە قۆریە. دەڵێن، گەڕەکی قۆریە گەورەیە، لە چ عاستێکدا بوویت: دەڵێت: لای لوولەکەیەوە.

## بەشی کارگێڕی

**ناوچەی سلێمانی- دابەشبوونی لە ڕووی کارگێڕییەوە:**

لەمەوپێش باسی ناوچەی شارەزوورمان لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کرد لە کاتێکدا کە هێشتا سلێمانی بنیات نەنرابوو کە ئەوسا (ولایەتی شارەزوور) یان پێ دەوت و مەرکەزەکەی کەرکووک بوو. دوای دروستکردنی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤دا و لە دووتوێی باسە مێژووییەکاندا گەلێک شتمان لە ڕووی دابەشبوونی کارگێڕی ناوچەکەوە بۆ ڕوون بووەوە، چ لە ڕۆژگاری بابانەکاندا، چ لە سەردەمی ئینگلیزەکان و شێخ مەحمووددا، دەمێنێتەوە سەر دابەشبوونی ناوچەی سلێمانی لە سەردەمی حوکمی نیشتمانیدا، واتە لە ساڵی ١٩٢٤و بەدواوە کە ئەوسا بە تێکڕایی (لیوا- پارێزگا)ی سلێمانی بریتی بوو لەم قەزا و ناحیانە:

یەکەم: قەزای مەرکەزی سلێمانی کە مەرکەزەکەی شاری سلێمانی بوو، واتا قائیمقام لە شاردا، دادەنیشت و قەزاکەش بریتی بوو لەم ناوچانە:

١- ناحیەی سەرچنار کە مودیر ناحیە هەر لە سلێمانی دادەنیشت چونکە ئەوسا سەرچنار خۆی ئاوەدان نەبوو، ئەو دێهاتانەی نزیک سلێمانی بەرەو ڕۆئاوای لەسەر بوو، بەڵام لە دواییدا ئەم ناحیەیە هەڵگیرا.

٢- ناحیەی تانجەڕۆ- مەرکەزەکەی عەربەت بوو.

٣- ناحیەی قەرەداغ- مەرکەزەکەی (زەردیاوا) واتا قەرەداغ بوو.

٤- ناحیەی سووورداش- مەرکەزەکەی (سووورداش) بوو.

٥- ناحیەی بازیان- مەرکەزەکەی (تەیناڵ) بوو.

دووەم: قەزای هەڵەبجە (حلبجە): مەرکەزەکەی شاری هەڵەبجە بوو، ئەم ناحیانەی هەبوو:

١- ناحیەی پێنجوێن: گەورەترین ناحیەی قەزاکە یاخۆ ناوچەکە بوو مەرکەزەکەی شاری (پێنجوێن) بوو، لە دواییدا بوو بە مەرکەزی قەزا.

٢- ناحیەی وارماوا: مەرکەزەکەی (فەقێ جنە) بوو.

٣- ناحیەی مەرکەز: مەرکەزەکەی (هەڵەبجە) بوو.

سێیەم: قەزای شارباژێڕ (شهربازار)، مەرکەزەکەی شاری (چوارتا) بوو، ئەم ناحیانەی هەبوو:

١- ناحیەی ماوەت، مەرکەزەکەی دێی ماوەت بوو.

٢- ناحیەی سرۆچک، مەرکەزەکەی دێی بەرزنجە بوو.

چوارەم: قەزای پشدەر: لە سەرەتاوە (تشکیلات)ی تیا نەبوو، تا لە دواییدا (لە ساڵی ١٩٣٨دا) قائیمقامی بۆ چوو، مەرکەزەکەی شاری (قەڵادزێ- قلعەدزە) بوو ئەویش دوو ناحیەی هەبوو:

١- ناحیەی مەرگە یاخۆ بنگرد کە مەرکەزەکەی دێی (بنگرد) بوو.

٢- ناحیەی مەرکەز کە مەرکەزەکەی هەر (قەڵادزێ) بوو.

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٦ بەدواوە (قەزای رانیە)ش خرایە سەر سلێمانی. کە ئەویش دوو ناحیەی هەبوو:

١- چناران کە مەرکەزەکەی (میرزا رۆستەم) بوو، بەهۆی هەڵساندنی بەستی دووکانەوە، میرزا رۆستەم و گەلێک دێهاتی تری ناوچەکە بوون بەژێر ئاوەوە و مەرکەزەکەی گوێزرایەوە (خەلەکان).

٢- ناودەشت کە مەرکەزەکەی (سەنگەسەر) بوو.

## دابەشبوونی پارێزگای سلێمانی[126]
## لە ڕووی کارگێڕییەوە و هەندێک زانیاری تر[127]

**یەکەم: قەزای مەرکەزی سلێمانی:**

- پانتاییەکەی (١٤٣٣)کم٢، بەوە ١.٩٪ گشت پانتایی ناوچەکەیە.
- ژمارەی دانیشتوان بەگوێرەی سەرژماردنەکەی ساڵی ١٩٨٧ (٣٦٤٠٩٦) کەس بوون.
- ئابووری ناوچەکە لەسەر کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاریی تر بەندە.

کشتوکاڵی ئەم ناوچەیە بە زۆری گەنم و جۆ و گەنمەشامی و گوڵەبەڕۆژە کە بە زۆری بە ئاوی باران دێنە بەرهەم، جگە لە هەندێک باخ و بێستان.

پیشەسازی ئەم ناوچەیە بریتییە لەو کارگە و ماکینانەی دەوڵەت و خەڵک کە لە سلێمانی و دەوروپشتیا هەن وەک کارگەی جگەرە و چیمەنتۆ و گەچ و چنین و پلاستیک... گەلێک شتی تر کە لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا نووسراوە.

- بەشی خزمەتگوازی وەک: دووکان و بازاڕ و چێشتخانە و میوانخانە و گازینۆ و ئیشکردن لە دایەرەکانی دەوڵەت و لە گواستنەوە و بنیات و شوێنی تردا دێتەدی.

ناحیەکانی ئەمڕۆی قەزای سلێمانی:

- ناحیەی برایەتی (الاخوة)، مەرکەزەکەی (عەربەت)ە لە ڕۆهەڵاتی سلێمانییە و لەوەوپێش ناحیەی (تانجەرۆ)[128] بوو، عەربەت (٢١) کیلۆمەتر

١٢٦. مەبەست لە ساڵی (١٩٩٠-١٩٩١)ە.

١٢٧. بە کورتی لە کتێبی (الدليل الاداري للجمهورية العراقية) (١٩٨٩-١٩٩٠)ەوە وەرگیراوە، کە وەزارەتی (الحكم المحلي) دەری کردووە، کە هەڵەی زۆریشی تێدایە.

١٢٨. ناوەکەی بە گوێرەی (مرسومی جمهوری ژمارە ٣١١ ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٢٨) گۆڕرا بە (الاخوة).

له سلێمانییەوە دوورە. پانتایی ناحیەکە هەمووی (٤٧٦کم٢) بەوە ٣٪ واتا لە سەدا سێی پارێزگای سلێمانی پێک دەهێنێت.

– دانیشتوانی ناحیەکە بەگوێرەی سەرژماردنی ١٩٨٧ (٢٦٣٢٤) کەسن.

– (٣٧) قوتابخانەی سەرەتایی بە (٤٤٢٤) قوتابی و (٥٣) مامۆستایان هەیە. جگە لە (٧) قوتابخانەی ئامادەیی بە (٢١٦٤) قوتابییەوە.

– نەخۆشخانەیەک بە (١٧) جێگاوە لەگەڵ (٦) دەزگای تری تەندروستی هەیە.

– ئاوی خواردنەوە لە ساڵی ١٩٧٦دا پرۆژەی بۆ پێک هێنرا کە (٩٠٠٠م٢)ی لە رۆژێکدا دەدا و کارەباشی تێدایە، کشتوکاڵی ئەم ناوچەیە بە زۆری گەنم و جۆیە کە بە ئاوی باران دێتە بەرهەم و لە هەموو شوێنێکی تری ناوچەی سلێمانی پیتی زیاتر و بەرهەمی زۆرترە، دوای ئەوە توتن و مەرەزە و چەوەنەری شەکر و سەوزە و شتی تر، زۆری خەڵکەکەش بە راگرتنی مەڕ و بزنەوە بەڕێوە دەچن. ئەمە جگە لە کاروباری تر کە دەیکەن وەک دووکان دانان و گواستنەوە بە گەڕێن و کرێکاری...

ناحیەی بازیان:

لە رۆئاوای سلێمانییە، تەیناڵ کە مەرکەزەکەیەتی (٣٧) کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دوورە.

– پانتایی ناحیەکە (٣٦٨کم٢)، واتا ٢.٣٪ی پانتایی هەموو ناوچەی سلێمانییە و ژمارەی دانیشتوانی (١١٥٤٦) کەسن. زۆربەی کشتوکاڵیان گەنم و جۆیە کە بە ئاوی باران دێتە بەرهەم جگە لە چەڵتووک و سەوزە و میوە کە بە ئاوی چەمی تەیناڵ و کارێزاوەوە بەرهەم دێن. هەروەها دانیشتوان مەڕ و بزنیش ڕادەگرن و سوودیش لە کرێکاری گواستنەوە و دووکانداری و هەندێ کارگە وەک کارگەی بەرد دەبینن.

**قەزای هەڵەبجە:**

- ژمارەی دانیشتوانی مەرکەزی قەزا (٤٠١٥٧) کەسن.
- نەخۆشخانەیەکی تێدایە کە (٥) پزیشک و (١٠٠) جێگای هەیە.
- پڕۆژەی ئاو و کارەباشی هەیە.

–لە ڕووی ئابوورییەوە دانیشتوانی ناوچەکە کە بە کشتوکاڵ و ئیشوکاری تر بەڕێوە دەچن، وەک گەنم و جۆ چاندن و تووتن پەروەردەکردن، جگە لە باخی هەنار و گـــوێز و توو و ترێ لە ناوچەی هەورامـــان هەروەها بەخێوکردنی مەڕ و بزن و گا و مانگا و هەنگ. ناوچەی هەورامان لەسەر ئەم قەزایەیە کە دانیشتوانی تەوێڵە جاران دەیەها جۆرە بەرهەمیان دەهێنایە ناو ناوان وەک چنینی شـاڵ بۆ رانک و چۆغـە و دروسـتکردنی کوڵەباڵ و فەرەنجی و شەبقەی خوری و دروستکردنی کڵاش و قەلەمبڕ و پنە و تیرۆک و گەلێک وردەکاریی تر.

- هەڵەبجەی تازە بوو بە مەرکەزی قەزا[١٢٩].

ناحیەی شارەزوور[١٣٠]:

- مەرکەزەکەی دێی (زەڕایەن)ە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سلێمانی و دەربەندیخان (کە یەکێک بوو لە دێهاتی ناحیەی وارماوەی کۆن).
- پانتایی ناحیەکە هەمووی (٤٨١کم٢)، واتا ٣٪ی گشت پانتایی ناوچەی سلێمانییە.
- ژمارەی دانیشوانی (٤٥٧٢٠) کەسن.
- لە ژیانیاندا، دانیشتوانی ناوحیەکە پشت بە چاندنی گەنم و جۆ زیاتر

١٢٩. بەگوێرەی مەرسومی جمهوری ژمارە٣١١ ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٨

١٣٠. بە گوێرەی (قەراری وەزارەتی حوکمی محلی) ڕۆژی ١٩٧٩/١٠/١٦ پێک هێنرا و لە (ناحیەی زەڕایەن)ەوە گۆڕرا بە (ناحیەی شارەزوور) بە گوێرەی (مەرسومی جمهوری ژمارە ٣١١ ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٢٨).

دەبەستن، جگە لە بەخێوکردنی مەڕ و بزن و هەندێکیشیان ئیشی سەرپێیی وەک دووکاندار و کرێکاری و ئۆتۆمبیلچیەتی و هەندێ ئیشی تریش دەکەن.

ناحیەی پێنجوێن[١٣١]:

دەکەوێتە بەشی ژوورووی ڕۆهەڵاتی سلێمانی و بە دووری (١٠٤) کیلۆمەتر لە شاری سلێمانییەوە.

- پانتاییەکەی ١٣٦٣کم٢.
- پرۆژەی ئاو و کارەبای هەیە.
- دانیشتوانی ناوچەکە بە کشتوکاڵەوە خەریکن جگە لە کۆکردنەوەی گەزۆ و جەوی (صمغ)، هەروەها ئاژەڵ بەخێو دەکەن و بازرگانی و دووکانداری و کرێکاریش دەکەن.

**مەرکەزی قەزای پشدەر:**

واتا (قەڵادزێ)[١٣٢] کە دەکەوێتە ژوور شاری سلێمانیەوە بە (١٧٥) کیلۆمەترە.

- پانتایی مەرکەزی قەزا (٣١٣)کم٢.
- ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە (٣٦٥٢٠) کەسن.
- خەڵکەکە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن و هەنگ ڕاگرتنەوە خەریکن، ئیشی تریشیان هەیە، وەک دووکانداری و بازرگانی و کرێکاری.

ناحیەی ناودەشت:

وەک وتمان مەرکەزی ناحیە (سەنگەسەرە)، ئەم ناحیەیە لە پێشدا لەسەر قەزای رانیە بوو، ئێستا خراوەتە سەر قەزای پشدەر.

---

١٣١. پێنجوێن وەک وتمان ناحیە بوو سەر بە هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥٩دا بە گوێرەی (مەرسومی جمهوری ژمارە ٧١٦ ڕۆژی ١٩٥٩/١١/١٠) کرا بە قەزا، لە دواییدا لە کاتی شەڕی بەینی عێراق و ئێراندا کرایەوە بە ناحیە.

١٣٢. وەختی خۆی لە ساڵی ١٩٣٨دا کرا بە مەرکەزی قەزا بە (ارادەی ملکی).

پانتایی ئەم ناحیەیە (٧٨٦)کم٢ و ژمارەی دانیشتوانی (٣٧٠٨٢) کەسن.

– لە ڕووی ئابوورییەوە خەڵکەکە زیاتر هێزیان داوەتە سەر تووتن چاندن چونکە ئاووهەوای ناوچەکە بۆ تووتن چاندن لەبارە. دوای ئەو گەنم و جۆ و گوڵەبەڕۆژەش دەچێنن، جگە لە بەخێوکردنی مەڕومالآت و هەنگ؛ باقی دانیشتوان کرێکاری و بازرگانی و دووکانداری دەکەن، هەروەها قاڵی چنین پیشەی هەندێک لە دانیشتوان بوو.

**مەرکەزی قەزای رانیە**[١٣٣]:

شاری رانیە دەکەوێتە بەشی ژووری ڕۆئاوای سلێمانی و (١٤٦) کیلۆمەترە لێوەی دوورە.

– پانتاییەکەی (٨٨٤م٢) واتا ٨.٣٪ پانتایی گشت ناوچەی سلێمانییە و ژمارەی دانیشوانی (٦٥٠٩٥) کەس دەبن.

– لە ڕووی ئابوورییەوە دانیشتوان خەریکی کشتوکاڵ بەتایبەتی گەنم و جۆ و تووتن و گوڵەبەڕۆژە و سەوزە و بەخێوکردنی مەڕومالآت و ڕاگرتنی هەنگ. باقیەکەشیان بە بازرگانی و دووکانداری و کرێکاری و ئیشکردن لە دەزگای دەوڵەتدا خەریکن.

باشترین تووتن لە ناوچە ساردە شاخاوییەکانی رانیە دێتە بەرهەم، هێجگار تووتنی (زارگەلی) و (دۆڵی شاور)[١٣٤] دەگەیشتنە ڕێزی تووتنی (ڤێرجینیا).

---

١٣٣. رانیە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە، واتا لە ساڵی (١٩١٣)وە قەزایە.

١٣٤. تووتنی باش ئەو تووتنەیە کە گەلآکەی تەنک و ڕەنگی زەرد و ئاڵتوونی هەبێت، ئەمەش لە شوێنی فێنک و بە ئاوی ئەو شوێنانەی سەرەوە ناودەشت کە بەفری تواوەی چیای قەندیلن. جا ئەگەر (پشقل) وەک (سماد) بکرێتە زەوییەکە و بە میزی بزن تێر بکرێت (بزنی تیا بێرە بکرێت) پێش کێلآن و چاندن، ئەوساکە تووتنەکە بۆن و بەرامەکەشی خۆش دەبێت.

**مەرکەزی قەزای دووکان:**

دووکـان دەکـەوێتـە بەشی ژووروی ڕۆئاوای شـاری سلێـمـانی و نـزیکەی (١٤٠) کیلۆمـەترە لێوەی دوورە. دووکـان پێش بـنیـاتنانی بەسـتەکە، دێیەک بوو، کـە ناوی دەهات، تەنهـا لەبەر ئەوە بـوو کـە زێی کـۆیە (زێی بچـووک) و (قـەیاغ)[١٣٥]ی لێ بوو، کە زەلام و کـاروانچی و گـەڕێنی دەپەڕانەوە لەمـبـەر و لەوبەر، واتە سـەرە ڕێگـای ئۆتۆمبیلی بەینی سلێمانی و رانیـە و پشدەر بوو. دوای تەواوبوونی بەسـتی دووکان، شوێنەکەش کرا بە ناحیە و دوای ئەوەش بە گوێرەی (مەرسوومی جمهوری ژمارە ٢٦٦) ساڵی ١٩٧١ کرا بە قەزا.

ئەم قەزایە ناحیـەی سووورداشی جاران و ناحیەی چناران یاخـۆ خەلەکانی ئەوسـا دەگـرێتـەوە. پانتـاییـیـەکـەی بـە دەریاچەکـەوە نزیکەی (١٦٠٤کم٢) دەگرێتەوە کە دەکاتە ٢ . ١٠٪ لە چاو پانتـایی هەمـوو پارێزگای سلێـمانیـدا. ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ١٩٨٧دا (٢١٨٥٠) کەس بووە.

ئەمـڕۆ دووکـان بە یەکێک لـە شـوێنە خـۆشـە دڵڕفێنەکـانی گـەشـتـوگـوزار دادەنرێت لەبـەر هـەوای خـۆش و دیمەنی جـوانی دەریاچەکـە و مـیـوانخـانە و شـــوێنی حـــەســـانـەوەی تێـدایە. لـە ڕووی ئابووریـیــەوە ئـەم ناوچـەیە، وەک شوێنەکانی تری ناوچەکە بە چاندنی گـەنم و جۆ و تووتن و سـەوزە و باخات و ئاژەڵ ڕاگرتن و بازرگانی و دووکانداری و کرێکاری بەڕێوە دەچن.

١٣٥. قەیاغ (معبر) سەرەوەی لە تەختە دروست دەکرا و ژێرەکەی (دوبە)ی لووت تیژ وەک (کەشتی) بە (سیم)ەوە دەبەسترا کە لەمبەر و ئەوبەری ئاوەکەی بەسەریا دامەزرابوو بە ئەڵقە دەجـوولا لەگـەڵ تەوژمی ئاوەکـەدا، ئەوەندە گـەورە بوو، جـاری وا هەبوو سێ چوار بگرە زیاتر گەڕێن (ئۆتۆمۆبیل)ی لۆری و جێب و قـەمـەرە و کـاروانی وڵاخـیشی لەسەر جێ دەبووەوە. ئەمە ئیشی (پرد)ی دەبینی.

**مەرکەزی قەزای دەربەندیخان :**

دەربەندیخـان دەکەوێتـە خـوارووی ڕۆژهەڵاتی سلێمـانی و (٦٦) کیلۆمـەتر لێـوەی دوورە. دەربەندیخـان پێش ساڵـەکانی ناوێکی ئەوتۆی نەبوو، تەنهـا ئەوە نەبێت کـە شـوێنێک بوو سـەر بەناحیـەی (وارمـاوا)ی کۆن، بەڵام دوای هەستانی بەستەکەی دەربەندیخـان ناوی پەیدا کرد و بەگوێرەی (مرسـومی جـمـهـوری ژمـارە ٤٦١ سـاڵی ١٩٧١ بوو بەقـەزا) دوای ئەوەی کـە بوو بەمەرکەزی ناحیەی (وارماوا).

پانتـایی ئـەم قـەزایە (٧٨٣ کم٢)، بەوە ٥٪ی گـشت پانتـاییی پارێزگـای سلێمـانی پێک ئەهێنێت و ژمـارەی دانیشـتوانی (١٥٣٥٠) کـەسن، ئەم (خان)ەش کە دەربەندەکەی بەناوەوە نراخان ئەحمەدی خانی ئەردەڵانیە[١٣٦]. پرۆژەی ئاو و کارەبا لە شارەکەدا هەیە. دانیشتوانی لە رووی ئابوورییەوە خـەریکی کشـتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵن. جگە لەوەی ئێستـا ناوچەکە کەمێک روخساری گەشت و گوزاری وەرگرتووە بەهۆی بەستـەکەوە خـەڵک رووی تێئـەکەن، هەندێکیش خۆیان بە ڕاوە ماسی بەڕێوە ئەبەن باقیەکەی فەرمانبەری میری و کرێکار و دوکاندار و بازرگانن.

**مەرکەزی قەزای چەمچەماڵ :**

چەمـچـەمـاڵ لە سـەردەمی عـوسـمـانیـەکـان و ئینگلیـز بەدواوە هـەر سـەر بەسلێمـانی بوو، بەڵام لە ڕۆژگـاری حـوکـمی نیـشـتـمـانیـدا خـرایە سـەر کـەرکـووک دوای ئەوە بەگـوێرەی (مـرسـومی جـمـهـوری ژمـارە ٢٥٨ ڕۆژی ١٩٧٥/١١/٦ لەگـەڵ کـەلاردا لـە کـەرکـووک سـەندرانـەوە و خـرانەوە سـەر سلێمانی. چەمچەماڵ ئەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی بەلای خوارووی دا و

١٣٦. خان ئەحمەد خان کوڕی هەڵۆخانە کە لە ساڵی ١٠١٤ک (١٦١٥ز) بەدواوە حوکمی ئەو ناوچەیەی ئەکرد. سەیری کتێبی (أصول أسماء المدن و المواقع العراقية)، جزمی یەکەم، لاپەڕە- ١١٥) نووسینی جەمال بابان بکە.

(٥٨) کیلۆمەترە لێوەی دوورە و راست لەسەر ئەو ڕێگای ئۆتۆمۆبێلەیە کە لە کەرکووکەوە دێت بۆ سلێمانی. پانتاییەکەی (٢٣٧٩ کم٢)، کەواتە ١٫١٥٪ لە گشت پانتایی پارێزگای سلێمانی پێک ئەهێنێت.

ژمارەی دانیشتوانی (٧٠٥٥٢) کەسن. دانیشتوانی زیاتر بەکشتوکاڵەوە خەریکن، زیاتر وشکەدان، چونکە ناوچەکە چەم و رووباری ئەوتۆی تێدا نییە، هەروەها ئاژەڵیش بەخێو ئەکەن. لەناو شاریشدا زۆربەی دانیشتوان خەریکی بازرگانیەتی و دوکانداری و کرێکاری و ئیشی میرین.

**مەرکەزی قەزای کەلار:**

کەلار ئەکەوێتە سەر ئەو ڕێگای ئۆتۆمۆبێلەی لە بەغدا- جەلەولاوە دێت بۆ دەربەندیخان و لەوێوە بۆ سلێمانی. کەلار نزیکەی (١٥٠) کیلۆمەترە لە سلێمانیەوە دوورە.

کەلار لەوەپێش دێیەک بوو سەر بەناحیەی (سەرقەڵا- قەڵای شێروانە) کە سەر بەقەزای کفری بوو، بەڵام لە ساڵەکانی هەفتاکاندا کرا بەمەرکەزی قەزا و بەگوێرەی (مرسومی جمهوری ژمارە ٢٥٨ ڕۆژی ١٩٧٥/١١/٦ لە کەرکووک وەرگیرا و خرایە سەر سلێمانی .

کەلار زیاتر مەڵبەندی بەگزادەکانی عەشیرەتی جافە، ئەوانەی ناوچەی گەرمیان و لە زووەوە (لە سەردەمی زاهیر بەگەوە) نیشتەجێی ئەوێن و حەمەپاشای کەیخەسرەو بەگ کۆشکێکی جوان و فراوانی بەسەر گردەکەوە لە گوێ سیروان دروست کرد.

پانتایی قەزاکە (٢١١١)کم٢ واتا ١٣٫٤٪ی پانتایی گشت پارێزگای سلێمانییە. ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ١٩٨٧دا (٨٢٠٠٤) کەس بوون.

## سلێمانی و هەر شتە بە ژمارە

ئەو شتانەی لەمەودوا باسیان دەکەین، هەموومان لە سەرچاوەی (ڕەسمی) و ڕاستەوە هەڵێنجاون، هەندێکیان پێوەندیان بە مێژوویەکی دووری وڵاتەکەوە هەیە، بەڵام هەندێکیشیان، هێجگار ئەوانەی کە لە (مجموعەی احصائیە)وە وەرگیراون تایبەتن بە چەند ساڵێکەوە وەک ساڵەکانی ۹۸۷، ۹۸۸، ۹۸۹ کە ئەمانە نموونەن بۆ چەند ساڵێک لە ساڵەکانی پێش و پاش خۆیان. وەک وتمان ئێمە مێژووی سلێمانی لەڕووی سیاسی (ڕامیاری)یەوە تا شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ۱۹۵۸ دەکەین و لەوێدا وەستاوین، ئەو شتانەی تر کە دەستمان کەوتوون وەک ئەم (احصائیات)ە بە حەیفمان زانی لێرەدا لەگەڵ هەندێک شتی بە سوودا بڵاویان نەکەینەوە.

**پانتایی ناحیە و قەزاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی**

| قەزاکان | ناحیەکان | پانتایی بە کیلۆمەتر دووجا |
|---|---|---|
| قەزای مەرکەزی سلێمانی | ناحیەی بازیان<br>گشت قەزای مەرکەزی سلێمانی | ٣٦٣<br>٣٤٠٤ |
| قەزای پشدەر | ناحیەی ناودەشت<br>ناحیەی مەرکەز<br>گشت قەزای پشدەر | ٦٦٤<br>٥٠٥<br>١١٦٩ |
| قەزای ڕانیە | ناحیەی مەرکەز<br>ناحیەی بێتواتە<br>گشت قەزای ڕانیە | ٥٨٩<br>٢٧٢<br>٨٦١ |
| قەزای دوکان | قەزای دوکان | ١٥٦٧ |
| قەزای دەربەندیخان | ناحیەی مەرکەز<br>ناحیەی زەڕایەن<br>گشت قەزای دەربەندیخان | ٥٣٢<br>٣٤٦<br>٨٧٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧٣٣ | قەزای چەمچەماڵ | قەزای چەمچەماڵ |
| ٢٢٠١ | قەزای کەلار | قەزای کەلار |
| ٤٣<br>٤٧١<br>٨٧٨<br>١٤٥٥<br>٢٨٤٧ | ناحیەی پێنجوێن<br>ناحیەی تانجەرۆ<br>ناحیەی هەڵەبجە<br>ناحیەی شارەزوور<br>گشت قەزای (الاخوە) | |
| ١٧٠٢٣کم٢ | گشت پارێزگای سلێمانی | |

**قەرساندنی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ساڵی ١٩٨٨:**

| گشتی | نێرینە | مێیینە |
|---|---|---|
| ١٠١١٤٠٦ | ٥٤٤٩٧٣ | ٤٦٦٤٣٣ |

**– دانیشتوان بە گوێرەی شوێن ساڵی ١٩٧٧:**

| گشتی | | دانیشتوانی شار | | | دانیشتوانی لادێ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە |
| ٣٧٥٠١٥ | ٣١٥٥٤٧ | ٢٢٥٦٠٢ | ١٧٥٠٦١ | ١٥٠٥٤١ | ٢٦٤٩٥٥ | ١٩٩٩٤٩ | ١٦٥٠٠٦ |

**– ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٧دا:**

گشتی

٩٥١٧٢٦ کەس

**– ژمارەی دانیشتوانی لە هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشەدا ساڵی ١٩٨٧:**

| ژمارەی دانیشتوان | پانتایی | دانیشتووی هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشە |
|---|---|---|
| ٩٥١٧٢٦ کەس | ١٧٠٢٣کم٢ | ٥٦ کەس |

**– ژمارەی ئیشکەر لە دایەرەکانی دەوڵەت و دەزگای ئیشتراکی و دەزگا تێکەڵاوەکان:**

| گشتی | پیاو (نێرینە) | ژن (مێیینە) |
|---|---|---|
| ٤٨٢٧٢ | ٣٦٩٧٨ | ١١٢٩٤ |

**ژمارە لە بابەت کشتوکاڵەوە لە ناوچەی سلێمانیدا:**

– زەوی بە گوێرەی تەڕ و وشکی تا ساڵی ١٩٨٨:

| گشتی دۆنم | زەوی بەراو/ دۆنم | زەوی ووشک (باران)/ دۆنم |
|---|---|---|
| ١٧٧٤٠٠٠ | ٢٦٨٠٠٠ | ١٥٠٦٠٠٠ |

– پانتایی ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ دەست دەدەن:

| پانتایی (مساحە)/ دۆنم |
|---|
| ١٧٧٤٠٠٠ |

– پانتایی و تۆو و بەرهەم ساڵی ١٩٨٨:

| | | | |
|---|---|---|---|
| گەنم | ١٥٤٠ | ١٠٠دۆنم | زەوی چێنراو |
| | ٥٠٠ | ١٠٠تەن | بەرهەم |
| | ٣٢٤ | کیلۆ دۆنم | تۆو |
| جۆ | ١٧٧ | ١٠٠ دۆنم | زەوی چێنراو |
| | ٣٧ | ١٠٠ تەن | بەرهەم |
| | ٢٠٦٧ | کیلۆ/ دۆنم دۆنم | تۆو |
| چەڵتووک | ١ | ١٠٠دۆنم | زەوی چێنراو |
| | ١ | ١٠٠تەن | بەرهەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٦٦٩.٠ | کیلۆ/دۆنم | تۆو |
| لۆکە | – | ١٠٠دۆنم | زەوی چێنراو |
| | – | ١٠٠ تەن | بەرهەم |
| | – | کیلۆ/ دۆنم | تۆو |
| گەنمەشامی | – | ١٠٠دۆنم | زەوی چێنراو |
| | – | ١٠٠تەن | بەرهەم |
| | – | کیلۆ/ دۆنم | تۆو |
| گوڵەبەڕۆژە | ٢٠٣٤٤ | ١٠٠دۆنم | زەوی چێنراو |
| | ٤٢٧٧ | ١٠٠تەن | بەرهەم |
| | ٢١٠.٢ | کیلۆ/ دۆنم | تۆو |

١- داری بەردار و درەخت تا ساڵی ١٩٧٨/١/١:

| گشتی | ژمارەی داری تر | ژمارەی درەخت (غابات) | ژمارەی داری ناوک ڕەق (بەردار) | ژمارەی دار لە هەر دۆنمێکدا (معدل) |
|---|---|---|---|---|
| ١١٥٥٧٢٠٠ | ٧٢٩٥٦٠٠ | ٣٨٧٧٥٠٠ | ٣٨٤١٠٠ | ٦.٨ |

٢- ژمارەی پانتایی ئەو زەوییانەی بەسەر جووتیارەکاندا لە ڕۆژی هاتنەدیی یاسای چاککردنی کشتوکاڵەوە، دابەش کراوە تا ڕۆژی ١٩٨٨/١٢/٣١:

| پانتایی ئەو زەوییانەی دابەش کراون | ژمارەی ئەو جوتیارانەی وەریانگرتووە |
|---|---|
| ١١٥٥٠٠٠ | ٥٣٦٠٠ |

٣- جۆری زەوی و خاوەنەکەی تا ١٩٧٩/١/١:

| گشتی بەدۆنم | تایبەتی (ملکیة خاص) دۆنم | زەوی (اصلاح زراعی) بەدۆنم | | زەوی ئەوقاف بەدۆنم | جۆری دۆنم |
|---|---|---|---|---|---|
| | | دابەشکراو | بەکرێ ئیجار | | |
| ١٥٠٩٦٠٠ | ٧٥١٩٠٠ | ٦٤٢٧٠٠ | ١٠١٧٠٠ | ١٣١٠٠ | ٢٠٠ |

٤- ژمارەی میوانخانە (ئۆتێل)کان ساڵی ١٩٨٧:

| ژمارەی ئوتێلەکان | ژمارەی ژوور | | ژمارەی ئەو قەرەوێڵانەی بۆ میوان تەرخان کراون | ئەو قەرەوێڵانەی گیراون | ژمارەی میوان |
|---|---|---|---|---|---|
| | میوان | خەڵکی تر | | | |
| ٢٨ | ٥٥٠ | ١٣٩ | ١٣٦٧ | ١٢٨٨٧٢ | ٤٦٦٩١ |

٥- ژمارەی دایەرەکانی بەرید و سندوقی بەرید تا ١٩٨٨/١٢/٣١:

| هەمووی (مجموع) | سندوقی بەرید | | دایەرەی بەرید |
|---|---|---|---|
| | گشتی عمومی | تایبەتی | |
| ٣٢٢ | ٤٢ | ٢٨٠ | ١٥ |

٦- ژمارەی ئەو شتانەی بە بەریدی ناوخۆدا گوێزراونەتەوە لە ساڵی ١٩٨٨ دا:

| گشتی هەمووی | زەرف | شتی نێرراو لەسەر حسابی بەرید | رەزمەی بچووک | چاپەمەنی | نامە و بیتاقە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٨٨ | ٢ | ١٨ | ١ | ١٥ | ٣٥٢ |

٧- ژمارەی نەخۆشخانە و دەزگای تەندروستی و عیادەی شەعبی لەساڵی ١٩٨٨دا:

| گشتی هەمووی | نەخۆشخانە | دەزگای تری تەندروستی | عیادەی شەعبی |
|---|---|---|---|
| ٨٠ | ١١ | ٦٢ | ٧ |

٨- ژمارەی تەندروستی و کاروباری ژیان:

ژمارەی نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستییەکان بەژمارەی قەرەوێڵەکانیان و نەخۆشەکانیانەوە لە ساڵی ١٩٨٨دا:

| نەخۆشخانە | | ژمارەی نەخۆشەکانی | ژمارەی ڕۆژی نووستنی نەخۆش |
|---|---|---|---|
| ژمارە | قەرەوێڵە | | |
| ١١ | ١١٥٩ | ٦٠٢٠١ | ١٩٥٥٣٩ |

٩- ژمارەی خاوەنی پیشە پزیشکییەکان لە نەخۆشخانەکاندا بە گوێرەی کار و ڕەگەز (نێرینە و مێیینە) تا ١٩٨٨/١٢/٣١:

| گشتی | | پزیشکی پسپۆڕ | | پزیشکی ممارس | | پزیشکی ددان | | دەرمان فرۆش | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە |
| ٩٩ | ٨١ | ٢٥ | ١١ | ٦٦ | ٥٦ | ٤ | ٣ | ٤ | ١١ |

١٠- ژمارەی خاوەنی پیشە پزیشکییەکان و (عیادە خارجی) و گەڕێنی (أسعاف) لە ساڵی ١٩٨٨دا:

| عیادەی دەرەوە | ژمارەی گەڕێنی (أسعاف) | گشتی | ژمارەی خاوەنی پیشە پزیشکییەکان | |
|---|---|---|---|---|
| | | | نێرینە | مێیینە |
| ١٠ | ١٦ | ٩٦٠ | ٤٨٩ | ٤٧١ |

١١- ژمارەی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکاندا لە ساڵی ١٩٨٨دا:

| نەشتەرگەریی گەورە | | | نەشتەرگەریی بچووک | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە |
| ٥٧٩٤ | ٢٤١٨ | ٣٣٧٦ | ١٦٨٧ | ٧٩٤ | ٨٩٣ |

١٢- ژمارەی خاوەن پیشە پزیشکییەکان بە گوێرەی پیشە لە بەینی نێرینە و مێیینەدا تا ١٩٨٨/١٢/٣١:[١٣٧]

| گشتی | | | پزیشکی پسپۆڕ | | پزیشکی تر | | پزیشکی ددان | | دەرمانفرۆش (صیدلی) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەموو | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە |
| ٥٤ | ٣٣ | ٢١ | ٢ | ٢ | ١٠ | ١٢ | ١٥ | ٢ | ٦ | ٥ |

١٣- مەرکەزە تەندروستییەکانی تر بە گوێرەی (جۆر) یان (جگە لە نەخۆشەکان) لە ساڵی ١٩٨٨دا:

| مەرکەزی تەندروستی | مەرکەزی تەندروستی (سەرەکی) | مەرکەزی تەندروستی (لق) | مەرکەزی تەندروستی (پسپۆڕ) | مەرکەزی تەندروستی (پاراستن-وقائی) |
|---|---|---|---|---|
| ١٧ | ١٣ | ١٩ | ١ | ١ |

١٤- لەدایک بوون و مردنی منداڵ (١٩٨٥- ١٩٨٧) و مردن لە ساڵەکانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧دا:

| لەدایک بوون بەزیندوویی ساڵی ١٩٨٦ | | | لەدایک بوون و بەزیندوویی ساڵی ١٩٨٧ | | | مردنی منداڵی لەدایک بوو ساڵی ١٩٨٥ | | | مردنی ساڵی ١٩٨٦ | | | مردنی ساڵی ١٩٨٧ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە |
| ٢٣٢٣٢ | ١٢٤٤٦ | ١٠٧٨٦ | ٢٢٣٣٦ | ١١٦١٧ | ١٠٧١٩ | ٥٤٧ | ٢٩٩ | ٢٤٨ | ١٤٧٢ | ٩٧٠ | ٥٠٢ | ٢٠٦٧ | ١٤٠٠ | ٦٦٧ |

١٣٧. بێگومان ئەم ژمارەیە دوورە لە ڕاستییەوە، ئەو ژمارانە لەو ڕۆژەدا لەوە زیاتر بوون. واتا ئەم ژمارەیە هەڵەی تێدایە.

١٥- ژمارەی ئەو کەسانەی کە خزمەتی نەخۆش دەکەن لە نەخۆشخانە و دەزگاکانی تردا- ساڵی ١٩٨٨:

| خزمەتکەری نەخۆش (دەرچووی زانکۆ) | | خزمەتکەری نەخۆش (دەرنەچووی زانکۆ) | | برینپێچ (مضمد) | |
|---|---|---|---|---|---|
| نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە |
| ٦ | ٦ | ١٢٦ | ٢١٢ | ٢٠٦ | - |

١٦- ژمارەی تاقیگای پزیشکی و دەرمانخانەی تایبەتی (المختبرات الطبية و الصيدليات) - ساڵی ١٩٨٨:

| تاقیگەی تەندروستی | دەرمانخانە |
|---|---|
| ٥ | ٢٣ |

١٧- ژمارە لە بارەی پەروەردە و زانستەوە.

| ژمارەی باخچە | گشتی | | | ژمارەی مامۆستاکان | ژمارەی باخچە | گشتی | | | ژمارەی مامۆستاکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گشتی | نێرینە | مێیینە | | | گشتی | نێرینە | مێیینە | |
| ١٩ | ١٦٦٧ | ٨٩٨ | ٧٦٩ | ١٠٦ | ١٧ | ١٩٢٩ | ٩٩٠ | ٩٣٩ | ٩٨ |

١٨- ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان ١٩٨٨/١٩٨٩:

| ژمارەیان بەگوێرەی (جۆر)یان | | | | ژمارەیان بەگوێرەی (کات)یان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گشتی | تێکەڵاو | کوڕ | کچ | گشتی | قوتابخانەی ڕۆژ | قوتابخانەی ئێواران |
| ٢٢١ | ٢٠٣ | ١٣ | ٥ | ٢٢١ | ٢١٩ | ٢ |

١٩- ژمارەی قوتابی و مامۆستاكانی قوتابخانە سەرەتاییەكان ساڵی ٩٨٩/٩٨٨:

| ژمارەی قوتابییە وەرگیراوەكان | | | ژمارەی ئەو قوتابیانەی هەن | | | ژمارەی مامۆستایان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە |
| ٢٨١٣٨ | ١٥٤٤٦ | ١٢٦٩٢ | ١٣٠٨١٧ | ٧٥٥١٦ | ٥٥٣٠١ | ٤٧٨٤ | ١٥٩٨ | ٣١٨٦ |

٢٠- ژمارەی قوتابیەكانی سەرەتایی بە گوێرەی (پۆل)ەكانیان ساڵی ١٩٨٩/١٩٨٨:

| | | |
|---|---|---|
| پۆلی یەكەم | كوڕ | ١٧٠٤٣ |
| | كچ | ١٣٩٢٦ |
| پۆلی دووەم | كوڕ | ١٣٢٦١ |
| | كچ | ٩٧٠١ |
| پۆلی سێیەم | كوڕ | ١١٩٢٧ |
| | كچ | ٨٩٠٣ |
| پۆلی چوارەم | كوڕ | ١١٧٣٠ |
| | كچ | ٨٥١٢ |
| پۆلی پێنجەم | كوڕ | ١٢٣٣٠ |
| | كچ | ٨٣٤٢ |
| پۆلی شەشەم | كوڕ | ٩٢٢٥ |
| | كچ | ٥٩١٧ |

٢١– ژمارەی قوتابخانە ئامادەیییەکان و ژمارەی قوتابی و مامۆستاکانیان سالّی ١٩٨٨/١٩٨٩:

| ژمارەیی قوتابخانەکان | | | | ژمارەی قوتابییەکان | | | ژمارەی مامۆستاکانیان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گشتی | تێکەڵاو | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە |
| ٩٨ | ٢٩ | ٤٢ | ٢٧ | ٤٣٤٠٣ | ٢٦٣٥٦ | ١٧٠٤٧ | ١٠٦٨ | ٥٢٩ | ٥٣٩ |

٢٢– ژمارەی قوتابییەکانی ئامادەیی (ئەوانەی تازە وەرگیراون) لە سالّی ١٩٨٨/١٩٨٩دا:

| قوتابییە وەرگیراوەکان لە پۆلی یەکی ناوەندی | | | قوتابییە وەرگیراوەکان لە پۆلی چواری ئامادەیی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە |
| ١٠٥٤٨ | ٦٤٢٠ | ٤١٤٦ | ٣٠٢٩ | ١٧٥٣ | ١٢٧٦ |

٢٣– ژمارەی قوتابییەکانی ناوەندیی و ئامادەیی بەگوێرەی (پۆل)ەکانیان سالّی ١٩٨٨/١٩٨٩:

| | | |
|---|---|---|
| پۆلی یەکەم | نێرینە | ٧٥١٥ |
| | مێیینە | ٤٩٩٨ |
| پۆلی دووەم | نێرینە | ٦٢٣١ |
| | مێیینە | ٤٠٤٨ |
| پۆلی سێیەم | نێرینە | ٥٣٤٦ |
| | مێیینە | ٣٥٣٩ |
| گشت قوتابییەکانی ناوەندی | نێرینە | ١٩٠٩٢ |
| | مێیینە | ١٢٥٨٥ |

| | | |
|---|---|---|
| پۆلی چوارەم | نێرینە | ١٩٥٣ |
| | مێیینە | ١٣٧٧ |
| پۆلی پێنجەمی زانستی | نێرینە | ١٥٠٣ |
| | مێیینە | ٨٧٩ |
| پۆلی پێنجەمی ئەدەبی | نێرینە | ٧٢٩ |
| | مێیینە | ٤٥١ |
| پۆلی شەشەمی زانستی | نێرینە | ٢٠٩٢ |
| | مێیینە | ١٢٦٥ |
| پۆلی شەشەمی ئەدەبی | نێرینە | ٩٨٧ |
| | مێیینە | ٤٩٠ |

٢٤- ژمارەی قوتابخانە پیشەییەکان و ژمارەی قوتابییەکان و مامۆستاکانیان- ١٩٨٨/١٩٨٩:

| | | |
|---|---|---|
| کشتوکاڵ و قوتابییەکان | نێرینە | ٢٥٩ |
| | مێیینە | ٥٦ |
| پیشەسازی و قوتابییەکان | نێرینە | ٤٢٦٧ |
| | مێیینە | ١١٠٧ |
| بازرگانی و قوتابییەکان | نێرینە | ٤٨١ |
| | مێیینە | ١٠٢١ |
| گشتییان | نێرینە | ٥٠٠٧ |
| | مێیینە | ٢١٨٤ |
| کشتیوکاڵ و مامۆستاکان | نێرینە | ٢٣ |
| | مێیینە | ٧ |

| | | |
|---|---|---|
| پیشەسازی و مامۆستاکان | نێرینە | ١٩١ |
| | مێیینە | ٩٣ |
| بازرگانی و مامۆستاکان | نێرینە | ١٥ |
| | مێیینە | ٢٢ |
| گشتییان | نێرینە | ٢٢٩ |
| | مێیینە | ١٢٢ |

٢٥- خوێندنگاکانی مامۆستایانی ژن و پیاو لەگەڵ ژمارەی قوتابیان و مامۆستاکانیان ساڵی ١٩٨٨/١٩٨٩ (معاهد اعداد المعلمين والمعلمات):

| ژمارەی خوێندنگا | ژمارەی قوتابییە نوێیەکان | | | ژمارەی قوتابییەکانی تری هەموو پۆلەکان | | | ژمارەی مامۆستاکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە |
| ٢ | ٥٢٤ | ٢٠٢ | ٣٢٢ | ١٣٤٣ | ٥٩٩ | ٧٨٤ | ٤٣ | ٢٦ | ١٧ |

**کاروباری کۆمەڵایەتی:**

٢٦- ژنهێنان لە ناوچەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٨دا بەگوێرەی تۆمارکردنی لە دادگای شەرعی لای قازی ژمارەکەی (٥٩٠٦) رێککەوتنە.

٢٧ ژمارە شوێنەکانی گۆشگیری (دور الحضانة) و ژمارەی منداڵەکان کە تیایدان، بەرێوبەرەکانیان و خزمەتگوزارەکانیان لە ١٩٨٨/١٢/٣١دا:

| ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی منداڵەکان | | | ژمارەی بەرێوبەران | | | ژمارەی خزمەتگوزارەکانی تر | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە | گشتی | نێرینە | مێیینە |
| ٤ | ١٢٢ | ٦٧ | ٥٥ | ٤٢ | - | ٤٢ | ٢٥ | ٦ | ١٩ |

٢٨- ژمارەی ئەو لێقەوماوانەی کە لە دەزگاکانی چاودێری کۆمەڵایەتی (وحدات الرعاية الاجتماعية)دا دەحەوێنەوە لە ١٩٨٨/١٢/٣١:

| ژمارەی دەزگاکان | کوڕ و کچ | | پیر و پەککەوتە | | ناتەواو (معوق) | | گشتیان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوڕ | کچ | پیاو | ژن | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | هەموو |
| ٥ | ٣٤ | ١٤ | ١٤ | – | ٦٩ | ٤٠ | ١٠٣ | ٥٤ | ١٥٧ |

٢٩- خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی: شوێنی گەنجەکان، شوێنی یاری و وەرزش ساڵی ١٩٨٦:

| | |
|---|---|
| هەمووی | ١٨ |
| شوێنی گەنجان (مركز الشباب) | ٧ |
| دەستە لاوەکییەکان (هيئات الفروع) | ١ |
| شوێنی (طلائع) | ٢ |
| ئەمبار (مخزن) | ١ |
| شوێنی یاری شعبی | ٢ |
| لەشکرگا (معسكر) | ١ |
| شوێنی زانیاری (مراكز علمية) | ١ |
| یانەی وەرزش | ٣ |

٣٠- ژمارەی کرێکاری پشتگیراوی کۆمەڵایەتی (مضمون) و ژمارەی ئەو کرێکارانەی بژاردە (تعويض)یان پێ بەخشراوە ساڵی ١٩٨٨:

| ژمارەی کرێکاری (مضمون) | بژاردنی پشووی نەخۆشی | | بژاردنی پشووی منداڵبوون | | خەرجی داوودەرمان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | دینار | ژمارە | دینار | ژمارە | دینار |
| ١٩١١ | ٢٢ | ٥٩٨ | – | – | – | – |

**ژمارەی بنیاتنان:**

٣١- ژمارەی ڕێگاکانی بنیاتنان و قەرساندنی ئەو پارەیەی کە تێی ئەچێت ساڵی ١٩٨:

| | | |
|---|---|---|
| هەمووی | دینار بەهەزار | ٢١١٢٥ |
| | ژمارە | ٤٧٦٣ |
| بنیاتی نوێ | دینار بەهەزار | ١٨٤٣٩ |
| | ژمارە | ١٣٥٨ |
| بنیاتی سەرەڕا (أضافی) | دینار بەهەزار | ٢٦٦٦ |
| | ژمارە | ٣٨٨ |
| گۆڕینی بنیات (تحویر) | دینار بەهەزار | - |
| | ژمارە | - |
| دەست پیاهێنان | دینار بەهەزار | ١٩ |
| | ژمارە | ١٨ |
| پەرژین (سیاج) | دینار بەهەزار | ١ |
| | ژمارە | ١ |

٣١- ژمارەی ڕێگەدانی بنیاتی نیشتەنی (سكني) و پیشەسازی (صناعي) و بازرگانی (تجاري) و ئاینی (دینی) ساڵی ١٩٨٨:

| | | |
|---|---|---|
| بنیاتی نوێ - نیشتەنی- | ژمارە | ١٣٣٥ |
| | پانتایی زەوی ١مەتر دووجا | ٢٩١٠٩١ |
| | پانتایی بنیات ١مەتر دووجا | ٢٥٧٥٣٢ |
| | چەندی تێئەچێ هەزار دینار | ١٧٦٧١ |

| | | |
|---|---|---|
| بنیاتی نوێ – پیشەسازی – | ژمارە | ١٤ |
| | زەوی ١م٢ | ٩١٩٠ |
| | بنیات ١م٢ | ٣٦٥٨ |
| | نرخ دینار/ هەزار | ٢٢٩ |
| بنیاتی نوێ – بازرگانی – | ژمارە | ٧ |
| | زەوی ١م٢ | ١٥٣٢ |
| | بنیات ١م٢ | ٢٤٣٥ |
| | نرخ دینار/ هەزار | ٢٣٩ |
| بنیاتی نوێ – ئاینی – | ژمارە | ٢ |
| | زەوی ١م٢ | ٢٤٢٥ |
| | بنیات ١م٢ | ٣٤٤٠ |
| | نرخ دینار/ هەزار | ٣٠٠ |

٣٢- ژمارەی ڕێگاکانی بنیاتنانی خانوو بەگوێرەی کەرەسە ساڵی ١٩٨٨:

| خشت | | بەرد | | بلۆک | | قوڕ | | شتی تر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نرخ دینار بەهەزار | ژمارە | نرخ دینار بەهەزار | ژمارە | نرخ دینار بەهەزار | ژمارە | نرخ دینار بەهەزار | ژمارە | نرخ دینار بەهەزار | ژمارە |
| ٤٥٦ | ٣٤ | ٧٧١٧ | ٦٠٠ | ٩٤٨٣ | ٦٩٨ | ٧ | ٢ | ٩ | ١ |

٣٣- ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لە بنیاتی تایبەتی (قطاع خاص)دا ئیشیان کردووە بە گوێرەی لێهاتووییان لەگەڵ کرێیاندا ساڵی ١٩٨٧:

| ئا- کارامە (غیر ماهر) | | شێوەکارامە (شبە ماهر) | | کرێکاری کارامە (ماهر) | | هەموو کرێکارەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کرێ دینار بەهەزار | ژمارە | کرێ دینار بەهەزار | ژمارە | کرێ دینار بەهەزار | ژمارە | کرێ دینار بەهەزار | ژمارە |
| ٣٨٦٠ | ٢٠٦٩ | ٢٠٤٣ | ٨٢٧ | ٣٥٢٠ | ٨٣١ | ٩٤٢٣ | ٣٧٢٧ |

٣٤- نرخی ئەو کەرەسانەی کە لە بنیاتی تایبەتیدا بەکار هاتووە لەگەڵ کرێ و کرێی گواستنەوە ساڵی ١٩٨٧:

| نرخی هەمووی دینار / هەزار | کرێی گواستنەوەی کەرەستە دینار/هەزار | خەرجی تێچوونی تر دینار / هەزار | نرخی کەرەسەی بنیات دینار / هەزار | کرێی ئیش دینار / هەزار |
|---|---|---|---|---|
| ٣٣٢٠١ | ٩٩٥ | ٩٥٢ | ٢١٨٣١ | ٩٤٢٣ |

٣٥- بنیاتی کەرتی تایبەتی (قطاع خاص) لە ساڵی ١٩٨٧دا بە قیاس (پانتایی یەک مەتری چوارگۆشە):

| | | |
|---|---|---|
| نرخی هەموو / دینار/هەزار | نرخی هەموو | ٢٦٧٤٠ |
| | خانوو | ٢٦٧٤٠ |
| | ساختمان (عمارە) | ١ |
| ژمارەی خانوو | | ٢٥٥٩ |
| ژمارەی ساختمان (عمارە) | | ١ |
| ژمارەی دوکان | | ٢٥ |
| پانتایی زەوی | خانوو | ٤٦٠٤١٥ |
| | ساختمان | ١ |
| پانتایی بنیات | خانوو | ٤٠٤٢٩٨ |
| | ساختمان | ١ |

٣٦- ژمارەی خانووبەرەی کەرتی تایبەتی (قطاع خاص) کە لە ساڵی ١٩٨٧دا بنیات نراون:

| خانوو | شقە | گەرماو(حمام) لە ماڵاندا | پاشکۆی تەندروستی (مرافق صحیة) | بەکارهێنانی خاوەنی | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەکارهێنانی خاوەنی | کرێ |
| ٢٥٥٩ | - | ٢٧٢٠ | ٢٩٠٧ | ٢٣٢٥ | ٢٣٤ |

٣٧- ژمارەی ئەو دوکانانەی کە لە ساڵی ١٩٨٧دا بنیات نراون:

| نرخی هەمووی دینار / هەزار | پانتایی زەوی (م٢) | پانتایی بنیات (م٢) | ژمارەی دوکانەکان |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٩٦ | ٢١٦ | ١٣ |

٣٨- نرخی تێچوونی هەر مەترێکی چوارگۆشە لە بنیاتی کەرتی تایبەتیدا بەگوێرەی بنیات و مەبەست لە بەکارهێنانی ساڵی ١٩٨٧:

| خانووی نیشتەجێ | ساختمان بۆ نیشتەجێ بوون | دوکان | بنیاتی پیشەسازی | بنیاتی بازرگانی | بنیاتی خزمەتگوزاری |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٦ | - | ٤٩ | ٦٩ | ٨٠ | ٦٥ |

**کاروباری ڕۆشنبیری:**

٣٩- ژمارەی کتێبخانە و هۆڵ و کورسیەکان و کتێبەکانی ١٩٨٦

| | | |
|---|---|---|
| لە شاردا | ژمارەی کتێبخانە | ١٧ |
| | هۆڵی خوێندنەوە | ٢٣ |
| | ژمارەی کورسی | ٥٢٠ |
| | کوردی و عەرەبی | ٥٨٢٢٠ |
| | بەزمانی بێگانە | ١٠٢١٥ |

| | | |
|---|---|---|
| کتێب | دەستخەت | – |
| | گۆڤار و ڕۆژنامە (دەوریات) | ٣٩١ |
| | فیلم | – |
| | شتی تر | – |

٤٠– ژمارەی ئەوانەی کە لە کتێبخانەکاندا ئیش دەکەن ساڵی ١٩٨٦:

| | | |
|---|---|---|
| هەمووی | هەمووی | ٩٤ |
| | نێرینە | ٦٢ |
| | مێیینە | ٣١ |
| بڕواپێکراو (أمین مکتبە) | هەمووی | ١٠ |
| | نێرینە | ٨ |
| | مێیینە | ٢ |
| یاریدەدەری بڕواپێکراو | هەمووی | ٤ |
| | نێرینە | ٣ |
| | مێیینە | ١ |
| کارگێڕەکان | هەمووی | ٥ |
| | نێرینە | ٢ |
| | مێیینە | ٣ |
| هونەرمەندەکان | هەمووی | ٣٢ |
| | نێرینە | ١٥ |
| | مێیینە | ١٧ |
| کرێکارەکان | هەمووی | ٤٣ |
| | نێرینە | ٣٥ |
| | مێیینە | ٨ |

٤١- ژمارەی (مۆزەخانە- متحف) تا ساڵی ١٩٨٨: تەنها (یەک) مۆزەخانە:

ژمارەی قوتابییەکان ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩:

| زانکۆ | گشتی | | عێراقییەکان | | عەرەب | | بێگانە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| صلاح الدین | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە |
| | ٥٥٣٥ | ٢٥٥٦ | ٥٣٨٢ | ٢٥٨٤ | ١٥٣ | ٨ | – | |

٤٢- ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە لە (زانکۆی صلاح الدین) لە ساڵی ١٩٨٨/١٩٨٩دا وەرگیراون:

| گشتی | | | عێراقی | | عەرەب | | بێگانە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەمووی | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە |
| ١٨٢٩ | ١٣٠٤ | ٥٢٥ | ١٢٧١ | ٥٢٥ | ٣١ | – | – | – |

٤٣- ژمارەی مامۆستاکانی زانکۆی (صلاح الدین) لە ساڵی ١٩٨٨/١٩٨٩دا:

| گشتی | | | عێراقی | | عەرەب | | بێگانە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەمووی | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە |
| ٦٦٧ | ٤٨١ | ١٨٦ | ٤٧٨ | ٦٢ | ١٠ | ٥ | ٢ | – |

٤٤- ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆی (صلاح الدین) لە ساڵی ١٩٨٧/١٩٨٨دا دەرچوون:

| گشتی | | | عێراقی | | عەرەب | | بێگانە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەمووی | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە |
| ١١٣٥ | ٦٥٨ | ٤٧٧ | ٦١١ | ٤٧٦ | ٤٦ | ١ | ١ | – |

٤٥- ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە خەریکی خوێندنی بەرزن لە (زانکۆی صلاح الدین) لە ساڵی ١٩٨٧/١٩٨٨دا:

| گشتی | | | عێراقی | | عەرەب | | بێگانە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەمووی | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە |
| ١٦٠ | ١٣٥ | ٢٥ | ١٣٤ | ٢٥ | ١ | – | – | – |

## کۆمەڵە و پارتەکان

**ئەم کۆمەڵە و پارتانەی کە لە سلێمانی هەبوون:**

مێژووی دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵە (جمعیة) لە سلێمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵەکانی بیست لەم سەدەیەدا، ئەوەش چاولێکردن یاخۆ ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵە و پارتانە بوو کە لە تورکیای عوسمانیدا هاتبوونە کایەوە، کە ئەوانیش دیسانەوە لە ئەنجامی هەڵکردنی شەماڵی دیموکراسیەتەوە بوو، کە لە ئەوروپاوە دەهات و بەتایبەتی لە ئەنجامی شۆڕشە مەزنەکەی فەرەنسەدا.

ئەو (متور)انەی کە لە تورکیاوە هاتبوونەوە بۆ سلێمانی ئەم بیروڕایە و گەلێک بیروڕای (أصلاحی) تریان لەگەڵ خۆیان هێنابوو و بە هەموو دڵسۆزییەکەوە دەیان ویست لە شارەکەدا ئیشی پێ بکەن و بڵاوی بکەنەوە. ئەو گەورە پیاوانەش وەک: حاجی مستەفا پاشای یامولکی و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد و ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و گەلێکی تر بوون.

ئەمانەش ئەو کۆمەڵ و پارتانەن کە لە سلێمانیدا دامەزران، بە گوێرەی مێژووی پەیدابوونیان باسیان دەکەین:

### یەکەم: کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان (جمیعە استقلال کردستان):

بەو جۆرەی مامۆستای خوا لێخۆشبوو ڕەفیق حیلمی باسی[١٣٨] دەکات. ئەم کۆمەڵەیە لە کاتی دوورخستنەوەی شێخ مەحموودا پێک هاتووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی ئاوارەبوونی شێخدا پەیدا بوو.

وادیارە خاوەنی کار و بیرەکە لە پلەی یەکەمدا مامۆستا ڕەفیق حیلمی

---

١٣٨. سەیری لاپەڕەکانی یاداشتی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بکە: لە لاپەڕە ٩٨ وە تاکو١٠٤، بەرگی دووەم بەشی -١-و لاپەڕە ١٠٩ تا ١٢٠ بەرگی دووەم بەشی -١- جزمی چوارەم و لاپەڕە ١٢٨تا ١٣٢ی هەر ئەو بەر.

خۆی ئینجا حاجی مستەفا پاشا و مەحموود جەودەت و سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن و عەبدوڕەحمان سەعید و چەند کەسێکی تر دەستەی کۆمەڵە بوون، عەزمی بەگی بابان یەکێک بووە لە ئەندامەکانی کۆمەڵە و خاوەن عەزم و جێی متمانە بووە بەڵام لەسەر تکای خۆی نەخرابووە ناو دەستەی بەڕێوەبەرەوە و بڕیار وابووە، حەمدی بەگی بابان بکەن بە سەرۆکی کۆمەڵە، بەڵام لە دواییدا ئەمە سەری نەگرتووە. زۆری لاوە نیشتمان پەروەرەکان، ئاغا و ئەفەندی و شێخ و مەلا، بەگزادەکانی بابان و کاسبی ناو بازاڕ هەتا سەرەکی عەشایرە ناودارەکانی وەکو پشدەر و جاف و هەورامان و هەمەوەند و جەباری و شێخان و سەیدەکانی بەرزنجە و قەرەداغ و سەنگاو و سەرگەڵو و عەسکەر و سەرۆکەکانی هەمەوەند و جاف و پشدەر و جەباری هاتنە کۆمەڵەوە.

وادیارە وەک مامۆستا حیلمی دەڵێت لە سەرەتاوە:" ئەم کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی سیاسی نەبووە، چونکە لەپێش هەموو شتێکدا مەبەستیان یەکخستنی کوردەکان و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و گیانی نیشتمانی بوو لەناو ئەندامە یەکگرتووەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا بەڵام تەنیا بۆ ئیدارەی کۆمەڵە و بۆ ڕێپیشاندان بە ئەندامەکان دەستەیەک لە لاوە بەکار و نیشتمانپەروەرەکان کە لە (٧) ئەندام پێک هاتبوو بەبێ وچان خەریک بوون."

وادیارە لە سەرەتاوە ئەم کۆمەڵەیە لەسەر داواو ڕێککەوتنی بەینی حەمدی بەگی بابان و مامۆستا رەفیق حیلمی بووە. چونکە دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحموود ئینگلیزەکان بیریان لە یەکێک دەکردەوە کە شوێنی شێخی پێ پڕبکەنەوە، ئەو یەکەش حەمدی بەگ بوو کە ئەوسا لە بەغدا دەژیا و ئینگلیزەکان دەیانناسی. بەڵام کە حەمدی بەگ هاتە سلێمانی و گەڕانێکی بە ناوچەکانی هەڵەبجە و پێنجوێن و رانیە و پشدەرا کرد و گەڕایەوە، وادیارە کە تووشی (خیبة الامل)ی کردووە چونکە ئەوەی بە چاو دیویەتی لە

کوردستاندا لام وایە گەیاندبوویە ئەو ئەنجامەی کە ئەو هیچی پێ نەکرێ. جگە لەوەی ئینگلیزەکانیش لووتیان لێ هەڵکرد و لێی سارد بوونەوە. لەبەر ئەوە حەمدی بەگ وەک مامۆستا حیلمی دەفەرمووێ نە جێی شێخ مەحمموودی گرتەوە و نە بووە سەرۆکی کۆمەڵەی سەربەخۆیی. جا لەبەرئەوەی کۆمەڵەش لە سەرەتاوە پرۆگرامێکی (واقیعی) و نووسراویان نەبوو، دوای دەرچوونی حەمدی بەگ لە مەیدان، کۆمەڵەش لە شوێنی خۆی وەک سەهۆڵ توایەوە و فریای هیچ خزمەتێکی ئەوتۆ نەکەوت کە ئەمرۆ بتوانین ئاماژەی بۆ بکەین.

**دووەم: جمعیەتی کردستان:**

وەک لە رۆژنامەی بانگی کوردستان ژمارە (١)ی رۆژی ٢ی ئاغستوس ١٩٢٩دا هاتووە: لەسەر مراجعتی سعادتمئاب حاجی مصطفی پاشای میرلوای ارکان حب متقاعد و لەسەر مأذونیەت و مساعدەی رەسمی حکوومەت سیاسی سلیمانی لە طرف بعضی ارباب جمعیت و أفاضل منورانەوە قرار درا کە لە سلێمانی جمعیەتێکی کورد تشکل بکا. بو أمە چەند رۆژێک لەمەوپێش أسامی علما و مشایخ و اشراف و سائر منوران و اهل کسبە بە ترتیب حروف هجا داخل دفتر کرا و رۆژی جمعە ٢١ تموز ٩٢٢ پاش نوێژی نیوەرۆ لە مزگەوت سەید حەسەن مفتی دا گردبوونەوە. لە طرف جنابی مصطفی پاشاوە نطقیکی أفتتاحی دایر بە مقصد و غایە ام اجتماعە خوینرایەوە، سامعین کە بیستیان غایە ام فکرە بو ترقی و تعالی ملت و وطنە بە کمال افتخار قبوڵیان فرمو. بڵاوکردنەوەی ام فکرەیش بە واسطە أم غزەتەیەوەیە کە حکوومەت أمتیازی داوە بە جناب مصطفی پاشا و ئیستا هەفتە جارێک دەردەچێ. أمید وایە أنشاالله بواسطە أرباب همت أرباب جمعیەتەوە ترقی بکات زاتا همو شتیک وردە وردە زیاداکا.

بو تمشیت أمور أدارە أم جمعیتە لە طرف حضار کرامەوە لەژێر ریاست

پاشای مشار الیـهیدا (١٣) کس بو اعضایتی انتـخاب کران ناویان و عددی رژایان بەم رەنگەیە:

| عدد رأی | ناو |
|---|---|
| ٦٥ | رەفیق حلمی أفندی |
| ٦٢ | احمد بەگ توفیق بەگ |
| ٥٤ | صالح أفەندی قپتانچی |
| ٤٥ | فائق بەگ معروف بەگ |
| ٤١ | حاجی آغا فتح الله |
| ٣٩ | عزت بەگ عوثمان باشی |
| ٣٨ | أدهم أفندی یوزباشی |
| ٣٦ | أحمد بهجت أفندی یوزباشی |
| ٣٢ | شیخ محمد أفەندی گولانی |
| ٣١ | شیخ علی أفندی سرکار |
| ٢٩ | علی أفندی باپیرئاغا |
| ٢٤ | عبدالله أفندی محمد أفندی |
| ٢٤ | شکری أفندی علکه |

دوای ئەوە ڕۆژنامـەکـە کە ئـەویش وەک وتمان زمـانی حـاڵی کۆمـەڵەکـە بوو دەڵێت:

"أیتـر أمـیـدمـان وهـایـه کـه بو ترقی و تـعـالی وطن و ملت هـمـولایک تی بکوشین واگر قـصوریک ببینری بەبی أمەی لەم لاولا بحث و تنقید بکری پیاوانه خبر به جمعیت بدری تاکو بەپی اصول جمعیت او مسئلەیه فورا داخل مذاکره بکری و نتیجه بواسطه غزتەوه اعلان بکری".

دوای ئەوە هەر لـەو ژمـارە یەکـەمـەی ڕۆژنامـەکـەدا (نطق)ەکـەی حـاجی

مستەفا پاشای بڵاو کردووەتەوە کە کۆتاییەکەی بە چەند بەیتێک هاتووە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

"بەبی عیلم و سیاسەت ای بە قوربان
مەحاڵ ئەندەر مەحاڵە ژینی کوردان"

داوی ئەوە لە ژمارە ٢ی (ڕۆژی ١٤آغستوس ٩٢٢) هەمان ڕۆژنامەدا هەر لە بابەت ڕۆژنامەی (بانگ کردستان) و (جمعیە)تەوە شیعرێکی ستایش بڵاو کراوەتەوە کە ئەمە هەندێ لە بەیتەکانیەتی و (عبدالقادر حشمت) وتوویەتی:

نزدیکە بۆمان هەڵکرێتەوە چرای کورد
پرتەو بدا هەمیشە شعاع و ضیای کورد
ئەم بانگی کورد و جمعیتە بوونی رحمەتە
مقصود سعی و خزمتە بۆ أعتلای کور
کەی بی بگاتە مقصدی أم قەومە بێکەسە
کەی عیلم أبیتە واسطە و رەهنومایی کورد
أی خالق زمین و زمان سا بە مەرحەمەت
لادەی نیفاق و بوغض و حسد بو بقای کورد

هەروەها حاجی مستەفا پاشای سەرۆکی کۆمەڵی کوردستان و خاوەن ئیمتیازی (بانگ کردستان) گەلێک نووسینی بڵاو کردووەتەوە، داوای فێربوونی خوێندن و پێشکەوتن دەکات، داوای وازهێنان لە قسەی پاشملە و واز لە (حسد و بغض و کینە...) و داوای (عفی الله عما سلف) دەکات، لە هەندێ جێگادا وشەی رەقی بەکارهێناوە یاخۆ قسەی وەها کە نابێ بەو جۆرە لەلایەن پیاوێکی وا گەورەوە بکرێت. بۆ نموونە دەڵێت:

(... هەر چند أهلی أ مملکتە کە زۆریان چاک و خراپ فرق دەکەن

و ترجمه احوال او مفسدانه او كاسه ليسانه دەزانن فقط حيف بو قومەكە حيف بو ولاتەكە. اوانەی كە ترقی كردستانيان ناوی ممنون دبن ئەوانەی كە چاويان هەر لە خزمەتكاری يا نانيان لە رۆندا بێ بزانين تا كـــەی ئەم ناپيـــاوانە نانی ناپيـــاوەتی و دووڕوويی دەخۆن).

هەر ئەمجۆرە شتانە بوون بەهۆی ئەوەی كە عەشايەر پاشا بگرن و بەندی بكەن و لە دوايیـدا بەری بدەن، وەک لە شـــوێنێكی تری ئەم كـتـێـبـەدا نووسـراوە، هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی پاشا دوای ماوەيەک سلێمانی زووتر بەجێ بهێڵێت و لە بەغدا دانيشت و سێ ژمارەی (بانگ كردستان) لە بەغدا دەربكات.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی، حاجی مستەفا پاشا لە ڕاستیدا پياوێكی نيشتمانپەروەر و دڵسۆز و كوردێكی پاک و خاوێن بوو، ئەی هەر ئەو نييە كە وەسيەتی كرد لەسەر كێلی گۆڕەكەی ئەم بەيتە شيعرە بنووسرێ:

(دەترسم ئەی وەتەن بمرم نەبينم بەختياری تۆ......

دوای ڕۆيشتنی ئينگليز و گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ حكوومدارێتی سلێمانی ئيتر دەنگ و باسی (جمعيت كردستان) لە هيچ ڕۆژنامەيەكی تری ئەو سەردەمەدا نەهاتووە، واديارە زياتر كۆششی (كۆمەڵی كوردستان) هەر لە ڕێی ڕۆژنامەی (بانگی كردستان)ەوە بووە...

### سێيەم: كۆمەڵی زانستی:

ئەم كۆمەڵە ناوەكەی خۆی بە خۆيەوەيە، واتا كۆمەڵێكی زانستی بوو، دوور لە ڕاميـاری، بەڵام لەژێر ڕەشــماڵی كوردايەتيدا دەجووڵايەوە، لە كاتێكدا پێک هات كە قوتابخانە لە سلێمانيدا كەم بوو. بۆ پياوی كاسبكار و ناو بازاڕ و كرێكار و خەڵكی تر ئەوانەی كە لەوەپێش خوێندەوارييان

نەبوو، ئەم کۆمەڵە قوتابخانەی کردەوە و زۆری فێری خوێندن و نووسین کرد و کۆمەڵەکە تەمەنی گەیشتە دوازدە ساڵانیش.

بەلای ئێمەوە، ئەم کۆمەڵە بە کۆشش و هیممەتی چەند کەسێک لە پیاوی ئەو سەردەمە پێکهات، لە پێش هەموویانەوە، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ (ئەحمەد بەگی موتەسەریف) کە ئەوسا موتەسەریفی سلێمانی و پیاوێکی نیشتمانپەروەر و کوردێکی دڵسۆز بوو، هەر خۆی یەکێک بوو لە ئەندامی (جمعیت کردستان) کە باسمان کرد؛ لام وابێ ئەحمەد بەگ بیری لەوە کردبێتەوە کە خزمەتێکی دەستوبرد بەسوودی شارەکەی خۆی و دانیشتوانی بکات. جا ئایا چ خزمەتێک لە بڵاوکردنەوەی زانین و زانستی لە پێشترە، هێجگار بۆ ئەو ڕۆژانەی سلێمانی؟ جگە لە ئەحمەد بەگ، جەمال بابان[١٣٩] کە ئەو ڕۆژە (حاکم منفرد)ی سلێمانی بوو، ئەویش دەیویست خزمەتێک بە شارەکەی برایم پاشای باپیری بگەیەنێت، هەروەها پیرەمێردی شاعیر کە لە دواییدا زیاتر باسی دەکەین، ئەمانە زیاتر پاڵپێوەنەرەی ئیشەکە بوون، هەڵسووڕاندنەکەیش بەرەو ڕووی سێ پیاوی خوێن گەرمی ئیش ڕاپەڕێن کرا، کە ئەوانیش فایق بەگی مارف بەگ و ڕەمزی حاجی فەتاح و پارێزەر ڕەفیق فایق بوون. داواکە بەناوی ئەو سێ کەسەوە پێشکێش کرا کە وەڵامەکەی لە وەزارەتی داخلیە و موتەسەریفی سلێمانییەوە بەمجۆرە بوو:

> بۆ جەنابی ڕەمزی أفندی حاجی فتاح، تۆفیق أفندی محامی، فائق بەگ معروف بەگ.
>
> ئەوا صورتی تحریراتی وەزارەتی جلیلە داخلیە ژمارەی ٢٥٧١

١٣٩. ئەم جەمال بابانە لە سەردەمی (مەلیک)دا، چەند جار بوو بە وەزیر و نائبی سەرەک وەزیران، باوکی شوان بابان و دکتۆر سەلوان و سامان بابانە، ئەم پیاوە جیایە لەگەڵ جەمال بابان کە یەکێکە لە نووسەرانی ئەم کتێبەدا کە خەڵک زۆرجار تێکەڵاویان دەکەن.

ڕۆژی ٢٤ شباط ١٩٢٦ لەگەڵ صورتێکی ئەو پروغرامەدا کە تصدیق و اعادە کراوە و بە پێچراوەیی نێررا. بەپێی مفادی مساعدە فرمورا بۆ تأسیس جمعیت زانستی. بناء علیە أو أوامر و پروغرامە ئەتوانن مباشرت بفرمون ایتر احترام.

أحمد: متصرفی لیوای سلێمانی

دوای ئەوە لە شەوی ٣/٢ نیسانی لە ساڵی ١٩٢٦دا نزیکەی (٣٠٠) کەس لە کاربەدەستان و بازرگان و ڕۆشنبیران، حاجی و مەلا شێخ و پیاو ماقووڵانی شار هەموو لە شارەوانی سلێمانی کۆبوونەوە، رەفیق ئەفەندی، محەمەد بەگ، هەر یەکە وتارێکیان خوێندەوە، پیرەمێرد هۆنراوەیەک، لە دواییدا جەمال بابان و شێخ مستەفای قەرەداغی ئەوانیش هەر یەکە وتارێک، ئینجا دەست کرا بە هەڵبژاردن و پارە کۆکردنەوە کە لە ئەنجامدا ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بە یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ هەڵبژێردران[١٤٠]

سەرۆک: متصرف (معارف پەروەر) جەنابی أحمد بەگ تۆفیق بەگ.

جێگری سەرۆک: حاکمی منفرد جەنابی جەمال بابان.

ئەندام: قازی جەنابی شێخ مستەفا أفندی (قەرەداغی).

ئەندام: جەنابی محمد ئاغای أورحمان ئاغا.

ئەندام: جەنابی عزەت بەگ عوسمان پاشا.

ئەندام: جەنابی غفور ئاغا.

ئەندام: جەنابی رمزی أفندی.

محاسب: جەنابی فائق بەگ معروف بەگ.

معتمد: جەنابی رفیق أفندی.

دوای هەڵبژاردن و پارە کۆکردنەوە و گۆرانی لەلایەن قوتابیانەوە، ئینجا

١٤٠. کۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی- غەفوور میرزا کەریم، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٨٥، ل ١٩-٢٢.

هاوار بەرز بووەوە: هەر بژی عیلم و مەعریفەت و بژین ئەوانەی هەوڵ بۆ عیلم و زانستی دەدەن، دوای خوێندنەوەی وتارە پڕ ماناکەی ڕەفیق ئەفەندی، هۆنراوەکەی پیرەمێرد خوێنرایەوە کە ئەمە چەند بەیتێکیەتی:

بەرز و بڵندە هێندە دەرەجەی خاک و وەتەن
هێشتا بەهاری ئێمە نەهات سەوز نەبوو چیمەن

چوار بەهارە بەزمە صەدای ساز و زیلەیە
لای ئێمەش شەستە، سەر بەکڵاوە، ڕەهێڵەیە

نیسان بەهاری ئێمەیە وا چاوەڕێین کە بێ
هەر قەترەیەکی گەوهەرە تەرزەی لەگەڵ نەبێ

تاکو دەڵێت:

ئەمشەو گوڵی ئومێدی وەتەنمان ئەپشکوێ
میللەت ئومیدەوارە بە (زانستی) پێشکەوێ

زانستییە سەویەی میللەت بڵند ئەکا
زانستییە کە ئێمە بناسێنێ بە ئەوروپا

زانستی زۆر بەقیمەتە ئومیدی ئانییە
ئەم أحتفاله... فأله وەتەن ڕوو لە هاتییە

تەوفیق حەقە ببێتە ڕەفیقمان لەم ئیشەدا
وا دەست لە دەست هەڵبەتە خوا قوەت و پشت ئەدا

(پرۆغرام جمعیت زانستی کوردان)

١- ناوی جمعیت: (جمعیتی زانستی کوردان) و مرکزی لە سلێمانییە.

٢- مقصدی جمعیت: تعمیم عیلم و معرفتە لە کوردستان بەپێ ئەم وسائطانە:

أ- به نشرى غزەته و وسائل موقته.

ب- ترجمه و تألیف کتب تدریسیه وسائره.

ج- مکتب کردنەوه و أجرای تدریسات به ڕۆژ و بەشەو.

د- به صورتی محاضره، أهلی تنویرکردن.

هـ- کتێبخانه کردنەوه.

و- بۆ إکمال تحصیل بو ممالک مترقیه قوتابی ناردن.

٣- جمعیه احوال تأریخیه، جغرافیه، أتنوغرافیەی کوردان به صورت مخصوصه تدقیق و محصول مساعی نشر دەکات.

٤- جمعیت بۆ تأمین محبت و موانست له مابینی أهالی و حکومتدا و بو تقویەی روح أطاعت به صورت مخصوصه و بواسطەی واعظ مخصوص پند و نصیحەت أجرا دەکات.

٥- جمعیت به هیچ صورتک لەگەڵ سیاستدا خریک نابێ.

دوای ئەوه نظامنامه داخلی و صورت قید و قبول أعضا و أخراجات وهیئت عمومیه... هەموو دوور و درێژ نووسراون و ڕوون کراونەتەوه[١٤١].

ئەو پارانەی که بۆ کۆمەڵ به نۆ (قائمه) له دانیشتوانی شاری سلێمانی و له هەموو کوردستاندا کۆکراونەتەوه تێکڕا بریتی بوو له (٦٧٩١) روپیه.

دوای ئەوه گەلێک کۆبوونەوه پێک هاتووه چونکه هەر ساڵه به گوێرەی (نظامی داخلی) (هیئت إداره سەرلەنوێ انتخاب دەکرێ). جارێکی تر له هەڵبژاردندا ئەم بەڕێزانه بوونەوه به دەستەی کارگێڕی:

ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ: سەرۆک

حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرد

مەحموود ئەفەندی سەرەکی شارەوانی

---

١٤١. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥-١٨.

تۆفیق فائق ئەفەندی محاسب

صالح ئەفەندی بەڕێوەبەری قوتابخانە

فائق بەگ معروف بەگ

مرزا کریم حاجی شریف[١٤٢]

وەک وتمان ئەم (دەستـــەی بەڕێوەبەرە ســاڵ بە سـاڵ ئەگـۆڕرا . هـەر لەناو دەسـتـەی بەڕێوەبـەردا ، رەفیق حـیلمی، رەشـید نـەجیب... نەجـیب ئەفـەندی، کـەریم بەگی سـەعید بەگ (کـەریم زانسـتی) و زۆری تر ناویان هەیە، هـەروەها لە ڕۆژی ٢٨ی تەمـووزی ١٩٣٠دا کـۆمـەڵە ئافرەتێک کـۆبوونەوە و بڕیاریان دا ئەوانیش کـۆمـەڵێکی زانسـتی ئافـرەتان دابمەزرێنن، لـە مـاڵی حـەپسـە خـانی نەقـیب گـردبوونەوە... (حـەپســە عـیـرفـان) کـە قـوتـابیـیـەکی پۆلـی شـەشی سـەرەتایی کچـان بوو، وتارێکی لەجیاتی حـەپسە خـانی نەقیب خـوێندەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی مـەبەست لەو کـۆبوونەوەیەدا ، دوای ئـەو (بەدریەی شـێخ قـادر نووری)، ئینجـا (زەکیـە میرزا تۆفیق قەزاز) ئینجا (ناهیدە سـەلام) هەریەکە وتارێکیان خوێندەوە. وە لە دواییدا بە گشتی بڕیاری کڕینی خانوویەک لەگەڵ پێویستییەکانی درا ، بۆ ئەوەی تەرخان بکرێ بۆ کۆمەڵ، هـەر لەو کۆبوونەوەیە لەناو ژنانیشـدا (٨١٧) ڕوپیـە کـۆکـرایەوە و حـەپسـەخـان خـۆی (مـەکینـەیەکی سنگەر) بۆ دروومان و کە بە (٣٩٥) ڕوپیەی کڕیبوو پێشکێشی کرد[١٤٣].

بەمـجـۆرە زانسـتـی دەڕۆیشت بەڕێوە تـا هـەرای شـەشی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٣٠ ، بەوە زانستی تێکچوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٢دا ، دوای ئەوەی ئەحـمەد بەگی تـۆفـیق بەگ هـەر بە مـوتەسـەریفی جـارێکی تـر لە هـەولێـرەوە هـاتەوە سلێـمـانی، گـیـانی کـردەوە بەبەر زانسـتـیدا و دەسـتـەی بـەڕێوەبەری نوێی بۆ

---

١٤٢ . سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠ .

١٤٣ . دەقی وتارەکان هـەمـووی کاک غەفووری میرزا کـەریم (لە کتێبی کۆمـەڵی زانستی لە سلێمانی) نووسیونی، ل ٦٥-٧٣ .

هەڵبژێراو کە ئەحمەد بەگ نەما، پیرەمێرد هەڵبژێرا بە سەرۆکی زانستی، پیرەمێردیش چالاکانە، هەموو هێز و بازووی خۆی بۆ تەرخان کرد، قوتابخانەکە گەیشتە رادەی پێنج پۆل، لە دواییدا پۆلی شەشەمی تیا کرایەوە، بەرنامەی خوێندنەکەی هەمان بەرنامەی خوێندنەکانی ڕۆژ بوو، باوەڕنامەکەشی لەلایەن مەعاریفەوە دانی پیانرا[١٤٤].

پیرەمێرد کردبووی بە پەیڕەو، هەموو شەوانی سێشەمە لە باتی دەرس خوێندن دەیکرد بە کۆڕی ئەدەبی شاعیران و نووسەران و قوتابییە هەڵکەوتووەکان و شیعر و وتار و پەخشان و ئامۆژگاری نیشتمانی و کۆمەڵایەتییان دەخوێندەوە، تا وای لە قوتابییەکان کرد کە چێژی ئەدەبییان هەبێ و لە ئەنجامدا چەند شاعیرێکیشیان تیا هەڵکەوت یەکێک لەوانە (بەنگینە) بوو. تا وای لێ هات شانازی پێوە دەکردن (بە سایەی زانستییەوە ئەو ئاداب و تەمکینە و شاعیریی و حیسی میللەت پەروەریان بۆ پەیدا بوو)... هەر بە مانەشەوە نەوەستا پیرەمێرد عەشقی شانۆیشی تیا وروژاندن... توانییان چەند شانۆ نامەیەک، سەرکەوتووانە پێشکێش بکەن. لەم بارەیەوە دەڵێت: (زانستی خوا رەوای ببێنێ تا دێ ڕوو لە بڵندی و سەرکەوتنە، پار بە نەورۆز و زەماوەند و زیافەتی بناری گۆیژە تەمسیل نەشئەیان بە خاکەکە و شارەکەمان دا، ئەمساڵ وا خەریکن بۆ ئەم جەژنی رەمەزانە تەمسیلی (مەم و زین) دەکەین. ئەو پارانەش کە لەم ئاهەنگە تەمیسلییانەدا دەستگیر بووە خەرجی زانستی کراوەتەوە (هەر پارەیەکیش بدرێ بۆ زانستی خۆمانە و لەناو خۆمانا دەمێنێتەوە، ئینجا لام وایە هەرچی بۆ ئەم دەعوەتە نەیەت ئیمانی میللی بە قەدرە تاڵە دەزوویەکە[١٤٥].

بە داخەوە هەر ناحەز و قین لەسک و هیچ لە بارانەبووی میللەتەکەی خۆمان دژی زانستی وەستان و رووخانییان. لە کاتێکدا کە (مەجید

---

١٤٤. دیوانی پیرەمێرد – بەرگی یەکەم. (مطبعە الزمان) ١٩٩٠، ل ٣٩ – ٤٠.

١٤٥. سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠–٤١.

یەعقووبی) موتەسەریفی سلێمانی بوو، دوای ئەوەی ئەو پوازی دارانەی کە لە خۆمان بوون، درەختە بەرداره هەڵچووەکەی زانستییان هەڵقڵێشان و لای موتەسەریف تێچێنییان بۆ کرد، ئەویش لە ساڵی ١٩٣٨دا دوای ئەوەی زانستی (١٢) ساڵ ژیا دایخست: (خوا ئەیزانێ چ رەنجێکم لەگەڵ زانستی دا، چەند جار شێواندیان و لە پێش چاوی حکوومەتی عێراق بە میقڕۆبیان دایە قەڵەم، رەنجیان بەبا دام، ئەو هەموو پارەیەی کە میللەت دابووینێ لەگەڵ موبیلیا و کتێبخانە و جێگای مەکتەبە، کە ساڵح زەکی بەگ بۆی سەندبووین رۆیی، لەو ساوە تا ئێستا شینم بۆ نەکراوە، چەپۆکی زۆردارم بەسەرەوە بووە...)[١٤٦].

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئایا مەڵبەندی زانستی کوێ بوو؟ ئەوەی زانراوە لە سەرەتادا خانووی بە کرێ بۆ گیراوە، بەڵام لە دواییدا هاتە شوێنی نەخۆشخانەکەی ناو بازاڕ تەنیشت قوتابخانەی (فیصلیە) کە ئێستا (ساڵی ١٩٩٠) تەخت کراوە و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیلە.

## چوارەم- کۆمەڵی فیدای وەتەن (فدائی وطن):[١٤٧]

ساڵی ١٩٣٥ بە سەرۆکایەتی حەماغای ئەوڕەحمان ئاغا پێکهات و تا ساڵی ١٩٣٦ی خایەند.

## پێنجەم- کۆمەڵی برایەتی:[١٤٨]

ئەم کۆمەڵە ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن خوا لێخۆشبوو شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودەوە دامەزرا، کە وێنەیەک بوو لەو ڕێکخراوانەی لە (ئاستانە-

---

١٤٦. سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢- ٤٣. قسەکانی ناو کەوانە هی پیرەمێردن.

١٤٧. دکتور عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ل ٩٣.

١٤٨. كريس كيتشارة، الحركة القومية الكردية، والدكتور عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات الكردية في نصف قرن، شركة المعرفة للنشر والتوزيع، بغداد، ١٩٨٩.

ئەسـتـەمـبـوولّ) كـاتـی خـۆی دامـەزران. ئەنـدامـەكـانی: ئەسـعـەدی مـەحـوی، هەروەها یەكێك لە براكانی مەلا مسـتـەفا كە ئەوسا لە سلێـمانی بوو، لە كۆبوونەوەی ئەم كۆمەڵەدا ئامادە دەبوو.

ئەندامانی تر: حەمە بۆری مستەفای حەمەبۆر و حەمە سەعید بەگی حەمە سەلیم بەگی جاف و عیززەتی مەلا سەعیدی كابان و شێخ لەتیفی دانساز و مەلا جەلالی حەیدەری (سەعاتچی) و ئەحمەد شوكری و مەحموود ئەحمەد و محـەمـەد ئەمین مـەنگوڕی و مـاجد مسـتـەفـا و كەریم زەند و دكتـۆر نوری فتوحی و محرم محەمەد ئەمین و صالّح ئەحمەد و هەندێكی تر. وادیارە ئەم كۆمـەڵە تا سـاڵی ١٩٤٣ی خـایاندووە و زیاتر پشـتگیری جـوولانەوەی شـێخ مـەحمـوودیان كـردووە. یەكێكیش لە تێكۆشانەكانی كە دیارن دەربازكـردنی مـەحـمـوودخـانی دزڵی بوو كە لـە سلێـمـانی دەسـتـبەسـەر بوو بـەهۆی شـێخ لەتیـفی دانسـازەوە گەیەنرایەوە هەورامـان بە تەمـای ئەوەی كە جـووڵەیەك دژی حكوومەت بكات بۆ پشتگیری شێخ مەحموود.

### شەشەم- كۆمەڵی ئازادی كوردی:[١٤٩]

ئەمیش لە بابەت كۆمـەڵی برایەتی بوو، سـاڵی ١٩٣٨ لەلایەن هەندێ گەنج كــە هـەمــوو لـە تـەمــەندا و لـە بیــر و بـاوەڕدا لە یەكــەوە نـزیك بـوون، ئەم كۆمـەڵەیەیان دامـەزراند. ئـەمـەش كۆمـەڵێكی نیشـتـمـانپـەروەر بوو... داوای ئازادی هەمـوو عـێـراقی دەكـرد بە كـورد و عـەرەبەوە و پێـوەنـدیشـی لەگـەڵ (ژ.ك- ژیانەوەی كـوردسـتـان)ی ئێـرانیـشـدا هەبوو، ئەوانەی دایانمەزراند كۆمەڵێك بوون لە قوتابیانی كۆلیجی هەندەسەی بەغدا.

---

١٤٩. هەردوو سەرچاوەی پێشوو.

**حەوتەم- کۆمەڵی دارکەر:**

هەندێک دەڵێن ئەمیش هەر لە سلێمانییەوە پێگەیشتووە[١٥٠]. ئەوانەی دایان مەزراند، نوری شاوەیس و یونس رەئووف و عەبدوڵڵا جەوهەر بوون، ئەم کۆمەڵە لە دواییدا گەلێک لە گەنجەکانی تری کوردستانی راکێشا وەک مکەرەم تاڵەبانی و ڕۆستەم جەباری و پارێزەر مستەفا عوزەیری لە دواییدا رەفیق حیلمی. بەڵام (بیر و ڕایەکی ڕوونی نەبوو)، ئەوەبوو دژی فاشییەکان و هیتلەر و ئیمپریالیزم بەتایبەتی ئینگلیز و پشتگیری دیموکراتیەت بوون، دارکەر بەرەو دەرەوەی سلێمانیش لە دوای ساڵی ٩٤٠وە پەرەی سەند و گەرای نەهێنی لە هەولێر و بەغدا و موسڵ و خانەقینیش دانا. ناوی (دارکەر) بەناوی ڕێکخراوێکی نەتەوایەتییەوە بوو لە (ئیتالیا) کە داوای یەکەتی ئیتالیای دەکرد.

**هەشتەم- هیوا:**

بێگومان هیوا (پارت) بوو نەک (کۆمەڵ)[١٥١] و لە سلێمانیشدا دانەمەزرا، بەڵام پێوەندی زۆری بە سلێمانییەوە هەبوو وەک لەمەودوا باسی دەکەین، بۆیە لێرەدا ناومان هێناوە.

هیوا گەورەترین و ڕێکوپێکترین پارتێکی خەباتکەری کورد بوو لە بەینی ساڵەکانی ١٩٣٩-١٩٤٤دا لە تێکۆشاندا بوو لە ڕێی کوردایەتی و وەدەستهێنانی (کیان)ێک بۆ کورد. کۆمەڵی (دارکەر) گەرای ڕاستەقینەی پارتی هیوا بوو، ناوی (هیوا)ش لە کۆمەڵەی (هێڤی) کوردەوە لە تورکیا هاتووە.

هەندێک دەڵێن (هیوا) لە هەولێر و هەندێکی تر دەڵێن لە کەرکووک

---

١٥٠. کیتشارە ل ١٤٥، هەرچەندە کاک مکەرەم تاڵەبانی دەڵێت لە کەرکووک پێک هاتووە.

١٥١. واتا (حزب) بوو، نەک (جمعیە).

بناغەکەی دامەزرا. هەر چۆنێک بێت دەستەی دامەزرێنەری (هیوا) بریتی بوون لە (مامۆستایان مستەفا عوزێری، یونس، رەئووف، جەلال قادر، موسا سەمەد، ئیحسان حاجی ئەحمەد و چەند کەسێکی تر. هیوا لە ئەفسەر و جێگری ئەفسەر و سەرباز، لە پارێزەرو ئەندازیار و پزیشک، لە مەولا فەقێ و قوتابی، لە جووتیار و تۆوچێن، کاسبی ناو بازاڕ... ئەمانە هەمووی گرتبووە خۆی. دوای دامەزراندن و پەرەسەندنی هیوا، دەستەی دامەزرێنەر بە دوای یەکێکدا گەڕان کە ڕابردوویەکی پاک و خاوێنی هەبێت لە کوردایەتی و تێگەیشتوو و خاوەن توانا بێت، لەم بابەتەوە مامۆستا (رەفیق حیلمی) یان پەسەند کرد و ئەمیش گورج بە دەنگیانەوە هات و بوو بە سەرۆکی (بالا).

ئەمانەش چەند ناوێکن لە نزیکەی شەش هەزار ناو لە ئەندامانی هیوا کە بۆ نموونە باسیان دەکەین:

لە ئەفسەرەکان: عیزەت عەزیز، مستەفا خۆشناو، خێروڵڵا، حەمە قودسی، مەحموود تەها، مەجید عەلی، ئەمین رەواندزی، سەی عەزیز شەمزینی، میرحاج ئەحمەد، حەمەدەمین دەربەند فەقەرە، ظاهر عەزمی بابان. جگە لەوان: موکەرەم تاڵەبانی، مەلا سەی حەکیمی خانەقین، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ڕەشید باجەلان، مستەفا نەریمان، عەتا تاڵەبانی، عەزیز پشتیوان، کەریم بەگی جاف، ئەحمەد بەگی جەمیل بەگی بابان، ساڵح یوسفی، کەریم زەند، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد قەرەداغی، شەوکەت بەگی جاف، شێخ محەمەد نەجیبی تاڵەبانی، عەبدوڕەحمان کەریم، حەمزە عەبدوڵڵا، عەلی حەمدی، کانەبی دزەیی، جەوهەر دزەیی، فائق هوشیار، برهان جاف، حەمە سەعید بەگی جاف...

هیوا هەرچەندە لە سەرەتاوە بەرنامە و پەیڕەوێکی ناوخۆی نەبوو کە لە سەری بڕوات چونکە پارتێکی نهێنی بوو، بەڵام وشەی کوردایەتی و هەوڵدان

بۆ پێکهێنانی قەوارەیەک بۆ کورد، ئەم ئەندامانەی یەک خستبوو. هەر لە سەرەتاشەوە بڵاوکراوەیەکی هەبوو بەناوی (شیلان)ەوە بە کوردی لە چاپ دەدرا و بە نهێنی دابەش دەکرا.

هیوا مەرکەزی سەرەکی لە بەغدا بوو، بەڵام لقی لە سلێمانی، کەرکووک، هەولێر و شوێنی تر هەبوو. بۆ گەیشتن بە ئامانج هەندێک لە ئەندامانی هیوا و دەستەی بەڕێوەبەر، بگرە سەرۆکی باڵاش، لەو بڕوایەدا بوون کە قەی ناکا ئەگەر داوای یارمەتی و پشتگیریی لە دەوڵەتێکی گەورە بکەن وەک (ئینگلیز) بە مەرجێک لە دەست حوکمی عەرەب و تورک و فارس رزگاریان ببێ و قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد پێک دێت.

هیوا بوو بە پێشەوای جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و شان بەشانی گەلانی ئازدیخوازی جیهان دژی فاشییەت و نازییەت وەستا، لە ڕاستیشدا شوێنێکی گەورەی لە دڵی جەماوەری کورددا داین کرد. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٤٢شدا دووان لە ئەندامە بەرزەکانی نارد بۆ ئێران (میرحاج و مستەفا خۆشناو) لە ئەنجامی ئەوەدا کۆمەڵی (ژ.ک- ژیانەوەی کورد) دروست بوو.

ساڵی ١٩٤٣دووبەرەکیی (ڕا) لە هیوادا چەکەرەی کرد و ئەندامان کەوتنە دوو بواری سەرەکییەوە، (ڕاستڕەو) و (چەپڕەو)، لەبەر ئەوە کۆنفرانسێکی گشتی گیرا، لەوەدا ئەو دووبەرەکییەتەی کە هەبوو، زیاتر پەرەی سەند، هێجگار دوای بەرپابوونی شۆڕشی کورد لە بارزان هەر لەو ساڵەدا، ڕایە جۆراوجۆرەکان لەم دوو خاڵە سەرەکییەدا کۆبوونەوە: یەکەم: گەلی کورد بۆ سەرگرتنی مەسەلەکەی خۆی، لە خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیدا بەرەو چ لایەکی سیاسی هەنگاو بنێ و کێ بکات بە پاڵپشت لە تێکۆشانیدا؟ یەکەتی سۆڤیەت و دەوڵەتە سۆشیالیستەکان، یاخۆ بەریتانیا و باقی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان؟

دووەم: ئایا هیوا تا چ رادەیەک لە شۆڕشی بارزاندا بەشداری بکات، تا ئەوپەڕی و هەموو هێز و توانایەکیەوە، یاخۆ لە دوورەوە سەیر بکات و تەنها یارمەتییەکی وەهای ئەو شۆڕشە بدات لەژێرەوە و بەدزیەوە بێ، بە جۆرێک کە حکوومەتی عێراق پێ نەزانێ و رقی بەریتانیاش هەڵنەستێنێ؟

بەرەی (راستڕەو) بە سەرۆکایەتی سەرۆکی هیوا رەفیق حیلمی خۆی لەو رایەدا بوون پێوەندی لەگەڵ بەریتانیادا بەهێز بکەن بەو بڕوایەی کە ئەو رۆژە بۆ ئەو ئیشە دەستی لە هەموو دەوڵەتێکی تر زیاتر دەڕۆیشت و بەپێچەوانەوە یەکەتی سۆڤیەت بەرای ئەوان دوورە و ناتوانێ یارمەتی کورد بدات. لە بابەت بەرزانیشەوە لەو رایەدا بوون کە شتێکی وانەکەن حکوومەتی عێراق لە خۆیان زیز بکەن، چونکە سوێندخۆری بەریتانیایە، بەریتانیاش لە شەڕدایە دژی ئەڵمانیای هیتلەری. رای بەرەی چەپ بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئەوانی تر بوو، رایان لەسەر نزیکبوونەوە لە یەکەتی سۆڤیەت و یارمەتی بەرزان بە گیان و ماڵ و چەک بە هەموو توانایەکەوە بوو.

ساڵی ١٩٤٤ لەو کۆنفرانسەی لە شاری کەرکووک گیرا، هەردوولا بەتەواوەتی لە یەک جیابوونەوە. بەرەی ڕاست لەگەڵ سەرۆکی باڵا بەناوی (هیوا)وە مانەوە و وردە وردەش خەڵکیان لێ دەکشانەوە، تا لە ئەنجامدا بەتەواوەتی نەما. بەرەی چەپیش گەلێک بەشی لێ جیابووەوە، بەناو و بەرنامەی جیاجیاوە: هەندێکیان دایانە پاڵ (بەرەی قاعدە) و ڕۆژنامەیەکی نەهێنییان بەناوی (ئازادی)یەوە دەرکرد. هەندێکی تریان چوونە پاڵ لقی (ژ.ک) لە کوردستانی عێراقدا. بەشی سێیەمیان پارتێکی نەهێنییان پێکەوە نا بەناوی (ڕێی راست) کە زۆری کادیرەکانی لە سلێمانی و لە بەینی قوتابییەکاندا بوون لە بەغدا.

بەشی چوارەمیان چوونە لای بەرەی (وحدة النضال) کۆمەنیستی عێراق و

لقـێکیـان لە کـوردسـتـاندا بەناوی (یەکـێـتی تێکۆشین)ەوە[١٥٢] پێکـهـێنا و ڕۆژنامەیەکیشیان هەر بەو ناوەوە داکرد. ئەمە جگە لـە چەند بەشێکی تر کە بـەناوی ترەوە هـاتنـە کـــۆڕی خـــەباتەوە و پـشـــتگیـــری جـــووڵانـەوەی ئازادیخـوازانەی کوردیان دەکرد، بـەڵام هـەریەکە سـەربەست بۆ خـۆی ئیشی دەکرد[١٥٣].

لە سـاڵی ١٩٤٤دا بـەڕێوەبەرانی (یەکێتی تێکۆشین) پارتی کۆمـەنیستی کوردستانی عێراقیـان پێک هێناو مەکتەبی سیاسی ئەم پارتە بریتی بوو لە (صـاڵح حـەیدەری- سکرتێـر-، نافع یونس، عـەلی عـەبدوڵڵا، عەبدولکەریم تۆفـیق، ڕەشید عـەبدولقـادر، عـەبدولصـەمـەد مـحـەمـەد و نووری مـحـەمـەد ئەمین). ڕۆژنامەی (شـۆڕش) زمانحاڵی ئەم پارتە بوو، کە لە دواییدا پارتەکە خۆشی ناوی نرا پارتی (شـۆڕش) کە پەیڕەوی پارتە کۆمـەنیستەکانی دەکرد و هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵیانا[١٥٤].

**پارتی رزگاری کورد:**

پارتـی شــۆڕش بانگەوازێکی بۆ جـەمــاوەری کـورد دەرکـرد، کـە پارتێکی پێشکەوتنخواز بۆ خۆیان پێک بهێنن (پارتی رزگاری کورد واتا حزب التحرر

١٥٢. هەر لـەم مـاوەیەدا بـوو (١٩٤٠-١٩٤٢) ئێـمـە قـوتـابی ناوەندی بـووین ڕۆژێک پێنج هاوڕێ بووین محـەمەد سـەعید ئیبراهیم ئێستا پارێزەرە، محـەمـەد محێدین ئیستا قـازییـە، ع.ح.ب شـاعیـر و پێنجـەمم لـەبیـر نیـیـە حـیـزبێکی بچکۆلەمـان پێکەوە نا (ڕاپەڕین)ی ناو بوو کۆبوونەوەیەکمان کرد و سوێندمان خوارد کە نەهێنی پارتەکەمان نەدرکێنین و دروشمەکەشمان ئەوەبوو:
"ڕاپەرین هەسـتـا بە یەک جـار ئەڵێ- سـەیوانە جێگەم بێـتو کـورد سـەربـەست نەبێ" (ج.ب).

١٥٣. سەرچاوەی پێشوو: د. عەبدالستار طاهر شریف. الجمعیات والمنظمات و الاحزاب الکردیة، ل ١٠٠-١٠٦.

١٥٤. سەرچاوەی پێشوو: ل ١١٠-١١٢.

الكردي ياخـۆ حـزب خـلاص الـكـورد). بەمـجـۆرە پارتی رزگـاری پێک هات لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٥دا کە دەستەی پێشەواکەی ئەم کەسانە بوون:

١- صالّح حەیدەری- سەر بە پارتی شۆڕش.

٢- نافع یونس- سەر بە پارتی شۆڕش.

٣- دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم- سەربەخۆ.

٤- نوری صدیق شاوەیس- سەر بە پارتی شۆڕش.

٥- نوری محەمەد ئەمین- سەر بە پارتی شۆڕش.

٦- ڕەشید باجەلان- سەربەخۆ.

٧- تەها محێدین مەعروف- سەربەخۆ.

ئەو بـەیانـەی دەسـتـەی دامـەزرێنـەر بڵاوی کـردەوە لە بابـەت ئامـانج و بەرنامـەی (رزگـاری)یەوە، بریتی بوو لـە (بەرزترین ئامـانج یەکـخـستن و رزگارکردنی کوردستانی گەورە، کۆشش لە ڕێی سەربەخۆیی کارگێڕی لە کوردستانی عێراقدا وەک هەنگاوێک بەرەو بڕیاردانی پاشەڕۆژ، تێکۆشان بۆ نەهێشتنی گشت جۆرە چەوسانەوە و جوێکردنەوەی نەتەوایەتی، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ پارت و بەرەی کوردا لە دەرەوەی عێراق بۆ هاوکـاری لە ڕێی گـەیشـتندا بە ئامـانجی هەرە بەرز کـە ئەویش مـافی بڕیاردانی دوارۆژ و ئازادییـە، تێکۆشـان بۆ چارەسـەرکـردنی گـشت گـیـروگـرفـتـێکی سـیـاسی و کـۆمـەلایەتی و ئابووری و ڕۆشنبـیـری، و بەرزکردنەوەی رادەی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بڵاوکردنەوەی زانست و زیندووکردنەوەی مێژوو لەگەڵ وێژەی کوردی، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دەزگاکانی میری و قوتابخانەکانی ناوچەی کورد زمانەکاندا، هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەی کورد بۆ گشت لایەک، هاریکاری لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا...)[١٥٥]. لە چالاکییەکانی (رزگاری)

١٥٥. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١-١٢٢.

پێشکێشکردنی یاداشتێک بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوە کە دوای کۆتایی شەڕی گەورەی دووەم کۆبوونەوە، داوای کرد کە بە چاوێکی دادپەروەرانە سەیری مەسەلەی کورد بکەن[١٥٦].

هەروەها یاداشتێکیشی دایە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە لەندەن کۆبوونەوە هەر لە بابەت مافی کوردەوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی بەیانێکی بەپێز دژی ئەو قسانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢٥ لە قاهیرە لە بابەت ماف و ژمارەی کوردەوە کردبوونی[١٥٧].

چالاکییەکانی پارتی رزگاری کورد هەر لە کاردا بوو، تاکو مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦ کە ئیتر کۆنگرەی گشتیی گیراو هەموو ئەندامانی ئەم پارتە بە یەک دەنگ بڕیاری توانەوە و دامەزراندنی پارتێکی نوێیان دا لە شوێنی. هەر لە (رزگاری)یش بەشێک لە ئەندامە چەپڕەوەکان ڕوویان کردە پارتی (تحرر الوطني) کە پارتێکی سوور واتا کۆمەنیست بوو.

ئەم پارتەش لە سلێمانیدا وردە وردە هێزێکی تەواوی پەیدا کرد.

**پارتی دیموکراتی کورد:**

لە یەکەم هەفتەی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦دا، پارتی کۆمەنیستی کوردستانی عێراق (شۆڕش) کۆنگرەی بەست و بڕیاری توانەوەی پارتەکەی دا، هەر یەکێک لە ئەندامانیش سەرپشکە، دەیەوێ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردیدا بێت یاخۆ لەگەڵ پارتی کۆمەنیستی عێراقیدا. لەم بوارەدا دوو بەرەی بەهێز سەری هەڵدا، بە بۆنەی ئەوەوە کە مەلا مستەفا خۆی لە (مەهاباد) بوو، بە هەمزە عەبدوڵلادا خەبەری ناردبوو کە (شێخ لەتیفی شێخ مەحموود و کاکەزیادی حەماغای کۆیە) لە دەستەی پێشەوای ئەم پارتە نوێیە بن.

---

١٥٦. ئەوی دەیەوێ دوور و درێژ لە ناوەڕۆکی یاداشتەکە بگات، سەیری ئەو کتێبەی د. عبدالستار طاهر شریف، ل ١٢٣– ١٢٤ بکات.

١٥٧. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢– ١٣٦.

سـالّح حـەیدەری و حـەمـیـد عـوسـمـان و جـەمـال حـەیدەری لەگـەڵ ڕێکخراوەکانی پارتەکان لە هەولێر و شەقلاوە و ڕەواندز دژی ئەم پێشنیازە وەستان، لەبەر ئەوە ئەوان چوونە ناو پارتی کۆمەنیستەوە، لە دواییدا (نافع یونس)یش چووە پاڵیان. پارتی دیموکراتی کورد لەو سێ پارتەی پێشوو (شۆڕش) و (ڕزگاری) و (ژ.ک)ی عێراق پێک هات، یاخۆ ئەو ئەندامانەی لەو سێ پارتەوە هاتن بوون بە بنکەی ئەم پارتە نوێیە. بیرەکەش یاخۆ پێشنیازەکە لە مەلا مستەفای بارزانییەوە و هاوڕێکانی لە کۆماری کوردستانی دیموکراتی (مەهاباد) پێک هات.

**یەکەم کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کورد:**

پارتی دیموکراتی کورد لە ١٦ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦ لە بەغدا بە ئامادەبوونی (٣٢) ئەندام لە پارتە تەواوەکان و هەندێک کەسی سەربەخۆ و (ئیبراهیم ئەحمەدیش وەک مراقب کە نوێنەری پارتی دیموکراتی ئێران بوو) جگە لە سدیق ئەترووشی و نووری شاوەیس و عەلی حەمدی لە ماڵی (سەعید فەهیم) کۆبوونەوە. دوای وتووێژ لەسەر پەیڕەو و نیزامی ناوەوەی پارت کە لەوەپێش لەوانەی پارتی دیموکراتی ئێران وەرگیرابوو، دوای گۆڕینێکی کەم بڕیاری لەسەر دراو (١٥) کەس بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردران کە ئەمانە بوون:

١- مەلا مستەفا بارزانی- سەرۆک.

٢- شێخ لەتیفی شێخ مەحموود- جێگری یەکەمی سەرۆک.

٣- کاکەزیاد ئاغای کۆیە- جێگری دووەمی سەرۆک.

٤- هەمزە عەبدوڵڵا.

٥- میرحاج ئەحمەد.

٦- د. جەعفەر محەمەد کەریم.

٧- عەلی عەبدوڵڵا.

٨- ساڵح یوسفی.

٩- عەبدولکەریم تۆفیق.

١٠- رەشید عەبدولقادر.

١١- رەشید باجەلان.

١٢- مەلا حەکیمی خانەقینی.

١٣- عەونی یوسف.

١٤- تەها محێدین مەعرووف.

١٥- مستەفا خۆشناو.

١٦- عەبدولسەمەد محەمەد (أحتیاط).

دەزگای رامیاری (مەکتەبی سیاسی)یش لەناو لیژنەی مەرکەزیدا بەمجۆرە هەڵبژێرران:

١- هەمزە عەبدوڵڵا (سکرتێری لیژنەی مەرکەزی).

٢- جەعفەر محەمەد کەریم.

٣- عەلی عەبدوڵڵا.

٤- عەبدولکەریم تۆفیق.

٥- ڕەشید عەبدولقادر.

بڕیار درا ڕۆژنامەکەشیان بەناوی (رزگاری)یەوە دەرکەن، کە یەکەم ژمارەی لە ئەیلوولی ١٩٤٦دا دەرچوو، هەر ڕۆیی تا ساڵی ١٩٥٦ کە لەمەودوا بوو بە (خەباتی کوردستان) تا ١٩٥٨ کە (خەبات) لە ٤ی نیسانی ١٩٥٩وە بە ئاشکرا کەوتە ناوناوانەوە و دوای ئەوەش بەینێکی تریش کەوتەوە ژێر پەردەی نەهێنی.

بەرنامەی پارتی دیموکراتی کورد[١٥٨] (چاودێری باری سیاسی ئەو کات و

١٥٨. وەک لە نامەی دکتۆرای (دکتۆر سعد ناجی جواد)دا هاتووە لە کتێبی (الجمعیات و المنظمات و الاحزاب...)دا نووسراوە ل١٥٨

دەمەی ئەو ڕۆژانەی تێدا کراوە کە عێراقی پیا ڕۆیشتووە و کە جیهانیشی تێـدا بووە. لەلایەکی ترەوە ڕەنگدانەوەی بەرەی چەپڕەوی بە ئاشکرا تێـدا دیارە... باقیـەکـەی بەرنامـەی ئەم پارتە هیچ جیـاوازییـەکی ئەوتۆی نەبوو، لەگـەڵ بەرنامـەی پارتە نیـشـتـمانپـەروەر و دیموکـراتیـیـەکانی تـر... پارتی دیموکـراتی داوای عـێـراقـێکی سـەربەست و ئازاد، دوور لە خـۆبەسـتنەوەی سیـاسی و ئابووری بە ئیمپریالیزمەوە، دەسـەڵات بدرێتـە دەست نوێنەرانی ڕاستەقینەی میللەت، رژێم لە عێراقدا لەسەر بناغەی یەکەتی عەرەب و کورد پێک بێت کە لە ماف و ئەرکی سـەر شاندا وەک یەکن. پێویستـە ئامـانجی گەلی کورد بەتەواوەتی رەچاو بکرێت لە چوارچێوەی نیشتمانی عێراقدا کە بە رەزامەندی خۆیانە نەک بە زۆر و چەپۆکی ئیمپریالیزمی بەریتانی ئەمەی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت).

هەر لە بـەرنامـەی پارتدا هاریکاری هـەردوو نەتەوەی کـورد و عـەرەبی بە پێویست داناوە بۆ بـەرهەڵستی کردنی ئیمـپریالیزم و کۆنەپەرستی و دژی جیابوونەوە لە عێراق و بانگەواز بۆ یەکگرتنی هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورە بە مـەرجێک ئەمەیان لەگەڵ یەکەتی نیشتمانی و جوغرافیی عێراقدا دژ نەوەستێ).

**هەردوو پارتی دیموکراتی و شیوعی و باری ئەوسای سلێمانی:**

دوای پەرەسـەندنی هەر یەکێک لە پارتی دیموکراتی و حیزبی شیوعی یاخۆ (تحرر)[١٥٩] لە سلێمانی، لەو ساڵانەی بەینی ١٩٤٦ تاکو ١٩٥٢ بەولاتریشەوە ناکۆکی کەوتە بەینیانەوە، بە جۆرێک جاری وا هەبوو ناکۆکییەکە دەگەیشتە یەخـەی یەکگرتن، ئەمـیش بەهۆی تێنەگـەیشـتنی هەندێک لە ئەندامـانی کەللەڕەقی هەردوولا و کەمـتـەرخـەمی گەورەکـانیـانەوە لە حیـزبدا، وای لێ هاتبوو لە ماڵێکدا، دایک پارت بوو باوک (تحرر) بوو، منداڵەکانیان هەریەکە

١٥٩. یەکێک لە پێشەواکانی (حسێن محەمەد الشبیبی) بوو.

لەلایەک، ئیتر ئەوماڵە سرەوت و ئاسوودەیی بە خۆیەوە نەدەدی، شتەکە وای لێ هاتبوو کەوتبووە دەست مناڵە وردکەش، کە ئەوانیش وەک کەسوکاریان کوێرانە دوای لایەک دەکەوتن، قسەی ناشیرین و جنێویشیان لە دەم دەهاتە دەر، ئەم بەزمە نەک هەر لەناو شاری سلێمانیدا بەڵکو لە شارەکانی تری وەک هەڵەبجە و پێنجوێن و قەڵادزێ و قەرەداغ... و لە دێهاتەکان لە دێیەکی وەک (سوڵە)ی قەرەداغ کە مەرکەزێکی ئاینی و جێنشینی شێخ قادری قەمچی ڕەش بوو، کەچی بووبوو بە (مەرکەزی) حیزبایەتی، خۆ ناوچەی قەرەداغ بە جارێک سەر بە (فلان) حیزب بوون. ئەمە قەی ناکات، ئەگەر ئیشەکە و دوو بەرەکەتییەکە، بە گفتوگۆی زانستییانە و ڕۆشنبیرانە لەسەرخۆ باس بکرایە و لێی بکوڵرایەتەوە، تا دەگەیشتنە ئەنجامێک، بەڵام بەداخەوە ئیش بەمجۆرە نەبوو، بەڵکو بەوپەڕی کرژیەتی و توورەییەوە، بەرەنگاری یەکتر دەبوون، جا با ئەمە لێرە بوەستێ.

ئینجا بابزانین ئەو ناکۆکی بیرە لە بەینی ئەم دوو پارتەدا لەسەر چی بوو؟ ئەو کتێبەی ئەمڕۆ لەبەر دەستماندا بێت (ساڵی ١٩٩٠) تەنها کتێبەکەی د. عەبدوالستار تاهیر شەریفە و سەرچاوەی ترمان لەم ڕووەوە نییە، تاکو بتوانین شتێکی لێ هەڵبهێنجین، ئەگەر هەشبێت، دژی لایەکەو بێ لایەن نییە، جا هەرچەندە دکتۆر یاخۆ (شێخ ستار) خۆیشی پارتی بووە، بەڵام ئەوەی نووسیویەتی ئێمەش وەک زانستێکی مێژوویین دەیخەینە پێش چاو. بە (رای) شێخ ستار (صراعی فکری) بەینی هەردوولا لەسەر ئەم خاڵانە بوو:

یەکەم: کورد بە واتای سەردەم (أمە)یە یان نا؟ شیوعییەکان تا ساڵی ١٩٥٢ دانیان بەمەدا نەدەنا، چونکە هەر لە سەردەمی (فەهد)ەوە (کورد و تورکمان و یەزیدی) بە (کەمایەتی- أقلیە) دانراون، تا ساڵی ١٩٥٢ کە (باسم- بەهادین شێخ نووری باباعەلی قەرەداغی) هات، ئەو (میثاق)ەکەی سەردەمی (فەهد)ی بە کەموکوڕ دانا لەم ڕووەوە، پارتییەکان کوردیان بە (أمە) دادەنا، بۆیە دەیانوت پێویستە هەموو مافێکی وەک میللەتانی تر

هەبێت تاکو دەگاتە (مافی بڕیاری دوارۆژ).

دووەم: شیوعییەکان دژی ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردستانییەکان دەوەستان وەک (گەنجان و قوتابیان و ئافرەتان) و ئەو مافانەیان بە پارتی ڕەوا نەدەبینی و دەیانگوت نابێ ببن، پارتییەکان بوونی پارت و ڕێکخراوەکانی کە باس کران بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانی، چونکە شیوعییەکان، (پارتی)یان بە پارتێکی بۆرجوازی نەتەوایەتی دادەنا، بەپێچەوانەی ئەوانەوە، پارتی خۆی بە پارتێکی دیموکراتی پێشڕەو دادەنا کە نوێنەری هەموو بەرژەوەندییەکی جووتیار و تێکۆشەر و کاسب و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانە.

سێیەم: لە بابەت (کوردایەتی)یەوە، شیوعییەکان لە ئیشوکاردا کوردایەتییان دەخستە پشتگوێ و بەقسە و بە (تیۆری) کوردایەتییان بە جووڵانەوەیەکی نەتەوەخوازانەی- بۆرجوازی دەرەبەگی دادەنا، بەڵام پارتییەکان بە جووڵانەوەیەکی نیشتمانی ئازادیخوازانەی دژ بە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستیان دادەنا، جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی وەها کە هەرگیز نابێ ناوەڕۆکە پێشکەتنخوازانەکەی و جەوهەری شۆڕشگێڕانەی پشتگوێ بخرێ یان دانی پێدا نەنرێت[١٦٠].

بەڵام شێخ ستار دەڵێت: هەڵوێستی شیوعییەکان بەرامبەر بە (کوردایەتی) لە دوای کۆنفرانسی ساڵی ١٩٥٦وە گۆڕراو دانیان بە کوردا نا کە (أمە)یە و مافی بڕیاری پاشەڕۆژی خۆی هەیە و مافی پێکهێنانی پارت و ڕێکخراوی دیموکراتییان هەیە...

ئەوەی شایانی باسە، نە پارتی و نە حیزبی شیوعی و نە (تحرر) ئەمانە هیچیان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە وەزارەتی (تۆفیق السویدی) دا بەرەسمی ڕێگا نەدران، وەک حیزبەکانی (وەتەنی دیموکراتی بە سەرۆکاتی کامل چاردچی)

---

١٦٠. الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية، ل ١٦٠-١٦١.

و (حیزبی ئستقلال به سەرۆکایەتی محەمەد مەهدی کوبە) و (حیزبی ئەحرار بە سەرۆکایەتی سەعد صالح) و (حیزبی شەعب بە سەرۆکایەتی عەزیز شەریف) و (حیزبی ئتحادی وەتەنی بە سەرۆکایەتی عەبدولفەتاح ئیبراهیم) کە ئەمانە هەموو بە رەسمی ئیجازە دران بۆ ئیشکردنی ئاشکرا[١٦١].

بێگومان ئەوەی وەزارەتی تۆفیق سویدی کردی، لە کاتێکدا بوو هەموو جیهان دوای برانەوەی شەڕی جیهانی دووەم هەناسەیەکی پیا هاتەوە و خەڵک چاوەڕوانی پەیمان و قسەپێدانی سوێندخۆرەکان بوو لە کاتی شەڕدا سەرۆکەکانیان نە جارێک و نە دووان بەملا و بەولادا بڵاویان دەکردەوە، کە دوای شەڕ ئاسوودەیی و ئاشتی و ئازادی باڵ دەکێشن بەسەر گشت جیهانا و ئەگەر سەرکەوتن دنیا دەکەن بە بەهەشت... و خەوی هەموو کەسێک دێتەدی، ئەوەبوو ئینگلیزەکان لەسەر ئەو قسە و پەیمانانە هەندێک شتی لەو بابەتەیان کرد، بەڵام وەزارەتەکەی تۆفیق سویدی تەمەنی کورت بوو[١٦٢]، ئەو وەزارەتەی دوای ئەو کە هات، نەک هەر ئەوانەی پێش خۆی سڕیەوە، بەڵکو زیاتریشی دایە دەم. وەزارەتی (ئەرشەد ئەلعومەری)[١٦٣] هەراکەی گاورباخی[١٦٤] کەرکووکی زیاتر کرد بە بیانوو، تەڕ و وشکی وەک یەک سووتان. ئەوەبوو دوای وەزارەتەکەی (ئەرشەد ئەلعومەری)، نووری سەعید وەزارەتی پێک هێنا و نوێنەری حیزبی (وطنی دیموقراطی- محمد

---

١٦١. سەرچاوەی پێشوو، ١٦٠-١٦٥.

١٦٢. لە ١٩٤٦/٢/٢٣- ١٩٤٦/٥/٣٠ وەزیری داخلیە لەم وەزارەتەدا (سعد صالح) بوو کە ڕێگای حیزبە سیاسییەکانی بەشێوەیەکی ڕەسمی دا بۆ ئیشکردن هەروەها لە پیاوە حیزبییەکان یاخۆ دیموکراتییەکان (علی ممتاز، عبدالوهاب محمود، نجیب الراوي، عبدالهادي الظاهر) لەم وەزەراتەدا بوون.

١٦٣. لە ١٩٤٦/٦/١ بۆ ١٩٤٦/١١/١٦.

١٦٤. لە ١٩٤٦/٧/١٢دا ڕووی دا لەناو کرێکارەکانی نەوتی کەرکووکدا کە (٢٠) کەسی تیا کوژراو و بریندار پێوە بوون و عبدالله قصاب وەزیری داخلیە لەسەر ئەوە (استقالە)ی کرد.

حـديد) و (اَحـرار- على ممتـاز)ی تێـدا بوو، ئەویش لە ١٩٤٧/٣/٢٩دا بۆی دەرچوو، ئەوسـا صـالـح جـبـر وەزارەتی پێک هـێنا و خـۆی ئامـادەکـرد بۆ گۆڕینی (معاهده) لەگەڵ ئینگلیزدا، کە بە (پەیمانی پۆرتسمۆث) بەناوبانگە.

ئیـتـر گـەلی عـێراق بـە جـارێک ڕاپەڕین و دژی ئـەو پەیمانە وەسـتـان، ناوەڕۆکی پەیمانەکـەیان بە خـوێن سـڕیەوە و وەزارەتی صـالـح جـبـر لە ١٩٤٨/١/٢٧دا بـۆی دەرچوو دوای ئـەوەی ژمـارەیەکی زۆر لە قـوتابی و خەڵکی تر کوژران و بریندار کران و بە (وەثبە) ناوی دەرکرد.

دوای صـالـح جـبـر، سـەید مـحـەمـەد صـەدر لە ڕۆژی ١٩٤٨/١/٢٩دا وەزارەتی پێک هێنا، ئەم پیاوە بەوەدا کە پیاوێکی ئاینی و بەڕێز لای هەموو کەس و لەسـەرخۆ بوو، لەسـەر تکای سەرۆکی حیزبەکان ئەم ئەرکەی قبووڵ کرد[١٦٥]. بە هاتنی ئەو، ئاو کرا بە ئاگردا و بەتایبەتی کە میللەت نەیهێشت (پەیمانی پۆرتسـمۆث) سـەربگرێت، کە ئەوە گەورەترین سـەرکـەوتن بوو، لە خەباتی گەلی عێراقدا دژی ئینگلیز و داردەستەکانی.

لە شـەهیـدەکـانی (وەثبـە) دوو گـەنجی خـەڵکی سلێـمـانی تێـدابوو، کـە هاتبوونە بەغدا بۆ شت کڕین و جێبەجێکردنی ئیشی خۆیان و گوللەی وێڵ بەرۆکی گـرتبوون. بە بردنەوەی ئـەم شـەهیدانـە و ناشـتنیـان خـۆپێـشـاندان دەستی پێ کرد و خوا لێخۆشبوو کامەرانی شاعیر، بە شیعرە ئاگرینەکانی، ئەوەندەی تر دڵی خەڵکەکەی گەرم دەکرد و جۆش دەدا، ئیتر تا بەینێک تەمی مـانگرتن و خـۆپیـشـاندان هەر نەڕەوایەوە، جگە لەوەی هـەر ڕۆژە وەفـدێک دەچوون بۆ بەغدا بۆ دانانی گوڵ لەسەر گۆڕی شەهیدەکانی تر، کە ئەمەش هەمـوو لایەکی عێـراق لەو پرسـە ناسـۆرانەدا بەشـدارییان دەکـرد و هـاتنی (وفـود و مـەواکب) ئەوەندە زۆر بوو وە درێژەی کێشـا، ئەوسـا هـەر سـەرۆکی

١٦٥. تأريخ الوزارات العراقية، عبدالرزاق الحسني، الطبعة الخامسة، المجلد الرابع، ل ٢٨٩.

حیزبەکان بەیانیان بڵاو کردەوە تکایان لەگەڵی عێراق کرد کە ئیتر بەوەندە وازبهێنن و ڕێگای کاربەدەستان بدەن کە برینی میللەت سارێژ بکەن و چارەسەری کارە گەورەکان بکەن... لەم ماوەیەشدا ئەنجوومەنی نوێنەران هەر لەسەر داوای میللەت لابراو بڕیاری هەڵبژاردنی سەر لەنوێ درایەوە، (بلاط) بۆ ئەوەی دەستە و دایەرەی خۆی بهێنێتەوە کایە (مصطفی العمري) کرا بە وەکیلی وەزیری داخلیە، ئیتر مەسەلەی فەلەستین و لەشکر ناردن بۆ فەلەستین هاتە پێشەوە، بە بیانووی پشتگرتنی سوپا لە فەلەستیندا، جاڕی (حوکمی عورفی) درا، وردە وردە، حکوومەت کەوتە خەڵک گرتن و پاشگەز بوونەوە لەو قسانەی بە میللەتی دابوو.

تا ئێرە تۆزێک لە باسەکە لامان دا، بەڵام ئەوەی کە وتمان پێویست بوو، بۆ ئەوەی بارودۆخی پارتەکان بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو عێراقدا و باری ئەو ڕۆژانەی سلێمانی بەشێوەیەکی تایبەتی ڕوون بکەینەوە[١٦٦].

لە دوای (وەثبە)وە، حیزبەکانی عێراق پەند و تاقیکردنەوەی زیاتریان وەدەست هێنا. دوای ڕاپەڕینی تشرینی ساڵی ١٩٥٢ هاریکارییەکی ئاشکرا دەستی پێ کرد لەناو نوێنەری حیزبە نیشتمان پەروەرەکاندا بەتایبەتی لە وەستانیدا دژی رژێمی پاشایەتی و بۆ وەستان یەک تەن و یەک قسە دژی هەڵبژاردنی ئەنجوومەی نوێنەران لە ساڵی ١٩٥٤دا کە وەزارەتی (أرشد العمري) ویستی بە ئارەزووی خۆی دەستی تێ خا، ئەوەبوو بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا (میثاق)ی بەرەی نیشتمانی پێک هات لە بابەت یەکگرتنی حیزبەکانەوە لە هەڵبژاردندا. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردی لە ساڵی ١٩٥٨دا هاتە بەرەی نیشتمانییەوە.

ئینجا با بگەڕێینەوە تۆزێک بۆ دواوە بۆ باسی کۆنفرانسی دووەم و

١٦٦. ئەوی بیەوێ دوور و درێژ لە بارودۆخی ئەو سەردەمەی عێراق بگات دەبێ سەرچاوەی تر بخوێنێتەوە کە لەم دواییەدا بەتایبەتی، دەیەها کتێب لەو بابەتەوە دەرچوون.

سێیەمی پارتی دیموکراتی کورد، چونکە دەورێکی باڵا و سەرەکی بینی لە شاری سلێمانی و لە ناوچەکەدا...

**دووەم کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کورد**[١٦٧] :

ئەم کۆنفرانسە لە مانگی ئازاری ١٩٥١ لە بەغدا لە ماڵی (عەلی حەمدی) گیرا، لیژنەیەکی مەرکەزی نوێ هەڵبژێررا کە بریتی بوون لە (ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوەیس، جەلیل هوشیار، عومەر مستەفا" دەبابە"، بەکر ئیسماعیل، محەمەد ئەمین مەعرووف...) هەر ئیبراهیم ئەحمەدیش بە سکرتێری لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا، ئەم کۆنگرەیە تەنها بۆ هەڵبژاردنی لێژنەی مەرکەزی بوو، وەکی تر هیچ بڕیارێکی لەبارەی پەیڕەوی ناوەوەی پارتییەوە نەدا.

**سێیەم کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان**[١٦٨] :

ئەم کۆبوونەوەیە لە ١٩٥٣/١/٢٦دا لە کەرکووک گیرا، لیژنەی مەرکەزی سێیەمی تێدا هەڵبژێردرا و ناوی پارت گۆڕا بە (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق). لیژنەی مەرکەزیش بریتی بوو لەمانە:

١- مەلا مستەفای بارزانی: سەرۆک.
٢- میرحاج ئەحمەد.
٣- د. جەعفەر عەبدولکەریم.
٤- ئیبراهیم ئەحمەد.
٥- نوری شاوەیس.
٦- عەلی عەبدوڵڵا.
٧- نوری ئەحمەد تەها.

---

١٦٧. الجمعيات و النظمات والاحزاب الكردية، ل١٧٤-١٧٥. لە بیریشمان نەچێت کە لەمەوپێش باسی یەکەم کۆنفرانسمان کرد.

١٦٨. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

٨- جەلال تاڵەبانی.

٩- عومەر مستەفا.

١٠- عەلی حەمدی.

١١- ڕەشید عەبدولقادر.

١٢- محەمەد ئەمین مەعروف.

١٣- جەلیل هوشیار.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا و ناوی ڕۆژنامەکەشیان لە (رزگاری)یەوە بە (خەباتی کوردستان) گۆڕی و بڕیاری پێکهێنانی ڕێکخراوە کوردستانییەکانیان دا.

شێخ ستار لە بابەت ئەو گۆڕانکارییەی لەم کۆبوونەوەی سێیەمدا ڕووی دا چ لە بابەت ئەندامەکانی بەڕێوەبەر و چ لە ڕووی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆوە دەڵێت[١٦٩]:

لێرەدا پارتی ڕێگایەکی نیشتمانپەروەرانەی پێشکەوتنخوازی بەلای چەپا گرت، لە بەرنامەکەیدا چەند خاڵێکی لەبارەی جووتیارەکان و چەوساوەکانی کوردستان و تێکۆشان لە ڕێی هێنانەدی ڕێکخستنێکی بنەڕەتی کشتوکاڵدا لە ناوچەی کوردستاندا و دژی دەرەبەگ وەستان و نەهێشتنی پێوەندی عەشایەری و دەرەبەگی و پێکهێنانی کۆمەڵایەنی جووتیاران... چەسپاند.

ساڵی ١٩٥٦ (هەمزە عەبدوڵلا) کە لەمەوپێش لە پارتی دوور خرابووەوە، خۆی و برادەرانی کە لەگەڵیا بوو. هاتنە پاڵ پارتی بە ناوی (بەرەی پێشکەوتنخوازەوە)، بەوە ناوی پارتی جارێکی تر گۆڕرایەوە بوو بە (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) و لە ساڵی ١٩٥٧دا پێشەواکانی لقی کوردستان لە حیزبی شیوعی عێراق، ئەوانیش دایانەوە پاڵ پارتی کە بریتی بوون: لە (سالح حەیدەری، حەمید عوسمان، کەمال فوئاد).

---

١٦٩. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨-١٨٢.

دوای ئەم تێکەڵاوبوونە، لیژنەی مەرکەزی (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) بەمجۆرەی لێ هات:

١- ئیبراهیم ئەحمەد- سکرتێکر.

٢- نوری شاوەیس.

٣- عەلی عەبدوڵڵا.

٤- جەلال تاڵەبانی.

٥- هەمزە عەبدوڵڵا.

٦- عومەر مستەفا.

٧- محەمەد ئەمین مەعروف.

٨- حەمە کەریم فەتحوڵڵا.

٩- نەژاد ئەحمەد عەزیز.

١٠- خەسرەو تۆفیق.

١١- حەمید عوسمان.

١٢- صالح حەیدەری.

١٣- کەمال فوئاد.

ئەندامانی دەزگای ڕامیاری (مەکتب سیاسی)یش ئیبراهیم ئەحمەد، صالح حەیدەری، جەلال تاڵەبانی، هەمزە عەبدوڵڵا و حەمید عوسمان بوون.[١٧٠]

**کۆمەڵەکانی (لاوانی کورد لە بەغد و زەردەشت و زەردەواڵە):**

ئەم کۆمەڵانە لە کتێبەکەی شێخ ستاردا ناویان نەهاتووە لە کاتێکدا کە هەریەکە لە سەردەمی خۆیا کەم تا زۆر دەوری خۆی بینیوە وەک لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

١٧٠. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١-١٨٢. لێرە بەدواوە بەر شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨دەکەوێت. ئێمەش لێرەدا دەوەستین باقیەکەی دەهێڵینەوە بۆ هەڤاڵانی بە هیمەتی تر.

یەکەم: لاوانی کورد لە بەغدا:

لەم بابەتەوە مستەفا صائب (کوردی یاخۆ زەکی صائب) لە گۆڤاری ڕەنگین ژمارە (١٣٧ ئابی لاپەڕە-٢٦دا دەڵێت): (لە ساڵی ١٩٢٣دا هاتمە بەغدا و چوومە مەکتەبی هەندەسەوە... لە پاش چەند مانگێک کۆمەڵەیەکی بچووکمان پێکەوەنا لەناو خۆمانا بەناوی (لاوانی کورد)ەوە، مۆر و تەمغە و شتمان هەبوو، هەرکەسە بەپێی توانای خۆی مانگی شتێکی دەدا لە عانەیەکەوە بۆ روپیەیەک، ئەو پارەیە لای من دەبوو چونکە من (معتمد)ی کۆمەڵەکە بووم، دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی بیر و هۆشی میللی و نەشراتمان دەنووسی و دەمان نارد بە هەموو لایەکی کوردستاندا، هەموو هاوینێکیش کە دەچووینەوە وڵاتەکەمان زیاتر هەوڵمان دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و یەکەتی و هەریەکەمان لە شاری خۆیدا و لە قوتابخانەکان کە ئەوساکە لەبەر دواکەوتنی خوێندن و خوێندەواری لە وڵاتا، هەوڵمان ئەدا و قوتابخانەکان ڕێیان بۆ ئەکردینەوە کە ئێمەمانان بە خۆڕایی دەرسمان دەوتەوە بەڕۆڵەکانمان کە دوا نەکەون و هەندێکیشمان دەسووڕاینەوە بە دێهاتەکانا بەناوی گەشتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی یەکیەتی و بیر و هۆشی قەومی...).

ئەوەی شایانی باسە زۆربەی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵە ڕۆڵەی سلێمانی بوون جگە لە باوەڕپێکراوەکەیان کە مستەفا صائب بوو، باقی ئەندامەکان: ئەنوەر صائب، مەحموود عەبدوڕەحمان (هەڵەبجە)، مستەفا سەعید (مستەفا ئاغای حاجی سەعید ئاغا)، کەریم سەعید زانستی، نووری عەلی، سەعید ئەدیب قەزاز، نووری صالح ئاغا، ڕەشید کەریم ئەفراسیاب، عەبدولواحید مەجید (ع. و. نووری)، بەهائەدین عارف حیکمەت، عەبدوڵڵا مەجید بابان، شەوکەت نەجیب، حەمە پاشای ئەوڕەحماناغا و گەلێکی تر.

جا ئایا هەتاکەی کۆمەڵەکە بەردەوام بووە ئەوە زۆر دیار نییە بەڵام

چەندەها وێنەی ساڵانەیان لە بەغدا لە بەری (کەرخ) لەناو باخ و بێستانەکانی ئەوسادا کە ئێستا شوێنی (ئیستگە- أذاعە-ی بەغدا)یە زۆربەی ئەو وێنانە هەر لەلایەن یەکێک لە نووسەری ئەم کتێبەوە لە بەرگی کۆواری ڕەنگین و لە ناوەوەیدا بڵاوکراونەتەوە.

دووەم: کۆمەڵەی زەردەشت:

بەگوێرەی نووسینی جەمال بابان لە کۆواری (بەیان ژمارە- ٩ساڵی ١٩٧٤ بەناوی ئارامەوە و بەگوێرەی نووسینی مستەفا صائب لە کۆواری ڕەنگین "ژمارە- ١٣٧/ ١٩٩٩) کە هەر جەمال بابان بڵاوی کردووەتەوە نووسراوە کەوا:

ئەو سەردەمە (مەبەستی بیستەکانە) لە سلێمانیدا (تەیار)ێکی بەهێز پەیدابوو، هەر لە کاتی حوکمداریێتی شێخ مەحموودەوە، بگرە لەوەپێشتریش (١٩١٩-١٩٣٢) کە هەندێک لە تورکخوازەکان بەناوی دینەوە ئاڵاکەیان هەڵگرتبوو، (عەلی شەفیق) کە ناوبانگی بە (ئۆزدەمیر) دەرکردبوو، کە لە تورکیاوە هەر لەو ساڵانەدا نێرابووە ڕەواندز، ئەویش پاڵپشت بوو بۆ ئەوانە کە ئەوسا لەو ڕۆژانەدا (جل خوار)یان پێ دەوتن.

لە ئەنجامی ئەوەدا کۆمەڵەی زەردەشت لە گەنجە خوێن گەرمەکانی ئەوسای شاری سلێمانی پێک هات، بۆ بەربەستکردن و ڕاگرتنی ئەو تەیارە بەهێزە. بەڵام چەند ساڵێک دوای ئەو مێژووە پێک هات واتا لە (١٩٢٦-١٩٢٩)، بەڵام لە ڕاستیدا پێکهێنانی کۆمەڵەی زەردەشت لە پێش هەموو شتێکی ترا بۆ هێنانەدی (خود موختاری- حوکمی زاتی) بوو.

هەر لە زمان مستەفا صائبەوە کە دەڵێت: (... لەو وەختەدا لەگەڵ هاووڵاتییە تێگەیشتووەکانا کۆمەڵەیەکمان پێکەوە نا بەناوی "زەردەشت"ەوە کە دیسان من (معتمد)ی بووم، زۆربەی نووسینەکانی بۆ هەموو لایەک من دەمنووسی و ئەندامێکی زۆرمان هەبوو لەوانە شەوکەت عەزمی بابان،

عوسمان فائق، فوئاد مەستی، شێخ سەلام، کەریم سەعید، کەریم ڕۆستەم (مەشهوور بە کەریم شالوم)، ئەحمەد عەزیز ئاغا، عەبدولوحید مەجید و زۆر کەسی تر لە خوێندەواران و تێگەیشتوانی وڵات، ئینجا لە ژوور هەموویانەوە شێخ مەحموود، دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ئاگرین بەناو دێهات و عەشائردا، لەو ساکەدا ئەوەڵی ساڵی ١٩٢٨دا ئینگلیز هانی شێخ مەحموودی دا کە هەستێ لە دژی حکوومەت حەرەکەت بکات. لەبەرئەوەی شێخ خۆی ئەندامێک بوو لە کۆمەڵەکەمان، نەمان هێشت بێ پاداشت هیچ بکات و داوای هەندێک مەطالیبیمان کرد کە یەکەمیان (موختاریت ادارە) بوو بۆ کوردستان، لەبەر ئەوەی بۆیانی دەست نەئەدا، نەیانکرد ئێمەش ماوەمان نەدا شێخ مەحموود بێ مقابل و بێ سوود هەستێ...)

هەر بەمجۆرە مستەفا صائب لە سەری دەڕوات، گوایە لە سلێمانی کە میری بە جموجۆڵی دەزانی دەیگوێزێتەوە بۆ ڕەواندز و لەوێشەوە بۆ موصل. ئینجا دەڵێت: (لە موصل ئیشی زۆرتر و بەهێزترمان کرد لەگەڵ مەحموود جەودەت و ڕەفیق حیلمی و محەمەد عەلی کوردی (ضابط بوو) و زۆر لە خوێندەوارەکانی کوردی ئەو ناوەش وەک حازم شەمدین و میر ئیسماعیل یەزیدی کە کوڕەکەی لەگەڵمانا ئیشی دەکرد. بە هەموو لایەکمان ویستمان حەرەکەتێک بکرێ بە عەشائری زێبار و سوورچی و یەزیدی و ئەوانە دژی ئینگلیز. هەتا لەگەڵ برا عەرەبەکانی جەیشدا ڕێک کەوتین بە مەرجێک کە حەرەکەتەکەمان سەری گرت و ئینگلیزمان دەرپەڕان ئێمە (مختاریت أدارە) وەربگرین لە داخلی حکوومەتی عێراقدا و قەرار درابوو لەو سەرحەرەکەت کرا دوو فەوج لە جەیشی عێراق التحاق بکەن و بێنە سەر موصل و قرارمان دا مەحموود جەودەت و محەمەد عەلی کوردی و عەبدولعەزیز کوردی کە ضابط بوون ئەمانیش بچن بۆ عەقرە و ئەوناوە، کە داخلی حەرەکەت بن... لە پڕێکا سەعید قەزاز کە ئەوسا کاتبی موفەتیشی اداری بوو لە موصل خەبەری بۆ هێنام کە بەیاننامە و کاغەزەکانم گیراون لەلایەن حکوومەتەوە،

منیش دەستبەجێ خەبەرم بە مەحموود جەودەت و ئەوان دا کە هەرچی مۆر و تەمغە و کاغەزێکمان هەبوو لە شوێنێکی قایما شاردمانەوە. هەر بۆ ڕۆژی دوایی گۆڕڕام بۆ بەصرە. لە ئەوەڵی ساڵی ١٩٣٠ هاتمە حلە، لەوێ زیاتر و گەورەتر لەگەڵ هاوڕێکانی ئەوێ و بەغدا کۆمەڵێکمان پێکەوە نا و کەوتینەوە مخابەرات لەگەڵ تێگەیشتووەکانی سوریا و لوبنان و مصر و تورکیا و ئەمریکادا لەگەڵ ئەمین ڕەواندزی و سەید حەسەن و سەید حسێن و ئەمین یاملکی و سدیق شاوەیس و گەلێکی تر کە نەفی کرابوون بۆ حلە و لەگەڵ وەهبی بەگ و دکتۆر شوکری و مستەفا شەوقی و گەلێکی تر لە بەغدا.

کە هەراکەی (٦) ڕەشی ئەیلوول ١٩٣٠ڕووی دا من و هاوڕێکانم لە حلەوە دەستمان کرد بەیاننامە و نەشرات ناردن بۆ کوردستانی عێراق و ئێران و بۆ دەرەوەی عێراق بەهۆی برا کوردەکانی سوریا و لوبنانەوە پەیتا پەیتا لە بابەت شەڕ و هەوڵدانەکەی کوردەوە بە تورکی هەموو دەنگ و باسێکم دەنارد بۆ جەلادەت و کامەران بەدرخان لە شام و بەیرووت و بۆ مستەفا شاهێن کە گەورەی عەشائری بەرازی بوو لە حەلەب وە بۆ ثریاخات لە پاریس و بۆ دکتۆر مستەفا نەجیب کە کوردی ئەو سەرە بوو، بە نووسین دەمناسی، ئەوانیش لەوێ بە فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی بڵاویان دەکردەوە و هەموو جارێکیش نوسخەیان دەنارد بۆ عصبة الامم کە ئەوسا لە (جنێف) سویسرا بوو... هەر لەو وەختانەدا لە بابەت تأریخ و حاڵەتی أجتماعی و أقتصادی و معرفی کوردستانی عێراقەوە کتێبی بچووکم بە تورکی نووسیەوە و ناردم بۆ ثریا بدرخان لە پاریس لەوێ گۆڕییە سەر زمانی فەڕەنسی و بڵاوی کردەوە).

دوای ئەوە خوا لێخۆشبوو مستەفا صائب دێتە سەر باسی ئینقلابەکەی بەکر سدقی لە ساڵی ١٩٣٧دا دەڵێت: (لەگەڵ هاوڕێکانمانا دیسان زۆر هەوڵ و تەقەلامان دا کە لەم هەلەدا حقوقمان بسێنین و گەلێک بەیاننامە و نووسینمان بڵاو کردەوە بەناو دێهات و ئەو عەشائرانەی لەگەڵمانا ئیشیان

دەکرد، دیسان حکوومەت بەم ئیشانەی زانی، لە زەمانی متصرفیتی مەجید یەعقوبیدا گۆڕیانم بۆ کەربەلا و حلله و دوایی بۆ بەغدا).

ئینجا مستەفا صائب باسی هەراکەی رەشید عالی دەکات لە ساڵی ١٩٤١دا و دەڵێت: (کەوتینە هەوڵدان کە لەم هەلەدا حەقمان بسێنین و لەگەڵ ئەمین ڕەواندزی و سەید حەسەن و رەفیقەکانی ترا قەراردرا کە بەبیانووی پاراستنی مەلیک فیصلی دووەمدا دەستی بەسەردا بگرین کە لەو کاتەدا لە شەقلاوە بوو، کە ئەو بکرێ بە بارمتە بۆ داواکردنی حقوقمان بەڵام ڕێک نەکەوت و لەوەدا هەندێک لە رەفیقەکان دڵ نەرمییان کرد و سەری نەگرت).

دوای ئەمانە لە کۆتاییدا دێتە سەرباسی معاهدەی پۆرتسمۆث لە ساڵی ١٩٤٨دا دەڵێت: (کە معاهدەی پۆرتسمۆث کرا دیسان بەو هۆیەوە شتێک بکەین کە حەقمان بسێنین کە ئەو هەستانە گەورەیە ڕووی دا، ئەوەبوو معاهدەکە هەڵوەشایەوە و ئیشەکەی ئێمەش هەر وا مایەوە).

بەمجۆرە نووسینەکەی مستەفا صائب کۆتایی هات، ئێمەش کە ئەو نووسینەمان بە بۆنەی کۆمەڵەی زەردەشتەوە لێرەدا هێنایەوە و لەگەڵ جموجۆڵەکانی تری (صائب) و هاوڕێکانی لەیەک دا. خۆی واتا مام (مستەفا) لە یەکی جیا نەکردوونەتەوە، سا ئەگەر پێوەندی یەکسەریان پێکەوە نەبێت، بێگومان هەر لەبەر تیشکی ئەو نەتەوایەتییە کە ئەو پیاوە بەڕێزانەی هان داوە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی زەردەشت، هەر ئەو جۆش و خرۆشی کوردایەتییەیە کە هانی داون بۆ جوولانەوەی بێ تەم ڕەوانەوەی دواییان.

سێیەم: کۆمەڵەی زەردەواڵە:

برای بەڕێز د. کەمال مەزهەر لە کۆواری ڕەنگین ژمارە- ١٣٥- ساڵی ١٩٩٩دا لەم ڕووەوە نووسیویەتی دەڵێت:

یەکێک لە فایلەکانی وەزارەتی داخلیە کە باسی (الشخصیات الكردية)

دەکـات لەبارەی تۆفـیـق قـەزازەوە بـاسـی دامـەزراندنی کـۆمـەڵەیەکـی نـهـێنی دەکات کە تۆفیق قەزاز بـەهاری ساڵی ١٩٤٥ لە سلێمـانـی بەناوی کۆمـەڵەی زەردەواڵە دایمەزراندووە. وا دیارە ئەندامـانـی ئەو کۆمەڵەیە ویسـتوویانە وەک زەردەواڵە بەو کـەسـانەوە بدەن کـە سـەر بە مـیـری بـوون. وەک بەڵگەنامـەکە دەڵێت پەخـشـەیەکـی تایبـەتیـشـیـان هـەر بەناوی (زەردەواڵە)وە هـەبووە و ژمـارەکـانـیـان بەنهـێنی بەنـاو شـاردا بڵاو کـردووەتەوە و گـەیاندوویانـنەتە هەڵەبجەش...

فـائـقـی کـورە گـەورەی تۆفـیق قـەزاز و عـەلی پـیـاوی ئەرکـی بڵاوکـردنەوەی پەخشەکەیان کـەوتووەتە ئەسـتۆ. بەڵگەنامەکە ناوی ئەندامـانـی کـۆمەڵەکـەی تۆمار نەکردووە بەڵام چەند جارێک باسـی کۆبوونەوەی تۆفیق قـەزازی لەگەڵ شێخ قادری برای شێخ مەحموود و ئەحـمەد تەقی و حەمەی ئەورەحماناغا و کوێخا ئەمین و مەلا تایەری خواردەلوک بۆ کردووین...

وادیارە رابەرانی کۆمـەڵە لە هەمـووان زیاتر بایەخیان بە بـەگزادەی جـاف داوە و ویسـتـوویانە دژی مـیـری هـانـیـان بـدەن. لەوەیش سـەیرتر ئەوەیە کـە بەپێی بـەڵگەنامـەکـە (کۆمـەڵەی زەردەواڵە) پێـوەندی بەو کـوردانـەی بەغداوە هەبووە کە بە ئاژاوەچی و گێرەشێوێن ناویان دەبات.

دوای ئەوەی د. کەمال نووسینێکی عەرەبیی پارێزگاری ئەوسای سلێمانی کـە لـە بابەت گـرتنی تـۆفـیق قـەزازەوە نووســوویەتی دەڵێت: پارێزگـاری سلێـمـانی کە بە خـوێنی سـەری تۆفـیق قـەزاز تینـوو بوو مـەسـەلەکـە گەورە دەکـات و کـەینوبـەینی تەمـوینی ئەو رۆژگـارە دێنێـتە ناوەوە گـەلێک تومـەت دەداتە پاڵ تۆفیق قـەزاز، هـەر لەو رۆژانەشـدا حـەمـەئاغای عـەتتـار دەکوژرێ لەناو شـاردا، ئـەو باسـە دەبێـتـە وێردی سـەر زمـانی هـەمـووان و هـەریەکـە بەجۆرێک لێکی دەداتەوە.

دەسـتـە و دایەرەی تۆفـیق قـەزازیش دەست هـەڵناگـرن، بۆ خـۆیشـی لە بەسـرەوە هەر رۆژە برووسکەیەکـی بێزاری دەنێـرێت بۆ سـەرەک وەزیران لە

بەغدا... بەڵام سەیر ئەوەیە کە بڵاوکردنەوەی پەخشەی نهێنی چ لە بەغدا چ لەناو شارەکانی عێراقدا وەک خۆی بەردەوام دەبێت. لە کۆتاییدا. د. کەمال دەڵێت:

(هەڵبەت بایەخی سیاسی "کۆمەڵەی زەردەواڵە" شتێکی ئەوتۆ نییە بەڵام هەرچۆنێک بێت یەکێکە لە هەزاران لاپەڕەی ونی مێژووی گەلەکەمان...) لێرەدا قسەکانی کاکە کەمال تەواو بوو.

ئێمە لە لاپەڕە (١٧٤) جزمی دووەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ گرتن و بەردانی حەماغای ئەوڕەحماناغا و میرزا تۆفیق قەزاز و محاکەمەی تۆفیق لە ڕۆژانی ١٢و١٥و١٦تەمووزی ١٩٤٥دا کرد و بە تاریخی ٥ی ئابی هەر ئەوساڵە میرزا تۆفیق (١٢٠) دینار و عەلی قەزاز (١٥٠) دینار حوکم دران. ئەو محاکەمەیە پێوەندی بەو نووسینەی سەرەوە هەیە و من (ج.ب) لە نزیکەوە ئاگاداری محاکەمەکە بووم چونکە جەمال بابانی خزممان (وەزیری سەردەمی مەلیک و محامی) ئەو وەکیل واتا پارێزەری میرزا تۆفیق بوو لە ماڵی باپیرم (عەزمی بەگ) دابەزیبوو، هەموو ڕۆژێک لەگەڵ میرزای کاتبی جەمال بابان و ئامۆزاکانم ئێمەش دەچووین بۆ مەحکەمە بۆ سەیری محاکەمە. ئەوسا من لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (سانەوی) بووم و پشووی قوتابخانە بوو. زۆرباش لە بیرمە لە دانیشتنێکی دادگادا پرسیار لە میرزا تۆفیق کرا وەڵامەکەی نەخێر بوو. سەرۆکی دادگا وتی: متصرف (پارێزەر) وا ئەڵێت: یەکسەر میرزا وتی (متصرف درۆ ئەکات...).

بە کورتی (متصرف) مارف چیاووک بوو، کە دەستی کرد بە چەند أجرائاتێک لە دژی بنەماڵە ناسراوەکانی سلێمانی، وەک حەمائاغای ئەوڕەحمان ئاغا و میرزا تۆفیق قەزاز و تاکو دژی شاژنی سلێمانی حەپسەخانی نەقیبیش. جا ئایا ئەو ئیشانەی کە دەیکرد ڕا و بۆچوونی خۆی بووبێ؟ یاخۆ سیاسەتی حکوومەت و وەزارەتی ئەو سەردەمە بوو؟

## پیاچوونەوە بە مێژووی سلێمانیدا

خاڵە گرنگەکانی یاداشتنامەکەی ڕیچ
پاشاکانی بابان و شێخ مارفی نۆدێ و مەولانا خالیدی نەقشبەندی
شەریف هەمەوەند و خولیای پاشایەتی
مەحموود پاشای جاف و پێکهێنانی قەوارەیەک بۆ کورد

**– مستر ریچ چۆن چووە ناو شاری سلێمانییەوە؟**

ریچ لە یاداشتەکەی ڕۆژی دەی مایسی ساڵی ١٨٢٠دا دەڵێت:

" ڕەمڵ لێـدەرەکـانی پـاشـا، ئەم ڕۆژەیـان بۆ دیاری کـردم کـە بچـمـە ناو شـارەوە. وەسـمـان بـەگی بەناوبانگ و برای پاشـا کە لەوەپێش شـۆرەتیم زۆر بیسـتـبـوو، خـۆی و ئـەندامـەکانی ئەنجـوومـەن و گـەلێک پـیـادەشـیـان لەگەڵدا هـاتن لە سـەرچنارەوە بمبـەنە ناو شـار، وەسـمـان بـەگ خـۆی، کوڕێکی قـۆز و جـوان لە تەمـەنی ٣٢ سـاڵیدا بوو، واتا سێ سـاڵ لە پاشـای برای بچـووکتـر بوو، دەیانگوت گوایە لە کوردەواریدا سوارچاکێکی تری وەک خۆی نییە جگە لە ئازایەتی و دەست بڵاوی. شاری سلێمانی لە یەکێک لە دێهاتە گەورەکانی عـەرەبسـتـانی دەکردە بە مـەزەندە ژمـارەی دانیشـوانی دەگـەیشـتنە دە هـەزار کەس... ژنان لەگەڵ پیاواندا بەبێ شـەرم و خۆشاردنەوە هـاتوچۆیان دەکرد.

**– یاداشتی ڕۆژی پازدەی مایسی ١٨٢٠**

"کورد گـەورەیان یاخود سـەرۆکەکانیان خۆش دەوێ بۆیە شـانیان دەدایە بەر گـەرمـا و وشـکی بـەغدا خـۆی و ترش و تاڵـی ژیان تیـایا. کـە پاشـایەکیـان بە دیل یاخـود دەسـت بەسـەر لەوێ دانرایە، کوردەکـان کـە هـەندێکیـان لە مـاڵی خۆیانا خـاوەنی دەست و پێوەند و وڵاخی زینکراوبوون، کەچی لە بەغدا کۆڵ هـەڵگری و سـەقـاییـیـان دەکرد بە دیار گـەورە دوورخـراوەکانیـانـەوە بەجـۆرێک کـە برایەکی ئەوڕەحـمـان پاشا لـە بەغدا ئەمـرێ یەکـێک لە پیـاوەکـانی لەو کاتەدا لە بەغدا لە سەربانێک دەبێت کە خـەبەری دەدەنێ، گـورج خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و ملی دەشکێ.

لادێیی جیاوازن لەگەڵ عەشایەر، خێڵەکی زەوی ناکێڵن و تۆو ناچێنن و تەنها پیاوی چەک و شەڕن. بە لادێ نشینەکان دەڵێن (رەعیەت) یاخود (کۆیلە) و بە چاوی خزمەتکاریش سەریان دەکەن. شوێنی کۆمەڵایەتیشیان لە شوێنی بەندییە رەشەکانی هیندی ڕۆژاوا زیاتر نییە. جووتیار بۆی نییە کە خۆی بە پیاوێکی پیاوانە بزانێ و زۆر بە ئاسانی لەگەڵ کوڕە عەشایەرا جیا دەکرێتەوە... کە باس هاتە سەر ئەو خانووە نارێکە ڕووخاوەی کە بۆ ئێمە تەرخان کرابوو. پیاوێک وتی: ئێمە بۆیە خانووی خۆش و باش دروست ناکەین چونکە نازانین ئایا گوزەرانی تیا دەکەین یان نا؟ ئەم پاشایە دەڕوا، دەستە و دایەرەی لەگەڵیا کۆچ دەکەن. ئەو پاشا دێت، ئەویش پیاوی خۆی دەهێنێ و ئێمە دەردەکرێین. هۆی وێرانبوونی ئەم وڵاتە نەسرەوتنی پاشاکانیەتی.

دوای نیوەڕۆ مەحموود مەسرەف هات بۆ ئەوەی بێ تاقەت نەبم، شەڕەکەوی دامەزراند. چوار کوڕی قۆزیشی لەگەڵدا بوو، هەموو بە سەربەستی لە ڕووی باوکیانا دەجووڵانەوە کە ئەمە بۆ ڕۆهەڵاتییەکان شتێکی زۆر بوو...

ئینجا چەند زەلامێک پەیدابوون نزیکەی (٣٢) قەفەزیان پێ بوو کە هەریەکە نێرە کەوێکی تیابوو. هەرا و هوریا و خوێندنی کەوەکان لە دەنگی هەزار سەعاتی دیواری دەکرد کە هەموو پێکەوە لێ بدەن. قەڵەباڵغییەکی زۆریش کۆبووبووەوە... دەرگای قەفەزێک کرایەوە، کەوێک هاتە دەرەوە شەق شەق باڵی دا بەیەکا و دەستی کرد بە خوێندن، ئینجا بەسەری پەنجە دەرۆیی و چاوەڕوانی کەوێکی تری دەکرد. کە کەوێکی تری بۆ بەرەڵلا کرا، گورج کردیان بە شەڕ، فێڵباز ئەوەیان بوو کە بن ملی کەوەکەی تر بە دەنووک بگرێ و چەند جارێک بیهێنێ و بیبا تا (ئەچێ).

" کورد میللەتێکی وەرزشەوانن، زۆر حەزیان لە تەراتێنی وڵاخ و شەڕە کەو و شەڕە سەگ و شەڕە بەرانە"

**– یاداشتی دوازدەی مایس ١٨٢٠: حەمامی پڕ لە حەوز و فوارە**

"ئەمـــڕۆ چووم بۆ حـــەمـــام، بەڵام چۆن حـــەمـــامـــێک؟ زۆر جـــوان و ڕووناک خزمـەتیشـی تەواوبوو. بەجۆرێک دەتوانم بڵێم هێشتا حـەمـامی وا باشم لە وڵاتی تـورکـا نەدیوە... پاشـا وەسـتـای تایبـەتی لـە ئێـرانەوە هێنـاوە بۆ دروسـتکردنی ئەم حـەمامـە. ئیسـلامییـەکان بـۆ دروستکردنی حـەمـام پارەی باش خەرج دەکەن چونکە ئەوە بە پێویستییەکی ئاینی دادەنێن بەجۆرێک کە هیچ کاتێکیش لەشکری دوژمن زیان بە حەمام ناگەیەنن".

**– شەڕی عەبدوڕەحمان پاشای بابان لە دەربەندا:**

ساڵی ١٢٢٣ک/١٨٠٧ز سلێمان پاشای کۆمەڵەمەند کە بوو  بە والی بەغدا، ئەوڕەحـمـان پاشـای بابان وەک عـادەت و نەریتـی ئەو سـەردەمـە، نـەچوو بۆ بەغـدا بۆ پیـرۆزبـایی چونکە ئەوەندە دڕۆودەڵەسـە و فـڕوفـێـڵی لێ دیبـوون. لەســـەر ئەوە، والـی ئـەمـــەی گـرتـە دڵ و ڕقی لێ هەڵگرت. تا لەو ســاڵەدا لەشکرێکـی سـەد هـەزار کـەسـی نارد بەرەو سلێمـانی، ئەوڕەحـمـان پاشـاش لەشکرێکی دوو هـەزار کەسی بردە دەربەندی بازیان لەوێ خۆی قایم کرد، تا لەگەڵ لـەشکری والییا بە یەکا هەڵپڕژان. ئەو ئازایەتییـەی لە شـەڕکـەرەکانی کوردی دەگێڕنەوە لەم شەڕەدا کە چۆن بەو ژمارە کـەمەوە ئەوەندەی نەمابوو لەشکری والی تەفر و توونا بکەن، تا لە دواکاتا هەندێک لـە گوندنشینـەکانی ئەم نـاوە، ڕێگا لە چـەند دۆڵێکەوە، پیـشــانی لەشـکرەکـەی والی دەدەن پیـا دەڕۆن تا لەو ســەرەوە دەردەچن و تەنگ بـە پیـاوەکـانـی ئەوڕەحـمـان پاشـا هەڵدەچنن. ناچار پاشا بە خـۆی و لەشکرەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و لەوێشەوە بەرەو ئێران.

ئا لێرەدا دەتوانین بڵێین کـە مێژوو خـۆی دەگەڕێنێتەوە، شـێخ مەحـموودی حـەفـید چۆن ئەویش لە شـەڕی دەربەندا لەگـەڵ ئینگلیزدا لە سـاڵی ١٩١٩دا تەنگی بە لەشکری ئینگلیـز هەڵچنیـبـوو تا لـەو ناوەدا هـەر لە کـوردەکـانی

خۆمـان چوون ڕێگایان پیشـانی ئینگلیزەکان دا کەپیا سـەرکەوتن و هاتنە ئەم دیو دەربەند و پشـتیـان لە لەشکری شـێخ مـەحـمـوود گرت،. بەوە لەشکر شکا و شێخ مەحموودیش بە برینداری لە پاڵ (بەردە قارەمان)دا بەدیل گیرا و برا بۆ بەغدا لەگەڵ شـێخ حەمـە غـەریبی زاوایا و لەوێ لە دادگای سـوپایی ئینگلیـزدا فـەرمـانی خنکاندنی بەسـەرا درا، بەڵام لە دواییـدا گـۆڕرا و دوورخرایەوە بۆ هندستان.

**- یاداشتی سێزدەی مایس ١٨٢٠ باسی چین و ماچین:**

چوومە لای هاوڕێی دێرینم عەبدوڵڵا پاشا... دوای دامەزراندنی قسە هەواڵی چین و ماچین و دەوڵەتەکانی ئەوروپا و هێزی هەریەکێکیانی لێ پرسیم، وام بۆ دەرکەوت کە بابانەکان لەناو خـۆیانا لـەوەپێش لەم باسە دوابوون... دوای نیـوەڕۆ چووم بۆ لای وەسـمـان بـەگ ئەویش باسی ئینگلتـەرە و فـەڕەنسـە و ڕوسـیـاو... چین و هندی بەریتـانی، ئینجـا بـاسی حکوومـەت و دیوانی شاهانەی لای خۆمـانی لێ پرسیم... زۆری پێ خۆش بوو کە وتم: لای ئێمەش خێڵەکی هەن، بەڵام هەر واقی وڕما کە پێم وت شـا واتا (مەلیک) لای ئێمە شارستانییە و خێڵەکی نییە زیاتر سەری سوڕما کەوتم: شـارستانیش وەک خـێڵـەکی سـەربازی ئازار و ڕێکوپێکیـان هەیە. ئینجـا پرسـیـاری شـەڕی (واترلو) و (ناپلیۆن- امبراطول)ی کرد. پرسیاری دنیای تازەی کرد کە چۆن دۆزراوەتەوە... وادیارە بـوو ئارەزووی فـێـربوونی هەبوو، خـۆشـی زیرەک بوو. دوای ئەوە هاتە سـەر باسی خـۆیان و ئێرانییـەکان و تورکەکان. وادیار بوو حـەزی لە چارەی تـورک نەدەکـرد هـەر لەبەر بێـبـاریـیـان، بۆیە هـیـچ گـوێی نەدەدایە نە سوڵتان و نە ئەستەمبوڵ. ئێرانییەکانی خۆشتر دەویست.

**- شەڕە سەگ:**

ئینجا چوومە سەیری شەڕە سەگ کە بەڕاستی سەیرێکی خۆش بوو، چونکە سـەیرکـەر لـە سـەگـەکـان زیـاتر هەرایان دەکـرد و پێـیـان دەدا بـە زەویدا.

سەگێک لە سەگەکان هی مەحموود مەصرەف بوو، کە ناردبووی لە کۆیەوە بۆی هاتبوو... یەکێک لە سەیرکەرەکان پێی وتم کەوا ئێمە زۆرمان پێ خۆشە کە تۆ هاتوویتە ناومان، بێگومان کوڕ و کوڕەزاشمان لە پاشەڕۆژا باست دەکەن خەڵکەکەی تر هەموو قسەکەیان سەلماند".

**- چواردەی مایسی ١٨٢٠ شەو ماڵەوماڵ و دەمەتەقێ:**

مەحموود پاشا سەر لە بەیانی هات بۆ سەردانم... تاکو زیاتر لەگەڵ ئەم پیاوەدا ناسیاوی و شارەزایی پەیدا بکەم، زۆرتر لام بەرز دەبێتەوە چونکە پیاوێکی بە توانا و بەزەیی و لەسەرخۆ بوو، ئەم رەوشتانەی هەموو دڵیان روون دەکردەوە و ئەویش پرسیاری وڵاتەکانی ئەوروپا و چینی لێ کردم... لە ڕۆهەڵاتا تەنها کورد شەو تا درەنگێک نانوون ئەم ماڵە و ماڵ دەکەن، بگرە جاری وا هەیە زەلامێک لە شەوێکا دووسێ ماڵ دەکات، کە بە دەمەتەقێ تا درەنگ رادەبوێرن، بەیانیانیش درەنگ هەڵدەستن، پێش خۆراوا بوون بە ساتێک لە مەیدانەکەی بەردەمی ماڵی مەسرەفا گەلێکیان کۆدەبنەوە بە قسە و سواری و چەکبازی و شەڕە کەو و شەڕە سەگ و زۆرانبازی ڕای دەبوێرن... کورد میللەتێکی خۆش و کۆمەڵایەتین بەرچاو تەنگ و بەد خواست نین، هیچ نەمبیست قسەیەکی سووک یا جنێو بە یەکتر بدەن".

**- هەژدەی مایس: زرێ پۆشین... ئازایی جاف:**

"ساتو نیوێکم لەگەڵ پاشادا ڕابوارد کە خۆشترین کات بوو بەلامەوە چونکە بەڕاستی پاشا خاوەنی ڕەفتارێکی بەرز و بێ هەوایە و هیچ درۆودەلەسە نازانێ. ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرترین پیاوەکانی ڕۆهەڵات هەموو خۆپەسەند و درۆزنن... جارێک لە پاشام پرسی: بۆچی زرێ ناپۆشیت؟: لە وەڵاما وتی چونکە، هێزی هەڵگرتنیم نییە ئەمە لە هەر ڕۆهەڵاتییەکی تر بپرسیت دەڵێت: حەزناکەم یاخۆ بە کەمی دەزانێ خۆی لە شەڕدا بپارێزێ!

سـەر لە ئێوارە کـەیخـسـەرەو بەگی جاف بوو بـە میـوانم… پیـاوەکانی جـاف قـۆز و ئازان بەڵام لـە کـوردەواریدا، لە هـەمـووان دواکـەوتووتـرن ئەمـانە دوو هەزار سـوار و چوار هەزار پیادەیەکی تفـەنگچییان هـەیە کـە هەموو سـەر بە کـەیخـەسـرەو بەگن و ئەویش سـەر بـە پاشـای سلێمـانییـە. ئەمـان لە گشت شـەڕکـەرێکی تری کورد ئازاترن… هـەمـوویان دەوار و چادرنشین و خێڵەکین. لە هاوینا لە شـاخی حـاجی ئەحـمەد نزیـک (سنە) دەوار هـەڵدەدەن، لە پایزدا بە شـارەزووردا بڵاودەبنەوە: لە زسـتـانیـشـدا دێنە ناوچەی شـیـروانە نزیک ڕووباری سیروان".

**– نۆزدەی مایس: عەربەت و شارەزوور:**

"دەڵێن ئاووهەوای شـارەزوور باش نییـە و نەخۆشـی تیـایە، ئەوڕەحمـان پاشـا لە ئەربـەت گـەلێک خـشـتـی نەنووسـراو و هەندێ سکـەی دیوە، ئەو شـوێنە (عەربەت) گردێکی لێیە کە پاشماوی کۆنی شارێکی گەورەی بە دەورایە، لام وایە ئەوە جێماوەی شاری شـارەزووری کۆن بێت، هـەرچەندە کوردەکان دان بەمـەدا نانێن و شـارەزوور بە شار دانانێن، دەیانوت لە گوڵعـەنبـەریش لەژێر خـۆڵا دوو تۆپیان دەرهێناوە، جگە لـەوەی ناوچەی شارەزوور پڕە لە جێمـاوی کۆن، وەکو گەورە قەڵا".

**–بیستی مایس ١٨٢٠ میرنشینی و پایەی وەزارەت بە وەراسەت:**

"لەم سێ ساڵی دواییەدا نزیکەی دوو هەزار کورد چوون بۆ حەج لە ناوچەی تەنها سلێمانییەوە. زۆر لە کاربەدەسـتانی حکوومەتی بابان شوێنەکانیان بە وەراسـەت بۆ بـەجێ مـاوە. مـەحـمـوود مـەسـرەف لە سـەردەمی پاشـایەتی ئەوڕەحمان پاشـا و عـوسمـان پاشـا و مەحـمـوود پاشادا هـەر سـەرەک وەزیر بووە و بەتەمایە دوای خۆی کوڕەکەی شوێنی بگرێتەوە".

**– بیست و یەکی مایس۱۸۲۰بریانی و دۆی ترش:**

"ئەم بەیانیـیـە لەگـەڵ پاشـادا پێکەوە نـانمان خـوارد، بەڵام زیاتر لە نان خـواردنی ئێوارێی دەکرد نەک نانی بەیانـی چونکە لە هـەمـوو جۆرێک گۆشت دانرابوو، خۆشترینیان (بریانی) بوو، ئەمانە لەسەر رەوشتی عەجەم گشتی بە جارێک دانران... کە بە ڕاستی لە بەغدا خواردنی وا خۆشم نە دەخوارد. کابرایەکی تەنگەزل لە پشت پاشاوە لەسـەر یەک ئەژنۆ بە چۆکا هاتبوو، کە پاشـا حـار بە جـار ڕووی دەکـرد بەلایەوە، کـاسـەکـەی دەسـتی لێ نـزیک دەخستەوە پاشا بە کەوچک لێی دەخواردەوە، هەر لەم بابەتە یەکێکیشیان بە کـاسـەیەکـەوە لە تەنیـشت منەوە دانابوو، هـەر کـە منیش ئـاوڕێکم دایەوە بەلایەوە، کـابرا کـەوچکێکی دامـێ خـواردمـەوە، تێگەیشـتم دۆی ترشـە بە فـەریکە قـەزوانەوە، بەڵام ئەوەندە ترش بـوو ئاوی لە هـەردوو چاوم هێنا بۆیە نەمـوێرا جـارێکـی تر ئاوڕ بدەمـەوە بەلایـەوە. دوای نان خـواردن ئەندامی ئەنجوومەن (مجلس) هەریەکە بە سەربەستی دەستیان کرد بە قسـەکردن و جگەرەکێشـان. ئەمە بەپێچەوانەی مەجلیسی والی بەغداوە کە کەس ناتوانێ لە ڕووی والییا بەڕاست و چەپیشدا ئاوڕ بداتەوە یاخـود قسـەی لە دەم بێتە دەر تا والی ڕێگای نەدا".

**– دووی حوزەیرانی ۱۸۲۰ ناپاکیی والی بەغدا لەگەڵ پاشادا:**

"لە کـاتێکدا کـە مـەحـمـوود پاشـا پیـاوێکی خـۆی ناردبوو بۆ بەغـدا بۆ دۆستایەتی پەیداکردنەوە و برایەتی نوێکردنەوە لەگەڵ والی. والی پێی دەڵێ سـوێند دەخـۆم کـە مـەحـمـوود پاشـا وەک یوسـفی کـوڕم سـەیر دەکـەم و هـەر ئیشێکی ببێ حەز دەکەم بۆی جێبەجێ بکەم... ئەوەندەی نەبرد والی دەستی کرد بە ناکۆکی لەگەڵ مـەحمـوود پاشـا، لەژێریشـەوە کنەی لە حەسـەن بەگی برای پاشا دەکرد کە لە خشتـەی بەرێ و لە براکەی هـەڵگێڕێتـەوە، کە وەکو یوسفی کوڕی سەیر دەکرد".

**- هەشتی حوزەیران: کشتوکاڵی سلێمانی:**

"دوای نیوەڕۆ لەگەڵ مەحموود ئاغا بە باسی کشتوکاڵ رامانبوارد. گەنم لەیەک بۆ پێنج- یەک بۆ پازدە دەبڕێ. باران دەغڵ ئاو دەدا، تەنها گەنمە بەهارە نەبێت کە ئاوەنیایە. زەوی دەشت هەموو ساڵێک دەچێنرێت بەڵام لە گردەڵانییا هەر ساڵە نا ساڵێک. پەموو قەت نابێ دوو ساڵ لەسەر یەک لە زەوییەکدا بچێنرێت بەڵکو بە زۆری نۆبەی لەگەڵ تووتندا پێ دەکرێت. مەرەزەش بە زۆری لە شارەزووردا هەیە. لە عومەر ئاغام بیست هەندێک تۆو کەتانی لە حاجییەکەوە چنگ کەوتووە کە لە میسرەوە هێناویەتی و چاندوویەتی. گەنمەشامی و نیسک و نۆک و کزن و ماشیش دەچێنرێن. جووت بە دوو گا دەکرێت".

**- دەی حوزەیران: نەخشەی گێتی:**

"پاشا فەرمانی دابوو بە ئەستێرەناس (منجم) کە نەخشە (خەریتە)ی جیهانم بۆ بکێشێت بە پەیڕەوی کردنی رۆهەڵاتی، بەڕاستی کابرا نەخشەیەکی جوانی دەرهێنا بوو".

**- بیست و چواری حوزەیران: حەزرەتی مەولانا:**

"پاشا باسی نەخۆشی گرانەتای بۆ کردم کە لە کوردستانا هەیە و بەڵام خەڵکی کەم پێ ئەمرێ، دڵ مردوو (زاهد)ێکی بەناوبانگ لە سلێمانی هەیە کە ناوی شێخ خالیدە بەڵام لای کوردەکان سووکییە ئەگەر پێی نەڵێن (حەزرەتی مەولانا) کە قسەکانی هەموو لە ڕیزی قسەی پێغەمبەر دادەنێن. ئەم پیاوە نەقشبەندییە و لە هۆزی جافە. ڕێڕەوی نەقشبەندی لە دلهی لە سوڵتان عەبدوڵلا وەرگرتووە. لە هەموو تورکیا و عەرەبستانا دوازدە هەزار مریدی هەیە. کورد هەموویان مەولانا بە (وەلی) دادەنێن زۆریشیان دەیگەیەننە ڕیزی پێغەمبەر. ئەم پیاوە بەلای کەمەوە لە ریزەی شێخ

عەبدولقادری گەیلانی دایە. عوسمان بەگ و پاشا و هەموو سەرۆکەکانی کورد (مرید)ی ئەون".

**- بیست و پێنجی حوزەیران: گەزۆو مازوو، سوێسکە و فیڕنەگولە:**

"لەگەڵ عومەر ئاغادا پێکەوە دوور و درێژ باسی ئەو شتانەمان دەکرد کە لە کوردستانا لە خۆیانەوە پەیدا دەبن وەک هەنگوین و مازوو کە لە قەرەداغ زۆرن و گەوەن کە جەوی لێ دەدرێن، هەروەها گەزۆ کە لەگەڵای دار بەڕوو پەیدا دەبێت، جگە لە جۆرە سپییەکەی کە لەسەر بەرد دەۆزرێتەوە بەڵام گەلێک بەنرختره لەو جۆرەی تریان، جگە لەوانە عومەر ئاغا ناوی زۆر شتی تری پێ وتم لە درەخت و باڵندە و ماڵات وەکو: گۆیژ، خوزیلک، شیلان، سێ پەڕە، هێرۆ، گوڵەبەڕۆژە، کنێر، لاولاو، سپیدار، شۆڕەبی، دار قەزوان. لە باڵندەدا فیرنەگولە، ئەمە چۆلەکەیەکی سنگ سوورە. جۆرە باڵندەیەکیش هەیە لە کەو بچووکترە سوێسکەی پێ دەڵێن. شەلاقەش (قارا وارە)ی پێ دەڵێن. ژن (یایە)، ژنی کاربەدەستان نەبێت (خانم)، پیاویش یا (خان) یا (ئاغا) یان پێ دەڵێن".

**- شەش و دەی تەمووز۱۸۲۰: تاکیی پاشا لە ڕۆژهەلاتا:**

"تا دەرنگ لەگەڵ پاشادا دانیشتین، زۆر دڵتەنگ و پەست دیاربوو بەهۆی ناپاکی عەبدوڵڵا پاشای مامییەوە کە لەژێرەوە ئێرانییەکان خەریکی هەڵگێڕانەوەی بوون، ئەویش وەک لەناو خۆیاندا سوێندیان بۆ یەکتری خواردبوو، خەبەری پاشای نەدابوو کەوا ئێرانییەکان لەژێرەوە نامەیان بۆ نووسیوە، پاشا بەجۆرێک پەستیی خۆی دەردەبڕی، ئەوەندە بەڕاستی و ژیری و خانەدانی، بڕواناکەم لە ڕۆژهەلاتا وەک ئەم پیاوەم دیبێ دەترسم لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا وێنەی نەبینم".

**– شازدەی تەمووز: دەست بڵاوی و میوانداری کورد:**

"نزیکەی دوو سـات لەگـەڵ پاشـادا قـسـەمـان کـرد کـە هەمـووی لـە بابەت خۆیانەوە بوو، تکام ئەوەیە ئەم پیاوە هەمیشە دڵخۆش بێت و هەرگیز بەردی سارد و گەرم نەیەتە ڕێی، هاوڕێکانی سلێمانیم زۆریان لا ناخۆش بوو کەوا بەجێیـان دەهێڵین، بەڕاسـتی بە درێژایی ژیانم لەمـانـە دەست کـراوەتر و میوان پەرستترم نەدیوە".

**– دووی تشرینی یەکەم: شوێنی کۆمەڵایەتی ژن، شایی و هەڵپەڕکێ:**

"بیـسـتم شـایی ژن هێنـان هەیە لە مـاڵێکدا لـە قـەراغ شـار، زۆرم حـەز لە بینینی بوو، بەڵام بۆ ئەوەی کەس نەمـانناسـێتەوە یەکی مێزەرێکی شـاڵمـان بەست بەسـەرەوە و عـەبایەکی ڕەشـمـان دا بە شـانمـانا. حـەوشـەی مـاڵە شاییەکە جمەی دەهات. زۆربەی پیاوەکان دەستیـان گرتبوو هەڵدەپەڕین بەڵام لە شێوەی بازنـەیەکی تەواودا. هەڵپەڕکێکەشیان بەلەراندنەوەی لەش بۆ پێشەوە ئینجا بۆ دواوە و ڕاست و چەپکردن بە پێ، هەندێ جاریش پێ توند داگرتن لە زەوی... جارجاریش خۆشیی دڵیان بە قریوەیەک دەردەبڕی، دەهۆڵ و زوڕناش لە ناوەڕاستیانا بوو. دوای ئەوەی پیاوان دەستیان بەردا، نزیکەی (٣٠) ئافرەتێک دەستیان گرت، بە هەنگاوی لەسەرخۆ و ورد هاتن، دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ، بەخۆ لەراندنەوە بۆ پێشەوە ئینجا بۆ پاشەوە، هەمووشیان خۆیان بە جلی ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ و خشڵ ڕازاندبووەوە، هەموو ڕوویان بە دەرەوە بوو، بێ ئەوەی هیچ جووڵانەوەیەکی وا پیشان بدەن کە بۆنی سووکی لێ بێت، بەڕاستی دیمەنێکی جوان و شتێکی تازەش بوو بەلای منەوە چونکە تا ئێستا نەمدیوە ژن لە ڕۆهەڵاتا بەمجۆرە تێکەڵاوی پیاو ببن، بێ پەچە و خۆشاردنەوە. تاکو ژنی عەشایەریش لەناو عەرەبا بەمجۆرە خۆیان دەرناخەن تا بە ژنی تورک دەگات. تەنها ژنی پیاوە ناسراوەکان و پاشاکان نەبێت کە خۆیان دەپۆشن، لەمانەشدا دیسانەوە

ژنەکانی ماڵی کەیخەسرەو بەگی جاف هیچ خۆیان نەدەشاردەوە تاکو لە ئێمەش. کە ژنەکەشم چووبووە ناویان سەیری کردبوو بەقەد ژن پیاویش لەو ناوەدا هەن. لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی ئافرەتم نەدی لە ئافرەتی کورد بە حەیا و بەڕێزتر تاکو گەلێک لە ژنەکانی تورک بەڕێزترن.

شوێنی ژن لە کوردستانا گەلێک لە شوێنی ژن لە تورکیا و ئێران بەرزترە. واتا هەموویان بە یەک چاو سەیر دەکرێن و زۆر گاڵتەیان بە ژنی تورک دێت کە وەکو کۆیلە یاخۆ کەنیزەک وانە... بەڵام لێرەش لەناو میرە شووڵ لێ هەڵکێشەکانا زۆر لێکردنێک هەیە؛ کە لە تورکیا نییە. واتا ئەگەر میرێک حەزی لە ئافرەتێک کرد بە زۆر بێ یا بەخوایشت لە کەسوکاری دەسێنێ و مارەی دەکات (بۆ ئەوەی بەجۆرێکی تر توخنی نەکەوێ) کە تاقەتیشی لێ چوو تەڵاقی دەدا و لە یەکێک لە خزمەتکارەکانی مارە دەکات. لە میرەکانا تەنها وەسمان بەگ تووشی ئەم هەڵەیە بووبوو.؟

چۆپی شتێکی خۆشە لای ژنە کورد، بۆیە هەر ئافرەتێک شووبکات ئەمان بۆ خزمەتی ئامادەن، هەندێ جاریش دیاری بۆ بووک دەبەن، هەر بۆ ئەوەی نەختێک هەڵپەڕن، چۆپی هەر لە (سیرتو)ی ئەغریقی یا (روبیکا) دەکات بەڵام خۆشی و جۆرەکانی کەمترە".

**-جلی ژن لە کوردستانا:**

"دەرپێی پان و کراسی فراوان کە پشتێنێکی لەسەر دەبەسترێت، بە دوو دوگمەی زیو یا ئاڵتوون دادەخرێت، لەسەر ئەوانیشەوە (کەوا) لەبەر دەکرێ کە لە ئاوریشم یا چنراوی ڕەنگاوڕەنگ یا (کوجەرات) دەبڕرێت، لەژێر کەواوە سوخمە، جگە لەوەش چارۆکە لە کۆڵ دەگیرێ. پۆشینی سووریش، پارچە قوماشی ئاوریشم یاخۆ شاڵی ڕەنگاوڕەنگ دەبەستن بە سەرەوە، زۆر بە ڕێکوپێکی و بە دەرزی قایمی دەکەن بەجۆرێک پۆپەکەی لەسەرەوە وەک تاج دەربکەوێ... گێز و گوڵنگە بە پشتا بەردەدەنەوە تا نزیک پاژنەی پێ. ژنە

دەوڵەمەندەکان ناوچەوانیان بە لاگیرەی پلێپلەدار دەڕازێننەوە بەملا و لای کڵاوەکانیشیانا رستە (دوڕ) بەر دەدەنەوە، هەر ژنیش دەسماڵ دەبەستێ نەک کچ. ئەگریجە زۆر بەرنادەنەوە، بەڵام خزمەتی پرچ دەکەن کە بەسەر هەردوو شانیانا بەری دەدەنەوە.

جلی ژنە لادێیی کراس و دەرپێ لە قوماشی شین و چارۆکە. کڵاوێکی بچووکیش دەکەنە سەریان سەر و کڵاوی ژن زۆر قورسە، لەسەرکردنیشی ئەرکی زۆرە تا ئەو ئافرەتە پێوەی ڕادێ، زۆرجاریش تووکی سەریانی پێوە دەڕووتێتەوە، ئەوەی کە بڕوای پێ ناکرێ دەڵێن گوایە ئافرەت بەم سەروپێچەشەوە دەنوێت. خشڵیان بە زۆری (ئاڵتوونە) و هی هەژارەکانیش (زیو)".

**– نۆی تشرینی یەکەم: شەجەرەی بنەماڵەی بابان:**

"عومەر ئاغا کاغەزێکی پێچراوەی بۆ هێنام کە بریتی بوو لە زنجیرەی درەختی بنەماڵەی بابانەکان لە سلێمان پاشاوە. گەلێکم لەبەر نووسییەوە و هەڵم گرت".

**– چواردەی تشرینی یەکەم: ماڵاوایی:**

"چووم بە پرسەی پاشاوە... بۆم دەرکەوت زۆر پەست و غەمبارە هەرچەندە دەیویست وای دەرنەخات، هەرگیز کەسم نەدیوە وەک پاشا بە بەزەیی و هەستی بەرز و ئەوەندە ماڵ و مناڵی خۆی خۆش بوێ، منیش خۆمم پێ نەگیرا زۆر غەمگین بووم. دوای نیوەڕۆش چووم بۆ پرسەی سلێمان بەگ، هەرچەندە ئەمیش زۆر پەست بوو، بەڵام زیاتر خۆی دەگرت، زۆریش لەسەرخۆ بوو، زیاتریش لە دەروێش و پیاوە ئاینییەکان نزیک دەکەوتەوە بەڵام بەبێ دەمار گرتن، ئەم زیاتر لە ئەوڕەحمان پاشای باوکی دەچوو، تاکو دوو براکەی، چونکە ئەوان درێژتر و قەڵەوتر بوون و چاوە شینە جوانەکانی

سـيمـايەكی پڕ هێـمنی بە ڕووی بەخـشـیـبوو، بۆیـە هـەرچەند ئەمـدی زیاتر دەچووە دڵمەوە.

کـە هـەواڵی بڕیاری گـەڕانەوەم بڵاوبووەوە، هـەمـوو بەجـارێک پەست بوون و زۆرم لەگەڵدا خـەریک بوون کـە بەڵێنی سـەردانەوەیان بۆ ساڵی ئاینده بدەمێ، بەڕاستی هـەست بە پـەستییـەکی زۆر دەکەم هـەرچەن ڕۆژی جیابوونەوەم لەم پیاوە دڵسـۆزانە نزیک دەبێـتـەوە. دوور نییـە جـارێکی تر نەیان بینمـەوە، وا دەزانم دەبێ ماوەیەکی زۆر بمێنمەوە تا دۆستی تری وا پەیدا دەکەمەوە".

**– پازدەی تشرینی یەکەم: بازرگانی و ئاڵوێری سلێمانی لەگەڵ وڵاتانا:**

"ئاڵوگۆڕی شـتیان لەگـەڵ تەوریز و ئەرزڕۆم و هـەمەدان و سنە و کـەرکووک و مـوسڵ و بەغـدا دەکـرد. ئەو مـاڵانەی ئاڵوگـۆڕی پـێ دەکرا، خـورمـا، قـاوە، ئاوریشـم و کـرمـی ئاوریشم، ئاسـن و مس و هێـسـتـر، ڕۆن، هەنگوین، و مـازوو، سـماق و برنج و ڕۆن و مـەڕ و بزن و لۆکـە و مـیـوە و خام و قـومـاشـی لۆکـە. ئەو شـتـانەی کـە هـی خـۆیان بوون دەیانبـرد و لەو سـەرەوە شـتـی ئەو وڵاتانەیان دەهێنایەوە".

**– ٢٥ی تشـرینی یەکەم١٨٢٠: ڕاکـردنی مـەولانا، تـاکیی پاشـا لە ڕۆهـەڵاتا، ماڵاوایی ریچ:**

"ئەم بەیانییە شێخ خالیدی بەناوبانگ بە دزیەوە رای کردبوو لەگەڵ ئەوەشدا توانیـبـووی هەرچوار ژنـەکـەی لەگـەڵ خـۆیا دەرباز بکات... تا ئێـسـتـاش نەزانراوە رووەو کـوێ ڕۆیشـتـووە تا چەند ڕۆژێک لـەمـەوبەر کـوردەکـان لە عـەبدولقـادر گـەیلانییـان بەرەو ژوورتر دادەنا، بەجـۆرێک پاشـا خـۆی لەبەر دەمیا بە پێوە دەوەسـتا، تاکو قەندەکەشـی بۆ تـێ دەکرد، بەڵام ئەمـڕۆ هـەموو دەڵێن کافر و زەندیقە. کابرا سـەنگینییـەکـەی جارانی نەمابوو، هێـجگار لەو ڕۆژەوە کە بەڵێنـی دابوو کـوڕەکـەی پاشـا لە نەخـۆشـییـەکـەی چاک بکاتەوە،

کـەچی هیـچی بۆ نەکـرابوو کـوڕەکـەشی مـردبوو، لە بابـەت ڕاکـردنیـشـەوە هـەریەکە قسـەیەکی دەکرد. هـەندێک دەیانـوت دەسـتی کـردبوو بە فیـتنەیی لە بەینی پاشا و براکـانیا، لەسـەر ئەوە براکان ویسـتبوویان بەرەو ڕووی ببنەوە لە بەردەمی پاشـادا، هەندێکی تر دەڵێن خـەریکی دانانی بنچـینەی (ڕێرەو–مذهب)ێکی تر بووە و ویستوویەتی خۆی بە گەورەی دنیایی وڵات دابنێ، زۆر شـــتـیـــان لەم بـابەتە بـۆ هـەڵدەبەست. ئەمـــانـە جگە لـەوەی کـــە زانـایان و شـێخـەکـانیش لە هەمـوویان زیاتـر شـێخ مـارفی نـۆدێ کەسـیـان چارەیان نەدەویست و حەزیان لێ نەدەکرد.

پاشـا ئەم ئێـوارەیە بۆ دواجـار هات بۆ لام بۆ خـواحـافـیزی، زۆر تکای لێ کـردم کـە جـارێکی تـر بمبـینێـتـەوە، منـیش زۆر دەترسم کـە نەیبـینمـەوە، بەڕاستی بۆ مرۆڤ زۆر نەنگە کە پیاوێکی ئاوەها باش و خۆشەویست بەجێ بهێڵێ. بەڕاستی پیـاوێکی هێجگار خـۆشەویست و بە هەمـوو ئارەزوویەکەوە هـەمـیشـە یادی دەکـەمـەوە. چونکە لە ڕووخـۆشی و ڕاسـتی و پاکی بەولاوە هیچ شـتـێکی تری دەرنەدەبڕی، هیچ بـڕوام نەدەکـرد پیـاوێکی وا ببـینم لە ڕۆهەڵاتا، دەشـترسم لە شـوێنی پێشکەوتووتریشـا نەیبینم. جا لەبەرئەوەی زۆر دڵپاک و سـاویلکە و موسڵمـان بوو، بۆیە بە کەڵکی حوکمداری نەدەهات چونکە هەمـوو گیـانی چاکە و پاکی بوو، بۆیە دەڵێم دوور نییە کابرایەکی تر کە کردەوەی لەو ناشـرینتر بوایە بیتوانیـایە بە ئاسـانـی حوکمـی کوردسـتان بکات.

ئەم بەشـەم لە گەڕانەوەکەم بە هاتنە سلێمـانیم دەسـتی پێکرد سـبـەینێش بە گـەڕانـەوەم دوایی دێت، وا کـوردسـتــان بە ئاخ و داخـێکـی زۆرەوە بەجێ دەهێڵم، هەرگیـز بڕوام نەبوو، ئەم پیـاوە باشـانەی تیـا ببینم کە لە ڕۆهـەڵاتا تاکن، هاوڕێـیـەتیـیـەکی زۆر خـۆشـمـان پەیدا کـرد، گـەلێک ڕێزیـان لێگرتم و هـەمیـشـەش بەڕاسـتی و ڕووی خـۆش و گەشـاوە و مـیـوانداریـیـەکی خـۆمـاڵی واوە لەگەڵما دەجووڵانەوە کـە باس ناکرێ. دەترسـم ئیتر ئـەم میوانداریـیە لە

کەس نەبینمەوە لەم گەڕانە بە ئەرکەما... هەرگیز و تا بمێنم ئەم یادە لەبیر ناکەم".

**پاشاکانی بابان و شێخ مارفی نۆدێ و مەولانا خالیدی نەقشبەندی:**

ئەم پێوەندییەی بەینی ئەم زاتانەی دوور و درێژ لە کتێبی (الشیخ معروف النودهي البرزنجي)دا هەیە کە خوا لێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ دایناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون کردنەوەیە بۆ ئەو کتێبە و بۆ بەرگەکانی پێشووی ئەم مێژووەی سلێمانییە:

**یەکەم:** شێخ مارفی نۆدێ لە قەڵاچوالانەوە مامۆستا و پێش نوێژی مزگەوت و (مدەرس) بوو. کە برایم پاشای بابان ساڵی ١١٩٩ک/١٧٨٤ز سلێمانی دروست کرد، لەگەڵ بناغەی سلێمانییا بناغەی مزگەوتی گەورەشی داڕشت و شێخ مارفی بە مامۆستا و مودەرسی ئەو مزگەوتە دانا و دوای شێخ مارف حاجی کاک ئەحمەدی کوڕی جێگای گرتەوە.

**دووەم**: ئەورەحمان پاشای بابان کە خۆی کاربەدەست بوو، لە هەمان کاتا زانا و (مدەرس) بوو، زیاتر لە مزگەوتەکەی کە خۆی دروستی کرد (مزگەوتی سەی حەسەن) وانەی بە فەقێکان دەدا. لە هەمان کاتا ڕێزی شێخ مارفی زۆر دەگرت:

لەم بابەتەوە مەلا نەجمەدین دەیوت بە پیاوێکی بە تەمەنم بیستووە کە ڕۆژێک شێخ مارف هەشت جار بۆ تکای پاڵ پێوەنانی ئیشی کەم دەست و هەژار چووەتە لای ئەورەحمان پاشا، پاشا پێی دەڵێت: باشە یا شێخ هەر تۆ بێی بۆ تکا و من بڵێم باشە، کەوابوو دەبێ ئیشەکەم واز لێ بێنم و لە ماڵەوە دانیشم، شێخ مارف لە وەڵاما دەڵێت: پاشا: خەڵک دێنە لام دەڵێن: توخوا ئەگەر تا لای پاشا نەچیت و ئەم تکایەمان بۆ بکەیت. منیش بۆ حورمەتی ئەو سوێندە و ناوی خوا قسەکەت عەرز دەکەم و تکاکەت لێ دەکەم. ئیتر تۆش کەیفی خۆتە. ئەورەحمان پاشا کە گوێی لەم قسەیە دەبێت

تکاکانی دەگرێت و دەڵێ: بەڵام نابێ کەسمان تکای ناحەق قبوڵ بکەین.

**سێیەم:** مەحموود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا، ئەوەندە ڕێزی مەولانا خالیدی دەگرت، هەرگیز لە حزووریدا دانەدەنیشت و بەڵکو هەر بەپێوە دەوەستا و ئەویش خانەقای مەولانا خالیدی لە گەڕەکی سەرشەقام بۆ مەولانا دروست کرد بەڵام ناکۆکی بەینی شێخ مارف و مەولانا خالید لە ئەنجامدا بوو بەهۆی ئەوەی مەولانا خالید نەک هەر سلێمانی بەجێ بهێڵێت بەڵکو ڕۆیشت لە شام دانیشت کە ئێستا نەوەی لەوێ لە گەڕەکی صالحیە زۆرە. سەیری کتێبی (الشيخ معروف النودهي) بکە لەم ڕووەوە.

## میرەکانی کورد چاویان لە موڵک و ماڵ و زەویوزاری ژێر دەستەکانیانەوە نەبووە

مامۆستا سدیق ئەلدەمەلووجی لە لاپەڕە (٢٨)ی (أمارە البهدينان الكردية) چاپی ١٩٥٢دا دەڵێت: (... میرەکانی کورد هەرگیز چاویان لە ماڵ و موڵک و زەویوزاری ژێر دەستەکانیانەوە نییە. بەڵکو دەوڵەمەندی ئەوان بە هی خۆیان دادەنێن. سەیری بنەماڵەی بابان بکە لە سلێمانی و بنەماڵەی عەبدوڵڵا پاشا لە ڕەواندز و بنەماڵەی بەهائەدین لە عەمادیە و بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە جزیرە، ئایا باوباپیری ئەوانە بستێک زەوی یاخود بەردێکی ڕووتیان بۆ بەجێهێشتوون؟ نەخێر).

بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی مامۆستا دەمەلووجی ئەوەندەی پێوەندی بە بابانەکانەوە هەبێت، ئاماژە بۆ لاپەڕە (٨٠-٨٠) لە کتێبی (بابان في تأريخ ومشاهير البابانيين- نووسینی جەمال بابان دەکەم و دەڵێم: بابانەکان بەپێچەوانەی بنەماڵە ناسراوەکانی تری ناوچەکەوە کە کاریان گرتە دەست دوای بابانەکان یاخۆ کە دەسەڵاتیان پەیدا کرد، زیاتر ئەوانە بە ماڵداری و زەویوزار کۆکردنەوەوە خەریک بوون.

سلێمانی پاشای گەورەی قەڵاچوالان: هەرچی ملک و زەویوزاری خۆی و

بنەماڵەکەی بوو هەمووی لە قەباڵەیەکی پان و پۆڕدا و بەشایەتی نزیکەی سەد لە مەلا زاناکانی سەردەمی خۆی هەمووی وەقف کرد بۆ چەند لایەک کە ئێستا ئەو قەباڵەیە لای کەمال بەگ کوڕی عەزمی بەگ هەڵیگرتووە نایدا بە دەست کەسەوە تاکو بۆ تەنها بینین و سوود لێوەرگرتن. لە کاتی خۆیا خوا لێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ ئەو قەباڵەیەی لای (عەزمی بەگ) دیبوو وێنەی گرتبوو.

هەروەها سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا (باپیری عەزمی بەگ). ئەو هەموو موڵکەی وەقف کردبوو کە سەد دووکان زیاتر بوو لەناو بازاڕدا و گەلێک شوێنی تر بەڵام لە دواییدا هەموویان ئەوقاف بردنی و لە عەزمی بەگیان سەندەوە.

**هێڵ کێشانی سنوور لە بەینی بابانەکان و پاشای ڕەواندز**

شەڕی قەمچوغە کە گەرمترین شەڕ لە بەینی لەشکری پاشای ڕەواندز و سلێمان پاشای باباندا ڕووی دا، هەردوو لای بەجۆرێک ماندوو کرد کە ناچار پەیمانێک لە بەینا ببەستن و نەخشەی سنوور و ڕێکەوتن بەمجۆرەی خوارەوە مۆرکەن بەو جۆرەی لە (تأريخ السليمانيە و انحائها)ی ئەمین زەکی بەگەوە وەرگیراوە:

یەکەم: بەری لای ڕاستی خەتی رانیە- بتوێن- خەلەکان- چناران تا دەگاتە زێی بچووک (زێی کۆیە) بۆ ڕەواندز بێت و لای چەپی بۆ حکوومەتی بابان بێت.

دووەم: خاکی لاهیجان بۆ ڕەواندز بێت وە بەشەکەی تری بۆ ئێران و هیچ لایەک لەم سنوورە تێپەڕ نەکات.

سێیەم: بەشی ڕۆژاوای دەربەند بۆ حکوومەتی ڕەواندز و بەشی ڕۆهەڵاتی بۆ حکوومەتی بابان بێت.

(مەبەست لە دەربەندی رانیەیە).

چوارەم: هەردوو لا مافی قەلاّ دروستکردنیان هەبێت لەهەر کوێیەک ئارەزوویان بێت بۆ پارێزگاری و دووربینی.

**جلوبەرگ و چەکی شەڕکەری سەردەمی بابانەکان:**

مێژوونووسی گەورەی کورد خوا لێخۆشبوو حوسێن حوزنی موکریانی لە لاپەڕە (٢٥– ٢٧) لە مێژووی میرانی سۆران چاپی ڕەواندز ساڵی ١٩٣٢ دەفەرموێ (لە شەڕەکەی بەینی مستەفا بەگ کوڕی ئوغز بەگ میری سۆران لە ڕەواندز و سلێمان پاشای بابان لە ساڵی ١٢٢٧ک/١٨١٢ز (کە من نووسەرێکی ئەم کتێبە تاریخە کە یاخۆ ناوی پاشا کە بە هەڵە دەزانم چونکە لە ١٨١٢دا ئەوڕەحمان پاشای باوکی سلێمان پاشا میری بابان بوو (ج.ب) دەڵێت:

(مستەفا بەگ سەد کەسی ئازای ڕێکخست و ناردی لە (گەلیی) (میگروبیجان) دای مەزراندن و ئەو ڕێگا تەنگ و سەختەی پیادە ڕێیان گرت، لەشکری بابان هەمووی سواری ئەسپی چاک و پۆشتە و پڕ چەک بوون... چەکی دەستیان رم و شیر و خەنجەر و دەمانچەی قەرەبینا و تفەنگ بازنە زێڕ و زیو بوو. نەیانتوانی لە ڕێگا و گەلییە تەنگ و سەختی (میگر)دا شەڕ بکەن... بەوجۆرە لەشکری بابان گەڕاوە خاکی خۆی.

سەی مەستی ناو پیاوێکی ڕەواندزی و نۆکەری مستەفا بەگ بوو. لەسەر ئەشکەوتی (کونەقەیچی) لە سەنگەردا دەبێ. لەو دەمەدا سوارێکی بابان، سواری ئەسپێکی بۆزی تێکسمڕاو بووە و رمێکی سەر بە تۆپز و گوڵنکەدار بە تۆپی لە دەستدا، کاڵەیەکی شەمامە بەندی ئاوریشم چنی لە پێدا، دەرپێ و دەمەڕ قۆپانی ماوەتی زەردی لە لنگدا، شیرێکی کالان زیوی دەستە و گۆپکە زێڕی بە تەنشتا هەڵواسراو، جووتێک دەمانچەی قەرەبینای جەوهەرداری بە قەڵپوزی زیندا، تفەنگێکی شەشخانەی بازنە زێڕ لە پێش،

شاڵێکی تورمەی گرانبەهای لەسەر ئاڵاندووە، دەرماندان و گولله و ساچمە و چەشنی پەڕۆ و بەردەستی دانی بەملا و لادا بەرتۆتەوە، کەمەرەیەکی زیو لە پشتە، خەنجەرێکی قونچک زێڕ بە پشتێنەوە، بە لەنجەولار لەسەر لارکێفێک لار سوار بووە، زۆر بە شۆخ و شەنگی جڵەوی ئەسپی شل بەرداوەتەوە و دەڕوات لە ناکاو لە کۆسپێک سەردەکەوێ، سەیدی مەستی تێ دەخورێ مەڕۆ تفەنگت بۆ هات، سواری لاوچاکی بابان بە کابرا دەڵێ رانک لەپێ توخوا ئەمە مەکە، بەخوا کەمەری زێڕی خێزانم بە دوو هەزار ڕیاڵ کوفیە و کاشانەیان بە پێنج سەد ڕیاڵ و لاو لەرزانە و دەزی سەر بەرۆک یان بە هەزار ڕیاڵ و چەکمە زەردیان بە دە ڕیاڵ کڕراون. تۆ هەموو بەرگی بەرت دوو ریاڵ ناهێنێ چۆن من دەکوژی، ئەوە دەڵێ و رکێف لە ئەسپ دەدا و بۆی دەردەچێ و سەردەکەوێ هەتا سەیدی مەستی تفەنگی دادەگرێتەوە و تێزەو بەردە ئەستێی لەسەر دەئەنێ و پێی دا دێنێ، سوار لەبەر چاو ون دەبێ.

ئەم پیاوە هەڵدانی جلوبەرگ و چەک و وڵاخ دیارە (مبالغەی) تیایە. بەڵام هەرچۆنێک بێت نازانم کابرای لەمەڕ خۆمان تەشریفی بۆ شایی و ئاهەنگ بردووە یا بۆ شەڕ. ئەگەر بۆ شەڕ چووبێت ئەو پەندەی بەسەرا دەسەپێ کە دەڵێت (... ئەرێ برا، خۆ مامر نەبووم بە دەنووک شەڕ بکەم... دەستێکم بە لغاوی وڵاخەوە دەستێکم بە تفەنگەوە... ئەی ئیتر چۆن شەڕ بکەم).

**شەریف هەمەوەند:**

دوای وەفاتی ئەوڕەحمان پاشای بابان ساڵی ١٨١٣ک مەحموود پاشای کوڕی لە شوێنی بووە پاشای سلێمانی و دوای ئەویش هەتا ساڵی ١٨٣٤ سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا دەبێت بە پاشا. لەم بەینەدا شەریف هەمەوەند سەر هەڵدەدا و ئەویش داوای پاشایەتی سلێمانی دەکات.

ئەمە ئەو شەریف هەمەوەندەیە کە لە ناوچەی سلێمانیدا ناوی بە ئازایەتی و چەتوونی دەرکردبوو واتا (ضرب المثل) بوو. شەریف گوایە لە ئافرەتێک

بووە کە ناوی (ڕەندانە) بووە کە گوایە ژنی ئەوڕەحمان پاشای بابان بووە و کە سکی پڕ بووە شەریفی بووە. شەریف خۆی بە جێگری شەرعی سلێمانی دەزانێ، لەبەر ئەوە داوای حاکمیەتی کرد و بە هەزار سوارەوە هەڵی کوتایە سەر لەشکری سلێمان پاشا. لە دوای شەڕێکی گەرم، شەریف دەکوژرێ. ڕۆژێک پێش کوشتنی دەچێت سەری دەتاشێ. بە کابرای سەرتاش دەڵێت، ئەم سەرە بتاشە. سبحەینێ یا لەژێر (تاج)دا دەبێت، یا بەسەر (ڕم)ەوە. بۆ سبحەینێ بە باری دووەمدا شکایەوە و سەری نرایە سەر ڕمەوە دوای ئەوەی لە بەدەنی جیا کرایەوە.

**مەحموود پاشای جاف و دامەزراندنی حکوومەتێک:**

لە نامەیەکی ئەوڕەحمان بەگی باباندا و لە شەرحێکی لەسەر دەستنووسێکی جەمال بابان ئەمەی بۆ نووسیوم: (کاکە جەمال: وەکو شفاها عرضم کردن و خۆم بە تفصیل نووسیوە. محمود پاشای جاف لە ١٣٠٤ هجریدا (١٨٨٦ز) ویستی حکوومەتی کوردی دروست بکا، ئەمە تفصیلاتەکەی لای من هەیە).

ئەمین زەکی بەگیش لەم ڕووەوە لە مشاهیر الکرد ل ١٨١دا دەڵێت (... محمود پاشا لەم دواییەدا دڵی لێ کرمێ کرا و شوبهەی سیاسی خرایە سەر و هەندێ کاروباری نەتەوایەتی درایە پاڵ و جێماوی خێراتی زۆرە و لە سەردەمی دەست بەسەرا گرتنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە بە تەواوەتی وازی هێنا و لە (٦ شعبان ١٣٣٩)دا کە دەکاتە ساڵی ١٩٢٠ وەفاتی کرد).

## بە یادکردنەوەیەکی سەردەمی حوکمی مێجەرسۆن بەگوێرەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن

زمانی حاڵی ئەو ڕۆژانە
مردنی مێجەرسۆن لە پاپۆڕا
بۆردومانەکانی شار
هێنانی حەمدی بەگی بابان بۆ سلێمانی
کە شوێنی شێخ مەحموودی پێ پڕ بکەنەوە

## سلێمانی لە ساڵەکانی ١٩٢٠-١٩٢٢دا

### سەردەمی مێجەرسۆن

**– حکوومەت خەریکی چاککردنەوەی ڕێگاکانە**

ڕێگای سووورداش: لە دووکانەوە دەپەڕێتە ئەوبەری چنارانەوە دەڕواتە دەربەند.

ڕێگای ئەڵەبجە: لە موانەوە قوڕ و ئاو ڕێگا نادات، لەبەر ئەمە ڕێگاکە لە نزیک بێستانسوورەوە دەپەڕێتەوە. لە پاشدا لە نزیک بەکراواوە دیسان بۆ کن ئەڵەبجە دەپەڕێتەوە. بۆ ئەم ڕێگایە دوو پرد لەسەر تانجەڕۆ دەکەن.

ڕێگای کفری: خەریکی هەڵبەستنی کوورەی خشت و قسڵن بۆ ئەو پردە گەورەیە کە لەسەر تانجەڕۆ دەکرێت ڕێگاکەش تا سەر ژاژیلە تەماشا کراوە.

**– خانەقای مەولانا خالید:**

خانەقا لە وەختی تورکەکاندا کرابوو بە جێگای نەخۆش لەبەر ئەمە چاودێری نەدەکرا هەمووی بەسەر یەکا رووخا. وا ئەمساڵ خەریکی چاککردنەوەین حکوومەتیش بۆ ئەم ئیشە چاکە یاریە دەدا، هەر ئیشوکارێکی گرانیان بێتە ڕێ بۆیان سووک دەکات. ئەوانەی پارەیان داوە بۆ چاککردنەوەی خانەقا ئەمانەن. خوا هاوڕێی تریان بۆ بنێرێت.

ئەوانەی سەد لیرەیان داوە: حکوومەت، حاجی رەشید سەعید، حاجی مەلا محێدین، حاجی عەبدوڵڵا حاجی محەمەدی شاڵی، حاجی عەلی شێخ مەعرووف، حاجی صالح قاسم. ئەوانەی پەنجا لیرەیان داوە: حاجی کەریم عەنبەر خان، حاجی کاکە حەمە، حەمەئاغا حوسێن ئاغ، عەزیز ئاغای

ئەحمەد پایەشاز، حاجی مەلا سەعید ئەفەندی، مەلا عەبدوڵڵا مەلا غەفوور، حاجی فەتاح قادر، حاجی ئەحمەد ئاغای حاجی کەریم.

**- بۆ زانینی هەموو:**

حکوومەتی شاگردی دەوێت، بۆ ئەوەی فێری ئۆتۆمبیل بێت هەرکەس دەیەوێ ئۆتۆمیبلچیەتی فێر بێت، ڕادەگیرێت بەڵام نابێ لە حەڤدە ساڵ بچووکتر بێت. مانگانەشی ٤٠-٥٠ روپیەی دەدرێتێ فێربوون شتێکی باشە، هەرکەسە تا فێر دەبێ لە پێشدا مانگانەکەشی کەم بێت دەبێ پێی خۆش بێت. هەرکەس دەیەوێ خۆی بنووسێ بێتە دائیرەی سیاسی.

ئیمزا: حاکم سیاسی. مێجەرسۆن
(ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە (١)، ساڵی (١)، ٢٩ نیسان ١٩٢٠)

**- بۆ تێگەیشتنی هەموو:**

لەم ڕۆژەوە ئەسپێکی (عبیان سەگلاوی) کە لە موسڵ کڕراوە، خستوومەتە پیانقۆوە هەر (بلیت)ی حەوت روپیە دەدرێت، هەرکەس دەیەوێ بۆ ناو نووسین و پارەدان بێتە مهندسخانەکە، خانووەکەی فەتاح بەگ. بەناوی بلیتی هەر کەسەوە ئەم ئەسپە دەرچوو ئەسپەکە دەبێ بە هی ئەو کەسە.

عەزیز خان
(پێشکەوتن، ژمارە، (٢)، ٦ی مایس ١٩٢٠)

**- بلە جاف:**

چەند ڕۆژ لەمەوپێش بلە جاف کە ژاندرمەی مەرکەزی چەمچەماڵە بۆ ئاگاداری لەگەڵ حەپسێکدا ڕەوانەی سلێمانی کرا، وەک سواڵکەری پیر یادی بۆ نان بەسەرکردن لە چەمچەماڵەوە تا سلێمانی، لە هەموو دێهاتێک لادەدا و نان و چێشتیان پێ دەکات بعضێکی ئەخوات و بعضێکی کە بە دڵی نابێ وەکو خورما و ڕۆن ئەیگرێتە دەستی ماینە شێی خۆی. سەعات

سێی شەو دەگاتە دێی کەلاشکەران لە ماڵی کوێخا میوان دەبێت، کوێخا خزمەتی زۆر دەکات و وەختی نانخواردن پلاوی بۆ ئەهێنێ دەست بە جوێندانی کوێخا دەکات و دەڵێ نازانی من چێشتم بێ گۆشت پێ ناخورێ. کوێخا دەڵێت هەر گاجووتێکی خۆم شک ئەبەم، ئەگەر گاجووتەکەت بۆ سەر برم خۆم چی بکەم. دیارە ڕانی خۆشم کەلەپاچە ناکەم، عاقیبەت بلە جاف دەست بە لێدانی کوێخا ئەکات و بەجێی دەهێڵێت. لەسەر ئەمە کوێخای ئەو دێهاتانە هاتنە شکات منیش کە وامزانی بلە جافم خستە بەندیخانەوە و دەرم کرد. هەرکەسێ شتێکی وای لێ ببینرێ هەروەک بلە جاف بە خراپە ناوی دەبرێ و هەموو کەس وەک شەیتان ڕەجمی دەکات.

کاپتان هۆڵت: حوکمی سیاسی چەمچەماڵ
(پێشکەوتن، ژمارە (٧) ١٠ی حوزەیران "جوان" ١٩٢٠)

**– بۆ زانینی هەموو – قوتابیە پێشکەوتووەکان:**

ساڵی دەرس وتنەوە ١٩١٩–١٩٢٠ تەواو بوو. لە ڕۆژی ٩٢٠/١٠/٢٦ دەست کرا بە امتحانی هەموو قوتابیەکانی مکتب نموونەی سعادتی سلێمانی و لە ٩٢٠/٦/٢٨دا امتحان تەواو بوو. ئەو قوتابیانەی لە صنفی خۆیان ژمارەی تەواویان وەرگرتوە و پێش هەموو هاوڕێی خۆی کەوتووە لەلای حکوومەتی فخیمەوە هەر یەکێکیان بە سەعاتێک خەلات کران. ئەوانەی خەلاتیان وەرگرتووە ئەمانەن:

لە صنفی چوارەمی ابتدائی کە صنفی تەواو کردووە محەمەد ئەنوەری کوڕی مەلا ئەحمەد ئەفەندی (مەبەسی لە خوا لێخۆشبوو انور صائبە)

لەصنفی سێیەمی ابتدائی فؤاد ئەفەندی کوڕی ڕەشید ئەفەندی (فؤاد رشید بکر)

لە صنفی دووەم ابتدائی رشید کوڕی مارفاغا.

لە صنفی یەکەم ابتدائی ئەحمەدی حاجی فرج (واتا ئەحمەد رفیق کوڕی

حاجی فرج)

له صنفی هەوەڵ شعبه اول جولەکە عبدالعزیز عبدالله بنەشێ.

بۆ ئەمە بەناوی هەموو معلم و قوتابیەکان و باوک کەسوکاریانەوە شکرانە دەنوێنم بۆ مەرحەمەتی حکوومەتی فخیمە کە بۆ منداڵەکانیشمان ئەوەندە بەشەفەقەت و مەرحەمەتە و ئەوەندە حەز بە بڵندیمان دەکات.

وکیل مدیر مکتب سعید زکی

(پێشکەوتن، ژمارە (١٠)، ١ جولای (تموز) ١٩٢٠)

**- بۆ زانین - لەمەولا سلێمانی نەک سلێمانیە:**

ناوی سلێمانی تا ئێستا لە دەفتەری رەسمی بەغدا و جێگاکانی تر (سلێمانیە) یان دەنووسی. بە امر والی گۆررا ناوی رەسمی لیوا و شار لەمەولا بە (سلێمانی) او دەبرێت و دەنووسرێت.

مێجەرسۆن: حاکم سیاسی

**- بۆ زانین - أجازەی حەکیم و مامان:**

هەرکەس فێر و تێکەڵی ئیشی حەکیمی بووبێت وەیا خەریکی تێکەڵ و بوونی بێ یا دەست بکات بە کردەوە و ڕەوشت و لقب وەیا نیشانەیەکی پێ ببڕرێت کە ئەمە پیاوێکی حەکیمە، جراحە، مامانە، یا حەکیمی دانە، بێ ئەمە کە بە قانوونی ئیزن درابێ یا قانوون بڵێ ئەم ئیشە لەم پیاوە دێت یا بێ ئەمەی ناوی خۆی بۆ ئەم ئیشە نووسیبێت وە دانانی لەلایەن گەورەی حەکیمانی شارەوە. جریمە دەکرێت کە جرمەکەی دەرکەوت لەلای حاکم بە جریمەیک لە هەزار روپیە زیاتر نەبێ، یا حبس دەکرێت لە شەش مانگ زیاتر نەبێت، ئەو حوکیمە با ئافرەتیش بێ دیسان بەو ڕەنگە جریمە دەکرێت.

حاکمی سیاسی: مێجەرسۆن

(پێشکەوتن، ژمارە (١٢)، ١٥ جولای (تموز) ١٩٢٠)

**- ژن گۆڕینەوە:**

لە ژمارە (٥)ی ٢٧ی ١٩٢٠دا پێشکەوتن بە امضـای سعید أدیب لە حەقی ژن بەژن دان و شـیـر بایی سـەندن شـتـێک نووسـرابوو، بەڕاسـتی ئەم کردەوەیە زۆر ناشرینە، بە مەیش شوکور بووین کەچی لەم ڕۆژانەدا شتێکی لەمە عەجایەب تر ڕووی دا. دوو کابرا ژنەکانیان گۆڕیوەتەوە، یەکێکیان کە ژنەکـەی تۆزێ ناشـیـرین تر بووە باقی بە پیـاوەکـە داوەتەوە کـە ئەمـە کردەوەیەکە هەتا ئێستا نەبیستراوە. هەتا بمێنین شتی ناشرینتر و عەجایب تر ئەبینین، بەم هەموو کردەوە ناشرینانەشەوە واز لە فسادی ناهێنن خوا عەقڵ بە اولادمان بدا.

چم چماڵ: علی کمال

(پێشکەوتن، ژمارە (١٩)، ٢ تشرین اول ٩٢٠)

**- هەورامان و دەستڕێژ لە ماڵی خانم:**

چەند ڕۆژ لەمەوبەر بە تحریکی هەندێک لە دوژمنەکانی خان بهادر عادلە خانم لە ئەلەبجە چەند نەفەرێک بەشەو جەسارەتێکی وایان کرد کە چەند تفەنگێکیان نا بە خانووەکەیەوە. چونکە دەست بەجێ دەرکەوت کە ئەمانە لە ئەهالی دزڵی بوون. سبـەینێ بەیانی دوو تەیارە لە بەغداوە هێنرا، چوونە سەر هەورامان. ئاوایی (باراماوا و بەڵخە) بە بومبا تەواو خراپ کران تا ئەم لات و لوتانە نەختـێک تأدیب بن. لە پاشـا جـعـفـر سلطان و شـێخ علاءالدین بیارە لەگەڵ محەمەد بیک و أوانی تر هاتنە لای حاکمی ئەلەجبە، داوای بەخشین و عفو دەکەن لەلایەنی دزلییەکانەوە.

(پێشکەوتن، ژمارە، (٢)، ٢٣ سبتمبر ١٩٢٠)

**- بۆ زانین - لە وەستا حەمە سەعیدی خەیاتەوە:**

تا چەند ڕۆژێکی تر کەلوپەلی زستانەی باشم لە بەغداوە بۆ دێت هەرکەس

بەرگی ئەفەندییانەی پێویستە بفەرمووێت بەرگی باشی بۆ دەدرووم. لە چاک و باشی کەلوپەلەکان و باش بڕین و جوان دروون دەتوانم گلەیی نەهێنمە سەر خۆم.

جلدرو: محمد سعید

(پێشکەوتن، ژمارە (٣١)، ٢٥ نوفمبر ٩٢٠)

**- جواب بۆ حضوری حاکمی سیاسی- مسائلی شرعی:**

لەسەر ئەمری جەنابی حاکم مذاکرە و مراجعەی کتیبمان کرد. أصح لە مذهب شافعی دا ئەمەتا، ئەو ژنانەی کە میردیان بێ سەر و شوێنە و نازانرێ چیان لێ هاتووە و اثبات عجزی مێردیان لە نفقە بۆ ناکرێ فسخ نکاحیان ناکرێ و چارەی تریان نییە ئەمە نەبێ کە مردنی میردیان یا بە شاهد یا لە پاش مدەی یأس بە حوکمی قاضی تحقق بکات ئەو وەختە بۆیان هەیە شوو بکەن و ئێمە کە شافیعین بۆمان دروست نییە بە غەیری أصح مذهبی خۆمان فەتوا بدەین:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مدرس | مدرس | مفتی پێشوو | قاضی سلێمانی |
| حسین | باباعلی | عبدالعزیز | احمد مختار |

| | | |
|---|---|---|
| مدرس | مدرس | مدرس |
| سید احمد | عمر | جلال الدین |

(پێشکەوتن، ژمارە (٣٣)، ٩ دیسمبری ٩٢٠)

**- هەڵبژاردنی رئیسی بلدیە:**

چەند وەختێک بوو، رئیسی بلدیەی سلێمانی وەفاتی کردبوو، بۆ ئەمە یەکێکی وا کەڵکی پێوە بێت و وریابێ و خزمەتی وڵات بکات و ئیشی لە دەست بێت بدۆزرێتەوە و دانرێت لەبیر دابوو. لە دواییدا بە باش بینرا خۆ وڵاتیەکان بەبیری خۆیان یەکێکی چاک هەڵبژێرین و دانرێت. ئەگەر چاک

بوو، ئەوا باشە، خۆ ئەگەر ئیشی ڕاست و ڕەوانی نەکرد و لە (لاری)یەوە بۆ ئەم ئیشە دەستی نەدا ئەوسا گۆڕینی گران نییە. بەم ڕەنگە (رئیسی بلدیە) بە هەڵبژاردن دانرێت لەلایەن مجلسی شارەوە بە باش زانرا...

هەڵبژاردنەکە بەمجۆرە بوو:

| | |
|---|---|
| عزت بەگ عثمان پاشا ٧ (رأی) | بەم جۆرە مەحموود ئەفەندی (مەحموود عەبدولقادر) بەگوێرەی دەنگ لە هەموویان زیاتر بوو. هەڵبژێردرا بە ڕەئیسی بەلەدیە |
| عبدالحمید افندی حسین افندی ١٠ رأی | |
| حماغای عبدالرحمن ئاغا ٢٨ (رأی) | |
| رمزی افندی ٤ (رأی) | |
| عبدالرحمن ئاغا احمد پاشا ٣٥ (رأی) | |
| عزمی بەگ بابان ٢٠ (رأی) | |
| سعید بک حاجی رسول بک ٦ (رأی) | |
| غفور ئاغا ٨ (رأی) | |
| محمود افندی سەر میرزا ٣٨ (رأی) | |
| حسین ناظم افندی ٣٣ (رأی) | |

(پێشکەوتن، ژمارە (٣٧)، ٦ جنوری ساڵی ٩٢١)

**- گۆڕینی مدیر ناحیەکان:**

حسین ناظم افندی بوو بە مدیری مەرگە.

مدیری مەرگە جمال بەگ بوو بە مدیری سەرچنار.

مدیری سەرچنار عونی افندی لە دائرەی جناب حاکم قضا ئیش دەبینێ.

مدیری سورداش احمد بەگ بوو بە مدیری قرەداغ.

مدیری قرەداغ حاجی ئاغا بوو بە مدیری تانجەرۆ.

مدیری تانجەرۆ محمد فؤاد بەگ بوو بە مدیری سرۆچک.

مدیری سرۆچک اسماعیل حقی افندی بوو بە مدیری سورداش.

(پێشکەوتن، ژمارە (٤٣)، ١٧ فبروری (شباط) ١٩٢١)

**- هەواڵی مأمور:**

جەنابی عبدالرحمن ئاغای احمد پاشا بوو بە قائمقامی شارباژێڕ.

جەنابی رضا بەگ بوو بە حاکمی قضا.

جەنابی علی افندی کاتب مهندسخانە لە مەولا لە جێگای جەنابی عزیز خان ئیش دەبینێت. خوا لە هەموویان پیرۆزکات.

(پێشکەوتن، ژمارە (٤٥)، ٣ مارت ١٩٢١).

**- سەفەری جەنابی مێجەرسۆن:**

جەنابی مێجەرسۆن دوو ساڵ زیاترە، کە خەریکی خزمەتی ئەم وڵاتە بوو، ڕۆژی شەمە پێنجی ئەم مانگە بە ئیزنی شەش مانگ لە سلێمانی بزوت تەشریفی فەرموو بۆ لۆندەرە.

هەموو کەس دەیزانێ بۆ بەرزبوونەوەی ئێمە و وڵاتمان چەند هەوڵی دا و چۆن تێ دەکۆشا (لەم سفرە درێژە هەموومان صاغی و سەلامەتی و خۆشی ئەو صاحیبەمان دەوێت)

لە جێگای جەنابی مێجەرسۆن- جەنابی مێجەرگولد سمث بۆ حاکمی لیوای سلێمانی تشریفی هێناوە، لە ئەوەلی ئەم مانگی مارتەوە دەستی کرد بە ئیش- جەنابی مێجەرگولد سمث لەمەو پێش حاکمی حلە و خانەقین و هینی جێگای تر بووە.

(پێشکەوتن، ژمارە (٤٦)، ١٠ مارت ٩٢١)

– بۆچوونە کەرکووک بە ئۆتۆمبێل:

ئۆتۆمبێل کە جێگای شەش کەسی تیا ئەبێتەوە لەمەولا هەموو حەفتەیەک ڕێبوار هەڵدەگرێت بۆ کەرکووک پێش بزوتنی بەناو اهالیدا لەلایەن بلدیەوە بڵاو ئەکرێتەوە. هەرکەس بیەوێت بچێتە کەرکووک بەم ئۆتۆمبێلە پاش بڵاو کردنەوەی بێتە دائرەی سیاسی لای مستر (ملکەلن) بلیت ببڕێت. وەختی بزوتنی پێ دەبێژرێت. لەو وەختەدا دەبێ حازر بێت لە یەکی بیست و پێنج روپیە دەستێنرێت. ئەمەش بۆ راپەراندنی ئیشی أهالی دامەزراوە.

(پێشکەوتن، ژمارە (٥٠)، ٧ ابریل ١٩٢١)

– بۆ زانین:

بۆ فەنی فوطوغرافی شەش عددی بە ٣ روپیە و دوازدە عددی بە شەش روپیە دەردەچێت. کەسێک طالب بێت لەناو بازاڕ لە خانی سابق کومرکی عجمدا لە قاتی سەرەوەدا مراجعت دەکرێ.

فوطوغرافچی/ محمود حلمی

(پێشکەوتن، ژمارەی سەرەوە)

– تەل لێدان بۆ وفاتی محمود پاشای مرحوم:

جەنابی سیر پرسی کوکس صاحیب، لەبەر دڵسۆزی خۆی لە وفات مرحوم محمود پاشای جاف تەلێکی متأسفانەی ناردووە، هەم دەردی خۆی لەگەڵ خزم و خانەدانی جەنابی مرحوم نواندووە.

(پێشکەوتن، ژمارە(٥٤)، ٥می ١٩٢١)

– هاتنەوەی جەنابی سیاسی لە بەغدا:

جەنابی حاکمی سیاسی سلێمانی کە بۆ تحقیق کردنی مسئلەی دوارۆژی سلێمانی چوو بووە بغداد بۆ چاوپێکەوتنی حضرەتی مندوبی سامی ڕۆژی

(٥)ی ئەم مانگە تشریفی هاتەوە بۆ سلێمانی. لەبەر نواندنی بیری هەموو اهالی سلێمانی حضرتی مندوبی سامی وای دامەزراندوە کە هەتا (٣) ساڵ ادارەی حکوومەتی سلێمانی لە هی عیراق جیاواز بێت. لە پاش ڕابوردنی ئەو (٣) ساڵە دیسانەوە فرسەتێکی تر بە اهالی ام لوایە ئەدرێت کە بە تەحرێکی قطعی بیری خۆیان بنوێن کە ئایا یەکیتی لەگەڵ حکوومەت ملی بغداد بەباش دەزانن یا نا.

پاش جەژن هەتا دەست بروات زوو مجلس ادارە بۆ لوای سلێمانی دادەنرێت و ئیشی دەبینێت.

(پێشکەوتن، ژمارە (٥٩)، ٩ جون ١٩٢١)

**- ولاخ تاودان- رایسز:**

ڕۆژی (١٣) جون (حزیران) اشراف و مأمور و اهالی دیسان بانگ کرابوون لە سەعات چوار و نیوی انگلیزییەوە دەست کرا بە تاودان. هەوەل جەنابی قوماندان و رتبەدارەکانی انگلیز تاویان دا جەنابی قوماندان کاپتان فنیس کبپن پێش هەمووان کەوت ٢- سارجنت عسکری ستیفنز ٣- ساجنت پولیس برادوڤورت

تاودانی دووەم:

١- علی محمد ٢- رشید مەلا مین ٣- فرج حبیب ضابطانی بچووکی عسکری دەرچوون.

تاودانی سێیەم:

١- کریم ئاغای کاکە زاڵ ئەسپی رضا بەگی لەژێرا بوو. ٢- معروف حمە ڕەش. ٣- قادر حسن سوارەی قەزا دەرچون.

تاودانی چوارەم:

١- حسن علی ٢- حسین علی ٣- حسن عزیز سوارەی عسکری دەرچوون.

پاش تەواوبوونی یاری و تاودان هەرکەس بەپێی پێشکەوتن بەخشیشی وەرگرت. خوا بکات بە پێشکەوتن و خۆشی هەموو لایەک، هەموو وەختێک وا لە سەیر و خۆشی و یاری دابین.

(پێشکەوتن، ژمارە (٦٠)، ڕۆژی ١٦جون ١٩٢١)

**- مجلس قضای ئەلەبجە- بە هەڵبژاردن:**

ڕۆژی ٢٤ جون جەنابی حاکمی سیاسی سلێمانی تشریفی بردە ئەلەبجە بۆ کۆکردنەوەی مجلسی قضا. ڕۆژی ٢٦ مانگ ئەوەل مجلس گیرا.

........................ دانانی مجلسی قضا موافقی مندوبی سامی سیر پرسی کوکس صاحیب کە فەرمووبووی لەهەر قضایەک مجلیسێکی میللی گرد بێتەوە، کە وردە وردە ئەو مجلسانە توسیع بکرێت و ببێت بە حکوومەتێکی میللی لەژێر حمایە و ڕەهنومای حکوومەتی انگلیزدا. مجلس قضای ئەلەبجە ئەمانە هەڵبژێرراون: جەنابی علی بەگ محمود پاشا، کریم بەگ فتاح بەگ، احمد بەگ عثمان پاشا، افراسیاب بەگ روستم بەگ، قادر بەگ جعفر سلطان، حمید بەگ مجید بەگ.

علی العموم ئەم مجلسی قضایە مانگی جارێک کۆدەبێتەوە بەڵام بەپێی ویستن هەر وەختێک حاکم قضا بە مناسبی زانی دەتوانی اعضاکان بانگ بکات بۆ قسە و باسکردن. لە وەختی کۆبوونەوەدا لەگەڵ جەنابی حاکمی قضا مذاکرە و مباحثە لەلایەنی هەموو نەوعە ئیش و معاملەیەکەوە بە بەجێهێنانی معاملاتی حکوومەتی ئەم قضایە نصیحت و رأی خۆتان بنوێنن، تاکو بواسطەی ئەم مجلسەوە حکمی قضا بەتەواوی لە فکر و بیری هەموو لایەک حاڵی و مطلع بێت.

(پێشکەوتن، ژمارە(٦٢)، ڕۆژی ٣٠ جون ١٩٢١)

**- رأی بۆ ئەمیر فەیصەل:**

لە ژمارەی (٦٠) پێشکەوتندا نووسرابوو، هەموو مانگێک ئەوەل و سێیەم ڕۆژی چوارشەموان جەنابی حاکمی سیاسی وەختی عەصر لە ماڵەوە دادەنیشێت. هەرکەس بیەوێت تشریف بکاتە ماڵە جەنابی حاکم بۆ چاوپێکەوتنی. لەسەر ئەو قاعدەیە ڕۆژی چوارشەمەی ڕابوردوو ٢٠ مانگ بەقەد ٢٠ کەسێک لە اشراف شار تشریفیان چووە ماڵی حاکم. لە ژمارەی (٦٥ پێشکەوتن)دا بەسەر لەوحەی (عیراق و أمیر فیصل) ئەو بیانات و اعلانە کە کرابوو دیسان لەو کۆمەڵەدا باسی کرایەوە. لەلایەنی جەنابی حاکمەوە پرسیاریان لێ کرا ئایا کو لیوای سلێمانی بوو مەلیکیەتی امیر فیصەل رأی دەدەن یان نا؟ امیر فیصل بۆ ملیکی عیراق بە باش دەزانن یان نا؟ لەلایەنی کۆمەڵەکەوە جواب درایەوە چونکە لیوای سلێمانی جیاوازە لە حکوومەتی عیراق، پێویست نییە رأی بدەن بۆ دانانی مەلیک. لە بەر دووری لە ئێمەوە کردەوە و چۆنیەتی (حضرة امیر فیصل)یش نەناسراوە، جیا لەبەرئەوە بۆمان نییە لەم ڕووەوە بدوێین.

(پێشکەوتن، ژمارە (٦٦)، ٢٨ی جولای ١٩٢١)

تێبینی: ئەم بەزم و ڕەزمە ڕێگا خۆشکردنە بۆ خستنە سەر لیوای سلێمانی و یەکدگیرکردنی لەگەڵ عێراقدا.

**- رانیە و ڕەواندز- شەری عەشایەر:**

ڕۆژی ١٣ أوگست جەنابی حاکمی سیاسی لەگەڵ عەسکەری سوارەی لیوای سلێمانی گەیشتە رانیە لە ڕۆژی ١٤ی مانگدا کۆمەڵێکی عەشایەری کن ڕەواندز کە نزیکەی ٢٥٠ سواربوون لەگەڵ چەند پیادەیەک کە جلی رسمی تورکییان لەبەرابووە ڕوویان کردۆتە رانیە، لە پاش شەڕە تفەنگ عەسکەری سوارەی سلێمانی ئەوانیان شکان و بڵاوەیان پێ کردن. وا دەزانرێت کە لە عەشایەری ڕەواندز ٤ کەس کوژراوە و ٣ کەس بریندار بوون.

له پشدەری کە لەگەڵ عەسکەری سوارەی سلێمانی بوون یەکێک بریندار بووە لە پاش ئەمە لە قضای رانیەدا هیچ ڕووی نەداوە.

(پێشکەوتن، ژمارە (٦٩)، ڕۆژی ١٨ أوگست ١٩٢١)

**- أمیر فیصل بە مەلیکی عێراق دانرا:**

ڕۆژی ٢٣ أوگست ١٩٢١ رەسمی چوونە سەر تەختی حکوومەتی عیراق بو مەلیک أمیر فیصل لە سەرای بەغدا اجرا کرا. لەوێدا بەقەد هەزار کەس لە اشراف عیراق و بغداد و صاحب منصب لە انگلیز و حضرتی مندوبی سامی سر پرسی کوکس صاحب و قوماندانی عمومی حاضر بوون. بەپێی قاعدە طوپ هاوێژرا. لەلایەنی پادشاهی ئنگلیزەوە تەلیکی مبارک بادی بۆ حضرتی مەلیکی عیراق هاتووە.

(پێشکەوتن، ژمارە (٧١)، ڕۆژی استمبر ١٩٢١)

**- اقتصادی- خێروبێری وڵات:**

مــامــە هۆمــەر ســەد شــوکــر تۆ قــوەت و چاوت هـەیە
هـەر لـە دێیـــــەک چەنـد رەز و عــــــەرد و بەراوت هـەیـە

تووتنەکـەت قـیـمــەت نەکـا سـەد ئیـشـی تر بۆت قـابیلە
دی برن زرعی پەمــــــویەکـی ئـاوەریس جـــــاوت هـەیـە

تووتنەکەت قیمەت نـەکات، مازو و گەزۆ و پێستـە و خوری
شــاڵی زۆر جـوانـی نەجـیـبی دەشــتـی خـۆشناوت هـەیە

قـۆڵ لە پەســتـەک هەڵبکێـشی، بچـیـە کـیـوی بۆ شکار
بۆ تیـجــارەت وەک دەڵەک، وەک رێوی، ســەد راوت هـەیە

مـــەســــرەف گـــەر زۆە چایی لێ مـــەنێ بۆ داعـــیـــە
باســوق و سنجــوق و گـوێز و مـێـووژە خـۆڵاوت هـەیە

هـەرچی مـــیـــوەی ناو بـەهەشـــتـــە تۆ لە دنیـــادا هەتـە
کـــاڵەک و شـــووتـی و ترێ و هـەنجـــیـــری ڕێژاوت هەیـە

عـــادەت و چاولێکەری وا چای بـە حـــورمـــەت کـــردووە
فـــضـلـەیە بیـــخـــوینـەوە، دۆشـــاو و خـــۆشـــاوت هەیـە

قـــۆنـدەرەت با هـەر نـەبێ چی لێ ئـەکـــەی لەو قـــون دزە
یەمـــەنـی، کـــەوش و کـــەلاش و چەرم و پێـــتـــاوت هەیـە

بەو ســـەر و پێـــچـــە زلە و پشـــتـــێنی هـەشـــتـــا زرعـیـــە
بـەو کـــوڵەنجـــە مـــخـــمـلـە بۆچی ئەتۆ ناوت هـەیە

جمال عرفان

(پێشکەوتنی ژمارە (٨٨)ی ڕۆژی ٢٩ دیسمبر ١٩٢١)

ڕوونکردنەوە: ئەم بـەیتـە لە ڕاسـتیدا بۆ هاندانی خـەڵکە کە واز لە خـواردەمـەنی و کـەلوپـەلی بێگانە بهـێنن و بـە بەروبووم و شـتـی لای خـۆمـان بـەرێـوە بچن هەرچەندە شیعرەکەش لەنگە.

**-اعلان لە قادر ئاغای عەتارەوە:**

انواعی کـتـابی تورکی و عربـی و فـارسـیم بۆ هـاتووە، هەرکـەسـێک طـالبـە مراجعت بە دوکانی بەندە بکات.

(پێشکەوتن، ژمارە (٨٩)، ڕۆژی ٥ جنوری ١٩٢١)

ڕوونکردنەوە: ئەو (اعـلان)ەی سـەرەوە جـۆرێکە لـە جـمـوجـۆڵی ڕۆشنبـیـری لە شـارەکەدا و قـادر ئاغـای عـەتار لـەم ڕووەوە پێشـڕەو بوو هـەتـا مـابوو هـەر خەریکی کتێب و ڕۆژنامە و کۆوار فرۆشتن بوو.

**- ئاوریشم و کرمی ئاوریشم- اعلان:**

بۆ فـێربوونـی ئاوریشـم و کـرمی ئاوریشـم مکتـبێک لە بەعـقـوبە دانراوە لە سلێمانیشەوە لە بەهاردا یەکێک بۆ ئەو مەکتەبە ئەنێررێ. ئەو کەسـە ئەبێ

عومری لە بەینی بیست و بیست و پێنج ساڵدا بێت، تحصیلێکی وسطی ببێت و کەمێکیش عربی بزانێ. هەرکەسێک طالبە لە اعتباری ئەم اعلانەوە بە عرضحال مراجعت بە حاکمی سیاسی بکا و لە استدعاکەشیا درجەی تحصیل و اقتداری عربی زانینی و مقداری عومری خۆی بیان بکا.

(پێشکەوتن، ژمارە (٩٢)، ڕۆژی ٢٦ جنوری ١٩٢١)

ڕوونکردنەوە: ئەمەش هەنگاوێکە بۆ پێشخستنی کشتسازی و پیشەسازی.

**- انعام بۆ یاریەدەری پۆلیس:**

حاجی قادری حەمە خان چقڵاوەیی و علی شریف خەڵکی سلێمانی چونکە شەوی ٩ جنوری ١٩٢٢ شێخ حەمەعلی ناویان گرت و بردیانە پۆلیسخانە، یەکی (٣٠) روپیە انعامیان درایە.

(پێشکەوتنی ژمارە (٩٤)، ڕۆژی ٩ فبروری ١٩٢٢)

**- اعلان بۆ خۆکوتان:**

لەبەر ظهوری.............. لە اطراف قلعە دزە و رانیە، هەندێک کەس بەم نەخۆشیە ئەمری خوایان کردووە، زۆر پێویستە کە هەموو کەس لەم نەخۆشیە خۆی بپارێزێت ئەمەش بەس بواسطەی کوتانەوە دەکرێت، هەموو ڕۆژێک لە خەستەخانەی سلێمانی مجانا عملیاتی کوتان اجرا دەکرێت. بۆ هەموو کەس مصلحەتە کە بکوترێت. ئەگەر لە نفسی شاردا ئەم نەخۆشیە سرایت بکات زۆر کەسی پێ هیلاک دەبێ و ئەو وەختە خۆ پاراستنی گەلێ مشکل تر دەبێ.

دقتوری سلێمانی

(پێشکەوتنی ژمارە (٩٦)، ڕۆژی ٢٣ فبروری ١٩٢٢)

**- ئیشی طاپۆ:**

لەو وەقتـەدا کە دائرەی طاپۆ ئیشـی نەدەکرد، زۆر کـەس بواسطەی اعلامی شرعی مـعاملەی کڕین و فرۆشتنـی مڵکیان کـردووە. شـەرت وابووە کـە حەتا شـەش مـانگ لە پـاش کردنەوەی دائرەی طاپۆ اعـلام بهێنن مـعـامله و قـیدی بکەن. لە ڕۆژی ٢٨ مانگی فبروری (شـباط) ئەم شـەش مانگە تەواوبووە بەڵام لەبەر انواعی سـبب بۆ هەمـوو کـەس ممکن نەبووە لەم مـدتەدا اعـلام بەریت و مراجعت بە دائرە طـاپۆ و ئیشـی خۆی جێبـەجێ بکات. بواسطەی ئەم اعلانە کە لـە خـوارەوە چاپ کـراوە لەلایەنی حـضـرت مندوب السـامـیـیـەوە مـهلەی شەش مانگی تر درا.

قراری مندوب السامـی: لەبەر ئەمە کە لازم بینراوە، ئەو مدتە مـعینە کە بو قیدکردنی معـاملاتی فروتنـی ملک بواسطە بیان تأدیب البیوع غیر المسجلە بوو ساڵی ١٩١٩کراوە کە لیوای سلێمانیدا تزیید بکرێت.

ئەوا من میـجر جنرال سـیر پرسـی کوکس بواسطـەی ئەو صلاحیتـە کە بە صفت مندوب السامی بە من دراوە ئەم اعلانە نشر دەکەم:

- ناوی ئەم اعلانە بیانی تأیید البیوع غیر المسجلە هینی لیوای سلێمانی ساڵی ١٩٢٢.

- مـادە (٤) هینی بیـان تأدیب البـیـوع غیـر المسـجلە بۆ سـاڵی ١٩١٩ لە لیوای سلێمانی جاری نابیت.

لە باتی ئەم مـادە (٤) مـادەیەکی تر کە لە خـوارەوە بیـان کـراوە لە جیـاتی ذکر کراوە داخل بۆ لیـوای سلێمانی جاری دەکرێت. یعنی: کە دەبێ اعلامی کـڕین و فـرۆشـتـنی ملک پێش ڕۆژی ٣١ أوگـسـت (اب) ١٩٢٢دا بۆ دائرەی طاپۆ بهینرێت.

(پێشکەوتنی ژمارە (٩٩)، ڕۆژی ١٦ مارت ٩٢٢)

ڕوونکردنەوە: بـڕیای سـەرەوە درێژە پێدانـی تسـجـیلی مـعـامـلاتی مـوڵکە لـە طاپۆ بۆ

شـەش مـانگـی تر، بۆ ئەو کـەسـانەی کـە لە کـاتی نەبوونی دائـرەی طاپۆدا لە سلێمانی بە گوێرەی اعلامی شرعی و سند نووسین معاملەی ملکیان کردووە.

**– کوشتنی سەگی خوێڕی و بێ خاوەن:**

وەکـو دەبینرێ سـەگی بێ صـاحـێب و گـەڕو پیس زۆر بووە، ئەمـەش لە گـەرمادا بۆ خـفاظی صـحت عـمومی ضـرریکی زۆری هـەیە. لەبەر ئەمـە وا بە مناسب زانراوە کە سەگی بی صاحیب بکوژرێ.

لە تاریخ ئەم اعلانەوە هەتا حـەفتەیەکی تر هـەر کـەس سـەگ و تانجی وە یا (تولە)ی هەیە بـەخـێوی ئەکات، ئەبێ مـراجـعت بە بلدیە بکات و پاسـیـان بۆ وەربگرێ و بیکاتە ملی. لە پاش تەواوبوونـی ئەم مدتە هـەر سەگێک پاسی لە مل دانەبێ ئەکوژرێ.

رئیس بلدیە: محمود

(پێشکەوتن، ژمارە (١٠٥)، ڕۆژی ٢٠ ابریل ١٩٢٢

**– ئینگلیزی خوێندن بە شەو:**

ئێمـە کە بەشـەو لە مکتب درسـی ئـینگلیـزی ئەخوێنـین. بۆ معلومـات اعـلانی دەکـەین هـەرکـەس مـەیلی فـێربوونـی ئینگلیـزی هـەیە. مـانگی سێ روپیـە بدا استفادە ئەکات. ئەوانەی کە طالبن شەوی یەکشەمە مراجعت بە مکتب بکەن.

شاگردانی مکتبی شەو

(پێشکەوتنی ژمارە (١٠٧)، ڕۆژی ١١می ١٩٢٢)

**– کوشتنی ئینگلیز و بریندارکردنی لە هەڵەبجە:**

لە وەخـتی ئەوا اجراءاتی عسکریە کـە قوەتی لیـوی لەسـەر حەدی ئەلەبجـە کردوویانە کاپتان موت ناوی ئینگلیـز کوژراوە. چاوەشێک و نەفـەرێکی لیوی سلێمـانی فـرج قـادر و علی سـعـید ناوان و دوو نـفـری لیـوای کـرکـوک بریندارکـراون. تەیارەیەکیش کە لە سلێمـانی کـەوتووە ضـابطیکـی طیـاری

تیـــابووە لـەبەر شـــدتی بـرینی پـاش چەنـد ڕۆژێک وەفـــاتی کـــردووە. بەڵام ضـابطـەکەی رفیقی ئومید هـەیە چاک ببێتەوە.

(پێشکەوتنی ژمارە (١٣١)، ی ٨ جون ١٩٢٢)

**- جمعیتی کردستان- بانگی کوردستان:**

لەم ڕۆژانەدا بۆ خزمەتی وڵات و بەرزکردنەوەی معـارف جمعیەتێک بەناوی جـمـعـیـتـی کـوردسـتـانەوە لە سلێـمـانـی تشکلی کـردووە. بەناوی بـانگی کوردستانەوە امتیازی غەزەتەیەکیش وەرگیراوە کە ئەم جمعیتە ادارە ئەکات و جـەنابی مصطفی پاشـا مدیری مـسئوولیتی او غزەتەیە لەمـەلاولا هـەفتـەی جارێک دەردەچێ.

**- وەستانی پێشکەوتن:**

غزتە پێشکەوتن کە هەتا ئێستـا لە سلێـمـانـی چاپ و نشـر دەکرا. ئەمـە ئاخر نسخەیەتی. ئیتر لەمەولا دەرناچێت.

**ڕوونکردنەوە**: لێرە بەدواوە حـوکمی دووەم جـاری شـێخ مـەحـمـوود دەست پێ دەکاتەوە و ئینـگلیز لەحوکمی ڕاستەوخـۆی سلێمـانی دەست هـەڵدەگرێ. بۆیە پـێشکـەوتن لێـرەدا وەسـتـا دوای ئەوەی (١١٨) دانـەی لێ دەرچوو، دوا ژمارەی ڕۆژی ٢٧ جولای (تموز)ی ساڵی ١٩٢٢ دەرچوو.

دەنگ و باسـی حکوومەتی ئەم جـارەی شێخ مەحموود لە (بانگ کردستان) دا ئەخـوێنینەوە. ئینـجا فـەرمـوون بۆ بانگی کردسـتـان کە یەکەم ژمـارەی لە ڕۆژی (٢) أغستوسی ١٩٢٢دەرچوو، واتا بە (٤-٥) ڕۆژ دوای پێشکەوتن.

**- مێجەرسۆن لە گەڕانەوەی دا بەرەو لەندەن لە خەفەتا لە پاپۆڕەکەدا ئەمرێ:**

ئەو مـێـجـەرسـۆنەی دوور و درێژ لە بـەشـی دووەمی ئەم کـتـێـبـەدا ناوی هـاتووە کـە مـاوەی دوو سـێ سـاڵ زیاتر حـاکـمی سلێمـانی بوو، هـەر خـۆی حساب بوو. بەڵام هـەر ئنگلیزەکان کە لابردنی (سۆن) یان بە پێویست زانی،

هەروەها دەبوایە جڵەوی حوکم بدەنەوە دەست کورد خۆی و دوای ئەوەی حمدی بەگی بابانیش لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچوو بە دڵی ئنگلیز نەبوو، بۆیە بیریان لە هێنانەوەی شێخ محمود کردەوە لە هندستانەوە. پێش ئەوە کەوتنە بیانوو گرتن بە مێجەرسۆن و کەوتنە تەقەلا و بەوە گوناهباریان ئەکرد کە پارەیەکی زۆری بە خۆرایی بۆ کوردەکان خەرج کردووە و دەیەوێ لەژێر دەسەڵات و سەرۆکایەتی خۆیدا دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. ئیتر (سون)یان لابرد لە حاکمی و ئەویش لەگەڵ ژنەکەی پێکەوە گەڕانەوە بۆ (لندن)، بەڵام لە ڕێگا و لە خەفەتا هەر لەناو پاپۆڕەکەدا مرد. لە شوێنی ئەو (گولد سمث) دانرا. لە کاتی حوکمی ئەما بوو کریم بەگی فتاح بەگی هەمەوەند لە چەمچەماڵ و احمد بەگی ڕیشێن لە قەزای هەڵەبجە، هەڵسان هەریەکە سەر لەشکرێکی ئینگلیزیان کوشت.

وەک ئەورەحمان بەگی بابان ئەفەرمووێ: کەریم بەگ لەبەر دێی هەنجیرەی سەر بە ناوچەی بازیان (کاپتان بوند) و ئینگلیزیکی تری کوشت کە دەیان وت شازادە بووە. ئەو ڕووداوانەی سەرەوە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٩٢٢.

**- بۆمبارانکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە:**

لە لاپەڕە (٢٥٢)ی بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ بۆردومانکردنی شاری سلێمانی کردووە. بەڵام ئەمجارە بە ژمارە لێرەدا دەیان هۆنینەوە (ج.ب):

یەکەم جار: دوای تێکچوونی بەینی ئینگلیز و شێخ مەحمود لە دووەم حاکمیەتی شێخدا واتا دوای گەڕانەوەی لە هیندستان و تشکیلی حکوومەت، دوای ماوەیەک ناکۆکی کەوتەوە بەین. لە (٣ مارتی ساڵی ١٩٢٣)دا فڕۆکە هاتە سەر سلێمانی و بەیاننامەی فڕێدا کە پێویستە شێخ مەحمود بۆ هەندێک کاروبار بێتە بغداد. شێخ زانی نیازیان چییە وەڵامەکەی ئەوەبوو کە

ناتوانم بێم. لەسەر ئەوە ئینگلیز شارەکەی بۆردومان کرد. شێخ مەحمود بەخۆی و لەشکرەکەیەوە شاری بەجێهێشت و ڕووی کردە ئەشکەوتی جاسەنە و شێخ باخ لە ناوچەی سورداش. لە (٦ی مایسی ١٩٢٣)دا دسان ئینگلیز سولەیمانییان گرتەوە، شێخ مەحمودیش ڕووی کردە مەریوان. بەڵام ئینگلیز لە مانگی تەمووزی ١٩٢٣دا دیسانەوە سلێمانییان چۆڵ کردەوە. شێخ مەحمودیش لە مەریوانەوە هاتەوە سلێمانی و دەستی کردەوە بە حوکم کردن. لەم ماوەیەشدا جاروبار سلێمانی بومباباران ئەکرد.

دووەم جار: لە (٣١ی مایسەوە تا دووی حوزەیرانی ١٩٢٤) لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەبێ وچان فرۆکە سلێمانی بۆمباباران کرد. بەمە گەلێک خانوو و دوکان رووخان.

نارنجۆکێک لەبەر مزگەوتی گەورە و یەکێک لەبەر حەمامی قشلەی ئەوسادا تەقینەوە بەجۆرێک ئاویان لە زەوی هەڵقوڵان، یەکێکیش بەر ماڵی خواجە فەندی کەوت. ناو بازاڕیش بە فێڵ ئاگری تێبەردرا. ئەمەیە:

(بۆردومانە گەورەکە).

سێیەم جار: ڕۆژی (کرسمس واتا ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ بۆمبایەک درا بە ماڵی حاجی عارف بەگی علافدا حەوت کەسی کوشت. یەکێک بە ماڵی احمد مختاری قازی و یەکێک بە ماڵی عزت بەگی وەسمان پاشای جافدا کە شوێنی دانیشتنی شێخ مەحمود بوو. یەکێکیش بە حەوشەی ئەسحابەسپیا.

## هێنانی حەمدی بەگی بابان بۆ سلێمانی کە شوێنی شێخ مەحمودی پێ پڕ بکەنەوە

لە بەرگی دووەمی ئەو کتێبەدا لە لاپەڕە (٢٣٨) باسی دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ هندستان کراوە و باسی تێکچوونی بارودۆخی ئەوسای ناوچەی سلێمانی. ئەم باسە دوور و درێژ لە یاداشتی مامۆستای خوا

لێخۆشبوو ڕەفیق حیلمی لە بەرگی دووەم بەشی ١یشدا هەیە.

دوای تێکچوونی ئاسایشی ناوچەکە بەو جۆرەی کە باس کراوە، ئینگلیز بیریان لەوە دەکردەوە کە لە جیاتی شێخ مەحموود یەکێک بهێنن کە لە خانەوادە و کوردایەتیدا بەرامبەر بە شێخ مەحموود کەمتر نەبێت. بۆ ئەم ئامانجە حەمدی بەگی بابانیان پەسند کرد.

حەمدی بەگ کوڕی محەمەد پاشای خدیو کوڕی سلێمان پاشا واتا ئامۆزای عەزمی بەگی بابانە. ئەم پیاوە لە تورکیا لەدایک بووە و گەورە بووە. لەبەر ئەوە هەر بە تورکی قسەی دەکرد، جگە لەوەی ئینگلیزی و فرەنسیشی دەزانی. خۆی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، زۆربەی زەویوزاری بەری (کەرخ) لە بەغدا هی ئەو بوو، تا لەم دواییەدا مەلیک فەیسەلی یەکەم و حکوومەتی عێراق هەموویان لێ داگیر کرد و لەژێر دەستیان دەرهێنا.

پێش ئەوە ئینگلیزەکان حەمدی بەگ بۆ حکومداریەتی سلێمانی هەڵبژێرن. حەمدی بەگ هات بۆ سلێمانی و لە ماڵی عەزمی بەگ و ئەوڕەحمانئاغای ئەحمەد پاشا میوان بوو لە کاتێکدا کە هێشتا هەر مێجەرسۆن حاکمی سلێمانی بوو... ئینجا گەشتێکی کرد بە ناوچەی سلێمانی و بەناو عەشایەر و سەرۆکەکانیانا و سەری لە گەلێک پیاو ماقووڵی وڵات دا. تاکو گەلێک دیاریی بەنرخیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو پێشکێشی کردن. چووە ناوچەی پژدەر و هەڵەبجە و چەند شوێنێکی تر. دوایی کە گەڕایەوە سەیری کرد ئەم کارە و ئەویان نەوتووە، چونکە ئینگلیزەکان داوای هەندێک شتی وایان لێ کرد کە بەو هەزم نەدەکرا، لەبەر ئەوە نەچووە ژێری و وازی هێنا.

لەم ڕووەوە مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەفەرمووێ: ئینگلیزەکان بۆ یەکێک دەگەڕان کە لە قەومەکەی زیاتر بە تەنگ خۆیەوە بێ... لەوانە دەگەڕان کە بە یارمەتی بێگانە دووی دەستخستنەوەی حەقێکی مێژوویین کەوتبێ و چاوی

له زندووکردنەوەی (کیان)ێکی خانەوادەیی بێ...

حـەمدی بەگ جگە لەوەی لە مـاڵـی عـەزمی بەگ و مـاڵی ئەوڕەحـمـاناغـای ئەحـمەد پاشـا (ژن برا)ی عەزمی بەگ دابەزیبـوو لە گەشـتەکەشیا شەوکەت بەگی کوڕی عـەزمی بەگ و ئەحـمـەد بەگی حـەمـە بەگی فـتاح بابان و ئـەحمد بەگی ئەمین بەگی بابـانی لە مەعیـەتا بوون. ئێسـتـاش (من ج. ب) زۆر باشـم لەبیره کە چەندەها جار باسی هاتنی حەمدی بەگ و خواستەکان و ئامانجی و نیـازی چی بووە کـە ئەگـەر ئینگلیـز بهێـڵـێت حکوومـەتێکی عـەسـری دابمەزرێنـێ و پەیڕەوی حکوومـەتەکـانی ئەوسـای ئەوروپا بکات، بەوەدا کـە پیاوێکی ڕۆشنبیر (مثقف) بوو بە هـەموو واتایەک، ئەمەش دەستی نەدەدا بۆ ئینگلیز بۆیە نە ئەوان پێی ڕازی بوون و نە ئەمیش قبووڵی کرد...

کەوابوو حـەمـدی بەگ ئەوە نەبوو کـە بە دوای زیندووکـردنەوەی (کیـان)ی خـانەوادەییدا بگەڕێ زیندووی بکاتـەوە یاخـۆ لە قـەومـەکەی زیاتر بە تەنگ خۆیەوە بێت. حەمدی بەگ چونکە بە قسـەی ئینگلیزی نەکرد، ئینگلیز مەلیک فـەیسـەلیان لێ هـان دا. هـەرچی زەویـوزاری ناوچەی (حارثیـە)ی بەغدا هـەیە کە لە باوکیەوە بۆی بەجێ مابوو، هـەموویان لێ زەوت کرد. ئەویش (محامی) لە لەندەنەوە هـێنا، هیچ سـوودێکی نەبوو، لە دواییـدا خـۆشـی ناچار عێـراقی بەجێ هێشت چوو لە (لەندەن) دانیشت.

من لە خـوا لێخـۆشـبـوو تۆفـیق وەهبـی بەگم بیسـتـووە کـە حـەمـدی بەگ لە کاتی شـەڕی گێتی دووەمدا لە لەنـدەن ئەوەندە بێ دەرەتان و دەسـتکورت بوو بوو، لـە ژوورێکی بـێ رایەخـدا دەژیـا و بە خـواردنی قـوتوو بەڕێوە دەچوو. ئەمـانە هـەموو ئەوە دەگـەیەنن کـە حـەمـدی بەگ خاوەنی قسـە و بڕیاری خـۆی بوو، گەڕانەوەی نەبوو، ئەوەشـی بەسـەری هـات قبووڵی کرد و گوێی نەدایە.

# چاوخشاندنەوەیەک بە ڕۆژانی حوکمی دووەم جاری شێخ مەحموودا

بەگوێرەی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە و
بارودۆخی سلێمانی دوای ئەو ڕۆژانە
بە گوێرەی (شۆڕشەکانی کورد) و
مێژووی وەزارەتەکانی عێراق

# سلێمانی له ساڵەکانی ۱۹۲۲

## حوکمی دووەم جاری شێخ محموود

**– جمعیتی کردستان:**

لەسەر مراجعتی سعادتماب حاجی مصطفی پاشی میرلیوای ارکانی حربی متقاعد و لەسەر مأذونیت و مساعده رسمی حکومتی سیاسی سلێمانی له طرف بعضیک ارباب حمیت وافاضل و منورانەوه قراردرا که له سلێمانی جمعیتێکی کورد تشکل بکا. بو تمشیەی اموری ادارەی ئەم جمعیەته له طرف حضاری کرامەوه لەژێر ریاستی پاشای مشار الیەدا (۱۳) کەس بو اعضایتی انتخاب کران (لەمەوپێش ناوی ئەو زاتانه بیان کراوه). ئیتر ئومیدمان وەهایه که بو تعالی وطن و ملت هەمولایک تیبکوشین و ئەگەر قصورێک ببینرێ بەبێ ئەمەی لەم لاولا بحث و تنقید بکرێ پیاوانه خبر به جمعیت بدرێ. وەکو بەپێی اصولی جمعیت ئەو مسألەیه فورا داخلی مذاکرة بکرێ و نتیجه بواسطەی غزتەوه اعلان بکرێ.

بەبی علم و سیاسەت ئەی به قوربان
محال ئەندەر محاله، ژینی کوردان
قسەی خۆشه فقط، چاکەی له دووبێ
نەوەک بۆ روپیه و تحکیمی جێ بێ
له ترسی دەنگی پۆلیس سەر به کەوناکا!!
به پەنهانی دووسەد فیتنه، بەرپاکا

صاحب امتیاز میرلوا: مصطفی

(بانگ کردستان، ژماره (۱)، ۲ اغسطوس ۱۹۲۲)

**- حسب حال دوم:**

أی ناس، برادرانی کوردانم لە اول نسخەی بانگی کوردستانا لە پاش سلام بە بعضی قسە بۆ انتباهتان جسارتم کردبوو. وام دەزانی کە لەو قسانە، انتباهبکتان بۆ حاصل بووە، وا اسف هیچ تأثیری پەیدا نەبووە، حرص جاهو حسودی وسعی و کوشش تەنها بو منفعت زاتی هەردەوام ئەکا...

هەر بە تووتن کێشان بە نووسینی چای خاوەن مرد و مشغول نەبن، ذکری تحصیل علم بکەن... دنیا تی بگەن تا لە مجالس مدنیت دا اثبات موجودیت و مدنیت و بە سەربەستی اظهاری افکار بکەن، تاکەی بۆ چاکە و ترقی وطن دەنگ نەکری... لەگەڵ ئەم حاڵە و ئەم حرکاتە ئەگەر لە مجلیسیکدا... لوت خوراو، پارچە افندیەکی پوتین دڕاو یاخود کەلارە بە سەریکی دەرەلنگ هەڵکراو ببینین. هەرچی حقیقەتە دەیپۆشین و هەرچی لە دەم ئەوانەوە دەرچێ بە (نعم یا سیدی) و (اوت افندم) و (بەڵێ قوربان صاحیب) زۆرچاکە ئەرێ والله هەروایە دەڵێن و وظیفە انسانیت و وطن پەروەری بەم ڕەنگە بەجێ دێنین... لەم حاڵە هەروەکو خدا رازی نابێ، نە ئینگلیز حەز دەکا نە ابلیس بە دل تصدیقی دەکا. لە قدیم دەمانبیست کوردان زۆر مسلمان و ڕاستگۆن. من ئێستا دەیبنم هەرچەند بە ظاهری خدا شکر اسلامتی ماوە فقط درۆ والله و بالله باوە... مدلولی (النجاة في الصدق) زۆرکەم علمی پێ کراوە......

مصطفی پاشا

تێبینی: ئەم مقالەیە دوور و درێژە بەڵام هەمووی گلەییە لە دواکەوتنی میللەت... لەم بابەتە زۆری لەسەر دەڕوات و زۆرجاریش وشەی رەق و جنێو ئاسایی بەکاردەهێنێت.

(بانگی کوردستان، ژمارە (٣)، ڕۆژی ٢١ اغستوس ١٩٢٢)

**– ماکینەی چاپ:**

ماکینەی چاپ یەکێکە لە نیشانەی ترقیات میللەت. قەومی میللەتی کە واسطەیەکی انتشاری فکر و افهامی مرامی نەبی، ئەو فکرە ئەو غایەیە بێ ئەوەی بگاتە گوێیەک یا گوێگرێک، بێ تأثیر و عقیم ئەمێنێتەوە. بەڵام هەر میللەتی صاحبی مطبعە مالک غزتەیەکی میللی خۆی هەبێ بو تعالی و ترقی و میللەتەکەی هەر غایە و أملێک تعقیب بکا دەتوانی بە دەنگێکی بەرز و بڵند بیگەیەنیتە گویی ئەو کەسانەی کە گوێگر و خادم معارف و ملتن...

ئنجا ئێمەش بۆ ئەوەی اثاری نفیسە و أدبیاتی بە قیمەتمان لە کیس نەچێ و بە مروری زەمان نەفەوتێ. لازمە لە طرف غیرەت مەندانی محترمی میللەتەوە بۆ هێنان و کڕینی ماکینەیەکی چاپ قصور نەکرێ...

ئەمەش تکلیفێکی ئەوەندە گران نییە، کە لە هەموو کەس هەڵنەستێ بندە بۆ ئەم ئیشە خێرە، دەلالەت و تشبث دەکەم هەرکەس بە قەدەر اقتدار و هیمەتی خۆی معاونت بفرمون. بناوی میللەت و کوردایەتیەوە استرحام دەکەم.

سلێمانی: م. نوری

(بانگ کردستان، ژمارە (٣)، ڕۆژی ٢١ اغستوس ١٩٢٢)

تێبینی: نووسەری ئەم (مقالە) محمد نوری واتا شێخ نوری شێخ صالحە وەک لە دواییدا بۆمان دەردەکەوێ، (تبرعات) دەست پێ دەکات بۆ کڕینی ماکینەی چاپ.

**– احوال ضابطان کورد– لە استامبول:**

حربی عمومی کە حربێکی مشئوم و بو تخریبی مدنیەت و انسانیەت فەلاکەتێکی عظیم و معلوم بوو..کردەکان کە لە شمالەوە بو جنوب قسمی اعظمی وطنیان بوو بوو بە دار الحرب، یعنی جێی کوشتن و بڕین بوو...

ئەوانەی کە ئەم منظرانەی دیبێ... ممکن نییە صرفی نظر لە سەد هەزاران کە بە دانەی طوب، بە ئاگری مەترالیوز و تفنگ و بومبا محو بوونەوە... هەزاران یتیم و یتیمەی کوردان، عەجەزەی نسوان و پیران و خەستە و تالآن لە اثناء هجرتی جبری دا لەناو بفردا، لەسەر شاخاندا لە برسانا و لە سەرمانا تلف بوون، هەزاران شیرە خورەی معصوم گریان و نالآن بەبێ دایک و بەبێ غدای لەناوچوون، ئەوانەی کە مابوونەوە لە استامبولا لە پێش چاوی هەموو کەس وەکو اسرای زەمانی جاهلیت بە مالانا تقسیم کران. زۆر اولادی معصوم خاندان کوردان کە بە ناز و نعمت پەروەردە بووبوون لەژێر صلەیی بی رەحمماندا زەبون بوون هەتاکو قسمێکیان دەست مالە (خرستیان) کەوتن هەرچەند جمعیەتی کردستانی استمبول بە تشبث لەلای بعضی اجانب صاحب انصاف بو اصلاحی ئەم کارە و بو رستگاری ئەو کوردە بێ چارانە سعیان کرد، هەتا هەر کوردێک کە منسوبی جمعیت بوو، هەرکەسە دووسێ هەتیوی منداڵی کوردی بۆ لای خۆی برد... هەزاران خانەوادەی عەشائر و اهالی مسکونەی کورد کە لە طراف ارضروم، وان، خربوط و سایرەوە هجرتیان پێ کرابوو اکثریان بە تلف چوون... والحاصل لە ضابطان تحصیل دیدەی کوردانیش قسمێکی زۆر لەبەر ناموس و شرف خۆیان یا لە جبهەی شەردا شهید و مجروح و یا لە أسارتدا پەریشان بوون. لە پاش (متارکە) یعنی زەمانی کە اقوام بە ادعای قومیت و سربستی و هوشیاری و بیداریان بو حاصل بوو. ارناووط و عرب و سایرە، هەر قەومی لە شوێنی ضابطان خۆیان گەران و جمعیەتیان تشکیل کرد و معاونەتیان نواند و هەموویان بۆ وطن دەعوەت کردنەوە... اهالی سوریە بۆ شام و عرب عیراق بۆ بغدا، ارناووط بۆ اشقودەرە...

کردستانی جنوبی ئێمە چونکە وضعیەتی حاضرە و مستقبلی بوو قراردانی منوران و ضابطانمان کافی نەبوو. ئەو ضابطە گەنجانەمان چار ناچار قسما لەبەر ضیق معیشەت چوون بۆ انقرە، قسما لە استمبول بی

وظیفە مانەوەیان اختیار کرد و دائما منتظر مساعدەی اخیاری وطن بوون... احوالی ضابطان کورد باخصوص سلێمانی کە لە استمبول دان زۆر خراپە، هەموو بۆ عودت بو وطن بە هەموو لایەکا مراجعتیان کردووە و دەیکەن، فقط لەبەر مصاریفی زۆری ڕێگا بۆ عودەتکردنەوە موفق نابن.

کاغزێک لە طرف چەند ذاتێکەوە لە استامبولەوە نێرراوە، لەژێرەوە درج کراوە و کاغذێکی تر کە لە طرف بکباشی ارکان حرب أمین بەگ اهلی سلێمانی بۆ ئێمە ڕەوانە کراوە درج کراوە، ئەم کاغذانە ئەحوالی پەراگەندەیی و پەریشانی ئەو هاوولاتیانەمان بۆ معلوم ئەکەن، ئەو کەسانەی رەحم و امیدیان بە هاو وطن گەنجان کردان هەیە، دەبێ بۆ عودتی ئەمانە هیمەتی عالی بفەرموون ئەوانیش کە ظاهرا محبتی حکوومەتی تورکیان هەیە، چونکە ئەم ضابطانەمان لە خزمەتی تورکا بوون و ئێستا احتیاج و بێ دەسەڵات ماونەتەوە... لەم ئیشی خیرە هەر کەس سعی بکات و معاونت بنوێنێ هەم لە دنیادا باعثی مفخرەتە بۆی هەم لە اخرتدا و انشاالله مستوجبی مغفرەتە. هەرکەس چی دەدا لطفا ناوی خۆی بۆ ادارەخانەی غزەتە بنیری تا اعلان بکرێ و او مبلغە کە گرد دەبیتەوە بۆ استامبول ضابطانی خۆمان بەناوی اشخاصی محترمەوە بنیررێ.

مصطفی پاشا

ئەو کاغەزەی کە لەم خصوصەوە لە استامبولەوە بە تأریخی ١١ تموزی ١٩٢٢ هاتووە. ئەمە هەندێ (فقرات) یەتی:

......... هیچ شوبهەی تیا نییە کە اهالی سلێمانی و اطرافی کە بە صلاتی دین و غیرەتی وطن و هەمشیرەیی مشهورن. سماحت و جوانمردی پیشان دەدەن و بەقەدەر حالی خۆیان هەرچەند ممکن بوو بە سرعەت بۆ ئەمانە اعانە کۆبکەنەوە و بەناوی ئێمەوە بینێرن... انشاالله لە سایەی غیرت و حمیت اهل وطنەوە ئەم فقیرانە لیرە رزگار دەبن و بە خزم و اقربای خۆیان

شاد دەبنەوە. باقی تۆفیق لە خودا و غیرەت لە ئێوە.

زەهاوی زادە حاجی عبدالرحمانی باپیر زادە

یوزباشی. خالد بکباشی ارکانی حرب محمد أمین

الوسی زادە طبیب

بکباشی ارکان حرب ابراهیم ثابت بگ زادە: نوری

مصطفی کامل

(بانگی کردستان، ژمارە (٤)، ٢٨ اغستوسی ١٩٢٢)

تێبینی: لە کاتی خۆیا زۆر لە ڕۆڵەکانی سلێمانی کە لێرە خوێندنیان تەواو دەکرد بەرەو تورکیا دەڕۆیشتن چونکە ئەوساش وڵاتەکەمان لەژێر دەستی عوسمانی دابوو. زیاتر دەچوونە ئاکادیمیەی حربیە لە استانبول، چونکە (داخلی) بوو، کە دەریش دەچوون مانگانەیەکی (مناسب) یان دەدرایە، جگە لە خۆڕازاندنەوە بە بەرگی قەشەنگی عەسکەری ئەوساوە و ئەستێرەی سەرشان... لە ئەنجامی شەڕی گەورەی یەکەمدا ئەمانە هەموو بوون بە چاوگی شەڕ زۆریان فەوتان، ئەوانەی مانەوە، ئەو دەردەیان بەسەرهات کە بەسەر کوردی تورکیادا هات. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆری ئەوانە لەوێ (لە تورکیا) مانەوە ئێستا هەموو کوڕ و کوڕەزا و کچەزایان لەوێیە.

ئەوانەی نامەکەیان ناردەوە (مێژوونـاسی گەورە محمد أمین زەکی کوڕی حاجی ئەوڕەحمان باپیر. دووەمیان خالد الزهاوی. سێیەم ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ نوری ثابت خاوەنی (حبزبوز). چوارەم دکتۆر ابراهیم الالوسی کە لە حکوومەتی عێراقدا بوو بە وەزیر.

**– گەڕانەوەی طابطان:**

لەم ڕۆژانەدا وەکو خبرمان زانیوە زۆر ضابطان و مأمورانی عثمانی کە لە انادول و سوریە بوون. بو ولایتی موصل و بغداد عودتیان کردوتەوە و لە هاتنەوەدان.

(ژمارە سەرەوەی بانگ کردستان)

**– تبرعات– بۆ کڕینی ماکینەی چاپ:**

بەگزادانی جاف کە وطن پەروەری و سعی و کوشش بۆ ترقی معارف و تنویری ابنای وطن مشهورن بو معاونت جمعیتی کردستان کە خادم معارفە تحریرا و شفاها درعهدە بوون کە بە هەموو نوعی دریغی نەکەن و محضا بە بیستنی ئەمەی کە تثبیت کراوە بەناوی جمعیتی کوردستانەوە ماکینەیەکی چاپ بکری وەکو لەژێرەوە نووسراوە تعهد و امضایان داوە کە معاونت بفرمون:

**روپیە:**

٤٥٠ جەنابی عبدالکریم بەگ رئیس جاف

٤٥٠ جەنابی احمد مختار بەگ قائمقام ئەلەبجە

١٠٠ جەنابی عزت بەگ عثمان پاشا

**– اعلان رسمی:**

معلومتان بی کردستان ڕۆژی لێ بووەوە. حکوومەتی بریتانیا لە ممالک خۆیا اعلانی کردووە بە قراری اوروپا ادارەی مستقلەی کردستان تودیع بە جەنابی شێخ محمودیان کردووە و بەنیابەت جەنابی شێخ قادر افندی تعین کردووە. وە بو تحکیم حدود کە کفری و کەرکووک و هەولێرە تثبیت کراوە. بو ئەمە هەموو کوردێک لازمە شادی و اعلانی ازادی بکات.

عبدالقادر

(بانگی کردستان، ژمارە (٦)، ١٨ ایلول ١٩٢٢)

**– ڕۆیشتن:**

بنا بە امری کە لە کفرییەوە لە طرف حضرت حکمداری کردستان شێخ محمود افندییەوە هاتووە بۆ بعض مذاکرەی ئیشوکاری کردستان شەوی

سێشـەمە ١٩ ایلول ٩٢٢ جەنابی حـاجی مصطفی پاشا و احمد بەگ تۆفیق بەگ و مـحمد ئاغـای عبدالرحمن ئاغـا و عزت بەگ عثمـان پاشـا و ابراهیم افندی ضـابط عسکری بە اوتومـوبیل تشـریفـیـان حـرکتی کـرد بۆ کـفری. دوعای مفوقتان ئەکەین.

**– استقبال سعد زغلول وابوو– استقبالی شیخ محمود چون ئەبێت؟:**

لە وەقتێکا جەنابی سـعد زغلول پاشا کە لەسەر مسـألەی مـیللەت لە میسر گرتیان و بە حـبسی بردیان. لە پاشا کە عودەتی کردەوە عەرەبەکان و اهالی مـصر عمـوما چـوون بۆ استـقبـالی و بەسـەر شـان و سـەر هەڵیـان گـرت بەو نەوعە احترامە داخلی شار بوو.

حـضـرت حـکمـداری کردسـتـان جـەنابی شـێخ مـحـمـود افندی کـە لەسـەر عـەینی مسـألە گیرا و سێ سـاڵ و نیوە حـەبسە. ئێسـتا تشـریف هینانەوەی نزیکە بزانین ملتی کورد بە چە نوعیک استقبالی دەکەن و احترامی دەگرن و لە حەقی مشار الیە بە چ حس و حورمەتێک خۆیان نیشان ئەدەن.

(بانگی کردستان، (ژمارە٧)، ٢٢ ایلول ١٩٢٢)

**– حسیات و تحسس– بێ باری:**

هـەرچـەند ورد ئەبمەوە تیـدەفکرم و گـوێ ئەگـرم، نـە دەبینم و نە دەبیـەم شخصیک چ جاهل و چ عالم بەحسیاتیکی متین متحسس بی.

................................................

زۆر پیـاوم دیوە کـە جـاە و جـلالی حـرمت و عزتی بـە حکومـتی انگلیـزەوە بووە و هیـچی تر. ئەمڕۆ لە علیـە و لەلهی یـەکیکی ترە. شـخص واشم دیوە مـتـمـادی دوژمنی حکوومـەت تورک بووە، کەچی ئەمـرو برای هـاوپشـتـیـتی. انسـانی وایشـم چاو پێکەوتووە کـە صـرف خـادمی مـیللەت بوو، بـو ترقی و تعالی قـەومەکەی خـۆی سعی کردوە و ویسـتویەتی کە قومەکەی ببێ بە پیاو لە تاریـخی عـالمدا مـوجـودیتی اثبـات بکات. ئەویش ناشکوری نـاڵێم ئەمـڕۆ

نوعێکی تره. بێجگه لەمانه قسمی بی طرفیش له سایەی خواوه زۆرن. ئەمه زۆر عەیبه. میللەت که ئێمه بیستوومانه متمادی بو ترقی و تعالی خوی هەر سعی کردووه حەزی له مـحکومی نەکردوه. محاکماتی سیاسی تاریخ ئەمانه زۆر چاک اثبات دەکات. اللهم اصلح احوالنا.

م. نوری

(بانگی کردستانی ژماره ٨، ڕۆژی ٢٩ ایلول ١٩٢٢)

**- مژده بۆ عەرەق خۆرەکان:**

به أمری جەنابی رئیسی مجلس ملی کردستان، خواردنەوەی عەرەق و سائر مسکرات ممنوعه. هەرکەس عەرەق بخـواتەوه و یاخـود عـەرەق و مسکرات سائره له خارجەوه جلب بکات بەشدەت تجزیه و حبس ئەکرێ و ئەگەر مأموری حکوومەتیش بی، عزلیش ئەکرێ.

**- تشریف هێنان- هاتنەوه:**

بیکباشی ارکانی حرب جنابی تۆفیق وەهبی بەگ و بیکباشی خالد سعید بەگ و یوزباشی رشید افندی و ملازم أمین افندی و عزیز حکمت افندی و ملازم عبدالعزیز افندی و ملازم ڕاوندزلی أمین افندی له بغدادەوه ڕۆژی دووشەمه ٢٥ ایلول تشریفیان هێناوه بۆ سلێمانی. عرضی بەخێرهاتنیان ئەکەین.

بانگ کردستان

**(معلم انگلیزی- سعید قزاز)**

له أذکیای کورد قزاز زاده سعید افندی لەسەر تنسیبی مجلسی میللی کوردستان به معلمی انگلیزی مکتبی سلێمانی تعیین کراوه تبریک و دوعای موفقیتی دەکەین.

بانگ کردستان

(ژمارەی ٨ی بانگی کوردستان، ڕۆژی ٢٩ ایلول ٩٢٢)

– **حضرت حکمدار:**

شوکتماب حوکمداری کردستان جنابی شێخ محمود دام اجلاله چەند ڕۆژی کە اندکی نامذاج بوو. بحمدالله بە تەواوی اعادەی عافیتی کرد. ڕۆژی ٨ تشرین اول دەرحەق بە رؤسای عەشایەر و زوار سائرە کە لە خزمەتیا بوون، التفاتی مخصوصە بذل دەفەرموو. کە اندکی نامزاج بو دیسان ئەم ڕۆژانەیش هەر لەگەڵ اصلاح و تدویری اموری عباد مشغول بوە، خودا لە هەموو خصوصێکەوە موفق بالخیری بکات.

– **بەگزادەکانی جاف و کوێخاکان و سەرۆکی تیرەکان:**

جەنابی علی بەگ محمود پاشا، جەنابی کریم بەگ فتاح بەگ، جەنابی حسین بەگ محمود پاشا، جەنابی حامد بەگ مەجید بەگ، جەنابی حسین بەگ حسن بەگ، جەنابی احمد بەگ حەمە صالح بەگ، جەنابی داود بەگ حەمە سعید بەگ، جەنابی محمد بەگ فتاح بەگ، جەنابی شهاب السلطنە عثمان بەگ عبدالله بەگ شرفبیانی، ڕۆژی دووشەمە ٩ تشرین اول ١٩٢٢ تشریفیان هاتووە بۆ سلێمانی بۆ زیارەتی حضرتی حکمداری کردستان. و لە معیت یانا کتخدایانی جاف لە شاتری کتخدا محمد ابراهیم و احمد محمود و حەمە طالب سلێمان و علی ویس و لە روغزایی کتخدا صالح کاکە خان و روستم حەمە محمود حەمە رشیدی باباجان و فتاح کامەران خسرو و حەمە علی محمود لە تەرخانی حەمە حەسەن و حەمە شاسوار و رویبتەن سلیم احمد، لە هارونی علی محمد امین و عبدالکریم حاجی و عبدالحمید محمد امین، لە سەدانی خسرو مصطفی و کتخدا احمد ئەلەبجە. لە نەورۆڵی علی عزیز و لە مکایەلی رستم حسن قادر و عزیزی حمەی گورون و میرزای حاجی حسین و حسینی احمدی شاسوار و حمەی فتاح اسماعیل و حاجی کاکە وەیس هاتوون بۆ سلێمانی.

تێبینی: کتخدا لە سەردەمی عوسمانییەکانا بە (نائب والی) دەوترا. واتا

دووەم کەس بوو لە ولایەتدا. لێرەدا بە (صفەتی) مختار یاخۆ کوێخا بە (هەڵە) بەکار هاتووە.

**- بومباردومانی کۆیە:**

لە افواهی خاص و عامدا وا دەوران دەکا کە حکوومەتی ئینگلیز کویسنجاغی بە طیارە بومباردومان کردووە زۆر بە شدەت و لە نفوسیشدا تلفیان بووە. لەسەر ئەمە اهالی مجبوربوون ئەو چەند نەفەرەی تورک کە خۆیان دەعوەتیان کردبوو جوابیان داوە. خدا هەموو کوردستان محافظە بکات لە سایەی دوور ئەندیشی و مرحمتی حضرت اشرف حکمدار. لەم ڕۆژانەدا سورداش و دوکان و سائر ملحقات سلیمانیە لەو نوعە بەڵایە محفوظ بوون.

(بانگی کردستانی ژمارە (١٠) ڕۆژی ١٥ تشرینی اول ١٩٢٢)

**- جەنابی مێجەر نۆیل:**

وکیل مندوبی سامی دەوڵەتی فخیمەی بریتانیا جەنابی مێجەر نۆیل کە لە کەرکووکەوە بە طیارە تشریفی بو بغداد چوو بوو، لە مدتی غیبوتیدا جەنابی کاپتان (چاپمان) حاکمی سابقی چمچماڵ وکالتی دەکرد. ڕۆژی ٩ تشرینی اول ٩٢٢ بە طیارە عودتی فەرموەوە بو سلێمانی و وکیلەکەی بە طیارە ڕۆژیشتەوە بو کەرکوک.

(بانگی کردستان- ژمارەی سەرەوە)

**- پەرێشانی شێخ بزەینی:**

لە نسخەی پێشوودا بومباردومانی دێهاتی شێخ بزەینی مان نووسیبوو لە پاش ئەمەی کە پێنج دێ بەتەواوەتی بوردومان کرابوو ٣٠٠ سوار لە کەرکووکەوە هاتبوون، ئەو دێهاتانەیان سووتان، لە پاش ئەمە بینا بە افادەی تۆفیق ئاغای رئیس شێخ بزەینی کە ئێستا لە سلێمانیە، دراوسێکانی

خـۆیـان یعنـی عـشـیــرەتی شــوان چوونە ســەریان بۆ تـالآن، ٤٥٠ مــەڕ و قــەدەرێکیش رەشــەوڵاخــیــان بردوە،. بزانـن لەم وقـعـەیەشـدا و لەم حـاڵە پەرێشانییەشدا کورد مرحمتی بە کورد نەکردووە. خدا هەموو لایەک اصلاح بکا.

**– دیسان طیارە:**

بینا بە خەبەراتێک کە وەرگیراوە چەند ڕۆژێک لەمەوپێش طیارە چوون بۆ طرفی رانیە، وەقتی عصر کە لەویدا سوارەیەکی زۆری عشائر موجود و لە حــالی اســتــراحــتــدا بوون. طیـارەکـان زۆر لە نزمــیــەوە بە مــەترە لویز بومــبــاردومــانیــان کــردوون (٨٠) ئەسپ تـەلف بوون و تـەلفـیـاتی انســان بەتەواوەتی معلوم نەبووە.

**– تالآنکردنی ماڵی مدیری زاب و مدیری مەرگە:**

مدیری شێخ بزەینی (زاب) محێدین افندی کە لە هنگام ئەم انقلابەدا لە طرف اهالی شێخ بزەینییەوە تالآن کرابوو، ئەمڕۆ گەیشتووتە سلێمانی و دفـتـری ضـایـعـاتی تنظیم و بو اسـتـردادی تقـدیمی حکوومــەتی کـردووە، فـسبـحـان الله، انقـلاب و سـائر وقـوعـات بۆچی ببێ بە باعـثی ئەم نەوعـە معاملاتە. بۆچی مامورێکی بێ دەسەڵات دوچاری ئەذیە و حقارت ببێ؟

لە مەرگەیشدا لە طرف چەند پشدەریەکەوە مدیری مەرگە سعید افندی کە شـخـصـێکی خلوق و مـحـتـرم و مـعـروفـە، دیسـان دوچاری ظلم بووبوو وە هەمــوو أشـیــای بیـتـیــەی تالآن کـرابوو. گــەرچی ئێــمــە دەزانین رؤســای محترمینی میراودلی لە قدیمەوە حەز بە شقاوەت و ئیشی بی معنا ناکەن. فـقط لـەبەر مـرضـی نفـاق کـە لـە بەینی کـوردایـە مع التـأسف لەویشـدا ئەم احوالە ظهوری کرد.

– استحضاراتی جەنگ:

عشائری جوانرۆ، گوران، سنجابی و کەڵوڕ، وەکو بیستوومانە هەموو استحضارات دەکەن بۆ هجوم دووەم بۆ سەر هەورامان سەر رئیس جافرسان. طرف ئەولا تقریبا ٥٠٠٠ و طرف ئەملا لەگەڵ متفقانی خۆیان تقریبا ٢٥٠٠ تفنگیان دەبێ. انشاالله مصادمە واقع نابێ و خوێنی بێ گوناهان نارژێ.

جەنابی محمود خانی دزڵی و خزمەکانی بۆ سلێمانی:

لە رؤسای مشهورانی هەورامی جەنابی مەحمود خانی دزڵی لەگەڵ ئامۆزاکانی خۆی علی محمد خان و محمد رشید بەگ کوڕانی خان الله سرتیب و محمد علی بەگ حبیب الله بەگ، محمد علی بەگ سەردار بەگ لەگەڵ تقریبا سەد سواری معیتیان بۆ شرفیابی زیارەتی حضرتی حکمداری کردستان وارد سلێمانی و لە خانووی عبدالرحمنی قەفطانچی کە بۆیان احضار کرابوو، مسافر بوون بەخێربێن.

– دیسانەوە میوان:

لە بەگزادەکانی وڵەد بەگی احمد بەگ ریشێن و مخدوم نجابت موسومی محمد علی بەگ و عمو زادەی محمد بەگ سعید بەگ حسن بەگ، و حسن و روستم بەگ کوڕانی مرحوم یار احمد بەگ لەگەڵ جەنابی رشادتمان شێخ حسام الدین افندی زادە شێخ محمد افندی بۆ زیارەتی حضرتی حکمداری تشریفیان هاتوونەتە سلێمانی بەخێربێن.

(بانگی کردستان، ژمارە (١١)، ڕۆژی دووی اغستوس ١٩٢٢)

– مقالیکی حاجی مصطفی پاشا لە بابەت نفاقی ناو کورد خۆیانەوە:

تا ئێستا هەرچی وقایعێ بەسەر کوردا هاتبێ اکثری لەبەر نفاق و شقاقی بەینی خۆیان بووە. ئەم سلێمانییە، ئەم شارە بە ئاشووبە خوا

اصلاح و اعماری بکات... بۆ معاونتی تورکان کە چووبوون (١٧) پیاوی معتبر و محترمی جاف کە بە ئەمری تورکێکی عادی بە مترالیوز کوژران و لە سلێمانیدا چەند جوانان بەبێ محاکمە نشانەی گوللە کران. لە پاش ابرازی مهمان نەوازی و خاندانی حاکمی صابلاخ و شێخ بابای مشهور طرف مکری کە بەبێ سبب و صلاحیت تالآن کران و کوژران، دیسان اثری نفاقی داخلی بوو... عشایری جاف کە لەوەبەر سیروان بوون و لە جهەتی جوانرۆ ادارە و صلاحیەتێکی مخصوصەی خۆیان هەبوو.

لەبەر رابطەی مذهبی یعنی شافعیت التماس و مراجعتی حاکمانی بە بەیان کرد، ئەمانیش هەموو تکلیف و مطالیب ئەوانیان قبوڵ کرد.. ئەو وەختە کە (ظاهر بگ) باپیرە گەورەی عموم ئەم بەگزادەی محترمانی جافایە لەگەڵ عشیرەت و جماعتی خۆی پەڕینەوە طرفی (دزیایش) و عشیرەتی جافیش ئیتر لە نظردا محترم و مهم بینرا... لە بعض طرفەوە کە اشتهاری رۆسای جافیان لەلا گران هات و دەستیان کرد بە فساد... تا سنە چوون تا بغداد خەبەریان نارد لە علیە رۆسای جاف تشویقاتیان دوامی کرد بە نوعیک کە حاکمی اردلان امان اللّە خانی گەورە بە بەهانەتی زیارەتی کربلاوە تا طرفی پیباز هاتبوو و لەویشەوە زیارتی مرحوم طاهر بگی طلب کردبوو، ئەویش لە صفوت قلبی خۆی چوو بوو بۆ زیارتی. لە أثنای زیارەتدا بە طرزیک کە لە قدیمەوە ایرانیان دەرحەق بە رۆسای کورد کردویانە و دەیکەن بە خیانەت ظاهر بەگیان کوشت تاکو مشهور رئیسی هموند (جوامیر).. بە کوشتن چوونی... هەر لەسەر نفاقی کوردان بوو.

ئەو ڕۆژە کە خەبەری استقلالی کوردستان گەیشتۆتە کویسنجق بعضیک لە ئاغایانی ئەوێ چوونە سەر تلغراف و وتویانە ئێمە استقلال و سلیمانیمان ناوێ فقط کە طیارە بومباردومانی کردوون ئەو وەختە وەختە ععقلیان هاتوتەوە سەر خۆیان.

(بانگی کردستان، ژمارە (١١)، ڕۆژی (٢٠)ی تشرینی اول ١٩٢٢)

تێبینی: کە دەور گۆڕرا لە حوکمی ئینگلیزەوە بۆ حکومی شیخ محمود، گوایە ئەمە بە (انقلاب) دانرا لە سیاسەتدا. لە هەندێ شوێنی کوردستان هەڵگەڕانەوە فرۆکەی ئینگلیز بۆردومانی ئەکردن کە بچنە ژێر ئاڵای شێخ محمود. سیاسەتی ئەو ڕۆژە وابوو.

**- نظامی داخلی رئاسە (وەزارە) تەکانی زەمانی شێخ محموود:**

ارادەی حکمدار عدد-٣-

٢٤ صفر ١٣٤١- ١٥ تشرین اول ١٩٢٢

لە پایتخت حکوومەتی کردستان لە سلێمانیدا نووسرا.

**أرادەم کرد بە أیفای موادی اتیە:**

١- بالعموم رؤسا هفتەی دوو ڕۆژ دووشەنبە و پێنچشەنبە پاش نیوەڕۆ سەعات لە هەشتەوە تا سەعات دە ئەبێ لە دائرەی خصوصی خومدا اجتماع بکەن بو عرض مسائلی مهمە و اموری حکومت.

٢- لە احوالی فوق العادەداو الحاجە هەر رئیسێک و لەهەر وەقتێکدا حقی ملاقاتی لەگەڵ مندا هەیە.

٣- بالعلوم رؤسا و خصوصاتی اتیەوە ئەبێ ترتیبات و تنظیماتی دوائری خۆیان علی العجلە اجرا بکەن: أ- منتظما وەکو ماکینە دوام کردن لەسەر وظیفە. ب- حرکت کردن لەهەر جهەتێکەوە بە موافقی پروغرامێک منتظم بی کە رئیس دائرە ترتیب کردبێ. ج- تنسیقات بە موافقی احوالی و وارداتی مملکتەکە د- لەهەر دائرەیکدا الغای وظیفە معاونتی (؟؟). هـ- ترجیحا استخدام کردنی اربابی صداقە و عفە و استقامە. لە پاش ترتیب و تشکیلی ئەم نوعە اجراءاتانە دەبێ جداول و اوراق تقدیم بکرێ.

٤- بە انتخاب و ترتیب عموم رؤسا ئەبی بۆ هەموو دائرەیەک ترتیبات انیە اجراو بعدە عرض تصدیق بکەن و لە پاش تصدیق اعلان بکرێ وەک

قانون: أ- بو عموم دوائر ملكيه و عسكريه قادرونامەیەکی منتظم و مفصل. ب- دروستکردنی لیستەیەکی معاشاتی عمومیه کە لە نفرەوە هەتا ناظر همو رتب و وظائف عسكريه و ملکیەی حاوی بی بە موجبی قادروکە بکری. ج- لە هەردوو جهەتەوە احوال و واردات و لیاقت مملکەتەکە اساس اعتبار بیت.

تقسیم وظائف و درجەی صلاحیەتی مقاوماتی عالیەی حکوومەت بە وجهی اتی نووسراوە: أ- رياسة الرؤساء: حەقی نظارتی بەسەر عموم رؤساوە هەیە و رؤسا لە أمریکی مهمدا مجبوری اسشارەی ئەون. رئاستی مجلسی رؤسا بەخۆی عائدە. ب- سپهسالار: بالعموم متصرف و قائمقام و مدیریەتەکان و متصرفیتی مرکز، بلدیه و طابو لەژێر صلاحیتی ئەم دائرەیەدا و موقتا دائرەی صحه کە عبارەتە لە خەستەخانە. دکتۆر. معارف: بالجمله امور معارف و هەرچی ترتیباتیک کە ایجاب بکات لەم خصوصە و تابع بە ریاستی معارفە. هـ- ریاستی نافعە: طرق و معابر، پوستە و تلغراف، مهندسخانە و اعمالاتخانە. اورمان و زراعت راجع بە ریاستی نافعەیە. و- ریاستی شرعیه و عدلیە: بالجمله ماحکم شرعیه و عدلیه و محاکمی صلح و محاکمی منفردە، استئناف، تمییز، ارادەی اوقاف بە غیرەز وقف اطعامی مساکین راجع ئەم ریاستەیە. و- ز- رایاستی امنیەتی عمومیه: محافظه داخل دوائر پولیس و ژندارمە و دوائر استطلاعات یعنی مرکز و ملحقاتی حکومت کردستان عائدی ئەم ریاسەتەیە. ح- مفتشی عمومی حکومت. لەسەر بالجمله دوائر و مقاماتی حکومتدا مانگی دفعەیەک حقی تفتیش و لەم خصوصەوە صلاحیتی پێ بەخشراوە و عند الاقتضاء بە ارادەی علیە لەهەر وقتیکدا حەقی تفتیشی هەیە. گ- ریاستی مالیە: بالجمله اموری مالیەی حکومت و خزینه راجع بە ریاستی مالیەیە.

لە پاش اعلان و تعمیمی ئەم ارادەنامەیە هەرچی اصول و ترتیبات کە لە سابقەوە مرعی الاجرا بووە مفسوخە.

بالجملە مأمورین لە نفرەوە تا ناظر دەبێ لەهەر جهەتیکەوە بە قەدەر ذەرەیەک تکاسل و عجز لە وظیفەی خۆیان نەهێنن و ادنی خطایەک و یامسامحەیەک و یاخود بێ قانونیەک لەهەر کەسێکەوە ظاهر بوو یاخود درک بکرێ بلا تفریق مبتلای اسد جزای ئەکەم و عبرە للعاملین انواعی مجازاتی شدیدەی لە حق اجرا ئەکەم.

هەر مأموریک بلا تفریقی درجە و مقام ئەبی خۆیان بە خزمەتکاری میللەت بزانن و لەگەڵ هەر فەردیکی میللەتا ئەبی بە حلم و نزاکت و مسالمت معاملە بکەن. ادنی دل شکانیکی غیر قانونی موجبی عقاب أبێ و هەر نوعە خدمت و ملایمتی بو جلب و تطبیب خاطر افراد میللەت اجرا بکری. فقط تکراری ایقاظ اکەم کە لە قانون بەدەر نەبێ.

حکمداری کوردستان: محموود

تێبینی: بەگوێرەی ئەو ڕۆژ و کاتەی ئەم (نظامی داخلی و تقسیماتی وظائف)ەی تیا دەرچووە بەشێوەیەکی گشتی شتێکی خراپ نییە هەرچەندە کەموکوڕی زۆری تێدایە. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە (هەر مأموریک بەبی جیاوازی لە پلە پایەی دا لە حکومتدا ئەبێ خۆیان بە خزمەتکاری میللەت بزانن...) ئەوەی شایانی باسە مەبەست لە (رئاسە- وەزارەتە) و مەبەست لە (رئیس یاخۆ ناظر- وەزیر) و (وەزارەتی نافعە- وەزارەتی اشغال و مواصلاتە).

**- اشتعالی متأسف- ئاگر بەربوونەوە:**

نزیک بە استاسیونی گنگربان لە شمندوفیردا اشتعالیکی عظیم رووی داو نظر بە مسموعات زۆر نفوس و اموالی تجاریە و قسمیک تووتنی سلێمانی هەموو محترق و نابود بووە.

کە ئەم خەبەرە گەیشتە سلێمانی (حضرت حکمدار) کە بە عهد و وفا معلومە بو استفساری خاطری اهالی صلاحیە و کنگربان بە تلغراف لە جەنابی سید محسن ئاغا و بابان زادە جمیل بەگ افندی اسبشاری

عافیتیانی فەرمووە: خدا هەموو حکمداریکی بە شفقت و بە وەفا لەسەر سریری حکومت و شوکتیا بەر قرار بفەرمووێ.

**– بومبا و ضائعات– لە مەرگە و قەڵادزە و اطرافی رانیە:**

نظر بە استخباراتی مخصوصە لە کەرکووکەوە چەند طیارەیەک چونەتە سەر مەرگە و قلعە دزە و اطرافی رانیە. لە تأثیری بومبا لە نفوس و حیواناتدا ضایعاتێکی متأسف بووە. اهالی ئەو ناوە بە ڕۆژ التجا بە شاخ و کێو و ئەشکەوتان و بە شەو بعضیکیان بو مالەکانیان عودەت دەکن. روایەت لەو کەسانەوە کە لەو اطرافەوە هاتوون دەلین لە طیارەکانەوە لە پێش بومبا هاویشتنا بەیاننامەیەکی زۆریان هاویشتوە و اهالییان تێگەیاندووە کە ئەی اهالی بچن تبعیت و اطاعتی بە سلێمانی یعنی حکوومەتی علیەی کوردستان بکەن. واز لە اختلال و عصیان بهێنن، هەتا ئێوەیش لە تأثیراتی بومبا و طیارە امین بن...

**– رفیق حلمی افندی:**

معلمی ریاضی اعدادی سلیمانی رفیق حلمی افندی با ارادەی علیەی حضرتی حکمدار بو دوو سەد و پەنجا روپیە معاش بۆ مدریتی (اعدادی محمودی) و رشید زکی افندی مدیری سابقی (نمونەی سعادت) بە سەد و پەنجا روپیە بە معلمی اول مکتب (رشدیەی قادریە) تعیین فرموراون.

**– ئاسایشی داخلی:**

لە مەرکزی حکوومەتی کوردستان یعنی سلیمانی لە سایەی همەت و عزمی اولو الامرەوە (لله الحمد) ئاسایش و ئەمنیەتی تەواو هەیە و لە اطرافیشدا دیسان اختلافان روی بە نەمانی گرتووە. ئەم حاڵە بۆ هەموو کوردان موجبی شوکرانە.

(بانگی کوردستان، ژمارە (١٢)، ٢٥ تشرینی اول ١٩٢٢)

**اعلانی رسمی– بۆ هەموو ئاغا و کوێخا و اهالی کوردستان:**

دزی و جەردەیی و سائر معاملاتی بی شەرعی و بی معنا لەم ڕۆژەدا لە هەموو وەختی عیب و گوناهە، چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی برایەتی و دۆستی و خزمەتی دین و ملتە. بە تحقیق بزانن ئەم نوعە حرکاتە بلا معنایە نتیجەی هەر ندامت و پەرێشانییە.

لە حدود سنووری هەردێیەک دزی و جەردەیی و سائرە روویدا بەو دێیە تضمین ئەکرێ و اهالی ئەو جێگایانە تجزیە ئەکرێن و فاعلەکەشی کە دۆزرایەوە بە نوعێک تجزیە ئەکرێت کە ببێ بە عیبرەت بۆ خۆی و بۆ هەموو عالەم و حەتا طیارەش سەوق ئەکرێتەوە سەر ئەو نوعە جێگایانە کە بومباردومانیان بکات. لەبەر ئەوە ئیتر ئەبێ واز لەم حرکات و معاملاتە بێنن. لازم بوو لەپێشەوە بۆتان اعلان بکرێ.

٩٢٢/١٠/٢٩

ملک کردستان: محمود

(بانگی کوردستان، ژمارە (١٣)، ڕۆژی ٣ تشرین ثانی ١٩٢٢)

تێبینی: دوای دەرچوونی سێزدە ژمارە لە بانگی کوردستان، ئیتر ئەو ڕۆژنامەیە وەستا و دەرنەچوو، ئەوە بەهۆی کشانەوەی حاجی مصطفی پاشا بوو کە (امتیاز)ی ڕۆژنامەکەی بەناوەوە بوو. دوای بانگی کوردستان، ئینجا (ڕۆژی کوردستان) دەرچوو وەک لەمەودوا باسی ئەکەین.

**– بانگ کوردستان– ڕۆژی کوردستان:**

صاحب أمتیاز غزتەی بانگ کوردستان جەنابی حاج مصطفی پاشا لەبەر مشغلەتی وظیفەی رسمیە استعفای کرد. انتشاری ئەم غزەتەیە لە واقیعدا بۆ کورد و کوردستان فالیکی خێر بوو. یعنی بانگی کوردستان نتیجەی ڕۆژ بوو.

لەبەر استعفای مومی الیە امتیاز و ادارەی غزتەی ڕۆژی کوردستان بە

ئیرادەی حضـرت جـلالت مـلكی كوردسـتـان دام شـوكـتـه بەم نـاوەوە توديعی بەندە كـرا. بەڵێ نتيجـەی بانگێ كـه بـۆ طلوعی فـجـريكی اسـتـقـبـال ئەدرێ ڕۆژە.

ئەو بانگە بانگێک بوو كـه بۆ صبـحيكی سعـادت ئەدرا. ئەم ڕۆژەی ڕۆژێكە كـه (لـه الحـمـدلله) قـومی نجـيـبی كورد لـه سـايەی هـمـەت و اقـدامـاتـی خـدا پەسـەندانەی ملوكانـەوە نـائـلی سـعـادەت و اسـتـقـلاليـەی خـۆی بـوو. خـدا ئەم ڕۆژ و ڕۆژی كوردستان لە هەموو میللەتی كورد مبارک كا.

(ڕۆژی كوردستان، ژماره (١)، ڕۆژی ١٥ ت٢ ١٩٢٢)

مديری مسئوول: م. نوری

تێبينی: مديری مسئوول م. نوری. واتا محمد نوری كه خوا لێخۆشبوو شاعيری بەناوبانگ و ئەديبی خامە ڕەنگين شێخ نوری شێخ صالحە.

**- أرادات:**

- حضـرتی شـێخ قـادر افندی سـپـهـسـالاری كوردسـتـان ترقـيـا بۆ رئيس الرؤساء و نائب حكومتی كوردستان انتخاب و تعيين كرا.

- له اذكيا و منەوەرانی كورد ماجد افندی بۆ مديری هندسەخانه وصديق افندی بۆ كاتبی هندسەخانه تعيين كراون.

- توفـيق افندی عـزيز ئاغـا بووه بـه مـأمـووری انبار و مـغـازەی عـسكريه و پوليس.

- لـه ارباب اقـتـدار و صنعت شاكر مجـرم افندی تعيين بوو بـه مفـتـشی فن تلغراف و مـعـاملاتی پوسـتـه. خدا لـه هـەموويان مبـارک بكات و هـەموو لايەيی موفق بفروويت.

تێـبـينی: سـپـهـسـالار (سـپـاسـالار- واتا گـەورەی سـوپا) ئەمـه وەزيری بەرگری (دفاع) ی ئەمڕۆ دەگرێتەوە.

رئيس الرؤسـا بەگوێرەی (اصطلاح)ی ئەمڕۆ رئيس الوزراء دەگەرێتـەوە و

ماجد افندي مەبەستی ماجد مستەفایە و صدیق أفندي ڕەنگ هەیە صدیق شاوەیس بێت.

**- سوپاسنامەی صالح زەکی صاحێبقران:**

لە مێژا (دەمێ بوو) لە وطن و قوم و برادەرانی عزیزم دوور و مهجور بووم، شوکری خوا ناتوانم بەجێ بهێنم کە من لەم ڕۆژە پیرۆزەی سەربەخۆیی قومی کوردا هێنایەوە سلێمانی، لە لطف و مرحمەتی اشرافی مملکەت و متحیزان و برادەرانی وطن گەلێک مسرور و متباهی بووم. لە درەنگ و زویی اعادەی زیارەت، تەماشای قصورم نەکەن، خوا لە هەموو لایێ راضی بێ بە واسطەی ڕۆژی کوردستانیش عەرزی تشکرات و تأییدی احترامات ئەکەم.

قوماندانی عسکری کوردستان

صاحێبقران زادە- صالح زەکی

(ڕۆژی کوردستان، (ژمارە-٣)، ١٦ ربیع الاخر ١٣٤١/١٩٢٢)

**- اعلان- زیارەتی وەکیلی مندوبی سامی:**

هەموو ڕۆژێک لە سەعات چواری کوردییەوە هەتا سەعات سێی شەو هەموو کەس دەتوانێ سەربەست زیارەتی وکیل فخامەتی مندوبی سامی- جەنابی کاپتان چەپمەن بکات لەم خصوصەوە هیچ مانعێک نییە... و حکومتیش ئارەزوو ئەکات.

(ڕۆژی کوردستان، (ژمارە-٤)، ٢٣ ربیع الاخر ١٣٤١/١٩٢٢م)

**- ضیاعیکی گەورە- کوشتنی جمال عرفان:**

لە اذکیا و منەوەرانی وطن عرفان زادە جمال بەگ شەوی چوارشەمەی رابردو ١٢-١٣ کانون اول ٣٣٨ لە طرف اشخاصی مجهولەوە دەستڕێژێکی لێ کرا، دوو گوللە اصابتی کرد، پاش سێ سەعات وەفاتی کرد. حقیقتا

ضیاعی ئەم زاتە بۆ کوردستان موجب تأثیر بوو. بەناوی اشراف و عموم اهالی مملکتەوە لە عائلەی محترمیان بەیانی تەعزیە و تەمەننای تەسلیەت ئەکەین.

ڕۆژی کوردستان

تێبینی: ئەم پیاوە بە (تعبیر و اصطلاح)ی ئەو سەردەمە (منور) واتا (مثقف) بەڵکو ئاشنایەتی لەگەڵ فەلسەفەشدا هەبووە. کۆنەپەرستان مرۆی وایان بۆ هەزم ناکرێ، بۆیە کوشتیان.

**– بەیداغی کوردستان:**

مەفرزەی عسکرییە و پولیس کە لە مەرکەزی حکوومەتی عەلیەی کوردستانەوە بۆ چەمچەماڵ اعزام کرابوون بە سەلامەتی و موفقیت گەیشتوونە ئەوێ و بەیداغی موبارەکی کوردستانیان لەوێ هەڵکردووە. ئەمڕۆ ئەم بەیداغە موبارەکە لە ئافاقی بازیانیشدا تەمەوج نمای مەهابەت و حورمەتە. خدا ئەم بەیداغە موبارەکەمان بەردەوام کات.

(ڕۆژی کوردستان، (ژمارە-٥)، ساڵی ١٣٤١ (١٩٢٢م)

**– لە کۆنگرەی لۆزان دا:**

... لە مجلسی لۆزاندا (ممثل)یک بەناوی آثوری و نسطورییەوە ادعای حکوومەتێکی مستقلە ئەکات... طلبی ئێمە مجلسی لۆزان محافظەی أقلیات نییە. مدافعەی حەقی حیاتی میللەتێکی سەربەخۆی صاحیب وطنە ذاتا دائر بە تشکیلی حکوومەتێکی کوردی وەختی خۆی لەسەر مذکرەیەک کە لە طرف کورد علی پاشا زادە نامق بەگەوە بە مجلسی (سان ریمۆ) تقدیم کرابوو. لە مجلسی مذکوردا دوور و درێژ استقلالیەتی کوردستان موضوعی بحث کرابوو مع التأسف لەبەر ئەوە کە طالع صلح تقرری نەکرد. لەبەر ئەوە مسألەی کردستانیش (مسکوت عنە) مایەوە. ئەم جارە لە مجلسی لۆزان امید وا دەکەین کە کردستانێکی مستقل لە داخلی حدودێکی جوغرافی و

طبیعیدا بومان تشکیل بکا و هەموو نوعێ حقوقی مشروعە و حەقی حیاتیەمان بداتێ.

م. نوری

**– یەکبوون– اتحاد:**

بە تأریخ و تجربە دەرکەوتووە ئەوی قەومێک لە دەستدرێژی خەڵک ئازاد و دڵشاد بکات هەر اتحاد و اتفاقە. لە سایەی فیض و بەرەکەتی ئیتحادەوەیە کە ئەم میللەتە بچکولانەیەی ڕووی زەمین لە دوای ئەسارەت و زەبونی، رزگار و بەختیار بوون...

ئەوەندە دەزانم ئیتر تەمەڵی و سەرکزی بۆ مەرد نەهاتووە، فرسەت لە دەستدان زۆر عەیبە. پەشیمانی پیشەی ئەربابی عقل و معرفەت نییە. لەکەداری و بەدناوی تاریخ دەردێکی بێ دەرمانە. گلەیی و عیتابی نەسلی دوایی زۆر گرانە.

عارف صائب

(ڕۆژی کوردستان، (ژمارە–٦)، ١٩٢٢/١٣٤١م).

**– بەرگری لە مافی کورد لە بەینی شێخ محمود سمکۆ و سەی تەهادا:**

بە تأریخی ٩ ربیع الاول و ژمارە (٧٠) غەزەتەی (ستارە)ی ایران مخالفی حقیقت بعضیک نشریاتی کردبوو بۆ تصحیح افکاری عموم سەرداران و منەوەرانی کورد مجبور بووین مخابراتیک کە لە بەینی حضرتی مەلیکی کوردستان و جەنابی سمکو و سەید طە جەرەیانی کردوە درج و نشری بکەین:

سلیمانی: بو حضور حکمداری اعظم کوردستان.

ئەمڕۆ مقدراتی کوردستان تودیع بە دەستی موبارەکتان کراو، بە مناسبی نازانین هیچ ئیشێک بی ئەمری زاتی حکمدارانەتان بکرێ. بە زەویتان نایەتەوە بە ئێمە مانان کە میللەتی کورد و مغدورین. استرحام

دەکەین لە هەموو خصوصیکەوە معاونت بفەرموون بۆ استخلاصی ئەو وطنەمان.

سمکۆ – ١٤کانوون اول ٣٣٨

ج: ئەڵبەتە تقدیر ئەفەرموون کە بە تاقی تەنیا لە ڕێگای سەندنی حقوقی میللەتی کوردا لە پێش هەموو کەسێکەوە بە چە دەرەجەیەک فیداکاریم کردووە و بەو نیسبەتەش فەلاکەتم دیوە. ئەمڕۆش بە اتفاقی قهرمانیکی وەکو ذاتی وطن پەروەرانەی ئێوە گەیشتن بە عەینی غایەدەرەجە ئارەزووم احتیاج بە ایضاح دەکات، حەوالەی تقدیر و وجدانی جەنابتان ئەکەم. لکن دەبێ بۆ مدافعەی حەقێک بێت کە بێ قوەت، بێ باڵ، بێ معاوەنەت بێ حەق خۆمان بهاوینە ناو جدال و معرکە و شەڕ و شۆڕ و بۆ سەندنی غایەی میللەتی کوردێ کە حەیاتی ئەم قەومە سەوقی فەنا بکەین. ئەمڕۆ حەقێکی رەسمی نەدراوە بە میللەتی کورد ئێمە کە ببینە سەبەبی جونبوش و مدافعەی دوشمنانی خارجە و هەرچەند ئێمە داوای لطف و حقوقمان کردبێ، بە نەوعێک وەعد و بەهانە اهمال کراوە. سێ مانگ لەمەوپێش حکوومەتی فخیمەی بەریتانیا ئەو معاوەنەتەی کە وەعدی فەرمووە لە سەد یەکێکی بەجێ نەهێناوە تا وەکو منیش میللەتی کورد بە استقبالەوە طماعداریان بکەم. بۆ حەقی شەڕ و شۆڕم پێ خۆشە، بەلام بۆ ناحەقی پێم خۆش نییە کە خوێنی موسوڵمانانی کورد بڕێژم. ئەگەر لطفا حەقی خۆمان پێ ببەخشرێ حاضرین بۆ هەموو فیداکاری و دفع و دوورخستنەوەی معترضەکانمان. ئەگینا هەر بۆ طاعەتی مطلقەی حکوومەتی فخیمە بە قطعی قەول ئەدەم کە بێ طەرەف و صادق دەمێنمەوە بەرامبەر دەوڵەتی معظمەی بریتانیا... ئەگەر لەمە زیاتر لزوم بە مذاکرە هەیە بۆ تشریف فەرموونتان رجاو تأییدی احترام ئەکەم.

١٤ کانوون اول ٣٣٨

محمود

**سلێمانی: بو حضوری حکمداری ئەفخەم**

لە حکوومەتی ئینگلیز بەولاوە کەس نییە حقوق بە ئێمە ببەخشێ و مقابل بەو لوتفە کە لەگەڵمان دەکات، چاوەڕوانی خزمەتی ئێمەیە. ئەم حقوقە بێ شوبهە ئەتوانین بیبینین. ئەگەر هەر لە جەنابی حوکمداریتانەوە ارادەیەکی دەرکردنیان ببێ بە عەونی خدا بێ خوێن رشتنی موسولمانان لێرە دەریان ئەکەم و حقوقیشمان بە هەموو نەوع وەردەگرین. وا مصلحەت دەبینم کە بەیەکەوە دوشمن لەناو خۆمان دەرکەین و حقوقیشمان بە یەکەوە لە حکوومەتی بەریتانیا و عەرەب وەرگرین.

١٤ منە سمکۆ

**اربیل: قهرمانی کوردستان حضرتی اسماعیل ئاغا**

ج: بۆ هەموو نیعمە اختیاری زەحمەت و بۆ هەموو لوتفێک عەرزی تەشەکور لازمە. لکن بۆ لوتفێک کە رەوا نەبینرێ اختیاری کولفەت کردن لەوە ئەچێ کە فیدای موجودیەت بکرێ بۆ منافعی خەڵکی تر. غەیری حکوومەتی بەریتانیا ئەوی حەقی حیاتمان بداتێ و ئومێدی سەعادەتی لێ بکرێ کەس شک نابەم. وەکو قیام کردن لە مقابل معترض ئەو حقوقەمان کە بەمەرحەمەت پێمان دەبەخشرێ بە مشروعی ئەزانم. بەبێ سبب چوونە مجادەلەشەوە ئەوەندە بە غەیرە معقولی ئەزانم. هەموو میللەتی کورد بێ تردد حازرە بۆ دەفعی دوشمنی خۆی بە شەرتێک وەکو حکوومەتی بەرتیانیا وەعدی داوە، وەعدەکەی بەجێ بێنێ و اعتراف بە میللەتمان بکات و بە مرحمت تقدیری حقوقمان بفەرموون وە لە حرکاتیکدا کە بەرامبەر دوشمنمان ئەکرێ مادەتەن یاریدەمان بدات. بەڵام ئەمڕۆ معترضی وطن و دوشمنی میللەتم ناناسم. کی حەقمان ئەداتێ و چ حکوومەتێک تعرضی حقمان ئەکات. بێ زانینی سبب و بێ چاوپێکەوتنی حەق مجادەلە لە بۆچی بکەین و بۆ منفعتی کێ خوێن بڕێژین. ئەگەر بەم حاڵە رازی بین معاونێکی

کورد له دوای خۆمانەوە نابینین. چونکە ئەگەر بپرسن بۆ چ حەقێک مدافعە و خوێنی میللەت فیدا دەکەن؟ جوابمان نییە بیدەینەوە. ئیتر لە جیاتی دوشمنایەتی غیر رەسمی أطاعت کردنی حکوومەت و بێ تەرەفانە لە ماڵی خۆماندا دانیشین بە مناسبتری ئەزانم.

١٤ منه محمود

**سلێمانی: بو حضوری عالی حکمدار**

دەستتان ماچ ئەکەم. ئەگەر مظهری توجهتان بم خۆم بە بەختیار ئەزانم. معروضاتم بو حضورتی اسماعیل ئاغا ترک کرد أفندم

١٤ منه سید طه

**اربیل: بو حضرت برای محترم خۆم سید طه افندی**

بێ قەید و شەرت تەشەکوری ئەو لوتف و توجهاتی داعی نوازانەتان ئەکەم کە لە حەقم رەوا بینراوە. جوابی ئەمرەکانی اسماعیل ئاغام تقدیم کردوە. من کوردم،، چونکە بە کوردی ژیان بە سعادت ئەزانم. مەفتوونی سەویەی میللەت پەروەرانەی هەموو قارەمانێکی کوردم.

١٤ منه محمود

(رۆژی کوردستان، ژمارەی (٧)، ساڵی ١٣٤١)

تێبینی: لەوە دەکات ئاڵوگۆڕی ئەم (مخابرات)ە لە بەینی شێخ مەحموود و سمکۆدا هەندێک (غموض)ی تیا بێت. سمکۆ زۆر پشتی بە ئینگلیز بەستووە و بڕوای پێیەتی کە مافی کورد جێبەجێ بکات و شێخ مەحموودیش دەڵێت: تا ئێستا ئینگلیز لە سەدا یەکێکی لەو قسانەی داویەتی بە کورد، نەهێناوەتە جێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئینگلیز شتێکیان بۆ بکات ئەو (واتە شێخ) هەر مەمنوونە و نایەوێ بە خۆڕایی خوێنی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی بڕژێ. سمکۆ باسی دوژمن دەکات و دەڵێ دەتوانم بیانکەمە دەرەوە. بەڵام ئایا ئەو دوژمنەی ئەو ڕۆژە تورکەکانن کە بە سەرۆکایەتی (ئوزدەمیر) نێررابوونە ناوچەی ڕەواندز؟ یاخۆ ئێرانییەکانن؟ ئەوەتا شێخ مەحموود

دەڵێت: (بەڵام ئەمڕۆ معترض وطن و دوژمنی میللەتم ناناسم) وادیارە لەملا و لاوە لووتیان ژەنۆتە مسألەی کوردەوە. سمکۆش شێخ ئاگادار دەکات کە ئیشەکە نەداتە دەست کەس و هەرخۆی بە تەعاونی سمکۆ ئیشی تیا بکەن و سەید تەهاشیان لەگەڵد بێت.

**- اعلان- هەڵکردنی بەیداغ لە رانیە:**

مفرزەی عەسکەری و پولیس کە لە پایتەختی کوردستانەوە بۆ قەزای رانیە اعزام کرابوون. لە پاش ئەوەی کە لەلایەنی عموم رؤسا و اشراف و معتبران و مأمورانی حکومتەوە استقبالێکی زۆر محتشم کراون بە کمالی عیزەت و حورمەتەوە داخل بە مرکزی رانیە بوون و بەیداغی موبارەکی کوردستانیان لەوێ هەڵکردووە. الحمدلله ئەو بەیداغە عەزیزە ئەمڕۆ لە محیطی رانیە تموج نمای حورمەت و هەیبەتە.

**دوقتۆرێکی حاذق:**

دوقتۆرێکی حاذقی صاحب دیبلوما تخصیصاتێکی زۆر مستوفی بۆ بلدیەی سلێمانی لازمە. لەهەر جێگایەک دوقتۆرێکی وا هەیە یا بە تحریرات یا بە تلغراف مراجعت بە بلدیەی سلێمانی بکا و بە چ تخصیصاتێک طالبی هاتنە بۆ سلێمانی ایضاحی بکات.

رئیسی بلدیە سلێمانی: محمود

(ڕۆژی کوردستان، ژمارە-٧، ساڵی ١٣٤١)

## (سیاسی)

(داوای حقوقی مشروعە- م. نوری)

تأریخەن ثابت و مستغنی بەیانە کە میللەتی کورد قەومێکی زۆر قدیم و صاحب عنعناتێکی میللی و محیطیکی طبیعیە.

اهالی ئەم میحطە لەبەرئەوەی کە دنیا، عزما، اخلاقا، اسلام و کوردن هیچ فەردێک لە ئەفرادی ئەم قەومە ئارەزووی غەیری حوریەت و

استقلالیەتی خۆی، مەیلی تەبەعیەت و حاکمیەتی هیچ قەومێکی تر ناکا... بناء علیە قەومی کورد بۆ محافظەی حقوقی مشروعە و مدافعەی حدود طبیعیە و صیانتی شەرەف و مقدساتی ملیەی خۆی هەموو ئان و زەمانێک حازری هەموو فداکاریەکە و تا لە دەستی بێ قسور ناکات. استرحامیش لە حکوومەتی حاضرە و زمامدارانی أمور ئەوەیە کە مەیدانی ئەو نەدرێ کەس بەشمان بخوا. بێ ئەوەی صرفی نظر لە بستێ اراضی کردستان بکرێ تحدید حدودێکی طبیعی کوردستمان بۆ بکات پایەداربێ مدافعی وطن. هەر بمینێ حضرتی مەلیک کوردستان حضرتی مەلیک مەحمودی ئەوەل.

تێبینی: لەم نووسینەدا داواکاری زیاد لە لزوم لە حکوومەت و زمامدارانی أمور هەیە کە مەیدانی ئەوەی نەدرێ کەس بەشمان بخوا و صرفی نظر لە بستێ اراضی کوردستان نەکری لە کاتیکدا کە نووسەر خۆی ئاگاداری هەموو هێزێکی مادی و دبلۆماسی حکوومەتەکەیە و گەڕانەوە بۆ وتوێژی شێخ مەحمود لەگەڵ سمکۆ زۆر شت ڕوون دەکاتەوە. ئەو نووسینە زۆرە و پڕە لە دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری، ئەی ئەگەر هیچ نەکرا وەکو (فعلا) نەکرا دەڵێی چی؟

**- هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی:**

لەسەر دەعوت و أرادەی حضرتی مەلیکی کوردستان و سەید السادات جەنابی (ملک محمود اول) دام شوکتە بە کمالی شەوق و شەطارەتەوە بۆ کەسبی شەرەفی زیارەتی حضرتی مەلیکی معظم هاتمە سلێمانی. لە هەموو خصوصێکەوە مظهری توجهات و عرضی تشکر و افتخار دەکەم و لە شێوی انسانیت و حسیاتی قومیەت پەروەرانە کە لە مراسمی استقبالدا لە طرف جەنابی رئیس الرؤسا و ساداتی کرام و رؤسا مأمورانی عسکری و ملکی حکوومەت واشراف منەوەران و اهالی کوردستانەوە دەرحەق بە شەخسی من ڕەوا بینرا بوو گەلێک متشکر و مفتخرم بەڵکو هەر فەلاکەت و

ئەزێتێ کە لە ڕێگای خزمەتی ئازادی و خلاصی ئەم میللەتدا بە سەرما هاتووە لە بیرم چۆتەوە. بواسطەی ڕۆژی کوردستانەوە بەیانی مەمنونیەت و مسروری لە هەموو برادەرانی کوردی سلێمانی دەکەم. خدا هەموو لایەکتان موفق بکات.

سمکۆ

(ڕۆژی کوردستان، (ژمارە-٨)، ساڵی ١٣٤١)

**- عصبە الامم و أقليات:**

لە طرف ئەنجوومەنی شعبەی أقليات قرار دراوە لەو اتفاقنامەیەی کە بۆ حقوقی اقليات وضع کراوە احوال ظهور بکات. لە طرف شعبەی اقلیاتەوە هەیئەتێک بۆ تورکیا دەنێررێت و تحقیقی احوال دەکات.

ئەو ایستاتستیقەی بەریتانیا کە بەنیسبەت عددی سکانی تورکی موصلەوە داویە تأثرێکی زۆری بەخیشوە.

مرخص تورکیا لە نتجیەی ئەو مذکراتە کە لە خصوص موصلەوە جریانی کردبوو هێشتا جوابی نەداوەتەوە. لەبەر ئەم تأخرە أدعا لە خصوص موصلەوە زۆر ضعیف دەبینرێ.

مستند بە اساساتی ئەو اتفاقەی کە لەگەڵ مجاورەکانیا کردوویە حکوومەتی تورکیا قبولی فکری دولی أئتلافی کردووە.

**- تبرعات:**

لە ڕۆژی کوردستانی ژمارە (٨و٩و١٠و١١و١٢و١٣) ناوی هەموو ئەو کەسانەی تێدایە کە پارەیان بەخشیوە بۆ کڕینی (ماکینەی چاپ) واتا بۆ دامەزراندنی چاپخانەیەک. هەموو ئەو پارەیەی کە دراوە (٦٣٠٣) روپیەیە. هەر (١٣.٢٥) روپیـــە دەیکردە دینارێک دوای ئەو دەورە، واتا دیناری سەردەمی مەلیکی روپیە پارەیەکی هندی بوو، (مؤقت) لە عێراق و لە سلێمانیا ئیشی پێ کرا، هەتا (عملە)ی رەسمی عێراقی دەرچوو. ئەو

پارەیەی سەرەوە کە کۆکراوەتەوە مبلغێکی باش بووە بۆ ئەو مەبەسەی کە بۆی کۆکراوەتەوە.

هەروەها لە ڕۆژی کوردستانی ژمارە (١٢)دا لیستەیەکی پارە بەخشینی تیایە بۆ (البسەی طلبەکانی مکتبی اعدادی محمودی) قەڵەمی قورس کە دراوە لەلایەن (حضرتی ملک معظم) (٤٠٠) روپیە و حضرتی رئیس الرؤسا (٦٠) روپیە و رئیسی مالیە عبدالکریم افندی عەلەکە (١٥٠) روپیە. بە هەمووی (٧٨٥) روپیە کۆکراوەتەوە.

هەروەها لە ڕۆژی کوردستان ژمارە (١٣) لە شوێنێکی تایبەتی دا ئەمەی نووسیوە: (غیرەتی میللی:- مدیری پۆلیسی کویسنجق علی کمال افندی بۆ ماکینەی مطبعە (١٠٠) روپیەی تبرع فەرمووە، بەناوی میللەتەوە عرضی شکران و تەمەننای موفقتی ئەکەین.

هەروەها علی ئاغای رئیسی زەنگەنە یاوەری حضرتی شهریاری (١٠٠) روپیەی تبرع کردووە.

**- تێچاندن دژی احمد مختار جاف و بەندکردنی لەلایەن شێخ مەحمودەوە:**

صەبا عەرزی خلوص و بەندەگیم و هەم دوعا خوانی
ببە بۆ خزمەت شاهی موحیطی گشت سلێمانی

بڵێ قوربانی تۆبم ای صلاح الدینی ایوبی
بە زور پنجە وک حەیدەر بە سیما یوسفی ثانی

ئەبێ ئەم قەومە ئەمڕۆ شاد و خەندان و شاگۆبن
کە چونکە تۆ شەهنشاهو رەئیسی جمعی کوردانی

لە دەست کافر نەجاتمان بوو، بحمدالله وەل مینە
لە سایەی دەست و تیغ و هیمەتی تۆ شیری یەزانی

خـــــداوەنـد بـە لـطـفـی خـــــۆت لـە چـاوی بـەد بـەدوریـکـە
بـە جـــاهـی ســـیـــد المرسـل بـە ڕۆحی شـــاهـی گـــەیلانـی

لـە پاش ئـەم ئـیـــحـــتـــرامـــانـە بڵـێ بـۆ شـــاهـی دەورانـە
چی جـــورمـــێکی هـەیە ئـەحـــمـــەد کـــە کــردوتـە بـە زنـدانی

ئـەگـــەر شـــایەد لـە خـــزمـــەتتـــا خـــراپـەی ئـەو بـووە ثابت
بـە لوتفی خۆت عـەفوی کە چونکە هـەر خۆت صـاحب أحسانی

کـە جـورمـێکی نـیـیـە تاکـەی لە حـەپسـا دانیـشـێ قـوربان
لـە تـەنـهــــــایـی لـە فـکـری چـۆتـەوە ئـادابـی ئـیـنـســـــــانـی

ئـەگـــەر داوای کـــەفـــیـلی لـێ ئـەفـــەرمـــووی حـــازرە یاخـــود
مـــەلیک تـأمین ئـەکـــا ســـــەدجـــار بـە ئایین و بـەئـیـــمـــانـی

هـەتـا مــردن وەکـو بـەندە لـە خـزمـەت شـاهـی کـوردسـتـان
حـــیـاتی خـــۆی فـیـداکـات بـۆ هـەمـــوو ئـەمــرێک و فــەرمــانی

من ئـەم حـــەبسـەم لەلا فـــەخـرە بـە شـــەرتـێ سـروری کـوردان
لـە حـــــەق ئـەم بـەندەیەی خـــــۆیـە بمـێنـێ لطفـی جـــــارانـی

بـە ذاتی پاکـی بێ هـەمـــتـــا بـە نـوری احـــمـــدی مـــرسـل
جـــەنابـت ســویند ئـەدەم قـوربان بـە گـشت ئـایاتی قـورئـانی

بـە لـوتـف و مـــەرحـــەمـــەت ئـەم بـەندەی خـــۆتـە عـفـو فـــەرمـــوو
ئـەتـۆ صـرف نظـر فـەرمـــوو لـە جـورم و ســـەهـو و نـەسـیـانی

لـە لـوتـفی تـۆ زیاتر هـیـچ پـەناهـێکی نـیـــیـــە احـــمـــــد
بـەکـــاری هیچ نـەهـاتن، دۆســـتـــەکـــان و خـــزم و خـــویشـــانی

ئەو قائمقام ئێستا محبوس: أحمد مختار
(ڕۆژی کوردستان، ژمارە-١٣، ساڵی ١٣٤١)

**– استقبال و استقلال:**

هەموو فەردێک، هەموو میللەتێک بۆ استقبال دەژی. خۆشی ماضی، ثەروەت و حیشمەتی حاڵ، هەموو بۆ استقباله. لە حیاتی شخصیە و رەسمیەدا حاڵ بگیرێتەوە بەرچاو، ماضی دوور بخرێتەوە، استقبال نەگیرێتەوە بەرچاو، موفقیت و تأمینی استقبال و استقلال مشکلە.

انسان بێت، میللەت و حکوومەت بێت تصادفی ئەدواری کەدەر و مصیبەت دەکات. بەڵام مقابل بەمە بە ئومێدی استقبال تەسەلیی دەکات. تعلیم و تربیەی مکاتب سعی و غیرەتی معارف و سائره هەموو بۆ استقبال و استقلالە. مع التأسف ئێمە استقبال بە ئەهمیەت تقدیر ناکەین. چونکە لە حیاتی خصوصی و رسمیەدا تعقیبی مەسلەکمان تابعی ئەم دەستورەیە (ئیمرۆ بێت سبحەینێ خودا کەریمە).

ئەم حالەتی روحیەیە کە لە دەمانی هەموو جاهیلێکدا ڕەگی داکوتاوە مانعی لێکدانەوەی استقبال بووە و هەموو کوردان و اسلامانی لە هەموو شتێک پاش خستووە و گرفتاری ئەسارەت و سەفالەتی کردووە. ئەگەر هەتاکو ئێستا استقبال و استقلالمان لەبەر او بوایە و بەم ئومێدەوە سەعیمان بکردایە. ئمرۆ میللەتێکی مسعود و حکوومەتێکی محتشم دەبوین.

حکوماتی بالقان کە جیابوونەوە لە هەموو تشکیلاتێکی سیاسیە و ترقیاتی مدینە محروم بوون. بەڵام چونکە دائیمە بە ئومیدی استقبالەوە ژیان، ئەم موقعی ممتازەی ئەمرۆیان دەست کەوت. لەبەر ئەمە، بۆ ئێمەش استقبال نەمردووە. ئەگەر دەستوری حەرەکەتمان بۆ ئومێدی استقبال بێت، صاحیبی موقعی خۆمان و ڕووناکایی دەبین و ئەم شوعلەی نورە بەسەر هەموو کوردستاندا (شمال و جنوبی) گوڵ بارانی موزەفەریەت دەکەین.

محمد سمین

(ڕۆژی کوردستان، ژمارە (١٥)، ساڵی ١٣٤١)

تێبینی: ئافەریم بۆ ئەو بیرە جوانە سیاسییە و بۆ ئەو نووسینە بەرزەی ئەم سەربازە نەناسراوە و هیچی تر ناڵێم.

**- جەرەیانی مخابرات لە بەینی مەلیک و رئیس وزاری عیراق و لورد کرزن:**

لە بەینی حضرتی ملک و رئیس وزاری عێراق و لورد کرزن بە واسطەی مندوبی سامییەوە بۆ الحاقی موصل و ملحقاتی بە عێراق. مخابراتی تلغرافیە جەرەیانی کردووە.

**- لابردنی ئەحمەد خواجە و دانانی رفیق حلمی بە مدیری مسئوولی امید استقلال:**

جەنابی رفیق حلمی افندی کە مدەتێک لەمەوپێش لەبەر احوالی صحیە غیبوبتی کردبوو، بیست ڕۆژێکە تشریفی هاتەوە، هەرچەند لیاقەت و فداکاری (مومی الیە) بۆ هەموو وظائفی مهمە کافیە، بەڵام لەبەرئەوەی کە مکاتبی مرکز (لە انقلاب اخیردا) یەکجار پەرێشان و بێ سەروپا بووە. بۆ تنظیم و اصلاحیان هەم دیسان مدیریەتی مکتبی اعدادی تودیع کرا. زاتەن لە پێش انقلابدا لە سایەی غیرەت و هیمەتی ئەم زاتەوە مەکتەبەکانمان حقیقتا واصلی مرتبەی کمال بووبوون. ئومید ئەکەین ئەم جارە بە نوعێک صرف همت بفرمون کە معارفمان لە حدی مطلوبدا ترقی و ئەم عەیبی پاشکەوتنی معاریفەشمان نەمێنێ.

کاتب حضرت ملوکانە احمد صبری افندیش هەرچەند بو ترقی وطن و میللەتی کورد سعی کردووە و فیداکارە و غایە ئامالی صرف بۆ سعادتی کوردە. مع الاسف لەبەر کثرەتی مەشغەڵەت أصلی لە مدیریەتی غەزەتەکەمان استعفای کردووە. لەبەر غیرەت و حەمیەتی وطنیەی و اهلیت و اقتداری بۆ علاوەی وظیفە اصلیە مدیریەتی امیدی استقلالیش با ارادەی ملوکانە دیسان تودیع مومی الیە رفیق حلمی افندی کرا و مباشرتی فەرمووە.

خوا هەمیشە منەوەران و فیداکارانی میللەتی کورد و خزمەتکارانی معارفمان لەسەر خێر موفق بکات.

(امید استقلال -٣-)

تێبینی: لەم دواییانەدا و لەم ڕۆژانەدا لە ڕۆژنامەکانا جارجار باسی (انقلاب) هاتووە. بێگومان جووڵانەوەیەکی بە تحریکی ئینگلیز دژی شێخ مەحموود بووە و سەری نەگرتووە واتا (شروع بووە بەرەو انقلاب). هەر لەم ژمارەیش بە دواوە مامۆستای خوا لێخۆشبوو رفیق حلمی بە ارادەی ملوکانە کراوە بە مدیری مسئولی امید استقلال و احمد صبری واتا احمد خواجە لابراوە و لە شوێنێکی تر دانراوە.

**- شیعرێکی مامۆستا رەفیق حلمی بۆ امید استقلال- تربیع بەند:**

لە دنیادا چ قەومێکە بکا میلیەتی اهمال
جیهانی پڕ جیداله ئێستا بو تأمینی استقلال

خدایا بەسیە ئیتر لابەری دەیجوری اضمحلال
طلوعی پێ بکەی خورشیدی ڕۆژی پاکی استقلال

لەرێی حوریەتا شەرتبێ بگاتە ئاسمان شینم
هەر استقلالە مقصودم هەتاکو باقیە ژینم

لەگەڵ خولیای هیجرەتدا بەسەر چوو عومری شیرینم
دەسا نۆبەی وصالە اە ئەی امیدی استقلال

شەوی دەیجوری نەگبەت دوورکەوێ یارەب لە کوردستان
سەفایی باخی جەنەت دەرکەوێ یاڕەب لە کوردستان

ئیتر سنجاقی میللەت سەرکەوێ یاڕەب لە کوردستان
ئەوا نۆبەی وصالە................ اە ئەی امیدی استقلال

مـعـاريف ئيـسـتـه أطفـالانـی مـيللـهتمان ئهكـا تنوير
مـهليک محـمودی ئهوهڵ خۆی به عهزم و هيمهت و تديبـر

أمــوری مــولک و مــيللهت تـا نهــايهت گــهر بكا تدوير
ئيـتـر نوبهی وصــاله.............. اه ئهی امـيـدی اسـتـقـلال

(اميد استقلال، ژماره (٤)

تێبينـی: ئهوهی شايانی باسه، لهسهر ههر ژمارهيهک له ڕۆژنامهی (اميد اسـتقلال) لهســهری ســهرهوه ئهم چوار بهيتـه هـهر بهم شـێـوهيهش نووسـراوه بهبێ دهستكاری:

خـدايا بسيـه ايتـر لابری ديجور اضـمـحـلال
طلوعی پی بكه خـورشـيـد ڕۆژ پاک اسـتـقـلال
لهگهڵ خليـايی هجرتدا بهسرچو عمر شيرينم
دهسـا نوبهی وصــاله اه امـيـد اسـتـقـلال

**- گهڕانهوهی سعد زغلول پاشا و خوتبهكهی:**

ههموو جرائدی لندن نشـری كردووه وهقتی سعد زغلول پاشا گهڕايهوه بۆ مصر قصدی زيارهتی مهليک فؤادی ئهوهڵی كردووه.

سـعد زغلول پاشـا بۆ تشـويقی اتحـادی مصـريهكـان، خطبـهيهكی ايراد كردووه. لهو خطبهيهدا قبطيـهكانی بهلسـانيكی تقديركارانه مدح و سـتايش دهكا دهڵێس:

قبطيـهكان و مصـريهكان مسـاوين، چونكو لهم مهملكهتهدا، نـه قبطی ههيه نه مـوسـوڵمان ههمـوو اولادی وهطهنـی مـيـصـرن. اتحــادی صليب و هلال اتحـادێكی مـقـدسـه و بواسطهی ئهم اتحــادهوه له بهينـی مـيـصـريـهكـاندا خـصــومت نهمـاوه چونكه لـه پێش ئـهم اتحــادهدا ههر حــيـزبـه بۆ بقــای موجوديهت خۆيان له مصردا توسليان به سلاحی حمايهی اقليات دهكرد.

**– حوادث داخلی:**

رشید زەکی ئەفەندی کە لە ئەسنای غیبوبەتی مدیدا وکالتا لە مکتبی اعدادی ایفای وظیفەی دەکرد. لە پاش هاتنەوەی مدیر لە قادروی تازەی معارفدا بە معلمی ریاضیات أبقا فەرمووابوو، فقط لەبەر ئەوە کە احوالی صحیەی مانعی دەوامی بوو، لەسەر استراحاماتی خۆی لە وظیفەی عفو کرا.

**– تعین– مجید افندی ملازم:**

لەسەر انهای مدیریەت و تصویب ریاسەتی علیە معارف لە منەوەرانی مەملەکەت جەنابی مجید افندی ملازم با ارادەی ملوکانە بە معلمی ریاضیاتی مکتبی اعدادی تعیین فەرموورواوە تبریک و موەفەقیەتی طلب دەکەین.

**ابقا– شیخ سعید افندی:**

جەنابی شیخ سعید افندی معلمی اعدادی کە لە تنسیقاتی تازەدا خارجی قادر و مابووەوە. بۆ ئەمەی کە لە خەلەل بە انتظامی تدریسات نەگا. لەسەر لزومی مبرم لە طرف مدیریتەوە ابقای استرحام کرابو لە جەنابی ریاسەتی علیەی معارفەوە مقامی ملوکانەیشەوە لطفا تصویب فەرموراوە تبریکی ئەکەین.

**– اعلان:**

ئەمجارە لە بەغداوە متنوع أموال کە بۆ عسکری و مڵکی و اهالی دەست بدا بۆم هاتووە، ئەوانەی کە لزومیان ببێ تنزلا تشریف بفەرمونە خانی غفور ئاغا بۆ حوجرەی نمرە (١٥٧) ئەوی پێی لازم بێت بەفیاتی ئەهوەن مع الممونیە تقدیمی ئەکرێ.

فتاح

(امید استقلال، ژمارە ٤)

ڕوونکردنەوە: مەبەست لە (قادرو) وادیارە (مەلاک- میلاکی وظیفە)یە. کە مامۆستای خوالێخۆشبوو رفیق حیلمی کراوەتەوە بە مدیری اعدادی. رشید زکی (رشید کابان) کە مدیر یاخۆ وەکیلی مدیر بوە اسعفای کردووە.

**- جمهوریتی تورکیا:**

جریدەکان وایان استخبار کردوە کە حکوومەتی تورکیا منقلب بوە بە جمهوریەت.

(امید استقلال ژمارە ٦)

ڕوونکردنەوە: مەبەست لە کۆتایی پێ هێنانی حوکمی سوڵتانەکانە واتە عوسمانی لە (سلطنة) وە بوو بە (جمهوریەت) و (مصطفی کمال) بوو بە سەرکۆمار.

**- حکوومەتی ملیە فائدەی چی؟**

حکومەتێک کە أرکانی لە افرادی میللەت بێ ئەگەر چوار رۆژیش دەوام بکات بۆ وطن فائدەیەکی عظیمی لەو مدەتەدا هیچ نەبێ جەریدەیەکی سەربەست، چەند معلمیکی حر، دە دوانزە کەسێکی وطن پەروەر پێدەگەیەنێ. فی الحقیقە ئەو حکوومەتە هەرچەند مستبد بێ، تسامحی لە حکوومەتێکی اجنبی زیاتر دەبی. بناء علیە لەژێر ادارەی ملیەدا دماغ زیاتر مستعدی انکشافە هەتا دەماغیش لە تضیق ئازاد دەبێ..... ئەمیش بواسطەی سەربەستی مطبوعات و حریەتی افکارەوە ممکنە..... مختصرا دەڵێین حکوومەتی ملیە مادام لە (انی) خۆی امین نەبێت، لازمە سعی بکات کە میللەت بە جهالتی مطلقە وە دەست اغیار نەکەوێ... مثلا ئەگەر لە وەختی خۆیدا تورکەکان طرفداری ادارەی مطلقە نەبونایە، استبدادی میجەر سۆن لە سلیمانیدا سەری نەئەگرت.

هەموو لەبیرمانە کە گەلێک احراری ئەمرۆ ئەو وەقتە تعقبی منافعی

خسیسەی خۆیان ئەکرد. بناء علیه حال هیچ نیە. مقصد استقباله. لازمە ئەمرۆ لە سلیمانیدا مطبوعات و افکار فوق العادە سەربەست بێ و هەموو تێگەیشتوانی میللەت بلا قید و شرط سەربەستیان تأمین؟ بکرێ حتی لە تحت ریاسەتی جەنابی مەلیکدا بە پرۆغرامێکی قطعی و فائدە بەخش جمعیتیکی احرار تشکل بکات بۆ خاتری ئەمەی کە هەم بۆ... صلاح مدافعەمان ببی و هەم ادارەی مطلقە و مستبدانە لە مەملەکەتمانا غیرە قابلی تەشەکول بێت و ئیلا فلان هات و فیسار رۆیی، هەموو بە نتیجە بۆ ئێمە فەلاکەت تولید ئەکات.

رفیق حلمی

(امید الستقلال، ژمارە ٩)

روونکردنەوە: بەڕاستی سەربەستی نووسین و ئازادی (ڕا) دەربڕین هەر وا دەبێ. مەبەستی نووسەر لە حکوومەتی میللیە حکوومەتی شەعبیە واتا حکوومەتی گەل. ئەو حکوومەتەی (حال و استقبال)ی خۆی تأمین کردبێ. داوا ئەکات جەمعیەتێکی ئازاد حەتاوەکو ئەگەر لەژێر ریاسەتی مەلیک خۆیدا بێت. پێویستە بۆ ئەوەی بەرگری لە میللەت بکات و رێگای ئیدارەی مطلقەی مستبدانە نەدات کە لە مەملەکەتدا سەر هەڵ بدات. ئەم جۆرە نووسینانە بۆ ئەو ڕۆژە زۆرە.

**- ارتحال مؤسف- وەفاتی دوقتور حسین افندی باباجان:**

بەینێکە ون بوو حـــادثە، وا خـــۆی نواندەوە
کـانونی ســینە، ئاگـری تێـدا گـەشـاندەوە
دوقتۆر حسین، شەهیدی هونەر پەروەر و ئەدیب
بادی ئەجـــەل، چراغی حـــەیاتی کـــوژاندەوە

دوقتور حسین باباجان کە حیاتێکی مدیری لە عالەمی طبابتدا صرف و تقریبا چل ساڵ بوو وجودی وەقفی خزمەتی بەشەریەت کردبوو، لەم چەند

رۆژانەدا بۆ زیارەت لە کەرکووکەوە حرکت دەکا بۆ سلێمانی. لە اثنای ڕێگای بە سائقە تجاوزەن نەخۆش ئەکەوێ شەوێ مواصلتی لە سلێمانی عازم دارجنان ئەبێ. حقیقتا وفاتی بۆ قەومی کورد لە ضایعاتی معذورە، حضرتی باری، مرحوم نائلی مغفرەت و عائلەی کەدەردیدەشی مظهری صبری جمیل بفەرمووێ.

**– قابینە (وەزارەت)ی تازەی عیراق:**

بو تعینی رئیسی قابینە هێشتا رەسما خەبەرێک وەرنەگیراوە فقط بەپێی خەبەرێک کە لە منبعێکی موثوقەوە وەرگیراوە یاسین پاشای هاشمی و شێخ صالح أعیان و نقیب زادە سەی محیدین افندی نامزەدن بۆ ئەم رئاسەتە.

**– أعلانی دامەزراندنی جمهوریەتی تورکیا:**

تورک جمهوریەتی اعلان کرد. جەنابی مصطفی کمال پاشا بە رئیسی جمهور، عصمت پاشا بە رئیسی هیئەت وکیلە، کاظم پاشا بە وکیلی مدافعەی میللیە، فوزی پاشا بە وکیلی عملە و مذاهب، فرید بگ بە وکیلی داخلیە و حسن بگ بە وکیلی مالیە انتخاب کراون.

ڕوونکردنەوە: وادیارە عصمت پاشا (اینونو) سەرەک وەزیرانە و کاظم پاشا وزیری دفاعی شعبی و فوزی پاشا وەزیری اوقاف و شؤونی دینیە و ئەوانی تر معلومن.

**– الغای محاکمی شرعیە لە تورکیا:**

مجلس وطنی کبیر لغو بوونی محکمەکانی شرعیەی تصدیق کرد. وەزارەتی عدلیەش لە تعمیمێکدا کە أصداری کردوە، جوازی داوە بە محاکمی نظامیە بۆ رؤیتی ئەو دەعوایانەی کە تا ئەمڕۆ لە محاکمی شرعیەدا رؤیت کراوە.

**- کوردیش حەقی ژیانی هەیە- زیوەر:**

عصری حاضر کە بەعنعناتی تاریخی هەر قەومێ اثباتی موجودیتی خۆی دەکا، دەچێتە ریزەوە، هەوڵ و تەقەلای تەرەقی دەدا، لە مدنیەت بحث ئەکا... لە حربی عمومیدا متفقین وأئتلاف هەردوولا هاواریان دەکرد، ئەم شەڕە گەورەیە بۆ نەجاتی میللەتی بچووکە. هەر لە أثنای شەڕدا، لیتوانیا، اوقرانیا نائلی ئازادی بوون، تورکستان، گورجستان، ئەرمەنی، حقی ژیانیان پەیدا کرد، تورک، عرب، عجم، موسەوی سەربەستی خۆیان تأمین کرد. تەنها قەومی کورد مایەوە کە کەس بەچاوی مەرحەمەت تەماشای نەکرد. یەکێک بە ناوی اسلامیتەوە، یەکێک بەناوی تجارەتەوە، دەیەوێ ئەم میللەتە مظلومە بخاتە ژێر باری اسارەتەوە. ئەگەر سؤال لە اهلی وجدان و مدنیەت بکرێ ئایا کوریش حەقی ژیانی هەیە یان نەء؟

طبیعی جوابی ئەم سؤالە هەر ئەوە ئەبێ کە بەڵێ: کوریش حقی ژیانی هەیە... فرضا ئیمە هیچ تاریخیکمان نیە، هیچ پیاوی مشهورمان نیە، هیچ حکومتمان نەبوە، هیچ اثاری قدیمەمان نیە، قومێکین بە گرمە گرمە و ناڵەی رعد طوپی حربی عمومی وەکو قارچک لەسەر شاخان هەڵتوقیوین و هاتووینە مەیدان. ئەمڕۆ اثباتی موجودیت دەکەین... لە باتی اوربا طلبەی کورد روو بکاتە دار الفنون حربیەی عراق، طبیەی عراق یا هەر جاهیل بین ورەعیەت... طبیعی سەربەست بین، استفادەی عراق زیاترە، چونکە عراق ئەو اوروپای ئێمە دەبێ، نفعی اقتصادی و سیاسی دەبی. حالی حاضر میللەتی کورد لەسەد یەکی لە دنیا تیگەیشتوە بە أسترحام طلبی حقی میللەت دەکەن.

بەرە بەرە ئەم فکرە تعمم دەکات لە صەدی ببێ بە دە استرحام دەبێ بە اختلال، ئەوسا نە تورکیا، نە ایران، نە سوریە، نە عیراق، ئاسایشی تیا نامێنێ، ئەگەر اختلال توسع بکا أحتمالە سیرایەتی ئەم ئاگرە بۆ منافعی

سیاسیەی اوروپاش ضرری ببێ. بناء علیه، والازمە ئەمڕۆ کوردیش مسرور بکرێ چونکە ئەویش میللەتێکە و حەقی ژیانی هەیە.

(امید استقلال، ژمارە ١٣)

تێبینی: ئافەریم هەر بۆ زیندوو نییەو، بۆ مردووشە، سەد جار ئافەریم مامۆستای خوا لێخۆشبوو، مەلا عەبدوڵڵای زێوەر بۆ خۆت و نیشتمان پەروەریت لەگەڵ ئەوەشدا کە مەلا بوویت. ئەم (ڕا) جوانە دووربینانە دەرئەبڕی. ئەگەر سەیری ئەو چەند دێڕەی دوای نووسینەکە بکەین، باش بۆمان دەردەکەوێ کە قسەکانی زیوەر ئەمڕۆ هەموو هاتوونەتە دی. ئەوە جووڵانەوەی کوردە لە هەموو وڵاتێکی کوردنشین و پرشکی گەیشتووەتە ئەوروپاش. جا ئایا وایە یان نا؟

**- افادەی مخصوصە- حسین ناظم:**

أموری تحریر مدیریتی امید استقلال بە أمری حضرت ملوکانە توجیە بە بندە کرا. مجرد بۆ ئەمەی کە ریگەیەکی سالم و بێ طرف و ازاد لە شوائب و مقصد و ماربی شخصی تعقیب بکری بەناوی منافع و سلامتی وطنیەوە دەرعهدەم کرد.

معنای غەزەتە: مسلکی غەزەتەچی، نوازش کردن مزاجی قومی و رەهنمای منافعی وطنیە. معلومە کە غەزەتە وەکیلی قسە و تەرجومانی فکرە، ئاوازی لسانی عمومیە، ئەم وکالەتە، ئەم تەرجومان و ئاوازە لازمە لە مەجرایەکی بێ طرف و صەفوەتی رۆحیەدا جریانی پێ بکرێ، ئەمەیش ئەمرێکی طبیعیە بە گوێرەی مزاج و منافعی عمومیە انتشار پێ کردنی لازمە. لەبەر ئەمە محرری غەزەتە مجبورە ئەوەی ئەنوسێ، هەموو کلمەیەکی بە احتیاطیکی کولیەوە ملاحظە و ایجاباتی وضعی بینوسێ و ئیللا جلبی فلاکەت و مصیبت بۆ وطن و میللەتی خۆی ئەکات. مع هذا غەزەتە مجرد مخصوصی منطقەی خۆی نیە، طیارە هەموو جێگایەک ئەگەڕێ، لەبەر ئەوە لازمە کە موافقی لسانی هەم جیوار بە کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی

بنوسرێ که بەم وسیلەیەشەوە موحیبەت و صمیمیەت دراوسێکانمان زیاتر جلب و تأیید بکەین.

واقعا بنده خۆم قودرەتی تحریری عربیەم نیە، فقط ئەم خزمەتە راجع بە أربابی مقتدرەی خۆی ئەکەم، کە بەناوی خزمەتی وطنیەوە دریغی لە مساعده نەفەرمون. تعرض سیاسیات ناکەم. مباحث و مقالاتێک کە مضر بێ بۆ سیاسەت و سلامەتی مەملەکەت قبول و درجی ناکەم. بە غیر از حوادثاتی محلیە و مقتبسە اساسی پروغرام تعقیب و ترقی معارف و تأییدی منافعی ادبی، اقتصادی و اجتماعی مەملەکەتە. لەم حدودەدا ابرازی معاونت لە هەموو مقتدران و هەم وطنی رجا و تەمەنا ئەکەم.

(امید استقلال ژماره ١٤)، ڕۆژی ١٠ی کانونی ثانی ١٩٢٣/٣٤٢)

تێبینی: لە یەکەم ژمارەی (امید استقلال)ەوە تا ئێستا ئەمە سێ (مدیری مسئوول) گۆڕا. یەکەم خواجە افندیزاده احمد صبری تا ژماره (٣). لە ژماره (٤) بە دواوە رفیق حلمی تا ژماره (١٣) لە ژماره (١٤) بە دواوە حسین ناظم ئەویش تا ژماره (١٦). لە ژماره (١٧) بە دواوە ناوی مدیری مسئوول یاخۆ سەر محرری پێوە نییە، ئەمەش وادیارە بەهۆی دانەمەزراوی ئەو ڕۆژانەوە بووە لە سلێمانیا کە بەربەرەکانیەکی توند و بەهێز هەبوو لە بەینی میللەت و کورد پەروەران و بەینی دوژمندا و تێکچوونی شێخ مەحمودیش لەگەڵ ئنگلیزدا تا ئەهات پەرەی ئەسەند.

بەهەر حاڵ ڕەنگ هەیە لابردنی مامۆستا رەفیق حلمی لەسەر ئەو نووسینەی بێت کە لە ژماره (٩)ی امید استقلالدا لەژێر سەرناوی (حکومەتی ملیە، فائدەی چی؟) بڵاوی کردەوە و ئێمەش کورتەیەکمان لێ نووسیوەتەوە. دوور نییە زمان بەدەکان لای شێخ تێچپێنیان بۆ کردبێ و ئەویش حوسێن نازمی بە باشتر زانیبێت لەو.

هەروەها وەک وتمان ئەم پیاوەش دوای سێ ژماره ناوی نەما.

**- کورتەی مەقالێک امید استقلال- ئیتر بەسیە خەوی غەفڵەت تاکەی؟**

..... بۆ خاتری خوا و پێغەمبەر ئیتر بەسیە ئەم خەوی غەفڵەتە تاکەی و تاکەی خلقی استفادەمان لێ بکات و ئەم فرسەتە عظیمە بۆچ لەدەست بدەن. ئەگەر ئەم غنیمەتە لە دەست بدرێ ئیتر پەشیمان بونەوە بێ فائدەیە. ئیدی محکومی ذیلەت و سەفالەت و مەنقوری عالم ئەبین. ئێمە لە ڕێی حقوق و استقلالیەت نامە و سەربەخۆیی کورد و کوردستان بەجان و دل سعی ئەکەین و بە هەموو صورەت و وەسیلەیەک تەشەبوساتمان کردوەو ئەیکەین، ئێستا ئومیدمان قطع نەبوە. لەگەڵ هەموو دراوسێکانمان ئەمانەوێ کە بە دۆست و خۆشوەقتی و بە خۆشەویستی چاک رابوێرین و بە هەموو نەوعێک معاونت و حەقی داروسێتی بەجێ بهێنین. فقط بەشەرتێک ئەویش قدرو قیمەت و حقوقمان بە تەمامی بناسێ و أعترافمان پێ بکات چونکە ئێمە میللەتێکین زیلەت قبوڵ ناکەین و بۆ محافظەی شەرەفمان مع الافتحار حیاتی خۆمان بەخت ئەکەین.

ئەی برادەری عزیز و جەنگاوەری کورد: حضرتی مەلیکی کوردستان (دام شوکتە) ئەمە مودەتێکی زۆرە لە سلیمانی بە هەموو عەزم و قودرەت و بەروح و ماڵ بۆ ژیان و وەرگرتنی حقوقی کورد و کوردستان سەعی فەرموە و قطعیا قصوری نەکردوە . انشاالله خواو پێغەمبەر ظهیرمانە لە برادەرانی عزیزی کوردیشمان یەکێتی و اتفاق طلب ئەکەین. ئەمڕۆ ڕۆژی میللیەتە، ڕۆژی سەعی و غیرەتە، استراحەت و نوستن هیچ سەمەرێکی نییە. بۆ آخر روژمان ناوونیشانیک کافیە. قسمی جنوب وضعیەت دانی مجبوریە چونکی میلەتێک و پارچەیەکە خزمەتی جوێ بونەوەی عەرەب و تورک و ئیران لەیەکتر ئەکات. لەبەرئەوە ئومیدمان هەیە زو بە زو ئێمە نائلی حقوق ببین.

(امید استقلال، ژمارە ١٦)

روونکردنەوە: ئەم نووسینە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو وەقت و کاتەی تێدا نووسراوە

(توتر) بەشێوەیەکی گشتی لەناو شار و لە دەرەوەدا پەیدا بووە ئینگلیز لەگەڵ مستەفا کەمال و لەگەڵ حکوومەتی تازە دانراوی عیراقدا ئیشی خۆی ساز کردووە. ئیتر ئیشیان بە شێخ مەحموود و بەکورد نەما، کاروبار بەرەو ئەوە دەڕوات سلیمانی بخەنە سەر عیراق...

**- ضیاعەتێکی گەورە- وەفاتی حاجی حسن أفندی:**

لە أشراف و متحیزانی بلده حاجی حسن افندی رۆژی سێ شەممەی رابوردو (٥) شباط ٣٤٠ وفاتی کردوە. حقیقتا ضیاعی ئەم زاتە بۆ ئەم شارە موجبی تأثر و تأسف بوو. بەناوی اشراف و عموم أهالی مەملەکەتەوە لە عائلەی محترمەیان بەیانی تەعزیە و تەمەننای تەسلیەت ئەکەین.

امید استقلال

(امید استقلال، ژمارە ١٧)

ئەوەی شایانی باسە: حاجی حەسەن ئەفەندی باوکی عارف ئەفەندی و حاجی عەلی ئەفەندی و برای حسێن ئەفەندییە، حسێن ئەفەندیش باوکی عەبدوڵڵا بەگ یاوەرە.

**- لە کوردستانی شیمالەوە بۆ غەزەتەی امید استقلال- ئاخ بۆ بەدبەختی کورد:**

لەمەوپێش لە غەزەتەی بانگ کوردستان دیم کە لە مرکزی کوردستان (سلیمانی) قەومی نجیبی کورد بە معاوەنەتی حکومەتی بەریتانیا و جد و جوهدی سالاری سەرداری کورد حضرتی مەلیکی کوردستان (ملک محمود اول)ەوە نائل ئامال و مقصود بوون و بە استقلالیەتی خۆیان شاد بوون و ئەم وەتەنە موقەدەسە و ئەم قەومە نەجیبە لە شێلان و ئەسارەت نەجاتیان بووە. بە بیستنی ئەم خەبەرە وەک لە خەوێکی غەفڵەت و استراحەت بە تەقینەوەی دەنگی بۆمبایەکی دوسەدو پەنجا کیلۆیی خەبەرم بیێتەوە، بۆ مژدەیش وا وشیار بوومەوە و چاوێکم بە خەریتەی دنیا و تواریخدا گێڕا کە

دیم کوردستـان موقعی جغرافی و ناوی تـأریخی میللەتێکە حقیقتا لایق بە بەشی أستقلالە. سوجدەی شوکرم بەجێهێنا و بەدلێکی مسرور بە روویەکی بەشوش و کەیفخۆش بەیانی تەشەکوری ئەم نیعمەتە بێ پایانەم لە حکومتی بریتـانیـا و مـأمورانی حکومت کرد و بەناوی هەمـوو مـیللەتی کـوردو وطنی کوردستانی شیمالیەوە تەمەنای موەفەقیەت و دەوامی حضرتی ملک محمود أول ئەکەم لە ڕۆژی ٢٨ نیسان ٣٢٨دا دووبارە بیستم کە حکوومەتی معظمە عـەکسی ئەو لوتف و شـەفـەقـەتـە کە بە کـوردایەتی کـردبوو مـعـاملە ئەکـاو بالعموم میللەتی کوردستانی جنوب لە ژێر ئەمری باشقوماندان حضـرتی مـەلیک کوردستاندا بۆ أدعای حقوقی میللی مجبوری قیام بوون حەتا لە طرف حکوومەتەوە بە قیوای بەڕڕی و هەوائی تعقیب ئەکرێن.

..... بۆم مـعلوم بوو کە ئەم بـێ لوتفیـەی حکوومـەت واسـیتـەی تزویراتی بەعزێ ئەشخاسی مەنفەعەت پەرست و بێ وجدانە من ئەبینم کە حکوومەتی بەریتانیا جیددەن ئارەزووی سەربەستی و تأسیس حکوومەتێک ئەکات بۆ کورد... ئەی برادەرانی کورد ئەمین بن مادام ئەم عەسرە عەسری میللەتە و هەرکەسـە بۆ خۆی بەشێ ئەپچڕێ، ئێمەش باجلەوی خۆمان نەدەینە دەست خـەلق، بە جـان و بە مـال سـەعی بکەین و هەمـوو فیـداکاریەک... تـأمینتـان ئەکەم میللەتی متمدن ئارەزووی ترقی و سعادتی ئەم میللەتە نەجیبە ئەکەن قطعـیا طرفداری اضـمـحلالمان نـین چونکە جێگەی کـوردسـتـان بۆ هەمـوو لایەکیـان سـەددە و بە هەمـوویان لازمین. ئیـتـر بە ناوی هەمـوو مـیللەت و وطنەوە دوعای موەفەقیەت و مەتانەتتان ئەکەین.

لە شارێکی کوردستانی شمالی رئیسی جمعیەتی حقوقی ملیە. کوردێک زاتەن کـوردسـتـانی جنوبی قریبی (٨٠) سـاڵە، حکوومـەتی خـۆی نەمـاوە، هـەڵبەتە ڕەحم بەو وەختە و بەم سەعاتەمان دەکەن.

امید استقلال

(امید استقلال، ژمارە ١٧)

ڕوونکردنەوە: وادیارە ئەم نووسینە کە بەناوی کوردێک لە شارێکی کوردستانی شیمالییەوە بڵاوکراوەتەوە، هەر هی نووسەرێکە لە نووسەرانی أمید استقلال. لەم کاتەدا (صراع) لە بەینی کورد و ئنگلیزدا توندتر بووە. چونکە وەک وتمان ئینگلیز بە ئامانجی خۆی گەیشت لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا (معاهدە)ی بەست، ئیتر ئەو چ گوێیەک دەداتە پاڕانەوە، یاخۆ قسەی سەر زاری کاکەی کوردی شمال. کە أمیدی استقلالیش دەڵێت کوردستانی جنوبی (٨٠) ساڵە حکوومەتی خۆی نەماوە. مەبەس لە نەمانی حکوومەتی بابانە کە لە ساڵەکانی بەینی ١٨٤٧-١٨٥٠دا ئەمارەتی بابان لە ئەنجامی هێرشی هێزی عوسمانییەکاندا سقوتی کرد و نەما.

**- سوئی قصد مصطفی کمال پاشا:**

مصطفی کمال پاشا کە وەختێک لە أزمیر لەگەڵ عائلەی خۆیدا بە استراحەت مشغول ئەبێ، یەکێک طلبی ملاقاتی رئیسی جمهوریەی تورکیا ئەکات و داخلی ئەو مەوقیعە ئەبێ و غەفڵەتەن بۆمبایەک ئەهاوێتە لای (مشار الیە)وە. تصادفی نەکردوە و ئەو شەخصە فیراری کردوە.

**- أستقالەی مامۆستا حسین ناظم لە ئیشوکاری غەزەتە:**

لەبەر مەشغەڵەتی وظیفەی أصلی خۆی مدیری غەزەتە جەنابی حسین ناظم أفندی لە ڕۆژی ٢٠ کانونی ثانی ٣٩ لە ئیشوکاری غەزەتە استعفای کرد. ئەم غەزەتەیە. غەزەتەیەکی حکوومەتیە، لە طرف هەرچی کەسێکەوە مقالەیەک کە بۆ وطن و میللەت مەنفەعەتی ببێ، بۆ دائرەی مطبعە بنێررێ مع الممنونیە لە پاش سانسۆری لە طرف مأموری خۆیەوە یا طبع وەیا أعادە ئەکرێتەوە.

امید استقلال (ژمارە ١٧)

**بۆ دوور ولاتییەکان:**

ئەی برادەرانی دوور وطن. مـدەتێکە لەبەر انقـلابات و تبدلاتی زەمـانە لیم دوورکــەوتونەتـەوە. من بەشـــەوو بە ڕۆژ بـۆن ئەکــەم، چاو ئەگــێـڕم، گــوێ هەڵئەخـەم، نەبۆن و دەنگی پێ و نە وجودتـان ئەبینم. لە خـزمـەتی ئەم وطنە مقدسـەتان دوورکەوتونەتەوە. ئەمڕۆ ڕۆژی میللیـەتە. لەناو أقـوام و مـیللەتی جیـهاندا نـاوی أسارت (حک) بە سـەربەستی تبدیل کرا. ئەو میللەتە تازە لە اسـارت نـەجـاتی بوە، بە اسـتـقـلالیـەت ناشـوکرن. هێـشـتـا بەسـەر مـیلەلی سـائرەدا، داوای حـاکـمـیـەت ئەکـەن. زۆر قـەوم کـە نە نـاوی وطن و نە ناوی میللەتی خـۆیان بە تەواوی ئەزانن، ئەمڕۆ صـاحـیبی اسـتـقـلالن. چە وەختێ کورد بێ ناو و بێ شـأن بوە؟

ئەگـەر فکر بکـەینەوە لە مـوددەی ئەم پێنج شـەش سـاڵەدا چ شـێـلان و... دی. ئیـسـتـاش بە بومـبـاردومـان چەند هەزاران بیر و خەنـدەقم لێ هەڵکەنرا. هەڵبـەتـە وجـدانتـان قـبـول ناکـا، هەر لە ژێر ئەم أسـارەت و فـەلاکـەتە و تەخریبـاتی بۆمـبـاردومـان بمێنمـەوە. وەطەنی خـەڵک بە اسـتـقـلالیـەت و بەم واسطـەیە بەباغ و باغـات و ڕێگـە و شـەمـەندەفـەر و تەرەقی تیـجـارەت و تەوسـعی مـعارف تەزیینی ئەکەن، کـەچی ئێـمـە دائیـمـا بە بۆمـبا تەخریب و بەناڵەی طوب تهدید و بە بەیاننامـەی رەسـمی تەخـویفمـان ئەکـەن. پارچە بۆمبـا چەند هەزاران طفلانی معصوم و حیواناتـی بێ گوناهی پارچە پارچە کرد. چ ویژدانێ قبـوڵی ئەم وقعـە گیـانسـۆزە ئەکات؟ بۆچ داوای مـوڵکانەی ئەمـلاکی خـۆمـان بکەین ناحـەقـیـیە؟ وەختـی راوەسـتـان نیـە، رجـا ئەکەم بۆ ادعای حقوق بەیەک دەنگ هاوار بکەین.

سلیمانی

(امید استقلال، ژمارە ١٨)

تێبـینی: لێرەوە بۆمـبـارانی ئینگلیـز بـەسـەر سلێـمـانیـدا دەسـتـی پێ کـرد. ئەو

نووسینەی سەرەوەش لە هی مامۆستای مەزن خوا لێخۆشبوو زێوەر دەکات.

**– بۆ مەکتەبلیەکان– قوتابیەکان:**

ئەوانەی کە قەیدیان لە مکتب هەیەو مدەتێکە دەوام ناکەن، ئەگەر بە تەمای دەوام و خوێندن بن لازمە لە أعتباری رۆژی شەممەوە تا رۆژی پێنج شەممە مراجعت بە مکتب و ناوی خۆیان لە قەیدی تازەدا لەسەرەوە قەیدو ئیتر منتظما دەوامی مکتب بکەن. ئەم طەلەبەیەی خلافی ئەم اعلانە حرکت بکات لە پاش هەفتەیەک لە رابواردنی ئەم اعلانە قەیدیان ترقین و جاریکی تر لە مکتب قبول ناکرێن.

١٣ مارت ٣٤٠ مدیریتی اعدادی

(امید استقلال، ژمارە ١٨)

تێبینی: لە کاتی بۆمبابارانی شارەکەدا، هێشتا ادارەی مکتب سوورە لەسەر قەیدی ناوی قوتابی و دەوامکردنیان لە قوتابخانە. ئافەریم بۆ ئەو دڵسۆزی و نیشتمان پەروەرییە.

**– أعلان– دۆزینەوەی هێستر:**

چەند شەوێک لەمەوپێش لە طرف دەوریەوە دوو ئێستر بە دەست پیاوێکەوە بینراوە. کە دەنگیان لێ کردووە، ئێسترەکانی بەجێ هێشتوە و خۆی رای کردوە. ئێسترەکان لە پولیسخانە محفوظن. صاحیبیان هەرکەسێکە مراجعت بە پۆلیسخانە بکات، کە تسلیمی بکرێتەوە.

قوماندانی مرکز – (امید استقلال، ژمارە ١٨)

**– مجلسی مبعوثانی عیراق:**

سامراء، کاظمیة، بغداد، بعقوبة، اربیل و کۆیە: بۆ مجلسی مبعوثانی عیراق اعضایان انتخاب کردوە.

**– مذاکره موصل:**

هەرچەند بۆ مذاکرەی موصل وقت تعیین نەکراوە، فقط محلی مذاکره بە صورتی قطعی استانبول دەبێت.

**– معاهدەی لوزان:**

موادی معاهدەی لۆزان دفعەی ثانیە تدقیق و لە مجلسی اعیانی ئینگلتەرە تصدیق کرا. لەم مجلسەدا (لورد کرزن) گوتی ئینگلتەرە لازمە تەماشای رابوردوو نەکات و بە نظر دۆستێکی قدیم و اتفاقێکی تازە هەموو ئارەزووی تورک جێبەجێ بکات.

(امید استقلال، ژمارە ١٩)

ڕوونکردنەوە: لە پەیمانی (سیڤەردا) کە مافی کورد دیاری کرابوو، تورکیا نەچووە ژێری. بەڵام کە پەیمانی (لۆزان) لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣دا ئیمزا کرا. بە تەواوەتی کورد فرۆشرا. ئەوەتا جەنابی (لورد کەرزن) دەڵێ پیاو نابێ گوێ بداتە ئەو پەیمانانەی لەوەپێش داویەتی، مادام تورکیا لەگەڵمان بەو جۆرەی دەمانەوێ رێککەوت، پێویستە هەموو ئارەزوویەکی جێبەجێ بکەین.

**– بۆمباردومان:**

لە ١٢ی مارتدا بە پێنج طیارە ئاوایی حمەی سان أحمد کە لەوبەری سیروانە، بومباردومان کراوە. لە طیارەکان یەکێکیان سقوطی کردوە لە ١٦ مارتدا لە سلیمانیەوە لە استقامەتی شارەزوورەوە تەقینی ٢٠–٣٠ بومبا بیستراوە و محلی بومباردومان هێشتا معلوم نەبوە.

**– لە بەینی قەلا سیوکە و سورداشدا شەڕ:**

مدەتی دەپانزە ڕۆژێکە، لە بەینی شێخی عەودالان و قەلاسیۆکەییدا شەڕ بوە و وەکو خبرمان زانیوە صلحیان کردوە.

**- پولی تازەی کوردستان:**

ریاسەتی مالیە قیمەتی یەک و هەشت ئانەیی و بۆ طاپۆ پێنج روپیەیی، پولێکی تازەی احداث کردوە، ئەم پولانە لەسەر زەمینی سەوز وەکو نمونەی چاپکراوی وەهایە کە لە خوارەوە دیاری کراوە.

(ژمارە-١٩ امید استقلال)

**- تشبثاتی مالیە- هەوڵدانی دەرکردنی بانقەنوط:**

لەپاش دروستکردنی پول، رئیس مالیە بەجدی خەریکی تدارەکی مقدارێکی زۆر ئاڵتونی سکەدار و بێ سکەیە کە لە صندوقدا بە تأمینات دای بنێ و بە مقابل ئەو ئاڵتونە بانقە نوط چاپ بکات و بیخاتە موقعی تطبیقیەوە.

(امید استقلال ژمارە- ٢٠)

تێبینی: نازانین رەئیسی مالیە لێرەدا هەر خواجە عەبدولکەریمی عەلەکەیە یان نا، بەڵام هەر کەسێکە ئافەرم بۆ ئەو نەخشەیەی بەدەستییەوەیەتی. پارەش بەبێ (غطاء) طەبع ناکات تاکو ئاڵتون لە سندوقدا دادەنێت و نەیکاتە زامنی ئەو بانکە نوتە (Bank Note)ی کە دەری دەکات بۆئەوەی پارەکەی (بچێ).

**- پولی کوردستان:**

ئەمڕۆ پولی چوار روپیەو نیوی و یەک روپیەیی طبع کراو خرایە موقعی تطبیقەوە.

(امید استقلال، ژمارە- ٢٠) ڕۆژی ٣ نیسان/ ٢٩ شعبان ١٩٢٣/٣٤٢

**بۆمباردومان:**

٢٧ مارت کە مصادفی ڕۆژی پێنجشەنبە بوو، چوار طیارە، قەرەچەتان و

گردەبۆری لەسەعات ٣ ڕۆژدا بۆ سەعاتێک و پێنج دەقیقە بۆمباردومانی کردوە و لە عەینی ڕۆژدا سەعات هەشت و نیو سێ تەیارەی تر عەوداڵان و أطرافیشی بۆمباباران کردوە.

(أمید استقلال، ژمارە– ٢١–، ٣ نیسان/ ٢٩ شعبان ١٩٢٣/٣٤٢).

روونکردنەوە: رەنگ هەیە لەم کاتەدا حکوومەتی کوردستان و شێخی نەمر روویان کردبێتە ئەشکەوتی جاسەنە لە ناوچەی سووورداش. هەر لەبەر ئەوەیە ئەو فڕۆکانە ئەو دەوروپشتەیان بۆمباباران کردووە.

**– مشاهداتی غریبە:**

وەکو لە جەرائیدی عێراق و سائری بغدادەوە خوێنراوەتەوە بۆ لیوای سلێمانی عزت بگ عثمان پاشاو أحمد بگ توفیق بگ و میرزا فرج و محمد بگ فتاح بگ جاف بلا انتخاب بەمبعوث تعین کراون.

ئەمە تصادفی غەریبە. بە قوانینی أساسیە مبعوث بە أنتخابات تعین کردن حقوقی ملیەیە. فقط نازانین چۆن ئەم زەواتە بەبێ معلوماتی میللەت بە مبعوث ناسراون وابزانین ئەمانە بە تعیین مأموریتی مبعوثیان توجیە کراوە. ئێمە کە لە خوارەوە ناومان نوسراوە و هەیئەت وأشراف و خانەدان و متحیزیان و علمیە و تجاران و أهالی و کسبە سلیمانین، لەم انتخاباتەدا قطعیا ئاگادارنین. و زاتەن بۆ زانینی انتخاباتیش لە مەملەکەتی ئێمەدا نشر نەکراوە و عالم کورد بۆ خاریج خۆی مبعوث تعیین کردنیشی بەبێ مقدرات و حقوقی ملیەی حاضرە مستحیلە. نە فەخامەتی مندوب و نە حکوومەتی علیەی عرب ئەم حقوقە مشروعە میللیەمان نابێ غصب و بۆ أمالی (چەن أشخاصێک...) ئیمحا بکاتەوە. ئەمە شتێکی غەریبە، (فأعتبرو یاأولی ألابصار) مبعوث بۆ میللەتێکی حاکمەیە یەعنی یەکێک لە حەقی حاکمیەتی میللیە أنتخابی مبعوثە.

ئێمە ئەگەر مبعوث انتخاب بکەین بۆ تأمینی حقوقی میللیە و أکمالی

نواقصی داخلیمان لەناو خۆماندا لە خۆمان بە أصولی أنتخاب ئەو کەسانە شرائطی قانونیەیان تیا موجود بێ انتخاب ئەکەین. ئەمڕۆ ئەم وظیفەیە هەتا أنکشافی حقیقت و تسلیمی حقوق و موجودیەتمان تودیع مجلسی میللیمان کردوە.

وەکو وتمان چونکە ئەم مبعوثانە بە أنتخابی ئێمە نەکراون، أعتمادیشمان پێیان نیە. لەمقررات و تعهداتیشیان علاقەدار نین. بۆ ئەمەی لە عمومەوە معلوم بێت لطفا بەجریدەی أمید استقلال أعلان بە ناوی عمومەوە رجا ئەکەین. ئەشرافی مەملەکەت: جنابی محمد ئاغا، غفور ئاغا، حمدی بگ رشید پاشا، صالّح پاشا، محمد فؤاد بگ، فتاح بگ حاجی أبراهیم بگ، سابق بلدیە رئیسی محمود أفندی، عبدالفتاح چلبی، مجید بک حاجی رسول بگ، عارف افندی حاجی حسن افندی، أمین افندی مصرف کاتبی، محمد بگ فتاح بگ.

علمای کرام: جنابی مفتی افندی، ملا حسین پیسکەندی، شێخ عمری شێخ أمین، شێخ جلال أفندی، ملا مصطفی کوردی، مەلا خالید، شێخ لطیف، حاجی مەلا رسول، ملا محمودی حاجی علی.

تجاری مەملەکەت: جنابی حاجی سعیدئاغا، حاجی ملا محی الدین، حاجی أمین کاکە حەمە، حاجی ئاغا فتح اللە، حاجی فتاح قادر، حاجی کریم عنبەرخان، حاجی مەلاسعیدی شالّی، حاجی حمە ڕەحیم، میرزا عارفی کاکە حمە، حاجی حسن حاجی محمودی ڕەش، توفیق أفندی محمود ئاغا، حاجی صالّح خفاف، حاجی فرج قاسم، حاجی محمودی کاک علی، حاجی أبراهیم ئاغا، رشید ئاغای حاجی أبراهیم ئاغا، میرزا توفیق قزاز.

ساداتی کرام: جنابی سید عبدالله أفندی، سید عبدالکریم افندی، سید نوری افندی نقیب، شێخ علی افندی سەرکار، شێخ صالّح افندی قاضی،

شێخ محمد أفندی گولانی، شێخ قادر أفندی موفتی، خطیب سید عبدالله أفندی.

موسەوی مملەکەت: حاخام خواجە میرە أفندی، صالح بنوشی، یعقوب حسنەجو، سلمان صراف، ئیسحاق معلم...........

عطاری مملەکەت: حاجی محی الدین، رشید حاجی فتاح، سید علی سید مصطفی.

کەوشدروی مملەکەت: حاجی صالح حاجی مارف.......

بقاڵی مملەکەت: مەلا فرج، حمە شریف گەبرگە.......

ئاسنگەری مملەکەت: حاجی ڕشید، حاجی سعید......

(امید استقلال، ژمارە (٢٢)، ڕۆژی ١ نیسان، ٦ ڕمضان ٣٤٢)

ڕوونکردنەوە: وەک لەمەو پێش ڕوونمان کردەوە، باری ئەم سەردەمەی وڵات، بەرەو (الحاق)ی سلێمانی، بە حکوومەتی عێراقەوە دەڕوات و بە (لیوا أعتبار کراوە) هەردوو حکوومەتی ئینگلیز و عێراق کەوتنە یەک بۆ نەهێشتنی حوکمی شێخ مەحمود، لە وڵاتیشەوە هەر لە شارەکەدا دەستی نهێنی ئیشی کرد لە ژێرەوە، لەشکری شێخ مەحموود هیچی پێ نەکرا لە نۆزدەی تەمووزی ساڵی ١٩٢٤دا، شێخ مەحموود سلێمانی بەتەواوەتی بەجێ هێشتەوە، عەسکەری عێراق و ئینگلیز شارەکەیان گرتەوە. شێخ مەحموود رووی کردە جاسەنە و لە دواییدا بەرەو پێنجوێن و پیران....

**- حیات چلۆن صرف ئەکرێ:**

ئەمە مسألەیەکی مهمە، لە معاملاتی حیاتیەدا، چ ڕێگایەک کە أیجاب ئەکات. أنسان تعقیبی بکات؟ أموری زاتیە چلۆن تسویە بکرێ، أطفال چلۆن تربیە بدرێن. مقابل بە وطن ئەو وظیفەیە کە أنسان مدیونیتی چلۆن أیفای بکات. ئەو منابع و ثروت و سعادەتەی کە خالق بەخشیویە بە بەشەر چلۆن استفادەی لێ بکرێ، عملمان ئایا بۆ خۆمان ئایا بۆ غەیرمان، بۆ خاطری

موفید بێ، قوەتمان چلۆن صرف بکەین؟

عجبا ئەم محرومیەتە، ئەم مأیوسیەتە، ئەم بێ موبالاتیە، ئەم غرض و نفسانیەتە، ئەم عداوەت و نیفاقە، ئەم عظمەت و عنادیە، ئەم بێ صحت و تیجارەتە، ئەم ضررو زیانە چلۆن لائەبرێ؟ شوبهەی نییە عیلمە، مع التأسف رغبەت بە علم و بە أهلی علم لەم منطقەیەدا کەم بوە.......

(أمید أستقلال، ژمارە ٢٣، ڕۆژی ٢٤ نیسان ١٣٤٠، ٢٠ رمضان ٣٤٢)

ڕوونکردنەوە: ئەوەی سەرەوە (مقال)ێکی دور و درێژە کە هەمووی مەئیوسیەت و دوژمنایەتی ناوخۆ و نیفاق و عینادی... پیشان دەدا، بەجۆرێک وادیارە ئەو ڕۆژانە زۆر ناخۆش بوون لە ژیانی شارەکەدا.

**- تصدیقی معاهدەی لۆزان:**

معاهدە نامەی لۆزان لە پاش تصدیقی لە مجلسی عوام و لۆردەکان دا لە طرف قراڵیشەوە تصدیق کرا.

ڕوونکردنەوە: باسی پەیمانی لۆزانمان لەمەوپێش کرد پێویست ناکات دووپاتی بکەینەوە. واتا پەیمانەکە لە مجلسی (عموم)ی بریتانی و ئەنجوومەنی لۆردەکان (أعیان) و لە طرف (ملک)ەوە تصدیق کرا.

**- خبراتی داخلی:**

بۆبێ معلوماتی أهلی لەسەر تشبثات و مراجعتی.... (بەگ) بۆ محافظە و منفعتی شخصی خۆی.... مقدارێک سواری لە حکوومەتی بەریتانیا سەندبوو. بواسطەی ئەم قوەتە خەریکی غەدر و تعرضاتی أهالی بوو، لەسەر ئەوە عموم أهالی أطراف و عشائر مجبورا قیامیان کرد و تعرضی ئەو قوەتەی..... بەگیان کردبوو، تا شاری ئەڵەبجە تعقیبیان کردبوون.

لە پاش ئەم وقعەیە مفتشی کرکوک میجەر ادمونس بە سێ تەیارەوە ئەچێتە ئەڵەبجە لە حینی طیراندا تەیارەکەی کە میجەر ئەدمۆنسی تیابوو،

سقوطی کردوه، خۆی دەستی شکابوو، ماکینێستەکەی سەری شکابوو، بە دوو طیارەکەی تر ڕۆیشتبونەوە بۆ ئەڵەبجەو طیارەکەی تر بەشکاوی لە ئەڵەبجە بەجێ دێڵن و (خانم وەسمان پاشا بۆ محافظەی هەموو شتێکی خۆی جافرسانی هێناوەتە ئەڵەبجە) و زاتەن ئەو قوەتە سوارەیە کە لەناو ئەڵەبجەدا سوارەکانیان بە طمع ولاخ و سلاحەکانیان لە خۆیان تقسیم کردوە...........

(امید أستقلال، ژمارە- ٢٥)

تێبینی: ئالێرەدا أمیدی استقلال تەواوبوو، واتە لە دەرچوون کەوت. دوا ژمارەی وەک وتمان (٢٥)ی ڕۆژی پێنجشەنبە ١١ شوال ٣٤٢، ١٥ مایسی ١٣٤٠ ئەم تاریخە دەکاتە ١٥ مایسی ساڵی ١٩٢٣، جا خوابکات بە هەڵە نەچووبین.

**ڕۆژەکانی کۆتایی حوکمی شێخ محمود- شۆڕشەکانی کورد: سجادی:**

کە شێخ مەحمود رووی کردە قەمچوغە و جاسەنە، فڕۆکە و باڵۆن هەموو ساتێک بەسەر سەریەوە بوون، بەڵام دڵقایمی و ئازایی شێخ مەحمود و پیاوەکانی لەوەدا نەبوو کە سڵ لەوجۆرە شتانە بکەنەوە. شەڕ لە بەینی حکومەتی کوردستان و ئینگلیزدا بووبوو بە داشی دامە، هەر جارە بەلایەکدا دەسووڕایەوە.

لەو ماوەیەدا کە شێخ لە دەرەوەی سلێمانی بوو. ئینگلیز جەورێکی زۆری دەنواند لە سلێمانیدا، هاتوچۆی پیاوی شێخ مەحمود بە دزییەوە هەر هەبوو بۆ سلێمانی. ئەم جەورە هۆشێکی تری هێنایەوە بە بەرخەڵکا. لەلایەن شێخ مەحموودیشەوە سەرۆکی عەشرەتەکان. بە تەواوەتی لێی کۆبوونەوە و هاتنە سەر ئەوە کە بە پەلاماردانێکی مردن و ژیان، پەلاماری ئینگلیز بدەنەوە و سلێمانی لێ بسێننەوە. خۆیان بۆ ئەم هێرشە ئامادەکرد و روەو سلێمانی هاتن، لە (١١ی تەمووزی ١٩٢٣)دا سلێمانییان گرتەوە و

ئینگلیـزیان دەرپەڕانەوە، دیسـانەوە شـێخ مـەحمـوود کـەوتەوە قـایمـکردنی سولەیمانی و حـوکمداریەکەی جارانی، تا نزیکەی سـاڵێک بەمجۆرە ئینگلیز هیچی لەگەڵ پێ نەکرا....

لە (١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢)دا پەیمانی چوار ساڵەی بەینی عێراق و ئینگلیـز هاتە پێشـەوە، بەو مـەرجە کە سـەرەتایی ئەم پەیمانە لە وەختـێکەوە دەست پێ بکات، کە پەیمانی ئاشتی لە بەینی عێراق و تورکیادا ببەسترێ. کە پرۆتـۆکۆلی ئینگلیز- عێراقی لە (٣٠ نیسانی ١٩٢٣)دا کرا و بە تەواوی دانی نا بەوەدا کە سەرەتای پەیمانەکە لەو مێژووەی پێشـووەوە بێ، ئیتر ئەم پرۆتۆکۆلە بڕیاری دا کە سلێمانی بکەوێتە پاڵ بەغدا......

جا کە ئەم ئیشـانە لە بەغدا رووی دا، ئیتر دەسـتی نەدەدا، بۆ ئینگلیـز کە پیــاوێکی وەکـو شـێخ مـەحـمـوود مـەلیکی کـوردسـتـان بێت، چونکە ئەو ئارەزووەی کە ئەو هەیبـوو بـە وڵاتی کوردەواری عێراق، وەیا ئەو ئارەزووەی کە ئەو هەیبوو بە عێراق، پیاوەکانی بەغدا بە بارێ سـوپاوە بۆیان جێبەجێ دەکرد.

لەم مـاوەیەدا کە شـێخ مـەحـمـوود لە سـولەیمانی بوو، لە هەمـوو لایەکـەوە بەتایبـەتی لە قـۆڵی پێنجـوێنـەوە سـەرۆکی عـەشـرەتەکـان و هەمـوو جـۆرە کوردێک هاتوچۆیان دەکرد و بەگیـانێکی پاکەوە دەیانویست ئەم حکوومـەتە بمێنـێ. رسـومـاتی حکوومـەتداریش وەکـو جـاران کـۆ دەکـرایەوە و هەمـوو شـــتـــێک لـە رێی خـــۆیەوە دەڕۆیشـت، لـە وڵاتی ئێـــراندا بـە تەواوەتی دڵگەرمییەکیان بەم کوردایەتییە پەیدا کردبوو.

حکومەتی عێراق و حکوومەتی ئینگلیز کەوتنە سەر ئەوەی کە بە تەواوەتی قـۆڵ بکەن بـە قـۆڵی یەکـدا بۆ لەناوبردنی حکوومـەتی شـێخ مـەحـمـوود. وەزارەتی بەغدا، وەزارەتی (جەعفەر عەسکەری) بوو، بە تەواوی لێ بڕا، با هەر جۆرە زیانێکیش رووبدا، هێـرش بەرێتـە سـەر حکوومـەتی سـولەیمانی. بەتایبەتی لە (٤ی مـایسی ١٩٢٤)دا، کارەسـاتی کوشـتـاری بەینی (فـەلە) و

ئەهالی کەرکووک رووی دابوو، لێرەدا شێخ مەحموود زۆر بەسۆز هەڵیدایە و دەیویست لە تۆڵەی ئەو ئیشە ناشرینەی کەرکووکدا تۆوی فەلەکان ببڕێنێتەوە. لەملاوەش مەندوبی سامی بەغدا (سێر هنری دوبس) بە هەموو دڵێکەوە دەیویست ئیشەکە بپۆشرێت، تەنانەت فەتاح بەگی موتەسەرڕیفی کەرکووکی لابردبوو (مجید یعقوبی رئیس بلدیە)ی لە شوێن دانابوو، هەر بۆ ئەوەی برینەکە تەشەنە نەکات، کەچی لەولاوە شێخ مەحموود ریسەکەی ئەمی کردەوە بە خوری و هەر زیاتر لەسەری دەڕۆیشت.

کە کەرکووک تۆزی نیشتەوە، ئەم ناسۆرە لە دڵی مەندوبی سامیدا زیاتر ژانی پەیدا کرد، (مستر کۆرنوالیس) مستەشاری داخلیە و شارەزای کاروباری وڵاتی سلێمانی بوو، مەندوبی سامی ئاخر بڕیاری لەگەڵ دا کە بەهۆی (علی جودت)ی وەزیری داخلیە و (جەعفەر عەسکەری) و دیوانی وزارەوە تا ئاخر هەناسە بڕیار بدەن بۆ لەناوبردنی حکوومەتی شێخ مەحموود. هەموو ئەم ئیشانە کرا و هێزی حکوومەتی بەهێزی عەسکەری لیوی و هێزی هەوایی بەریتانیاوە روو بەوڵاتی سلێمانی کەوتنە جموجۆڵ، سەرەتای شەڕ هەر لە دەوروبەری (چەمچەماڵ و دەربەندی بازیان) دامەزرا. لەبەرئەوەی دەستێکی نهێنیش لە ژێرەوە لە وڵاتی سلێمانیدا هەر ئیشی دەکرد، لەشکری شێخ مەحموود لەگەڵ ئەوەدا پیاوانی وەکو کەریم بەگی فەتاح و (سابیری کەریم بەگ)یشی هەبوو، هەر توانای گێڕانەوەی ئەو هێزەیان نەبوو.

لە ئاخردا لە (١٩ تەمووزی ١٩٢٤)دا، شێخ مەحموود سولەیمانی بەجێ هێشت و عەسکەری عێراقی و ئینگلیز سەرلەنوێ شاری سلێمانییان گرتەوە و ئەمجارە بە هەموو توانایەکیانەوە کەوتنە قایمکردنی وڵاتی سلێمانی و دەرەوەی، وردە وردە رەگی خۆیانیان تێدا داکوتا، ئەمجا هەر بە قسەی ئینگلیز، حکوومەتی عێراق هێنای مولکەکانی شێخ مەحموودی هەموو زەوت کرد و بەیانی دەرکرد... شێخ مەحموود کە سلێمانی بەجێ

هێشت رووی کردە وڵاتی جاسەنە و لەملاوە تا وڵاتی پێنجوێن هەر بەناوی حوکمدارییەوە دەستی بۆ دەبرد. کە هێزی حکوومەت دەچووە سەری، لەشکرەکەی دەچوونە ئەشکەوتەکانەوە و ئیتر هیچیان پێ نەدەکرا.

هەروەها لە حوزەیرانی (١٩٢٥)دا مەندوبی سامی بەغدا و حکوومەتی عێراق فەرمانێکیان دەرکرد کە هەر کەس شێخ مەحموود بگرێ، چ بە زیندوویەتی و چ بە مردوویەتی، شەست هەزار روپیەی دەدرێتێ، وە بۆ کەریم بەگی فەتاح بەگ و بۆ سابیری کەریم بەگ هەریەکە (٢٠) هەزار روپیە بەخشیش دانرابوو بۆ ئەو کەسەی بیان کوژێ یاخۆ بیان گرێ، کابرایەکی (فەلە)ی لیوی بە خۆگۆڕین چوو بۆ کوشتنی شێخ مەحموود و ئەوانی تر. شێخ پێی زانیبوو، لەپاش پرسیار لێکردن بە تەواوەتی بۆی دەرکەوت کە مەسەلە وایە، ناچار فەرمانی دا بە کوشتنی.

دەرچوونی شێخ مەحموود لە سلێمانی و تێکچوونی حکوومەتی کوردستان لە دڵدا کارێکی گەورەی ئەکردە سەر دڵی کوردەکان و لەبەر هێزی داگیرکەریش ئەوانەی ناو شار نەیاندەتوانی دەنگ بکەن. تەنانەت کوردە ناحەزەکانی شێخ مەحموودیش، تێکچوونی ئەو حکوومەتەیان بەلاوە خۆش نەبوو. چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ئەگەر هەلێکیان بۆ هەڵکەوێ بەسەریا نەچن. جا سەر ئەکەون یا سەرناکەون ئەوە شتێکی ترە.

ئینگلیز هەستی بەمە کردبوو، ئەیویست بەجۆرێکی (غیر مباشر) تا پێی بکرێ دڵی کوردەکان راگیر بکات. بەتایبەتی ئەوا شێخ مەحموود لەولاشەوە کۆڵی نەداوە و هەر لە شاخەکانایە و زیاد لە قابلیەتی جارانی عەزێتی حکوومەت ئەدا. بوونی ئەو و مانی ئەو، هیوایەکی گەورەیە بۆ هەموو کوردێک.

هەر لەبەر ئەمە بوو کە لە شوباتی (١٩٢٥)دا، لەو کاتەدا کە لیژنەی (کۆمەڵی اقوام- عصبة الامم) هاتن بۆ تێگەیشتن لەو ناکۆکییەی بەینی

عێراق و تورکیا لەسەر مووسڵ. بەریتانیا ئەوەی زیندوو کردووەوە کە ئەبێ کوردەواری عێراق پاڵ بدا بە عێراقەوە، بەڵام بەو مەرجە کە ئارەزووەکانی کورد بەجێ بهێنرێ.

شێخ مەحموود لەگەڵ ئەوەشدا کە لە دەرەوەی سلێمانی بوو، لەملاوە بەتەواوی حکوومەت و ئینگلیزەکانی بێزار کردبوو. حکوومەت بەهیچ جۆرێک چاری نەئەکرد، لەولاشەوە لە خەتی پێنجوێنەوە لەگەڵ هەورامان و مەریواندا دەنگوباسی قسەی داخستبوو کە روو بکاتە ئەو ناوەش، ماوەی بەینی جاسەنە و پێنجوێن و مەریوان دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەرا بوو.

**– ئەدمونس– علی کەمال– صالح زەکی بەگ:**

لەو سەردەمانەدا (مستر ئەدمۆنس) بەقسەی (مستر کۆرنوالیس) مستەشاری داخلیە لەو وڵاتانەدا دەسووڕایەوە، کە کەمتر دەستی شێخ مەحموودی دەگەیشتێ، یەکێک لەو شوێنانە کۆیە بوو. لەو وەختەدا (عەلی کەمال) معاونی پۆلیسی کۆیە بوو، مستر ئەدمونس ئەچێتە لای پێی ئەڵێ کە گوایە ئەو بەڵکو خۆی بگەیەنێتە شێخ مەحموود پێی بڵێ دەست لە ئاژاوە هەڵگرێ و بچێت بۆ بەغدا. عەلی کەمال ئەمەی بەلاوە سەیر ئەبێت: (شێخ مەحموود)ێ کە خۆی بە مەلیکی کوردستان دەزانی، چۆن لە شتێکی وادا ئەکەوێتە شوێن قسەی ئەم، بە ئەدمۆنس ئەڵێ ئەمە ناکرێ بەڵام من ئەتوانم لەگەڵ (صالح زەکی بەگ)دا، کە لەو وەختەدا لەگەڵ شێخ مەحموود بوو، قسە بکەم، بەڵکو ئەو شێخ تێ بگەیەنێ.

لەسەر ئەم تەگبیرە عەلی کەمال قسە لە سالح زەکی بەگ ئەگێڕێتەوە و ژوان ئەدەن لە دێی (خرابە) یەکتر ببینن. دوای ئەوە یەکتر ئەبینن ئاخر قسەیان دێتە سەر ئەوە کە بەڵکو (صالح زەکی بەگ) شێخ مەحموود بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە بچێت بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتنی پیاوەکانی بەغدا بۆ رێککەوتن.

کە ساڵح زەکی بەگ ئەگەڕێتەوە و مەسەلە لە شێخ مەحموود ئەگەیەنێ، شێخ رازی نابێ بۆ چوون، بەڵام بڕیار دێتە سەر ئەوە کە ساڵح زەکی بەگ خۆی بچێت بۆ بەغدا و هەر قسە و باسێکی رێک کەوتن هەیە، ئەو بیبڕێتەوە.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٦)دا ساڵح زەکی بەگ ئەچێ بۆ بەغدا لەولاشەوە ئەدمونس، کورنوالیس تێ ئەگەیەنێت، ساڵح زەکی بەگ عەبدولموحسین ئەلسەعدون وەزیری داخلیە و کورنوالیس مستەشاری داخلیە لە وەکالەتی شێخ مەحموودەوە ئەبینێ، ئیشوکار هەمووی لە دەست کۆرنوالیسدا بوو. قسە و باس دێتە سەر ئەوەی کە شێخ مەحموود وازبێنێ لە هەموو شت و (لە عیراق) بچێتە دەرەوەو کاری بەسەر سیاسەتەوە نەمێنێ و یەکێک لە کوڕەکانی بنێرێ بۆ بەغدا بۆ خوێندن، مڵکەکانی پێ بدرێتەوە و خۆی یەکێک دابنێ بۆ چاودێری کردنیان. ساڵح زەکی بەگ، ئەم قسانەی هەڵگرت و هێنایەوە بۆ شێخ مەحموود، شێخ لەمە زۆر تووڕە بوو بەڵکو هەندێ شتیشی دایە پاڵ ساڵح زەکی بەگ و حەپسیشی کرد.......

لە (٤ی ئەیلولی ١٩٢٦)دا کۆرنوالیسی مستەشاری وەزارەتی داخلیە و یەک دووانێکی تر کە لەوەپێش لەگەڵ شێخ مەحموودا بڕیاری لەسەر درابوو لە خورماڵ نزیکەی سێ سەعات کۆبوونەوە و قسە لەسەر گەلێک شت کرا و لەسەر چەند خاڵێک رێک کەوتن.. بەهیوای ئەوە شێخ بزانێ پاشە ڕۆژ بە چ کارەساتێکی تر ئاوسە. لە (٢٢ تشرینی یەکەمی ١٩٢٦)دا، سەید ئەحمەدی (مورەخەس)ی نارد بۆ بەغدا، بۆ جێبەجێکردن و ئیمزاکردنی ئەو پەیمانانەی لە خورماڵ لەسەری رێک کەوتبوون. لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٧دا حکوومەتی عێراق پەیمانەکەی ئیمزا کرد و سەید ئەحمەد گەڕایەوە بۆ لای شێخ مەحموود کە ئەویش ئیمزای بکات. شێخ مەحموود دواجار لە ئیمزاکردنی پەیمانەکە پەشیمان بووەوە و بڕیاری دا کە بەو جۆرە وا بە ئاسانی ئیمزای نەکات:

ئەمانەش هەندێ خاڵی پەیمانەکەی خورماڵن:

١- شێخ مەحموود خۆی و خزم و پیاوەکانی بە پرس و رای حکوومەت نەبێ نەیەنە عێراق.

٢- دەست لە هیچ ئیشێکی حکوومەت وەرنەداو... تێکەڵاوی هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی نەبێت.

٣- بابا عەلی کوڕی بنێرێ بۆ بەغدا کە لەسەر حسابی حکوومەت بخوێنێ.

٤- ئەو موڵکانەی حکوومەت لێی زەوت کردووە پێی بداتەوە و ئەویش یەکێکیان بەسەرەوە دابنێ کە بیانهێنێتە بەرهەم.

٥- حکوومەت لە هەندێ لە ژێردەستەکانی خۆش ببێ بەرامبەر بە چەند مەرجێک، بەڵام ئەوانەی کە تۆمەتەکانیان زۆر گەورەیە لەوانە خۆش نابن.

شێخ مەحموود لە (٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢٧)دا ئەم نامەیەی بۆ مەندوبی سامی بەغدا نووسی: "لەبەر ئەوەی کە وەختی خۆی حکوومەتی بەریتانیا لە بارەی حقوقی کوردەوە هەندێ قسە و پەیمانی داوە بە کۆمەڵی ئەقوام- عصبة الامم، وە ئێستا لەو قسانەی پەشیمان بۆتەوە، من داوای بەجێهێنانی ئەو پەیمانانە ئەکەم یا خود بەلای کەمەوە بۆ ئەوەی من بتوانم ئەم پەیمانەی بەینی خۆم و حکوومەتی عیراق ئیمزا بکەن، ئەبێ ناوچەی پێنجوێنم بدرێتێ بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە ببێ بە شوێن و جێگەی ئەو کەسانە کە وەکو من داوای حقوقی میللی کورد ئەکەن".

**وەڵامی مەندوبی سامی ئەمە بوو:**

(کۆمەڵی ئەقوام نەیوتوە کە سەربەخۆیی بدرێ بە کورد، ئەوەی وتوە کە پێویستە ئارەزووی کوردەکان بەجێ بهێنرێ، ئەم ئارەزووەش ئەوەیە کە کاربەدەستەکانیان لە خۆیان بێ، زمانی کوردی زمانێکی رەسمی بێ، هەردوو حکوومەتی عیراق و بەریتانیا ئەمانەیان قبوڵ کردووە و کەوتوونەتە

جێبەجێ کردنی).

شـێخ مەحـمـوود کە ئەم وەڵامـەی وەرگرتووە، دەسـتی کردەوە بە شـۆڕش و پێنجوێنی کرد بە بنکەی خۆی.

بەڵام لە مـاوەی ئـەو چەند مـانگەدا کـە شـەڕ وەسـتێنرا بوو، حکوومـەت لە بەینی سلێمـانی و پێنجوێندا گـەلێک کار قایمی کردبوو. نوقتـەی پۆلیسی لە هەموو لایەک دامـەزراندبوو. هێزی هەوایی بەریتانیا بۆ پاسی ئەو نـوقتانە و بۆ چاو ترسـاندنی خـەڵک، هەمـوو وەخت هاتـوچۆی بوو. جگە لەوە هێـزێکی زۆری حکوومـەتی عـیـراق و لەشکری لیـوی و فـڕۆکـەی ئینگلیـز بە جـارێک پەلامـاری شێخ مـەحمـوودیان لە پێنجـوێن و دەوروبەری دا. لە دواییدا، شـێخ بە نـاچاری لـە (٢٠ی نیـسـانی ١٩٢٧)دا پێنجـوێنی چۆڵ کـرد و هێـزی حکوومەتی تێ چوو.

پاش ئەمـە و لەسـەر قسـە و ئامۆژگـاری هەندێک لە دۆسـتـەکـانی شـێخ کـە عەرزی شێـخیان کرد.... قسـەکەیانی وەرگرت و پەیمانەکەی خورمـاڵی ئیمزا کرد و لەگەڵ مـەجید ئەفەندی کـانێسکاندا، بابا عـەلی کوڕی خسـتـە تەک و ناردنیـە بەغدا. لە ڕۆژی ١٧ی حـوزەیرانی ١٩٢٧دا خـۆشـی هاتە پێنجـوێن و لەولاشەوە مـوتەسـەڕیفی سلێمانی و مـوفەتیشی ئیداری ئینگلیـز هاتنە لای. ئەوی لەلایەن پەیمانەکەوە مابوو جێبەجێ کرا.

لە ٢٨ی حـوزەیراندا (جـەعـفـەر عـەسکەری- سـەرەک وەزیر) چـوو بۆ پێنجـوێن و لەگەڵ شـێخ مـەحـمووددا چاویان بەیەک کەوت، قسـە هاتە سـەر ئەوەی کە شێخ مەحمـوود خـۆشی بچێت سەر لە بەغدا بدا، لە (٥ی تەمووزی ١٩٢٧)دا شـێخ مـەحـمـوود گـەیشـتـە بەغدا و لەوێ مـەندوبـی سـامـی چاو پـێ کەوت و لە دواییدا گەڕایەوە بۆ (پیران) لە ناوچەی مەریوان لە ئێران.

**نزیکبوونەوەی لەسەرخۆ بەرەو شەڕی بەردەرگای سەرا**

**ڕۆژی رەشی شەشی ئەیلول- ١٩٣٠**

وڵاتی سلێمانی و کوردەواری کە سەیریان کرد پەیمانی بەینی ئینگلیز و عیراق بەجۆرێک دەبەسترێ هیچ سوودێکی نەک هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ گشت عیراق تێدا نییە. ئەمە ئاژاوەیەکی فیکری لە وڵاتی (سلێمانی)و هەمـوو کـوردەواری عـیـراقـدا نایەوە. داخ و ژاری دوورخستنەوەی شێخ مەحمـوود و تێکچـوونی حکوومەتی کوردسـتـان لە دڵی خـەڵکدا پەنگی خواردبووەوە.

لە مانگی شوباتی ١٩٢٩دا (جەمال بابان، حازم شەمدین ئاغا، حەمە بەگ جاف، اسماعیل رەواندزی، سیف الله خەندان و حەمە صالح بەگی حەمە عەلی بەگ کە ئەمانە نائبی کورد بوون لە پەرلەمانی عیراقیدا) عەریزەکانیان دا بە رەئیسی وزەرا و لە بارەی کاروباری کوردەوە داوای هەندێ شتیان کرد وەک ١- یەکەتی ئیدارەی کوردستان کە وڵاتەکانی کەرکووک، هەولێر، سولەیمانی بگرێتەوە و ئەمانە هەمـوو پێکەوە بن، لیوایەکیش لە قەزا کوردییەکانی مووسڵ دروست بکرێ. چاودێریکردنی کاروباری ئەم یەکەتی ئیدارەیە لە ژێر فەرمانی موفەتیشێکی کوردی گشتیبا بێت کە ئەم موفەتیشە واستە بێ لە بەینی ئیدارەی کوردی و حکوومەتی عیراقیدا.

٢- پارەی مەعاریفی کوردستان لە میزانیەدا زیاد بکرێ.

٣- پارەی کاروباری تری ئەو ناوچانە لە میزانیەدا زیاد بکرێ.

لە ئەنجامی ئەم مراجەعات و هاتنە دەنگەدا، مەندوبی سامی هەر لە ساڵی ١٩٣٠دا نووسراوێکی بۆ دڵخۆشی دانەوەی کورد دا بە (عصبة الامم) داوای.

١- دانانی قانونی بەکارهێنانی زمانی کوردی.

٢- دانانی دەستەیەک لە وەزارەتی داخلیەی بەغدا بۆئەوەی قانون و فەرمان و نیزامەکان بکەن بە کوردی.

٣- معاونی مودیری داخلیە کورد بێت.

٤- قوتابخانەیی لیواکانی هەولێر، کەرکووک، سولەیمانی، لەژێر چاودێری موفەتیشێکی تایبەتیدا بن.

لەلایەکی ترەوە کوردەکان پەیتا پەیتا برووسکە و نامەیان لەلایەن حقوقی کوردەوە دەباران بەسەر کۆمەڵی (عصبة الامم) لە جنێف و بەسەر مەندوبی سامی بەریتانیدا. بەمجۆرە کاروبار لە سلێمانیدا تا دەهات بەرەو گرژبوون دەڕۆیشت، بەڵام رووشیان دەکردە هەر کوێیەک لە ناهومێدی بەولاوە هیچی تریان وەرنەدەگرت... لەگەڵ ئەوەشدا ئەم موراجعاتە حکوومەتی بەغدای شڵەژاندبوو.

بۆ کاروباری پەیمانی ئینگلیزی- عیراقی، سەرەک وەزیران نوری سەعید و مەندوبی سامی (مستر همفریز) چوون بۆ لەندەن، وەکیلی سەرەک وەزیران جەعفەر عەسکەری و وەکیلی مەندوبی سامی (میجەر یانغ) بوو. ڕۆژی (٨ی ئابی ١٩٣٠) ئەم دووانە لەگەڵ جەمیل مەدفەعی وەزیری داخلیە و (جەمال بابان کە بوو بوو بە وەزیری عدلیە) بە فڕۆکە چوونە هەولێر و کەرکووک و ڕۆژی ٩ی ئاب گەیشتنە سلێمانی. کە گەیشتنە سلێمانی (جەعفەر عەسکەری و مێجەر یانغ) لەبەر هەیوانی سەرا، کە خەڵکێکی زۆر کۆ بووبوونەوە: دەستیان کرد بە قسەکردن: لە بابەت جێبەجێکردنی ئەو کارانەی سوودی بۆ میللەت و شار هەیە و گەلێک قسەی تری لەم بابەتە. لەناو جەرگەی قەڵەباڵغییەکەدا (رەمزی فەتاح) راست بووەوە و رووی تێ کردن وتی: "جەعفەر عەسکەری.. ئەم قسانە بخەرەوە تoورەکەکەی خۆت و بیبەرەوە بۆ بەغدا. جارێکی تر ئێمە بەمجۆرە قسانە هەڵناخەڵەتێین و ئەو جۆرە فرمێسکانە دڵمان فێنک ناکاتەوە، بۆ ئەوەی چاو لە سەربەخۆیی و

ئازادی خۆمان بپۆشین" مەبەست لە فرمێسکەکان، فرمێسکی چاوەکانی جەعفەر عەسکەری بوو کە گوایە ئەویش کوردە و دڵی بۆ کورد بەجۆشە و فرمێسکیان بۆ دەڕێژێ.

چوونی ئەم وەزیرانە بۆ سلێمانی و کوردەواری هەمــوو لەســەر بەزمی ئینتیخابات بوو، بۆ ئەوەی حکوومەت دەستە نائیبێک دروست بکا و لە دواییدا بەبێ قسە پەیمانی (٣٠ حوزەیرانی ٩٣٠) لە پەرلەمان بەبێ دەنگ ڕەت بکات. پاش گەڕانەوەیان بۆ بەغدا (تۆفیق وەهبی)یش کە (متصرف)ی ئەو دەمــەی سلێمــانی بوو، وادیارە زۆر بڕوایان پێی نەبوو، لەبەر ئەوە ئەویشیان کێشایەوە بۆ بەغداد (کاپتان گاون)ی موفەتیشی ئیداری ئینگلیز لە سلێمانی بوو بە وەکیلی موتەسەڕیف. لەم کاتەدا کۆبوونەوە و خوتبەدان لە سلێمــانیــدا هەر بەردەوام بوو لەهەمــوو لایەکــەوە خــەڵک ڕژابوونە شارەکەوە، مەبەست لەو کۆبوونەوانە و قسە کردنانەش ئەوەبوو کەوا پەیمانەکە زیان نەبێ سوودی بۆ کورد نییە... لە ڕۆژی (٥) ئەیلولی ١٩٣٠دا حکوومەت کەوتە جێبەجێکردنی (هەیئەتی تفتیش) بۆ ئینتیخاباتی ڕۆژی دوایی. بێ ئەوەی گوێ بدەنە خواستی خەڵکەکە، بۆ ڕۆژی دوایی ٦ ئەیلول هەموو شتێک لە سەرادا ڕێکخرا بۆ ئەو هەڵبژاردنە... پۆلیس و سەرباز لە دەوروبەری سەرادا بە زۆری کۆکرانەوە... خەڵکەکەش لەبەر دەرکی سەرا گــردبوونەوە هانی خــەڵکیــان دەدا کەس دەنگ نەدا... پۆلیس بڵاوەی پێ دەکردن لەولاشــەوە ســەرباز بەری لێشــاوەکەی دەگرتن، کەوتە نزیک چێشتەنگاو پۆلیس دەستی کرد بەتەقە بەسەریانا ئەمانیش بەدار و بەرد و کورسی چاپخانەکان بەربوونە پۆلیسەکان، پۆلیس دەستی کرد بە تەقەی تەواو بەناو خەڵکەکەدا... ئیتر خوێن ڕژا و بەردەرگای سەرای ئاڵ کرد، لەو کاتەدا (١٠٠) سەربازی تر هاتن بۆ یارمەتی پۆلیسەکان، بەوە خەڵکەکە ئەوەندەی تر شێتگیرتر بوون.. بۆیە بە تفەنگ و دەمانچە تەقەیان بەسەر ئەهلی ناو سەرا و دەرگا و پەنجەرەکانی سەرادا دەکرد، پۆلیس و عەسکەر

بە تەواوی دەستیان کردەوە، ئەوەندەی تر خوێن ڕژا.. ناچار فەوجی عەسکەر هێنرا و لە هەموو سەربانی سەرا و چایخانەکان مەترە لویزیان دامەزراند و ئەوانیش دەستیان کرد بە دەستڕێژ... هەتا لای نیوەڕۆ ئەم شەڕە درێژەی کێشا، ئیتر گوللەباران بڵاوەی بە خەڵکەکە کرد.

لەم کارەساتەدا (٤٥) کەس کوژرا و (١٩٥) کەسیش بریندار. دوای ئەوەش دەست کرا بە گرتنی پیاوە ناودارەکانی سلێمانی، گوایە ئەوان هانی خەڵکەکەیان داوە بۆ ئەم کارەساتە هەموو کەلەبچەکران و نێرران بۆ کەرکووک و لەوێوە بۆ بەغدا. دوای ئەوە (١٥٠) کەسی تریش گیران و ئەمجا بە ئارەزووی خۆیان لە دواییدا انتخاباتیان کرد و لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٣٠)دا پەرلەمان کۆبووەوە و ئەوی ویستیان کردیان.

دوای ئەمانە شێخ مەحموود هاتە پێشەوە بۆ تۆڵەسەندنی شەڕی بەردەرگای سەرا، شەڕی ئاوباریک قەوما، شێخ مەحموود دیسانەوە لەو شەڕەدا بەهۆی ئەو عەشایەرە کوردانەوە کە ئەو بە تەمای یارمەتی بوو لێیان، بەڵام بە پێچەوانەوە پشتیان تێ کرد و لەگەڵ ئەولادا بوون بەیەک دژی شێخ کە هەرگیز ئەمەی بە بیرا نەدەهات. لە ئەنجامی ئەم هەموو خەبات و چەوساندنەوە و دیلی و شەڕ و خۆ فیداکردن لە ڕێی ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەیدا، کە شێخ سەیری کرد ئەوە ئەنجامەکەیەتی... ئیتر هات لە ڕۆژی (١٣ مایسی ١٩٣١)دا خۆی تەسلیم بە حکوومەت کرد، حکوومەتیش دووری خستەوە بۆ (سەماوە) ئینجا (ناصریە) ئینجا بۆ (عانە) لە ١٩٣٣دا هێنرایەوە بۆ بەغداد لەوێ دانرا. بەمجۆرە لە بەغدا مایەوە تا ساڵی ١٩٤١ کە هەرای ڕەشید عالی گەیلانی واتا جووڵانەوەی مانگی مایسی ١٩٤١ دەستی پێ کرد، ئەویش بۆی دەرچوو بەرەو گەرمیان و لەوێوە بۆ (داریکەلی)... بەمجۆرە لە گۆشەگیریدا مایەوە تا ساڵی ١٩٥٦ کە بە نەخۆشی هاتە بەغداد لە خەستەخانەی (حیدری) لە شەوی ١٩٥٦/ ١٠/٩دا کۆچی دوایی کرد. دنیای پڕ مەینەت و دەردی سەری بەجێ هێشت

و بەداخـی سـەربـەخـۆیـی کـوردەوە سـەری نایەوە و تـەرمـەکـەی برایـەوە بۆ سلێمانی.

(بە دەسـتکـارییـەکی کـەم و کورتـکردنـەوەوە لە شـۆڕشـەکانـی کوردی خـوا لێخۆشبوو عەلادین سجادییەوە لە لاپەڕە (٧٨–١٤٧) وەرگیراوە).

**سلێمانی و سەرەک وەزیران و مندوبی سامی و عصبە الامم**

١– کوردستانی جنوبی ١٩٣٠/٧/٢٦

برووسکە بە واسطەی مەندوبی سامییەوە لە عێراق– بغداد سلێمانی.

بۆ سکرتێری عصبة الامم. جنیف:–

لە ڕێی برایەتیـیـەکی هـەمیـشـەیی و چەسـپـاو لە بەینی کـورد و عـەرەبا. هەمیـشـە داوای مـافی نـەتەوایەتی خـۆیان کـردووە کـە (عـصبـة الامم) دانی پیـاناوە. ئەمـە هەر نـەکـراوە. لەم پەیمـانە نوێیـەشـدا بە (لامـرکـزی– خـود مـخـتـاری) رازی بـووین، ئەویش هەر هـیچ، بۆیە داوای دانانی حکوومـەتێک دەکەین لە ژێر چاودێری (عصبة الامم)دا.

٢– حکوومـەتی عیـراق لە ئەنجـامی ئەمـەدا هاتە سـەر ئەوەی: مـتصـرف و مدیری شرطە و قائمقامەکان و مدیر ناحیەکان هەمـوو (فصل) بکات و دوریان بخـاتەوە و ئـەو کـەسـانەش بگیـرێن کـە داوای جـیـابونـەوەیان کردووە. بەڵام مـوسـتـەشـاری وەزارەتی داخلیـە لـە ١٨ ئابی ١٩٣٠ دا بە توندی نـووسـیـنێکی دا بە وەزیری داخلیـە کـە نـابێ هیچ قـوەت و هێـز لەمەدا بەکاربێت.

٣– بڕیـار هاتە سـەر ئـەوەی وەکـیـلی سـەرەک وەزیران و وەزیـری داخلیـە جـەمیل مـەدفەعی و وەزیری عدلیـە جەمـال بابان لەگـەڵ وەکیلی مـەندوبی سامی بچن بۆ کوردستان. ئەوەبو وەک لەمەوپێش باسمان کرد چوون بۆ سلێـمـانـیش لە ڕۆژی ٩ی ئـابی ٩٣٠ لەگـەڵ خـەڵکەکـەدا کـۆبـوونـەوە. جەعفەر عەسکەری و وەکیلی مەندوبی سامی هەردووکیان قسەیان کرد:

قسەی هەردووکیان بریتی بوو لە دڵنیایی کورد بۆ جێبەجێکردنی ئەو پەیمانەی دراوە (مەبەستی لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دەوائری رەسمی و دادگا و قوتابخانەکان) دا وەک یەک سەیرکردنی هەموو گەل و دامەزراندنی کاربەدەستانی کورد لە کوردستانا) و دژ وەستانی زیان گەیاندن بە یەکەتی نیشتمانی عیراق و رێزگرتن لە دراوسێتی ترکیا و ئێران.

٤- (عصبة الامم) و کورد: هەندێک لە ناسراوانی کورد بە برووسکەیان پەیتا پەیتا لە ٢٠ی تەمموز و ٢٦ تەمموز و... ئەدا بە (عصبة الامم) داوای حکوومەتێکی سەربەخۆیان ئەکرد. بەڵام لیژنەی ئینتداب ئامۆژگاری (کۆمەڵی نەتەوەکان)ی ئەکرد کە گوێ نەدرێتە ئەو قسانەی کوردەکان، تەنها ئەوە رەچاو بکرێ کە (بەریتانیا- دەوڵەتی مونتەدیب) دەرعۆدەی جێبەجێکردن و راگرتنی ئەو قسانە بێت کە بە کوردەکان دراوە (وەک وتمان لە بابەت زمانی کوردی و ئیدارە)وە.

دیسانەوە کوردەکان بەوە رازی نەبوون. عەریزەیەکی تریان دا بە (عصبة) بە واسطەی مەندوبی سامییەوە: کەوا لە ١٩٢٢/١٢/١٦وە کە کوردستانی خواروو بە عیراقەوە بەستراوە هیچ شتێک جێبەجێ نەکراوە. ساڵی ١٩٢٩ش کوردەکان مەزبەتەیەکیان نارد هەر وەڵامی نەبوو.

لە شوباتی ١٩٣٠شدا نوێنەرانی کورد تەقریرێکیان دا بە (معتمدی سامی) وەڵام هەر بەو جۆرە بوو. لە مارتی ١٩٣٠دا نوێنەرانی کورد: حازم شەمدین و جەمال بابان و محمد صالح محمد علی و اسماعیل رەواندزی و سیف الله خەندان و حەمە بەگی جاف عەریزەیەکیان دا بە سەرەک وەزیران کەوا:

لیوایەک لە قەزا و ناحیە کوردنشینەکانی موسڵ پێک بێت مەرکەزەکەی دهۆک بێت، عەقرە و زێبار و عەمادیە و زاخۆی بخرێتە سەر وەک لیوا

کوردنشینەکانی تر سەیر بکرێت و (مدیریەتێکی معارفی گشتی) بۆ لیوا کوردییەکان لە لیوا کوردنشینەکان بێت.

ئیدارەی ئەم چوار لیوا کورد نشینانە (سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، دهۆک) یەک بخرێت، موفەتیشێکی گشتی بۆ دابنرێت لە کوردە لێهاتووەکان و موتەسەریفەکان سەر بەو بن و هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت و ئەڵقەی پێوەندی بەینی پایەتەخت و هەموو وەزارەتەکان و لیوا یەکگرتووەکان بێت و بۆجەی دەوڵەت بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان دابەش بکرێت...

٥- جگەلەوە، ئەمجارە عەریزەیەکی توندو تیژ درا بە موعتەمەدی سیاسی بەریتانی کەوا: دوای مۆرکردنی پەیمان کوردەکان سەیر ئەکەن هیچ مافێک بەوان نەدراو، بۆیە هەموو هەر لە زاخۆوە تا خانەقین هەستان بەیەک زمان داوای مافی خۆیان ئەکەن، وەڵامی ئەمەش ئەو کوشتارە بوو کە لە سلێمانیا کرا بە جۆرێک سەرەک وەزیران خۆی بە ڕووداوە مێژووییەکەی کەربەلای ئەشوبهێنێ، بۆیە بڕیارمان دا کە جیا ببینەوە و داواش لە حکومەتی بەریتانیا ئەکەین: حکومەتێکی کوردی لە زاخۆوە بۆ خانەقین لە ژێر چاودێری بەریتانیادا بۆ پێک بهێنرێت تاکو (عصبة الامم) بڕیاری خۆی ئەدا. داوا ئەکەین هەموو ئەو کەسانەی بەهۆی هەراکەی سلێمانییەوە گیراون دەستبەجێ بەرەڵا بکرێن و هەرچی ئەفسەری کاربەدەستی کورد هەیە بگوێزرێنەوە بۆ ناوچەی کوردنشینەکان .

١٠ی تشرینی یەکەم/ ١٩٣٠

(بە کورتی و دەستکارییەکی کەمەوە، لە بەرگی سێهەمی (تاریخ الوزارات العراقیة)ی عبدالرزاق الحسنییەوە، لە لاپەڕە ٥٩-٦٨ وەرگیراوە).

**روونكردنەوە و تێبینی لە بابەت شۆڕشەكانی شێخ مەحموودەوە:**

یەكەم: خوا لێخۆشبوو شێخ مەحموودی نەمر هە لە گەنجییەتییەوە گیانی شۆڕشگێڕانەی كرا بە بەرا، هێجگار دوای ئەوەی لە مووسڵ شەهیدبوونی شێخ سەعیدی باوكی بە چاوی خۆی دی كە بەناحەق خوێنی ڕژا لەلایەن تورانییەكانی (اتحاد ترقي)یەوە و هەر كە قاتیلەكانیشی گیران، هەموو لە دواییدا بەرەڵا كران و هیچیان لێ نەكرا، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی لە میللەتی كورد دەكرا، بەتایبەتی لە سەردەمی عوسمانییەكاندا و لە كاتی شەڕی گەورەی یەكەمدا، ئەو قاتوقڕیەی كەوتە وڵاتەوە و ئەو لاشانەی لە كۆڵان و سەر شەقامەكاندا و بەسەر كورددا بەشێوەیەكی گشتی هات.. ئەمانە و زۆر شتی تری دیار و شارراوە هەموو یەكیان گرت و ئەو پیاوە گەورەیەیان هێنایە مەیدانەوە، ئەوەبوو شێخ هەر لەو ڕۆژانەی فامی تێدا كردەوە، تا كۆتایی ژیانی، هەر لە خەبات و شۆڕشدا بوو، بەڵێ حكوومەتیشی دامەزراند بۆ كورد و ناویشی نرا مەلیك، نە زرووفی ناوخۆمان و نە زرووفی ناوچەكە و ئینجا زرووفی دەولی یارمەتییان نەدا كە ئەوەی دەیەوێ بۆی بچێتە سەر و بۆی بچەسپێ... لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوە كارێكی وای كرد كە خەباتی گەلی كورد لە چوارچێوە تەسكەكەی خۆیدا نەمێنێتەوە و وەك (دكتۆر أ.ع) دەڵێت: شێخ مەحمود بۆ یەكەم جار ڕووبەڕووی دەوڵەتێكی گەورەی بە دەسەڵاتی ئەو سەردەمە ببێتەوە كە بەریتانیای گەورە بوو و مەسەلەی كورد تێكەڵی سیاسەتی نێو دەوڵەتان بكات و ببێ بە هێزێكی جووڵێنەری ڕووداوەكانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەڵێ هەندێ هۆی تریش لە ئارادا بوون كە كار بكەنە سەر مەسەلەی كورد، وەك، مەسەلەی مووسڵ و جووڵانەوەی ئەرمەنییەكان و جموجۆڵیان لە پاریس و سەرهەڵدانی مستەفا كەمال لە توركیا، بەڵام خەباتی شێخ

مەحموود لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا شوێنێکی دیار و تایبەتی هەیە... ئەوە بوو هێشتا شەڕ کۆتایی نەهاتبوو کە پێوەندی لەگەڵ ئینگلیزەکان بەست، ئەوانیش لە پلانەکانیاندا حیسابیان بۆ کرد و لەپاش ماوەیەکی کەم کاربەدەستانی ئینگلیز لە عیراقدا ناچار بوون دان بە دەسەڵاتی شێخ مەحمووددا بنێن، دوای ئەوەی لە بەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانیدا، وڵاتی عیراق بە ولایەتی مووسڵ و نەتەوەکەیەوە دەست ئینگلیز بکەون بە (انتداب)... شێخ مەحموود لە کاتی شەڕی گەورەی یەکەمدا وەک پێشەوایەکی نیشتمانی کورد هاتە پێشەوە و هێشتا شەڕ نەبڕابووەوە کە بوو بە پیاوێکی دیار و ناسراو و خاوەن (قضية) بەجۆرێک کە نەتوانرا لەو ڕۆژانەدا ئەو پیاوە بخرێتە پشتگوێ و (قضیە)ی کوردیش کە (قضیە)ی شێخ مەحموود بوو، بەجۆرێک هاتە پێشەوە کە نەک هەر تەنها لە ناوچەکەدا، بەڵکو لە (عصبة الامم)یشدا گفتوگۆی لەسەر بکرێ و لە پەیمانی (سیڤر)دا بە تەواوەتی دانی پێدا بنرێ. بەڵام لە دواییدا تەماع و چاو لە دوویی و (مصالح)ی بەریتانیا کارێکی وایان کرد کە لە پەیمانی (لۆزان)دا، ئینگلیز کورد و (قضیە)کەی بفرۆشێ بە نەوت و لە قسەکانی پێشووی کە دابوونی بە کورد پەشیمان ببێتەوە و خەتاکەش بخاتە پاڵ شێخ مەحموود و کورد.

بەهەرحاڵ شێخ مەحموود بەردی بناغەی بۆ مەسەلەی کورد لە کۆمەڵی ناو دەوڵەتاندا دانا، بەوە لەو چوارچێوە تەسکەی پێشووی و لە کوردستان و لە سنووری وڵاتەکانی دەوروپشتیشی هێنایە دەرەوە.

واتە ناسینی کورد و مەسەلەکەی لە عیراقدا لەو ڕۆژەوە تا دەگاتە ئەم دەمە و ناسینی بە هەموو جیهان و حساب بۆ کردنی کورد لە ناوچەکەدا... ئەگەر هەمووی نەڵێین، زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەردی بناغەیەی کە شێخ مەحموودی نەمر داینا.

دووەم: لە بابەت ئەو سەد هەزار روپیە بەخشیشەی کە بۆ گرتن یا کوشتنی شێخ مەحموود و هەڤاڵەکانی دەرچووبوو.

لەم بابەتەوە: مامۆستا حسێن جەمیل (وەزیری سەردەمی مەلیک و ئەندامی دووەم لە پارتی وطنی دیموکراتی دوای کامل چادرچی) لە ڕۆژی ٩٨٩/١٢/٥ (محاضرە)یەکی رۆشنبیری لە (موسمی ثقافی نادی علویە لە بەغدا)دا لە بابەت (هەڵسەنگاندنی رژێمی مەلیکی و کردارەکانی- تقیم النظام الملكي و ممارساتە) کە ئەمە وتارێکی دوور و درێژە. بەڵام خاڵێکی گرینگی تێدایە کە پێوەندی بە شێخ مەحموودەوە هەیە و مامۆستا حسێن جەمیل وتووێژی لەسەر قانونییەت و دەستووریەتی ئەو (اعلان)ە کردووە کە لەلایەن مەندوبی سامی و حکوومەتی عیراقەوە بڵاو کراوەتەوە بۆ گرتن یاخۆ کوشتنی شێخ مەحموود و کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف و سابیر بەگی کەریم بەگی هەمەوەند کە هاوکاری شێخ مەحموود بوون، ئەو بڵاوکردنەوە و ناوی بەخشیش هێنانە لە تۆڵەی کوشتنی یاخۆ گرتنی شێخ و هەڤاڵەکانیدا بە کارێک داناوە دژی دەستوور و یاسا. تاکو لە پرسیارێکدا لەلایەن (فیصل حبیب خیزران)ەوە کە کردوویەتی، ئایا شێخ مەحموود بە شۆڕشگێڕ حیساب دەکرێ و دەدرێتە قەڵەم؟ لە وەڵامدا مامۆستا حسێن جەمیل وتوویەتی (بەڵێ بە شۆڕشگێڕ دادەنرێ). لەولاشەوە دکتۆر (مالک دوهان الحسن- دکتۆرا لە یاسادا) کە یەکێک بووە لەوێ حازر بووە و وتوویەتی (بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران بە کوشتنی خەڵک هەرگیز لەگەڵ یاسا و شەرعدا ناگونجێ، بەڵکو ئەبێ ئەم بڕیارە لە دادگاوە و دوای محاکەمەکردن دەربچێت).

بەم بۆنەیەوە سەیری هاوکاری ژمارە (٢٧٥٢) ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٢٤ بکە. شتێکی لەسەر ئەم باسە تێدا بڵاو کراوەتەوە.

**سێیەم: (عزل)ی ناری (مەلا کاکە حەمەی بێڵو) بۆ شێخ مەحمود:**

تا ئێستا هەر لەسەر سیاسەت و چەند و چوونی فرۆفێڵی ئەم و ئەو و حکومات و دەوڵەتەکان دواین، با تۆزێکیش لادەین بە لای قسەی خۆش و شیعری تەوریە و گاڵتە و سوعبەتدا... خوا لێخۆشبوو شێخ مەحموود خۆی پیاوێکی قسە خۆش و نوکتەباز و حەزی بە گاڵتە و پێکەنین کردووە. قسە و شیعری دووتوێ و تەوریەشی بە سنگی فراوانەوە لە خەڵک، لە دۆست و دوعاگۆ و شاعیرەکانمان قبوڵ کردووە.

شێخ وەک باسمان کرد لە (پیران) لە ناوچەی مەریوان ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە. بێ ژن و ماڵیش یاخۆ تەنهایی ناخۆش و ستەمە. ئەو ماڵەی کە شێخی تێدا دەژیا گوایە لەسەر رێگای کانی ژنان بووە، (مینا) ناوێک کە ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و جوان دەبێت، خەڵکی دێی (دۆڵە سوور)ی نزیک شوێنەکەی شێخ مەحموود بووە. ئەم ئافرەتە گوایە دەزگیرانی کوڕێکی بڵباسە و هێشتا نەیگواستووەتەوە. شێخ کە ئەم ئافرەتە دەبینێ بەو شۆخی و جوانییە دەیەوێ بیهێنێ و نازانێ دەزگیرانی هەیە. لە هاتوچۆی کانیدا کە (کانی گەرمی بەرماڵان)یان پێ وتووە، هەموو جار شێخ ئەم ئافرەتە دەبینێ و بڕیاری خۆی دەدا کە بیهێنێ و ئاوی دەستی حەڵاڵ بێت.

مەلا کاکە حەمەی بێڵو (ناری) شاعیری مەزن کە زۆر خۆشەویستی شێخ مەحموود بووە و ئاڵوگۆڕی دوعا و نامە لە بەینیانا هەبووە، کە ئەم باسە دەبیستێ ئەم نامەیە بۆ شێخ دەنێرێ:

زەرفی مینا شاهی من، مەزرووفی ئەڵماسی دەوێ
وەک کونی ماکینە دەرزی، تیژو رەقاسی دەوێ

قەتعی رێگەی دۆڵە سوورو کانی گەرمی بەرماڵان
هیممەتی چابوک سواری قەومی بڵباسی دەوێ

بەحری قولْزوم تەجرەبەی قوولْی بە هەرکەس ناکرێ
ئیمتیحانی بێخی دەریا شەخسی غەوواسی دەوێ

چاوی مێروو موشکیلە، تەشخیسی ئەو بێ زەڕەبین
ماهی نەو دۆزینەوەی ئەو، زیادە ئیحساسی دەوێ

وەزعی بێ زەرفی لە بۆ تۆ، ئیشی بێ زەرفی نییە
بوو، کە شمشێری مجەوهەر، مەحفەظی خاصی دەوێ

موختەسەر زەرفی زەریف و، شەمعەدانی وەک بلوور
شەمعی کافووریی میسالی بێ گرێ و راسی دەوێ

دوای گەیشتنی ئەم نامەیە گوایە شێخ لە هێنانی ئەو ژنە پەشیمان دەبێتەوە.

بەحری قولْزوم: دەریای سوور واتا (بحر الاحمر). چاوی مێروو وا باوە ئەگەر مێروولە چاوی ببێ یا زۆر بچووکە یا نابینرێ. خەنجەری تۆ کێلانی خۆی هەیە، واتا تۆ خێزان و ژنت هەیە شمشێرەکەی تۆ کولە و جەوهەردار نییە و کێلانی تایبەتی پێویست نییە.

**- شێخ مەحمودی شاعیر- شێخ مەحمودی حەفیدی نوور بەخشی:**

شێخ لە شەڕی دەربەندی بازیاندا واتە لە ساڵی ١٩١٩دا روو دەکاتە شۆڕەسوارانی و دەفەرموێ:

بۆ نابنە برووسکە و دەنگ بدەنەوە؟
هەروەکو لافاو پەنگ بدەنەوە

بۆ نابنە بلێسەو، شەوق ناسێنن
بۆ وەک ژیلەمۆ، پڕینچک ناهێنن؟

بـۆ نـابـنـه گـــــــڕو، نـەكــــــوژێنـەوە
بۆ نـابـنـه هـەرەس، نـەمـــــركـــــێنـەوە؟

هەڵسن تێكۆشن، تا ڕۆحـــتـــان مـــاوە
لاوی كـــارنەكـــەر، هەر بەجـــێـــمـــاوە؟

قـــوڵتـــان هەڵمـــاڵن... بیـــربكەنـەوە
لە خۆ حەرام كەن، ئەم خواردن و خەوە؟

كـەی بۆ نیـشـتـمـــان، ڕوو ئەكـەنـەوە
پـێـی قـــــــــەرزدارن، بـۆ نـایـدەنـەوە؟

چ خـــوا بەردارە، پشـــتـــاری گـــەل بن
دووره پـــەرێـزە و چـاوەڕێـــی هـــەل بـن

نـورتان ببـــەخـــشـن، مـــەگـــەڕێنـەوە
هەتـا ســـەر سنوور، مـــەحـــەسـێنەوە

وەرن مـەسـرەون، لەگـەڵ نـوور بەخـشی
گـەر بۆ نیـشـتـمـان سـەرت ئەبەخـشی

شیعرێكی كەی شێخ مەحموود:

نامـەوێ ژینی ئەسـارەت، بەسـمـە عومـری گومـڕەهـی
نایكەمە سەرخۆم بەدەسـتی، موددەعی تاجی شەهـی

قـەت بـە ئەمـری دوژمنـانم، نامـەوێ فـەرمـان ڕەهـی
نامـەوێ تەختی كەی و بەختی جەم و شـاهنشـەهـی

ئەم دوو پارچە شیعرە لە كۆواری ڕەنگین ژمارە (٤) شوباتی ١٩٨٨دا بڵاو كـراونـەتەوە، پارچەی دووەمـی دیارە كـە شـیـعـری شـێـخـە. بـەڵام پارچەی

یەکەمی زۆر بە تەواوەتی لە هی ئەو زاتانە ناکات تاکو کاک (حەمە احمد جاف) کە ئەو شیعرانەی لە ژێر سەرناوی (نور بەخشیی کەڵە شاعیر، شۆڕە سواری بەردەقارەمان) بڵاو کردووەتەوە (لە کۆنە دەستنووسێکی بەجێماوی مامۆستا حاجی میرزا رەشیدی نادر بەگ کە ئەو زاتەش یەکێک بووە لە شۆڕەسوارانی لەشکری شێخی نەمر، کە لە ناوچەی ئاغجەلەر لە دایک بووە و هەر لەوێش نێژراوە) وەرگرتووە. دوور نییە، شیعرەکە هەر رێکخراوی حاجی میرزا رەشید بێت و بە زمانی شێخەوە وتبێتی. بەهەرحاڵ ئەمە (ڕا)یەکە، دوور نییە (ڕا)یەکە هەڵە بێت و قسەکەی مامۆستای جاف راست بێ.

ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم جاریشە (تخلص، یا لقب)ی شێخ مەحموود بە (نور بەخشی) بیستراوە. دوور نییە ئەم نوور بەخشییەش بگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە سێ براکان، شێخ عیسا و شێخ موسا و شێخ محەمەدی نوور بەخشی، کوڕانی شێخ بابا عەلی هەمەدانی، کە شێخانی بەرزنجە نەوەی یەکێکن لەم زاتانە. شێخ محەمەدی نوور بەخشی هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی شێخ عیسا و شێخ موسادا، ئەو رووی کردە (هرات) لە ئەفغانستان و ئێستا لەوێ نەوەی هەیە (سەیری الشیخ معروف النودهي البرزنجي- دانانی شێخ محەمەدی خاڵ) بکە.

# کەشکۆڵ و رێچکەی رووداوی یەک لە دوای یەک

**گرانییە جەرگبڕەکانی سلێمانی:**

گەلێک گرانی و نەهامەتی لە سلێمانیدا کەوتووەتەوە بەهۆی شەڕی جیهانی یاخۆ بە هۆی شەڕی ناوەخۆوە، بەهۆی بێبارانی و ئافاتی کشتوکاڵ وەک (سون) و (کوللە) و (مشک) و (بەراز کە مەرەزی دەخوارد) جگە لە باج خستنە سەر شانی خەڵکەکە لەلایەن عوسمانی و ئێرانییەکانەوە.

**گرانییە هەرە گەورەکان ئەمانە بوون:**

یەکەم: گرانی ساڵی ١٢٥٩ک/١٨٣٤ز. ئەمە لە سەردەمی بابانەکاندا بوو، لەشکری عوسمانی هەمیشە بۆ سەرکوتکردنی کورد رووەو سلێمانی دەهات. هەرچ کشتوکاڵ بوایە دەیانبرد و ئەوی بە پێوە بوایە دەیان سووتان. ئەحمەد پاشای دوا میری بابان تا دوا هەناسەی بەرگری کرد، بەڵام لە ئەنجامدا کە زۆری بۆ هات ئیتر هیچی بۆ نەکرا. ئەمارەتی بابان نەما. ئەم باسە دوور و درێژ لە بەرگەکانی یەک و دوودا نووسراوە.

دووەم: گرانی ساڵی ١٢٩٣ک/ ١٨٧٦ز کە بە (دۆقسان ئوچ) بەناوبانگە. ئەو ساڵە بوو کە سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی چووە سەر کورسی حوکم و شەڕی (قارس و بایەزید) لە بەینی رووس و عوسمانییەکاندا هەڵگیرسا. جا بەهۆی شەڕەوە کە سەرباز لە هەموو وڵاتێکی سەر بە عوسمانی دەبران و دەخرانە ئاگری شەڕەوە کە سلێمانیش یەکێک بوو لەوانەی رۆڵەکانی هەموو بوون بە چاووگ بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕ. لەبەر ئەوە کشتوکاڵ و کاسبی نەما، قاتوقڕی کەوتەوە.

سێیەم: گرانی سەفەربەر واتا شەڕی گەورەی یەکەم (١٩١٤–١٩١٨). مەگەر هەر خوا لێخۆشبوو مەلا حەمدوون بەو بێچاوییە توانیبێتی (وصف)ی ئەو ڕۆژانە بکات. سەیری لاپەڕە (١٨١–١٨٢) لە بەرگی دووەمی سلێمانی: شارە گەشاوەکەم بکە. هەروەها سەیری یاداشتی مامۆستای مەزن ڕەفیق حیلمی بکە. ئەویش دوور و درێژ باسی ئەو ڕۆژە ڕەشانەی سلێمانی تێدایە.

چوارەم: گرانی شەڕی گەورەی دووەم: لەم شەڕەدا (تموین) دانرا لەگەڵ دزی و ناپاکی لێپرسراوەکان بەڵام کەس نەمرد لە برسا. دوای لابردنی ڕەزا شا لە ئێران عەماری گەنم شکا و لادێ نشینەکانی لای خۆمان بە هێنانی گەنم لە ئێرانەوە تۆزێک بووژانەوە.

**- بۆ یەکەم جار لە سلێمانیدا:**

ئەم نووسینە لە کۆواری شارەوانی (سلێمانی)دا، ژمارە (١) ساڵی (٢) لاپەڕە (٤١–٤٢) بە قەڵەمی أ.م. أ بڵاو کراوەتەوە:

- یەکەم دەزگای سینەما کە بە پیل ئیشی ئەکرد لە ساڵی ١٩١٠دا هاتە سلێمانی و لە خانی شێخ أحمددا دامەزرا لە نزیک تووی (قۆجە) خەڵک بەشەو ئەچوون سەیریان ئەکرد.

- یەکەم صندوقی گۆرانی (گرام) حاجی عبدالله عزیز و حاجی ئەمینی کاکە حەمە بە بازرگانی لە (مۆسکۆ)وە هەریەکە صندوقێک لەگەڵ چەند قەوانێکیان هێنابوو، ئەمەش لە ساڵی ١٩٠٨دا بوو.

- ساڵی ١٩١٢ یەکەم چرای لۆکس ئەمینی مەلا برایمی چایچی ناردی لە ئەستەمبوڵەوە هێنای.

- ساڵی ١٩١٢ یەکەم لایت کە بە پیل ئیشی ئەکرد، مەلا حەسەنی کوڕی مەلا قادری بیارە، ناردی لە ئەستەمبوڵەوە هێنای.

– سـاڵی ١٩١٦ یەکەم فـرۆکە ئـەفسـەرێکی ئەڵەمـانی هێنایە سلێمـانی، کەوتـە شـیـوی (دۆزەخ مـینە) کـە ئەکەوێتـە لای گـەڕەکـی (عقـاری ئێسـتـا) فڕۆکەکە شکاو فڕۆکەوانەکەش مرد.

– یەکەم ئۆتومـوبیل لە سـاڵی ١٩١٦دا خلیل پاشـای والی بەغدا پێی هات بۆ سلێمانی و لە ماڵی حاجی مەلا سعید میوان بوو.

– یەکەم دەزگای چاپەمەنی ساڵی ١٩٢٠ مێجەر سۆن هێنایە سلێمانی.

– یەکــەم پاسـکیـل سـاڵـی ١٩٢٤ عـونـی افندی حـاجـی گـورون هـێنـایە سلێمانی.

– کـارەبا لـە سـاڵی ١٩٢٩دا شـارەوانی هێنای هەر لـەو سـاڵەدا کـەوتە ئیشکردن.

– سـاڵی ١٨٩٧ یـەکـەم دەزگـای تەلگراف لـە سلێـمـانیـا دانرا و (مـجـرم افندی) ئیشـی پێکرد.

– یەکـەم ئاشی مـەکینە سـاڵی ١٩٢٦ برازاکـانی خـواجـە کـەریمی عـەلەکە هێنایانە سلێمانی.

– سـاڵی ١٩٠٠ قادرە فـەنی گەورە یەکـەم عەرەبانەی لە سلێمانیـا دروست کرد کە بە وڵاخ ڕائەکێشرێ.

تێـبینـی: لە ژمـارە (٢)ی سـاڵی (٢) ئەیلولی ١٩٦٩ خـاڵەی ڕێبـوار بڵاوی کردووەتەوە کەوا ئەو نووسینە کاتی خـۆی مەلا نەجمەدین لە کۆواری (شفق) ژمـارە (١) سـاڵی (٤) نیسـانـی ١٩٦١دا بڵاوی کـردووەتـەوە و ئەمـیش لەوێوە وەرگیراوە و ئاماژەی بۆ نەکراوە.

**(سجل)ی کۆنی شارەوانی:**

– کـە دەچووین بە دوای سـجـلاتـی کـۆنـی شـارەوانیـدا دەگـەڕاین. ئەوەی پێویسـتـمـان بوایە سـوودمـان لێ وەردەگـرت و باقـیـیـەکـەی لە (مـخـزن)ێکی ڕێکوپێکدا هـەمـوومـان وەک (رزمـە) دەپێچایەوە و هەڵمان دەگرت.

ئەم بابەتانەمان دەست کەوت، هەر لە کۆواری شارەوانی (سلێمانی) ژمارە-٤- لاپەڕە-٣١- بڵاومان کردووەوە (ج. ب):

موختارەکانی کۆن:

| ناوی موختار | گەڕەک | ڕۆژی دانان |
|---|---|---|
| محێیەدین ئەفەندی | گۆیژە و جولەکان | ١ ئەیلوول ١٣٣٩ |
| رەزا عەبدوڵڵا | دەرگەزین | ١ ئەیلوول ١٣٣٩ |
| عەلی | کانێسکان | ١ ئەیلوول ١٣٣٩ |
| ئیبراهیم ئەفەندی لەتیفەڵڵا ئەفەندی | مەلکەندی | ١ حوزەیران ١٣٢٦ |
| شەریف ئەفەندی سەعید | گۆیژە | ٢ کانوونی دووەم ١٩٢٨ |
| فەرەج ئەفەندی ئەحمەد | کانیسکان و چوارباغ | ٢ کانوونی دووەم ١٩٢٨ |
| دانیار کوڕی شەلەمۆ | جولەکان | ٢٥ تشرینی دووەم ١٩٢٨ |
| ڕەزا کوڕی کەمال | دەرگەزێن و سەرشەقام | ١ تەمووز ٩٢٤-١٩٣٦/١/٩ |
| مستەفا مەعسووم | دەرگەزێن و سەرشەقام | ١٩٣٧/٤/١ |

**ئەندازیارانی ئەوسای شارەوانی:**

١٩٢١/٢/١٠ مهندس بلدیه قادر افندی.

٣٣٩/١٠/١ رئیسی مهندسین عزت افندی کە بە ارادەی ملوکانە دامەزراوە، لە دواییدا بوە بە کاتب تحریری شارباژێڕ دوای ئەو کریم بگ سعید بگ (زانستی) بووە.

١٩٣٥/١١/١٢- ١٩٣٦/١/١٤ مصطفی صائب

٩٣٦/١/١٤- ٩٣٦/٦/٦ محمد امین افندی کوڕی محمد.

٩٣٦/٦/٦ جلال مرزا.

**دیسانەوە هەر لە سجلی کۆنەوە:**

- عارف صائب کاتبی ثانی ادارە تحریرات و ملوکانە.
- محمود افندی قادر افندی رئیسی بلدیە.
- سید احمدی مرخص رئیسی امنیەتی عمومی.
- مدیری سەنگاو شێخ عبدالقادری گوللە نەبڕ.
- قوماندرای ژاندرمە- شێخ مصطفی.
- رئیس الامنا- عزت افندی.
- کاتبی تحریری (مابین) احمد افندی عزیز.
- کاتب سری بلدیە. شیخ نوری.
- حاکم منفرد صدیق مظهر.
- مدیری مدرسەی عرفان سعید زکی.
- کاتب نافعە علی باقی افندی.
- سەر محاسب مالیە صالح پاشا.
- قاضی ملا مارف.
- مدیری طاپۆ فائق بگ.
- سر کاتب معارف حاجی قادر افندی.
- مدیری مکتبی اعدادی محمودی/ رفیق حلمی.
- معلمی اعدادی صالح قفطان.
- معلمی اعدادی زێوەر افندی.
- معلمی اعدادی بێخود.
- معلمی اعدادی احمد حمدی.
- معلمی اعدادی ملا سعید افندی.

- معلمی اعدای سعید قزاز.

- معلمی مکتبی لطیفیه شیخ احمد.

- قائدی عسکر صالح زەکی بگ صاحیبقڕان.

- ملحق عسکری فائق حلمی بگ.

- ملازم: امین رواندزی.

- ملازم اول: یونس ماهی.

- رئیسی شعبەی (٣) دائرەی قائدی عسکری ملازم عزیز حکمت قزاز.

- ملازم: حکمت. رشید. رمزی. فتاح.

مدیری پۆلیسی کویسنجق علی کمال.

تۆفیق عزیز ئاغا مأموری أنبارو مغازەی عسکری و پۆلیس.

- مأموری اجرا علی سامی.

ژمارە (٩) ساڵی (١) شباط ١٩٦٩ لاپەڕە (٢٤-٢٦) کۆواری شارەوانی (سلێمانی).

- **نوێنەرانی سلێمانی لە پەرلەمانی عیراقیدا :**

خولی یەکەم: ٩٢٥/٧/١٦- ٩٢٨/١٠/٢٨

١- احمد مختار عثمان (احمد مختار جاف)، ٢- محمد امین زکی، ٣- محمد صالح محمد علی، ٤- مرزا فرج شریف.

خولی دووەم: ١٩٢٨/٣/١٩- ١٩٣٠/٣/١٤

١- محمد امین زکی، ٢- صبری علی اغاطه، ٣- سیف الله خندان، ٤- محمد صالح محمد علی (حاجی حمه صالح بگ).

خولی سێیەم: ١٩٣٠/١١/١- ١٩٣٢/١١/١

١- احمد صالح (احمد بەگ حمه صالح بەگی جاف)، ٢- احمد مختار

جاف، ٣- محمد صالح محمد علی، ٤- سیف الله خندان.

خولی چوارەم: ١٩٣٣/٣/٨- ١٩٣٤/٤/٢٩

١- احمد الصالح (احمد بەگ حمە صالح بەگ)، ٢- سیف الله خندان، ٣- صبری الحاج علی اغاطە، ٤- محمد صالح محمد علی.

خولی پێنجەم: ١٩٣٤/١٢/٢٩- ٩٣٥/٣/١١

١- سعید حقی، ٢- سیف الله خندان، ٣- صبری علی اغاطە، ٤- محمد صالح محمد علی.

خولی شەشەم: ١٩٣٥/٨/٨- ١٩٣٦/٤/١٦

١- محمد امین زکی، ٢- سیف الله خندان، ٣- شێخ جلا شێخ احمد حفید، ٤- علی کمال عبدالرحمن، ٥- محمد صالح محمد علی.

خولی حەوتەم: ٩٣٧/٢/٢٧- ١٩٣٧/٦/٢٧

١- حماغا عبدالرحمن اغا، ٢- مرزا توفیق قزاز، ٣- شیخ جلال الحفید، ٤- حامد الجاف، ٥- صبری الحاج اغاطە، ٦- محمد صالح محمد علی.

خولی هەشتەم: ١٩٣٧/١٢/٢٣- ١٩٣٩/٢/٢٢

١- عزت عثمان (عزت بەگی وەسمان پاشای جاف)، ٢- محمد امین زکی، ٣- محمد صالح محمد علی، ٤- الشیخ رؤف الشیخ محمود الحفید، ٥- مرزا فرج شریف، ٦- صبری الحاج علی اغاطە.

خولی نۆیەم: ١٩٣٩/٦/١٢- ١٩٣٤/٦/٩

١- عزت عثمان، ٢- محمد امین زکی، ٣- سیف الله خندان، ٤- محمد صالح محمد علی، ٥- رؤف الشیخ محمود، ٦- الشیخ خالد نقشبندی.

خولی دەیەم: ١٩٤٣/١٠/٩- ١٩٤٦/٥/٣١

١- محمد امین زکی (دوای وەفاتی) ماجد مصطفی، ٢- احمد مختار بابان، ٣- احمد توفیق (دوای استقالەی محمد صالح محمد علی)، ٤-

عزت عثمان، ٥- احمد حماغا، (ئەبێ پشدەری بێ)، ٦- رؤف الشیخ محمود.

خولی یانزەم: ١٩٤٧/٣/١٧- ١٩٤٨/٢/٢٢

١- جمال بابان (بوو بە ئەندامی (اعیان) توفیق وەهبی هاتە شوێنی)، ٢- بهاء الدین نوری، ٣- انور جمیل الجاف، ٤- بابا علی الشیخ محمود، ٥- سلیم محمد (پشدەر)، ٦- حامد الجاف.

خولی دوانزەم: ١٩٤٨/٦/٢١- ١٩٥٢/٦/٣٠

١- علی کمال عبدالرحمن، ٢- بهاء الدین نوری، ٣- حسن الجاف (حسن بەگی علی بەگ)، ٤- عبدالحمید الجاف، ٥- ابراهیم رشید.

خولی سیانزەم: ٩٥٣/١/٢٤- ٩٥٤/٤/٢٨

١- ابراهیم سعید (سەی برایمی حفید)، ٢- حسن الجاف، ٣- علی کمال، ٤- عمر خدر (ئەبێ پشدەری بێ)، ٥- ماجد مصطفی، ٦- عبدالحمید الجاف.

خولی چواردەم: ١٩٥٤/٧/٢٦- ١٩٥٤/٨/٣

(تەنها یەک جار کۆبونەوە و دوای ئەوە هەڵوەشایەوە)

١- ابراهیم سعید، ٢- احمد مصطفی صالح الجاف، ٣- بابکر حسن پشدەری، ٤- جلال عبدالحمید الجاف، ٥- ماجد مصطفی، ٦- علی کمال.

خولی پانزەم: ١٩٥٤/٩/١٦- ١٩٥٨/٣/٢٧

١- ابراهیم سعید، ٢- حمید الجاف، ٣- حسن الجاف، ٤- سعید قزاز، ٥- علی کمال، ٦- رسول حسن پشدەر.

(لەم هەڵبژاردنەدا لە ١٣٥ ئەندام، ١٢١ یان بە تزکیە دەرچوون)

خولی شانزەم: ١٩٥٨/٥/١٠

١- سعید قزاز، ٢- علی کمال، ٣- جلال عبدالحمید الجاف، ٤- ابراهیم

الحفيد، ٥- حسن الجاف، ٦- بايز بابكر.

(لەم کاتەدا- اتحادی هاشمی بەینی عیراق و أردن پێک هات، دوای ئەوە چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ی بەسەرا هات و کۆماری عیراق دامەزرا).

(تأريخ الوزارات العراقية، الجزء العاشر، ص٢٨٩-٣٢٥، عبدالرزاق الحسني)

مێژووی هاتن و ئۆغری ناودارەکانی خەڵکی سلێمانی و ناوچەکەی لەبەر ئەو لیستەیەی لای جەمال بابان و لەبەر نووسینی خوا لێخۆشبوو (مصطفی نەریمان) لە کۆواری رۆشنبیری نوێ ژمارە (١٢٧) ساڵی ١٩٩١ لاپەڕە ١٣٢-١٣٤ ئەم زانیارییانەمان نووسیوە.

ئەوی ناوی لێرەدا نییە ئەوە ناگەیەنێ کە خراوەتە پشتگوێ دەبێ لێمان ببوورن.. بەڵکو زانینمان دەربارەیان ئەوەندە نەبووە.

| ناو | ئۆغر | هاتن |
|---|---|---|
| احمدی بابا رەسول- سەید | ١٩١٨ | ١٨٦٢ |
| احمد مختار جاف | ١٩٣٥/٢/٦ | ١٨٩٨ |
| احمدی شێخ- حاجی کاک | ١٣٠٥ک/ ١٨٨٨ | ١٢٠٧ک/ ١٨٤٣ |
| احمد فائز برزنجی- شێخ | ١٣٣٦ک/ ١٩١٨ | ١٢٥٨ک/ ١٨٤٣ |
| احمد حمدی ساحێبقڕان | ١٩٣٦/١١/١٢ | ١٨٧٦ |
| احمد پاشای سلێمان پاشای بابان | ١٢٩٢ک/ ١٨٧٦ | |
| احمد تەقی | ١٩٦٠/١/١٣ | |
| احمد شوکری | ١٩٨٩/٥/٢٤ | ١٩١٠ |
| احمدی عزیز ئاغا | ١٩٦٩ | ١٨٩٤ |
| احمد دروێش (ئەخۆل) | ١٩٨٨ /٦/٢٩ | ١٩١١ |

| | | |
|---|---|---|
| أبوبکر شێخ جلال (أ. ب. هەوری) | ١٩٧٩/٤/٨ | ١٩١٢ |
| اری (نجم الدين ملا رسول) | ١٩٦٨/١١/٣ | ١٩١٠ |
| اسماعيل حقی بابان | ١٩١٣/١/٢١ | |
| اسماعيل حقی شاويس | ١٩٧٦/٥/١٢ | ١٨٩٦ |
| امين فيضی | ١٩٢٣ | ١٨٦٠ |
| امين خال- حاجی شێخ | ١٣٥٠ک | ١٢٥٩ک |
| امين يمنی | ١٩١٩ | ١٨٤١ |
| امين نەقشبەندی | ١٩٩٠/٤/٩ | ١٩٣١ |
| امين مرزا كەريم | ١٩٨٤ | ١٩٣٧ |
| اسعد محوی- مەلا | ١٩٧٦/٤/٢٥ | ١٩٠٢ |
| بابا علی قرەداغی- شێخ | ١٩٤٠/١١/٢٧ | ١٨٥٥ |
| بەختيار زيوەر- فائق | ١٩٥٢/١٢/٣١ | ١٩٠٨ |
| بەنگێنە- حاجی باقی | ١٩٧٢/٩/١٥ | |
| بورهان قانع | ١٩٨٥/٦/٢٧ | ١٩٣٠ |
| بێخود (ملا محمود) | ١٩٥٥/٨/٢٥ | ١٨٧٨ |
| بێكەس (فائق عبداللّه كاكه حمه) | ١٩٤٨/١٢/١٨ | ١٩٠٥ |
| پيرەمێرد (حاجی تۆفيق) | ١٩٥٠/٦/١٩ | ١٨٦٧ |
| بكر صدقی | ١٩٣٧ | ١٨٨٥ |
| تۆفيق قەفتان | ١٩٤٨ | ١٨٨٠ |
| تۆفيق وەهبی | ١٩٨٤/١/٥ | ١٨٨٩ |
| جمال عيرفان | ١٩٢٣/٥/١٦ | ١٨٩٢ |
| جميل صائب | ١٩٥١/١٠/١٣ | ١٨٨٧/٨/١٦ |
| حسن فهمی جاف | ١٩٧٣/٦/١٨ | ١٩٠٥ |

| | | |
|---|---|---|
| حسین پیسکەندی- مەلا | ١٣٦٧ک | ١٢٨٣ک |
| حسین ناظم- | ١٩٣٢/٥/٦ | ١٨٧١ |
| حەمەی ناری- مەلا کاکە | ١٩٤٤ | ١٨٧٤ |
| حەپسەخانی نقیب | ١٩٥٣/٤/١٢ | ١٨٩١ |
| حمدی بەگ بابان | ١٩٦٠/١١/٢٤ | ١٨٦٨ |
| حەمدوون- مەلا | ١٩١٥ | ١٨٥٣ |
| حیلمی (محمد شێخ حسین) | ١٩٥٨/٣/١٠ | ١٩٠٤ |
| خالد/ مولانا خالیدی نەقشبەندی | ١٨٤٦ | ١٧٧٩ |
| خادم (میرزا عبداللّە) | ١٩٧١ | ١٨٩٥ |
| خاکی | ١٩١٢ | ١٨٤١ |
| خواجە فەنی (مەلا عزیزی عوسماناغا) | ١٩٤٢ | ١٨٤١ |
| رشید زکی کابان | ١٩٤٠ | ١٨٧٦ |
| رشید بک بابان/ مەلا | ١٩٤٢/٣/١٣ | ١٨٧٢ |
| رفیق حلمی | ١٩٦٠/٨/٤ | ١٨٩٨ |
| رفیق چالاک | ١٩٧٣/١٢/٧ | ١٩٢٣ |
| رشید نجیب | ١٩٦٨ | ١٩٠٦ |
| رەمزی قزاز | ١٩٧٣/٩/٢٣ | |
| زێوەر (مەلا عبداللّە محمد) | ١٩٤٨/١١/١٠ | ١٨٧٥ |
| سعید کابان (مەلا) | ١٩٦١/٧/٥ | ١٨٨٦ |
| سلام احمد (شێخ) | ١٩٥٩/٣/٣ | ١٨٩٢ |
| شاکر فتاح | ١٩٨٨ | ١٩١٤ |
| شاهۆ (مەلا حەسەنی قازی) | ١٩٧١/٦/٢٩ | ١٨٨٨ |
| شەماڵ صائب | ١٩٨٦/١١/٧ | ١٩٣١ |

| | | |
|---|---|---|
| صالح زكى صاحبقران | ١٩٤٤/١٢/١٣ | ١٨٨٦ |
| صالح قفطان | ١٩٦٨/٨/٣٠ | ١٨٨٤ |
| صالح على صالح (مامۆستا) | ١٩٨٦/٣/٢٠ | ١٩٢٠ |
| صالح (مەلا صالح حريق) | ١٩٠٧ | ١٨٥١ |
| طاهر بگ عثمان پاشاى جاف | ١٩١٧ | ١٨٧٥ |
| صفوەت (ملا مصطفى حاجى ملا رسول) | ١٩٦٣/١٢/٩ | ١٩٠٥ |
| طاهر بهجت (ت. ب، مەريوانى) | ١٩٧١/١٠/٣٠ | ١٩٠٢ |
| عارف صائب | ١٩٢٣ | ١٨٨٩ |
| عارف عورفى | ١٩٦١ | ١٨٩٦ |
| عبدالرحمن پاشا بابان | ١٨١٣ | |
| عبداللّه (مەلاى بێتوشى) | ١٧٩٦ | ١٧٢٧ |
| عبدالكريم علكه | ١٩٤٨/٨/١٨ | |
| عبدالواحد نورى (ع. و. نورى) | ١٩٤٤/٧/٥ | ١٩٠٤ |
| عبدالرحمن بک (سالم) | ١٨٦٦ | ١٨٠٠ |
| عبدالعزيز مفتى (فوزى) | ١٩٤٧/٨/٢٠ | |
| عبدالرحمن مفتى | ١٩٩٥/٥/٢٢ | ١٩١٨ |
| عرفان (مەلا عبداللّه) | ئاب/ ١٩١٨ | ١٨٤٦ |
| عمر قرەداغى (شێخ) | ١٩٣٥ | ١٨٨٢ |
| عبداللّه چورستانى (مەلا) | ١٩٨٨ | |
| عبداللّه جەوهەر (ع. چالاک) | ١٩٨٢/٦/١ | ١٩٢٠ |
| عبدالعزيز يامِلكى | ١٩٨١ | ١٩٠٣ |
| عبدالعزيز پارەزانى | ١٩٧٦/١١/٢٢ | ١٩١٠ |
| عزيز شالى (هێمن) | ١٩٧٠/٥/١٥ | ١٨٩٧ |

| | | |
|---|---|---|
| علی کمال عبدالرحمن (کەمالی) | ١٩٧٤/١١/٨ | ١٩٠٠ |
| عوسمان عوزەیری | ١٩٦٦ | ١٩٣٥ |
| عمر عارف عورفی | ١٩٨٦/١٢/٢٣ | ١٩٢٣ |
| فائز (مەلا احمدی حاجی ملا رسول) | ١٩٧٠/٤/٦ | ١٨٩٢ |
| فاتح مەلا عبدالکریم مدرس | ١٩٩١/٥/١٦ | ١٩٢٧ |
| (قانع) شێخ محمد شێخ عبدالقادر | ١٩٦٥/٥/٧ | ١٨٩٩ |
| کاردۆخی (محمد امین کاکە شێخ) | ١٩٨٢/٤/٦ | ١٩١٦ |
| کاکە حمەی سیف اللّە (مەلا) | ١٩٦١/٥/١٠ | ١٨٨٩ |
| کاکەی فەللاح (حمە حمە امین قادر) | ١٩٩٠/١٠/٩ | ١٩٢٦ |
| کامەران موکری (محمد احمد طە) | ١٩٨٦/١٢/١٧ | ١٩٢٥ |
| کوردی (مصطفی صائب) | ١٩٨٠ | ١٩٠٤ |
| گۆران (عبداللّە بگ سلێمان بگ) | ١٩٦٢/١١/١٨ | ١٩٠٤ |
| لطیف شێخ محمود (شێخ) | ١٩٧٢/٥/١٢ | ١٩١٨ |
| لطیف حامد | ١٩٧٤/٢/٢٢ | ١٩٤٠ |
| لطیف دانساز (شێخ) | ١٩٤٨/٥/١٨ | ١٨٨٦ |
| محمد امین زکی عبدالرحمن (امین زەکی بەگ) | ١٩٤٨/٧/١٠ | ١٨٨٠ |
| محمد باشقە | ١٩٨٠ | ١٨٩٠ |
| محمد بهاءالدین صاحب (دانا) | ١٩٧٩/٧/٣١ | ١٩٣٤ |
| محمد خاڵ (شێخ) | ١٩٨٩/٧/١٥ | ١٩٠٤ |
| محمد حسین هەڵەبجەیی | ١٩٨٩/٦/٢٤ | ١٩٥٦ |
| محمد صالح دیلان | ١٩٩٠/١٠/٢٨ | ١٩٢٦ |
| محمد عبدالرحیم چروستانی | ١٩٦٣ | ١٨٩٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٢٩ | ١٩٨٤/١٠/٢٩ | محمد فيدا |
| ١٦٦٥ | ١٧٣٢ | محمد (حماغای دربند فقره) |
| ١٨٩٦ | ١٩٧٢/٨/٢٠ | محمد علی قرەداغی (مامۆستا) |
| ١٨٣٠ | ١٩٠٤ | محوی (ملا محمد) |
| ١٢٦٢ك | ١٣٣٩ك | محمود پاشای جاف |
| ١٨٨٢ | ١٩٥٦/١٠/٩ | محمودی حفید/ شێخ |
| ١٨٨٩ | ١٩٣٧/١١/٢٠ | محمود جودت |
| ١٨٠٩ | ایلول ١٨٤٩ | مصطفی بگ کوردی |
| ١٨٦٦ | ١٩٣٦/١/٢٥ | مصطفی پاشای یامولکی (حاجی) |
| ١١٦٦ك- ١٧٥٣ | ١٢٥٤ك- ١٨٣٨ | معروف (شێخ مارفی نۆدێ) |
| ١٩٢٢ | ١٩٤٧ | محمد قودسی |
| ١٩١٠ | ١٩٨٨/٣/٣٠ | مجید ندیم |
| ١٩٠٢ | ١٩٨٠ | مەعروف قرەداغی (مەلا مارف) |
| ١٩٢١ | ١٩٨٠/٨/٢٣ | محرم محمد امین |
| ١٨٩٣ | ١٩٥٢/٦/٥ | مفتی پێنجوینی (عبداللّه ملا کریم) |
| ١٨٩٤ | ١٩٥٦/٣/٢٩ | میرزا مارف |
| ١٨٩٨ | ١٩٦٣/٤/٢٣ | نجم الدین مەلا |
| ١٨٩٣ | ١٩٥٦ | نوری بابا علی (شێخ) |
| ١٨٩٦ | ١٩٥٦/١٢/٢٠ | نوری شێخ صالح (شێخ) |

**- هاتنی عبدولموحسین ئەلسەعدون و کورنوالیس بۆ سلێمانی:**

ڕۆژی ١٩٢٣/٥/٢٩ سەرەک وەزیرانی عیراق عەبدولموحسین ئەلسەعدوون و ڕاوێژکاری وەزارەتی داخلیە مستەر کورنوالیس بەرەو سلێمانی هاتن تاکو لەباری ئەو دەمەی ناوچەکە بگەن، لەولاوە (ڕەواندز) چووە باوەشی عیراقەوە و سەید (طە شەمزینی) بە قایمقامی دانرا. سەرۆک وەزیران و هاوڕێکانی گوێیان بۆ ئارەزووی خەڵکەکە شل کرد کە ئەوانیش بدەنە پاڵ عیراق و گوێ نەدرێتە قسەی ئەوانەی دەیانەوێ دوورکەونەوە و هەوڵی گەڕانەوەی تورکەکان دەدەن. ڕۆژی چواری حوزەیران گەڕانەوە بەغداد لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ڕۆژی ١١ تەمووزی ١٩٢٣ ئەم بڕیارانە درا:

١- حکوومەت نایەوێ فەرمانبەری عەرەب لە قەزا کوردییەکاندا دابمەزرێنێ تەنها (فنی) نەبێت.

٢- زۆر لە کەس ناکات لە دانیشتوانی قەزا کوردنشینەکان کە لە کاروباری ڕەسمییاندا زمانی عەرەبی بەکاربهێنن.

٣- مافی دانیشتوان و کاروباری ئاینی و شارستانی لە قەزا کوردنشینەکان بپارێزرێت.

(تاريخ الوزارات العراقية. چاپی پێنجەم- بەرگی یەکەم. ل١٦١. عبدالرزاق الحسني).

ڕوونکردنەوە: لەم بەینەدا شێخ مەحموود دەهاتەوە ناو شار و دوای بۆمباردومان دەردەچووەوە. واتا باری ئەو ڕۆژانەی سلێمانی بەهیچ جۆرێک دامەزراو نەبوو. ئەم هاتنەی ئەم پیاوانە لەو کاتانەدا بووە و بۆ دڵخۆشی دانەوەی خەڵکەکە بووە.

عەبدولموحسین ئەلسەعدوون لە ڕاستیدا پیاوێکی ساغ و پاک و ڕاست و نیشتمان پەروەر بوو، هەر ئەوەش بوو لە دواییدا پاڵی پێوەنا کە خۆی

بکوژێت چونکە لەلایەکەوە ئینگلیز داوای کاری سیاسییان لێ دەکرد، لەولاوە میللەت رازی نەبوو.

عەبدولموحسین ئەلسەعدوون لە تورکیا ئاشنایەتی لەگەڵ عەزمی بەگی باباندا پەیدا دەکات کە ئەویش ئەوسا لە تورکیا بوو. لەم دواییەدا کە عەزمی بەگ هاتەوە سلێمانی، لەو سەفەرەی عەبدولموحسین سەعدووندا، چووە ماڵی عەزمی بەگ هاوڕێی تورکیای و بە بینینی یەکتری شاد بوونەوە.

جا، سەیری دڵسۆزی و وەفای پیاوی ئەو زەمانە بکە!! تاکو لە دواییشدا نامەیەکی بە تورکی بۆ نووسیبوو، داوای لێ کردبوو کە لەسەر تەرشیحی ئەو، عەزمی بەگ بێت بە ئەندام لە ئەنجوومەنی (اعیان)دا.

**سلێمانی لیوایەکە لە لیواکانی عیراق:**

یەکەم حکوومەتی عێراق لەژێر سێبەری ئینگلیزدا بە سەرۆکایەتی سەید عەبدولرەحمان ئەلنەقیب لە ڕۆژی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠دا پێک هات و (سێر پرسی کوکس) نوێنەری سیاسی ئینگلیز بوو. ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٣ تاج نرایە سەر خاوەن شکۆ فەیسەڵ و بانگی (مەلیک)ی بەگوێدا درا و (المجلس التأسیسي) دامەزرا و پەیمانی بەینی عێراق و ئینگلیز مۆر کرا، مستەفا کەمالیش لە تورکیا بەوە رازی بوو کە واز لە وڵاتەکانی تری کۆنە دەوڵەتی عوسمانی بهێنێ و هەر تورکیای خۆی بەدەستەوە بمێنێ و پەیمانی (سیڤەر) خرایە پشتگوێ و پەیمانی (لوزان) هاتە پێشەوە، شۆڕشەکانی شێخ مەحموودیش بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت و سلێمانی چۆڵ کرابوو. ئیتر دوای ئەوە لە سلێمانیدا دامودەزگای حکوومەتی نوێی عێراقی تێدا دامەزرا و یەکەم (متصرف) ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بوو کە لە ڕۆژی ١٩٢٥/٣/١٧ بۆ یەکەم جار دەستی بە ئیش کرد.

(سلێمانی شارە گەشاوەکەم. بەرگی دووەم. ل٢٥٦-٢٥٧ جەمال بابان)

- **سەردانی یاسین ئەلهاشمی بۆ سلێمانی:**

ســـەرەک وەزیران یاسـین پاشـــای هاشـــمی بەنیـــازی گـــەڕان بەناوچەی ژووروی عێراقدا و لێپرسینەوە و مشـوور خواردنیان ڕۆژی یەکی مایسی ساڵی ١٩٢٥ گـەیشـتـە سلێمانی- دوای ئەوەی لەگەڵ پیـاوە ناودارەکان و خاوەن را و زاناکانیان کۆبووەوە، فەرمانی بەگرتنی چوارتا و هەڵەبجە دا، لەوێوە چووە کـەرکـووک هەندێ فـەرمـانی پێـویسـتی وای دەرکـرد کـە لە دەسـەڵاتی شـێخ مـەحـمـوود کـەم بکاتـەوە و دەست و پێـوەندی پەرش و بڵاو بکاتەوە، لەوێوە چووە هەولێر و لەوێشەوە بۆ مووسڵ تاکو لە مووسڵدا هانی ئەو بەرەو کۆمـەڵە نیشـتـمانییانەی دەدا کە دژی پرۆپاگەندەی تورکەکان بوەستن و نەیەڵن لووت بژەننە کـاروباری لیـژنەی سنووری دەوڵەتیـیەوە کـە ئیشی دەکرد و لەوێوە گەڕایەوە بەرەو بەغدا.

(تاريخ الوزارات العراقية- چاپی پێنجەم. بەرگی یەکەم. ل٢٤٤)

- **خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە سلێمانی:**

لە مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٣١دا، مـەلیک فـەیسـەڵ لە گەڕانێکدا بە بەشی ژووروی عێراقدا، لەگەڵ دەستـە و دایەرەی گـەیشـتـە سلێمانی و لە کۆبوونەوەیەکدا ئاهەنگ گێڕرا بە بۆنەی هاتنی مەلیکەوە ڕۆژی ٩٣١/٦/١١ لە باخچەی شارەوانی. مەلیک ئەم وتەیەی فەرموو:

سـوپاسی وتە بێـژان ئەکەم بۆ ئەو هـەسـتـە بـەرزانەی کە دەریان بـڕی کە ئەمـە دڵسـۆزی گـەل ئەگەیەنێت، زۆر حـەزم ئەکرد هـەر بە کـوردی وەڵامـیـان بدەمەوە.. ئومێدم گەورەیە کە لە پاشـەڕۆژدا بتوانم بێ گیروگرفت بەو زمانە بدوێم، چونکە هەموو ئەو قسانە تێگەیشتم کە کران.

خـۆم ئامـادە نەکـردبوو بۆ قـســە کـردن، بەڵام لەســەر حـەزو ئارەزووی دانیـشـتـوان کـە بریتین لە نوێنـەرانی کـۆمـەڵ و چینەکـانی گـەلی ئەم لیـوا

خۆشـەویستـە: وا بە کـورتی شـتـێک ئەدرکێنم: شـاراوە نیـیـە کـە ئایین بۆ خـوایەو نیـشـتـمـان بۆ هەمـووان هیچ فـەرق و جیـاوازییـەک نیـیـە لـە بەینی دانیـشـتـوانـی ولآتدا لەلای من و نیـشـتـمـان بۆ هەمـووانە. ئەم چیـاو دۆڵە جوانانـە مـوڵکی هەمـوو دانیشـتـوانی عێراقن. هـەروەک هەمـوو بسـتـێک لە لیواکانی تر موڵکی ئێوەن. هەروەها ئەڵێم هەر دڵۆپە خـوێنێکی دانیشـتوانی ئەو لیوایە، خوێنی هـەموو عێراقییـەکە و هەموو بران لەم نیشـتمانەدا و هیچ کۆسپێک بۆ خـزمەتی نیشتمان دوایان ناخـات، ئایین و مەزهـەبیش بۆ خوایە و لە سـنووری ناو مــزگــەوت و کنیـســـەدا لە بـەینی خــواو عــەبدی خــۆیا ئەمێنێتەوە.

بێگومـان هەریـەکـێک لـە ئێـوە ئـەزانێ کـە دەوڵـەتی عـێـراق پارچە پـارچە ناکرێت، کەوابوو دانیشـتوانی لیواکانی خـوارووی ولآت هـەرگیـز ناتوانن بە ئاسـوودەیی بژین ئـەگەر ئـەم لیـوایە بەشـێک لە نیـشـتـمـانـەکەیان نـەبێت و بەدەستیانەوە نەبێ.

هـەروەها دانیـشـتـوانی ئـەو لیـوایە هـەرگیـز ناتوانن تەنهـا ڕۆژێک دوور لە نیشتمـانی عێراق و دوور لە عێراقییەکانی تر بژین. ئەمە راستییەکە هەموو عـێـراقـیـیـەک ئەیزانن و گـشت مـیـللەتانی تـریش لەم رایەدان. لـەسـەر ئەم بناغـەیە دەوڵەتی عیراق بنیات نراو بـەم زووانـەش شـوێنی خۆی لەناو گـەلانی ترا بە یەکـەتی و سـەربـەسـتـیـیـەوە ئـەکاتەوە. کـەوابوو لەسـەر هەمـوویان چ حکوومـەت و چ ڕۆڵەکانی گـەل پێویسـتە کە بە ئەرکی سـەرشـانمان بەرامـبەر بە نیـشـتـمـانی پیـرۆز هـەسـتین و هـاریکاری و یـارمـەتی یەکتـر بدەین لەهـەر شتێکدا کە پایەی نیشتمان بەرز کاتەوە و ئامانجەکانی بهێنێتە دی.

بەرنامـەی حکوومـەتی نیشـتمانی لە ڕۆژی دامـەزراندنیـەوە هەتا ئێستا و هـەتا دوا ڕۆژی ڕۆژگار، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی داد لەناو ڕۆڵەکانی گەلدا و ئامـانجەکانی پێک بهێنێ، تاکو هـەمـوو ببن بە کارگـوزاری خـێر و خـۆشی و

سوودی نیشتمان... له دوتۆیی ئەو بەرنامەیە: دانانی یاسا کە خوێندن بەزمانی زگماکی خۆتان و هەروەها لە دادگاکاندا بە کوردی مامەڵە بکرێت. چونکە کورد بە زمانی خۆی شت فێر ئەبێت. هەروەها عەرەب و تورکمان. بۆ هێنانەدی ئەم یاسایانە، حاکم یاخود قازی ئەبێ زمانی ئەو شوێنە بزانێ، هەروەها سەربەستی نووسین لە دەزگا رەسمییەکانا بە زمانی ئەو شوێنە ئەبێ. لەولاشەوە داب و نەریت و ئایین و مەزەب ئەوپەڕی ڕێزیان لێ ئەگیرێ هەروەک لەمەوپێش ڕێزیان گیراوە. بە کورتی حکوومەتەکەی من سوورە لەسەر بەڕێوەبردنی کاروبار لەسەر بناغەی ئازادی و دادپەروەری و خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ ئەرکی نیشتمانی... جا ئەگەر حکوومەت لەم رووەوە کەمتەرخەمی کرد، من خۆم چاودێرم. باری سیاسی نیشتمان ئەچەسپێ و دیاری ئەکرێ و هیچ ڕێگایەک نەماوە کە ئەوە بگۆڕێت. لەسەر ئەم بناغەیە ئەرکی سەر شانی هەموو ڕۆڵەکانی گەل ئەوەیە کە یارمەتی حکوومەت بدەن و هەموو بە ئەرکی سەرشانیان هەستن. ئەو کەسەی لەم ڕێگایە لابدا، لادانەکەی وەک لادانی کوڕەکەی نوح پێغەمبەرە کە بوو بە هۆی ئەوەی باوکی دوعای لێ بکات ئەمانەی وتم بۆ دڵنایی گەلەکەمە بەرامبەر بەو شوێنە سیاسییەی کە بۆ وڵاتەکەمان رەخساوە، ئێوەش ئەوەتان لەسەرە، هەموو قۆڵی لێ هەڵکەن بۆ بووژاندنەوەی نیشتمان، بووژانەوەی لە ڕووی کشتوکاڵ و بازرگانی، تاکو بگاتە هەنگاوە گەورە سیاسییەکانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

(ڕۆژنامەی العراق- ژمارە (٣٤٠٦) ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٣١)

روونکردنەوە: ئەم هاتنەی خاوەن شکۆ خوا لێخۆشبوو مەلیک فەیسەڵ دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و شەڕی بەردەرگای سەرا یاخۆ دوای ڕۆژی رەشی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ بوو. زیاتر بۆ دڵدانەوەی میللەتەکە بوو، دوای ئەو هەرایانەی کە باسمان کرد، بەڵام لێرەدا نابێ هەرگیز شیعرەکەی پیرەمێردی نەمرمان لەبیر بچێت، ئەو شیعرەی کە

بەسـەر (وەفدی کوردسـتان)یا هەڵدابوو، ئەو وەفدەی حکوومـەتی سلێمـانی ڕێکی خـست و ناردنـی بۆ بەغـدا بـۆ عـوزرخـوایی و دڵدانەوەی حکوومــەتی بەغدا کـەوا مـیللەت ئەو هەڵەیـەی کردووە و ئەو هەرایەی قـەومـاندووە. تاکو سوجدە بۆ عەرش بەرن و داوای لێبوردن بکەن. سـەیری (پیـرەمێردی نەمر– محمد رسول، هاوار. بەغدا ۱۹۷۰ چاپخانەی العاني، ل۱۰۲) بکەن.

– سـەردانی مەلیک غازی لە سلێمانی:

ڕۆژی ٩ی حـوزەیران سـاڵـی ١٩٣٤ مـەلیل غـازی بـەرەو مـوسڵ ڕۆیشت، دوای ئەوە پێـنج شـەو تـیا مـایەوە، و پردە ئاسنە نوێیـەکـەی کـردەوە، بەرەو هەولێر و کەرکووک و سلێمـانی ڕۆیشت و لە ١٧ی حوزەیراندا گەڕایەوە بۆ بەغدا.

(تأريخ الوزارات العراقية، بەرگی٤ ل٢٣)

**– هاتنی خاوەن شکۆ مەلیلک فەیسەڵی دووەم بۆ سلێمانی:**

خـاوەن شکۆ مـەلیک فەیسـەل لە ڕۆژنامـەی ژینی ژمـارە ١٢٧ ڕۆژی /٩٥٥ ١١/١٠ وەرگیراوە، ڕۆژی ٩٥٥/١١/٣ هات بۆ سلێمـانی پرۆگرامێکی بەرەو پیرچوونی شـاهانەی بۆ کراو نزیکـەی (٢٠٠) ئۆتومـبیل چوون بە پیریەوە و سەعات (١) ئینگلیزی گەیشتە سلێمانی و (٢١) تۆپ ئاگردرا و گەلێک تاقی زەفەری بۆ کرابوو. دوای حەسانەوە دەستـی کرد بە گەڕان بە ناو شـارا چوو بۆ سـەردانی خـەسـتـەخـانە و قـوتابـخـانەی نموزەجی و فـیصـلیـەی کوڕان و سانەوی و معهدی پیشەسازی.

بۆ سـبـحـەینێ ڕۆژی جـمعـە ١١/٤ لە مـاڵی مـتـصـرف چاوی بە گـەلێک اشـراف و تجارو گەنجان و مـحـامیـانی شارەکە کەوت و لـە بابەت پێویسـتی شـارەوە قسـەیان کرد لە دواییدا چوو بۆ مـزگەوتی گەورە و نوێژی نیـوەڕۆی کـرد و پاش نیــوەڕۆ چوو بۆ نادی مــوظفین کـە لەوێ لەســەر شــەرەفـی ئەو

دەعوتی (١٥٠) کەسێک کرابوو، ئێوارە لە باخی گشتی بلدیە نزیکەی (٣٠٠- ٣٥٠) کەس و لەوێ رەئیسی بلدیە و خطیبی مزگەوتی گەورە و محمود فەقێ محمدی هەمەوەند و احمد خطیب مفتشی معارف هەریەکە خطبە و قسەو شیعری خۆی خوێندەوە دوای ئەوە خاوەن شکۆ ئەم خطبەیەی دا.

(میللەتی خۆشەویست: ئەم دوو ڕۆژە کورتە کە لە لیوای سلێمانیا رام بوارد ئەو هەست و بیرو اخلاصەی کە لە ئێوەم چاو پێ کەوت کاری گەلێک لە دڵما جێگیر بووە و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. زۆر پێخۆشحاڵم کە بەچاوی خۆم دیم لەم دوو ساڵەی دواییەدا، ئەو لیوایە تا چ رادەیەک پێشکەوتووە ئومێدم وایە ئەم پێشکەوتنە لە هەموو لایەکی وڵاتەکەماندا هەتا دێر زەمان دەوام بکات. لە کاتێکدا سوپاسی وەفاتان ئەکەم لە خوای گەورە دەپارێمەوە کە لە رێگای خزمەت و بەختیاری بەرزکردنەوەی نیشتمانی خۆشەویستمان هەموو لایەکمان سەر خا و رابەرمان بێت. ئیتر بە خواتان ئەسپێرم).

ڕۆژی دووشەممە رووی کردە پێنجوێن و لە دواییدا سموی وەلی عەهد و سەرەک وەزیرانیش هاتن و ڕۆژی دووشەممە ١١/٧ گەڕانەوە بۆ بەغدا.

**- تەشریف هێنان و گەڕانەوەی خاوەن شکۆ:**

ڕۆژی پێنج شەممە ٩٥٧/٣/٢٨ بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی شار بە ئوتومبێل رووەو دەربەندی بازیان چوون، بۆ پێشوازی لە خاوەن شکۆ مەلیکی خۆشەویست و خاوەن بەرزێتی جێنشینی مەزن لەگەڵ سەرۆکی دیوانی مەلیکی و وەزیر و سەرۆک و نائب سەرۆکی مەجلسی ئیعمار هاتن بۆ سلێمانی. لەوێ بەخێرهاتن کران ئنجا رووەو سلێمانی و ئێوارە هەموو تەشریفیان برد بۆ سەرچنار، لەوێ بە ئاهەنگێکی گشتی خاوەن شکۆ پرۆژەی چیمەنتۆی سەرچناری کردەوە. لە پێشەوە خەتیبی مزگەوتی گەورە

شێخ محەمەد قەرەداغی وتارێک و چەند شیعرێکی جوانی خوێندەوە، دوای ئەوە شاعیرێکی لوبنانی چەند شیعرێکی خوێندەوە، ئنجا وەزیری ئیعمار وتارێکی خوێندەوە لە بابەت ئەم پرۆژەیە و دەری خست کە ئەم پرۆژەیە لەگەڵ ئەو چوار سەد خانووە کە لە سەرچنار دروست دەکرێت، نزیکەی سێ ملیۆن و نیو دیناری تێ چووە و دەری خست کە مەجلسی ئیعمار بڕیاری داوە کە کارگەیەکی گەورەی شەکر لە سلێمانی دابنرێت کە بەم زووانە دەست پێ ئەکرێ....

دوای ئەوە گەڕانەوە بۆ سلێمانی، شەو لە یانەی موظفەکان شارەوانی سلێمانی کۆبوونەوە ئاهەنگێکی گشتی پێک هێنا و کاک حەسەن رەفعەت سەرۆکی شارەوانی وتارێکی خۆشهاتنی خوێندەوە و ئنجا هەڵپەڕکێ بەجلی کوردییەوە دەستی پێکرد کە هەموو لایان خۆش بوو دوای ئەوە نان خورا.

بۆ ڕۆژی دوایی (هەینی) هەموو روویان کردە دووکان و وەزیری ئیعمار وتارێکی لە بابەت بەربەستی دووکان و دەربەندیخانەوە خوێندەوە. دوای ئەوە خاوەن شکۆ خۆی بەبۆنەی هەفتەی ئیعمارەوە وتارێکی خوێندەوە کە تیایا وتی: بە بۆنەی هەفتەی ئاوەدانی دووەمەوە لە عیراقا کە بریتییە لە سەرەتای پێشکەوتن لەگەڵێ رووەوە وەک ئاوەدانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی کە مژدەی دوارۆژێکی رووناک و بەخێرو بەرەکەت دەدا بۆ ئەو وڵاتە: تێکۆشینی حکوومەت و مەجلس ئیعمار بۆ ئەم کارە شایانی تەقدیر و سوپاسە... ئیتر لە خوا داوا ئەکەم کە دەستگیریی هەمووممان بکات و سەرمان بخات بۆ پێکهێنانی چاکە.

(ژین، ژمارە ١٣٣٩، ڕۆژی ٢٨/٣/٩٥٧)

تێبینی: چوونی خاوەن شکۆ لە راستیدا بۆ (ناڵپارێز) بوو، بۆ بینینی مناوەراتی عەسکەری کە لەوێ دەکرا و پیاوانی گەلێک لە دەوڵەتانی بێگانەش هاتبوون بۆ سەیر.

- **فەخامەتی سەرەک وەزیری عیراق و تەشریف هێنانی بۆ سلێمانی:**

ڕۆژی ٩٥١/٦/٩ فخامەتی سەرەک وەزیری عیراق جەنابی نوری سعید پاشا و معالی عمر نظمی وەزیری داخلیە تشریفیان هێنا بۆ سلێمانی. شەو لە باخچەی نادی موظفین کۆبونەوەیەک کرا کە رؤسای دوائر و اشراف و تجار و ئەوانەی لە قەزا و ناحیەکانیشەوە هاتبوون.

سەرۆکی بلدیە بە چەند کلمەیەکی کورت و جوان بەخێرهاتنی کردن. ئنجا فخامەتی سەرەک وەزیر زۆر سوپاسی ئەو کەسانەی کرد کە بە زمانی بەرۆژوەوە ئەوەندە زەحمەتیان کێشاوەو چوون بە پیریانەوە و فەرمووی کە لەدوای رمضانیش هەر دێنەوە بۆ لابردنی کەمو کوڕی و چاککردنی ئیشی نارێک و ناخۆشی ئەو وڵاتە کە هەرچی پێویست بێ بیکا و هەرچی رێک بکەوێ امر بە کردنی بکات ڕۆژی دواتر بە احترام و خۆشەویستیەوە رەوانە کرانەوە.

داواکانی دانیشتوانی سلێمانی ئەمانە بوون:

١- کردنەوەی دار المعلماتیکی ابتدائی.

٢- مکتبی صنائع.

٣-تەواو کردنی کەمو کوڕی دوکتۆر و دەرمان لە شارەکەدا.

٤- کردنەوەی دەستگایەکی شەکر لە شارەزوور.

٥- کردنەوەی بانقێکی عقاری لە سلێمانی.

٦- دەست گیرۆیی بلدیە بۆ خزمەتی ناوشار.

ئەوەی شایانی باسە و لە هەمووی گرنگترە، کەسێک باسی توتنەکەمانی نەکرد چونکە دواکەوتنی توتن و فەوتانی مانای لەناوچوونی سامان و دەرامەتی وڵاتەکەیە.

(بەکورتی لە سێ ژمارەی ژین ١٠٥٤ ڕۆژی ١٤ حوزەیران ٩٥١ و ١٠٥٥ ،

ڕۆژی ٢١ حوزەیران و ١٠٥٦ ڕۆژی ٢٨ حوزەیران ١٩٥١) وەرگیراوە.

**- هاتنی وەزیری داخلیە- سعید قەزاز بۆ سلێمانی:**

ئاهەنگی کردنەوەی مشروعی ئاوی شار. کۆبونەوەی (٤٠٠) کەس لە سەرچنارو قسەکردنی متصرفی لیوا و وتاری رئیسی بلدیە و بینینی کردنەوەی مشروعەکە و سەیر کردنی هەموو کارو بارێکی . سەیر کردنی کاروباری تانکی ئاوی تازە و ماکینەی ئەلکتریکەکان و خەتی کارەبا تازەکان.

(ژین، ژمارە ١٣٠٢، ڕۆژی ٩٥٦/٦/٢٨)

ئەوەی شایانی باسە وەزیر خوا لێخۆشبوو سەعید قەزاز بوو کە ڕۆژی ٦/٢٤ هاتە سلێمانی بۆ بەسەرکردنەوەی ئیش و کاری نوێ و دوو ڕۆژ مایەوە لەوێوە لەگەڵ موتەسەڕیف چوون بۆ قەڵادزە. موتەسەڕیف عومەر عەلی و سەرۆکی شارەوانی فایەق هوشیار و معاون موتەسەڕیف عەبدوڵلا حەمە عەلی بەگ بوو.

**- بەکر صدقی و ئاواتەکانی:**

بەکر سدقی پیاوێکی سوپایی بە توانا و باوەڕی بەهێزی خۆی زۆر بوو، کودەتاکەی ساڵی ١٩٣٦ گوایە بۆ ئەوە بووە کە ڕژێمی مەلیکی لە عێراقدا ناهێڵێت و خۆی ببێ بە سەر کۆمار وەک ڕەزا شا لە ئێران و مستەفا کەمال لە تورکیا و هیتلەر لە ئەڵمانیا و مۆسۆلینی لە ئیتاڵیا.

دکتۆر غروبا باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عیراق لە کتێبەکەیدا (العراق في مذكرات الدبلوماسيين الأجانب)دا دەڵێت: هەر کە بەکر صدقی باسی بەرنامە دانانی بەرگری لە کوردستان بۆ کردم، پێشی ڕاگەیاندم لە ژێرەوە و بە نهێنی کەوا نیازی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی هەیە کە کوردی عیراق و ئێران و تورکیا بگرێتەوە خۆی و پێویستە ئەم دەوڵەتە پارێزگاری

سەربەستی خۆی لە دژی دەستدرێژی دراوسێکانی بکات.

عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی دەڵێت: سێ سەرچاوەمان لەبەر دەستدایە کە چاوبڕینی بەکر صدقی دەربخات لەم بابەتەوە:

یەکەمیان: ئەوەی لە کتێبی (العراق بین انقلابین)دا هاتووە.

دووەمیان: ئەوەی لە کتێبی (الاکراد والعرب)دا هاتووە:

گوایە نامەیەک لە بەغدا لە ژێر ناوی (الاکراد و العرب)دا لەلایەن هەندێک لە گەنجە کوردەکان بڵاو کراوەتەوە کە وەکو (الحسني) دەڵێت: ئەمە نووسینی نووسەری ناسراوی کورد (ئیبراهیم ئەحمەد)ە هەرچەندە ناوی خۆی لەسەر نەنووسیوە. ساڵی ٩٣٧ لە چاپخانەی النجاح لە چاپ دراوە، تیایا هاتووە کەوا: "گەلی کورد وەک گەلی عەرەب پارچە پارچەن و هەروەک عەرەب ئەوانیش لە ڕێی مافی پیرۆزی خۆیانا خەبات ئەکەن. هەوڵی هاریکاری و لەیەکتر گەیشتن لەگەڵ گەلاندا ئەدات. تاکو بەشی خۆی لە ژیان و ئازادی وەربگرێ و بتوانێ ئەویش لە بنیاتنانی مەدەنیەتی جیهانا بەشدار بێت. هەروەک چۆن لە بنیاتنانی مەدەنیەتی ئیسلاما بەشداری کرد. کورد وەک عەرەب بە دوای ئامانجێکی بەرزا هەوڵ ئەدەن کە هەموو خاوەن ویژدان و پیاوێکی باش بۆی تێئەکۆشێ. هەروەها شۆڕشەکانی کورد وەک شۆڕشەکانی عەرەب، زادەی هەستێکی گشتی میللەتێکن کە رووەو نەنگی و خەتەر بوونەتەوە تاکو ژیانێکی خۆش و ئازاد بژین، ئەگەر نەء، با مردنێکی پیاوانە و بەشەرەفەوە بمرن.

ئێمە ئەمانەوێ مامەڵە لەگەڵمانا یەکسانی بێت، نامانەوێ نە ئاغا و نە خزمەتکار بین، نامانەوێ لە ژێر گەلانەوە یاخود بەسەر گەلانەوە بین، بەڵکو ئەمانەوێ لە ڕێی مرۆڤایەتی و خۆشبەختیا بژین. کورد وەک برا عەرەبەکانی ئەیانەوێ لە کۆت و زنجیری زەلیلی و عەبدایەتی رزگار بن. ئەیانەوێ زمان و رۆشنبیری و رەگەزی خۆیان بپارێزن. چونکە ئەو پاراستنە هەرگیز زیان بە

بەرژەوەندی هیچ گەلێک ناگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە سوودی پێ ئەگەیەنێت.

(بەلاّم بنکەی سەرەکی بۆ بنیاتنانی پەیوەندی، نەک هەر لە بەینی گەلی کورد و عەرەب، بەڵکو بەینی هەموو گەلانی سەر زەمیندا، ئەو بنکەیەی کە بەبێ ئەو، چ ئاشتیی جیهان و چ برایەتی و هاوکاری گەلان، هەموو ئەبن بە قسەی بۆش و نابەجێ... ئەمەش بریتییە لە داننانی هەر گەلێک بە مافی گەلێکی تردا لە سەربەستییا، سەربەستییەکی راست و تەواو نەک هەر بە قسە، لە چوارچێوەی سنووری رەمەکی خۆیا، هەروەها داننان بە دەسەلاّتی تەواوەتیدا لە بەرێوەبردنی هەموو کاروبارێکی تایبەتی و گشتی، ئینجا رێکخستنی پەیوەندی ناو گەلان و بەستنیان بەیەکەوە بە شێوەیەکی سەربەست و ئازاد، بە جۆرێک مەبەست لەوە هاریکاری بێت کە لە ئەنجامدا بە خێر و خۆشی مرۆڤایەتی کۆتایی پێ بێت. ئەمانە هەموو لەسەر بنکەی ئازادی و سەربەستی و هەر گەلێک چی بتوانێ یارمەتی گەلانی تر بدات، تاکو باری ئابووری و گەشانەوەی رۆشنبیری تایبەتی ئەو گەلە بەرەو پێشەوە بروات بە جۆرێک بتوانێ بەشدار بێت لە بنیاتنانی مەدەنیەتی جیهانا و دیموکراتیەتی تەواوەتی وەدەست بێنێ". هەروەها عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی دەڵێت: هەر لەو نامیلکەیەدا باسی زیندووکردنەوەی دەوڵەتێکی کوردی لە ژوورووی عێراقداو، باسی ولاّتە کوردنشینەکانی تیایە کە هەموو یەک بگرن لەژێر سێبەری مەلیکێکی سەربەستدا.

٣- نووسینی ابو طبیخ

تێبینی و روونکردنەوە: ئێمە مەبەستمان لێرەدا زیاتر نامیلکەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدە کە عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی کردوویە بە بەڵگەیەک بۆ پێکهێنانی دەوڵەت یا حکوومەتێکی کوردی لەلایەن بەکر سدقییەوە (لەم بابەتەوە سەیری بەرگی چوارەمی (تاریخ الوزارات العراقية)، لاپەڕە لە ٣٢٠ وە تا ٣٣٢ بکە).

– **پیاوی ئیشکەر دەبێ هەمیشە ناو ببرێ و ستایشی بکرێ:**

لەلاپەڕە (٣٦٥)ی بەرگی دووەمی سلێمانیدا باسی یەکێک لە (متصرف–محافظ)ە ئیشکەرەکان کراوە کە سلێمانی ئاوەدان کردەوە کە ئەویش (مەجید یەعقوبی) بوو کە لە ساڵەکانی ٩٣٧–٩٣٨ (متصرف)ی سلێمانی بوو. ئەو بوو شەقامی (مولوی) کە ئەوسا (جاددەی تازە)یان پێ دەوت، هەروەها (باخچەی گشتی) کە ئەوسا (حديقة)یان پێ دەوت و شەقامی سجن کە (شەقامی سەرەوە)یان پێ دەوت و خانووی موتەسەڕیف کە سەردەمێک سەرۆکایەتی دانشگای سلێمانی بوو، ئێستا جێنشینی پارێزگارە، ئەمانە و زۆر ئیشی بەجێی تری کرد.. وەک سەرا و ماڵی مودیری ناحیە لە عەربەت و ناحیەکانی تر لە کاتێکدا کە پارە زۆر کەم بوو.

بەم بۆنەیەوە شاعیری نیشتمانپەروەر خوا لێخۆشبوو مەلا عەبدوڵڵای (زێوەر) بە تورکی چەند شیعرێکی لە ستایشی ئەم کردەوە و خزمەتە بەنرخانەدا وتووە، بۆیە بە تورکی چونکە مەجید یەعقوبی بە تورکی دەدوا.

١– یەنی بیر رەنگە گیرمیش شهرمز رەنگی بەشارەت در
اهالی هەر طرفدەن غرقی شادی و شکارەت در
٢– لیوامز میصرە بەن زەر بیر عزیزە مالک اولمشیدر
اوت یعقوبی زادە یوسفی شیرین اشارەت در
٣– (عدالت خان درکشور مزە) جوهری تاریخی
حکوومەت خانەسی دنیادە ان اعلا عمارتدر

واتا (١) شارەکەمان رەنگێکی گرتووە کە ئەمەش رەنگی شادومانییە
دانیشتوان لە هەموو لایەکەوە جگە لە شادی هیچ خەفەتیان نییە
(٢) لیواکەمان وەکو میسر خاوەنی عەزیزێکە

بەڵێ نەوەی یەعقوب یوسفی شیرین روخسارە

(٣) وڵاتەکەمان دادگایەکە بە مێژووی جەوهەری،

ئەم خانووەی میریش لە جیهانا بڵندترین خانووە

پارچە شیعری سێیەم لە پیتە نوقتەدارەکانی (سێ عدالت خانە درکشور مزە) بە حسابی ئەبجەد دەکاتە ساڵی ١٣٧٥ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣٨ز کە مێژووی دروستکردنی خانووەکەی موتەسەڕیفە.

**- رەنجی بێهوودەی پیرەمێرد و عەلی کەمال- توتن و شەکر و شتی تر...**

من و علی کمال قەلەم و زبانمان ماندو ئەبێ و رەنجی بێهودەشە.

ئەو هەرساتە نەساتێ ئەچێتە سەر مینبەری خەطابەت و أنواعی فکری کردو کۆشی و هیوای دەوڵەمەندی عیراق و تحسینی توتن و اخراجی بۆ خارج و پارە هێنانە وڵاتەکەمانە.

خۆ لە هەمووی خۆشتر و شیرینتر دروستکردنی فابریقەی شەکر و قانونە کۆنەکەی مرحوم یاسین پاشا و هەڵگیرساندنی شاپلێتەی نەوت و چی و چی؟ هەڵدەڕێژێ و بە منی دەنوسێ و پێشم ئەڵێ حیزبەکەمان بە قوەتەو پیاوی یەکە پیاومان لە پشتە.

ئەم نەوعە تشبساتی خیریەی وطنیەمان بۆ ئەچێتە سەر و سەیرکەو ئەوسا بڵێ (تیر پڕە لە چاو) ئێمەش بەم ئاخری عومرەوە و بیست و پێنج ساڵە بە غەزەتەچیەتیەوە باوەڕ ئەکەین و ئەنیشینە باڵ لە پڕێکا لە ئاسمانی خولیاوە سەرەنگرێ ئەکەوینە خوارەوە. کە دێینەوە ئەبینین توتنمان سوتاوە و شەکرمان روخاوە و نەخۆشی شەکر لەناوە و شاپلێتەمان کوژاوەتەوە و کوڕی باوە گوڕگوڕمان لەبارچوە. هێجگار توتنەکەمان لە هەموو ساڵێک خراپتری لێ هاتووە. دۆنم، دۆنم گەڕاوەتەوە سەر دۆنم کاری و هەندێ عضوی فحصی توتن پەیدا بوون، کە لە قوتوی هیچ عطارێکدا نەبینراون.

بقـچـێنه و بسـوتێنه، خـۆ پارەش بەرەحـەتی نـادرێ... ئێـمـەش ئەمـڕۆ هەر توتنەکـەیە کە نانێکمـان ئەداتێ، هیچ زەراعـەتێکی تر نیـە ئێمـە تـێر بکات. پیـازمـان لە سـوریەوە بـۆ دێت، حـوقـەی بەدوو سـەد فلس زیاترە. ئەوا من ئەمـانە ئەدەمـەوە بـە چاوی علی کـمـالدا و ئەڵێم ئیـتـر خـۆت مـاندو مـەکـە و منیش مـەخـەرە خـولیـاوە. نەکـەس لـە تۆ ئەبیـەو نە غـەزەتەکـەی منیش ئەخوێننەوە... ئەمەتا رەنجی بیهودە.

(ژین– ١٠١٢، رۆژی ٢٥/ مایس/ ١٩٥٠).

روونکردنـەوە: بەڕاسـتی تووتن کـۆڵەکـەی ژیان و ئابـووری کـوردسـتـان و بەتایبـەتی هـی ناوچەی سلێـمـانـی و هێـجگـار دێهـاتـەکـان کـە ئـەوانەی لە شوێنی فێنک و ساز بوون بۆ تووتن، زیـاتر بە تووتن دەژیان و ئێسـتاش ئەو هەلومـەرجـە هەر هەیە ئەگەر سـوودی لێ وەربگیـرێ، تووتنەکەشـمـان لە زۆر تاقیکردنەوەدا دەرکەوت کە باش و (مقبوڵە).

لەو ساڵەدا پیرەمێردی نەمر ئەم مقالە ئەدەبییە و ئابوورییە جوانەی تێدا نووسـیـبـوو، وردە باسـی کـارگـەی شـەکـریش هاتبـووە ناوەوە، ئـەوە بوو لە دواییدا ئەویش دانرا و بەڵام بەداخەوە زوو لەناوبرا و جێگاکەی پڕ نەبووەوە.

جـاران ئافـرەت بەرەو کـەرکـووک و بۆ سـەر باباگـوڕگـوڕ دەچوون بە نیـازی سک پڕ بوون بە کوڕ و دەیان وت:

باباگوڕگوڕ بە گوڕ هـاتم– باباگوڕگوڕ بۆ کوڕ هـاتم

پیرەمێرد ئەمەشـی تێهەڵکێش کردووە:

**– شوکت بەگیشمان رۆیی:**

لە بنەمـاڵەی حـاکـمـانی بابان شـوکت بەگی عـزمی بەگیش کـۆچی دوایی کـرد، چـوە شــوێن بارەگـــای ســـەیوانی بـابان. شـــوکت بەگ تـربیـــەیـەکی ئەساسیەی نەجابەتی هەبوو، هەموو کەسێک خۆشـی ئەویست تەنها بەخت و طالع لێی دڵگیر بوو، نەی هێشت لە هیچ شوێنێک بحـەسێتەوە ان شـاء الله

له عالەمی سعادتی اخرتدا ئەحەسێتەوە، خوا اجری کەس و کار و ماڵ و منداڵی بداتەوە.

(ژین، ژمارە- ١٠١٤، ڕۆژی ٥ حوزەیران ١٩٥٠)

**- خۆشی خۆشی- دیسانەوە شەکر و توتن:**

وەک لە غەزەتەکانا خوێندومانەتەوە معالی وزیری اقتصاد عبدالمجید محمود لەم بەینەدا دوو لائحەی ئامادە کردوە کە بیدا بە مجلسی وزرا، یەکێکیان هینی دروستکردنی شەکرە لە عیراقدا، ئەوی تریشیان بۆ رێکخستن و چاککردن و ناردنە دەرەوەی ئیشی توتنە.

ئەم تاڵ و شیرینە هەردوکیان ئەوەندە چاکن و ئەوەندە باش و بە قازانجن کە ئیتر شت لەمە باشتر کەم هەیە. بەدڵ و بە گیان لە خوا ئەپاڕێینەوە کە خوا موفقی بکات بۆ ئەم ئیشەو بەم زوانە سەرەتای ئەم کارە جوانە دەربکەوێ.

(ژین، ژمارە- ١٠٣٥، ڕۆژی ١ شباط ١٩٥١)

**(قوتابخانەی سەردەمی عوسمانی)**

| قوتابخانە | ژمارە | ژمارەی مامۆستایان | ژمارەی قوتابی |
|---|---|---|---|
| اعدادیە ملکیە | ١ | ٧ | ٧٠ |
| رشدیەی عەسکەری | ١ | ٧ | ١١٠ |
| ابتدائیە بۆ منداڵان لە سلێمانی | ١ | ٤ | ١٠٠ |
| ابتدائیەی ثقافی | ١ | ٢ | ١٠ |
| قوتابخانەی اولی لە (سیتەک، پێنجوین، پشدەر و اغجلەر | ٦ | ٦ | ١٠١ |
| کۆ | ١٠ | ٢٦ | ١٨٩ |

(ڕۆژنامەی ژین، ١٢٤٧ ڕۆژی ٩٥٥/٤/٢٨)

**کۆچی دوایی مامۆستایەک:**

جەنازەی مامۆستایەک کە (٤٠) ساڵ لە بەهاری عومری لە ڕێی خوێندەواریا بەخت کرد. چۆن بە شەش حەوت منداڵ و دو سێ خوا ناس و چەند مامۆستایەک بەخاک سپێررا. کێ گوناهبارە؟ ئایا کۆمەڵەکەمان هەست بە چاکەی ئەندامەکانی ناکا؟ یا کەمتەرخەمی چینی مامۆستایان و دەستەی مەعاریفە؟

بە قەڵەمی مامۆستا (س). ئەو مامۆستایەش سەعید زەکییە (مەقالیکی دورو درێژە، هەموو گلەییە... لە کۆتاییەکەیدا ئەڵێت: تۆش ئەی مامۆستای گەورە: دڵنیابە لە پێش ئەوەدا کە کۆمەڵەکەت و قوتابیەکانت و دەستەی مەعاریف شینت بۆ بکەن، ئاسمان بۆت گریا هەور کەوتە شیوەن و ناڵە، ئەستێرەکان و مانگ و ڕۆژ فرمێسکیان بە خوڕ بۆ ڕشتی، کە ئەمانە هەمووی نیشانەی دڵنیاییمانە کە دوا قۆناغت بەهەشتە.

(ژین، ژمارە– ١٢٤٩، ڕۆژی ١٩٥٥/١/١٢)

**کۆچی پیرەمێرد:**

ڕۆژی دووشەممە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠ پیرەمێرد کۆچ دوایی کرد. پیرەمێرد نەمردووە و نامرێ، چونکە هەتا ژین لاپەڕەیەکی بمینێ ناوی ئەویش هەر ئەمێنێ. ڕۆژی ٨/٢٥ چلەی ماتەمینی پێک هێنرا. قەلەباڵغێکی زۆر لە ژن و لە پیاو لە باخچەی قوتابخانەی سانەوی کۆبونەوە. دوای قورئان خوێندن لەلایەن مەلا حەسەنی حافزەوە شێخ محمدی خاڵ لە بابەت چۆنیەتی و شەخسیەتی پیرەمێردەوە قسەی کرد، ئنجا مامۆستا بێخود، معالی توفیق وهبی، شیعری عبدالرحمن بەگی بابان، وتاری عەرەبی مامۆستا عبدالمجید حسن، وتاری هەولێر، شیعری مامۆستا هیجری دەدەی کرکوک، وتاری مامۆستا معروف جیاووک، شیعری مەلا محی الدین، برقیەی رفیق حلمی بەگ، عبدالعزیز یاملکی، رشید باجەلان، حسین

رشوانی له مصر، موسی صمد، وتاری مستر ادمونس، وتاری دکتۆر عزت عارف، وتاری حامد فرج، وتاری جمیل بندی ڕۆژبەیانی، وتاری محمد علی کوردی، شیعری مامۆستا گۆران، شیعری حاجی باقی، وتاری مامۆستا ابوبکر شێخ جلال، شیعره به سۆزەکەی مامۆستا قانع، وتاری علی کمال بەگ، وتاری مامۆستا عبدالقادر قزاز، شیعری مامۆستا ئەخۆل، سوپاسی دانیشتوان لەلایەن مامۆستا فائق هۆشیارەوە.

(ژینی ژماره- ١٠١٦، ڕۆژی ٧ ایلول ١٩٥٠)

تێبینی: ئەم وتار و شیعر و برقیانه هەموو کۆ کرانەوه و له کتێبێکدا له چاپ دران.

**- معارف- جائزه بۆ قوتابیه پێشکەوتوەکان:**

لەبەر ئەوەی له امتحانی عامی ساڵی ٩٤٩-٩٥٠ی بەکالۆری پۆلی شەشەمدا باش دەرچوون و نمرەی چاکیان وەرگرتووه، ئەمانه له خوارەوه ناویان نووسراوه بەخشیشیان وەرگرت:

احمد کمال کوڕی حاجی عبداللەی شاڵی که له قوتابخانەی خالدیه دەرچووه (٤٠٤) نمرەی وەرگرتوه.

امیره حسین حاجی رشید که له قوتابخانەی کچانی گۆیژه دەرچوه (٤٠٢) نمرەی وەرگرتووه.

جلال کریم عبدالرحمن که له قوتابخانەی امیر عبدالاله دەرچو (٣٩٩) نمرەی وەرگرتوه.

هەریەکه سەعاتێکی دەستی باشیان خەڵات کراوه ئەم جاره سەعاتەکانیان له وەزارەتی معارفەوه بۆ هاتووه و بەسەریانا دابەش کراوه. خوا لێیان پیرۆز کات و هیواداریین لەمەو دواش بەشی زیاتر وەربگرن و هاوکاریشیان چاویان لێ بکەن که ئەوانیش بەشدار و سەر بەرز بن.

(ژین، ژماره (١٠٣٧)، ڕۆژی ٥ شباط ١٩٥١)

**هەڵبژاردنی کۆمەڵی مامۆستایان لە سلێمانی:**

ڕۆژی یەکشەممە ٨ نیسان ٩٥١ لە قاعەی قوتابخانەی ثانوی بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵی مامۆستایان هەموو هیئەتی تعلیمیەی سلێمانی کۆبونەوە. بەپێی اصول و نظام لەژێر ریاستی مدیری فیصلیە و مراقبی (ریاضیات) دەست کرا بە هەڵبژاردنی هیئتی ادارەی فرعی جمعیتی معلمین (لقی معارف سید فؤاد رشید بۆ ریاسەت و سید موسی صمد مدیری ثانوی بۆ نائب رئیس و مدیرەی متوسطەی کچان سیدە جینیە یوسف و مدیرەی گۆیژەی کچان سیدە امینە حسن و مدیری عبدالالە سید علی مظفر و مدیری ایوبیە سید عزیز صالح و مدیری خالدیە سید یونس و مراقبی ریاضە صالح علی و معلمی فیصلیە محمد توفیق بە اندام هەڵبژێرران.

(ژینی ژمارە- ١٠٤٥، ڕۆژی ١١ نیسان ١٩٥١)

**- اجازەی علمی- مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس:**

ڕۆژی جمعەی پێشو ڕێکەوتی ٢٠ مانگ تەمموز لە مزگەوتی (حاجی احان) بە موجبی ارادەی مطاعەی مەلیکی اجازەییکی علمی جهتی تدریس درا بە مدرس شهیر سید ملا عبدالکریم. ٣ ڕۆژ لەوەو بەر لەلایەن فضیلتی قاضی سلێمانییەوە، زۆر کەس بانگ کرابوون بۆ ئەو حفلەیە. سەعات دەی عەرەبی هەموو خلقەکە لەوێ کۆبونەوە و حفلەکە بە خوێندنی چەند ئایەتێک کلام الله کرایەوە و دوایی لەلایەن فضیلتی قاضییەوە چەند کلمەییکی جوان و پڕ معنا و ڕۆح خوێنرایەوە و اجازەکە درا بە مامۆستای ناوبراو حفلەکە زۆر بە جوانی و ڕێک و پێکی کۆتایی هات.

(ژین، ژمارە- ١٠٦١، ڕۆژی ٢ اب ١٩٥١)

**ئایا ئەزانی؟ بە گلەییەوە:**

جاران ئەیانوت سەیرە لە کۆیە، بەڵام ئێستا سەیرە لە سلێمانی.

هەندێ کەس لە سلێمانیا بێ بارن وەکو هەڵمات.

هی واهەیە خۆی بە کورد ئەزانێ کەچی هەوڵ ئەدا بۆ داخستنی ڕۆژنامەی ژین.

پەندی پێشینانە (بۆز بەلەڕی)

دوکەڵی توونی حمام لە وڵاتاندا، لەناو شارا یاساغە.

سلێمانی ناوی زل و دێی وێران.

وارداتی لیوای سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٥دا هەر لە توتن نزیکەی (٣٠) ملیۆن دینار بوو، کەچی ئەمساڵ ناگاتە ربعە ملیۆنێک. (ساڵی ئەمساڵ مەبەستی ١٩٥١).

شاعیری خوالێخۆشبوو فائق بێکەس لە پاش مردنی بە سێ مانگ أمری فصلی دەرچوو.

نائبەکانمان چەند شتیان بۆ کردوین. دە بیان ژمێرن.

هەموو قەزای پشدەر دوو مکتب و قەزای شاربازێڕ چوار مکتبی تیایە.

(ژین، ژمارە– ١٠٦٨، ڕۆژی ٢٧ ایلول ١٩٥١)

**– سوپاس– سوپاسی قوتابخانەو ژین بۆ کاکە حمەی کریماغا:**

مدیری قوتابخانەی گۆیژەی کوڕان بۆی نووسیوین ئەڵێ: سوپاسی جەنابی کاکە حمەی کریماغا ئەکات ئەمساڵیش وەکو ساڵانی تر چۆتە قوتابخانەکەیان و یارمەتی قوتابیە هەژارەکانی داوە، خۆی کتێب و قەڵەم و دەفتەری بۆ ٣٠–٤٠ قوتابی کڕیوە و هەموو ساڵێکیش ئەمەی کردووە. ئێمەش لەگەڵ مدیری قوتابخانەدا ئەو سوپاسەی ئەکەین و ئەڵێین

هیـوادارین کـە هـاورێکانی کـاکـە حـمـەش ئەم واجـبـاتانەیان بزانیـایە و دەستگیری قوتابیە هەژارەکانیان بکردایە؟، ئای چەند خۆش ئەبوو!!

(ژین، ژمارە- ١٠٧٠، ڕۆژی ١١ تشرینی اول ١٩٥١)

**( کۆچی جمیل صائب )**

جـمـیل صـائب کە مـدیری ادارە و نوسـینی ئەم ڕۆژنامـەیە بوو، هەفتـەیەک بوو، بەهۆی نەخـۆشـیـەوە چوو بۆ بەغدا و هـەر لەوێ لە شـەوی ١٣/١٢ی ئەم مانگەدا (مەبەسـی تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٥١) لە ناکاو کۆچی دوایی کرد و لەسـەر ئـامـۆژگـاری خـۆی هێنرایەوە ئێـرە لە گـردی یارە لە تەنیـشت پیرەمێردەوە نێژرا. جمیل صائب کوڕی مەلا احمدی صائب و خوشکەزای پیرەمێردە و لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و لە تەمەنی ٦٢ سـاڵاندا بوو بەشی زۆری ژیانی لـە وظیـفـەی حکوومـەتیـدا رابواردوە. دوایی مـدیری خـزێنەی سلێـمـانـی بوو، کـە لە سـاڵی ١٩٤٩دا تـقـاعـد کـرا، ئەوەبو دوای کـۆچی پیـرەمـێـرد لە سـاڵێک لـەمـەوبەرەوە (دەست بـەرداری ژین بوو) و ئەم بـەینە چاودێری کـرد. بەراسـتی کـۆچێکی ناکـاو بوو نەک هـەر بۆ (ژیـن) و کـەس و کـاری خـۆی، بـەڵکو بەشـی زۆری دانیـشـتوانـی شـارەکـە و هەمـوو دۆست و نـاسـیـاوی بـۆی خـەمـلەبـارو دڵتـەنگ بوون و بـە دڵێکـی پڕ لـە داخـەوە (کـاکینـە)مان رۆیی خـەڵک لە زمـانی منـاڵەکانیـەوە پێیـان ئەوت (کاکینە) کـە ئەم پیـاوە بەراستی وێنەی چاکەو انسانیـەت و هـەر خـۆشـی انسـانی بوو. رق و کـینەی لا نـەبوو خـۆشـەویست و بەوەفـا بـوو، تورەیی نەئەزانـی چیـیـە، لە ڕێگای چاکەو یارمـەتی کـەم دەسـان و دۆسـتـانیـا خـۆی بەخت ئەکردو کـۆڵی نەئەدا تـەنانەت پێـیـان ئەوت (خـۆی وقف کـردوە)... وەنەبێ قـەومـەکـەی و هـاووڵاتیـانی ئەمـەیان نەرانیبـێ و تێنەگەیشـتبن و قـەدریان نەزانیـبێ، چونکە دوای خـۆی دەرکەوت و هەرئەوەندە ئەڵێین کە ئەو بەیانیەی باسـی کۆچکردنی گەییە ئێـرە چۆن شـار خرۆشـا و هـەموو دیمان. ژین هـیـوای وایە خـوای گەورە

لێی خۆش بێ و سەبوری کەس و کارو دۆست و ناسیاو و هاووڵاتیانی بدات.

(ژین، ١٠٧١، ڕۆژی ٢٥ تشرینی اول ١٩٥١)

لە منیشەوە (ج.ب) ئەڵێم ئەوەی سەرەوە وتراوە کەمی هەیە، بەڵام هیچ زیادی نییە. من خۆم ئەوسا قوتابی ئامادەیی بووم کە باوکم وەفاتی کرد. کاکینە ناردی بە دواما وتی: باوکت وەفاتی کرد من بە مامی خۆت بزانە، هەر ئیشێکتان بوو هی خۆت و کەسوکارو تاوەکو هاوڕێکانیشت وەرە لام و شەرم مەکە، ئەوەی پێم بکرێ (قصور) ناکەم. ئەی هەزار ڕەحمەت بۆ خۆت و دوو ئەوەندە چەپکە گوڵی بۆنخۆش بۆ سەر گۆڕەکەت.

**- بۆمبا فڕێدان:**

دەمێکی زۆرە لە سلێمانیا ئەم پیشەیە، پیشەی فڕێدانی بۆمبا لە تاریکی شەوا، بۆ ناو خانووی دانیشتوان پەیدا بووە. ئێستا ئەمە زۆر جار ڕووی داوە. لەم هەفتەیەدا لە گەڕەکی دەرگەزێن سەر لە ئێوارە دیسانەوە، گرمە هەڵساو دەرکەوت بۆمبایەک فڕێ دراوە لەبەر ئەوەی کەوتبوە کۆڵانەوە هیچ زیانی نەبوو.

ئەو پیشەیە سەرەڕای ئەوەی ئەو مەبەستە ناهێنێتە دی کە فڕێدەر نیازیەتی، هەروەها ترسنۆکی و نامەردی ئەو کەسانە دەرئەخات کە بەم ئیشە پڕو پووچە ئەیانەوێت دوژمنەکانیان بترسێنن.

نا بەدڵی پیشان دان لە یەکێک، لە کاربەدەستێک بەم جۆرە نابێت و وتەیەکی ڕوو بە ڕوو، ئاشکراو زانراو بۆ پیاوی پیاو لە هەزار بۆمبا فڕێدان باشترە. کە کەس نازانێ مەبەسی چیە، کە زۆر جار فڕێدەر لە ترسنۆکی خۆی نازانێت بۆ کوێی فڕێ ئەدات زۆرتریش یەکێکی بێ تاوان بەرئەکەوێت.

(ژین، ژمارە- ١٠٧٨، ڕۆژی ١٣ کانونی اول ١٩٥١)

تێبینی: ئەم پیشە ناشرینە و دەستڕێژکردن هەر بە شەو بەسەرماڵی

(متصرف- محافظ) و قایمقام و مودیری ناحیە یاخۆ حاکم لە شار و لە دێهاتەکانی لای خۆماندا باو بوو، بەڵام هەمیشەش بە پێچەوانەی خواستی ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرا و هەندێ جاریش یاخۆ زۆر جار ئەوانە دەزانران کێن و کێ رایان دەسپێرێ، ئەوسا (نظام دعاوي العشائر) هەبوو، بەگوێرەی ئەو نیزامە موتەسەڕیف یا قایمقام یا مودیری ناحیە شکی لە کێ بووایە دەیگرت و فڕێی دەدایە بەندیخانەوە، هەزار هاوار بە پوولێک. تا تەمیە خواردوو دەبوون.

**- مانیان گرت- مانگرتنێکی سەیر :**

بەپێی نووسینێک بۆمان هاتووە، شاگرد دروەکانی شاری سلێمانی، وێنەیەکی داخوازیە مشروعەکانی خۆیان داوە بە وەستاکانیان لەبەرئەوەی لەناو گشت وەستاکانا، تەنیا دووانیان لەگەڵیا رێک نەکەوتوون، شاگردەکانی ئەو دوو وەستایە بڕیاری مانگرتنیان داوە تا چنگ کەوتنی حەق. شاگردی وەستاکانی تریش کە ژمارەیان گەیشتۆتە (٣٥) کەس بۆ تأییدی برا شاگردەکانیان مانگرتنێکی رەمزییان بۆ ٢٤ سەعات بەجێ هێناو. وەک لە نوسینەکەدا نوسرابوو داخوازیەکان ئەمانە بوون:

زیادکردنی ڕۆژانە، کەمکردنەوەی سەعاتی کار، دوایی هێنان بە دەرکردنی کەیفی و اهانات، شەو کار بە کرێی اضافی و بەپێی خواهیشت، بەخشینی حەسانەوەی هەینی هتد...

(ژین، ژمارە ١١٧٤، رۆژی ١٩ تشرینی دووەم ١٩٥٣)

تێبینی: خوا سەلامەتیان بکات. دانیشتوانی سلێمانی لە چاولێکەریا ئازان، ئەم مانگرتنە یاخۆ (اضراب)ە و ئەم مەرجانەی ئەو دو شاگردە دایان ناوە، بۆ (معمل یا مصنع- کارخانە)یەکی گەورەیە کە سەدەها کرێکار ئیشی تێدا بکات و خاوەن کار ملیۆنێر بێت نەک بۆ بەرگدرویەکی مامناوەندی لای ئێمە کە خۆی و تەنها شاگردێکی هەیە و نانی ڕۆژانەیان

لەسەر درومانەکەیانە کە هەندێکیان ماکینەی خەیاتیشیان نەبوو. خۆزگە پەندمان لە رووداو وەردەگرت.

**- نرخی دەغڵ و دان- مانگی کانونی یەکەم/ ساڵی ١٩٥١ :**

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٢٥٠ | ٤ | ڕبەیەکی سلێمانی برنج (دوو تەنەکەی نەوت ڕبەیەکە) |
| ٧٥٠ | ١ | ڕبەیەکی گەنمی قەندەهاری هەر تەنەکەیەکیش (لام وایە) شازدە کیلۆی ئەمڕۆیە |
| ٣٠٠ | ١ | ڕبەیەکی گەنمی عەجیبە |
| ٠٠٠ | ١ | ڕبەیەکی گەنمی زەردکە |
| ٨٥٠ | ٠ | ڕبەیەک جۆ |
| ٧٠٠ | ٠ | شەکری لەندەنی - کیلۆ |
| ١٩٥ | ٠ | چای چاک. حۆقەی ئەستەمبۆڵ (لە کیلۆیەک کەمتر) |
| ١٠٠ | ١ | چای ناوەند |
| ٩٥٠ | ١١٦ | لۆکەی هاوینە - یەک تەن |
| ٠٠٠ | ١٥٠ | لۆکەی پایز - یەک تەن |
| ١٢٠ | ٠٠٠ | خامی وەتەنی - یاردەیەک |
| ١٤٥ | ٠٠٠ | بلوری ماسی نیشان - یاردەیەک |

(ژین، ژمارە- ١٠٧٩، ڕۆژی ٢٠ کانونی اول ١٩٥١)

**- دەست وەشاندن لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمد :**

شەوی ٢٠ و ١٩٥٣/١٢/٢١ بە هاندانی بیرێکی ناپاک دەستێکی چڵکن محامی مامۆستا ابراهیم احمدی دایە بەر دەمانچە، ئەم کردەوە پیس و شورەییە کسپەی لە جەرگی گەورە و بچوکی دانیشتوانی ئەم شارە هەڵسان.

یەکێک لەو پرۆتستۆ زۆرانەی لەلایەن هاونیشتمانیەکانەوە کرا ئەمەی لای خوارەوەیە کە لەلایەن هاوپیشەکانی شارەوە دراوە بە مرجعە رەسمیەکان.

– خاوەن بەرزی سەرەکی نەقابەی محامیەکان.

– سەرەکی لیژنەی انضباطی محامیەکان لەناوچەی موصل.

– خاوەن فخامت سەرەک وەزیر.

– خاوەن بەرزی وەزیری داخیلە.

– متصرفی لیوای سلێمانی.

– مدیری شرطەی لیوا+ مدیری شرطەی گشتی.

– حاکمی تحقیقی سلێمانی.

– ڕۆژنامەی صوت الأهالی پیرۆز.

– ڕۆژنامەی لواء الاستقلال پیرۆز.

– ڕۆژنامەی ژین پیرۆز.

لە شەوی ٢٠ و ١٩٥٣/١٢/٢١دا، تاوانبارێکی گوناهباری پیاوکوژ پەلاماری هاوپیشەمان محامی ابراهیم احمدی دا و دایە بەر دەمانچە، لەبەر دەرگای ماڵی خۆیانا، لە ناوەڕاستی شاردا، چەن یاردەیەک دوور بە دائرەی رەسمی کە ماکینەی کارەبایە. بە راستی کەمتەرخەمی ئیدارە لە پارێزگاری سەرو ماڵی هاونیشتمانەکان و راگرتنی ئاسایش و دڵنیایی دا بوو بە هۆی دوبارە ئەم جۆرە کارەساتە داخدەرانە.

سەردەمێکە هەندێک دەستە پەیدا بوون ناو شاریان پڕ کردوە لە پیاو خراپ و تۆقاندنی دانیشتوان بەدەست درێژی چەن بارەیان چ بەشەو و چ بە ڕۆژ. ئەم دەستەو کۆمەڵانە چەند سەرۆکێکی راوێژکەریان هەیە خۆیان بەسەر شارا داسەپاندوە و خۆیان لێ کردوین بە سەرکردە. تەنانەت سەردەمێک لەمەوپێش کوڕی یەکێک لەم سەرکردە دەرەبەگانە دەم درێژیەکی

پیسی کردە سەر رئیسی محکمە لە ژورە رەسمیەکەی خۆیاو گەلێک جنێوی ناشیرینی پیسی بە خۆی و ئیدارەو دەوڵەت دا. ئەنجامی ئەمە چی بو؟ هیچ دەربارەی هیچ اجراءاتێکی قانونی وەرنەگیرا و بەم جۆرە کردەوەیە ئیدارە بوو بە هۆی هاندانی ئاشوب گێرەکان کە درێژە بە پیاو خراپی بدەن لە ڕۆژی رووناک و شەوی تاریک و نوتەکا. لە هیچ جێگایەک بۆ ئەمە اجرائاتێکی قانونی نەکرا. نازانین مادەی ٧٧ و پاشماوەکانی بۆ کێ دانراون؟ ئێمە بەو صیفەتەی کە لە پیشەی قانونی دا ئیش ئەکەین زۆر بە سەختی پرۆتستۆی ئەم قەوماوە ئەکەین کە هاتووە بەسەر هاوپیشەیەکمانا و بێزاری هەرە تیژمان دەرئەبڕین بەرامبەر بە پیاو خراپان و کەمتەرخەمی ئیدارەو داوا ئەکەین بە گورجی اجراءاتی قانونی کە کافی بێت بۆ بەرگریی رووداناوەی ئەم جۆرە کردەوانە و تاوانبارو هاوکارەکانیان رابکێشرێنە محکمە بۆ ئەوەی بە سزای هەرە سەختی قانونی بگەن و بەم بۆنەیەوە ئەیدرکێنین کە گشت دانیشتوانی سلێمانی بەدەست کردەوەی ئەم تاوانبارانەوە وایان لێهاتووە لە سەرو ماڵی خۆیان دڵنیا نەبن.

محامی: رؤف مصطفی، جلیل هوشیار، کمال احمد صالح، نوری أمین محمود، قادر مصطفی، عبدالرحمن فرج، کریم حاجی شریف، مصطفی رشید.

نواندنی بێزاری: لە قوتابیانی کوردی زانستگای حقوقی بەغداوە تەلگرافی لای خوارەوەمان بۆ هاتووە لە بارەی نواندنی بێزاری بەرامبەر بەو دەست درێژیەی ئاراستەی ژیانی محامی ابراهیم احمد لە هەفتەی رابوردودا کرا.

ئێمە کە قوتابیانی کوردی حقوقین بە گشت رق و تورەییمانەوە بێزاری هەرە تیژمان دەرئەبڕین بەرامبەر بەو دەست وەشاندنە تاوانکارانەی ئاراستەی ژیانی محامی مامۆستا ابراهیم احمد کرا و بە گەرمی داوا

ئەکەین تاوانکەرە پەستەکان، چ هاندەرو چ دەست وەشێن. بە گورجی کێش بکرێنە مـحکمـە و بگەیـەنرێن بە سـزای هەرە سـەخـتی تاوانی پیس و چڵکنیان. هەروەها داوا لە گشت حقوقی و محامیە بە شەرەفـەکانی نیشتمان ئەکەین کە بێزاری دەرببڕن بەرامبەر بەم تاوانە شورەییە.

لە قوتابیانی کوردی حقوق ٥٣ ئیمزا

هەروەها لە دانیشتوانی هەڵەبجەوە بە (١٦٣) ئیمزا وێنەی بانگ نامەیەکمان وەرگرت بە پشت گیریی بانگنامەی محامیەتی ئەم شارە کە لە ژمارەی پێشوو بڵاومان کردەوە بێزاری دەرئەبڕێ بەرامبەر بەدەست وەشاندن بەنیازی کوشتن لە محامی مامۆستا ابراهیم أحمدو بەگەرمی داوای سزادانی سەختی زاتکەرەکان و پیلان گێڕەکانی ئەم تاوانە چڵکنە ئەکات.

(ڕۆژنامەی ژین، ژ ١١٧٩، ٢٤ کانونی یەکەم ساڵی ١٩٥٣و دوو ژمارەی دوای ئەو)

**چەتە لەناوچەی سلێمانی:**

لە کۆندا، واتە زوو (نالە پێ پان) هەبوە کە گیراوە و لە بەردەرگای سەرا هەڵواسراوە. لە ساڵەکانی سییەکاندا (کوێخا مجیدی شانشین) و تاقمەکەی لە ناوچەی چەمچەماڵ و بازیان و حەمە عەلی ڕۆستەم لە ناوچەی سورداش و سەید عەتا و حەمەتاڵ لە ناوچەی پێنجوێن و لە دواییدا خولە پیزە و برای و تاقمەکەیان لە ناوچەی شارباژێڕ.

لەوە پێشتریش واتا لە سەردەمی عوسمانییەکاندا هەندێک کەس لە هۆزی هەمەوەند لە ناوچەی چەمچەماڵ و بازیان ڕێگریان ئەکرد و کاروان و خەڵکیان رووت دەکردەوە کە ئەم باسە دوور و درێژ لە کتێبەکەی (سون)دا هەیە (رحلة متنکر).

تعقیبی ئەم چەتانە لەلایەن (پۆلیسی غیرە نظامی یاخود وەک بە (عامی) (جاش پۆلیس)یان پێ دەوتن، ئەکران. تعقیبی خولەپیزە لە لایەن هێزی

پۆلیسەوە دەکرا، یەکێک لەو ئەفسەرانەی پۆلیس کە تعقیبی خولە پیزە و تاقمەکەی ئەکرد (علی بەگی محمود بەگی بابان- علی بەگە خڕە) بوو.

خوا لێخۆشبوو (باقی بەگ کوڕی نوری بەگ ساحێبقڕان) کە حاکم بوو دەچوو بۆ پێنجوێن بۆ (دعوی) بینین. لە رێ تاقمە چەتەکەی خولە پیزە بە ناحەق کوشتیان. لە دواییدا خولە و تالەی برای و تاقمەکەی هەموو کوژران.

(هەمەوەند ئاخریت بێ- ئەحەی ڕابێ تعقیب کەرت بێ)، هەندێک بەستەوباویش هەبوو لە بابەت چەتەکانی ناوچەی پێنجوێنەوە وەک:

(برا غەزال و برا غەزال) و (خوشکە عەزیمێ).

**ئەنجامی خولە پیزە و تالە و طاهر و خولە سەلکە و عەزەی مینە رەش و . . . :**

ئەنجامی پیاو خراپی، دەستە چەتەکانی کۆمەڵەکەی خولە پیزە:

٩٤ (قضیەی غیر موجزە) (کارەساتی گەورە) کە لەسەریان نوسراوە ٢٣ کارەساتی رووتکردنەوە و سوتاندنی گەورە.

١٣٢ کەس کوشتن و بریندار کردن. یەکەمین کارەساتی رووتکردنەوەی (فرج قادر) ناو لە بەینی دێی (بەهی- و- سپی دارەدا لە قضای چوارتا).

گرتنی طاهر پیزە بە برینداری و اعدام کردنی. کوشتنی خولە پیزەو عول گوڵچین و تالە پیزە و خولە سولکەو رسول بێورەیی.

ئەنجامی پیاو خراپی: دەستە چەتەکانی خولە پیزە دوای پانزە ساڵ چۆن لە بنەڕەت، خراپە و خراپە کەران دواییان هات. تالە پیزەو خولە سەلکەو عەزەی مینە رەس و رەسول بێورەیی چۆن کوژران.

ترتیباتی کاربەدەستان و یارمەتی اهالی و بەیانی ئیشکردن هەزاران کەس لە سەیری لاشەکان، وتاری خطیب و کوڕ کوژراو.

(لە ڕۆژنامەی ژین، ژمارە- ١٢٥١، ڕۆژی /١٩٥٥
٦/٢و ژمارە ١٢٥٢، ڕۆژی ١٩٥٦/٦/٩ وەرگیراوە)

- **دیسانەوە خولە پیزە:**

خولە پیزە ناوی محمودە کوڕی حەمەی مینە ڕەش لە هۆزی (بێسەری)یە خەڵکی دێی (چەمیاڵە)ی چوارتا بوو. نزیکەی (٩) ساڵ ڕاکردوو دەستی دابوە پیاو خراپی و وردە وردە چەند کەسێکی لە براو ئامۆزاو ژن برای خۆی لە خۆی کۆکردبوەوە و دابویانە ئەو لوتکەی شاخانەی نزیک سنوری ئێران و جارجار پێی هەڵئەبڕی و زۆر کەڕەتیش خۆی ئەکوتایە ئێرانەوە.

وەکو زانراوە تا ئێستا نزیکەی ٦٠-٧٠ دعوای جزائی گەورەی لەسەر تسجیل کراوە. ئەمانە هەمووی کوشتن و بڕین و ڕاو ڕووت و تالآن و سوتاندن. یەکەم کردەوەی لە ساڵی ١٩٤٢دا (فرج قادر) ناوی گرت و رووتی کردەوە و (١٢) دینار و کەل و پەلەکانی لێ سەند. کە ئەم پیاوە شکاتی لێ کرد. دعوای ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٩٤٢ی مرکزی شرطەی چوارتای لەسەر تسجیل کراو دوای تحقیقات هەر لەو ساڵەدا، حاکمی جزای سلێمانی بە پێی مادە (٢٦٢)ی قانونی عقوبات أمری گرتنی دا و ئیتر خولەش رایکرد و دەستی کرد بە پیاو خراپی تا ساڵی ١٩٤٧دا امری مخفری وڵیاوا کە امری گرتنەکەی درابویە. ئەبیەت خولە چۆتەوە دێیەکی خۆی و ئەمیش ئەچێ بیگرێ، ئەبێ بە شەڕ و أمر مخفرەکە ئەکوژرێ..، ئیتر لەمەوە دەست پێ ئەکات... دوای کوشتنی (باقی بەگ) بە پانزە ڕۆژ لە شەڕێکا لە شاخی (سورکێو) تالەی برای بە بریندراری گیرا، دوای تحقیقات و محاکمە، محکمە حوکمی بە (اعدام) دا و لە ڕۆژی ١٩٥١/١٢/٢٤دا لە سلێمانی بە ئاشکرا اعدام کرا و بێگومان هاوڕێکانی تریش (کە تازە جێی ترسیش نین) یا وەکو براکەی ئەدرێنە دەست عدالت یاوەکو خۆی عدالتی خوایی ئەبینن.

(ژین، ژمارە-١٠٦٠، ڕۆژی ٢٦ تموز ١٩٥١)

**- حاجی أحمد عبد ربه و خراپکردنی کچێکی بچکۆلە:**

دوێنێ کاتی محاکمە کردنی احمد عبدربە (مدیری داخلی کۆنی قوتابخانەی نجاحی خیریە) بوو کە متهم بوو بە خراپکردنی ئەو کچە بچوکەی کە لەو قوتابخانەیەدا بوو. (محکمەی کبری) لە پاش وەرگرتنی افادات و بڕینەوەی هەموو شتێک، بڕیاری دا بە حوکم دانی احمدربە بە (٧) ساڵ حەپس (٣٠٠) دینار تعویض کە بدرێ بە کەسوکاری کچەکە.

(ژین، ژمارە- ١٣٠٧، ڕۆژی ١٩٥٦/٨/٩)

**بۆ مامۆستا بشیر موشیر لە مامۆستا نجم الدین مەلاوە:**

خۆشەویستی گەل ئەی بەشیر موشیر
دڵسۆزی کوردان، دانای پیری ژیر

کارتە جوانەکەو واتەی ڕەنگینت
گەیشتە دەستم شیعری شیرینت

بۆ پیرۆزانەی، جەژنەکەی نەورۆز
نەمدی لە هیچ کەس، شیعری وا بە سۆز

ئەگەر بینوسێ خۆشنووس بەچەن دێڕ
لە پاشەڕۆژا، ئەگیرێ لە زێڕ

ئەبێ بە سەرمەشق بۆ پیرو لاوان
کە گیان بەخت کەن لە ڕێی نیشتمان

ئاواتە خوازم، هەتا دێر زەمان
بە خۆشی بژی و بەرزی کوردستان

**- کتێبخانەی گشتی- خوێندنەوەی کتێب لە مانگێکدا:**

ژمارەی خوێندەوارانی کتێبخانەی گشتی لە مانگی شباطی رابوردوی ساڵی ١٩٥٦دا (٨٤٢) کەس بوون. لەمانە زۆرترین کتێبی کوردی و ئنجا عەرەبی، ئنجا ئنگلیزی و فارسی و تورکی و مجلاتیان خوێندۆتەوە. لەوانە (٦٠) یان کچ بوون.

عبدالکریم عارف. مأموری مکتبەی عامە

(ژین، ژمارە ١٢٨٨، رۆژی ١٥/٣/٩٥٦)

**میوەو خواردەمەنی بەناوبانگ لە کوردسانا:**

ترێی گەوەرە، گوێژی دارەقیتەڵە، هەنجیری ژەنگارو مەرگە، گوێزی هەورامان، تەڕەتووی ولیان، پەنیری یاخیان، برنجی بازیان، ماستی کۆزەڕەقە و خەراجیان، پیازی عەودالان، توتنی شاورو بەر قەندیل و کانی شوان، باسوق و سنجوقی قامیش و عازەبان. کاڵەکی قەڵاچوالان، قۆخی شەقڵاوەو هیران، هەناری هەورامان و نازەنین و شارەبان، ماشی ئالان، دۆشاوی شوکێ و باراوو پاڕەزان، هەنگوینی پشت ئاشان، مێوژی شارباژێڕ و نیسک و نۆکی مۆریاس و بەرزنجە، قەزوانی موسڵ، گەنمی قەراج، کەبابی سلێمانی و هەولێر، رۆنی جافەتی، سەهۆڵی پیرەمەگرون.

جگە لە میوە و خواردەمەنی، ئەم شتانەش بەناوبانگن:

کەڵەشێری کرماشان، بەڕەی سەوسێنان، کەلاش و قەڵەمبڕی تەوێڵە و چۆغەی هەورامان، ئاوی حەمامۆک، نەوتی کەرکوک، تەزبێحی ئەبڵەقی بەرزنجە، خەڵوزی سورداش، داری پێنجوێن، سەگی هەوشار، مێشولەی شارەزور، دوپشکی عەربەت.

(رۆژنامەی ژین، ژمارە- ١٢٩٤، رۆژی ٢٦/٤/٩٥٦)

تێبینی: هەندێک لەوشتانەی سەرەوە لە کاتی خۆیدا و لەو رۆژەی ئەو

نووسینەی تێدا بڵاوکراوەتەوە بەناوبانگ بوون، ڕەنگ هەیە ئێستا وانەبن و شتی نوێتر هاتبنە جێیان: وەک داری پێنجوێن (بۆ سوتاندن) و خەڵوزی سورداش و کاڵەکی قەڵاچوالان کە ئەمانە هەر ناویان ماوە...

**- خاڵە ڕەجەبیشمان با لەبیر بێت:**

خاڵە ڕەجەب بە بۆنەی مانگی ڕەجەبەوە ئەڵێت:

من ڕجا ئەکەم لە ئیسلامی شار- لە دەست ڕۆیشتوو دەرحەق بە هەژار
ئەم مانگە کەوا، مانگی ڕەجەبە- مانگێکی گەورەو سەددی ئەدەبە
گەر زەکات نەدەن، بە فێڵ و فەرەج- فەقیر تێر ئەبێ، ساکن و مل کەچ
هەر کەس بە شەرعی دەست باتە زەکات- فەقیر و دەست کورت نابن لە وڵات.

(ژین، ژمارە- ١٣٣٥، ڕۆژی ٩٥٧/٣/٧)

- تەمسیل لە شارە پیرۆزەکەمانا:

لە ٢٢ی مارتی ٩٥٧ وە ئەم قوتابخانانەی سلێمانی ئەم تەمسیلانە پێشکەش ئەکەن:

| قوتابخانە | ناوی چیرۆکی تەمسیلی | ڕۆژی دەستپێکردن |
|---|---|---|
| فیصلیەی کوڕان | ژیانی خێزانێکی لادێ | ٢٢ و ٢٣ (١٩٥٧/٣) |
| صلاح الدین کوڕان | دەستپاکی | ٢٢ و ٢٣ (١٩٥٧/٣) |
| کانێسکی کوڕان | تا عەلە نەکەم وە ئەفەنی وازی لێ نایەنم | ٢٢ و ٢٣ (١٩٥٧/٣) |
| سەرشەقامی کوڕان | ئازاری ژیان | ٢٢ و ٢٣ (١٩٥٧/٣) |

ڕۆژێک بۆ ژنان و ڕۆژێک بۆ پیاوان

| قوتابخانه | ناوی چیرۆکی تەمسیلی | ڕۆژی دەستپێکردن |
|---|---|---|
| صدیقەی کچان | بوون بە خەلیفە – بەخەیاڵ | ٢٤ و ٢٧ (١٩٥٧/٣) |
| مختلفەی کچان | کچە پاشا و حەوت کورتە باڵا | ٢٤ و ٢٧ (١٩٥٧/٣) |
| تاجی کچان | کچە پاشا و حەوت کورتە باڵا | ٢٤ و ٢٧ (١٩٥٧/٣) |
| روضە کچان | درۆزن هەر جارێک ناشتا ئەکا | ٢٤ و ٢٧ (١٩٥٧/٣) |
| مەلکەندی کچان | شەونم و شای پەرییان | ٢٤ و ٢٧ (١٩٥٧/٣) |

ڕۆژێک بۆ ژنان ڕۆژێ بۆ پیاوان

| قوتابخانه | ناوی چیرۆکی تەمسیلی | ڕۆژی دەستپێکردن |
|---|---|---|
| ئەیوبیەی کوڕان | منم پێشمەرگە | ٢٦ و ٢٧ (١٩٥٧/٣) |
| خالیدیەی کوڕان | دەستپاکی هۆی کامەرانییە | ٢٦ و ٢٧ (١٩٥٧/٣) |
| ئەمیر عەبدوڵلای کوڕان | یارمەتی هەژار | ٢٦ و ٢٧ (١٩٥٧/٣) |
| زەهرای کچان | هێزی تاریکی | ٢٨ و ٢٩ (١٩٥٧/٣) |
| عێراقیەی کچان | پیرێژنێکی هەژار | ٢٨ و ٢٩ (١٩٥٧/٣) |
| ملکە عالیەی کچان | وەرزی ساڵ (ئۆپەرێت) | ٢٨ و ٢٩ (١٩٥٧/٣) |
| گۆیژەی کچان | ڕاستگۆیی و خوێندەواری پەیژەی ڕزگارین | ٢٨ و ٢٩ (١٩٥٧/٣) |
| مەلکەندی کوڕان | خۆم بەخۆم کرد | ٣٠ و ٣١ (١٩٥٧/٣) |
| گۆیژەی کوڕان | مێشک لەناو قەفەزی تاوانباریدا | ٣٠ و ٣١ (١٩٥٧/٣) |
| غازی کوڕان | پەروەردەکردنی منداڵ لەسێ جێگا | ٣٠ و ٣١ (١٩٥٧/٣) |

(ژین، ژمارە– ١٣٣٥)

**- تەمسیلی ئەمساڵ- عطیل:**

دەمێکە دانیشتوانی شارە خۆشەویستەکەمان چاوەڕوانی بینینی تەمسیلێکی خۆش و بەکەڵکن. سا مژدە بێ واقوتابیانی سانەوی ڕۆژو ئێواران (شا چیرۆکی شکسپیر- عطیل) ئەو شانۆییە بەناوبانگە کە زۆربەی شانۆ گەورەکانی جیهان شانازییان کردوە بە پیشاندانیەوە. تا ئەو چیرۆکە گرنگە لەگەڵ دوو چیرۆکی لێکدراوی کۆمەڵایەتی پڕ لە پێکەنین (ئافرەت و نوشتە- و ئێستگە) ئامادەکراون بۆ نیشاندان لەسەر شانۆی قوتابخانەی سانەوی ڕۆژو بەم نزیکانە پێشکەشتان ئەکرێ. دەرهێنانی مامۆستا انور توفی.

مەبەست لە نیشاندانی ئەم ئاهەنگە تەمسیلیە بەنرخە وریا کردنەوەی کۆمەڵ. لەسەر ئەو باوەڕەی کە وتویانە (شانۆ قوتابخانەی گەلە)وە کۆکردنەوەی هەندێ پارەیە بۆ دەستگرتنی قوتابیە هەژارەکان. ئەوەشتان لەبیر نەچێت کە قادر دیلان و تیپەکەی لەگەڵ ئەم ئاهەنگە تەمسیلیە جوانترین مۆسیقاتان پێشکەش ئەکەن.

(ژین، ژمارە- ١٢٦٨، ڕۆژی ١٩٥٦/٣/١)

لە ژینی ژمارە ١٢٩٠ ڕۆژی ١٩٥٦/٣/٢٩دا مامۆستا (سین) دورودرێژ لەسەر پیشاندانی (عطیل) و دوو چیرۆکە کوردیەکە دواوە و ڕەخنەی لێگرتوە.

**- دیسانەوە لافاوەکەی سلێمانی:**

زۆر لەسەر لافاوەکەی ڕۆژی ٩٥٧/١٠/١٨ کە لە سلێمانیدا رووی دا نوسرا... لێرەدا چەند کۆپلەیەک لە شیعرە جوانەکەی خوا لێخۆشبوو کامەران (محمد احمد تەها) هەڵئەبژێرین کە بۆ (کامل)ی جوانەمەرگ و هەموو کۆچکردوانی لافاوەکەی وتوە:

ئەی باڵندەی شیعر خەمگین
با پێکەوە بیکەین بە شین
وەرە ناو هێلانەی دڵم
گوێ گرە لە گریەی بە کوڵم
دەخیلت بم، پێنووسەکەم
تێر بۆم بنوسە، بۆ ماتەم
بنوسە، لە هەڵبەستی ورد
بۆ ئەو یادەی دڵی سست کرد
ئەی باڵندەی ئاوازی هەست
با بگری دڵی مات و پەست
کە بای خەزان گوڵی وەران
خونچەی دەست ئەکا بە گریان
ئەی کە خونچەی ناسک وەری
خەڵکینە توخوا، کێ بگری
ئەبێ پایزیش و هوزار
بگرین بە سۆز، بە کوڵ، بەزار
بۆ کۆچی، کامیلی ئازیز
ئەگرین گوڵاڵەش و پایز
کراس و کەل و پەل و جل
هەمووی دانابوو کاک کامیل
بڕوا بۆ خوێندنێکی بەرز
لە پڕ ئاسمان کە هاتە لەرز
دڵی گەنجی نایە ژێر خۆڵ
لەگەڵ لاشەی دایکی کڵۆڵ

لافـــاو کـــە هـاتە نـاو هـەیوان
دوو لاشـــــەی، پێکەوە فـــڕان
کـــامـــیلی ئاخنیـــە ژوور
دایکیـــشی ڕامـــاڵی بۆ دوور
کـــە چاوم لێک نا بـەبێ دەنگ
کـاروانی شـــەهیدانی شـــەنگ
هـاتن بـە وردی تێـــپـــەڕبوون
گـــڕ بەربوو لە بێـــخی دەروون
ئەی (فـائزە)ی پەرچەم زێڕین
(سۆزان) ئەی فریشتەی زێڕین
یادی ئێـوە، لەگـەڵ ســەرکـۆ
لـە دڵمـــــانا بـوو بـە پـشکۆ
کـاروانی مــەرگ بەرەو نەمـان
کـەوتـە ڕێ پیـرو کـچی جـوان
کـاملی سـەرقـافـڵەچی مـەرگ
گـــڕی بـەردا لـە دڵ و جـــەرگ
شەرت بێ لە سـەیوانی دەروون
گـــۆڕتان بـۆ بکەم لە ئـاڵتـــوون
لە بیـرمـانن ئەی کـاکـە گیـان
هەر فرمێسک، ئەڕێژین بۆتان
ئەی یـادی لافـاوی خـوێن ڕێژ
بووم بە شـاعیری شـیوەن بێژ

(ژین، ژمارە- ١٣٧٠، ڕۆژی ٢١/١١/٩٥٧)

- **بە بۆنەی لافاوەکەی سلیمانیەوە- هاتنی عبدالاله:**

ڕۆژی هەینی ڕابوردو سمـوی ولی عـهـدی مـەزن أمیـر عـبدالالـه لە پاش ئەوەی کـە لە ئێـران گەڕایەوە، هات بۆ سلێـمـانی بۆ ئەوەی بە چاوی خـۆی سـەیری بەسـەرهـاتی شـار و دانیـشـتوان بکات بە بۆنەی لافـاوەوە، لە پاش ئەوەی هەمووان لە موظفین و أشراف چوون بە پیریەوە، و گەیشتە سلێمانی و بەناو شـاردا نزیکەی دوو سەعات گەڕاو خۆی چاوی بەو کارەساتە کەوت کـە چـی هێنـاوە بەسـەر شـاردا و بەمـە زۆر دڵتـەنگ بوو، لە پاشـا وتی: هیوامان وایە کە یارمەتیەکی تەواوی لێقەوماوان بدەین و سەر لەنوێ شوێنە ڕوخـاوەکان تـازە بکەینەوە هەتا ئەم کـارەسـاتە لەبیر دانیشـتوان بەرینەوە و هەر عەینی ڕۆژ گەڕایەوە بۆ بەغدا.

(ژین، ژمارە- ١٣٦٧، ڕۆژی ٩٥٧/١٠/٣١)

- **هەر بۆ بۆنەی لافاوەکەوە- هاتنی مەلیک فیصل:**

ڕۆژی سێ شـەممە ٩٥٧/١١/٥ خـاوەن شکۆ مـەلیک فـیـصل لەگـەڵ فخـامەتـی سەرەک وەزیران و وەزیری نـاوخۆ هاتنە سلێمانی و دانیشـتوان چوون بـە پیـریـانەوە و لە مـاڵی مـتـصـرف دابـەزین، لەلایەن قـوتابی (شنە مـفـتی)یەوە بـە چەند وتـەیەک بەخـێـرهـاتن کـرا. دوای حـەوانەوە لـەگـەڵ کاربەدەستانا چوونە ناو شـار.. دڵتـەنگی خۆی زۆر نیشـان دا و پەیمانی دا کـە بـە زوویەکی زوو هەرچـی هەیە لە زەرەرمـەندەکـان یارمـەتـی بدرێن... و نزیک ئێوارە سلێمانییان جێ هێشت و بەرەو کەرکوک گەڕانەوە.

خاوەن شـکۆ خۆی (٣٠٠٠) دینار و ولی عـهد (١٠٠٠) دیناریان پێشکێش بە لێقەوماوانی سلێمانی کرد.

(ژین، ژمارە- ١٣٦٨، ڕۆژی ١٩٥٧/١١/٧)

**ئاهەنگی نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی و رێز لێنانی چەند مامۆستایەک :**

لەم کـۆبونەوەیەدا لـە رۆژی ١٩٦٨/٦/٣٠دا لە یانـەی فـەرمـانبـەران لە سلێمانی د. أحمد عبدالستار جواری کە نەقیبی مامۆستایان بوو ئامادە بوو. ئەوەی گرینگ بێت رێز لە چەند مـامـۆسـتـایەک نرا کـە خـانەنشین کرابوون و خەڵات کران کە ئەم خوشک و برایانە بوون:

١- فؤاد رشید بكر ٢- احمد صالح موصلی ٣- طاهر یحیی بابان ٤- رشید کریم افراسیاب ٥- عبدالخالق خالد سعید ٦- شفیقە سعید ٧- مصطفی عبدالرحیم ٨- صالح قفطان ٩- علی کاکەمین ١٠- عبدالرحمن نسیب ١١- بدریە عباس ١٢- فاطمە علیە محی الدین ١٣- بهیجە عزیز ١٤- احمد فخری.

**- سلێمانی : دیلان :**

لە کـۆواری شـارەوانی (سلێـمـانی) ژمـارە (٢) مـانگی ئابی ١٩٥٨ وەرگیراوە:

**کانیسکان**

مامزی ناو قامیشەڵان
گوێچکەی تەپی بۆ راوەشان
وەکو (شۆخی)
ملی بەرزی بۆ هەڵبڕی
نیگای رەشی بۆ دوور فڕی
لە (کەڵ)ی بەردەوامی خوڕی
بە مرقەی... باڵندە تەری
وتی هەستە، خرمەی سوارە

دەسەجڵەو، بەرەو خوارە
وا دیارە، دیسان شکارە
سەرباز، بەسەد، بە هەزارە
ڕێچکەی لەشکری، دواییە
دەنگی تەپڵی، پاشاییە

**سەرچنار**

مامزی ناو قامیشەڵان
سمی تیژی لە زۆنگ چەقان
لەسەر چیمەن، جێ پێی دیارە
لووتی (ڕەوەی) بەرەو خوارە
لە گومەتەو بەزاق و باز
ئێستێکی کرد
قۆچ بۆ سەر قەپرخەی برد
وتی مەڕۆن
روخساری شەو
بەم ئاوی ژیانە بشۆرن
تازە تیری سوارەی بەبان
تێ ناپەڕێ، لە کانێسکان
تێ ناپەڕێ، ناگاتە ناو
ڕەوەی تەرەی لانە شێواو
دوورکەوتنەوە لە تیر و باز
کانی گەیشتە، سەرچنار
دیی... پەیکەری جوانی بەهار

جەستەی شەنگی رازاوەیە
سروشتی تیا، حەساوەیە

**شاری تازە**

بۆ بەیانی
بۆ سبەینێ... مامز روانی
تەقەی تەورە...
ئەگرمێنێ، ئەڵێی هەورە
ئەبارێنێ پەلی پەڕاو
بەبار... بەتاو
دار بڕینە
لە هەمووﻻ... هەڵپەڕینە
گوریس بەدووﻻ لەدارە
وەک مێرولە رێچکەی بارە
ئەی کۆتری تینووی گوێ ئاو
چە باسە لە ﻻنەی شێواو

**ﻻپەڕەیەکی شاردراوە**

نیازی شەڕە یاخۆ راوە
ئەم قیامەتە، هەستاوە
ئەبێ دیسان لمۆزی (......)
تینوو بێ بۆ خوێندن ئەستۆم
بۆ سووتاندن، بۆ خنکاندن
بۆ درەختی زل پەڕاندن
یا هەمدیسان لە گورگی...

برسیە بۆ لەش و جەستەم
ئەبی چی بێ؟
ئەبێ چەن گوڵ هەڵوەری بێ؟
وا باخەوان وێنەی جاران
کەوتۆتە دەنگدانی یاران

**وەڵام**

ئەی مامزەکان... گوێچکە هەڵخەن
شاختان لە ناو شاخی کەڵ خەن
شەڕە قۆچ کەن...
لەم سونبولستانەش کۆچ کەن
ئەوا پایتەخت
گوێزرایەوە بۆ شوێنی تەخت
بۆ ئەم دیوی قەلاچوالان
بۆ تەنیشتی گردی سەیوان

**شادی**

وا شادییە...
وادەی ئازاد رەهاییە
ئای چەن خۆشە
هەموو شتێ بەپەرۆشە
بۆ ئەم کاتە، بۆ ئەم ساتە
بۆ ئەم دەوری فەڕو هاتە
وا بەڵقیسی دارئەرخەوان
بە بووک برا بۆ سلێمان

**ناسۆرو داخ**

ئەی نازەنین
خوای دەمولێو، خوای پێکەنین
بەو یادەوە...
دەست و پەنجە بە بادەوە
بێنە، جامێ، لەو شەرابە
مەزەم لایە... دڵ کەبابە
بۆ رابووردوو
بۆ خەوێکی، لە دەست دەرچوو
ئەوا ئێستا...
گیان ناسرەوێ، لەناو پێستا
لە کێ پرس کەین
کام سەری تازە وەرس کەین
بۆ من باس کا
تۆسقاڵێ مێشکمان کاس کا
دڵی یاقووتی ئەم شارە
بۆ وا بۆتە پارە پارە
بەرگی ئەم مەرزە رەنگینە
بۆ وەکو پیرۆزە شینە؟

– لێکدانەوەی مانای شیعرەکە و هەندێک لە وشەکانی:

مامۆستای خوا لێخۆشبوو دیلان لە کانێسکان (کانی ئاسکان)ەوە دەستی پێ کردووە کە لە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی، شوێنی ئاسک بووە و بە کۆمەڵ هاتوون لەوێ لە کانییەکە ئاویان خواردووەتەوە.

بەڵام کە سلێمانی دروست کرا، ئیتر ئاسکەکان (رەو)ین واتا تەرە بوون و دوورکەوتنەوە، چوونە سەرچنار کە ئەوسا ئەوێ بە دوور دادەنرا لە شارەوە، کەوا لەوێ کەس نایانگاتێ جگە لەوەی شوێنێکی دڵفرێن و جوانە.

بەڵام بۆ سبەینێ ئاسک گوێیان گرت، یاخۆ سەیریان کرد باری دار بە وڵاخەوە، وڵاخ وەک مێرووله رێچکەیان بەستووە، مامز ترسان وایان دەزانی دیسانەوە شەڕ فرۆشتنە و سووتاندنە و خنکاندنە لەلایەن ئەملا و ئەولاوە...

نەخێر: مامزە جوانەکان... مەترسن.. گوێ بگرن... سەیرکەن کۆچ و رەوی شار گواستنەوەیە، پایەتەخت کە قەڵاچوالانە دەگوێزرێتەوە بۆ شاری نوێ، بۆ سلێمانی.. ئای چەند خۆشە، دەوری فەڕو هاتە...

ئینجا شاعیری هەست ناسک لە ئەنجامدا ئاخ هەڵدەکێشێ بۆ ئەو دەمە و ئەو ڕۆژە.. خەوێک بوو لە دەست چوو واتا یادی سەردەمی بابانەکان و ئەو ڕۆژانەی رابوردووە دەکاتەوە کە شەماڵی ئازادی و سەربەستی لە شارەکەدا هەڵی دەکرد.

کەڵ: کەڵە ئاسک: ئاسکی نێر

پاشاییە: هاتنی برایم پاشای بابان و بنیاتنانی شاری سلێمانی

رەوە: واتا رەوە یا کۆمەڵە ئاسک

باز: باڵندەی ڕاوکەرە بۆ راوی باڵندەو ئاژاڵی تر بەکاردێ

ئاوی ژیان: ئامـاژەیە بۆ قصیدە بەرزەکەی نالی (قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مرور لە باسی سەرچنارا

داربڕین: مستر ریچ لە عەزیزی مصرف دەپرسێت بۆچ دەورو پشتی شار داری تیا نییە

لە وەڵامدا دەڵێت هەموو بۆ دروستکردنی سلێمانی بڕرا.

باخەوان: مەبەست لە حاکمی بابانی ئەوسایە

سـونبـولسـتـان: مـەبەسـتی لە قـصـیـدەکـەی کـوردییـە (الـوداع ئەی سونبولستان الوداع)

بلقیس: پیرەمێر دەڵێت

بەیانی بوو لەخەو هەڵسام ڕوانیم بەفرە باریوە

سلێمانی ئەڵێی بەلقیسە تارای زیوی پۆشیوە

یاقوت و پیرۆزە: محوی ئەڵێت:

لەکێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقوت عزا پۆشی چییە بۆچی جلی پیرۆزە وا شینە.

**- لە بیرەوەری دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی:**

چەند کۆپلەیەک لە شیعرە بەرزەکەی شاعیری مەزن خوالێخۆشبوو حەسیب قرەداغی:

قەلاچوالان بێ دەرفەتە بێ بەراوە

***

بەناوی خواو بە پشتی کورد
دێی مەڵکەنیم دەستنیشان کرد
جێگەی سەرا، جێگەی بازاڕ
ماڵە میران، مزگەوتی شار
خەتیان ڕێژرا، دیوار سەرکەوت

***

بێن بگەڕێن بۆ ناوی شار
ئەم جێگەیە (سیلونا) بوو
کە کورد لە ئەسکەندەری دا
هێشتا ئێرە نەسووتا بوو

دەمێک دێری (مەلکانی) بوو
مۆڵگەی کارێزو کانی بوو
هەوەڵ پاچی بناغەی شار
موستیلەیەکی دەرهێنا هەڵکەنرابوو
کۆنە شارمان (سیلونا)یە
ئاوازێکی خۆشی تیایە
ئەموستیلە (سلێمان)ە
ئەمیش بەخت و نگینێکە
باپیریشمان سلێمانە
ئەمەش یادی بەرینێکە
کوڕی پاشا (سلێمان)ە
ئەمیش خۆ جێنشینێکە
***
لەو ڕۆژەوە شاعیرەکان
گۆرانی بێژی شاییتن
ئێمەی شاعیر، ئێمەی وشە
پێوەری ناو و بایی تین
بەردەشانی، نالی مەزن، سالم، کوردی
مەحوی خۆیی و وشەی وردی
مامە رەزا لە بیری دێ کە دارولمولکی بابان بووی
نەمەحکوومی عەجەم بوویت
نە دیلی ئالی عوسمان بوویت
***
ئەی شارەکەم

ئەی شارەکەم بەهارەکەم
لەو ڕۆژەوە منیش شەیدای چاوەکانتم
گۆرانیم تۆی
هەڵبەستم تۆی
کۆڵانێکی سابوونکەران
کووچەیەکی (کانێسکان)ت
سوڵتان، نایدەم بە (یەڵدز)ت
کیسرا، نایدەم بە ئەیوانت
***
ئەی ئەو شارەی دوو سەد دەرەی زامت بڕی
ئەی ئەو شارەی لە ئەیلول و حوزەیرانا
دڵی مێژووت بە چنگ دڕی
***
ئەی شارەکەم
منی شاعیر خۆشم ئەوێی
تۆ بۆ هەموو عومرێ ئەشێی
من ڕۆژ بە چاوت شاد ئەبم
ئەویش گیانم پەروانەتە
مەتافی کەعبەی سۆزی من
وا لەو گردی سەیوانەتە
***
ئەی شارەکەم
تۆ هەر شار نیت. سەری شاری
دوو سەد ساڵە. لەگەڵ لوورەی ڕەشەبادا

ئەجەنگیت و هەرتۆ سواری
خۆت کاروانی. خۆت هەواری
ئەی شارەکەم
تۆ هەر شارنیت. شای شارانی
ئاسمانیشمان لێ زیز ببێ
خۆت فریشتە و خۆت بارانی
ئەی شارەکەم. سلێمانی

***

لێرەدا کۆتایی ئەم بەرگە دێت و
چاوەڕوانی بەرگی ئاییندە بکەن